حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی مێژوو

# مێژووی کورد لە دیدی میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕیدا

نامەیەکە خوێندکار:

**مەرزیە حسین احمد**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەزانستی مێژوو / لە پسپۆڕی مێژووی نوێ و هاوچەرخ

بە سەرپەرشتی:

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. کامەران محەمەد قادر**

٢٧٢٣ کوردی　　　　٢٠٢٣ زاینی

رەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار(مەرزیە حسین احمد)

بە ناونیشانی ( مێژووی کورد لە دیدی میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕیدا )

بە چاودێریی ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی ئامادە کراوە، بەشێکە لە پێویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ( مێژوو)، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د. کامەران محەمەد قادر

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: ١٢/ ٢/ ٢٠٢٢

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: د. پشکۆ حەمە تاهیر عبدالرحمن

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

سەرۆکی بەشی: مێژوو

ڕێکەوت: ١٢/ ٤/ ٢٠٢٢

## ڕەزامەندیی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، نامەی خوێندکار (مەرزیە حسین احمد)
بەناونیشانی (مێژووی کورد لە دیدی میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕیدا)
خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی
(          ) بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ( مێژوو ) پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: دلێر ئیسماعیل شاوەیس
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ٢١/ ٥ / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: ئیسماعیل سەعید عەبدولرەحمان
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: ١٢/ ٤/ ٢٠٢٢

واژۆ:
ناو: نامانج حەسەن ئەحمەد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: ١٢/ ٤/ ٢٠٢٢

واژۆ:
ناو: کامەران محەمەد قادر
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: ١٢/ ٤/ ٢٠٢٢

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان - زانکۆی سلێمانییەوە پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: پ.ی. د. پاڤێ جمیل احمد
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
ڕێکەوت: ٢٢/ ٥/ ٢٠٢٣

## پێشکەشە بە:

- خانەوادەکەم بەتایبەت دایک و باوکم.
- بە هەموو ئەو کەسانەی بە پێدانی وشەیەک لە زیادکردنی زانیارییەکانی ئێمەدا بەشداربوون.
- بەو کەسانەی قەڵەمەکانیان خستە خزمەت نووسینەوەی ڕاستییە مێژووییەکان و لەو پێناوەدا بە گیان و ماڵ باجی گەورەیاندا.

# سوپاس و پێزانین


- سوپاس و ستایش بۆ خودای بەخشندە دەرفەتی تەواوکردنی ئەم توێژینەوەی پێبەخشین.
- سوپاس بۆ مامۆستای بەڕێزم (پ.ی.د. کامەران محەمەد قادر) ئەرکی سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەی لەئەستۆ گرت و لەگەڵمان ماندووبوو، سەرنج و ئامۆژگارییەکانی خستە خزمەت دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە.
- سوپاس و پێزانین بۆ سەرۆکی بەش و مامۆستایانم لە بەشی مێژوو کە لە ماوەی دووساڵی خوێندندا ئەرک و ماندووبوونیان پێوە کێشاین و لە توانای زانستی خۆیان بەهرەداریان کردین.
- سوپاس بۆ پشو درێژی خانەوادەکەم لە ماوەی خوێندنمان ماندوونەناسانە ئەرکیان لەماڵمان کێشا.
- سوپاس بۆ مامۆستایانی هاورێم لە خوێندنی ماستەر و تەواوی ئەوهاورێ و کەسانەی هاوکار و یارمەتیدەرمانبوون.
- سوپاس بۆ (بنکەی ژین، نوسراودانی وشە، کتێبخانەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، کتێبخانەی شارەزور، کتێبخانەی زەڕایەن).
- سوپاس بۆ (محەمەد عەبدوڵا) لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی دەستکراوە بوو لە پێدانی دەسنووس و بەرهەمەکانی مەنگوڕی.
- سوپاس بۆ ئەو بەرێزانەی ڕێگەیاندا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام بدەین و زانیاریەکانیان خستە خزمەت فراوانکردنی توێژینەوەکە.

## لیستی هێما و ناوە کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| بە زمانی کوردی | |
| ب. س | بێ ساڵی چاپ |
| ب. ش | بێ شوێنی چاپ |
| ل | لاپەڕە |
| و | وەرگێڕ |
| ب.ن.چ | بێ ناوی چاپخانە |
| بە زمانی عەرەبی | |
| ت | ترجمة |
| ط | طبعة |
| ص | الصفحة |

# ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ١ـ٤ | پێشەکی |
| ٤ | **بەشی یەکەم – سەردەمی میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی** |
| ٥ | باسی یەکەم- وێستگە گرنگەکانی ژیانی مەنگوڕی |
| ٦ـ٧ | ١ـ خێزان و ژیانی منداڵی |
| ٧ـ٩ | ٢ـ شار |
| ٩ـ١٠ | ٣ـ خۆشەویستی |
| ١٠ـ١٢ | ٤ـ کارکردن |
| ١٢ـ١٣ | ٥ـ تێکۆشان |
| ١٣ـ١٥ | ٦ـ زیندان |
| ١٥ـ١٧ | ٧ـ کۆمار |
| ١٧ـ١٩ | ٨ـ کافرکردن |
| ١٩ـ٢١ | ٩ـ شۆڕش |
| ٢٢ | باسی دووەم- بەرهەمەکانی مەنگوڕی |
| ٢٢ـ٢٥ | ١ـ بەرهەمە مێژووییەکان |
| ٢٥ـ ٢٦ | ٢ـ بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان |
| ٢٦ـ٢٧ | ٣ـ بەرهەمە یۆتۆپییەکان |
| ٢٧ـ٢٨ | ٤ـ بەرهەمە ئایینییەکان |
| ٢٨ـ٣٠ | ٥ـ بەرهەمە ئەدەبیەکان |
| ٣٠ | ٦ـ یاداشتەکان |
| ٣٣ | باسی سێیەم- سەرچاوەکانی زانینی مەنگوڕی |
| ٣٣ | ١ـ خوێندنگەی ئایینی (حوجرە) |
| ٣٣ـ٣٤ | ٢ـ قوتابخانەی میریی |
| ٣٤ـ٣٥ | ٣ـ شاری سلێمانی |

| | |
|---|---|
| ٣٦_٣٥ | ٤ـ كتێب |
| ٣٧_٣٦ | ٥ـ ئەدەب/ وێژە |
| ٣٨_٣٧ | ٦ـ زمان |
| ٣٨ | ٧ـ ڕۆژنامە و گۆڤارەكان |
| ٣٩ | ٨ـ ڕادیۆ و سینەما |
| ٤٠_٣٩ | ٩ـ گەشت و گەڕان |
| ٤١_٤٠ | ١٠ـ مێژووی زارەكی و پەندی پێشینان |
| ٤٢ | **بەشی دووەم – میرزا محەمەد ئەمین و ڕێبازی لێكۆڵینەوەی مێژوویی** |
| ٤٢ | باسی یەكەم ـ مێژوونووسی و گێڕانەوە |
| ٤٧_٤٣ | یەكەم ـ مێژوونووسی |
| ٥٤_٤٨ | دووەم ـ گێڕانەوە |
| ٥٣_٤٧ | ا) گێڕانەوە لە میتۆدی مێژووی بنەڕەتی دا |
| ٥٦_٥٤ | ب) گێڕانەوە لە میتۆدی مێژووی تیۆری دا |
| ٥٧ | باسی دووەم- پەسنكردن و بەراوردكردن |
| ٥٧ | یەكەم ـ میتۆدی پەسنكردن |
| ٥٩_٥٧ | ا)  پەسنی شوێن |
| ٦٢_٥٩ | ب) پەسنی بارودۆخ و بۆنەكان |
| ٦٢ | ج) پەسنی كەسایەتییەكان |
| ٦٢ | دووەم ـ میتۆدی بەراوردكاری |
| ٦٥_٦٣ | ١ـ بەراوردی هەسارەیی و كیشوەریی |
| ٦٦_٦٥ | ٢ـ بەراوردی بارودۆخ |
| ٦٧_٦٦ | ٣ـ بەراوردی ڕووداو |
| ٦٩_٦٨ | ٤ـ بەراوردی كەسیی |
| ٧٠ | باسی سێیەم- وێژەی هونەریی و ئەرشیف و ئەندێشە |
| ٧٠ | یەكەم ـ وێژەی هونەری |
| ٧١_٧٠ | ا) هۆنراوە |

| | |
|---|---|
| ب) پەخشان | ٧٢_٧١ |
| ج) چیرۆک | ٧٢ |
| د) شانۆ | ٧٣٧٢_ |
| ز) خوازە | ٧٥_٧٣ |
| دووەم ـ ئەرشیف و ئەندێشە | ٧٥ |
| ا) ئەرشیف | ٧٨_٧٥ |
| ب) ئەندێشە | ٨١_٧٨ |
| **بەشی سێیەم_ میرزا محەمەد ئەمین و زانینی مێژوویی** | ٨٣ |
| باسی یەکەم ـ چەمکی مێژوو و مێژووی سیاسی | ٨٣ |
| یەکەم ـ چەمکی مێژوو | ٨٤_٨٣ |
| ا)چەمکی مێژوو لای مەنگوڕی | ٨٥_٨٤ |
| ب) مێژووی گشتی | ٨٧_٨٦ |
| ج) مێژووی داهاتوو | ٨٦_٨٥ |
| د) مێژووی زارەکی | ٨٧ |
| ز) مێژووی جیهانی | ٨٨ |
| دووەم ـ مێژووی سیاسی | ٨٩ |
| ا) سیاسەت لە دیدی مەنگوڕیدا | ٩٢_٨٩ |
| ب) مێژووی سیاسی جیهان | ٩٤_٩٢ |
| ج) مێژووی سیاسی کورد | ١٠٥_٩٤ |
| باسی دووەم ـ مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتی | ١٠٦ |
| یەکەم ـ مێژووی ئابووری | ١٠٧_١٠٦ |
| مێژووی ئابووری لای مەنگوڕی | ١١٤_١٠٧ |
| دووەم ـ مێژووی کۆمەڵایەتی | ١١٤ |
| مێژووی کۆمەڵایەتی لای مەنگوڕی | ١١٥ |
| ا) سیستمی چینایەتی | ١١٨_١١٧ |

| | |
|---|---|
| ب) پەروەردە | ١١٧-١١٦ |
| ج) هەژاری | ١١٩-١١٨ |
| د) خوێندەواریی | ١٢٠-١١٩ |
| ز) زمان | ١٢٠ |
| ر) خۆشەویستیی | ١٢٣-١٢٠ |
| باسی سێیەم - مێژووی هزریی و ئایینی | ١٢٥ |
| یەکەم - مێژووی هزریی | ١٢٦-١٢٥ |
| مەنگوڕی و بیرکردنەوە | ١٢٦ |
| دووەم - مێژووی ئایینی | ١٢٧-١٢٦ |
| مێژووی ئایینی لای مەنگوڕی | ١٣٢-١٢٧ |
| ا) گەڕان بەدوای ڕاستیدا | ١٣٣-١٣٢ |
| ب) خودا و بوون | ١٣٤-١٣٣ |
| ج) خەون و میتافیزیک | ١٣٥-١٤٣ |
| ئەنجام | ١٣٨ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٥١-١٣٩ |
| پاشکۆ | ١٦٥-١٥٢ |
| الملخص | ١٦٦ |
| Abstract | ١٦٧ |

## پێشەکی:

پەرەسەندنە سیاسی و سەربازییەکان و ئاڵۆزی باروودۆخی گەلی کورد لەسەدەی ڕابردوو، بووەهۆی ئەوەی کایەی مێژوونووسیی کوردی پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆوە بینێ و چەندین کەسایەتی و ڕۆشنبیری هێنایە کایەکەوە، کە توانیان لەڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە بەشێک لەو مێژووە تۆماربکەن و لەو ڕێگەیەوە بەشێک لە لایەنە شاراوەکانی مێژووی ئەو قۆناغەی گەلی کوردمان پێ ئاشنا بکەن. یەکێک لەو کەسایەتییانە (میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی)ە، ئەو سەرباری ئەوەی مێژووی چەند قۆناغێکی گرنگی گەلی کوردی بۆ ڕوناک کردوینەتەوە، بەڵام وەک کەسایەتییەکی پەراوێزخراو لەناو کایەی ڕۆشنبیری بەگشتی و مێژوونووسیی کوردی بەتایبەتی دەردەکەوێت. ئەمە لەکاتێکدا بەشێک لەو مێژووەی مەنگوڕی نووسیوویەتییەوە مێژوویەکی زیندو و گرنگە، چونکە لەهەمان ئەو کات و قۆناغەدا نووسراوە، کە ڕووداو و کارەساتەکانی تێدا ڕوویداوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەستیاری و بەئاگایی ئەو بەگرنگی و بایەخی زانستی مێژوو بۆ گەلێکی پاشکەوتووی وەک گەلی کورد.

(مێژووی کورد لەدیدی میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕیدا)، ناونیشانی ئەم ماستەرنامەیەیە، کە بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە میتۆد و چۆنێتی نووسینەوەی مێژوو لە بەرهەمەکانی ئەودا دەدەات.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بۆیەکەمین جارە سەرنج خراوەتەسەر بەرهەمەکانی یەکێک لە مێژوونووس و کەسایەتییەکانی سەدەی ڕابردوو، کە کەمترین قسەی لەبارەوە کراوە، بەشێوەیەک وەک کەسێکی نامۆ و نەناسراو ناوی دەهێنرێت، تەنانەت وەک پێویست لەڕەوتی کاروانی مێژوونووسیی کوردیشدا بایەخ و گرنگی پێنەدراوە، ئەمە لەکاتێکدا خاوەنی دیدێکی فراوان بووە بۆ مێژوو، پەی بەهەندێک لایەنی مێژوونووسیی بردووە، کە ڕەنگە مێژوونووسەکانی هاوسەردەمی لەوکاتەدا بە مێژوویان دانەنابێت. لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە بە گرنگیزانی گفتوگۆ لەسەر ناوەڕۆکی گرنگترین بابەت و ئەندێشە و بیر و دیدە تایبەتییە مێژوویەکانی بکات.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:**

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، تائێستا توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و نامەیەکی زانستی تایبەت بە دیدی مەنگوڕی بەرانبەر بە مێژوو و مێژووی کورد لەبەردەستدا نیە، ئەو زانیاریانەی، کە لەم بارەیەوە هەن لە ئاستێکی کەم و سنووردار دان و تەنها ئەوانەن کە لەناو پەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا لەسەر ژیانی ئەم کەسایەتییە نووسراون. واتە، دەتوانین بڵێین لەئاستی نەبووندان.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

١. ناساندنی کەسایەتی میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی وەک یەکێک لە مێژوونووسە پەراوێزخراوەکانی ناو کایەی مێژوونووسیی کوردی لە سەدەی ڕابردوو و خەبات و چالاکییەکانی لەناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا.

٢. ناساندنی بەرهەمە مێژووییەکانی و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو بەرهەمانە و سەنگ و قورساییان لەناو مێژوونووسی کوردیدا، کە هەندێک لەو بەرهەمانە ناوازە و دەگمەنن و لایەنێکی شاراوە و گرنگی مێژوویی گەلی کورد ڕوناک دەکەنەوە.

٣. نیشاندانی تایبەتمەندی بەرهەمە مێژووییەکانی، کە خۆی لە بوار و کایەیەکی تایبەتی مێژوونووسیدا نابینێتەوە، بەڵکو هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەت و خاڵی جیاکەرەوەن بەبەراورد بە کۆی بەرهەمەکانی ئەو قۆناغە لە تایبەتمەندی ڕەخنەیی، بیر، ئەندێشەی مێژوویی و زیندوێتی نووسینەکانی و ...تاد.

٤. دەرخستنی دید و جیهانبینی مەنگوڕی و ڕەنگدانەوەی لەناو بەرهەمە مێژووییەکانی و خستنەڕووی ئەو ڕێگایانەی، کە ئەو وەک ڕۆشنبیر و کەسایەتییەکی بەئاگا لە پرسەکانی تایبەت بەچارەسەرکردنی کێشەکانی نەتەوەکەی بۆ ئەو قۆناغە و بۆ ئایندەش خستونیەتییەڕوو.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ناوڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکیەك و سێ بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆ و کورتەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە.

لەبەشی یەکەمدا و لەمیانەی سێ باسدا لە سەردەمی میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی دواوین:

لەباسی یەکەمدا لە وێستگە گرنگەکانی ژیانی مەنگوڕی ڕاماوین، بەوردی هەڵویستەمان لەسەر خێزان، ژیانی منداڵیی، شار، خۆشەویستی، کارکردن، تێکۆشان، زیندان، کۆمار، کافرکردن و شۆڕش کردووە. لە باسی دووەمیشدا ئاماژەمان بە بەرهەمەکانی مەنگوڕی داوە، ئەوانیش لە (بەرهەمەمێژووییەکان، بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان، بەرهەمە یۆتۆپییەکان، بەرهەمە ئایینییەکان، بەرهەمە ئەدەبییەکان و یاداشتەکان) پێکهاتوون. لە باسی سێیەمدا لە سەرچاوە زانینییەکانی مەنگوڕی دواوین، تێیدا هەڵوێستەمان لەسەر خوێندنی ئایینی (حوجرە)، قوتابخانەی میریی، شاری سلێمانی، کتێب، ئەدەب، زمان، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ڕادیۆ، سینەما، گەشت و گەڕان، مێژووی زارەکی و پەندی پێشینان کردووە.

لەبەشی دووەمدا لە میانەی سێ باسدا لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی دواوین:

لە باسی یەکەمدا بەوردی لە (مێژوونووسیی) و (گێڕانەوە) مان کۆڵیوەتەوە. لە باسی دووەمدا میتۆدی (پەسنکردن) و (بەراوردکردن)ی مەنگوڕیمان شیکردووەتەوە. لە باسی سێیەمدا باسمان لە (ئەندێشە و ئەرشیف) و (وێژەی هونەری) کردووە، کە مەنگوڕی بۆ بەئاکام گەیاندنی کارەکەی بەکاریهێناوە.

لە بەشی سێیەمدا و لە میانەی سێ باسدا لەزانینی مێژوویی میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی دواوین:

لەباسی یەکەمدا هەوڵماندداوە بەوردی چەمکی مێژوو و مێژووی سیاسی لەدیدی مەنگوڕیدا بخەینەڕوو. لەباسی دووەمدا لە مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتی دواوین. لەباسی سێیەمدا تێروانینی ئەومان بۆ مێژووی هزریی و ئایینیی ڕوونکردووەتەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا پەیرەوی لە میتۆد و ڕێگایەکی تایبەت و دیاریکراو نەکراوە، بەڵکو فرە میتۆدیی بەسەر ئەم لێکۆڵینەوەیەدا زاڵە، چەند میتۆدی مێژوویی جیاواز لەناو توێژینەوەکەدا بەکارهێنراوە، بەشێوەیەکی سەرەکی کار بە میتۆدی (پەسنی) و (شیکاری) و (مێژوویی) لەهەڵسەنگاندنی بابەتەکاندا کراوە، ئەمە جگە لەبەکارهێنانی هەریەکە لە میتۆدەکانی بەراوردکاریی و میتۆدی ڕەخنەیی.

**گرفتی توێژینەوەکە:**

هیچ توێژینەوە و کارێکی زانستی بێ گرفت و کەم و کورتی نابێت، ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا چەند گرفتێکمان هاتووەتەپێش، گەورەترینیان ئەوەبوو بەشێک لە بەرهەمەکانی تائێستا بە دەسنووسی ماونەتەوە و ڕوناکی چاپیان نەبینیوە، یان تا ماوەیەک لە چاپکردن دواکەوتوون، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەو بەرهەمانە کەمترین خوێنەر بیانبینێت و بەمەش هەڵسەنگاندن و گفتوگۆی زانستی و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمە مێژووییەکان و تەنانەت خودی کەسایەتی مەنگوڕیش لەبەردەستدا نەبێت، بەشێوەیەک کتێبی (میرزا مەنگوڕی و مێژووی ژن) تاکە کتێبی بەردەستی ئێمە بوو کە لەسەر مەنگوڕی نووسرابێت. نەبوونی کەسانی نزیک و شارەزا و بەئاگا لەبیر و ئایدیای مەنگوڕیدا

یەکێکی تر لە گرفتەکان بووە، تەنانەت ئەو کەسانەش هەوڵماندا لە سنووری چاوپێکەوتندا زانیاریان لەسەر بابەتەکە لێوەربگرین، زانیاری گشتیان هەبووە نەک زانیاری گرنگ و تایبەت. یەکێکی تر لە گرفتەکان دەست نەگەیشتن بوو بەو تۆمارە دەنگیانەی، کە لەگەڵ مەنگوڕیدا ئەنجامدراون و لای مێژوونووس (عەبدولڕەقیب یوسف) و بنەماڵەکەی پارێزراون و بەبیانوی ئەوەی گرفتی سیاسی هەیە، نەمانتوانی ئەو تۆمارانە ببینین، بۆیە لە هەڵسەنگاندن و شیکاریەکاندا بەشێوەیەکی سەرەکی پشتمان بەناوەڕۆکی بەرهەمەکانی بەستوە.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەکۆمەڵێک سەرچاوە بەستراوە، کە دەتوانین بۆ دوو جۆر سەرچاوە دابەشیان بکەین.

یەکەم- سەرچاوە سەرەکیەکان: بریتین لە بەرهەمەکانی مەنگوڕی، کە بەپلەیەکی باش قورسای ناوەڕۆکی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، هەریەکە لەم بەرهەمانە بەپێی سەنگ و قورساییان لەناو کایەی مێژوونووسیی کوردیدا بەکارهاتوون. بەتایبەتی بەرهەمە مێژووییەکان، کە تەوەری سەرەکی لێکۆڵینەوەکەی پێکهێناوە، لەناو ئەو بەرهەمانەشدا بایەخی تایبەتی بەهەندێک لەو بەرهەمانە دراوە، کە ڕوناکییان خستووەتەسەر قۆناغێکی گرنگی مێژوویی و بەتایبەتی کتێبی (حقائقی بەسەرهاتی شێخ محمود لەپەنا ئیستقلالی کوردا) کە باس لە خەبات و تێکۆشانی شێخ مەحمود دەکات، بەشێکە لە زنجیرە کتێببی بەسەرهاتی سیاسی کورد، کتێبی (بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩١٤وە هەتا ١٩٥٨)، ئەم کتێبەش دوو بەرگە، باس لە بارودۆخی مێژوویی سیاسی کوردستان و هاتنی شاڵاوی داگیرکاری بێگانە بۆ نێو خاکی کوردستان و بەتایبەتی سەرنجی خستۆتەسەر قۆناغێکی هەستیار و گرنگی مێژوویی گەلی کورد لەسەدەی ڕابردوو کە ئەویش (کۆماری کوردستان١٩٤٦)ە، کۆمەڵێک زانیاری گرنگ و دانسقەی تیدایە، کە ڕەنگە لە هیچ سەرچاوەیەکدا ئاماژەی پێنەدرابێت. واتە، تەنها مێژووی سیاسی نەنووسیوەتەوە، بەڵکو مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی ئەوکاتی کۆمارەکەی لەخۆگرتووە. هەروەها کتێبی (بەسەرهاتی سیاسی کورد١٩٥٨ــ١٩٨٥) ئەمەش بەرهەمێکی تری مەنگوڕییە، باس لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول دەکات لە دوو بەرگ پێکهاتووە، لە بەرگی یەکەمیدا باسی لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی شۆڕشی لەماوەی ساڵانی (١٩٥٨ــ١٩٧٠) کردووە. کتێبی (کورد و کوردستان لە ئیسلامەوە تا ساڵی ١٩٧١) کە کورتە باسێکی مێژوویی ئەو دەسەڵاتانەیە، کە لەو ماوە مێژووییەدا کوردیان لەژێردەستدا بووە، یان کورد خۆی پێکیهێناوە. کتێبی (هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن) کە باس لە کۆمەڵێک پرسی هەستیاری ئەو سەردەم دەکات وەک هوشیاری نەتەوەی و ژن و خورافە و زمان و...هتد، لەگەڵ کتێبی (بەسەرهاتی مەنگوڕی)، کە بریتیە لە یاداشتەکانی مەنگوڕی خۆی. هاوکات بەشێکی تر لەو بەرهەمانەی مەنگوڕی، کە هێشتا لەشێوەی دەسنووسدان سودیان لێوەرگیراوە، بەتایبەت بەرگی دووەمی مێژووی شۆڕشی ئەیلول ڕووداوەکانی ماوەی ساڵانی (١٩٧٢تا ١٩٨٥)ی شۆڕشی تۆمار کردووە، کە تائێستا روناکی چاپی نەدیوە و بەرهەمی (خودا و خەلیقەت) و (خەونی چونەبەهەشتی مەنگوڕی) بەهەمانشێوە دەسنووسن، تەواویی بەرهەمەکانی تری بەپێی گرنگییان لەناو ئەم لێکۆڵینەوەیەدا سودیان لێوەرگیراوە.

دووەم: سەرچاوە لاوەکییەکان: ئەمەش ئەو سەرچاوانەن، کە بەپێی پێویستی لێکۆڵینەوەکە لە بەش و باسەکاندا سودیان لێوەرگیراوە، کە سەرچاوەی جۆراوجۆرن بەپێی جیاوازیی بابەتەکان، لەوانە کتێبی کتێبی (مێژوو لە تەرازوودا) لەنووسینی (عەبدولحسین زەرین کوب) و کتێبی (فێرنان برۆدێل و گوتاری مێژوویی) لە نووسینی (کامەران محەمەد) و کتێبی (ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی) لەنووسینی (سەروەر عەبدولڕەحان عومەر) ئەمەش لە بابەتەکانی تایبەت بەبواری مێژوونووسیندا سودیان لێوەرگیراوە، چەندین کتێبی تر، کە بەشێوەیەکی لاوەکی سودی لێبینراوە. هاوکات لەگەڵ

ئەوەشدا سود لەهەندێک گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی وەرگیراوە وەک گۆڤاری (گەلاوێژ، شەفەق) و ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بەپلەیەکی سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕۆڵی بینیوە. لەگەڵ چەند ماڵپەڕ و پێگەیەکی ئەلیکترۆنیی بۆ هەندێک بابەتی تایبەتی و گشتی لە بواری نووسینەوەی مێژوویدا بەکارهێنراوە.

# بەشی یەکەم

# سەردەمی میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی

## باسی یەکەم: وێستگە گرنگەکانی ژیانی مەنگوڕی

**١) خێزان و ژیانی منداڵیی:**

(میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی) کوڕی ئەحمەد کوڕی فەقێ برایمی کوڕی مەلا یوسفە[١]، دایکی ناوی ( گوڵی فەقێ وەیس)ە، ساڵی (١٩١٠) لە قەڵادزێ لەدایک بووە، وەک خۆی دەڵێت: ''هەرچەندە من ساڵی (١٩١٠) هاتومەتە جیهانەوە، بەڵام لەبەر مەسئەلەی موچەخۆریی لە ژمارە نفوسی ساڵی (١٩٣٧) خۆم بە موالیدی (١٩١٥) نووسیوە''[٢]، بنەماڵەکەیان پێشتر لە گوندی (سوێناسی) ناوچەی گەورکی مهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێبوون[٣].

مەنگوڕ ناوی هۆزێکە[٤]، لەو چوار هۆزە سەرەکیەی، لەگەڵ هەریەک لە هۆزەکانی (مامەش، پیران، باڵەک) کە ئێلی بڵباس پێکدەهێنن، قورسایی و مەزنایەتی هۆزی بڵباس لە دەستی هۆزی مەنگوڕدایە[٥]، شوێنی نیشتەجێبوونیان لە باشووری سابڵاغەوە دەستپێدەکات، تا ناوەندی ناوچەی موکریان و لەوێوە بۆ سنووری نێوان تورکیا و ئێران[٦]، بەشێکی تریان دەکەونە سنووری باشووری کوردستانەوە، لە داوێنی چیاکانی ژووروی (قەڵادزێ)دا نیشتەجێن[٧].

خێزانی مەنگوڕی لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەو بەشەی هۆزەکەن، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لەساڵی (١٨٨٩) دێنە گوندی (زودان)ی مەنگوڕایەتی لە ناحیەی سەنگسەر لە باشووری کوردستان، دوای ئەوەی ئاسانکاری بۆ دەکرێت لەلایەن ئاغای ناوچەکەوە، (ئەحمەد) باوکی مەنگوڕی دەچێتە قەڵادزێ، لەوێ بەناوی (ئەحمەد مەنگوڕ) ناوی بڵاو دەبێتەوە، دواتر مەنگوڕی ئەم نازناوە هەڵدەگرێت، وەک دەڵێت: ''لەبەر ئەم هۆییە منیش هەر بە لەقەبی مەنگوڕی ناوی خۆمم هێناوە، پێم نەکراوە لێی جیا ببمەوە، خۆم بەبەختەوەر ئەزانم، کە دروشم و ناو ناتۆرەمە، هەندێک جاریش بە پژدەری ناوی خۆمم هێناوە''[٨].

ناوی (محەمەد ئەمین) لەو کێشە کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە (محەمەد ئەمین) ئامۆزای باوکی مەنگوڕی بووە، دوای ئەوەی کچێکی بەناوی (بەسکێ) خۆش ویستووە، ئەوەی خێزانی کچەکە بەو هاوسەرگیرییە ڕازی نابن ناچار پێکەوە هەڵدێن، لە ڕووداوێکی کارەساتباردا هەردوکیان لەلایەن خێزانی (بەسکێ)وە دەکوژرێن، مەنگوڕی بەناوی ئەو (محەمەد ئەمین)ەوە ناونراوە[٩].

لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا خوێندن خوێندنی ئایینی بووە، لە زۆربەی شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستاندا خوێندنی حوجرە باوبووە[١٠]، مەنگوڕی وەک هەر منداڵێکی ئەو سەردەمە خراوەتە بەردەم خوێندنی ئایینی، لای (مەلا محەمەد ئەمینی مالخۆبزنی) لە قەڵادزێ[١١]، هەر لەسەرەتاکانی دەستپێکردنی خوێندنەوە گیانی یاخی بوونی تێدا دەرکەوتووە، وەک خۆی باسیدەکات لەگەڵ هاندانەکانی دایک و

---

[١] عەبدولڕەقیب یوسف: شاعیر و مێژوونووسی کورد میرزا مەنگوڕی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٩٩٥)، ١٩٨٨/٤/٨، ل٨.

[٢] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی مەنگوڕی، چ١، چاپخانەی یاد، ب، ش، چ، ٢٠٠٩، ل٣٢.

[٣] میرزا مەنگوڕی: قەڵەمێکی ئازاد، گۆڤاری ڕۆڤار، ژ(٤١)، ٢٠٠٦، ل٣.

[٤] گیو موکریانی: فەرهەنگی مهاباد، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل٤٣٨.

[٥] نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردوعەجەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣٩.

[٦] محەمەد حەمە باقی: ڕاپەڕینی هەمزەئاغای مەنگوڕ لە بەڵگەنامەکانی قاجاردا (١٨٥٤ـ١٨٨١)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٨.

[٧] مارتن ڤان برۆنسن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ب١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٥٤.

[٨] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٣٢.

[٩] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک، بەسەرهات، گێڕانەوە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،٢٠٢٠، ل٢١٦ـ٢١٧.

[١٠] مەلا محەمەد عەلیاوەی: ژیانی فەقێیەتی لە کوردستان، چ١، ب، ن، چ، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٣.

[١١] ئاوات سەید ئەحمەد: هۆزی مەنگوڕ، چ١، چاپخانەی سەبا، مهاباد، ٢٠١٨، ل١٤٦.

باوکی حەزی بە خوێندن نەبووە، لەگەڵ دەست پێکردنی خوێندن نێوانی لەگەڵ مامۆستاکەی تێکچووە و لە خوێندن دەرکراوە، دوای گەڕانەوەی ئینگلیزەکان بۆ قەڵادزێ و کردنەوەی خوێندن، لای (مەلا مەحمود) ناوێک دەخرێتەوە بەر خوێندن، بەڵام وەک خۆی دەڵێت هارێتی و سەر چڵیم کردبووە پیشە، ئەوەی بەتەنگیەوە نەبووم خوێندن بوو، لە دوای ئەوەی خۆی بە لێدان دەدات لەلایەن مامۆستاکەیەوە، دواتر لە پاداشتی ئەمەدا مامۆستاکەشی بە دەستی باوکی بەلێدان دەدات و واز لە خوێندن دەهێنێت و دەبێتە شوان، دوای ئەوەی پیشەی شوانی پێ گران دەبێت، بەبێ دەنگی دەچێتەوەبەر خوێندن، هەر لەو ساڵەدا خوێندنی (قورئان) تەواو دەکات، لە دوای ئەوەی تورکەکان ساڵی (١٩٢٢) بەسەرۆکایەتی (ئۆزدەمیر پاشا) ئینگلیزەکان لە قەڵادزێ دەردەکەن، کاروباری خوێندن لەسەر باری ئاسایی نامێنێت، چ تورکەکان و چ ئاغاکانی ناوچەکە بەتەنگ خوێندەواری و هوشیاربوونەوەی خەڵکەوەنابن، ئەرکی خوێندن دەکەوێتە سەرشانی خوێندکارەکان، دەبوایە مانگانە موچەی مامۆستاکەیان دابین بکەن، مەنگوڕی لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێکانی دەیانەوێت بۆ خوێندن بچنە لای (مەلا محەمەدی دیلۆی) بە بیانوی ئەوەی مامۆستاکەیان فارسی نازانێت[1].

بۆ ئەو مەبەستە نزیکەی (٣٠) لە فەقێیەکان لە (مەلا مەحمود) هەڵدەگێڕێتەوە، هەرچەندە مامۆستاکەیان لای (بایز ئاغای) حاکمی قەڵادزێ سکاڵایان لێدەکات، لەلایەن پۆلیسەوە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک زیندانی دەکرێن، دوای ئەوەی هەندێک لە فەقێیەکان لەو بیرەیان پەشیمان دەبنەوە، بەڵام مەنگوڕی و هەندێک لە فەقێیەکانی تر سەرکەشانە پێداگری لەسەر داواکەیان دەکەن و بۆ خوێندن دەچنە لای مامۆستای خوازراویان (مەلا محەمەدی دیلۆی) کە مەنگوڕی لەگەڵ ناوهێنانیدا دەڵێت: "زۆر خوێندەوار و خەتات و فارسی زان و سەنعەتکار و شاعیرێکی باش بوو"[2]، لەسەر دەستی ئەم مامۆستایە، هەریەک لە کتێبەکانی (کلیاتی سعدی شیرازی، گوڵستان، بوستان، .....هتد) دەخوێنێت و خوێندنی فارسی تەواو دەکات[3].

ئەو هەر لەسەرەتای تەمەنییەوە منداڵێکی ڕەتکەرەوە و لە ڕووداوەستاو بووە، بەکاری سەرچڵکردن و ڕووبەربوونەوەی دەوروبەرەکەی خەریکبووە، دواتر ئەمە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا گەشە و باڵای کردووە.

**٢) شار**

بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی میرییەوە لە قەڵادزێ، مەنگوڕی بێ خوێندن دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی حەزی بە خوێندنی حوجرە نەبووە، لە قەڵادزێش قوتابخانەی میری لێ نەبووە، دوای ئەوەی ساڵی (١٩٢٤) (ئەحمەد مەنگوڕ)ی باوکی بەهۆی بازرگانی توتنەوە دەچێتە شاری بەغداد، نزیکەی (٦) مانگ بێ سۆراغ دەمێنێتەوە، ئەو وەک کوڕە تاقانەی باوکی، بەمەبەستی هەواڵپرسینی دەچێتە شاری کۆیە[4]، لەگەڵ گەیشتنی بە شار ڕووبەڕووی جیهانێکی جیاواز دەبێتەوە، کە بۆ ئەو هیچ ئاسایی نەبووە، کۆیە گەرچی لەو سەردەمەدا شاروچکەیەکی بچوک بوو، بەڵام ئەوی وەک منداڵێک کێشایە ناو دۆخێکی پڕ لە تێڕامان و سەرنجەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی بوو لەگەڵ دۆخێکی نائاساییدا، کە تا ئەو کات بۆ ئەو تێبینی نەکراو بووە[5]، ئەو لەوبارەیەوە دەڵێت: "کەپێم نایە ناو شاری کۆیە سەرم سوڕما چونکە شاری وا گەورەم نەدیبوو، کۆیە بە نسبەت قەڵادزێوە نیمچە لاهورێک بوو"[6]، لێرەدا شوێن

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٣٣-٣٨.
[2] میرزا مەنگوڕی: قەڵەمێکی...، ل٦.
[3] بەسەرهاتی مەنگوڕی: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٠٨٢) ی ساڵی چوارەم، (١٩٩٥/٩/٨، ل٣.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٤٠.
[5] ڕەسوڵ بۆسکێنی: مەنگوڕی یەکەم نووسەری کوردە لەسەر بیروڕا زیندانی کرابێت، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٨٢٧٣)، ٢٠٢١/١/٢١، ل١١.
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٤٠.

گۆڕکێ بۆ ئەو مانا و مەبەستێکی تایبەتی وەردەگرێت، لە ناخەوە هەست و هۆشی دەجولێنێت، کار لەسەر کەسایەتی دەکات، بەرەو دەروازەیەکی کراوەی دەبات، بۆ وروژاندنی چەندین پرسیاری جۆراوجۆر ئاراستەی دەکات، ئەو دێرە مانادارە لە خۆی دەپرسێت، تۆ بڵێی هیچ شارێک لە کۆیە گەورەتر هەبێت؟!، لە کۆیە بەرووبەرووی ئاوەدانییەکی فراوان دەبێتەوە، لەوێ بۆیەکەمینجار پۆلیس دەبینێت، وەک یەکەم بەرکەوتنی بە هێماکانی دەسەلات پێی خۆشحاڵ نابێت، بەڵکو وەک دیمەنێکی ناشرین و گوزارشتکار لە ترس و هێمایەک بۆ زۆرداری وێنای دەکات[1]، وەک دەگێڕێتەوە چونکە پۆلیسم نەدیبوو زۆر لێیدەترسام نەمدەویست بیانبینم بەتایبەتی نیشانەی سێدارەکانیان شتێکی زۆر بەسام بوو[2].

دوای ئەوەی لە کۆیە دەچێتە مالی (مام حسێنی قالە پەرە) سەرۆکی قافڵە چییەکانی نێوان کۆیە و قەلادزێ، کە ناسراوی باوکی بووە، هەر لەو ڕۆژەدا سەرکێشانە دەست بە گەران دەکات بەناو شاری کۆیەدا، لەوێ ون دەبێت، ڕۆژی دواتر دوای ئەوەی تەلەگرافێکی لە باوکییەوە پێدەگات، بێئەوەی پرس بە دایکی و گوێ بە ئامۆژگارییەکانی خانە خوێیدات لە ئاگادارکردنەوەی مەترسیەکانی ڕێگای بەغداد، بڕیاری گەشتکردن دەدات، دەڵێت: ''کاتێک باوکم بیستبوی لە کۆیەم دەستێک ڕانک و چۆغەی زاخۆی بۆناردبووم''[3]، کاتێک دەبینێت شتی جوان لە بەغداد هەیە، زیاتر بەتاسی گەشتکردنەوە دەبێت، لە مانگی تەموزی ساڵی (١٩٢٤) بەهۆی کەڵکەوانێکی تکریتی لە ڕێگەی ئاوەوە گەشتی بەغداد دەکات، دوای ئەوەی لە ڕێگا توشی ناهەمواریەکی زۆر دەبێت، لە لایەن چەتەکانەوە ڕوت دەکرێنەوە[4].

ئەو لەڕوی بەرپرسیارییەوە پابەندێتی خۆی بەدرێژای گەشتەکەی لەگەڵ دایکی ئاشکرا دەکات، تاکۆتایی ئەمەکدارانە ئەو پەیوەندییە لەبیر ناکات[5]، لەگەڵ ئەوەی پەرۆشی دۆزینەوەی باوکی بووە، هۆگریە بەتینەکەی دایکی هۆشی سەرقاڵ کردووە، جار جار باسی دایکی و ناسۆرییەکانی بۆ ئەو دەخاتە بەردەم ڕاوێژ و لەگەڵ خۆیدا ڕێی پێدەکات، تاسە لە دڵەخورپە و دەرونشێواوی دایکی دەکات، کە لە ناسۆری گەشتەکەی ئەودا هەڵیگرتووە.

ئێوارەیەک لە پڕ دەگەنە شاری بەغداد، مەنگوڕی بە تاسەوە بەسەر شوێن و سەرسامیەکی تردا دەکەوێت، کە شاری بەغدادە، بە چەندین دەستەواژەی گوزارشتکار و پڕمانا ئەو هەستەی دەردەبڕێت، وەک دەڵێت: ''ئای لەو سەیرانە سەر سوڕهێنەرە، تۆ بڵێی ئێرە بەغدا بێت یان وڕێنەی برسێتی ئەوەم نیشان دەدات''[6]. ئەو بۆ یەکەم جار چاوی بە ئۆتۆمبێل و عەرەبانە وەک هێمای شارستانێتی دەکەوێت، باس لە ئاوەدانی و پێشکەوتنەکانی بەغداد دەکات، پەیدەبات بەوەی لە دەرەوەی ئەو جیهانە داخراوەی ئەو جیهانێکی پێشکەوتوتر هەیە، بە وردی سەرنج لە خزمەتگوزاری و ئاڵۆزییەکانی شاری بەغداد دەگرێت.

هاویشتنی ئەم دەستەواژانە تێڕامانێک پشاندەدەن، لە یەکەم بەرکەوتنی بینینی کوردی لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆیدا، کە جیهانی پێشکەوتنە، هاوکاتە لەگەڵ خۆ تێگەیشتنێکی نوێ و دروست بونی هەستی دواکەوتوویی و نامۆبونی کەسایەتی تاکی کوردە لەگەڵ دەوروبەر و جیهانی دەرەوەی خۆیدا[7]. ئەم گەشتە کردنەوەی دەرگایە بۆ هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەندێشەیی مەنگوڕی بۆ چوونە نێو جیهانی نووسین، وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، دەڵێت: ''چاو ئەندازەی شەپۆلە سپی و سۆڵەکان لەکاتی گزنگ پەڕینی ڕۆژئاوا و تیشکی پەخشانی ڕۆژهەلات، زەوقێکی شاعیرانەی ئەخستە کەللەمەوە، هانی ئەدام

[1] ڕێبوار سیوەیلی: شار لە گێرانەوەی مەنگوڕیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٥٩١٩)، ١١/١٥/ ٢٠١٢، ل١٣.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٤١.
[3] میرزا مەنگوڕی: قەڵەمێکی...، ل٦.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٤٣.
[5] ڕێبوار سیوەیلی: شار لە...، ل١٣.
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٤٩.
[7] ڕێبوار سیوەیلی: شار لە...، ل١٣.

بــۆ شــعر ڕێخســتن، بەڵام ئەوەنــدەم توانــا نەبــوو ئەو مەنــزەرە نــازدارانە بخەمەنــاو چوارچێــوەی هەڵبەستەوە"[1]، ئەم هەستە کردنەوەی هۆشیارییە لەسەر ئاستێکی فراوانتر لە جوگرافیا قەتیسماوەکەی مەنگوڕی و دەربــازبوونە لە پابەنــدی ژینگەیــی و خۆئاشــناکردن و بەرکەوتــنە بە کەلتــوور و ناســنامە و فەرهەنگ و زمانێکی جیاوازیی دەرەوەی کەلتووری پێگەیاندنی خۆی.

دوای ئەوەی توتنەکــانی بــاوکی لە شــاری بەغــداد بازاڕیــان نابێــت، بەمەبەســتی ســاغکردنەوەیان ڕوودەکەنە شــاری (نەجەف)، لەوێ بــاس لە ڕووبەڕووبــونەوە و بەرکەوتنــی لەگەڵ کەلتــورێکی تــر دەکــات، لە مەراســیمی ئــاینی شــیعەکان و باســی چــۆنێتی ئەو بــۆنە ئــایینیە و خۆدەرخســتنی ژنــان و بەرکەوتنیــان لەگەڵ ســونەکان دەکــات، دواتــر هەر بــۆ ئەو مەبەســتە دەچــنە شــارۆچکەی ( سواریەــ فیصلّیيە[2]) و هەر لەوێ دەخرێتە بەر خوێندن، وەک خۆی دەڵێت: "منیش پۆلی شەشی سەرەتایم لەگەڵ تەواوکردنی توتنەکان تەواوکرد"[3].

بەرهەمی گەشتەکەی مەنگوڕی، کە دووساڵ و نیوی خایاندووە، سەرباری هوشیارییەکی مەعریفی، مەنگوڕی بە جیهانە ئاڵۆزەکەی سیاسەت ئاشناکرد، کاتێک باس لەوە دەکات، نوێنەرە کوردەکان دەهاتنە خانی (میرزا فەرەجی حاجی شەریف) کە کرابووە ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی پەرلەمانی عێراق، لە ساڵی (١٩٢٤)، لەوێ گفتوگۆی سیاسیانەیان دەکرد، وەک دەڵێت: "زۆرم بەلاوە شتێکی سەیر بوو کە ئەو پیــاوانە باســی شــتێک ئەکەن کە نــاوم نەبیســتبوو، پێیانــدەوت دەســتور"[4]، لەگەڵ ئەمەدا ســەروکاری لەگەڵ پیشەکەی باوکیدا پەیدا دەکــات، کە بازرگــانییە و بە درێژای تەمەنــی لێــی دانەبڕاوە، لەهەنــدێک لە قۆناغەکانی ژیانیدا سەرچاوەی خۆژێنی مەنگوڕی بووە.

**٣) خۆشەویستی**

ژن وەک جیهانێکی تایبەت لەتــافی لاویدا مەنگــوڕی ئاڵۆزانــدووە، بێباکــانە گۆزارشــتەکانی لەبــارەی ژنانەوە دەهاویشت و دەستەمۆیانە لەبەردەم لێشــاوی کــاریگەرییە ڕۆحــی و جەســتەییەکانی لە خۆ دەدوا و ســەرکەشــانە خــۆی لەنێــو جوانییەکانیــدا ون دەکــرد، تــا ســنووری بــاڵا لەم بــوارەدا ڕۆچــووە، لەگەڵ یەکەم بەرکەوتنــی بە جیهــانە مانــادار و پڕ ڕاز و نهێنییەکــانی ژن، بە کچێکــی پێژدەری بەنــاوی (خــونچە) ئاشــنا دەبێــت، کە دەرگــایەکی گەورە بــوو بــۆ ئاشــناکردنی بە پانتــاییە فــراوان و ئــاڵۆزەکەی نێــو کەســایەتی ژن، ئەوینی ئەم کچە پاڵنەر و بزوێنەری ئەو بۆ جیهانی هۆنراوە و ئەدەب بووە، کە دەڵێت: "خونچە ئەو کچە بووە، کەوا خۆشم ویستووە، لەگەڵیا کەوتومەتە جەنگی جوانی و هەڵبەست"[5]، کە لە پێش ناسینی ئەودا هەستێکی باشی لەگەڵ هۆنراوەدا نەبووە[6].

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٤٣.

[2] ئەم شارە (فەیصلّیە) ئێستا پێیدەوترێت (مدینه صدر) لەسەردەمی مەلیک فەیسەڵی دووەمدا لەسەرەتای ساڵی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لەگەڵ چەند شارێکی تردا وەک پلانی فراوانکردنی شاری بغداد بڕیاری بنیادنانەوەی دراوە، بەڵام بەهۆی کودەتای ساڵی ١٩٥٨ی عەبدولکەریم قاسمەوە بەهۆی دەرکردنی کۆمپانیاکانەوە بەتەواونەکراوی ماوەتەوە، ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (مدینة الثورة)، لەسەردەمی حیزبی بەعسدا ناوەکی گۆڕاوە بە(مدینه صدام) لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (مدینةصدر) بڕوانە: صلاح عبدالرزاق: الأعیمارة الأجنبیة فی العراق: مدینة الفیصلیة، من الثورة الی الصدر، ٢٠٢٢/٢/١٦، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٣/٤/٢٤
https://nna.iq/٢٠٢٢/٠٢/١٦/العمارة-الأجنبية-في-العراق-مدينة-الف/

[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٥٨.

[4] میرزا مەنگوڕی: قەڵەمێکی...، ل١٠.

[5] میرزا مەنگوڕی: بەهەشتی دڵداری، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٩٥.

[6] میرزا مەنگوڕی: قەڵەمێکی...، ل١٢.

(خونچە)[١]، کچی (حەمدی مەلا برایم)ی خاوەنی گوندی (بەرسول)ی ناوچەی پژدەر بووە، دوای ئەوەی ساڵی (١٩٢٧) لەنێوان هێزەکانی ئێران و ناوچەی پژدەر لەسەر گوندی (سوێنایەتی) لەسەر دەشت بەریەککەوتن دروست دەبێت، (حەمدی مەلا برایم) کە دۆست و ناسیاوی باوکی مەنگوڕی بووە، بریندار دەبێت، بەمەبەستی هەواڵپرسین و بەسەرکردنەوەی مەنگوڕی دەنێرێتە گوندی (بەرسول)، کە (٣) کاتژمێر لە قەڵادزێوە دووربووە، وەک خۆی دەڵێت: ''هەر بە هەوەڵ چاوپێکەوتن تێکچوم پەنجەی ئەو کچە هەموو ناو دڵی بریندار کردم، سامان و ئارامیم باری کرد''[٢].

دیوانی (بەهەشتی دڵداری) لەسەر بنەمای ئەوینە بەتینەکەی خۆی و خونچە بەرهەمهێنراوە، کە ڕووداو و ئاڵۆزییە سیاسییەکانی جەنگی جیهانی دووەمی تێکەڵ بە جەستە و ڕۆحە بەتینەکەی ژن کردووە، (خونچە و مەنگوڕی) وەک پاڵەوانی دیوانەکە لە ئاستێکی بەرزدا باڵایان کردووە، تا کۆتای تەمەنی وەفادارانە لەگەڵیدا ژیاوە، وەک دەڵێت: ''هەر بەلاشە لە جیهاندا ون بوو، ئەگینا داستانە جوانەکەی کەپێی ئەڵێن (بەهەشتی دڵداری) هەروا لە تازە کورەی هونەر و بڵاوکردنەوەدایە''[٣].

کەی (دیونس) وەک ئەگریجەت خەڵکی کردووە توشی دام
زوڵمی ئەو کەی هێندە خوێنین بوە وەکو تو (خنچە) نام
مـن بە (شاکای) تێ ئەگەم گیسوت لە ساتی لەنجەدا
چونکە هیچ کاتێ نیە ئێمە نەخاتە شین و زام
خاڵی کوڵمت ئیدعای زوڵمی (تیۆدووری) ئەکا
بۆیە هەر ساتە بەتەرزێ دەرئەکا سەفحەی خەتام
بوی بە (ئیزارو) عزیزا بۆ هجومی مڵکی سەر
دایە بەر قائیدی کوڵمت عەسکەری سەبرم تەمام
گرسمیس چاوی لە عیشوە بۆیە مەنگوڕ تا ئەبەد
هەر ئەڵێ کوا دلبەرم کوا سەروەرم کوا قبلە گام[٤]

ئەو خونچەی بە سەرچاوەی ئیلهام و بەهرەی نووسینی خۆی داناوە، کە بەهۆی ئەوەوە ئاشنا بە جیهانی ئەدەب بووە، دوای ناکامی و بێبەرهەمی خوشەویستییەکەی دەروازەی لەبەردەم فراوانکردنی نووسینی ئەودا واڵاکرد و بەرەو ئەوینی خاک و نیشتمان و لەوێوە بە ئاڵۆزیەکانی جیهانی سیاسەتی ئاشناکرد، کاتێک دەڵێت: ''لە مەودایەکی کورتدا داستانی دڵداریەکەم تەواوکرد، بەڵام دڵدارێکی ترم گرت کەناوی (کوردستان)ە، ئەو دڵدارەم بوبەهۆی ئەوەی هەموو هۆش و زانایییەکمی بخەمە پێناوەوە، هەتا هەتایە بە بیر و باوەڕێکی پاک لەگەڵیدا ڕاببوێرم''[٥].

**٤) کارکردن**

مەنگوڕی ئەزمونێکی باشی لەگەڵ کارکردنا نەبووە، کار مێژوویەکی فەرئاراستەی لەلای ئەو وەرگرتووە، لەماوەی ژیانیدا چەندین کاری جیاوازیی گۆڕیوە، هاوکات لەگەڵ کەم ئەزمونی لەسەرەتاکانی کارکردنیدا، بەڵام لە کارکردن دانەبڕاوە لە مەودای توانا و لێهاتوی خۆیدا دەستی بۆ کاری جۆراو جۆر بردووە.

[١]خونچە لەسەر بێشکە لە ئامۆزای خۆی مارەکراو بووە، دوای چەند ساڵێک لە هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزاکەی لە ساڵی (١٩٤٢) بەپێی شعرێکی مەنگوڕی کە بۆ مردنی (خونچە)ی نووسیووە، هەر لە گوندی (بەرسول)ی ناوچەی پژدەر کۆچی دوای کردووە.( بەهەشتی دڵداری ل٣٣٢).
[٢] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٥٩.
[٣] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٦٠.
[٤] میرزا مەنگوڕی: بەهەشتی...، ل١١٧.
[٥] میرزا مەنگوڕی: بەهەشتی...، ل٣٨.

سەرەتاکانی ئاشنابوونی بە کارکردن بۆ ناسینی پیشەی شوانی دەگەڕێتەوە، دوای وازهێنانی لە خوێندن بۆماوەی دووساڵ شوان بووە، بەهۆی ئەوەی باوکی لەگەڵ شارەکانی تری عێراق بەبازرگانی توتنەوە خەریک بووە، لە قۆناغەکانی دواتری تەمەنیدا مەنگوڕی بەکاروباری بازرگانیەوە سەرقاڵبووە، ئەو کاروانەش هەر لەیەکەم گەشتی بۆ بەغداد، کە بۆ سۆراغکردنی باوکی ئەنجامی داوە دەست پێدەکات، کە دواتر ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لەسەر کەسایەتی و بیرکردنەوەی ئەو هەبووە[1].

دوای ئەوەی باوکی ساڵی (١٩٣٠) کۆچی دوای کرد، ژیانی دەکەوێتە لێژیەوە، لەهەمان کاتدا (سەلیم ئاغا)ی قەڵادزێ، بەمەبەستی بنبڕکردنی ئاوەدانی تا حکومەت بیانوی گەڕانەوەی بۆ ناوچەکە بەدەستەوە نەبێت خەڵکی قەڵادزێ دەردەکات، ناچار مەنگوڕی لەگەڵ ماڵی مامی دەگوازێتەوە بۆ ڕانیە، لەبەر ئەوەی مامی نەخۆش بووە، ئەرکی بەخێوکردنی ماڵی ئەوانیشی دەکەوێتە ئەستۆ، لەم قۆناغەدا هیچ ئەزمونێکی لە کارکردن نابێت، بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ناچار دەست دەداتە چەند کارێک، بەڵام سەرکەوتو نابێت، وەک ئەوەی زێڕەکانی دایکی دەفرۆشێت و کاری عەتاری پێدەکات بەڵام بەزیان بەسەریدا دەشکێتەوە، دەڵێت: "هیچ وێنە کاسپییەک نازانم، بەخێوکردنی دایکم و ماڵی مامم بەسەرشانی منەوەیە، ئەمەویست چاو لە ڕێ و شوێنی باوکم بکەم کە پیشەی هەر تیجارەت و بازرگانی بووە"[2].

هاوکات لەگەڵ ئەو پێشینەیەی لە کاری بازرگانی لە باوکیەوە بۆی مابوەوە، ئەو ئاستە ڕۆشنبیری و خوێندەوارییەی هەیبووە ڕۆڵێکی گەورەی لە دابینکردنی کاردا لە ماوەی ژیانی مەنگوڕیدا هەبووە، هەر لەو ماوەیەدا دەبێت بە نووسەر (کاتب)ی بازرگانێک بەناوی (قادر سوڵتان) بە مانگانەی (١٥) ڕوپیە، پاشان ساڵی (١٩٣٠) بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبێتە (میرزا)[3]، لای (مەمەند ئاغا)ی سەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆ، لە گوندی (سەرکەپکان) بە مانگانەی لیرەیەک[4]، هەر لەوێ نازناوی میرزایەتی بەسەردا دەبڕێت، وەک دەڵێت: "ئەو ناوی میرزایەتییەم دەسکەوتی ئەو ئاغایە بوو"[5].

دوای ئەوەی موچە و کارکردنی وەک پێویست ژیانی دابین ناکات، لەسەرداوای (سوار ئاغا)ی سەرۆکی عەشیرەتی پیران، لە ساڵی (١٩٣٢) لەسەر میلاکی ناوچەی (خدران) بە پیشەی (قۆڵچی ئیستهلاک[6])، بە مانگانەی (٥٥)ڕووپیە دادەمەزرێت، کە لەو سەردەمەدا بەشی دارایی ڕانیە دوو قۆڵچی هەبووە، ئەوانیش (میرزا مەنگوڕی، مستەفا گوڕو)بوون[7]، بەڵام (جەمیل ئاغا) قایمقامی ڕانیە، بەبیانوی بوونی پەیوەندی لەگەڵ پژدەرییەکان، لەو پیشەیە دەریدەکات، لەپاداشتی ئەمەدا لەسەر داوای ئاغایانی عەشیرەتی پژدەر، لەلایەن (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ)ی موتەسەڕیفی سلێمانییەوە، بە پیشەی

[1] ڕاز ئەسعەد: میرزا مەنگوڕی و مێژووی ژن، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ، ٢٠٢١، ل٣٣.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٦١.
[3] وشەی (میرزا) بە مانای ( خوێندەوار_ گەورە) هاتووە لەو سەردەمەدا. ڕەفعەت موورادی: فەرهەنگی لەهۆن، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٣٠٣.
[4] فەرەیدون حەکیمزادە: میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، گۆڤاری مهاباد، ژ(١٤٩)، ساڵی سێیزدە، ١٣٩٤، ل٢٢.
[5] میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی مەنگوڕی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٠٩٤)، ساڵی چوارەم، ١٩٩٥/٩/٢٢، ل٣.
[6] قۆڵچی بەو فەرمانبەرانە وتراوە کە سەر بە دائیرەی مالیە بوون، بەو کەسە دەوترا (استیلاک)، کاریان پێدانی پسولەی باج وەرگرتن بووە لەو کاوانچیانەی بازرگانیان دەکرد پێش فرۆشتنی بارەکەی، کە دەچووە دائیرەی ئیستیهلاک دەبوایە ئەو پسولەیەی بە مۆرکراوی پێبوایە، نرخی ئەو باجەش قۆڵچی دایدەنا لەسەدا دە بووە. بڕوانە: عەبدولخالد صابر: ئەو وێنانەی لە خۆیان دەدوێت، ب١، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١١٢.
[7]چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئیبراهیم جەلال)، ٢٠٢٢/٧/٢، شەممە، سلێمانی، کاتژمێر ٥ ئێوارە.
ئیبراهیم جەلال لەساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لەدایک بووە، تەمەنی منداڵی و خوێندنی سەرەتای لە شاری ڕانیە تەواوکردووە، قۆناغی ئامادەی لەسلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٦١ بەشداری شۆڕشی ئەیلول بووە، ساڵی ١٩٧٩ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی (ی، ن،ک)، ساڵی ٢٠٠٥ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە، تائێستا سەرپەرشیاری ئەنجومەنی ڕاوێژکاری (ی،ن،ک)ە، کەسێکی نزیک لە خێزانی مەنگوڕی بووە.

(پۆلیس)ی لە ساڵی (١٩٣٢) دادەمەزرێت[١]، وەک خۆی دەڵێت: ''هەوەڵ تەعینم لە سلێمانی لە دائیرەی پۆلیس بوو''[٢].

دوای ئەوەی بەسیفەتی (مخابەرەچی) دەینێرنە ماوەت، سەرچڵی و بزۆزی خۆی نیشان دەداتەوە، ڕاپۆرتێک لەسەر گەندەڵی فەرمانبەرانی ئەوێ دەداتە (مەلیک غازی)ی مەلیکی عێراق، لەسەر ئەم ڕاپۆرتە دەیگوازنەوە بۆ سلێمانی، لەوێش لە کاتی سەردانێکی مەلیک بۆ شاری سلێمانی وتارێکی شعر خوێندنەوە پێشکەش دەکات، بەوبۆنەیەوە پلەیەک وەردەگرێت، بەڵام دوای ڕۆشتنەوەی (مەلیک غازی) (٧) ڕۆژ زیندانی دەکرێت، هەرچەندە مەنگوڕی باس لەوەناکات، کە لە وتارەکەیدا قسەی لەسەر چی کردووە، بەڵام دیارە بە دڵی بەرپرسانی ئەوکاتی شاری سلێمانی نەبووە، وەک خۆی باسی دەکات ترسیان لە هەڵس و کەوتەکانم هەبووە، کە وەک کەسێکی ئاسایی ڕەفتار ناکەم[٣].

**٥) تێکۆشان**

لەبەر ئەوەی چارەنووس و ئایندەی ئازادی لە هەر وڵاتێکدا بە بارودۆخی سیاسییەوە بەندە، بۆیە ڕوناکبیران لە خۆشی خۆیان نییە پەلکێشی نێو ئەو گۆڕەپانە دەبن، وەک (سارتەر[٤]) جەختی لەمە دەکردەوە، کە بەشداری و چالاکی سیاسی لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە، لە پەرۆشییانە بۆ چارەنووسی ئازادی لە هەر وڵاتێکدا[٥]، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا یەکەمین ئەرکی ڕۆشنبیرانی کورد لە خاڵێکی گرنگدا خۆی بەرجەستە دەکرد، ئەویش بەخشینەوەی هوشیاری بوو، لەدوای ڕوخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و پاش ئەو ڕێژە متبوونەی کە کۆمەڵگەی کوردی لەسەر ئاستێکی فراوان تێکەوتبوو[٦]. ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەستپێکی چالاکییە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی مەنگوڕی بووە، لەو ماوەیەدا باری ڕۆشنبیری کورد گەشەی بەخۆوە بینیوە، بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە هاتەئاراوە و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار بەزمانی کوردی دەرکران[٧].

لە ئاکامی ئەو دۆخە ناتەندروستەی گەلی کورد لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا، لە ڕووی بەرپرسیاریەتی و هەستیاریی بە سەردەمەکە، دەستی بەچالاکی سیاسی کردووە، کاتێک پۆلیس بووە لە سلێمانی، پاش ئەوەی هەستی بە بوونی هوشیارییەکی سیاسی و گیانێکی خۆبەخشانە لەناو پۆلیس و کارمەندانی شاری سلێمانیدا کرد، پەی بەوە برد، کە پێویستە ئەم وزەیە لە چوارچێوەیەکی ڕێخراودا لە پێناو خزمەتکردن بە بزواندن و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیدا ڕێکبخرێت، وەک خۆی دەڵێت: ''زانیم ئەگەر ئەو پۆلیسانە لە بارێکی کوردایەتی و زانایەتی بیاندوێنی، بیانخەیتە ناو بیرێکی حیزبییەوە، ئەوا ئەتوانن هێزی لیوای سلێمانی سربکەن، بۆیە لەگەڵ چەند پۆلیسێکی باوەڕپێکراو ئەو

---

[١] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٦٥ـ٦٨.

[٢] دەسنووسی (تۆماری دەنگی میرزا مەنگوڕی ٣ تەموزی ١٩٨٧) پارێزراو لای (عەبدولڕەقیب یوسف)، پاشکۆی (١).

[٣] میرزا مەنگوڕی: قەڵەمێکی...، ل١٤.

[٤] ژان پۆڵ سارتەر(١٩٠٥ـ١٩٨٠) ڕۆماننووس و ڕەخنەگر و فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، لە شاری پاریس لە دایک بووە، ساڵی ١٩٢٩ بڕوانامەی زانکۆی لە پەروەردەی فەلسەفەدا وەرگرتووە، کاریگەر بووە بە قوتابخانەی فەلسەفەی ئەڵمانی، ئەو خۆی وەک سەربازێک لە ڕیزی سوپای فەرەنسیدا دژ بە نازیەکان جەنگاوە، مرۆڤی بە داهێنەری چارەنوس و دروستکەری کەسایەتی خۆی دەزانێ کە بەهاکانی بوونی خۆی دیاری دەکات، ئەو باوەڕی بە خەباتی توند و تیژی هەبووە لە پێناو ئازادی مرۆڤدا، پشتیوانی لە بزوتنەوە نەتەوایەتییەکانی ئاسیا و ئەفریقا دەکرد، خاوەنی چەندین بەرهەمی ڕەخنەی و ئەدەبی و فەلسەفیە لەوانە (بوون و نەبوون، دەرگای داخراو، هێڵنج)، ساڵی ١٩٤٦ براوەی خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵ بووە. بڕوانە: کۆمەڵێک نووسەر: ئاشنابوون بە سارتەر، چ١، دەزگای ئایدیا، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٨ـ٢١.

[٥] ئازاد عەبدولواحید: کلتور و ناسنامە، چ٢، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٤٢.

[٦] کۆمەڵێک نووسەر: ڕۆشبیرو دەسەڵات، و. هەڵکەوت عەبدوڵا، چ١، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥٣.

[٧] ڕمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد لەکۆتای چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧١، ل٥٤.

فکرەیەم درکاند پاشان ڕەزامەندبوون بۆئەوەی حیزبێک بەناوی (حیزبی خوێنڕێژی)پیەوە پێکبێنین""[1]، دوای ئەوەی ساڵی (١٩٣٥) (مەلاحەسەنی قازی[2]) کە نازناوی (شاهۆ) بووە، هاتووەتە سلێمانی و پەیوەندیدییان پێوەکردووە، لەدوای هاتنی ئەو بۆناو ئەو حیزبە ناوەکەییان گۆڕیوە بۆ (برایەتی)، لەم قۆناغەدا مەنگوڕی بەگەرمی دەستی بە چالاکی سیاسی کردووە، لە حیزبی برایەتیدا کراوە بە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی[3]، وەک دەڵێت: "هەر پۆلیسێک کە ناوبانگی نیشتمان پەروەری هەبوایە ئەمخستە ناو ئەو حیزبەوە""[4]، باس لەوەدەکات دوای ئەوەی (مەلا حەسەنی قازی) دوورخراوەتەوە بۆ بەغداد لەسەر چالاکی حیزبەکە، مەنگوڕی بووە بە سەرۆکی ئەو حیزبە، کاتێک لەسەر کتێبی (هەنگاوێک بۆسەرکەوتن) خراوەتە زیندانەوە، بەرپرسانی حیزبەکە بڕیاردەدەن (شێخ لەتیفی حەفید) بکەن بە سەرۆکی حیزب[5]. بەڵام (عبدولڕەقیب یوسف) قسەکانی مەنگوڕی ڕەتدەکاتەوە، ئاماژەبەوە دەکات ئەو لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەرەتاکانی دامەزراندنی پارتی برایەتی کرووە، بە هیچ شێوەیەک پارتی خوێنڕێژی بنەما و بەشدار نەبووە لە دامەزراندنی پارتی برایەتی و مەنگوڕی هیچ کات سەرۆکی ئەو حیزبە نەبووە[6].

هەر لەو ڕووەوە دەگێڕێتەوە، لەو کاتەدا بارزانییەکان دوورخرابوونەوە بۆ سلێمانی، پەیوەندی بە (مەلا مستەفا)وە کردووە، نزیکەی (٢٠) ڕۆژ لە گفتوگۆدا بووە لەگەڵی، داوای لێکردووە ببێتە سەرۆکی حیزبەکە، بەڵام ئەو بەوە ڕازی نەبووە، مەنگوڕی بەهۆی ناکۆکییەکانی ناو حیزبەوە، بەردەوام لەگەڵ (شێخ لەتیف)دا ناکۆک بوون، هەر لەسەر داوای ئەو واز لە حیزب دەهێنێت و دەچێتە بەغداد لەوێ بڕیاری دامەزراندنی وەک فەرمانبەر لە چوارتا بۆ دەدرێت[7]. ئەو باس لەوە دەکات لە کۆتاییەکانی (حیزبی برایەتی) دا (ڕەفیق حیلمی) لەسەر پاشماوەی ئەو حیزبە (حیزبی هیوا ی دامەزراند'[8]).
زۆرێک لەو سەرچاوانەی لەسەر ئەم بابەتە بینیمان، ئاماژە بەوەدەکەن (حیزبی هیوا) لەسەر بنەمای (کۆمەڵەی دارکەران) ساڵی (١٩٣٩)دروست بووە، (ڕەفیق حلمی) دامەزرێنەری حیزبەکە نەبووە، بەڵکو دوای دامەزراندنی بە ئەندام وەرگیراوە و کراوە بە سەرۆکی حیزبی هیوا، شێخ محمودی حەفید سەرۆکی فەخری پارتی برایەتی بووە، شێخ لەتیفی حەفید بەڕێوەبەری کاروباری حیزبەکە بووە، مەنگوڕی تەنها وەک ئەندامی حیزبەکە ناوی هاتووە[9].

لێرەدا مەنگوڕی بەشێوەیەکی سەرپێی باسی دامەزراندنی ئەم حیزبەی کردووە، ڕێکەوتی دامەزراندن و ناوی دامەزرێنەرانی حیزبەکەی نەنووسیووە، بەرنامەو پڕۆگرامی حیزبەکەی وەک پێویست نەخستۆتەڕوو، تەنها ئەوەنەبێ، کە ئامانجی ڕزگاری و سەربەخۆی کوردستان بووە، خۆی

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٦٩.
[2] ناوی مەلا حەسەنی کوڕی مەلا عەبدولقادری ناسراو بە مەلای گەورەیە، ساڵی (١٨٨٢) لە بیارە لە دایک بووە، لە پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا چووەتە ئەستەمبوڵ، پەیوەندی بە شێخ عبالقادری شەمزینی و کۆمەڵەی تەعالی کوردستانەوە کردووە، ساڵی (١٩٢٦) قازی هەڵەبجە بووە، (١٩٣١) قازی چوارتابووە، ساڵی (١٩٣٧) دەچێتە دادگای تەمیزی بغداد، ساڵی (١٩٧١) لە هەڵەبجە کۆچی دوای کردووە، بە سەرنجدان لەو دۆخە سیاسییەی گەلی کوردی تێدا ژیاوە، خەباتی توندوتیژی بە یەکێک لە ڕێگەچارەکانی دەربازبوون لەو دۆخە مێژووییەی گەلی کورد زانیوە. بڕوانە: کۆمەڵێک نووسەر: دیداری (مەلا حەسەنی قازی)، چ١،چاپخانەی تەژنە، ٢٠٢٠، ل١ـ١٠. بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم زانیاریانە لە بارەی دامەزراندنی حیزبی خوێنڕێژییەوە، پەیوەندیمان بە بنەماڵەی (مەلا حەسەنی قازی)ەوەکرد، بەڵام زانیارییەکی پێویستمان لە بارەیەوە دەست نەکەوت.
[3] میرزا مەنگوڕی: قەڵەمێکی ئازا...،ل١٤ـ١٥.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٧٠.
[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٧٠ـ٧٣.
[6] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عبدڕەقیب یوسف، ٢٠٢٢/٧/٢٦، سێشەممە، سلێمانی، کاتژمێر ١٠ سەرلە بەیانی.
[7] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٧٦ـ٧٧.
[8] بڕوانە: سروە أسعد صابر: كوردستان الجنوبية (١٩٢٦ـ١٩٣٩) ط١، چاپخانەی حەمدی، سليمانية، ٢٠٠٦، ص٣٧٠.
[9] سروە أسعد صابر: کوردستان...، ل٣٦٥ـ٣٧٠.

وەک کەسی یەکەم و بەرپرس لەناو ئەم حیزبەدا نواندووە، کە لەهیچ سەرچاوەیەکی تایبەت بەو مێژووە پشتڕاستی بۆچونەکەی ناکاتەوە، لەو سەرچاوانەی باس لە دامەزراندنی ئەم حیزبە دەکەن، ناوی مەنگوڕی وەک کەسی یەکەمی حیزبەکە ناهێنن، لە هەندێک سەرچاوەدا (مەلا حەسەنی قازی) وەک دامەزرێنەی ئەم حیزبە ناوی دەبرێت[١]، لە هەندێک سەرچاوەی تر (شێخ لەتیفی حەفید) بە دامەزرێنەری حیزبی برایەتی (کۆمەڵەی برایەتی) ناو دەبەن[٢].

**٦) زیندان**

بەو پێیە ڕۆشنبیر ئەو گروپە خوێندەوارە هوشیارەیە، کە درک بە پێداویستیی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی وڵاتەکەی دەکات، لەو پێناوەدا تێدەکۆشێت، کەسانێکی ئاشنای کێشە و گرفتەکانی نەتەوەکەیانن[٣]، مەنگوڕی گەرچی لە پلەیەکی خوێندەواری بەرزدا نەبووە، پێگەیشتووی دەرەوەی دامەزراوە ڕەسمیەکانی خوێندن بووە، بە بەراورد بە ڕۆشنبیرە دیارەکانی ئەوکاتی سلێمانی، بەڵام هەڵگری هەمان خەونی ڕۆشنبیرانی کورد بووە[٤].

ئەو لە ماوەی دە ساڵی تەمەنیدا دوو ئەزمونی زیندانی لە دوو شوێن و لەژێرسایەی دوو دەسەڵاتی جیاوازدا بینیووە، یەکەمیان لەژێر دەسەڵاتێکی بێگانەدا، کە سەردەمی حوکمی پاشایەتی بووە لەژێرسایەی ئینگلیزەکان دا لە شاری سلێمانی، ئەویش لەپاش بڵاوبونەوەی یەکەمین بەرهەمی بوو، لەساڵی (١٩٣٨) بەناوی (هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن)[٥]، لە دوای دامەزراندنی پارتی (خوێنڕێژی) دووەمین هەنگاوی مەنگوڕی بووە، بە ئاراستەی وریابونەوەی کۆمەڵگەکەی لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی بەرهەمەکە هوشیارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەخۆگرتبوو، لەگەڵ ئەوەی حکومەتی عێراق و ئینگلیز ڕێگریان لە بڵاوبوونەوەی هەر هۆشیاریەک بەئاراستەی وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی دەکرد، لە پێناو بەردەوامی دان بە دۆخی خواستراویان[٦]، ئەو لەم بەرهەمەدا دەستی بۆ هەندێک لەو بابەتانە بردووە، کە پرسی ئاڵۆزی سەردەمەکەبوون، باس کردنیان کارێکی ئاسان نەبووە، تێگەشتن و زانیاری لە بارەیانەوە کەم بووە، وەک ئازادی و مافی ژن و مافە شارستانی و دیموکراسی و نەتەوایەتییەکان و ویژدان و یەکسانی و لادان لە خورافە و دواکەوتوویی[٧]، بۆیە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکە، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی سلێمانیەوە، بڕیاری گرتنی دراوە، (٦) مانگ زیندانی کراوە، نزیکەی (١٥٠٠) نووسخە لە کتێبەکەی سوتێنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە پیشەی پۆلیسی دەرکراوە، ساڵێک لەژێر چاودێری پۆلیسدا بووە[٨]، وەک خۆی دەڵێت: "هەر ڕۆژە وێنە تۆمەتێکی خارجی چوارچێوەی کتێبەکەیان لێدەگرتم، (٢٩) دانیشتنی دادگایان پێگرتم، ئیبراهیم ئەحمەد پارێزەرم بووە، بێ حازربوونی ئەو محکەمە ئەکرام"[٩].

لەم بەرهەمەدا مەنگوڕی وەک هەر ڕۆشنبیرێکی تری ناسیۆنالیستی ئەوکات، داوای یەکڕیزی و یەکێتی کۆمەڵگە دەکات، داوادەکات چاو لە ئەزمونی نەتەوەکانی جیهان بکەن، لەم ڕووەوە (گەلی جولەکە) وەک نمونەی زیند و دەهێنێتەوە، دوای ئەوەی دادگا بە پێنج تۆمەتی جیا تۆمەتباری دەکات، ئەو

[١] کۆمەڵێک نووسەر: دیداری مەلا حەسەنی قازی، چ١، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٧.
[٢] عبدالستار طاهر شریف: الجمعیات و المنظمات و الأحزاب الکوردیة فی نصف قرن ١٩٠٨ـ١٩٥٨، دار سردم للطباعة و النشر، سلیمانیة، ٢٠٠٨، ص١٣٧.
[٣] هیوا عەزیز سەعید: ڕۆشنبیرو گوتاری فیکری، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٣٥.
[٤] م.م.پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن، چ١، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی، ٢٠١٦، ل١٨ـ١٩.
[٥] میرزا مەنگوڕی: بەهەشتی...،ل١٦.
[٦] ڕەمزی قەزاز: بزوتنەوەی...، ل٣٨.
[٧] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلیمانی، ٢٠٢٠، ل١٧.
[٨] م.م پژدەری میرزا مەنگوڕی: هەنگاوێک...، ل٨١.
[٩] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٧١.

ئازایانە بەرگری لە خۆی دەکات و ڕەخنەی ئەوە لە دادگا دەگرێت، کە چۆن دەکرێت لە یەک کاتدا تۆمەتی لایەنگری (نازی و جولەکە) بخاتە ئەستۆی، لەکاتێکدا ئەم دوانە دژ بەیەکن!؟[1].

ئەو بێباکانە وەڵامی دادگا دەداتەوە، پێداگری لەسەر بیروبۆچونەکانی دەکات، دڵنیای دەدات لەسەر ئەوەی ئەو تەنها وەک نمونەی سەرکەوتوو بۆ یەکێتی نەتەوەیی و کۆششکرن بۆ ئەو کارە ئەوەی کردووە[2]، لە دوای تەواوکردنی ماوەی زیندانەکەشی نیگەرانی دەردەبڕێت، کە هەندێک لە ڕۆشبنیر و کەسایەتییەکانی ئەوکات، بەچاوێکی کەم و توانج لێگرتنەوە هەوڵی شکانیان داوە، بەڵام ئەو سوربووە لەسەر هەڵوێستەکەی، کە لە پێناو نەتەوەکەیدا ئەوەی کردووە، هەرگیز لێی پەشیمان نییە[3].

دووەمین ئەزمونی زیندانی لەسەردەمی کۆماری کوردستاندابووە، دوای گەڕانەوەی (حەمە ڕەشید خان) بۆ عێراق بەهۆی ناکۆکییەکانی لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری کوردستان لە ٨/٣/ ١٩٤٦)، مەنگوڕی لەگەڵی ناگەڕێتەوە، لەلایەن ئیدارەی سەربازی کۆمارەوە لەسەر ڕاپۆرتی (محەمەد قودسی) بە هەندێک تۆمەتی تایبەت بە (حەمەڕەشیدخان) کە گوایا لە گەڕانەوەی حەمەڕشیدخاندا دەستی هەیە زیندانی دەکرێت، وەک خۆی دەڵێت: ''یەک دوو لە ئەفسەرەکانی عێراق هەلیان لێ دیبووم، بەو تۆمەتەی لە گەڕانەوەی حەمەڕەشیدخان دەستم هەیە، گرتیانم و لە سابڵاغ خرامە زیندانی (سەیدە پیرە ـ سەید خدری نیزامی)، بۆ ماوەی (١٦) ڕۆژ''[4]، لێرەدا زیندان بۆ مەنگوڕی گەرچی کەشێکی نەرێنی هەیە، ئەو لە دەست زوڵم هەڵهات و بەدوای ئازادیدا گەیشتە ئەوێ، بەڵام وەک قۆناغێکی ئەزمونکراو بۆ مەنگوڕی، مانا و تێگەیشتنێکی گرنگی هەبووە، ئاماژەکانی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران و مێژووی سیاسەتی کوردی ئەو قۆناغەی بەرجەستەکردووە، چاوی بەو ئەزمونە کەوت، کە لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی گەلێکی پاشکەوتووی وەک گەلی کورددا نەبووە، دەڵێت: ''دەمێک بوو بە ئاواتەوەبووم کوردیش زیندانێکی هەبێت، بیتوانیایە بەعەدالەتی خۆی محکەمەی تاوانبارانی بکردایە''[5].

پاشان بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی تر بەناوی (جیهانێکی بە پێکەنین)، کە ڕەخنگرتنە لە کۆی ڕەوشی ئاینی و سیاسی ئەوکاتی کۆمەڵگەی کوردی، توشی کێشە و گرفتی کردووەتەوە، جگەلەوەی کاریگەری خراپی لەسەر باری گوزەرانی کردووە، ڕووبەڕوی مەترسی کوشتنی کردووەتەوە، وەک خۆی دەڵێت: ''ئەم کتێبە دەورێکی پڕ ئاژاوە و مەترسی بۆ من پێکهێنا، شێخ و مەلاکان لە هەموولایەکەوە بوون بە دوژمنم''[6]، بەرکەوتنەکانی لەگەڵ چینی دەسەڵاتداری ئەوکات وای لێکرد، لە دەست ئەو دۆخە ڕێگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتە بەر.

**٧) کۆمار**

دوای ئەوەی (حمە ڕەشید خانی بانە) لەساڵی (١٩٤١) جوڵانەوەیەکی دژی حکومەتی ئێران ئەنجام دا، شاری سەقز و بۆکان و سەردەشتی داگیرکرد، لەسەر داوای ئەو مەنگوڕی دەچێتە شاری سەقز، لە مزگەوتی سەقز وتارێک بۆ خەڵکی ناوچەکە پێشکەش دەکات، تێیدا لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی هانیداون، باسی ڕزگاری و خەبات و پێشکەوتنی گەلانی بۆکردون، کە گەلی کورد دەبێ چاو لە ئەزمونی ئەوان بکات، بەڵام پاش ئەوەی بۆچوونێکی باشی لە بارەی دارودەستەکەی (حەمە ڕەشیدخان) نابێت، دوبارە دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان، لەکاتی گەڕانەوەیدا، بەتۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ (حەمەڕەشیدخان) لای کاربەدەستانی ئینگلیز لەلایەن (حەپسەخانی نەقیب و شێخ قادر)ی

---

[1] م.م پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٢٧ـ٢٨.
[2] م.م.پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٢٨.
[3] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل١٠٠.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤ــ ١٩٥٨، ب١، چ٢، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی٢٠٠٠ ، ل١٤١ـ١٤٢.
[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ ـ ١٩٥٨، ب١، ل١٤١.
[6] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی بەپێکەنین، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٥.

هاوسەریەوە سکاڵای لێدەکرێت، بەو تۆمەتە لە پیشەی فەرمانبەری دەردەکرێت[١]، هەر لەو ساڵەدا بەهۆی ناکۆکییەکانی لەگەڵ بنەماڵەی (شێخ مەحمود)دا لەسەر سکاڵای پارێزگاری ئەو کاتی سلێمانی، (معروف جیاوک) بە ساڵێک زیندانی بەند دەکرێت[٢].

ئەو بەشدارییەکی بەرچاوی لە کۆماری کوردستاندا کردووە، لە ساڵی (١٩٤٦)، وەک خۆی دەڵێت: ''هەتا دوایی تەشکیلاتی کوردستان ئەندامێکی زیندوی ئەو دەوڵەتەبووم، لە هەموو بەسەرهاتێکی سیاسی و ئیداری و سەربازی هاوڕێ و ئیشکەرێکی دڵسۆزی بووم''[٣].

دوای تەواوکردنی ماوەی زیندان بەماوەیەک، لە دەست ئەو بارودۆخەی تێیدابووە زۆر پەرۆش دەبێت، بۆیە ڕێگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەبەر، پاش ئەوەی پەیوەندی دەکات بە (حەمەڕەشیدخان)ەوە، داوای نووسراوێکی لێدەکات بۆ (قازی محەمەد)، وەک دەڵێت: ''کە بچمە مهاباد باوەڕم پێبکات کە من کەسێکی کورد پەرستم، لەچنگ زۆرداری هەڵدێم''[٤]، بەڵام لەو کاتەدا حەمەڕەشیدخان بەنهێنی بەرەو ڕۆژهەڵات کەوتبووە ڕێ و بۆیە مەنگوڕی شوێنپێی هەڵدەگرێت و بەدوایدا دەچێت، ئەو باسی سەختی گەشتەکەی و چۆنێتی دۆزینەوەی حەمە ڕەیشدخان دەکات، دیارە ئەم گەشتەی لە کۆتا ڕۆژەکانی ساڵی (١٩٤٥) دا بووە، کاتێک باس لەوە دەکات لە (١٩٤٥/١٢/٢٦[٥]) بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێکەوتووە[٦].

پاش پێکهێنانی سوپای کۆمار (حەمەڕەشیدخان) وەک فەرماندەی هێزی سەقز و بۆکان دەستنیشانکراوە، مەنگوڕی بەپلەی (ڕەئیسی ستادی لەشکر[٧]) لەو هێزەدا دەست بەکاربووە، وەک خۆی دەڵێت: ''چوار معاون و یاریدەدەری بۆ تەعین کرا، مەنگوڕی بە ڕەئیسی ستادی لەشکر، ئەحمەدخانی فاروقی بە معاونی جەنگی نیشاندرابوو''[٨]، ئەو لە هەندێک شوێندا ناوی خۆی وەک نووسەری (حەمە ڕەشیدخان) هێناوە، هەتا لە دواین تۆماری دەنگیدا، ئەوە دوپات دەکاتەوە دەڵێت: ''من کاتبی حەمەڕەشید خان بووم، هەموو نامەکانی من دەمنووسی''[٩]، لە هەندێک شوێنی تردا وەک (جێگری[١٠]) حەمەڕەشیدخانی بانە خۆی ناساندووە[١١]. ئەو لە هەمان کاتدا بەرپرسی (حیزبی جەوانان[١٢])ی ناوچەی

---

[١] میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٧٩ـ٨٠.

[٢] میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی مەنگوڕی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١١٠٦)، ساڵی چوارەم، ١٩٩٥/١٠/٦، ل٣.

[٣] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ١٩١٤ ـ ١٩٥٨ب١، ل١٤.

[٤] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٨٦.

[٥] لێرەدا جیاوازییەک لە قسەکانی مەنگوڕیدا هەیە، کاتێک دەڵێت: لە ساڵی (١٩٤١) بە ساڵێک زیندانی حکومدرام، لە (١٩٤٥/١٢/٢٦) کاتێک بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێدەکەوێت دەڵێت: ڕێگا زۆر بۆم زەحمەت بووە، چونکە تازە لە حەپسخانە بەروڵابوبوم قاچم زۆر بێهێزبوو. لێرەدا یان بەرواری زیندانی کردنی بەهەڵە نووسراوە یان بەرواری چونی بۆ ڕۆژهەڵات هەڵەی تێداکراوە، چونکە ئەم دووبەرواره سێ ساڵ نێوانیان هەیە و ناکرێت مەنگوڕی بڵی تازە لە زیندان ڕزگارم بووە، میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٨٨.

[٦] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٨٨ـ٩٠.

[٧] وشەی (ستاد) واتە (ستادی ئەرتەش، ناوەندی فەرماندەی و نەخشەکێشانی سوپا). وەرگیراوە لە عەبدوڵا ئیبراهیمی، فەرهەنگی کاوە، ب٢،چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل٩١٨.

[٨] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ١٩١٤ـ١٩٥٨، ب١، ل١٢٢ـ١٢٣.

[٩] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١)

[١٠] بەسەرنجدان لە (دیکۆمێنتەکانی سەردەمی کۆماری کوردستا ـ محمودی مەلاعیزەت) لە کۆی ئەو نوسراوانەی بەناوی جێگری حەمەڕشیدخانەوە نووسراون، زۆربەی هەرەزۆریان بەناوی (ئەحمەدخانی فاروقی)ەوە تۆمار کراون کە وەک جێگری (حەمەڕەشیدخان) ناوی هاتووە، ژمارەیەکی کەمیش ناوی (مەجیدخانی کوڕی حەمەڕەشیدخان)ی لەسەرە، ڕەنگە مەنگوڕی جگە لە پیشەی نووسەرییەکەی لە ماوەیەکی کاتی وەک جێگری حەمەڕەشیدخان دەستبەکاربوبێت، کاتێک دەڵێت: ''لەکاتێکدا حەمەڕەشیدخان بانگکرابوو بۆ سابڵاغ، سەرپەرشتی فەرماندەی لەشکر بە ئەمرێکی ڕەسمی بە من سپێردرا''. بڕوانە میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ١٩١٤هەتاوەکو ١٩٥٨، ب١، ل٢٢٦، پاشکۆی (٢)

[١١] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ١٩٥٨، ب١، ل١٢٥.

[١٢] مەبەست لە یەکێتی جەوانانی کوردە، لە ساڵی ١٩٤٢ لەلایەن غەنی بلوریان و چەندین لاوی کوردەوە لەژێر کاریگەری ( کۆنسومۆڵ ـ ڕێخراوی لاوانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت) دامەزراوە، ئەم ڕێخراوە لە ساڵی

سەقز و بۆکان بووە، کاتێک باس لەوە دەکات، لە (١٩٤٦/٧/٣١) (عبدولڕحمان وەس و سەید بابائی حوسێنی[1]) بارەگای حیزبی جەوانانیان لە (سەقز و سەرا) کردەوە، سەرۆکی ئەو حیزبەیان بە من بەخشی[2].

لەدوای کۆتاییهاتنی کۆماری کوردستان ماوەیەک لەوێ بەنهێنی دەمێنێتەوە، چونکە لە هەردوو دیوی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان قاچاغ بووە، دوای پەیوەندی کردنی بە (سەید علی حیجازی) موتەسەریفی سلێمانییەوە لە ڕێگەی نووسراوەوە، بڕیاری بەخشینی بۆ دەرکراوە، لە (١٩٤٨/٤/٢٦) دەگەڕێتەوە بۆ عێراق[3].

**٨) کافرکردن**

سەرەتای ساڵی پەنجاکان بۆ مەنگوڕی قۆناغێکی سەخت و دژوابووە بووە، لەسەر ئاستی نەتەوەیی، لەڕوی سیاسییەوە لەناوخۆ و دەرەوەدا، خەون و ئامانجەکانی قوربانی دەستی خواست و بەرژەوەندییەکانی بێگانە بووە، کۆمەڵگەی کوردی لە ڕووی ئاشنایەتی بەرەوتی پێشکەوتنی گەلان لە بە ئەندازەیەک لە پاش بووە، هاوکات لەڕووی ژیانی تایبەتییەوە کەوتۆتە بارێکی نالەبارەوە و هەژاری تەنگی پێهەڵچنیووە، بێکار و کاسپی ماوەتەوە، لە ساڵی (١٩٥٠) (بەهیە محێدین شەریف)ی خێزانی، کە لە ساڵی(١٩٣٣) هاوسەری بووە، کۆچی دوایی دەکات[4]، لە ماوەیەکی کورتدا مەنگوڕی دووجار ژیانی هاوسەرگیری پێکدێنێتەوە، دووەم هاوسەرگیری لەسەر خواستی (حەپسە خانی نەقیب) لەگەڵ (حەلاوە زێوەر) کچی (زێوەر)ی شاعیر پێکدەهێنێت، بەڵام لەم هاوسەرگیریەدا سەرکەوتونەبووە[5]، بەردەوام لە ناکۆکیدابوون[6]، لەم دۆخەدا لە ساڵی (١٩٥٢) دا مەنگوڕی بەرهەمی (گەشتی ئەستێرەی مەریخ)ی

---

١٩٤٥وە بۆ ناو کۆمەڵەی ژێکاف، ناوکەی گۆڕاوە بۆ(یەکێتی لاوانی دیموکرات)، لە دوای غەنی بلوریان (عەلی خوسرەوی بووە بە سەرۆکی ڕێخراوەکە. بڕوانە: برایم فەرشی: سەدەی کارەسات، چ١، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٤ـ١٦؛ حامید گەوهەری: کۆماری کوردستان، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٠٦٠ـ٢٦١. مەنگوڕی لێرەدا ئەم کەسایەتییەی بە دامەزرێنەری ڕێخراوە کە ناوە بردووە. ئاماژە بەوەدەکات ئامانجی لەناوبردنی سیستمی دەرەبەگایەتی و بڵاوەپێکردنی بیروباوەڕی سۆسیالیستی بووە، ئەندامانی بریتیبوون لە کەسانی گەنجی سەرکێش، ئەم حیزبە زۆر سەرسام و مەترسیداربووە، لە حیزبە خوێنڕێژەکانی ئەوروپا ئەچوو، نابێ و ناکرێ لە بڕیارەکانیاندا نەبوو، نیشانەیەکی سور و زەرددیان بە سنگەوەبوو. بڕوانە مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ١٩١٤ــ١٩٥٨، ب١، ل١٣٤. لە نووسینێکیدا لەژێرناوی (چاوەڕوانی و پیرۆزبای بۆ هەیئەتی جەوانان) مەنگوڕی لە ستایشی ئەندامانی ئەو حیزبەدا دەڵێت: ”ئێوە ئەو پۆلەن نقاشی طبیعەت لە قەڕنی بیست بۆتێکدانی دەستوری کۆن دروستی کردون، یا ئەو پۆلەن بە شریقەی دانش و هوشیاری ئەتانەوێ ئەو میکرۆبانە بکوژن، کەئاسمانی کوردی پڕکردووە لە نەخۆشی و تەماع و دوبەرەکی“. محمد مەنگوڕی: چاورونی و پیرۆزبای بۆ هەیئەتی جەوانان، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ(٧٠)، ساڵی یەکەم، سێ شەمە، ١/گەلاوێژ ١٩٤٦، ل٤.

هەروها لە بواری نووسیندا چالاکی نووسینی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا هەبووە، ڕۆڵی لە بڵاوەپێکردن و فێرکردنی زمانی کوردیدا گێراوە، (نیازی حەمەعەزیز) کە گەنجێکی نزیکی مەنگوڕی بووە، باسی لەوە کرد (سەعید ناکام) بۆی گێراوەتەوە، مەنگوڕی لە کۆماری کوردستاندا وەک مامۆستایەک ڕۆڵی بینیووە، لەخزمەتکردنی زمانی کوردیدا، خەڵکی ئاشنای پیتەکانی زمانی کوردی دەکرد. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نیازی حەمە عزیز) لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ٢٠٢١/١٢/٢٣، ٥شەممە، کاتژمێر ١١ پێشنیوەڕۆ.

[1] ئەم دوو کەساتییە کە مەنگوڕی ناوی هێناون ناوەکانیان بەم جۆرەیە (ڕەحمان وەیسی) و (بابا حوسێنی). بڕوانە: حامید گەوهەری، کۆماری...، ل٢٦٢.

[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ١٩٥٨،ب١، ١٣٤.

[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٩٨.

[4] سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح: ڕۆژنامەی کوردستان (مهاباد ١٣٢٤ـ١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٢.

[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل١٠٨ـ١٠٩.

[6] هۆکاری ناکۆکی نێوان مەنگوڕی و حەلاوە زێوەر وەک مەنگوڕی خۆی دەڵێت ئەوە بووە، کە حەلاوەخان بەتەمەن بووە و منداڵی نەبووە، مەنگوڕی ژنی بەسەردا هێناوەتەوە، هەرچەندە ئەو باس لەوە دەکات هەتا ساڵی (١٩٦٤) لە دادگادابوین، نەمویستوە لێی جیاببمەوە، چونکە ژنێکی خوێندەوار و زانابووە، بەڵام ئەو پێداگربووە لەسەر جیابونەوە بەو بیانوەی لەگەڵ (هەوێ) هەڵناکات و ناتوانێت لە ڕانیە بژی. مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل١١٠.

نووسـیووە، کە دەرئەنجـامی تێرامـانی قـوڵی ئەو بـووە، لە واقعـی سـەردەمی خـۆی بە درێژایـی فـامی مەنگوڕی تاوەکو ئەو قۆناغەی ئەو بەرهەمەی تێدا لە دایک بووە، ئەم بەرهەمە بە دەسنووسی ماوەتەوە تا ساڵی (١٩٧١)، وەک خۆی دەڵێت: "باری هەژاری ڕێگای نەدام لەکاتی خۆیدا بڵاوی بکەمەوە"[1]، بەڵام کاتێک ساڵی (١٩٧١) ئەم بەرهەمە بڵاودەکاتەوە، لەدژی ناوەڕۆکی کتێبەکە، بەپێشەوایی زانایانی ئـاینی خۆپیشـاندانێک لەلایەن خەڵکـی ڕانـیەوە بۆسـەر ماڵیـان ڕێکـدەخرێت، لە (١٩٧١/٥/١٩)، کە ئەوکات ماڵی لە ڕانیە بووە، هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن[2]، بەبیانوی بڵاوکردنەوەی بێباوەڕی (کوفر)[3]، (خەیروڵا عبدوڵا) کەئەوکـات گەنجێکـی نـاو خۆپیشـاندانەکە بـووە، بـاس لەوە دەکـات کەسـێک بەنـاوی (سـەیدی ئاشقان) تەورێکی بەدەستەوە بوو، بە دەنگی بەرز ئەگریا و دەیگووت: "بۆڕێگەم نـاکەن ئەو کـافرەی بکـوژم"[4]، لەنێـو هەراو هەڕەشـەی خۆپیشـاندانی بەردەم مـاڵی مەنگوڕیـدا، بەهاوکـاری بەڕێوەبەری پۆلیس و (شێخ مستەفای باقلان) کە یەکێک لە کەسایەتیەکانی ئاینییەکانی ناوچەکە بووە، مەنگوڕی بەنێو ئـاپۆڕای خەڵکدا دەبرێتە سەرای ڕانیە، لەبەردەم سەرا بە خۆپیشاندەران دەڵێت: "ئەم کاتەم وەک بەسەرهاتەکەی لویسی (١٦) دێتە پێش چاو، مودەعی ئەوان ئەیانەویست ڕژێمی دیموکراتی لە فەرەنسا پێکبێنن، شا و شاژن ڕێگری لێدەکردن، بەڵام من لەسەر ئەوە ئیعدام ئەکریم، داوای ئازادی و پێشکەوتن و مرانـدنی یاسای ڕەجعی و سیحربازی ئەکەم، مودەعیەکانی من چەند کەسێکی ساویلکەی تێنەگەیشتون، پێشەواکانیان هێشتا باوەڕناکەن ئادەمیزاد پێیدابێتە سەر مانگ"[5].

دوای کۆبـوونەوەی چەنـد مەلایەک، داوای جێبەجێکردنـی شـەش خـاڵ لە مەنگـوڕی دەکەن وەک (شـەش مانـگ نوێژی ئیجباری بکـات، شـەهادەیەکی بەحەق بێنێت، تۆبەیەکی نەسوحی ...هتد بکـات)، بەڵام ئەو بڕیارەکان ڕەتدەکاتەوە، داوادەکات بە نووسراو وەڵامـی نووسینەکانی بدەنەوە، ڕۆژی دواتر ڕەوانەی سلێمانی دەکرێـت، دەبینێـت دەنـگ و نـاڕەزای (مەلاکـان) گەیشـتۆتە شـاری سـلێمانی، لەسـەر دیواری مزگەوتی گەورە نووسراوە (دوژمنی دینەکەت بناسە مەنگوڕی)، لەسـەر ئەم ڕووداوەکە (عەلی عەبدوڵا) موتەسەریفی سلێمانی، بەبڕیارێک دەیگوازێتەوە بۆ (تەوێڵە)[6].

ڕەنگە ئەم ڕووداوە تەنها پەیوەندی بە پیاوانی ئایینی و تێگەشتنی ئایینی خەڵکی ئاساییەوە ئەوکـاتەوە نەبووبێت، وەک لە هەندێک ئاماژەدا دەردەکەوێت، ئەم ڕووداوە دەستی (شیوعی)یەکانی ئەوسەردەمەی تێدابێت، کە لەگەڵ (پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان) لە ململانێیەکـی تونـددابوون، لەبـارەی یەکسـانییەوە خاوەنی چەمکێکی جیهانی بوون، مەنگوڕیش ئەندامی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بووە، هەڵگری پەیـام و بیروبـاوەڕێکی نەتەوەیـی بـووە، کەسـێکی چـالاکی قۆنـاغەکە بـووە. (نیـازی حەمە عزیـز) کە گەنجێکی ئەو سەردەمە و کەسێکی نزیک مەنگوڕی بووە، ئاماژەی بەوەدا شیوعییەکان دەستیان هەبووە لە هانـدانی مەلاکانـدا، لەبەرئەوەی مەنگـوڕی لەڕێـگەی نووسـین و هـۆنراوەوە کـاریگەرییەکی باشـی لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشی نەتەوەیی هەبووە لەو سەردەمەدا، بەتایبەتی دوای دەرکردنـی (بەیانـی ١١/ ئازاری ١٩٧٠)، کە مەنگوڕی چالاکی زۆربووە، پەیوەندی لەگەڵ شیوعییەکان باش نەبووە، تەنـانەت

[1] میرزا مەنگوڕی: گەشتی ئەستێرەی مەریخ، چ٤، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٨.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل١٢٢.
[3] نیازی حەمە عەزیز: لە نامەیەکدا مەنگوڕی وەسێتەکەی بۆمن نووسی، گۆڤاری ڕانیە، ژ(١٤)، ٢٠٠٥، ل٢٨.
[4] مەحمود عومەر باوزی: میرزا مەنگوڕی و چیرۆکی شاربەدەرکردنی لە ڕانیە، گۆڤاری مهاباد، (١٤٩) ساڵی سێزدە، ٢٠١٣، ل٢٣.
[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل١٢٤.
[6] میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی مەنگوڕی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١١٢٦)، ساڵی چوارەم (١٩٩٤/١١/١٠)، ل٣.

بڵاوکراوەی (بیری نوێ) کە سەر بە شیوعییەکان بووە، هیچ بەرهەمێکی مەنگوڕی تێدا بڵاو نەکراوەتەوە[1]. مەنگوڕی لە دێڕە شعرێکدا کە ڕەنگە ئاماژەبێت بۆ پاڵپشتی ئەم بۆچونە دەڵێت:

ڕوس بــــۆتە پەناو پشتی (مەلا) وا سەتی سەت
بۆ خـــــــاتری شــوعی بە (مەلا) درا گەزو پەت[2]

بەڵام (ئیبراهیم جەلال) ئەم بۆچونەی ڕەتکردەوە، پێیوابوو ئەو ڕووداوە تەنها پەیوەندی بە ڕەوشی ئایینی و ئاستی تێگەیشتنی ئاینی ناوچەکەوە هەبووە، هیچ پەیوەندیەکی بە شیوعییەکانەوە نەبووە، چونکە لەو سەردەمەدا شیوعیەکان لە ناوچەکەدا پێگەی جەماوەریان شکاوە و هیچ دەسەڵات و کاریگەریان بەسەر خەڵکی ناوچەکەوە نەمابوو[3].

ئەم ڕووداوە دیارترین خاڵی سەرنج ڕاکێشە لە ژیانی مەنگوڕیدا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هۆشی مەنگوڕی کردووە، دوای ئەم ڕووداوە مەنگوڕی هەریەک لە بەرهەمی (خەونی چونە بەهەشتی مەنگوڕی، خودا و خەلیقەت)ی نووسیووە، کاریگەری ئەو ڕووداوە و قۆناغەکەی بەسەر دیارە، لە دوای ئەو ڕوداوەش کتێبەکانی مەنگوڕی لە چاپکردن وەستاون[4].

ئەم ڕووداوە دیارترین خاڵی سەرنج ڕاکێشە لە ژیانی مەنگوڕیدا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هۆشی مەنگوڕی کردووە، دوای ئەم ڕووداوە مەنگوڕی هەریەک لە بەرهەمی (خەونی چونە بەهەشتی مەنگوڕی، خودا و خەلیقەت)ی نووسیووە، کاریگەری ئەو ڕووداوە و قۆناغەکەی بەسەر دیارە، لە دوای ئەو ڕووداوەش کتێبەکانی مەنگوڕی لە چاپکردن وەستاون[5].

**٩) شۆڕش**

دوای ئەوەی بەهۆی هەژارییەوە، لەسەر داوای (عەباس ئاغای ئاکۆ[6]) لەساڵی (١٩٥٢) ماڵی دەچێتە ڕانیە، بە پیشەی بازرگانییەوە سەرقاڵدەبێت، سێیەمین هاوسەرگیری بە هاوکاری (عەباس ئاغای ئاکۆ) لەگەڵ کچێکی گوندی (مەندەمەرە) بەناوی (ڕابعە حەمەد) پێکدەهێنێت، ساڵی(١٩٥٥) لەسەر داوای (سەعید قەزاز) وەزیری ناوخۆی عێراق (ئیسماعیل حەقی ڕەسوڵ) موتەسەریفی هەولێر، بە ژمێریاری ئاو و کارەبای ڕانیە دایدەمەزرێنێت، هەر لەم ساڵەدا بەشداری لە دامەزراندنی (بەرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەسەرۆکایەتی (همزە عبدوڵا) دەکات[7].

مەنگوڕی لە زۆرێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی خۆی، بەنووسینی بابەتی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بەشداری کردووە، ئازایانە بەرگری لە مافەکانی نەتەوەکەی کردووە، لە زۆرێک لە بۆنە و یادەکاندا بە خوێندنەوەی هۆنراوە چالاکی هەبووە، لە یەکێک لە هەڵوێستە سیاسیەکانیدا ساڵی (١٩٦١)

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نیازی حەمە عزیز).
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل٣٣.
[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم جەلال.
[4] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل١١.
[5] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل١١.
[6] عەباس ئاغای ئاکۆ لە ساڵی (١٩٢٢) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایک بووە، لە دوای کۆچی دوای (مامەند ئاغای) باوکی بووە بەسەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆ، ناسراوترین کەسایەتیی ناوچەکەبووە، ڕۆڵێکی گەورەی لە شۆڕشی ئەیلول وهاوکاریکردنی شۆڕشدا هەبووە، لە ساڵی (١٩٦٦) لە بەغداد کۆچی دوای کردووە. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ عەباس ئاغا) لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، سێ شەمە، ٢٠٢٢/٢/٨، کاتژمێر ١١پێشنیوەڕۆ. مەنگوڕی بە درێژای تەمەنی لەم خێزانە دانەبڕاوە، بەتایبەتی (عەباس ئاغا) لە ڕووی بیروباوەڕی کوردایەتییەوە کاریگەی گەورەی لەسەر کەسایەتی مەنگوڕی هەبووە، لە هەندێک قۆناغەکانی ژیانیدا هاوکاربو و یارمەتیدەری مەنگوڕی بووە، بەپێی هەندێک لێکۆڵینەوە (عبدولرەقیب یوسف) ئەنجامیداوە، لە بەغداد بە دەرزی ژەهراوی کۆچی دوای کردووە. وەرگیراوە لە سایتی (عەبدولڕەقیب یوسف)، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٣/٢٠.
[7] میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی مەنگوڕی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١١٢٠) ساڵی چوارەم، (١٩٩٥/١١/٢)، ل٣.

لەسەر ئەوەی بە هۆنراوە نەخشەی کوردستانی گەورەی کێشابوو، لەوەڵامی ڕۆژنامەی (سەورە)ی عێراقی، کە نکوڵی بوونی گەلی کوردی کردبوو، قایمقامی ڕانیە هەوڵی ڕوخاندنی خانووەکەی دەدات[1].

وێستگەیەکی تری گرنگی ژیانی مەنگوڕی بەشداریکردن بوو لە شۆڕشی ئەیلولدل، ئەندامێکی چالاکی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بووە، وەک خۆی دەڵێت: "لە نەورۆزی ساڵی (١٩٦١) دا داغڵی حیزبی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بووم، شەرەفی ئەنداميتيم وەرگرت، هەتا ئەم تاریخە لەسەر حسێبی پارتێتی دەژیم و بە هەموو موقەدەراتی پارتی شانازی دەکەم"[2]، چالاکانە لەنێو ڕیزەکانیدا لە تێکۆشاندا بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) بووە بە پێشمەرگە و لە هەمانکاتدا لەگەڵ (یەکێتی نووسەران)ی کوردا لە چالاکیدا بووە، وەک (تێبینەر) لە سندوقی شارەوانی تەوێڵە لە پیشەکەی بەردەوامبووە، پاشان بە هۆی گەندەڵییەوە دەستی لە کارەکەی هەڵگرتووە، وەک دەڵێت: "هەندێک لە کاربەدەستانی شۆڕش بەناوی دروستکردنی پردێک، ئەیانەویست ئیفلاس بە بەلەدیەی تەوێڵە بکەن، (٧٠٠) دیناریان وەرگرت بەناوی دروستکردنی پردەوە، کەچی چون بۆ کرماشان و پارەکەیان کردبوو بە قایمەی سەفەر، منیش داوام کرد لەسەر وەزیفەی پارە و سندوقم لابەرن، چونکە کاربەدەستانی شۆڕش هەندێک مەسرەفی بێویژدانانەیان پێدەکردم"[3]، لەم کاتەدا خێزان وماڵەکەی ئاوارەی شاری (پاوە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، هەرلەم ساڵەدا خۆشی چووەتە ڕۆژهەڵات، وەک (وەرگێڕ)ی زمانی فارسی لە ئۆردوگای (سەرپاس) لەنێوان کارمەندانی عێراقی و ئێرانیەکان کاریکردووە، لە دوای شکستی شۆڕشی کورد لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە تەوێڵە، لە پیشەی فەرمانبەری بەردەوام بووە، لە ساڵی (١٩٧٦) پاش گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەت و ئەو بارە شێواوەی لە تەوێڵەدا هەبووە، خۆی خانەنشین کردووە[4]، وەک خۆی دەڵێت: "تەوێڵە بەکەڵکی ئەوە نەمابوو لێی دابنیشم، خەڵکەکە هەموو بووبوون بە ئەمن و ئیستخبارات، وەکو ماری خۆخۆر یەکتریان ئەخوارد"[5]، لەو سەردەمەدا زیاتر چالاکی ئەدەبی هەبووە، هۆنراوە و وتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بۆنەکاندا بڵاوکردووەتەوە، سکاڵای ئەوە دەکات، کە شاعیرەکانی ئەو کات دژایەتییان کردووە، ڕێگەیان نەداوە وەک پێویست بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاو بکرێنەوە، ئەو بەرپرسانی شۆڕش بەهۆکاری دواکەوتنی چاپی بەرهەمەکانی دەزانێت، کە چەند جار داوای هاوکاری کردووە، بەڵام وەک پێویست بەدەمیەوە نەهاتون، دەڵێت: "مەلا مستەفا بە قەرزداری ئەو ئاواتەم دەزانم، هەموو کتێبەکانم بردە بەردەمی لە حاجی ئومەران، گەر پیاوێکی نیشتمان پەرست و شعر و ئەدەبخواز بووایە شەرمی لەو کتێبانە ئەکێشا کە لەبەردەمی دانرابوون)[6].

بەدرێژای ئەو ماوەیە تا کۆتاییەکانی تەمەنی بە نووسینەوەی مێژووی شۆڕشەوە سەرقاڵبووە، مێژووی شۆڕشی بە وردەکاری ڕۆژانە لە ساڵی حەفتاکاندا نووسیوەتەوە، بەڵام لەو بەروارە بەدواوە بەهۆی چونە تەمەن و نەخۆشییەوە، شپرزەی و بێتاقەتی بە نووسینەکانییەوە دیارە.

فەیلەسوفی فەرەنسی (جولیان بیندا) دژایەتی کردنی بە ئەرکی هەمیشەیی ڕۆشنبیر دادەنا، بەو پێیە دەبێت هەمیشە چاوەڕێی ئەوەبێت، کە دووربخرێتەوە یان ئازاربدرێت یان لەناوببرێت، چونکە ئەوانە

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل١١٠ـ١١٦.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی:...، ل١٢٠.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩٥٨هەتاوەکو ١٩٨٥، ب٢، دەسنووسی بڵاونەکراوە پارێزراو لای بنەماڵەی مەنگوڕی، ل٨٤.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل١٣٣.
[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل١٣٣.
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل١٣٤.

مۆری سەرکەشیان پێوەیە و هەمیشە لەگەڵ دۆخی باودا ناکۆکن[1]. بە وردبوونەوە لە ژیانی مەنگوڕی، دەردەکەوێت، بەردەوام کەسێکی ڕەتکەرەوە و دژەباو بووە، لەو پێناوەدا گیانی یاخیگەرانە و دەربەدەربوون و ئازاردان و دوورخستنەوە و ناجێگیری ژیانی کردە دەروازەی قوربانیدان و هەمیشە لە سەنگەری ڕووبەڕووبونەوە و دژایەتی کردنی دەوروبەرەکەی سڵی نەکردووەتەوە، هەرچەندە کەسێکی نزیکی دەسەڵات بووە، بەڵام تا کۆتایی سەرکەشانە دەستەمۆی نادادییەکانی دەسەڵات و سیاسەتی سەردەم نەبووە، پێیوابوو مرۆڤ شیاوی بەختەوەری و نرخ و گرنگیدانە و بەدیهێنانی ئەو پێگەیەشی بە ئازادی مرۆڤەوە بەستووەتەوە.

ئەدەب و مێژوو ئەو دوو ڕێرەوەبوون، کە مەنگوڕی بەنێویاندا گوزەری کرد، ئەندێشەمەندانە و واقعیانە هەڵە و کەم و کورتییەکانی سەردەمەکەی لە ئەزموونی گشتی و تایبەتی خۆیەوە نووسیەوە، لەوڕووەوە لە دەروازەی پەرۆشییەوە خاوەنی ئەدەبێکی پڕ هەست و مێژوو و قەڵەمێکی زبرە، کە هیچ لەگەڵ خواستی سەردەمەکەی و دوای سەردەمەکەی یەکناگرێتەوە، ئەزموون فێری کرد ژیان بەردەوام دووڕووە لەگەڵ واقعی خۆیدا و وتنی ڕاستی بە ئەندازەی گەورەییەکەی نرخ و قوربانی پێویستە، کاتێک دەڵێت: ''ئەو ڕووداوانە کە بۆتانی ئەگێڕمەوە، زۆر گران لەسەرم وەستاون، ئێوەش بێنرخ تەماشایان مەکەن''[2].

مەنگوڕی لە (١٩٨٨/١/١٢) لە سلێمانی کۆچی دوای کردووە[3]، گەرچی خۆی لە هۆنراوەیەکدا لە ساڵی (١٩٨١)، وەسیەتی کردووە، لە قەڵادزێ بنێژرێت[4]، بەڵام لە نامەیەکیدا کە بۆ (نیازی حەمە عزیز)ی نووسیووە، لە (١٩٨٤/٧/٢٤) داوای کردووە بیبەنەوە ڕانیە، دەڵێت: ''لە کێوە ڕەش لە دەشتاییەکە (بیروکان) بمنێژن، با هەمیشە چاوم لە کەژوکێو و بنار و قەڵبەز و دۆڵ و شیوی وڵاتەکەم بێت''[5]، بەڵام لەبەر ئەوەی لەو کاتدا ناوچەی قەدەغکراو بووە، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاک سپێردراوە، لە ساڵی (١٩٩٢) تەرمەکەی براوەتە بۆ ڕانیە، لە (گۆڕمەریەم) لە چیای کێوە ڕەش بەخاک سپێردراوە[6]. لە دێرە هۆنراوەیەکدا کە لە کاتی هەڵکشانی تەمەنیدا نووسراوە دڵنیایی دەدات ویژدان و زانست سەرمەشقی کردەوەکانی مرۆڤ بێت، دەڵێت:

بـــــــەقانونی زەمیر ژیاوم خوداو ویجدان پەرستیش بۆم
بـــوت و بوتخانەو سیحرو تەلەسمم خستە بەر پێ خۆم
بـــەبیرو باوەڕی پـاکی لەئەم جیــــهانەیە دەرچــــوم
لــەگەڵ عەقڵی ئەلەکترونی ژیـــــام لامدا لە ئەقڵی کۆن
بـــەلاشە مـــردووم ئەمـــــا بەبـــاوەڕ گەنـجو زندوم
بـەڕێکی وەرنە سەر گۆڕم بە جوانی دەست بکەنە ئەستۆم[7]

ئەو ئازادی تاکی کوردی بە ئازادی گەلەکەیەوە گرێدەدا، ئازادی سیاسی گەلی کوردی بە تاقە دەرچەی ژیانێکی شایستە و ڕزگاربوون لەژێردەستەیی و دواکەوتوی و کوشتنی ڕۆحی مرۆڤی کورد دەزانی، ئازادی لەگەڵ ژیانی سیاسی یەکساندا پێناسە کرد، پێیوابوو مرۆڤەکان لەم ڕێگەیەوە دەتوانن بگەنە پێگەی خۆیان و ژیانی شایستە، تەنانەت لە پێناوی ئازادی گەلەکەیدا باوەڕی بە خەباتی توندتیژی

---

[1] کۆمەڵێک نووسەر: ڕۆشنبیر لەنێوان واقیع و چاوەڕوانیدا، و. چەند وەرگێرێک، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٩.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...ل٢٩.
[3] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد...، ل١١.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد...، ل٨١٠.
[5] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣)
[6]چاوپێکەتنی توێژەر لەگەڵ (شێرکۆ مەنگوڕی)، سێ شەمە، ٢٦/ ٢٠٢١/١٠، کات ژمێر ١١ پێش نیوەڕۆ.
[7] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٨١١.

هەبووە، کاتێک لە کۆماری کوردستان زیندانی دەکرێت، سەرباری تۆمەتەکانی دادگا و سەختیەکانی زیندان، خۆشحاڵی خۆی بە بەندکردنی دەردەبڕێت، چون زیندان و دادگا و بەندی هی کوردبووە و بە داخوازی گەلی کورد پێکهاتبوون[1]، تا ئەندازەی ئاشقێکی باڵا لە خەم و خۆشویستنی گەل وخاکەکەیدا ڕۆچووە، پێیوابوو تا ئازادی نەتەوەیی بەدی نەیەت و سەردەمی ژێردەستەی تێنەپەڕێت، مرۆڤی کورد نابێتە خاوەن ویست و ئامانج و ئەو بوونەوەرەی هەڵگری تایبەتمەندییەکانی مرۆڤبوون بێت، وەک (ڕۆسۆ) دەڵێت: ''وازهێنان لە ئازادی واتە وازهێنان لە مرۆڤ بوون''[2]، دەڵێت:

گـــــــــڕی ئازادو سەربەستی منی فڕێدایە دەریای غەم
منــــــــــی خستە جیــــــهانێکی سەراپا پڕ تەووژم و تەم
سیــــــــــاسەت بــــــاڵی کێشابو بەسەر کورددا لەهەرلاوە
وەکــــــــــو فتبۆڵ خرابو بەر شەقی زۆرداری پڕ ئەستەم
ئـــەوە هەستی بە جۆش هێنام پەلاماردەم بەدەست و دەم[3]

لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی مەنگوڕیدا جۆرێک لە زیادەڕەوی و خود پەسەندی بەدیدەکرێت، بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی پێویست، ناچاربوین بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە بەرهەمەکانی خۆی ببەستین.

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ١٩١٤ـ ١٩٥٨، ب١، ل١٤٤.
[2] ئایزانا بێرلین: ئازادی و خیانەت لە ئازادی، و. ئەرسەلان حەسەن، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٨٧.
[3] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٨١٠.

## باسی دووەم: بەرهەمەکانی مەنگوڕی:

مەنگوڕی وەک خۆی دەگێڕێتەوە لە تەمەنی پازدە ساڵییەوە دەستی داوەتە هەڵبەست و نووسین[1]، بەڵام ئەو لەسەردەمێکی دواتر دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی کردووە، هەرچەندە لە ساڵی (١٩٣٠) دەستی بە دانانی کتێبی (جیهانێکی بە پێکەنین) کردووە[2]، بەڵام (هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن) یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی مەنگوڕی بووە، ئەو تا کۆتا ساڵەکانی تەمەنی لە نووسین بەردەوام بووە، لە ماوەی ژیانیدا(٢٨) کتێبی فرە چەشنی لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاییني و فکری و ئەدەبیدا نووسیووە، بەمێژووی شۆڕشی ئەیلول کۆتای بە کاروانی نووسینەکانی هێناوە.

**١ـ بەرهەمەمێژووییەکان**

بەشێکی هەرە گرنگی نووسراوەکانی مەنگوڕی بەرهەمی مێژوویین، کە بایەخێکی مێژووی هەنوکەیی گرنگیان هەیە، خۆی لە شەش بەرهەمدا دەبینێتەوە، باس لە چەند قۆناغێکی گرنگ و مێژووی جیاوازدەکەن، لێرەدا بە پێی سەردەم و ساڵی نووسینیان ڕیزبەند کراون.

**حەقائیقی بەسەرهاتی شێخ محمود لە پەنا ئیستقلالی کوردا:** ئەم کتێبە (حقائیقی بەسەرهاتی شێخ محمود لە پەنا ئیستقلالی کوردا) لە ساڵی (١٩٥٢) نووسراوە، لە دووتوێی (١٠٢) لاپەڕەدا لە ساڵی (٢٠٠٣) چاپکراوە، بەشێکە لە (بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩١٤هەتاوەکو١٩٥٨))، لە پێشەکیەک و یەک بەش پێکهاتووە، باس لەسەرەتاکانی دروستبوونی دەسەڵاتەکەی شێخ مەحمود دەکات، ئەو ڕووداوانەی لەو ماوەیەدا لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەودا ڕوویداوە، هەر لە هاتنی ئینگلیزەکان بۆ سلێمانی و دامەزراندنی حکومەتی یەکەم و دووەمی شێخ مەحمودەوە، هەتا کێشەی ولایەتی موسڵ و شەڕی بەردەکی سەرا، شەڕی ئاو باریک و ناکۆکییە سیاسییەکانی ئەو سەردەمی دەسەڵاتدارانی کورد باس دەکات، تا کۆتاییەکانی تەمەنی شێخ محمود، لەگەڵ هەندێک ڕووداوی ناوخۆی عێراق، وەک کودەتای بکرسدقی و بزوتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی و لە کۆتای کتێبەکەدا هەڵوێستی خۆی لە بەرانبەر سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا بەرانبەر گەلی کورد دەردەبڕێت، زۆرێک لەسەرچاوەی زانیارییەکانی نادیارن، زیاتر پشتی بە زانیارییەکانی خۆی بەستووە، تەنها لە هەندێک شوێندا ناوی چەند ڕۆژنامە و گۆڤاری هێناوە، لەگەڵ ناوی یاداشتەکانی (مس بێڵ و لۆرانس)، جگە لەوەی خۆی لەناو بەشێک لەڕووداوەکاندا بووە، لەسەر زاری هەندێک لە کەسایەتییەکانەوە ڕووداوەکان دەگوازێتەوە، کتێبەکە بە کورتی ئاماژەی بە ڕووداوەکان داوە، لەڕووی زمانەوانییەوە تێکەڵەیەکە لە وشەی کوردی و عەرەبی، خۆی ئاماژە بەوە دەکات، کە زمانی نووسینی ئەوسەردەمە بەو شێوەیەبووە[3].

**بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩١٤هەتاوەکو١٩٥٨:** ئەم بەرهەمەی مەنگوڕی باس لە قۆناغێکی هەستیار و پڕگۆڕانکاری گەلی کورد دەکات، تایبەتە بە مێژووی کۆماری کوردستان، ساڵی (١٩٥٨) نووسراوە، لە دووبەرگ پێکهاتووە، بەرگی یەکەم لە (٢٣٦) لاپەڕەیە، لە پێشەکییەک و پێنج بەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا کورتەیەکی لەسەر گرنگی پێگە و شوێنی کوردستان و مێژووی هاتنی وڵاتانی داگیرکەری بۆ ناوچەکە لە ماوەی (٤٠٠) ساڵدا باس کردووە، بەتایبەت جەنگی جیهانی یەکەم و هاتنی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ململانێکانی نێوان (بەریتانیا، ڕووسیا، ئەڵمانیا)و گرژییەکانی سەروبەندی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی دووەم، لە بەشی دووەمدا باس لە بارودۆخی ئێران لە ماوەی هەژمونی دەسەڵاتی ڕووسەکان لەو وڵاتەدا و گرنگی پێگەی ئێران و ململانێکی نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئەو وڵاتە دەکات، بەشی سێیەمی بەرهەمەکە تایبەتە بە زەمینەی دروست بوونی کۆماری کوردستان و هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی و تا کۆتاییەکانی کۆمارەکە، لەبەشی چوارەمدا پێکهاتەی حکومەتەکە و

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: ماهراکۆ، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧١، ل٤.
[2] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل٥.
[3] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک و...، ل٣٣٤.

وەزارەتەکـان و گرنگتـرین دام و دەزگاکـانی جێبەجێکـار لە کۆمـاردا خـراوەتەڕوو، بەشـی پێـنجەم بەتەواوەتی تەرخانکراوە بۆ جوڵانەوەی حەمەڕەشیدخانی بانە و سوپاکەی و ململانێکانی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، دواتر ناکۆکییەکانی لەگەڵ سەرانی کۆمای کوردستان.

بەرگـی دووەمـی ئەم کتێبە (١٨٤) لاپەڕەیە، لە دەسـتپێکێکی چەند لاپەڕەیـی، کە بـاس لە هەنـدێک ڕووداوی ناوخۆی کۆمار دەکات، وەک هەندێک وورده شەڕی سوپای کۆمار لەگەڵ هێزەکانی ئێران و ڕۆڵی عەشایەرەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان کۆمار و حکومەتی ئێراندا، ڕووداوی چۆنێتی کۆچی دوایی (محەمەدی نانەوازادە) فەرماندەی هێزی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان، نـاوەڕۆکەکەی لە پێنج بەش پێک هاتووە، وەک تەواوکاری بەرگی یەکەمی کتێبەکە لە بەشی شەشەمەوە دەستی پێکردووە، کە باسێکی کورتە و تـایبەت بە شـەڕ و نائارامیەکانی ئەو سەردەمەی نـاوچەی شیراز و ئەصفهان و ڕۆڵـی کەسـایەتی (ناصـرخانی قەشـقای) لە ڕووداوەکانـدا، بەشـی حەوتەم تەرخـانکراوە بـۆ چالاکییەکـانی مەلامستەفا و بارزانییەکـان هەر لە سـاڵانی سییەکانەوە تـا سـاڵی (١٩٥٢)، جموجوڵەکانیـان لە هەردوو دیـوی باشـوور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، تـاوەکو چـوونی بـۆ ڕوسـیا. بەشـی هەشـتەم سـەرنجی خستووەتەسەر دانووستانەکانی نێوان کۆمار و حکومەتی ئێران و کۆتاییەکانی کۆمارەکە و دادگایکردنی قازی محەمەد و هاوڕێکانی و گواستنەوەی وتەکانی ناو دادگا و دواتر مەراسیمی لە سێدارەدانیان، لە بەشی نۆیەمدا لە سێدارەدانی (١٢) سەردار و سەرۆک عەشیرەتی کورد لەناوچەی سەقز و بۆکان، کە بە تۆمەتی هاوکاری کردنی کۆماری کوردستان تاوانبار کرابوون خستوتە ناو گفتوگۆکانییەوە. بەشی دەیەم تایبەتە بە ڕێکەوتنی سیاسی ئێران و ڕووسیا لە بارەی نەوت و کاریگەری لەسەر کێشەی کورد و ڕوخانـدنی کۆمار. کۆتـا بـاس لەسـەر پەیوەنـدییەکانی کۆمـاری کوردسـتان و باشـووری کوردسـتانە، لە کۆتـایی کتێـبەکەدا ئامـاژەی بە لیسـتێکی سـەرچاوە کـردووە، کە زانیارییەکـانی لـێ وەرگرتـووە، بەڵام بەشێکی گێڕانەوەکانی پشتی بە یادەوەری و زانیارییەکانی خۆی بەستووە.

(مەحمـودی مەلاعیـزەت) لە کتێبـی بەرگـی سـێیەمی دەوڵەتـی جمهـوری کوردسـتان، سـەرباری دەستنیشانکردنی کەم و کورتییەکانی، بایەخی ئەم بەرهەمەی مەنگوڕی ڕوونکردووەتەوە، بەگرنگییەوە لێـی دەڕوانێت و بەهـایەکی مێژووی بەرزی پێدەدات، بەتـایبەتی، کە خۆی شـاهیدی ڕووداوەکـان بـووە، گەلێ ڕووداوی گرنگی ئەو سەردەمەی پاراستووە. (عەبدولڕەقیب یوسف) هەمـان گرنگـی و بـایەخی بە بەرهەمەکە بەخشـیی، بەوەی هیچکـام لەو ڕۆشـنبیر و نووسـەرانی هاوسـەردەمی مەنگـوڕی پەییـان بە نرخی ڕووداوە مێژووییەکانی قۆناغەکە نەبردووە[1]. بەرهەمەکە گرنگـی و بـایەخێکی مێژوویـی نـاوازەی هەیە، چونکە بەتەنها گێڕانەوەیەکی سیاسی نیە، بەڵکو لە هەناویدا هەڵگری تایبەتمەنـدییە کۆمەڵایەتی و ئـابووری و ڕۆشـنبیرییەکانی سـەردەمەکەیە . لە ڕووی بـایەخی مێژووییشـەوە یەکەمـین کتێـب لەسـەر کۆمـاری کوردسـتان بەزمـانی بیـانی دەرچوبێت کتێبـی کونسـوڵێکی سیاسـی ئەمریکـی بـووە لە تەبرێـز بەنـاوی (ئیگڵـتن) لە سـاڵی (١٩٦٣) بـڵاوی کـردووەتەوە،هەر بەپێـی قسـەی (مەحمـودی مەلا عیـزەت) یەکەمین کتێبیش کە بە زمـانی کـوردی نووسرابێت (دەوڵەتـی جمهـوری کوردسـتان)ە، کە لە نووسـینی خۆیەتی[2]. گەر ئەم کتێبەکەی مەنگوڕی لەکاتی خۆیا چاپ بکرایە دەبوو بەیەکەمین کتێب کە لەسەر ئەو قۆنـاغە مێـژووییە نووسـرابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هێشـتا دەسـت پێشـخەریەکی گرنـگ بـووە، بـۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ئەو هەلە مێژووییە.

**بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩٥٨تا ١٩٨٥:** ئەم بەرهەمە چیرۆک و بەسەرهاتی شۆڕشی ئەیلولە، گێـڕانەوەی ئەو ڕووداوە مێژوویيـانەیە کە لە سـاڵی (١٩٥٨ــــ١٩٨٥) ڕوویانـداوە، لە دوو بەرگ

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عبدولڕەقیب یوسف) لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ١٢/١١، ٢٠٢١، دوشەممە، کات (١) پاش نیوەڕۆ.

[2] مەحمود مەلا عیززەت: دەوڵەتی جمهوری کوردستان، چ٣، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٦-٢٣.

پێکهاتووە، بەرگی یەکەم لە ساڵی (١٩٧١)دا نووسراوە، لە دووتوێی کتێبێکی (١٩٥) لاپەڕەیدا، ساڵی (١٩٩٨) لە سلێمانی چاپکراوە، بە پێشەکیەکی کورت دەستپێدەکات، بە پێڕستی بابەتەکان کۆتایی دێت، واتە ئەم بەرگە بریتیە لەو ڕووداوە سیاسیانەی لەنێوان ساڵانی (١٩٥٨ تا١٩٧٠) ڕوویانداوە، لێرەدا مەنگوڕی کتێبەکەی دابەش نەکردووە، بەڵکو بەشێوەی باسی کورت بابەتەکانی ڕیزکردووە، وەک ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی، هاتنەوەی مەلا مستەفا لە ڕووسیا، کودەتا بەعسیەکان دژی (عەبدولکەریم قاسم) و پەیوەندییەکانی بە کوردەوە، تێکچوونی مەلا مستەفا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و ناکۆکی و ململانێکانی نێوانیان، کار و چالاکییەکانی شۆڕش لەناوچەی قەڵادزە و دەوروبەری و قەرەداغ و چوارتا و شارەزوور، لە ساڵی (١٩٦٦) ڕووداوەکانی بە پێی ساڵ گێڕاوەتەوە، تا ساڵی (١٩٧٠)، لە کۆتای کتێبەکەدا بە تێبینییەک ئاماژەی بەوەداوە، چەند بابەتێکی گرنگی تر هەن، کە دەرفەت نەبووە لەم بەرگەدا تۆماریان بکات، لە بەرگی دووەمدا بە چاپی دەگەیەنێت، بەڵام ئەو باسانە لە بەرگی دووەمدا نین، کە (١٠) بابەتی گرنگن، وەک یاداشتی مەلا مستەفا بۆ نەتەوەیەگرتووەکان، گفتوگۆ لەبارەی زانست و تەندروستی لە کوردستان و....هتد[1].

بەشی دووەمی کتێبەکە باس لە ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی (١٩٧٠ـ١٩٨٧) دەکات، ئەم بەرهەمە دەسنووسە تا ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە، نزیکەی (٢٤٢) لاپەڕەیە، بەرهەمەکە بەش و باس و بابەتی تێدا دیاری نەکراوە، زیاتر بە پێی ساڵ ڕووداوەکانی گێڕاوەتەوە، لەگەڵ هەندێک وردەباسی تایبەت بەو ڕووداوانە، بەگشتی باس لە کێشە و ململانێکانی شۆڕشی کورد و ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق دەکات، لەگەڵ ناکۆکی و شەڕ و پێکدادانەکانی هەناوی شۆڕش و هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ ئاڵۆزکردنی دۆخی ناوخۆی کورد، لەگەڵ کێشەی کورد لە ململانێ ناوچەی و نێودەوڵەتیەکاندا، بەیانی یازدەی ئازار و ڕێکەوتنامەی جەزائیر، شکستی شۆڕشی ئەیلول و ئاوارەبوونی خەڵکی کوردستان بۆ ئێران و هەڵگیرساندنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران و پەرتەوازەبوونی سەرانی شۆڕشی کورد لە ئێران، لە باس و خواستەکانی نێو ئەم بەرهەمەی مەنگوڕین.

**بەسەرهاتی سیاسی کورد(١٩١٤ـ١٩٧٩) بە هۆنراوە:** ئەم بەرهەمە لەگەڵ پێنج بەرهەمی تری مێژوویيدا لەساڵی (٢٠٢٢) چاپکراوە، لەژێرناوی (بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤وە هەتا١٩٧٩) نزیکەی (١٧١) لاپەڕەیە، ئەو ڕووداوە سیاسیانەی گەلی کوردی لەخۆگرتووە، کە مەنگوڕی پێشتر بە نووسین تۆماری کردووە، دیسان ئەو ڕووداوانەی بەشێوەی هۆنراوە نووسیوەتەوە. واتە، ئەم بەرهەمە دووبارەکردنەوەی ئەو زانیاریانەیە، کە لە هەرچوار بەرگی بەسەرهاتی سیاسی کورد لە (١٩١٤ــ١٩٥٨) و (١٩٥٨-١٩٨٥) دا تۆماری کردوون. ئەدەب بەلای مەنگوڕییەوە ڕێگەیەکی ویستراوترە بۆ خوێندنەوە، پێیوابوو لەو ڕێگایەوە زۆرترین کەس ئاشنایەتی بەو مێژووە پەیدا دەکات.

**کورد و کوردستان لە ئیسلامەوە تا ساڵی ١٩٧١:** ئەم کتێبە لە ساڵی (١٩٧١) نووسراوە، لە دوتوێی (١٢٦) لاپەڕەدا، ساڵی (٢٠٠٨) لە کەرکوک چاپکراوە، بە پێڕستێک و پێشەکییەک دەستپێدەکات، باس لە بارودۆخی سیاسی کورد دەکات، لە هاتنی دەسەڵاتی ئیسلامەوە، تا ساڵی (١٩٧١) و هەموو ئەو دەسەڵاتە کوردیانەی لەو ماوەیەدا دروستبوون، کە بریتین لە (٦٦) بزوتنەوە و میرنشین و دەسەڵاتی کوردی، ئەو ڕیزبەندییە لە (ئەبو موسای ئەشعەری)یەوە دەست پێدەکات، بەکورتی ئاماژەی بە هەریەک لەو دەسەڵاتانەداوە، وەک میرنشینی (ڕوادی، شەدادی، دیبوکری، بەدلیس، تەیموری، محمودی، ئەردەڵانی، شۆڕشی شێخ محمود، شێخ سعیدی پیران، سمکۆی شکاک و قازی محەمەد) بە شۆڕشی سێیەمی بارزان کۆتای دێت، لە کۆتای کتێبەکە لە لاپەرە (١٢٥)دا لیستێکی سەرچاوەی ئاماژە

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب١، ل١٨٦.

پێداوە، لە یەکەم سەرچاوەدا دەڵێت: "لە ئاگاداری و شارەزای خەڵکەوە لە وێنەی چیرۆک و بیستراو"[1]، واتە هەندێک لە زانیارییەکانی چیرۆک و یادەوەری سەرزاری خەڵکبوون.

**مێــژووی کــورد و ئاســوری**: ئەم بەرهەمە نـزیکەی (٣٠) لاپەڕەیە، لە ســاڵی (١٩٧١)دا نووسراوە، باس لە پەیوەندیە مێژووییەکانی کورد و ئاسورییەکان دەکات، لە ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی ئاسورییەوە هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، زیاتر گوزەرێکی خێرایە بە نێو ڕووداوە مێژووییە سیاسیەکانی ئەم گەلە و ئەو هاوبەشییە مێژووییەی لەگەڵ گەلی کوردا هەیەتی. ئەو ڕەگەز و بنەچەیان لەگەڵ کوردەکانــدا بــۆ یەک دەگێــڕێتەوە، ئــاینیش بەهۆکــاری ئەو دابــڕانە دەزانێــت، لە ڕوخانــدنی ئیمپراتۆریەتی ئاسورییەوە لە (٦١٢پ.ز) بەچەند قۆناغێک باس لە مێژووی ئەم گەلە دەکات، دواتر بارودۆخیان لە دوای هاتنی دەسەڵاتی ئیسلام، پاشان مێژووی ئەم گەلە لەسەردەمی ململانێی تورک و وڵاتانی ئەمریکا و خۆرئاوا و تا دوای جەنگی جیهانی یەکەم و کوشتنی مارشەمعون و تێکچونی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کورد ڕوون دەکاتەوە.

**بەســەرهاتی ئەرمەن:** ئەم بەرهەمە لە ســاڵی (١٩٧١)دا نووســراوە، لە شـێوەی نــامیلکەیەکی بچوکدایە، ســاڵی (١٩٩٣) چــاپکراوە، نـزیکەی (١٦) لاپەڕەیە، وەک خــۆی ئامــاژەی پێکــردووە، هاوشێوەیی مێژووی سیاسی گەلی کورد و ئەرمەن هۆکاری نووسینی ئەم بەرهەمە بووە، کە قوربانی بەررژەوەندیە سیاسیەکانی وڵاتانی زلهێزی ناوچەی و نێودەوڵەتی بوون، لەسێ قۆناغدا باسی مێژووی ئەم گەلەی کردووە، ئەو بۆ پەیوەندی مێژووی کورد و ئەرمەن لەسەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی گەڕاوەتەوە، دواتر مێژووی ئەم گەلەی لە ململانێی ئیمپراتۆریەتی فارس و ڕۆمانییەکان، لە قۆناغی دووەمدا باسی مێژووی ئەم گەلەی لەدوای هاتنی ئیسلام و پێگەیان لەنێوان تورکەکان و بێزەنتەکان و دواتر تورکەکان و ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا و دەوڵەتی سەفەویەکاندا کردووە، لە قۆناغی نوێشدا و بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم هەوڵ و چالاکییە نەتەوەییەکان و پەیوەندییە مێژووییەکانی ئەم گەلە بەکورتی ڕووندەکاتەوە.

**٢ـ بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان**

بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکانی مەنگوڕی لە ڕووی گرنگیەوە لە دوای بابەتە سیاسیەکانیەوە دێن، ئەو چوار بەرهەمی کۆمەڵایەتی نووسیوە، ئەو بەرهەمانە لە قۆناغی جیاوازیی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نووسراون، هەریەکەیان هەڵگری مۆرک و تایبەتمەندییەکانی سەردەمەکەی خۆیانن.

**هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن:** ئەم کتێبە یەکەمین و گرنگترین بەرهەمی کۆمەڵایەتی چاپکراوی مەنگوڕییە، وەک لە دەسنووسەکەدا دیارە ساڵی (١٩٣٨) لە دوتوێی (٦٦) لاپەڕەدا لە چاپخانەی بەلەدییە لە شاری سلێمانی چاپکراوە، لەژێرناوی (م.م. پژدەری)، لە کتێبەکەدا مەنگوڕی چەند بابەتێکی نیشتیمانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی وروژاندووە، وەک خۆی لە پێشەکیەکەدا ئاماژەی پێداوە، هەر وتەیەکی مێژوویی جوانی بینییوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەو گوڵ دەستەدا پێشکەشی لاوانی کردووە، تا پەند و ئامۆژگاری لێوەربگرن، چاوی ڕەخنەی خستۆتەسەر چەند لایەنێکی کۆمەڵگە، وەک ئاگا نامەیەک ویستویەتی تاک لەو بێ ئاگاییە وشیاربکاتەوە کەتێیدا ژیاوە، چەند بابەتێکی هەستیاری ئەو کاتی خستووتە بەرلێکدانەوە، کە گرنگترینیان وشیاری نەتەوەیی و ڕەخنەگرتنی بە خورافەکردنی کۆمەڵگایە، ئەم بەرهەمە لە ساڵانی سیەکاندا نووسراوە، کە شەپۆلێکی ڕۆشنبیری وشیاری نەتەوەیی لە شاری سلێمانیدا لە ئارادابووە، بۆیە لەسەر ئەم بەرهەمە گیراوە و دادگایی کراوە، هەر لەو کتێبەدا بابەتی دادگاییەکەی لە وێنەی هۆنراوەدا دارشتووتەوە، تۆمەتەکانی دادگا و وەڵامەکانی خۆی لە دادگاییەکەدا خستووتەڕوو.

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: کورد و...، ل١٢٥.

**بوکێکی ناکام:** کورتە چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی سیاسییە، ساڵی (١٩٧١) نووسراوە، هەرلەم ساڵەدا لە چاپخانەی (نعمان) چاپکراوە، لە دوتوێی (١٤) لاپەڕەدا، لەشێوەی هۆنراوەدا نووسراوەتەوە، باس لە دەرئەنجامە نەگریسەکانی جەنگ و خراپی دۆخی سیاسی دەکات لەسەر کایەی کۆمەڵایەتی، ئەو نەهامەتیانەی هەر کۆمەڵگەیەکی داگیرکراو ڕوبەڕوی دەبێتەوە، چیرۆکی خۆشەوستی کچ و کوڕێکە بەناوەکانی (هۆشەنگ و پرشنگ)، لە سایەی دەسەڵاتێکی داگیرکەری ستەمکاردا، هۆشەنگی تازە (زاوا) دەچێتە نێو بەرەکانی جەنگەوە، لە چاوەڕوانی گەڕانەوەیدا (پرشنگ) هەواڵی مەرگی خۆشەویستەکەی پێڕادەگەیەنرێت، گیانی تۆڵەکردنەوە و بەرەنگاری دەبێتە کاری لە پێشینەی پرشنگ، دواجار پرشنگیش لەو پێناوەدا گیان دەسپێرێت، ئەو لە جەنگ و کاریگەریەکانی لە شێواندنی ئارامی و ئاسایشی جیهان دەدوێ، نمونەی قوربانی دانی گەورەی مرۆڤ نیشان دەدات لە پێناوی هێنانەدی ئاشتی لەسەر زەویدا.

**بەسەرهاتی نەریمان بەختیار:** ئەم بەرهەمەی مەنگوڕی ساڵی(١٩٧٩) نووسراوە، چیرۆکێکە باس لەسەربوردەی مێژووی ژیانی لاوێکی سەرکەشی کوردی تەمەن (٢٥)ساڵ دەکات، کە لە هۆزی بەختیاریە لە خۆرهەڵاتی کوردستان، لە دابە کۆمەڵایەکانی دەدوێت، کە خاوەنی خوڕەوشتێکی سوک بووە، بەردەوام لە ئەنجامدانی کاری خراپە سڵی نەکردووەتەوە، لەوپەڕی لەخۆبای و لوتبەرزیدا ژیاوە، لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بەردەوام لە ڕووبەڕووبوونەوەدابووە، لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی نەویسراو و بەردەوام لە هەڵهاتندابووە، دواتر بەهۆی ئاکارەکانیەوە دوچاری نەهامەتی و دەربەدەربوون دەبێت، دواجار ڕودەکاتە وڵاتی (مصر) واز لە کردەوەی خراپ دەهێنێت، ئەزمونی ژیانی خۆی وەک ئامۆژگاری بۆ کەسانیتر یاداشت دەکات، بەوهۆیەوە لەلایەن پاشای میصرەوە پاداشت دەکرێت، دەکرێت بە خاوەن پێگە و سود لە توانا و شارەزاییەکانی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا وەردەگیرێت.

**حەمەدەمین و بەسکێ:** ئەم بەرهەمە کورتە چیرۆکێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتییە، لە نامیلکەیەکی بچوکی (٦) لاپەڕیدا، لەساڵی (١٩٧٩) دا نووسراوە، لە هەناوی کلتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیەوە هەڵقوڵاوە، لەم بەرهەمەدا باس لە چیرۆکی خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕێک دەکات، بەناوە (حەمەدەمین و بەسکێ)، لە ئاکامی ڕێگریەکانی خێزانەکەیان ناچار بە هەڵهاتن کراون، کە لە کوردەواریدا بەم ڕووداوە دەوترێت (ڕەدووکەوتن) کە دابێکی ناوچەکە بووە، لە دوای ئەوەی خێزانی کچەکە شوێنیان دەکەون، لە ڕووداوێکی ئەفسووناوی سەرکێشانەی سەرنج ڕاکێشدا، هەردوو خۆشەویستەکە لە دوای گیانبازیەکی کەموێنە دەکوژرێن، بە هۆی ئەم ڕووداوەوە خێزانەکەی مەنگوڕی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لە گوندی (سوێناسی) ناوچەی گەورک، ئاوارەی باشووری کوردستان دەبن، ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر خۆی و خێزانەکەی هەبووە، کە بەهۆیەوە، زێدی خۆیانیان بەجێهێشتووە، ماڵ و سامانیان دەستی بەسەردا گیراوە، ئەم ڕووداوە لە شەوی (٢٥ / مایسی/ ساڵی (١٨٧٩) لەناوچەی گەورکی مهاباد ڕوویداوە.ئەم بەرهەمە لەگەڵ کۆمەڵێک بەرهەمی تردا لە ساڵی (٢٠٢٠) لە کتێبێکدا نەناوی (چیرۆک، بەسەرهات، گێرانەوە) چاپکراوە.

**٣ـ بەرهەمە یۆتۆپییەکان**

یۆتۆپیا خاڵی جیاکەرەوە و بەخشینی تایبەتمەندی بوو بە بەرهەمەکانی مەنگوڕی، ئەو لەو بوارەدا خاوەنی سێ بەرهەمە، هەریەکەیان لەدایکبووی قۆناغێکن، کە مۆرکی سەردەمەکەی خۆیانیان پێوەدیارە.

**شەوێک لە عصبە الامم:** ئەم بەرهەمە ساڵی (١٩٥١) دا نووسراوە، لە دوتوێی (٧٧) لاپەڕەدا، لەگەڵ چەند بەرهەمێکی تری مەنگوڕیدا ساڵی (٢٠٢٠) چاپکراوە، ئەندێشە و خەونێکی مەنگوڕیە کە دەرئەنجامی ڕامانە لە دۆخی سیاسی گەلی گورد لەنێو ململانێ سیاسی و ئابووریەکانی ناوچەکە و جیهان، لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، بە ئەندێشە و بیری شاعیرانەی وەک نوێنەری

گەلی کورد، دەچێتە (عصبە الامم) داوای بەجێهێنانی دادپەروەری یەکسانی بۆ گەلەکەی و تەواوی گەلانی ژێردەستەی جیهان دەکات، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبەرانبەر دۆخی سیاسی کورد بەرپرسیار دەکات، مەنگوڕی لەم بەرهەمەدا مێژوویەکی گشتیمان بۆ دەگێڕێتەوە، وێنەیەکمان لە بارودۆخی سیاسی جیهان پیشان دەدات، ئەم بەرهەمە لە شێوەی هۆنراوەدا نووسراوەتەوە.

**گەشتی ئەستێرەی مەریخ:** ئەم بەرهەمە لەساڵی (١٩٥٢) نووسراوە، ساڵی (١٩٧١) لە دوتوێی (١٢٠) لاپەڕەدا چاپکراوە، لە بنەڕەتدا خەونێکە لە پێناو دۆزینەوەی جیهانێکی باشتر بۆ مرۆڤایەتی بەدیهێنراوە، لەم بەرهەمە ئەندێشەییەدا گەشتێک بۆ مەریخ ئەنجام دەدات، گوزەرێک بە نێو ژیان و دام و دەزگا و سیستمی دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی لەسەر مەریخ دەکات، بیر و باوەڕ و ئاکار و خورەوشتی خەڵکەکەی دەخاتە بەرباس، تا ئاستێکی باڵا پەسنی ژیان لەسەر مەریخ دەکات، دواتر بەراوردی دەکاتەوە بە کۆی کایەکانی ژیان و ئاکاری خەڵکی سەر زەوی و مەودای جیاوازیە گەورەکەیان نیشان دەدات، ئەو لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە و سیستمی دەسەڵات بەراوردیەکانی چڕدەکردەوە، بەوکارە دەرگای لەبەردەم چارەسەرکردنی گرفتەکانی مرۆڤدا دەکردەوە، ئەم بەرهەمە لە شێوەی هۆنراوەدا داڕێژراوە.

**خەونی چوونە بەهەشتی مەنگوڕی:** ئەم بەرهەمەی ساڵی (١٩٧٩) نووسراوە، لە شێوەی نامیلکەیەکی (١١) لاپەڕەیدایە، تائێستا بە دەسنووسی ماوەتەوە و لەبەر گرفتی کۆمەڵایەتی تائێستا بڵاونەکراوەتەوە، خەونێکە دەرهاویشتەی ئەو تێڕوانینە تایبەتەبووە دەربارەی ئایین هەیبووە، بەتایبەتی لەبارەی ئاکاری ئایینی تاک و زانایانی ئاینی ئەو ڕۆژگارەوە، لە خەونەکەیدا مەنگوڕی دەچێتە بەهەشت و بەخراپی پەسنی دۆخی ناهەمواری بەهەشت دەکات، لەوێ یەکێک لە زانا ئاینییە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە دەدوێنێت، گفتوگۆی لەبارەی بەهەشت و دۆزەخ و شوێنی زانایانی ئایینی لەو نێوەندەدا دەکات، هەرلەم بەرهەمەدا بیروڕای خۆی لەسەر ژیان و زیندووبونەوە و پاداشت و سزا و بەهەشت و جەهەنم و ئایینیە ئاسمانییەکان باسدەکات.

**٤- بەرهەمە ئایینییەکان**

مەنگوڕی خاوەنی بیروباوەڕێکی تایبەتی بووە لەڕووی ئایینیەوە، لەو ڕووەوە خاوەنی چەند بەرهەمێکە، کە ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی تایبەتی خۆیەتی، (خەونی چونە بەهەشتی مەنگوڕی) کە ئەندێشەیەکی ئایینیە، دەکرێت وەک بابەتێکی هەم ئەندێشەی هەم ئایینی ئاماژەی پێبدرێت.

**فەلسەفەی ئاراتپور:** ئەم بەرهەمە ساڵی (١٩٦٣) نووسراوە، ساڵی (٢٠٢٠) لەگەڵ چەند بەرهەمێکی تردا لە کتێبێکدا چاپکراوە، نزیکەی (٣٩) لاپەڕەیە، چیرۆکێکی هزری فەلسەفییە، باس لە گەنجێکی کوردی لادێنشینی تەمەن (١٨) ساڵ دەکات، بەناوی (ئارات پور)، لە دوای بیرکردنە و تێرامان لە کەلتور و داب و نەریت و وابەستەی کۆمەڵگا بەئایین و بڵاوبوونەوەی خورافە، وەک پەرچە کردارێک بەرانبەر بەو دۆخە بڕیاری جێهێشتنی زێدی خۆی دەدات، گەشت بۆ ژمارەیەک کۆمەڵگەی جیاواز بە ئاین و نەریتی خۆی وەک (مەسیحی، جولەکە، ژن پەرست، بتپەرست...هتد) دەکات، چەندین پرسیاری هزری لە بارەی ئایین و بیروباوەڕیانەوە دەوروژێنێت، وەک قسەکرن لەبارەی بوونی خودا و ژیان و مردن و دادپەروەری و بنەڕەتی ئایین، چەندین ناوچەی جیاواز بەسەردەکاتەوە، لە دوای بەراوردکردنیان بە یەکتر، هیچکامیان نایگەیەننە قۆناغی بڕوابوون و دڵنیایی، لە کۆتاییدا بڕیاری گەڕانەوە دەدات و گوندەکەی خۆی بەبەراورد بەهەریەک لەو شوێنانە بە پاکترین ناوچەی جیهان ناوی دەبات.

**خودا و خەلیقەت:** ئەم بەرهەمە ساڵی (١٩٧٢) نووسراوە، دەسنووسە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، (٤٧) لاپەڕەیە، لەم بەرهەمەدا دید و تێڕوانینەکانی خۆی دەربارەی ئایین خستووەتەڕوو، لەسەر چەند تەوەرەیەکی گرنگ لەبارەی پەیامە ئاسمانی گفتوگۆی کردووە، وەک بابەتی بوون و نەبوونی خودا،

دروست بوونی مرۆڤ و ئەرک و ئامانجی، پەیامبەران و کتێبە ئاسمانییەکان، بەهەشت و دۆزەخ، مردن و زیندوبوونەوە، مەلائیکە و شەیتان و جنۆکە، ڕۆژی لێپرسینەوە، یاسای ژیان، چینی زانایانی ئایینی کۆمەڵگە (شێخ، مەلا، پاپا، کەشیش)، لەم بەرهەمەدا لە بارەی غەیب و ئەو بابەتانەی لەو چوارچێوەیەدا بە نادیاری ماونەتەوە گفتوگۆی کردووە، لە بارەی کەسایەتی هەریەک لە پەیامبەران (موسا، عیسا، محمد(د.خ) قسەی کردووە، ئەو پیرۆزیەی لێوەرگرتونەتەوە، کە نێردراوی خوداوەندبن، ئەوانی وەک ساختەکار و پێدانی پیرۆزی لەپێناوی بەدەستهێنانی پێگە و دەسەڵاتدا ناوهێناوە.

**٥ـ بەرهەمە ئەدەبییەکان**

پێگەی مەنگوڕی وەک کەسێکی ئەدەبی هیچی کەمتر نیە لە پێگەی مێژوونووسیەکەی، ئەو خاوەنی چەند بەرهەمێکی وێژەییە، کە ناوەڕۆکەکانیان دەوڵەمەند و فرەڕەنگە بە بابەتی نیشتیمانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سۆزداری.

**دەستوری ژیان:** ئەم کتێبە لە ساڵی (١٩٨٣) نووسراوە، سەرەتا بە دوو بەرگی جیاواز چاپکراوە، دواتر کۆی بەرهەمەکە لە کتێبێکی (١٣٨٦) لاپەڕەیدا لە ساڵی (٢٠٢٠) چاپکراوەتەوە، بەرهەمی تەمەنێک لە ئەزمون و وانەی ژیانە، وەک خۆی لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێت: ''لە ماوەی (٥٠) ساڵدا توانیم ئەو دەستوری ژیانە دانێم''[١]، بریتییە لە (٦٧٨١) چوارینە، وەک دەستورێک بۆ بەڕێوەبردنی کار و باری ژیان دانراوە، ئەم چوارینانە لە یەک بوار و کایەدا ئاراستە نەکراون، بەڵکو تەواوی پێکهاتەکانی ژیانی لە (سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئایینی...هتد) گرتووەتەوە، کۆمەڵێک پەند و ئامۆژکاری و ڕێنماییە، لە ئەزمون و تاقیکردنەوەی ژیانەوە وەریگرتووە، موڵکی هیچ گەل و نەتەوەیەکی دیاریکراونیە، هەموو مرۆڤێک دەتوانێت بیکات بە سەر مەشق و ڕێبەری بۆ ژیانی خۆی، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەتوانێت سودی لێوەربگرێت و هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکات، دەڵێت: ''ئەدەب تاپۆ نییە تەنها بۆ وڵاتێک، میراتێکە بۆ هەموو گەلێک، ئەم پەند و ئامۆژگاریانە ڕەنگە زۆرکەس بەسەریا هاتبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی نەی خستۆتە سەر کاغەز لە مێشکی کابرادا ڕەشبووەتەوە، نەخۆی و نەکەس سودی لێنەبینیوە''[٢].

**جیهانێکی ئازاد:** دیوانێکی هۆنراوەیە، وەک خۆی لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی پێداوە، ساڵی (١٩٣٥) پێشەکییەکەی نووسیوە، بەڵام کاتی بەدەستپێک و کۆتای بەرهەمەکەی دیاری نەکردووە، شعرەکانی لەکات و شوێنی جیاوازدا نووسراوە، دواین هۆنراوەی دیوانەکە ساڵی (١٩٨٤) دانراوە، پێکهاتووە لە (٨٢٦) لاپەڕە، کۆی بەرهەمەکە (٣١٩) شعری جۆراو جۆرە لە بابەتی (نیشتمانی، مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی......هتد)، زۆربەی بەرهەمەکانی بەرهەمی نیشتمانین، لە خزمەت هوشیار کردنەوەی کۆمەڵگەدایە، وەک دەڵێت: ''ناچاربووم لەسەر هەموو مەسرەحیەک و شانۆییەک شعر بڵێم، بەپێی سات و ئان و ڕووداوی ڕۆژ، شعر بۆ هۆزی کورد دابنێم، کە بۆ وریابوونەوە و ڕاپەڕینی کورد ببێت بە ڕووناکییەک''[٣]. هۆنراوەکانی چوارخشتەکی و پێنج خشتەکی و زیاترن، ئەم بەرهەمە بە هۆنراوەیەک، کە بۆ نەورۆز وتراوە دەست پێدەکات، بە هۆنراوەیەکی ئاینی کە بۆ (حسن و حسین) وتراوە کۆتای دێت.

**بەهەشتی دڵداری:** گەرچی پێشەکی ئەم دیوانە ساڵی (١٩٥٤) نووسراوە، زۆربەی هۆنراوەکانی بۆ سەرەتا و کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، بەڵام کۆتا هۆنراوەی ئەم دیوانە مێژووەکەی بۆ ساڵی (١٩٨٤) دەگەڕێتەوە کە بۆ (ڕابی) هاوسەری نووسیوە، دیوانەکە (٣٤٠) لاپەڕەیە، نزیکەی (٣٧٧) پارچە هۆنراوەیە، کۆی بەرهەمەکە باس لە مێژووی خۆشەویستی و هەستی بزوێنەری شاعیر

[١] میرزا مەنگوڕی: دەستوری ژیان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل١٥.
[٢] میرزا مەنگوڕی: دەستوری...، ل٦١-١٧.
[٣] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٣٧.

بۆ ڕەگەزی بەرانبەر دەکات، ئەو خۆشەویستی بە هێزێکی مەزن ناودەبرد، لە پێشەکی ئەم بەرهەمدا دەڵێت: "دڵداری شتێک نییە کە بە بەسەرهاتی جیهان کۆنبێت و لەناو بچێت، بەڵکو دڵداری شتێکە پەیوەندی بە هەموو هەنگاوێکی پێشکەوتنەوە هەیە، ئەتوانم بڵێم، کە دڵداری پاڵ بە مرۆڤەوە ئەنێ، کە گیاندار بچێتە ناو ئەستێرە و مانگ، دڵداری دەستێکی باڵای بووە لە پێشکەوتنی ئادەمیزاد و سەرزەمینا"[1]، لەم بەرهەمەدا (خونچە) ئەو کچەی لە تەمەنی لاویدا خۆشیویستووە، شوێنێکی دیاری لەم بەرهەمەدا گرتووە، ئەم بەرهەمە ساڵی (٢٠٠٦) لە سلێمانی چاپکراوە.

**جیهانێکی بە پێکەنین:** ئەم دیوانە لە شێوەی چوارینەدایە، لە ساڵی (٢٠٠٨) لە سلێمانی چاپکراوە، لە پێشەکییەک و (٥٤٠) پارچە هۆنراوە و پەراوێزێکی چەند لاپەڕەیی پێکهاتووە، وەک خۆی باسی دەکات، لە ساڵی (١٩٣٠) یەوە دەستی بە نووسینی ئەو بەرهەمە کردووە، ساڵی (١٩٧٩) کۆتایی بە نووسینی هێناوە، لە بارەی ناوی بەرهەمەکەوە دەڵێت: "ناوم نا جیهانێکی بە پێکەنین، چونکە ئەو جیهانەی من بەو بارە وتووێژم تێدا کردووە، هەموی هەر پێکەنین و هەڵەی کەونە"[2]، لەسەر ڕەوشی ئاینی و سیاسی قسەدەکات، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا پیاوانی ئایینی دەسەڵاتی سیاسیان لەدەست بووە، بە هەموو شێوەیەک دەستیان لە چەوسانەوە و دروست بوونی سیستمی چینایەتیدا هەبووە، تێگەیشتنی خەڵکی ئاسایی بۆ ئایین لە ئاستێکی باشدا نەبووە.

**پەندی پێشینان، نوکتەی بە پێکەنین، قسەی نەستەق:** ئەم بەرهەمە ساڵی (١٩٧٩) نووسراوە، لە پێشەکیەک و (٢٢٧٢) پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و نوکتەی بە پێکەنین پێکهاتووە، لە پێشەکییەکەیدا باسی لە گرنگی و بایەخی بەرهەمەکە کردووە، وەک سامانێکی کەلتوری هەرنەتەوەک ناوی بردووە، پێداگری کردووە لەسەر ئەوەی سەرباری نەنگی وتەکان لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە بەبێ دەستکاری و ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەک بنووسرێتەوە، جگە لەو پەند و بەسەرهاتانەی کۆیکردووەتەوە، چەندین وتە و ئامۆژگاری دروستکراوی خۆی تێدا نووسیوەتەوە، بەڵام دیاری نەکردووە کامانە بەرهەم هێنراوی بیری خۆیەتی، دەڵێت: "خۆشم زۆر شتی بەنرخم خستۆتە تەرازووی شێوە و بەناوی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق بڵاوی ئەکەمەوە، لەو گوڵدەستەیا"[3]، ئەم بەرهەمە تائێستا بە دەسنووسی ماوەتەوە.

**کۆنگرێسی دڕندە و مەل لە کێوەڕەشی ڕانیە:** ئەم بەرهەمە وێژەییە، کە گێڕانەوەیە لەسەر زاری ئاژەڵانەوە، لەشێوەی هۆنراوەدا لە ساڵی (١٩٦٩) نووسراوە، نزیکەی (٣٤) لاپەڕەیە، ساڵی چاپی لەسەر نیە، باسکردنە لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلی کورد و باشووری کوردستان، لە ساڵانی شەستەکاندا، بەتایبەتی لەسەروبەندی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول و پێکدادانەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق، کە بە گشتی ژیان بۆ مرۆڤ و گیاندارن کەوتۆتە مەترسیەوە، هاوکات گوزەرێکە بەناو هەواڵ و سیاسەتی جیهانی و بارودۆخی وڵاتانی پاشکەوتوو لە ململانێکانی هەردوو بەرەی سۆسیالستی و سەرمایەداریدا، کە مەنگوڕی بە نیگەرانییەوە لە بارودۆخی کوردستان و ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەڕوانێت.

**زێڕینای ئامێدی:** یەکێکە لەو چیرۆکە ئەفسانەییانەی لەسەر زاری خەڵکەوە وەریگرتووە، ساڵی (١٩٧١) لە چاپخانەی (حەدیثە) لە شاری نەجەف لەدوتوێی (٥٢) لاپەڕەدا چاپکراوە، لە بارەی کچە سەردارێکی کورد لەناوچەی ئامێدی دەدوێت، پەسنی ئاکار و توانا و نیشتیمان پەروەری ئەم خانمە کوردە دەکات، کە شوکردنی خۆی بە یەکێتی و یەکگرتن و سەربەخۆی کوردستانەوە بەستۆتەوە، تا

---

[1] میرزا مەنگوڕی: بەهەشتی...، ل٣٥.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل٥.
[3]میرزا مەنگوڕی: پەندی پێشینان، نوکتەی بە پێکەنین، قسەی نەستەق، ١٩٧٩، دەسنووسی پارێزراو لای بنەماڵەی مەنگوڕی، ل٢.

بەدیهێنـانی خەونەکەی ئازایـانە درێـژە دەدات، ئەو کـورد دەکـات بە خـاوەنی دەسـتور و ئەنجـومەنێکی نیشـتمانی، دەیخـاتە نـاو هاوپەیمـانێتی نێـودەوڵەتی لەگەڵ دەوڵەتـی ساسـانی و ڕۆمەکانـدا، ئەم دەسـەڵاتە کوردییە بەهۆی هاتنی سوپای ئیسلام بۆ ناوچەکە، لە ساڵی (٦٣٧) لەناوچووە.

**فەیرۆزخانی پشت کۆ:** ئەم بەرهەمە چیرۆکێکی زارەکی وەرگیراوە، ساڵی (١٩٧١) نووسراوە، هەر لەو ساڵەدا لە چاپخانەی (القضاء) لە نەجەف لە دوتوێی (٨٤) لاپەڕەدا چاپکراوە، باس لە قارەمان و سەردارێکی کورد دەکات، لەناوچەی (پشت کۆ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەناوی (فەیرۆزخان)، لە پێشـەکیەکەدا ئاماژە بەوە دەکـات، گەلـی کـورد خـاوەنی گەلـێ سـەروەری تۆمـار نەکـراوە، فەیرۆزخـان لەوبەسـەرهاتانەیە، کە بێگـانە ڕێـی لە نووسـینەوەی گرتـووە، ئەم سـەردارە کـوردە بەهـۆی خۆشەویستەکەیەوە خەڵکـی ئەو وڵاتە بـووە، هاوپەیمـانی لەگەڵ (میـر ئەورخـانی سـەمەرقەندی) گـرێ دەدات، بەوهۆیەوە دەتوانێت بەر بە هێرشەکانی پاشای ئازەربایجان بگرێت و بەسەریدا سەردەکەوێت، فەیرۆزخـان مـاوەیەک وەک فەرمـانڕەوای کوردسـتان و ئێـران بەردەوام دەبێـت، بەهـۆی شـاڵاوی مەغۆلەکانەوە بۆسەر ئێران و ناوچەکە لەساڵی (١٢٥٧) ئەم دەسەڵاتە لەناوچووە.

**ماهراکۆ:** ئەم چیرۆکە لە ساڵی (١٩٧١) نووسراوە، هەمان ساڵ لە چاپخـانەی ڕاپەڕین لە سلێمانی لە دوتـوێی (٣٨) لاپەڕەدا چـاپکراوە، چیرۆکـی ئەفسـانەی کـچە کـوردێکی قارەمـانە، کە کچـی پاشـای نـاوچەی بتوێن بـووە، وەک باسـی دەکـات وا دەردەکەوێت لە عەشیرەتی (ئـاکۆ) بووبێت، مێژووی ئەم چیـرۆکە بـۆ سـاڵی (٨٥٠پ.ز) دەگەڕێـتەوە، بەهـۆی جـوانیەکەیەوە پاشـای وڵاتـی (سـۆماڵ) خـوازبێنی دەکات، دوای ڕەتکردنەوەی داواکەی بڕیاری فڕاندنی دەدات، پاش ئەوەی بۆ ماوەی شـەش مانـگ بەند دەبێت لەلای ئەو پاشایە لە دەرفەتێدا (ماهراکۆ) پاشا دەکوژێت، دواتر بەهاوکاری سوپای وڵاتی کوردان هێرش دەکاتە سەر وڵاتی سۆماڵ، دەستی بەسەردا دەگرن، هەتا هاتنی سوپای (ئەسکەندەری مەکدۆنی) بۆ ناوچەکە، فەرمانڕەوای وڵاتی سۆماڵ لەژێردەستی کوردەکاندا بووە.

**٦ـ یاداشتەکان:** ئەم بەرهەمە بـریتییە لە یاداشـتەکانی مەنگـوڕی، کە بـاس لە وێسـتگە گرنگەکـانی ژیـان و بەسـەرهاتی خـۆی دەکـات، لەمـاوەی نێـوان سـاڵانی (١٩١٠ـ١٩٨٨)، لە سـاڵی (٢٠٠٩) لەسـەر ئەرکـی وەزارەتـی ڕۆشنبیری لە دوتـوێی (١٣٦) لاپەڕەدا چـاپکراوە، لێرەدا بـاس لەسـەرەتاکانی هـاتنی خێزانەکەیـانی بەهـۆی ڕووداوێـکەوە لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە بـۆ باشـووری کوردسـتان کـردووە، دواتر تەمەنی منداڵی و مێرد منداڵی و گەشتی بەغداد و باسی خوێندن و گەورەبوونی خۆی دەگێڕێتەوە، پاشان چۆنێتی ڕۆیشتنی بۆ ناو جیهانی نووسین و دەست پێکردنـی چـالاکی ساسـی و ڕۆشنبیری و چەند بـابەتێکی تـری گرنگـی پەیوەسـت بە ژیـانی خـۆی و گەلـی کـورد دەکـات، وەک بەشـداری لە کۆمـاری کوردسـتان و گەڕانەوەی و بەشـداریکردن لە شۆڕشـی ئەیلـول و نووسـینەوەی ڕوودا و بەسـەرهاتەکانی شۆڕش تا کۆتایەکانی تەمەنی لە ساڵی (١٩٨٨).

هەرچەندە ئاماژەی بە بەرهەمێکی تر داوە، کە هەیەتـی و هێشتا دەسنووسە بەنـاوی (ڕووداوەکـانی حەیوانات لەگەڵ ڕۆژی سیاسیدا) بەڵام ئەم بەرهەمە تەنها ناوی هەیە، ڕەنگە فەوتابێت[1].

مەنگـوڕی بەرهەمەکـانی لەیەک جیـاکردوونەتەوە و بـابەتی مێژوویـی و کـۆمەڵایەتی و ئـایینی و ئەدەبـی ئەندێشـەییەکانی بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ ئامـاژەپێکردووە، بەڵام میتـۆدی نووسـینەکانی شـێوەی ئەکـادیمی وەرنەگرتـووە[2]، سـەرباری ئەوەی بەردەوام لە کەشـێکی ڕەخنەییدا ژیـاوە، بەڵام خـۆی لەسـەر بەرنامە و ڕێبازێک و ژانرێکی تایبەت یەکلایـی نەکردووەتەوە، بەڵکو خـاوەنی ئەدەبیاتێکی فرەچەشنە، هەرچەنــدە ئەدەب و مێــژوو پەیوەنــدیەکی پتەویــان پــێکەوە هەیە، بەڵام ئەو لەنێــوان ئەدەب و کــاری مێژوونووسیندا خۆی نواندووە، سـەرباری ئەوە دەستی بۆ مێژووی کـایەیەکی تـایبەت نەبـردووە، بەڵکو

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل١١٧.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ١٩٥٨، ب٢، ل٤.

خاوەنی مێژوویەکی گشتیە، کە بارگاویە بە کۆی کایەکانی ژیان. بەهەمانشێوە لە مەیدانی ئەدەبیشدا بابەتەکانی تەنها هۆنراوەنین، باڵکو دەستی بۆ چەند بوارێکی تری وەک چیرۆک و ئەندێشە بردووە، ئەم شێوازە ئەگەر بەبارێکدا بەهێزی و جیاوازیی و دەوڵەمەندی ئەو نیشانبدات، ئەوا بە لایەکی تردا ئاماژەیەک بۆ لاوازی پێگەی ئەو لە بواری نووسیندا تەماشادەکرێت، چونکە نەی توانیوە وەک پێوەیست لە یەک بواردا قاڵبېێتەوە و بەتەواوەتی لە مەودایەکی فراواندا کار لەسەر بابەتێکی وەک (سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئەدەب) بکات.

تورەیی و بێزاری لە هەندێک شوێندا بە بەرهەمەکانییەوە دیارە، خوێنەر بە ئاشکرا هەست بەو دۆخە هەستیار و بارودۆخە دەرونییەی مەنگوڕی دەکات، بەتایبەتی لەڕووی بیروباوەڕی ئایینییەوە، تاوەکو ئەندازەی سوکایەتی کردن ڕۆشتووە، لە هەندێک شوێنی تردا بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز مێژووی نووسیوەتەوە، وەک تەنز و توانج لێدان لە بارەیانەوە دواوە، وەک لە بەرهەمی خودا و خەلیفەتدا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، ئەم شێوازەی نووسین لەلای چەندین نووسەری جیهانی هەستی پێدەکرێت، وەک (دۆرکهایم) کە بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز و زبر گوزارشتی دەکرد و بۆچونەکانی خۆی دەردەبڕی[١].

مەنگوڕی لە نووسینی مێژوویی پێش سەردەمی خۆیدا، بە شێوەیەکی سەرپێی مێژووی تۆمار کردووە، کورتبڕیەکی تەواوی تێدا ئەنجام داوە، تائەو ئەندازەیەی نەیتوانیوە تێگەیشتنێکی باش بە خوێنەر بگەیەنێت، مێژوویەکی ڕوونی ئەو سەردەمە بگوازێتەوە، وەک لە بەرهەمی کورد و کوردستان لە ئیسلامەوە هەتا ساڵی(١٩٧١)، (کورد و ئاسوری) (کورد و ئەرمەن) دا بەرچاو دەکەوێت.

دووبارەبوونەوە لە گێرانەوە و نووسینی هەندێک لەسەردەمە مێژووییەکاندا هەیە، لەکاتێکدا لە هیچکام لەو باسانەدا بەتەواوی لە باسکردنی سەردەمەکەدا ڕۆنەچووە، بەکورتی لەسەری دواوە، وەک لە باسی شۆڕشی سمکۆی شکاک دا کردویەتی، سەرباری ئەوە چەندین ڕستە و دەستەواژەی لەناوەندی نووسینەکانیدا چەندبارە کراوەتەوە، کە گوزارشت لە هەمان بۆچوون دەکەن و هەمان زانیاری دوبارە دەکەنەوە، بەتایبەتی لە بواری ئایینیدا، لە چەندین شوێن باسی ئەوە دەکات، خودا، کە موسای کرد بە پێغەبەر عیسای بۆچی بوو[٢]، عیسای کرد بە پێغەمبەر محەمەدی بۆچی بوو.

ئەو لە چەندین شوێندا کەوتووەتە هەڵەی مێژووییەوە، بەرواری ڕووداوەکانی بە هەڵەنووسیووە، کاتێک ڕونکردنەوە دەدات لەسەرناوی (بسمارک) دەڵێت: ''بسمارک قائیدی قواتی عام و سەرەک وەزیرانی ئەڵمانیابوو لە ساڵی ١٨١٤، پلانەکانی ئەوەبوو کە ئەژنۆی عەجزی بە ناپلیۆن دادا''[٣]، لەکاتێکدا (بسمارک) لە ساڵی (١٨١٥) لەدایک بووە[٤]، یان لە کاتێکدا لە دووشوێندا باسی یەک کردووە، لە هەریەکەیاندا بەروارێکی جیاوازیی نووسیووە، کاتێک باسی لە سێدارەدانی قازی محەمەد دەکات دەڵێت: ''لە ساڵی ١٩٤٦ قازی محەمەد و ٢١ نەفری ئازادی خواهی کورد شەهید کران''[٥]، لەکاتێکدا لە هەمان سەچاوەدا زانیارییەکی تری تۆمارکردووە، لە جێگایەکی تردا دەڵێت: ''لە ڕۆژی دوشەنبەی ٣١/ مارتی/ ١٩٤٧'' قازی محەمەد و هاوەڵەکانی شەهید کران[٦].

---

[١] کۆمەڵێک نووسەر: مێژووناسی و...، ل٣٨٠.
[٢] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل١٥٤.
[٣]میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٧٧.
[٤]عبدالعزیز سلێمان نوار، عبدالمجید نەعنەعی: مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا، و. خالید هەرکی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٦١.
[٥] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٨٦.
[٦]میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ١٩٥٨، ب٢، ل١١٣.

مەنگوڕی مێژوونووسێکی مەیدانی بووە، واتە لە نووسینەوی مێژووی هاوسەردەمی خۆی زیاتر ئەو مێژووەی نوویسیویەتی لە سنوورێکی دیاری کراودا بووە، لەناوچەوی ژیان وتێکۆشانی خۆیدا بووە، کە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، تا ئەندازەیەک خۆی لە تێکۆشان و خەباتی ئەو قۆناغە مێژووییەی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بواردووە، لە بەرهەمەکانی بە پەراوێزخراوی ماونەتەوە.

سەرجەمی بەرهەمەکانی مەنگوڕی خاوەنی سەنگ و بەهای زانستی خۆیانن، وەک تەواوکاری ئەو بەرهەمانەی لەو ماوە مێژووییەدا نووسراوە جێگای خۆیانیان گرت و کەلێنێکی زانستیان لەو بۆشاییە پڕکردەوە خۆی بەردەوام ڕەخنەی لێدەگرت، کە کورد هێشتا بیری مێژوویی نەخەمڵیوە و پەی بە گرنگی نووسینەوەی مێژووی خۆی نەبردووە، هەمەچەشنی بەرهەمەکانی و دانسقەییان لەڕووی چۆنێتیەوە تایبەتمەندیان بە نووسینەکانی بەخشی.

## باسی سێیەم: سەرچاوەکانی زانینی مەنگوڕی:

هەر مرۆڤێک زادەی سەردەم و بارودۆخی ژینگەکەی خۆیەتی، سەرچاوەی زانین و ژیری خۆی لەو کەرەستانە وەردەگرێت، کە بەپێی ڕادەی هوشیاری دەوروبەری دەتوانێت دەستی پێیانبگات، لێردا بەشێوەیەکی کورت ئاماژە بە سەرچاوەکانی خۆ ڕۆشنبیرکردنی مەنگوڕی دەدەین، ئەو ناوەندانەی توانیویەتی بونیادی کەسایەتی خۆی بە شێوەیەکی گشتی لەسەر پێبگەیەنێت.

ئەو لە بەدەست خستن و خەملینی هۆشیاری و سەرچاوەی زانینەکانی، سودی لە بواری جۆراوجۆر وەرگرتووە، وەک ناوەندەکانی خوێندن و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئەو سەردەمە و گەشت و گەڕان و ژیان و هاوسەردەمی لەگەڵ ڕووداوەکاندا، بەتایبەتی ئەو لەسەردەمێکی زۆر ئاڵۆزدا ژیاوە، هەرچەندە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا منداڵ بووە، بەڵام بە کاریگەرییە بەرچاوەکانی دوای جەنگ و ئاڵۆزییەکانی جیهان و هەواڵە گەرمەکانی سەردەم و کارەساتەکانی جەنگی جیهانی دووەم ئاشنابووە، هەریەکەیان بە پێی قەبارە و ویستیان لەلایەن مەنگوڕییەوە کاریگەریان لەسەر دروستبوونی ئاستی ئاگایی و هوشیاری لای ئەو هەبووە.

گرنگترین سەرچاوەکانیش بریتین لە:

**١) خوێندنی ئایینی (حوجرە)**

مێژووی زانست و خوێندن لە کوردستاندا لە حوجرەکانەوە دەستی پێکردووە[١]، بە درێژایی چەند سەدەیەک وەک قوتابخانە و ناوەندێکی فێرکردنی زانست و سەرچاوەکانی ئایین ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە، سەردەمانێک جێگای قوتابخانە و زانکۆ و ناوەندە باڵاکانی تری خوێندیانی ئێستایان گرتبووەوە، لە پەروەردە و پێگەیاندنی چەندین زانا و خوێندەوار و کەسایەتی دیار و هەڵکەوتوو لە کوردستاندا دەستێکی باڵایان هەبووە[٢]، مەنگوڕی وەک منداڵێکی ئەو سەردەمە، سەرەتاکانی پەروەردەی زانستی لە حوجرەوە دەستپێکرد و وەک یەکەمین بەرکەوتنی ئەو بە زانست و خوێندەواری ئاماژەی پێدەکرێت و لەوێوە بە سەرچاوەکانی زانین و خوێندنی ئاینی ئاشنا بووە، لەسەردەستی چەند مامۆستای ئاینی بابەتەکانی خوێندنی وەرگرتووە.

هەر لە حوجرەدا زانستی قورئانی تەواوکردووە، وەک دەڵێت: "دەوری سەرکێشی و پاڵەوانبازی ناو منداڵیم فڕێدا و هەر لەوساڵەدا هەموو قورئانم بەبێ گرفت تەواوکرد"[٣]، کە بەرچاوترین بابەتەکانی خوێندنی ئایینی بووە لەوکاتەدا، هاوکات ئاشنابووە بە کتێبەکانی (سەعدی شیرازی) کە جێگەی دیاریان لە دروست بوونی زانینیی مەنگوڕیدا هەبووە، وەک کتێبی (کوللیات، بوستان، گوڵستان) کە لە نایابترین شاکارەکانی ئەدەبیات و ویژەی فارسین[٤]، لێرەوە سەرەتاکانی ئاشنایەتی خۆی بە هەردوو زمانی فارسی و عەرەبی دەست پێکردووە

**٢) قوتابخانەی میری**

بەهاتنی قوتابخانەی میری ڕۆڵی حوجرەکان لاوازبووە، پڕۆگرام و فەلسەفەی خوێندن لە قوتابخانە فەرمیەکان جیاوازبووە[٥]، لە هەنگاوی دووەمدا قوتابخانەکان و فێرگەی دەوڵەتی یەکێکی تر بووە لەو ناوەندانەی لە قۆناغی منداڵیدا وەک کۆڵەکەیەک مەنگوڕی پانتایی زانینی خۆی پێ فراوانکردووە،

[١] محەمەد علی قەرەداغی: بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، ب١، چ١، چاپخانەی وەمیض، بغداد، ١٩٨٨، ل٩.

[٢] سەید مستەفا مەحمودیان: فەقێ و فەقێیەتی لە کوردستان، چ١، چاپخانەی مەهارەت، تاران، ١٣٨٢، ل٣٠.

[٣] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی ...، ل٣٨.

[٤] شێخ موسڵیحەدین سەعدی شیرازی: گوڵستان، و. زەکی ئەحمەد هەناوی، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل٧.

[٥] شاهۆ عوسمان سەید قادر: سلێمانی لە کۆتای بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین، چ٢، چابخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٨٣-٨٤.

هەرچەندە ئاماژەی بەسەرەتاکانی چوونی خۆی بۆ قوتابخانەی میری نەکردووە، بەڵام تا پۆلی شەشی سەرەتای لەو قوتابخانانەدا درێژە پێداوە، وەک دەڵێت: "لەشاری سواریە چوومە قوتابخانە، پۆلی شەشی سەرەتایم لەوێ تەواوکرد"[1]، دواتر لە قوتابخانەی (نمونەی سەعادەت[2]) لەتەمەنی (٣٠)ساڵیدا لەساڵی(١٩٤٠)، کۆتایی بە ژیانی خوێندنی هێناوە، هەرچەندە مەنگوڕی لە هیچ شوێنێکدا ئاماژەی بە ناو و کاتی خوێندنی لەم قوتابخانەیە نەداوە، بەڵام بەپێی ئەو بڕوانامەیەی لەم قوتابخانەیە وەریگرتووە، دیارە درێژەی بە خوێندن داوەتەوە، دوبارە بڕوانامەی قۆناغی شەشی سەرەتای لەم قوتابخانەیە وەرگرتووە[3]، واتە پەروەردەی دوو قوتابخانە و ناوەندی جیاوازدا بووە، هەریەکەیان کاریگەریان لە زیادکردنی هۆشی مەنگوڕیدا هەبووە.

**٣) شاری سلێمانی**

به دێژایی مێژووی دروستبوونی شاری سلێمانی وەک ناوەندێکی ڕوشنبیری و هوشیاری پێشەنگی ناوچەکانی دەوربەری بووە[4]، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی کە لەناو کوردستاندا دەرچووبێت لەم شارەدا بووە[5]، بەهۆی ئەم پێگەیەوە هەر لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی لێدەرچووە، وەک (بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، ژیانەوە...هتد)[6]، وەک شوێنێکی فەرهەنگی بزواو ڕۆڵی لە بەرزکردنەوەی هۆشمەندی مەنگوڕیدا هەبووە، وەک تاکێکی هەستیار، کە بەشێکی ژیانی لەم ژینگەیەدا بەسەر بردووە، پریشکی ئەو ئاگاییەی بەرکەتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا سلێمانی ناوەندی دروستبوونی چەندین پارت و ڕێخراوی سیاسی و ڕۆشنیری بووە، بەتایبەتی چالاکییە سیاسی و نەتەوەییەکانی ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو، کە سەردەمی داڕوخانی هیواکانی کورد و بەهۆش هاتنەوەی چینێکی هوشیار بووە، شەپۆلێکی بزواندنی هەستی نەتەوایەتی لە باشووری کوردستان و بەتایبەتی لە شاری سلێمانیدا پەیدا بوون، گۆڤاری (گەلاوێژ) کە لەلایەن (ئیبراهیم ئەحمەد، پیرەمێرد، عەلادینی سەجادی...هتد) دەرچووە، چەندین کۆبوونەوە و چالاکیی ڕۆشنبیریان لە دەوری گۆڤارەکە ئەنجام دەدا[7]، لەماوەی دە ساڵی تەمەنی خۆیدا (١٩٣٩ــ١٩٤٩) نەخشێکی بەرچاوی لە ژیانی ڕۆشنبیری گەلی کورددا کێشا[8]، مەنگوڕیش وەک یەکێک لە نووسەرانی ئەم گۆڤارە خاوەنی چوار بەرهەمی بڵاوکراوەیە[9]، لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی تردا چالاکی هەبووە، وەک (ڕۆژنامەی ژین، ڕۆژێکی نوێ، گۆڤاری شەفەق، هەتاو...هتد) وەک دەڵێت: "لەزۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردیەکاندا شیعر و وتارم بڵاوکردووەتەوە، بەتایبەتی لە خوتبە خوێندنەوە و خۆپیشاندان و

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٥٧ـ٥٨.

[2] قوتابخانەی نمونەی سەعادەت لەسەردەمی دەولەتی عوسمانیدا ناوی (تەشویقیە) بووە، لەلایەن (مێجەر سۆن)ەوە ناوەکەی گۆڕدراوە و دوبارە بەناوێکی نوێوە کراوەتەوە، خۆی جارجار وانەی تێداوتووەتەوە، (ڕەشید کابان) بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیەبووە، ڕفیق حیلمی مامۆستای بووە، خوێندن تێیدا بە زمانی کوری و فارسی و ئینگلیزی بووە، بڕوانە: جمال بابان: شارەگەشاوەکەم، ب١ــ٢، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٢٤، ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی..، ل١٣٣، مەریوان مەحمود محەمەد: خوێندنی کوردی لە ململانێی سیاسی نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق (١٩٢١ـ١٩٥٨)، ماستەنامە(بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، بەشی مێژوو، ٢٠٢١، ل١٥.

[3] بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە (٤)

[4] جەمال بابان: شارە...، ل١٣٤.

[5] ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی ڕەشە: شاری سلێمانی، ب٢،چ٢، ب، ن، چ، بغداد، ١٩٨٧، ل١٠.

[6] ڕەمزی قەزاز: بزوتنەوەی...، ل٥٤.

[7] عەزیزی شەمزینی: جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتیمانی کوردستان، و. فەرید ئەسەسەرد، چ٤، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستا، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٦٢ـ٢٦٣.

[8] سدیق ساڵح و ئەوانیتر: گۆڤاری گەلاوێژ، ب١١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ل١٨.

[9] سدیق ساڵح و ئەوانیتر: گۆڤاری...، ل٤١٥.

ئیحتفـالاتی گەورەدا"[1]. لەگەڵ ئاشـنایەتی بە ڕەوتـی فەرهەنگـی لە شـاری سـلێمانیدا بەرکەوتنـی لەگەڵ ژمـارەیەک لە کەسـایەتیە ڕۆشـنبیر و دیارەکـانی شـاردا هەبـووە، وەک گەنجێکـی ئەو سـەردەمە بەو ڕووداوانە کاریگەر بووە، ڕووداوەکانی دەرەوەی کوردستانیش بە ئەندازەی پێویست بەشێوەیەکی گشتی لە پێکهێنانی هوشیاری تاکی کورد و بەتایبەتی چینی ڕۆشنبیران کـاریگەری هەبووە، وەک سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئۆکتـۆبەری سـاڵی (١٩١٧)، چالاکییەکـانی دژی بەرەی فاشـیزم[2]، کـاریگەریی لەسـەر گەشەسـەندن و بەرزکـردنەوەی ئاسـتی هوشـاری مەنگـوڕی هەبـووە، مـاوەیەک بەم بیروبـاوەڕە کاریگەبووە[3].

**٤) کتێب**

کتێب لە چەقی نەهامەتییەکانی مرۆڤدا بەردەوام کڵاو ڕۆژنەیەکە بەرووی ڕووناکیدا، ئەگەر بەلای نەتەوە پێشـکەوتووەکانەوە کتێب بریتیبێت لە هۆکـاری گەیانـدن و گواسـتنەوەی بۆمـاوە فەرهەنگیەکـانی ڕابردوو و پەروەردەی بیر و پەرەپێدانی زانست لە ئاستی گشتی کۆمەڵگادا، ئەوا بۆ گەلانـی تر زیـاد لە هەڵگـری ئەم پەیـامەیە، هۆکـارێکە بـۆ بونیادنــان و پەروەردەبـوون بە ئاراسـتەی ئـازادی و بـاڵای ئەندێشـەکانی مـرۆڤ[4]، کتێـب وەک گەورەتـرین سـەرچاوەی زانینـی مرۆڤـایەتی، شۆڕشـێکی زانسـتی گەورەبــوو هەر لەســەرەتای دروســت بــوونییەوە هەتــا ئێســتا ســەرباری پێشــکەوتن و داهێنــانە تەکنەلۆژییەکـان، پـێگەی خـۆی وون نەکـردووە، وەک یەکەمـین سـەرچاوەی ڕۆشـنبیرکردنی گەلان لە لوتکەی زانیندا ماوەتەوە، هەموو گەل و نەتەوە و بیروباوەڕە جیاوازەکـان وەک یەک بـایەخی پێدەدەن، (ئەلیکسەندەر ویبرک) لەباسی گرنگی کتێبدا دەڵێت: "ئەگەر هەموو ئامێرە نوێیەکان و کارگەکانی ئەتۆم تێکشکێنران، تەنها کتێبخانەکان مانەوە، نەوەکانی سەردەم دەتوانن دووبـارە شارستانیەت بونیاد بنێنـەوە، بەڵام ئەگەر کتێبخانەکـان ڕۆخێنـران سـەردەمی هێـز و ئـامێر و ئەتـۆم، دەبـنە بەشـێک لە شـوێنەواری ڕابـردوو"[5]، گەرچـی مەنگـوڕی لەنـاو بەرهەمەکانیدا بەشێوەیەکی سـەرەکی پشـی بە زانیـاری دەرەکـی نەبەسـتووە، بەڵکـو نووسـینەکانی بەشـێوەیەکی بەرچـاو دەرهاویشـتەی هوشـیاری خـودی بـوون، زۆر بەکەمـی نـاوی سـەرچاوەی هێنـاوە، تەنهـا لە چەند بەرهەمێکیدا ئامـاژەی بە هەنـدێک کتێب کـردووە کە زانیـاری لێوەرگرتوون، بەڵام ئاشـنایەتی بە ژمـارەیەک کتێبـی ئەو سـەردەمە هەبـووە، وەک سـەرچاوەی زانیاری و هەم وەک سـەرچاوەی ئاگاییە مێژووییەکـانی، دەستی بە ژمـارەیەک کتێبـی نـاو خـۆی و بیـانی ڕاگەیشتووە، لە بیناکردن و دەوڵەمەندکردنی زانین و فراوانکرنی بیر و هۆشی بۆ ناسینی خـود و گشـتی سـودی لێوەرگرتـوون، وەک لەنــاو بەرهەمەکانیـدا و لە کۆتـایی هەنـدێک لە بەرهەمەکانیـدا ئامــاژەی پێکردووە.

**کتێبە کوردییەکان**

لەنووسینی بابەتە مێژووییەکاندا، مەنگوڕی وەک سەرچاوەی زانیـاری سودی لە ژمـارەیەک کتێبـی کـوردی وەرگرتـووە، وەک (شــەرەفنامە)ی شــەرەفخانی بەدلیسـی، (کـورد و کوردسـتان و ئەمـارەتە کوردییەکان) و (کورد و کوردستانی ئەمین زەکی بەگ)، بەرهەمەکـانی (حوسێن حوزنی موکریـانی) و (ساڵح قەفتـان) و هەنـدێک بیرەوەری مێژوویـی نـاوخۆیی و بیـانی وەک کتێبـی مێژووی (ئاناباسیس)ی (گەزەنەفۆن)[6]، یاداشتەکانی (ڕەفیق حیلمی) و چەند کتێبێکی تر.

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل١١٧.
[2] ڕەمزی قەزاز: بزتنەوەی...، ل٣٦.
[3] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٥٩.
[4] عەلی شەریعەتی: قسەیەک دەربارەی کتێب، و. دانا عەبدولا، چ١، چاپخانەی سایە، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٥.
[5] ڕزگار حەسەن غفور: سەرهەڵدانی نووسین و چاپ و کتێبخـانە، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژ(١٠) ساڵی (٢٠٠١)، ل٢٣١.
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: ماهراکۆ، ل٤.

**کتێبە عەرەبیەکان**

سەرباری ئەو سەرچاوە کوردیانەی بەکاری هێناون، لەناوبەرهەمەکانیدا سودی لە چەند کتێبێکی عەرەبی بینیوە، بەتایبەتی لە کتێبی بەرگی دووەمی ( بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩١٤ـ١٩٥٨) ئاماژەی بەناوی کۆمەڵێک کێب کردووە بە زمانی عەرەبی، وەک (حقائق التاریخ فی الحروب الأوروبیة العمومیة ١٩٢٧) (اوروبا الحدیثة١٩٣٥) (مقدرات العراق السیاسیه١٩٢٥) هاوکات سودی لە ژمارەیەک بیرەوەری کەسایەتیە مێژووییە ناسراوەکان بینیوە، وەک (هیتلەر) (مس بیل[1]) (لورانس).

**کتێبە فارسیەکان**

هاوکات لەگەڵ ئەوانەدا پشتی بە ژمارەیەک کتێبی فارسی بەستووە، لەبەرئەوەی بەشێک لەو نووسینانەی تۆماری کردووە، لەو ماوە مێژووییەدا بووە، کە لە کۆماری کوردستاندا بووە، خۆشی شارەزای زمانی فارسی بووە، بویە بەرهەمەکانی لە سود بینین لەسەرچاوە فارسیەکان بێبەش نەبووە و وەک (از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس) (فرمان أنش درکوهتان باختر) (خاطرات رضا شاه).

**٥) ئـــــــــەدەب**

ئەدەب سەرجەمی بەرهەمی نووسراو و چاپکراوی گەلێک یان هەموو مرۆڤایەتی دەگەیەنێت، لە داهێنانی وەک (شعر، چیرۆک، ڕۆمان، دراما...هتد)، یەکێکە لە شێوازەکانی دەربڕین و دەرککردن بەژیان[2]، چالاکییەکی زەوق و بەرجەستەکردنێکی بیر و هەستەکانی مرۆڤە، کە بیرۆکە ئەندێشەییەکانی لە باشترین شێوەدا دەردەبڕێت[3].

ئاگایی مەنگوڕی لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی، لە هۆکارەکانی تری زیادکردنی توانای زانستی و ئەدەبی ئەو بووە، وەک ئەوەی کە شاعیربووە، ئەدەب دەروازەیەکی تری کراوە بووە بیر و ئەندێشە و بەهرە ئەدەبیەکانی لە خۆگرتووە، ئەو دەلاقەیەبوو لە سیمایەکی جیاوازدا لە باشی و خراپیەکانی کۆمەڵگە لەسەر ئاستەجیاوازەکانی بدوێ، خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدیبانی ئەو سەردەم و باس کردن و بەشداری لە کۆڕی ڕەخنەسازی و گفتوگۆی بابەتە ئەدەبی و زمانەوانییەکان لەگەڵ شاعیرانی هاوسەردەمی خۆیدا گەرموگوڕی بە چالاکی ڕۆشنبیری مەنگوڕی بەخشیوە، بەتایبەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا، وەک (فایەق بێکەس) لە بابەتێکیدا لەژێرناوی (سەرنجدانێ لە ئەدەبیاتی مەنگوڕی) کە لە گۆڤاری گەلاوێژدا لە ساڵی (١٩٤٤) بڵاوی کردووەتەوە[4]، قسە لەسەر ڕەوشی ئەدەبی ئەو سەردەمە دەکات، کە ئەرکی هەڵسەنگاندنی هۆنراوەی گۆڤارەکەی پێسپێردراوە[5]، توانجی ئەدەبی لە بەرهەمێکی مەنگوڕی دەگرێت، دەڵێت: "ئەوەندە شاعیری تازە کوورە پەیدابووە، پیاو نازانێ لە کامیان بکۆڵێتەوە، جارێ با ئەدەبیاتی مەنگوڕیتان بخەمە پێشچاو سەرنجی بدەنێ بزانن چۆنە"[6]، ئەو قسەی لەسەر چوارینەیەکی مەنگوڕی کردووە، لە بەهای نووسینەکەی هێناوەتە خوارەوە،

[1] مس بیل: خاتونێکی باوەڕپێکراوی دەزگای هەواڵگری بەریتانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، ناوی تەواوی (ڤرترود مڤریت لوسیان بیل)ە، لەساڵی ١٨٦٨ لە بەریتانیا لەداک بووە، لە کۆلێژی شاهانەی بەریتانیا و زانکۆی ئۆکسفۆرد خوێندویەتی، لە ساڵی ١٩٠٩ بۆیەکەمین جا هاتۆتە عێراق، دواتر ساڵی ١٩١٦ بۆ بەڕێوەبردنی کاری هەواڵگری بەریتانیا هاتۆتەوە عێراق و ڕۆڵی گرنگی لە سیاسەتی بەریتانی لە عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا گێڕاوە، لەساڵی ١٩٢٦ لە بەغداد کۆچی دوای کردووە. بڕوانە: ئەحمەد حەمەد ئەمین: چەندلاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل٨٨.

[2] پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر: تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، و. ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٣.

[3] نەسروڵا ئیمامی: بنەما و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، و. سەنگەر نازم، هیمداد حسێن، چ١، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاودێر، هەولێر، ٢٠١٩، ل٢٠ـ٢١.

[4] فایەق بێکەس: سەرنجدانێ لە ئەدەبیاتی مەنگوڕی: گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٧) ساڵی (٥)، تموز ١٩٤٤، ل٦٢.

[5] کامل بەصیر: گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ب١٢، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٥، ل٢٨.

[6] ئومێد ئاشنا: دیوانی بێکەس، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٢٢.

دەڵێت: ''دەستم داوێنت کاکەی مەنگوڕی لەم ڕوباعیەدا چ نیاز و مەبەستێکت هەیە، توبی خودا ئەگەر بۆمان دەرنەخەی''[1]، مەنگوڕی لە ژمارە (٩) هەمان گۆڤار وەڵامی ڕەخنەکانی بێکەسی داوەتەوە، سەرباری ئەوەی سەرنجەکانی بەبایەخەوە وەردەگرێت، توانج لە لاوازی قسەکانی دەگرێت کە لە ئاستی پێگەی ئەدەبی ئەودا نیە، دەڵێت: ''اوەلا ئەدەب نابێ بێ ئەدەب بێ، دوهەم ئەدیب نابی راست ون بکا، لام وابی تەنها ئەو کەسانە بەم قسانە باوەڕ ئەکەن کە مامۆستا بێکەس نەناسن''[2].هاوکات مەنگوڕی لەناو کەشە ئەدەبیەدا ڕەخنەی لە بەشێک لە شاعیران و نووسەرانی هاو سەردەمی خۆی گرتووە، وەک (گۆران، بێکەس، ڕەفیق حیلمی...هتد)، وەک ئەوەی لە بابەتێکدا لە گۆڤاری (شەفەق) ڕەخنەی لە نووسینێکی (ڕەفیق حلمی) گرتووە، بەناوی (انقلاب لە شعری کوردیدا) کە پێگەی هەندێک لە شاعیرانی ئەو سەردەمەی بەرز ڕاگرتووە، بە بوێژی هەڵکەوتووی سەردەم ناوی بردوون، وەک (هەردی، هەژار، کامەران موکری، گۆران)، کە مەنگوڕی پێیوابووە بە لایەنداری و ناوچەگەرێتیەوە بابەتەکەی نووسیووە، هەندێک لە شاعیرانی ئەو سەردەمەی سلێمانی بە بوێژی نەتەوەیی لەقەڵەم داوە، کە مەنگوڕی توانا و ئاستی ئەدەبیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە (ڕەفیق حلمی) دەستکورت و بێتوانایە لە هەڵبەست و نووسین و بەرهەمەکانی (گۆران) پڕن لە هەڵەی ئەدەبی، هۆنراوەیەکی (کامەران موکری) کردووە بە نمونە، دەڵێت:

دارو پـــــــەردو چـــــــــاوی کاڵ
گریان بـــــــــو نەختێ ســــــــــامڵ

لێرەدا تانەی ئەدەبی دەگرێتەی ئەم هۆنراوەیە، بەکرچ وکاڵ و لاواز پەسنی دەکات، دەڵێت: ''ئەوە شیعری ئەم شاعیرەیە کە ایوە فەرموتانە هلکەوتوی زەمانە، توخوا مامۆستا هر خوت معنای ئەم شیعرە لێکبدەروە، أخوا نەک شاعر ماعریش دەرگا و پنجرە و چاوی کال بەیکەوە نسبەت ئەدا، دارو پەردو چە علاقەیکی بە چاوەوە هیە''[3]. هەندێک لە ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لە هەمان گۆڤاردا لە بەهای نووسینەکەی مەنگوڕیان هێناوەتەخوارەوە، لە بابەتێکدا لەژێر ناوی (بۆ میرزا) یەکێک لە ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە داوادەکات سەرەتا ناوەکەی خۆی ڕاستبکاتەوە، پاشکری (ی) بۆ ناوی (عەشرەت) بەکارنایەت، پێویستە نازناوەکەت بکەیتەوە بە (مەنگوڕ) نەک (مەنگوڕی) و خۆت فێری ئیملا و ئینشای کوردی بکە پاشان دەست بە قسەکردن بکە، دواتر مەنگوڕی بە وڕێنەکار ناودەبات کە نابێ خۆی بخاتە هاوشانی (ڕەفیق حیلمی) و (گۆران)[4]، هەر لەو ژمارەیەدا (هۆگر گۆران) وەڵامی مەنگوڕی داوەتەوە کە داوای کردووە لەگەڵ گۆران بانگ بکرێنە ئەنجومەنێکی ئەدەبی و تاقی کردنەوەی ئەدەبی ئەنجام بدەن، باشتر وایە مەنگوڕی داوا کردنەکەی بگەیەنێتە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئیجازەیەکیش بۆ گۆران وەربگرێت لە بەندینخانەی بەعقوبە تاکو بتوانێ لەبەردەمی ئەنجومەن ئامادەبێت، من بڕوام وایە شیعری (شکسپیر و پۆشکین) لای مەنگوڕی نرخی نەبێت نەک لەبەر ئەوەی هۆنەر و بەهرەدار نین، بەڵکو میرزا وەک ئادەمیزادی ناو ئەشکەوتەکەی لێهاتووە کە پاش چەند سەد ساڵ خەبەری دەبێتەوە جیهانێکی تازە ئەبینێت و لێی تێناگات[5].

---

[1] ف. بێکەس: سەرنجدانێ لە ئەدەبیاتی مەنگوڕی، گۆڤاری ڕۆڤار، ژ(٣٥)، ٢٠٠٥، ل٢٥.

[2] مەنگوڕی: وەرامی ڕەخنەگر، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ(٩) ساڵی (٥) ئەیلولی ١٩٤٤، ل٦١-٦٣.

[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: وەڵامی ڕەفیق حلمی لە بەرانبەر ئینقلابی شعری کوردی، گۆڤاری شەفەق، ژ (٤)، نیسانی (١٩٥٨)، ل٧-٨.

[4] سدیق ساڵح و ئەوانیتر: شەفەق یەکەمین گۆڤاری کوردی کەرکوک، ب١، چاپخانەی شڤان، سسلێمانی، ٢٠١١، ل٢٢٠-٢٢١.

[5] هۆگر گۆران: وەڵام بۆ مامۆستا ڕەفیق حیلمی، گۆڤاری شەفەق، ژ(٥، ٦)، مایس و حوزەیرانی ١٩٥٨، ل١١-١٢.

لێرەدا جۆرێک لە کەم بینین و لاوازی لە لایەن شاعیرە دیارەکانی ئەو سەردەمەوە بەرانبەر مەنگوڕی هەستی پێدەکرێت، کە ئەو ئاماژەیەمان پێدەدەن لەو سەردەمەدا لەڕووی ئەدەبییەوە لەئاستی پێویستدا نەبوبێت، بەڵکو کەوتۆتە ناو گفتوگۆیەکی ئەدەبییەوە کە نەیتوانیوە سەرکەوتوانە لێیدەرباز ببێت.

ئەم گفتوگۆیانە بە ئەندازەی پێویست ڕۆڵیان لە بەرزکردنەوەی وشیاری مەنگوڕیدا بینی و بەشێوەیەکی بەرچاو خرانە خزمەت گەشەسەندنی ڕەوتی زمان و ئەدەبی کوردیەوە.

**٦) زمان**

زمان زانستێکی گرنگ و پێویستە بۆ لێکۆڵەران، لە تێگەیشتن لە دەقەکان و لێدانەوەی بەڵگە و زانیارییەکان هاوکار و یارمەتیدەرێکی باشی مێژوونووسان بووە[١]، مەنگوڕی بایەخێکی گەورەی بەزمانی کوردی دەدا و هاوشانی زمانە زیندووەکانی تری ڕادەگرت، بەردەوام لە خەمی پاراستنیدابووە، پارێزگاری کردنی لە زمان بەمانەوەی نەتەوەکەیەوە دەبەستەوە[٢]، جگە لە زمانی کوردی ئاشنای هەریەک لە زمانی عەرەبی و فارسی بووە، ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشبووە بۆ ئاشنابوون و دەست ڕاگەیشتن بە کۆمەڵێک زانیاری گرنگ دەربارەی کەلتوور و سیاسەت و خوڕەوشتی هەریەک لەو نەتەوانە، لە هەمانکاتدا هەندێک لەسەرچاوەی زانیارییەکانی لە فەرهەنگی ئەو دوو گەلەوە وەرگرتووە، سەرەتای ئاشنایەتی بۆ هەریەکێک لەو زمانانە دەگەڕێتەوە بۆئەوکاتەی خراوەتەبەر خوێندنی ئایینی، لەبەرئەوەی ئەو کتێبانەی لە حوجرەکاندا خوێنراون بەزمانی عەرەبی و هەندێکیشان بە زمانی فارسی بوون، وەک دەڵێت: "ئەو کتێبانەی کە باوبوون خوێندمن، زمانی فارسیم تەواوکرد"[٣] لەکاتی گەشتەکەی بۆ شاری بەغداد زیاتر ئاشنایەتی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا پەیداکردووە، لە دوو ماوەی مێژوویی جیاوازدا چووەتە خۆرهەلاتی کوردستان و بەرکەوتەی لەگەڵ زمانی فارسیدا هەبووە، لەجاری دووەمدا وەک وەرگێڕی زمانی فارسی لە ئۆردوگای ئاوارەکان کاریکردووە[٤]، شارەزایی زمانی خستووەتە خزمەت کێشە مێژووییەکانی گەلەکەیەوە، وەک دەڵێت: "چەندین ڕۆژنامەچی و مومەسیلی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێرانی هاتنە سەریاس، من بەزمانی فارسی ئەو باسەم بۆ ڕوونکردنەوە، کە حکومەتی عێراق تا چ ئەندازەیەکی بێ ڕوحمانە لە کورد دەدات"[٥].

**٧) ڕۆژنامە و گۆڤارەکان**

ڕۆژنامە و گۆڤارەکان سەرچاوەیەکی گرنگی کاری نووسینەوەی مێژوویین[٦]، زانیاری بۆ توێژەکانی خوارووی کۆمەڵگە دەگوازێتەوە، بەمەش دەبێتە هۆی بووژانەوە و زیادکردنی زانیاری و گەشەپێدانی کۆمەڵگە[٧]، بەتایبەتی لە سەدەی ڕابردوودا شۆڕشێکی گەورەی بەخشینەوەی هوشیاری بوون، بۆ خەڵکی ئاسایی و ڕۆڵێکی باشیان لە پێشخستنی بواری مێژوونووسی کوردیدا گێڕا، مەنگوڕی وەک ئەو چینە خوێندەوارەی سەردەمی خۆی سودی لە ژمارەیەک گۆڤار و ڕۆژنامە بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن و دەستخستنی زانیاری وەرگرتووە، لەناوەرۆکی بەرهەمەکانیدا بەئاشکرا ئەوە دەبینرێت بەشێکی زانینی مەنگوڕیان پێکهێناوە، وەک ڕۆژنامە کوردیەکانی (ڕۆژنامەی کوردستان)ی سەردەمی کۆماری کوردستان، (ڕۆژنامەی کوردستان)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕژنامەی خەبات، التاخی، گۆڤاری گەلاوێژ، گۆڤاری ڕزگاری...هتد)، هەروەها خۆی بەشدارییەکی چالاکی هەندێک لەو گۆڤار و ڕۆژنامانە بووە، بە وتاری ڕۆشنبیریی و نەتەوەیی و ئەدەبی و فەرهەنگی ڕۆڵی بینیوە.

---

[١] احمد زكريا الشلق: ما التاريخ ..وكيف نفسره؟، المجلس الأعلى الثقافة، القاهره، ٢٠١٥، ل٧٨.
[٢] م.م پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٧٨.
[٣] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٣٩.
[٤] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل١٣١.
[٥] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل١٤٧.
[٦] کمال مەزهەر: مێژوو، چ٢، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٣٥.
[٧] داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و. جەلیلی موورادی، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦، ل٤٤.

هاوکـات ئاشـنا بـووە بە ژمـارەیەک گۆڤـار و ڕۆژنـامەی عەرەبـی، وەک ڕۆژنـامەی (الشـعب، الراصد، سەورە، ئەهالی، ئەهرام...هتد) لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی دەستی بە کۆمەڵێک ڕژنامە و گۆڤار بە زمـانی فارسـی ڕابگـات، وەک (ڕۆژنـامەی ئیتلاعـاتی ئێـران، گۆڤـاری ئەرتەشـی ئێران...هتـد)، ڕاگەیاندنە بیانییەکانی وەک (ڕۆژنامەی فرانک فۆرد، ڕۆژنامەی گاردیان)ی بەریتانی، بەڵام مەنگوڕی شـارەزای زمـانی ئینگلیـزی نەبـووە، وادیـارە ئەو هەواڵانەی بە زمـانی تـر وەرگرتـووە، هەمـوو ئەمـانە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕۆڵیان لە زیادکردنی زانینی مەنگوڕیدا هەبووە.

سـەرباری ئەمە دەسـتی بە ژمـارەیەک بەڵگەنـامە گەیشـتووە، بەتـایبەتی بەڵگەنامەکـانی حکـومەتی ئێران، لەسـەردەمی کۆمـاری کوردسـتان هەرچەنـدە ئامـاژەی بەرسـەرچاوەکانی وەرگرتنـی ئەو بەڵگـانە نەکـردووە، ڕەنـگە بەهـۆی ئەوەوە بوبێـت کە لەڕووی ئەو بەرپرسـیاریەتیەی لەنـاو ڕووداوەکـانی ئەو سـەردەمەدا هەیبـووە ئەو بەڵگەنامـانە بەئاسـانی گەیشتووەتەدەسـتی و لە سـەرچاوەیەکی دیـاری کـراوەوە وەرینەگرتبێت.

**٨) ڕادیــــــــۆ و سینەما**

ڕادیۆ لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو وەک هۆکارێگی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاوبـووەوە، سەرباری گەشەسەندنی بوارە تەکنەلۆژیەکان هاوشانی ڕاگەیاندنەکانی تر پێگەی خۆی لەو نێوەندەدا ون نەکـردووە[1]، هاوکـات بـوارێکی خۆدەوڵەمەنـدکردنی مەنگـوڕی بـووە وەک گـوێزەرەوی هەواڵە گەرم و گرنگەکـانی ڕۆژ و تـۆڕی گەیانـدنی چـالاکیە سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و زانسـتیەکانی سـەردەم بـووە، هاوشـانی ڕاگەیاندنەکانی تر ڕۆڵـی لە بەررزکردنەوەی ڕۆشنبیری و زانینـی ئەودا هەبووە، بەشـێک لە زانیارییەکـانی لە ڕادیـۆ بـاوە نـاوخۆی و بیانیەکـانەوە وەرگرتـووە، وەک (ڕادیـۆی دەنگـی شـۆڕش) و (ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتان) کە سـەرچاوەی هەواڵ و زانیـاریە ناخۆییەکـانی کوردسـتانبوون، لەگەڵ ئەوەشـدا هەنـدێک لە ڕاگەیانـدنە بیانییەکـانی وەک ڕادیـۆی دەنگـی ( ئەمریکـا، لەنـدەن، ئیسـرائیل) سەرچاوەی پێدانی زانیاری جۆراوجۆربوون کە توانیویەتی سودیان لێوەربگرێت، دەڵێت:

ڕادیـــــــۆ لە (قوتب) دێتـــــە قسە خەڵکی جیهان
هەر گورج تێ ئەگەن مەقسەدی یەکتر بەزوبان[2]

لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێـگەی ڕادیـۆوە چـالاکی هـونەری و ئەدەبـی هەبـووە، وەک دەڵێت: "لە شـەوی ١٩٧٤/٦/٢٢ لەسەر ئێستگەی دەنگی کوردستان شیعری ڕونکردنەوەیەکی سیاسی کوردم خوێندەوە"[3].

سینەما، کە بە هونەری حەوتەوم ناسراوەوە و خاوەنی پێگەیەکی جەماوەری بەرفراوانە، لە ڕێـگەی دەنگ و ڕەنـگ و وێنەی جوڵاوەوە کاریگەریەکی زیاتر بە بینەر دەبەخشێت[4]، وەک نـوێترین تەکنیکـی ڕۆشـنیریی ئەو سـەردەمە لە لوتکەدابـووە. هەرچەنـدە لەو سـەردەمانەدا لە کـۆمەڵگەی کوردیـدا وەک پێویست گەشەی نەکردووە، بەڵام پێدەچێت ناوەندێکی تری ڕاگەیاندن بوبێت مەنگوڕی لەو سەردەمەدا سـودی لێوەرگرتبێت، وەک لەو گەشـتەی بەمەبەسـتی دامەزرانـدن لەسـاڵی (١٩٥١) بـۆ بغداد ئەنجـامی داوە، دەڵێت:

پڕ لە شوێنی نەغمەو شادی پڕ ســــــــــینەما پڕ ئابادی
هۆلیــــــــودی دوهەمی فنون جێ بادەو (کۆکتێلی) گەلگون[5]

**٩) گەشت و گەڕان**

---

[1] میران عەلی: ڕادیۆی دیجیتاڵی، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژ(٣٢)، ساڵی هەشتەم ٢٠٠٧، ل٩٥.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل١١٨.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل١٣١.
[4] گیتا گرکانی: مێژووی سینەما، و. ستار کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٤-٥.
[5] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٤٢٦.

گەشــت و گەڕان یەکێــک لەو هۆکــارە گرنگــانەیە، کە مێژوونــووس لە گەیشــتن بە ڕاســتییە مێژووییەکـان نزیکـدەکاتەوە، ئەو گەشـتە نـاوخۆیی بێـت یـان دەرەکـی بەهـۆی سـەرنج و لێکـۆڵینەوە لە بارودۆخی ژینگەیی و سروشتی ئەو ناوچانەی سەردانی دەکات، ئەزموون بە مێژوونووس دەبەخشێت[١]، یەکێکە لە کەرەستەکانی نووسینەوەی مێژوو، بەمەش مێژوونووس ئاسۆکانی بیرکردنەوەی فراوان دەبێت و شـارەزای کەلتوری گەلانـی تـر دەبێـت، هەر لە تۆمـارکردنی دیمەنـی سروشـتی و زانیـاری جوگرافیا و داب و نەریت، ئەوەش لە شێوەی تۆماری بینراو و بیستراوەکان و کۆکردنەوەی بەڵگەنامە، لەگەڵ پەسنکردن و داڕشتنی ئەدەبییانە و سەرنج و تێڕامانی ورد بۆ دیمەنەکان و تێکەڵ بە بیر و ئەندێشــەی نووســەر[٢]. گەشــت و گەڕان دەروازەیەکــی گەورەی بەرووی بەرزکــردنەوەی ئاســتی ڕۆشنبیریی و تێگەیشتنی مەنگوڕیدا کردەوە و هەر لە منداڵییەوە بە جیهانێکی فراوانتر لە ژینگەکەی خۆی ئاشنای کردووە، بە مرۆڤ و شوێن و کەلتور و داب و نەریتی جیاوازتری ناساند، گەشتەکەی بۆ شاری بەغداد یەکەمین دەرگای بەرووی کرانەوەی لە دەرەوەی سنووری جوگرافیای خۆی کردەوە، کە وێنەی دیمەن وداب و نەریت و کەلتوری ژینگەیەکی تری پێ ئاشناکرد[٣]، بەسەر جیهانێکی نوێی کەوت، کە تا ئەوکات بۆ مەنگوڕی شاراوە بووە، لە سەفەری دووەمی بۆ شاری بەغدا ساڵی (١٩٥١) لە هۆنراوەیەکدا دیمەنی دەرهێنانی نەوتمان بۆ وێنا دەکات لەلایەن ئینگیزەکانەوە لەناوچەی (شیوە سور) دەڵێت:

چەند چادری لە دەستەو ڕاست هاتە بەرچاو زۆر بە دڵ خواست
پرسـیم ئەم (تاوڵانە) هی کێن خەریــکی چین بۆچی پشت ڕێن
ووتیــان ئەمــانە انگلیسن نــــەوت پاڵێــوی نــــەگریسن[٤]

دواتر ئەو لە یەک شوێن و جێگادا جێگیرنەبووە، بەردەوام لە گەڕان و بزوتندا بووە. گەشتەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دووەمـین وێسـتگەی گەڕانــی ئەو بــووە، بینیـی چەنـد شـارێک و لەو پانتـاییە جوگرافیە دیاریکراوەدا کاریگەری بەرچاوی لەسـەر فراوانکردنـی زانیاریەکانی ئەودا هەبووە، ئەوەش بە ئاشـکرا لەنـاو بەرهەمەکانیـدا دەبینرێـت، بەشـێکی ئەو مێـژووەی نووسـیویەتی بەرهەمـی گەشـت و گەڕانی ئەو بووە لەو سنوورەی تێیدا ژیاوە، دەڵێت:

جیـــــهان گەڕان و گەشتی سەر زەمین
دوشــــت بۆ مــــــرۆڤ زو ئەکا دابین
یا هـــــۆش و زانست پاڵاوتەی فەرمان
یــــــا ڕەوشتی بەد بێ پەرواو پەرژین[٥]

**١٠) مێژووی زارەکی و پەندی پێشینان**

مێـژووی زارەکـی یەکـێکە لەو کایـانەی هەر لەسـەرەتاوە مێـژوو پشـتی پێبەسـتووە، لە سـەرچاوە فەرمییەکـانی مێژووە، کە سـەرەتای نووسـینەوەی مێـژوو لەوێـوە دەسـتی پێکـردووە[٦]. هەر لەسـەردەمی (هیـرودوت ٤٨٤ــ٤٢٥پ.ز) کە بـایەخی بە گێـڕانەوە زارەکییەکــان لە نووسـینەوەی مێـژووی داوە، مێژوونووسی یۆنـانی (بولیب ٢٠٨ـ١٢٦پ.ز) یـایەخی مێژووی زارەکی بەسـەر مێژووی نووسـراودا بەرز ڕاگـرت و بە پێویسـتی دەزانــی مێژوونــووس گەڕانــی مەیـدانی بکـات و قـوڵ ببێـتەوە لەو مـاوە

---

[١] سەروەر عەبدلڕەحمان عومەر: ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل١٩٧.
[٢] شاخەوان عەبدوڵا صابر: ڕەفیق حلیمی و ڕێبازی لە توێژینەوەی مێژوودا، گۆڤاری توێژەر، ب٢، ژ(٣)، ٢٠١٩، ل٣٠٠.
[٣] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٤٩.
[٤] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٤١٩.
[٥] میرزا مەنگوڕی: دەستوری...، ل٣١٨.
[٦] سامان حسین ئەحمەد: میتود و لێکۆڵینەوە، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠، ل ١٣٩.

مێژووەی کە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکات[1]. بەڵام لە مێژووی هاوچەرخدا بایەخ و گرنگییەکەی بەرادەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەتایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمەوە، لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە بووبە یەکێک لە لقەکانی مەعریفەی مێژوویی کە بایەخی لە مێژووی بەڵگە نامە کەمتر نەبێت[2]. مەنگوڕی بەشێکی تری زانیاریەکانی لە مێژووی زارەکییەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەو چوار لە بەرهەمەکانی مێژووی زارەکی کۆمەڵین، سیانیان لە شێوەی کورتە چیرۆکدایە، ئەو گرنگی بەم شێوە زانیارییانە دەدا و بەشێک لە زانستی خۆی پێ زیاد دەکرد، پێیوابوو کایەی مێژوونووسین فراوان دەکات، بەشێک لە زانست و مێژوو دەکرێت لای خەڵکی ئاساییەوە وەربگیرێت.

پەندی پێشینان، کە زادەی بیری ئادەمیزاد و دەستکردی کۆمەڵگایە، وتەیەکی کورتی بێ خاوەنی بەتەوژمی کاریگەرە، لەکاتی گفتوگۆدا وەک ئامۆژگاریەک دەوترێتەوە، مێژوویەکی زارەکییە دەمـا و دەم دەگێڕدرێتەوە[3]، قسەی نەستەقیش ئاخاوتنێکی چڕی مانادارە، شێوەی پەندی هەیە بەڵام کەمتر حەقیقەتی تێدایە زیاتر کەسەکە تێبینی ناوەوەی خۆی دەردەبڕێت، بە پێچەوانەی پەندەوە، کە تێبینییەکانی بۆسەر کەسانی دیکەیە[4]. چوارەم بەرهەمی زارەکی بریتییە لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، کە زانیاری کۆکراوەی سەر زاری خەڵکن، یەکێک لەسەرچاوەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی زانین بووە لای مەنگوڕی، ئەو بەدوای ئەو پەند و ئامۆژگاریانەدا دەگەڕا و بەگرنگیەوە بایەخی بەنووسینەوەی دەدان، وەک خۆی ئاماژەی پێ دەکات، کە زۆر حەزی بە کۆکردنەوە و نووسینەوەی کردوون، لەسەر زاری خەڵکی ناوچە جیاوازەکانەوە کۆیکردونەتەوە، وەک خۆی دەڵێت: "زۆرم بەلاوە خۆش بوو خەڵکی باسی پەندی پێشینانی ئەکرد، هەریەکە بەپێی ئاوێژی ناوچەکان ئەو پەندانە بەرانبەر ڕووداوێک ئەگێڕایەوە"[5].

مەنگوڕی ژیانێکی پڕ کێشمەکێش و ئەزمونی بەڕێکرد و سەرچاوە گەلێکی جۆرا و جۆر ڕۆڵیان لە داڕشتنی هزر و ڕۆشنبیری ئەودا گێڕا و لە کۆتایدا کۆمەڵە بەرهەمێکی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی و مێژووی کورد بەتایبەتی کرد، کە هەندێکیان دانسقەن و شوێنی تایبەت لە کەلێنی مێژوونووسی کوردی پڕدەکەنەوە.

[1] موسى الخوری: تاريخ التأريخ الشفوي..تطور وتاريخ المفهوم، ٢٠٢٢/٤/٢٢. بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٣/٥/١. https://wathiqat-wattan.org /تاريخ-التأريخ-الشفويّ-تطور-وتاريخ-الم/#:~:text=هاتان%٢٠المدرستان%٢٠هما%٢٠مدرسة%٢٠شيكاغو،والروايات%٢٠التي%٢٠تحكي%٢٠تاريخ%٢٠حياة

[2] سامان حسین ئەحمەد: میتۆد و...، ل١٤٠-١٤١.

[3] شێخ محەمەدی خاڵ: پەندی پێشینان، چ٢، چاپخانەی مەعریف، بغدا، ١٩٥٧، ل٤-٥.

[4] موحسین ئەحمەد عومەر: فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، ب١، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٨-٩.

[5] میرزا مەنگوڕی: پەندی پێشینان و...، ل٢.

# بەشی دووەم

# میرزا محەمەد ئەمین و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی

## باسی یەکەم: مێژوونووسیی و گێڕانەوە:

### یەکەم - مێژوونووسیی:

زانستی مێژوو ئەگەر کارێکی پێویست بێت بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتن و ڕۆشنبیرکردنی گەلان، ئەوا دەبێت بنووسرێتەوە و لێکۆڵینەوەی فرە ڕەهەند و بابەتییانەی لەسەر بکرێت، لەسەر بنەمایەکی زانستی ورد و پوختەکراو بە ژیری لێکدانەوەی بۆ بکرێت، ئامانج و مەبەستی یەکەم دەرخستنی ڕاستییە مێژووییەکان بێت[١].

مێژوونووسین کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو ئەرک و بەرپرسیارییەتیەکی گەورە و گرنگە، وەک (ئیبن خلدون) دەڵێت: "هونەری مێژوو شێوازێکە هەموو کەس ناتوانێت بەدەستی بێنێت"[٢]، چونکە پەیوەستە بە چەند بنەما و ڕێوشوێنێک، کە شارەزایان و پسپۆڕانی زانستە مرۆڤایەتییەکان دیارییان کردووە، کاتێک لەو بنەمایانە شارەزادەبین، هەست بە گەورەیی و سەختی ئەو پیشەیە دەکەین، کە بەرپرسیارییەتییەکی ڕەوشتی و مێژووییە، واتە ڕیزکردنی کۆمەڵێک ڕووداو نابێتە هۆی ئەوەی کەسێک بە مێژوونووس بناسرێت، هەتا مەرج و تایبەتمەنییەکانی مێژوونووس لە خۆیدا نەهێنێتەدی، کە شارەزایانی کۆن و نوێ جەختیان لەسەر کردووەتەوە، هەندێکیان خۆڕسکن و هەندێکیشیان بەرهەمی بزافی خودین[٣].

مێژوونووس واتە ئەو کەسەی نووسینەوەی مێژوو بووە بە پیشەی سەرەکی ژیانی و کاری نووسینەوەی مێژوو دەکات، یان لە هەموو کایەیەکی تری ڕوناکبیریی نووسینەوە و لێکدانەوەی ڕابردوو سەرنجی ڕاکێشاوە[٤]، ئەو کەسەیە، کە لەدەرەوەی ڕووداوەکانەوە کاری نووسینەوە و تۆمارکردنیان لە ئەستۆدەگرێت[٥]، لە ڕەهەندی جیاوازەوە وردبینی بۆ ڕووداوەکان دەکات، تەواوی ڕەگەز و وردەکاریی ناو ڕووداوەکان بە شێوەیەکی بابەتییانە دەخاتە ڕوو، کاری مێژوونووس تەنها تۆمارکردن نییە، بەڵکو وردکردنەوە و شرۆڤەکردنی ڕەگەزەکانی ناو مێژووە، تابتوانێت نەوەی ئێستا بەڕابردو ئاشنا بکات و پێشبینییەکانی بۆ ئایندە بخاتەڕوو[٦]. واتە ئەرکی مێژوونووس گەیاندنی ئەو پەیامە مێژووییەیە، کە ڕاستییەکانی ڕابردوو بە ئێستا بناسێنێت، بە ئامانجی بەرەوپێشچوون کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئاراستەبکات[٧].

(بۆلوبیوس) باس لەوەدەکات، پێویستە ئەو کەسەی مێژوو دەنووسێت هەموو تێڕوانین و لایەندارییی و تایبەتمەندییەکانی خۆی وەلابنێت، ئەگەرنا لە ڕاستی لادەدات و مێژووی دوور لە ڕاستیش وەک مرۆڤێکی بێئاگایە دەروبەری خۆی نەبینێت، بەهای خۆی لەدەستدەدات، جگە لە گێڕانەوەی چیرۆکێکی نەرێنی شتێکی تری لێ بەرهەم نایەت[٨]، کاری مێژوونووسی وا لە مێژوونووس دەخوازێت بەردەوام لە بیرکردنەوە و وردکردنەوە و تێڕامانبێت، لەو ڕووداوانەی لەسەرچاوەکانەوە وەریاندەگرێت و لەسەردەمە مێژووییە جیاوازەکاندا ڕوویانداوە، یاخود ئەو ڕووداوانەی خۆی هاوسەردەمیانبووە، هەوڵبدات لە ڕێگەی هەست و تێڕامانەوە لەگەڵیان بژێت[٩].

---

[١] سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: ڕێبازی...، ل٨٤.

[٢] عبدالرحمن بن خلدون: موقەدیمەی ئیبن خەلدون، و. سەعید بەشیر، ب١، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٦، ل١٢٧.

[٣] حەکیم ئەحمەد: مێژوونووس یان مێژووناس، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (٣)، ٢٠٠٧، ل٢٠ـ٢١.

[٤] کمال مەزهەر: مێژوو، ل٥٣.

[٥] عماد عبدالسلام رؤوف: من هو المؤریخ، ٢٤ / ٦ / ٢٠١٥، بەرواری https://int-historians.com/article/1084 سەردانیکردن ٢٠/٥/ ٢٠٢٢

[٦] عبدلله العروی: مفهوم التاریخ، ط٤، المرکز الثقافی العربی، بیروت، ٢٠٠٥، ل٤٢.

[٧] شاخەوان فایەق ئەلیاس: مەعریفەی مێژوو، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٦٧.

[٨] حەکیم ئەحمەد خۆشناو: مێژوونووس و دەمارگیری، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (١)، ٢٠٠٧، ل١٨.

[٩] حەکیم ئەحمەد خۆشناو: مێژوونووس و...، ل٢١.

ئەگەر لەم دەروازەیەوە تەماشای کاری نووسینەوەی مێژوو بکەین لای مەنگوڕی، دەبینین ئەو مێژووەی نووسیویەتییەوە، هەر لەسەرەتاوە بە پرۆسەیەکی ڕەخنەییدا تێپەڕیوە، ئەو بەردەوام جەختی لە ڕاستگۆیی کردووەتەوە، کە مێژوو وەک خۆی وێنابکرێت و بگێڕدرێتەوە، جا ئەو نووسینەوەیە باش بێت یان خراپ، مێژوونووس نابێ سڵ لە نووسینی بکاتەوە، چاو لە باش و خراپی بپۆشێت، چونکە پێیوایە نووسینەوەی مێژوو بەرپرسیاریەتیەکی گەورەیە لە ئەستۆی مێژوونووسدا، نابێت کەسانێک لەو کایەدا گەمەیەک بکەن لە بەهای پیشەکە کەم بکەنەوە و نرخەکەی لەدەست بدات، وەک ئەوەی (فێرنان برۆدێل) بەردەوام مێژوونوسانی بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە هەست بە گرنگی و بایەخی پیشەکەیان ناکەن[1].

نووسینەوەی مێژوو لای مەنگوڕی بارگاوییە بە کۆی کایەکانی ژیان، واتە مێژووی وابەستەی لایەنێکی دیاریکراو نەکردووە، بەتەنها کایەیەک یاخود دەروازەیەکی نەکردووەتە سەرمەشق و ئاراستەکەری ڕووداوە مێژووییەکان، بەڵکو پێیوابوو مێژوو مێژووی مرۆڤە، هەموو ئاراستە و هەڵس و کەوت و کۆی ئەوانەی ڕۆڵیان لە بزواندنی مرۆڤدا هەیە بەشدارن لە دروستکردنیدا، بۆیە فرەچەشنی لە نووسینەوەی مێژووی گشتی لای مەنگوڕی بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت. مێژووی گشتیش وادەخوازێت مێژوونووس ئەوە لە بیرنەکات، مرۆڤ و ژیان پەرت ناکرێن، بەڵکو یەکەیەکی وابەستە و پێکەوەگرێدراون، مرۆڤ بەتەنها ژیری و جەستە و دەرون و ڕۆح نییە، بەڵکو لە کۆی ئەو پێکهاتانە دروستبووە، هەریەکەیان بەڕێژەی جیاواز بەشداریان لە ئاراستەکردنی بزوتنەوەی مێژوودا کردووە[2].

ئەو پێیوایە مێژوونوس زیاتر ڕۆڵی گەیەنەرێک دەبینێت لەنێوان ڕابردوو ئێستا و داهاتوودا، مێژوو ڕاستییەکە دەستکاریکردنی کاری مێژوونوس نییە، بەڵکو گواستنەوەی ڕووداوە وەک خۆی، وەک دەڵێت: ''ڕووداو و بەسەرهات چۆنبووە نووسیومەتەوە، چاکە و خراپەی کەسێک چۆنبووە نیشانمداوە''[3]، واتە مێژوونوس نابێ لەوەی ڕوویداوە زیادەڕۆیی بکات، چونکە بەدەسکاری کردنی ڕووداو بەهای ڕاستەقینەی لە دەست دەدات و لە چوارچێوەی کاری مێژوونووسیی دەچێتە دەرەوە، وەک دەڵێت: ''بەخیانەتم زانیوە چاو لە ڕاستی بپۆشم''[4]، ئەو ئاکاری (خیانەت)ی داوەتەپاڵ ئەوکەسانە، کە لە گواستنەوەی ڕاستی هەواڵ و بەسەرهاتی ڕۆژگار لادەدەن، پێیوابوو ئەو کەسانە نەخشی ناپاکیان پێوەیە و لە ئەنجامدانی کاری چاکە بێبەرین، ئەو مێژووەی بەهەڵە و بەمەبەستەوە دەنووسرێتەوە، دەبێتە هۆی دروستکردنی کارەساتی گەورە، ئەمەش تاوانێکە مێژوونووس لەژێر بەرپرسیارییەتییەکانی ڕزگاری نابێت، وەک ڤۆڵتێر دەڵێت: ''هەندێک لە مێژوونووسان وەک ئەو ستەمکارانەن، کە مرۆڤەکان دەکەنە قوربانی دیکتاتۆرێک''[5].

بێلایەنی یەکێکی ترە لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی مێژوونووس، پێویستە مێژوونووس خۆی لەلایەنداری و خۆشەویستی و ڕق لێبوونەوە بەرانبەر سەردەم و ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو ڕزگار بکات[6]، دەبێت خۆی لە پەیوەستبوون بەسۆز و هۆگریی یان پێچەوانە بپارێزێت، ئەو جەختی لە بێلایەنی دەکردەوە، بەیەکێک لە پایە سەرەکییەکانی کاری نووسینەوەی مێژووی دادەنا، لە نووسینی ڕاستییەکان باکی بەوە نەبووە، کێ بەو مێژووە نەیارە یان خۆشحاڵ، ئەو مێژوونووسی لە هەر هۆگرییەک بۆ هەرچین و دەستە یان کەساتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی دادەماڵێت، وەک دەڵێت: ''ئەوەش بزانن ئەبێ نووسەر و مێژوونووس تەرەفداری نەکا، وەکو کامێرایەک وێنەی وردودرشت چاک و

[1] کامەران محەمەد: فێرنان برۆدێل و گوتاری مێژووی، چاپخانەی بینای، سلێمانی، ٢٠١٢ ل٢٠٩.
[2] کامەران محەمەد: کوردناسی و مێژووی ژیانی ڕۆژانە، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٧٥.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی ...١٩٥٨_١٩٨٥، ل١٨٤.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨_١٩٨٥، ب١، ل٨.
[5] کۆمەڵێک نووسەر: ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، چ١، دەزگای ئایدیا بۆ فکرولێکۆڵینەوە، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٢٣.
[6] حسن عثمان: منهج البحث التاريخی، ط٢، دارالمعاریف، القاهرة، ٢٠١٥، ل١٩.

خراپ بگرێت، ڕووداو چۆنبووە بینووسێتەوە، چاوی لەوە نەترسێ دەستەی سەرکەوتوی پێ تورە ئەبێ یان ژێرکەوت و بەم ڕووداوە دڵتەنگ دەبێت"[1]، واتە مێژوونووس دەبێت تەواوی مێژوو بە باشی و خراپەکانیەوە بگوازێتەوە، بێ ئەوەی هیچ لایەنێکی ئەو ڕووداوانە فەرامۆش بکات و چاو لە ڕاستی ڕۆژگار بپۆشێت، خۆی لە هەموو وێنە هۆگریەک بۆ هەردەستە و چین و ڕەگەز و پابەندییەکی ژینگەیی و مادیی بپارێزێت، وەک دەڵێت: "ئەمەوێ هەموو بەسەرهاتی ئەو کوردستانە بە گوێرەی ڕووداو بگێڕمەوە، لایەنگیریی ڕاستی و ئینصاف پەرستی بکەم نەک مادەپەرستی و ڕیا و خیانەتکاری"[2]، ئەو ڕاستگۆیی و بێلایەنی وەک دوو لە مەرجە سەرەکییەکانی کاری نووسینەوەی مێژوو دادەنا و وەک باشترین ئاکاری پابەندی بە پیشەکەیانەوە باسی دەکرد، کردی بەسەر مەشقی کاری زانایانە لە ڕوناککردنەوەی سەردەمە مێژووییەکاندا. وەک (طباطبا)ی مێژوونووسی سەدەی سێزدەیەمی زایینی دەڵێت: "لە نووسیندا پابەندبووم بە دوو شتەوە، یەکەمیان ئەوەیە قەت لە حەق و ڕاستی لانەدەم، ئەویتریش ئەوەیە تەنها ئەو شتانە بڵێم کە دادگەرن، هەوا و ئارەزو و شوێنی لە دایکبوون و گەورەبوون بخەمەلاوە، خۆم بەبێگانە و نەناس بزانم لەنێوانیان"[3].

ئەو پێیوابوو هەموو مێژوویەکی نووسراو مێژوویەکی ڕاستەقینە نیە، بەڵکو کاری مێژوونووسیی دەکرێت تێکەڵاوی بابەتی تایبەتی و بەرژەوەندی خوازی بکرێت، ئەوەش کەوتۆتە سەر ئەوکەسەی مێژوو دەنووسێتەوە، تاچەند لە بایەخ و گرنگی ئەو کارە تێدەگات، دەڵێت: "هەرچەندە من لەباری لایەنداری لامداوە و تەرەفداری هیچ دەستەیەکم نەکردووە، نەمویستوە بەدوای مەسڵەحەت پەرستی بکەوم وەک لە نووسینی هەندێک لەو نووسەرانەدا ئەیخوێنمەوە"[4]، واتە کەسانێک هەن مێژوویان بەباری لایەنداری و تێکەڵاو بە سۆز و بەرژەوەندی لایەنێک نووسیوەتەوە، بەو وتەیەی گومان دەخاتە سەر کاری هەندێک لە مێژوونووسان و بە لادەر لە بنەماکانی کاری نووسینەوەی مێژوو ناویان دەبات، کە ناکرێت هەموو نووسینێک بە ڕاست بزانرێت. وەک (دیکارت) باس لەوە دەکات: "سەرەڕای ئەوەی مێژوو لێکۆڵینەوەیەکی چێژدارە، جگە لەوە بەهادارە لە ئاراستەکردنی مرۆڤ بەرەو شێوازێکی کار لەژیاندا، بەڵام بێگومان نابێت بە ڕاست بزانرێت لەبەر ئەوەی ئەو ڕووداوانەی مێژوونووس باسیان دەکات، بەو شێوەیە ڕوویان نەداوە"[5]، ئەمەش چەندین پرسیار و گومان لەسەر تەواوی ئەو دەقە مێژووییانە دروست دەکات، کە لەلایەن مێژوونوسانەوە نووسراون، بۆیە دەبێ لە بنەما و دروستی ڕووداوەکە بکۆڵێتەوە و لەسەرچاوەی زانیارییەکانی دڵنیابێتەوە، چونکە دەکرێت مێژوو بۆ سوود و مەبەستی جیاواز نووسرابێت، وەک دەڵێت:

مێژوو شتێکە هەرکەس بە باریٚ ئەیخوێنێتەوە بۆ ئیشو کاریٚ...
بەڵکو شتێکە وەک تیشکی خۆر میکرۆب ئەکوژێ و میکرۆب ئەکا زۆر[6]

هەروەها دەڵێت: "ئەو فەرمانەی کەوا ئاڵوگۆڕی پێ کراوە، تام و شیرینییەکەی نامێنێت، مێژوونوسەکان بۆیان ڕوون دەبێتەوە، کە ئەم ئیشە چۆن هاتووە و بە چ بارێکدا گلاوە"[7]، لەم وتەیەدا پێمان دەڵێت ئەگەر مێژوو ڕاستی تێدا ونکرا و لە ڕەوتی سروشتی لایدا و مێژوونووس دەستکاری پێکهاتەی ڕووداوەکەی کرد، ئەوا مێژوونووس و خودی گێڕانەوەکەش بەها و سەنگینی لە دەست دەدات، چونکە بەرێرەوی ڕاستەقینەی خۆیدا تێناپەڕێت، دواتر باس لە ئاکامەکەی دەکات، هیچ شتێک

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی... ١٩٥٨ـ١٩٨٥، ب١، ل١٨٤.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی... ١٩٥٨ـ١٩٨٥، ب١، ل١٦٢.
[3] محمود محمد الحويري: منهج البحث في التاريخ، المكتب المصري لتوزيع المطبوعات، القاهرة، ٢٠٠١، ل٣١.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨ـ ١٩٨٥)، ب١، ل١٨٤.
[5] کامەران محەمەد: ڤیکۆ و فەلسەفەی مێژوو، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١١٩.
[6] م.م پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٩١.
[7] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨ـ١٩٨٥، ب١، ل١٨٤.

لەدەستی مێژوونوس قوتاری نابێت، مێژوو سۆزی بۆ کەس نییە، لە کۆتاییدا ڕاستی خۆی نمایش دەکات، وەک (کەمال مەزهەر) باسی دەکات، ئەگەر مێژوو پێچ و پەنای هەبووایە دەبوو ئەو ڕاستییانەی دەربارەی شۆڕشگێڕەکانی فەرەنسای وەک (میرابۆ و تالیران) تۆمار نەکردایە، بەڵکو دەبووایە بۆ هەتا هەتایە ئەوانەی وەک شۆڕشگێڕێکی سەنگین بناساندایە[1].

ئەو پێیوایە مێژوو مێژووی مرۆڤە و مرۆڤیش شیاوی هەڵە و کەم و کورتییە، مەرج نییە هەموو هەنگاوێکی ڕاست بێت، بەڵکو نمایشکردنی ڕاستی ئەزموون و پەندی ئاکامی هەڵەکردنە، هەمیشە ڕاستییەکان لە دوای هەنگاوی هەڵەوەدێن، دەڵێت: ''ئێمە ئەگەر تاوانەکانی فەرماندەیەکی شۆڕش یان هەڵەکانی کابرایەکی ناودار بشارینەوە، هەر ئیشە جوانەکانی بخەینە پێش چاو، مانای ئەوەیە خیانەتمان لەگەڵ ڕاستی و واقعدا کردووە، ئادەمیزاد هەموو هەنگاوێکی ڕاستی لەسەر حساب نییە، هەموو هەنگاوێکی ڕاست بەدوای هەنگاوێکی چروکدا تێئەپەڕێت، جا مێژوونوس ئەبێ هەموو هەنگاوە ڕاست و چروکەکان بەتەواوی باس بکات''[2]، لەم وتەیەیدا مەنگوڕی ویستویەتی تاوانی لایەنداری لە خۆی دووربخاتەوە، خۆی لەو ئاکارانە بێبەری بکات کە مێژوونووس لە پیشەکەی دادەماڵێت و دەیخاتە ژێر ڕەخنە لێگرتنەوە، بۆیە بێباکانە ئەوەی بینیویەتی نووسیوویەتییەوە، وەک دەڵێت: ''ئەگەر لە بارێکی ئاواوە ڕەخنەم لێدەگرن، من خۆم بە موستەهەقی ڕەخنە نازانم، چونکە نەمویستووە تاوانی لایەنداری بخەمە ئەستۆی خۆم، چاو لە تاوانی ڕۆژگاری سیاسەت و بەسەرهاتی ناودار و تێکۆشەر و تاوانبار بپۆشم، چونکە تاوانبار و تێکۆشەر هەر کوردن و منیش مێژوو بۆ کورد ئەنوسم''[3].

مێژووی نەتەوەیی بۆیەکەمین جار لەسەردەمی ڕێنیسانس لە ئەوروپا هاتەکایەوە، مێژوونووسان لەم سەردەمە بەدواوە بە شێوەیەکی فراوان و هەست بزوێن کەوتنە باسی زێد و نیشتیمانی خۆیان[4]، واتە نووسینەوەی مێژوو بە ئاراستەی داکۆکی کردن لە مافە نەتەوەییەکان لەسەر ئاستێکی فراوان پەرەی سەند، مەنگوڕی سەرباری ئەوەی ڕەخنەگرێکی سەرسەخت بووە، لە هەناوی تەواوی سەرخانی کۆمەڵگەی کوردی، خاڵە نەرێنی و لاوازەکانی بەئامانجی دۆزینەوەی چارەسەر نیشانداوە، لەگەڵ ئەوەشدا، پێیوابووە مرۆڤ لە هەر پێگەیەکدابێت، دەبێت گەورەترین ئامانجی خۆشبەختی و خۆشویستنی گەل و نیشتمانەکەی بێت، ناکرێت لە بەرانبەر ئازار و نەهامەتییەکانی گەلەکەیدا دەستەوەستان و بێباکبێت، لە کاتێکدا گەل و خاکەکەی لەژێر چەپۆکی داگیرکەراندا بێت، بۆیە ئەو لە نووسینەکانیدا بەردەوام داکۆکیکارێکی باڵای مێژووی گەلەکەی بووە، لە بەرانبەر چەواشەکارییەکانی بێگانەدا، وەک (احمد شلبی) جەختی لەسەر ئەمە دەکردەوە و بەرگریکردنی لە مێژووی نەتەوەیی بە ئەرکی مێژوونووس دەزانی[5].

بە گشتی مێژوونووسین پیشەیەکی قورس و مەترسیدارە، چونکە گەورەترین ئەرک جێبەجێدەکات، زۆرجار گیان و سامانی مێژوونووس دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە هەندێکجار ئەو مێژووەی دەینووسێتەوە، لەبەر ئەوەی سەردەمەکەی لەبارنییە و توانا و دەرفەتی بڵاوکردنەوەی بۆ نارەخسێت، بۆیە کاتی بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە سەردەمێکی دواترەوە[6]، مەنگوڕی هەستی بە سەنگینی ئەو پیشەیە دەکرد، پێیوابوو دەبێت مێژوونووس توانای هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییەی هەبێت، لە پێناو ڕاستیدا لە خۆی ببورێت، ئامادەیی و مەترسییەک بێت کە ڕووبەڕوی دەبێتەوە، ئەو خۆی لەو پێناوەدا

[1] کەمال مەزهەر: مێژوو، ل٢٦.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی ...١٩٥٨ ـ ١٩٨٥، ب١، ل١٨٤.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی ...١٩٥٨ ـ ١٩٨٥، ب١، ل١٨٤.
[4] کمال مەزهەر: مێژوو، ل٦١.
[5] احمد شلبی: موسوعه التاريخ الاسلامی و الحضاره الاسلامية، ط٢، مكتبة نهضة المصرية، القاهرة، ١٩٧٨، ص٤٥ـ٤٦ .
[6] شاخەوان فایەق ئەلیاس: مەعریفەی...، ل١٧٣ـ١٧٤.

ڕووبەڕووی کەشــێکی دژوار بــۆتەوە، لەلایەن خەڵــک و دەســەڵاتەوە، لەبەر ئەوەش هەنــدێک لە بەرهەمەکانی ماوەیەک لە چاپکردن دواکەوتوون یان تا ئێستا بڵاونەکراونەتەوە.
بەڵام ئەوەی تێبینــی دەکرێــت مەنگــوڕی نەیتوانیــوە ئەو پێــوەرانە بەتەواوەتــی لەکــاری مێژوونووســیندا جێبەجێبکـــات، لە هەنـــدێک لە گێڕانەوەکانیـــدا گومـــان لە دروســـتی زانیارییەکـــانی هەیە، لەلایەن مێژوونووسـانی تـرەوە بەرپەرچـدانەوەی مێژوویـی لەسـەر بۆچونەکـانی دەخـرێتە ڕوو، وەک ئەوەی لە بارەی پارتی خوێنڕێژییەوە (برایەتی) هەستپێدەکرێت.

**دووەم ـ گێڕانەوە:**

گێڕانەوە ئـامرازێکی ئەدەبییە[1]، نووسـەر بـۆ گەیشـتن بەئامانجێـک، لە چوارچێوەی چیرۆکێـک یـان گێــڕدراوەیەک یــان ڕووداوێکــی مێژوویــی بەکــاری دەهێنێــت[2]، واتە چیــرۆکێکە دەربــارەی چەنــد ڕووداوێکـی ڕاسـتەقینە یـان ئەندێشـەیی یـان ئەفسـانەیی کە کەسـێک دەیگێـڕێتەوە، ئـامرازێکی بنەڕەتـی دەستی مێژوونوسە بۆ گەیاندندنی پەیامی ڕووداوەکانی ڕابردوو[3]، مێژوو لە ڕێگەی دووبـارە هۆنینەوەی ڕووداوەکـانی ڕابـردووەوە دەتوانێـت بـوونی خـۆی بسـەلمێنێت، لەو بـارەیەوە فەیلەسـوفی فەرەنسـی (پـۆل ڕیکۆر) دەڵێت: "ئێمە چیرۆکێک دەگێڕینەوە، چونکە ژیانی مرۆڤایەتی شایانی ئەوەیە بگێڕدرێتەوە"[4].

(جورج لوکاش) پێناسەی گێڕانەوەی کرد، بەوەی بـریتییە "لە گواستنەوەی ڕاستیەکانی ڕابـردوو بـۆ ئەمـڕۆ، لەم ڕێـگەیەوە کـار لەســەر وروژانــدنی ئێســتا دەکــات و لە ڕەهەنــدی مێــژووییەوە تاکەکــانی دەجوڵێنیــت"[5]، واتە گێــڕانەوە کــارێکی بێســنوورە، فــراوانییەکەی هەمــوو ئەو وتــانە دەگــرێتەوە کە دەگێــڕرێتەوە، پـێش دۆزیـنەوەی نووسـین مرۆڤەکـان لە ڕێـگەی وێـنە و نەخشـی سـەردیوار یـان هەر هۆکارێکی ترەوە بووبێت ڕووداوەکانیان گواستوەتەوە بۆ قسەکردن و دەماو دەم هەوڵـی پاراستنی دراوە، دواتـر بۆنـاو لاپەڕەکـانی نووسـین گواسـتراوەتەوە[6]، لە گێـڕانەوەی مێژوویـی دا، بـوونی پێکهێنەرەکـانی مێــژوو پێویســتە بــۆ ئەوەی گێــڕانەوەکە شوناســێکی مێژوویــی بەبەردا بکرێــت، دەبێــت لە هەر گێڕانەوەیەکدا ڕەگەزەکـانی (مرۆڤ، شـوێن، کـات) ئامادەییـان هەبێت"[7] گرنگی گێڕانەوە لە نماشـکرنی ڕووداو و چیرۆکەکانـدا خـۆی دەبینێـتەوە، بەشـێوەیەک زمـانی گێـڕانەوە جـوانییەکی تـر بە گێـڕانەوە و تۆماری مێژوویی دەدات[8].

گێڕانەوە لە بەرهەمەکانی مەنگوڕیدا، بەپلەی یەکەم گێڕانەوەیەکی سیاسییە، بەڵام بەیەک نـاوەڕۆک و شـێواز بەرهەمەکـانی نەگێـڕاوەتەوە، بەڵکو هەریەکەیـان هەڵگری تایبەتمەنـدین و بەشـێوەیەکی گشـتی گێڕانەوەی بەسەرهات و دۆخی سیاسـی و کۆمەڵایەتی گەلـی کـوردە لە وێسـتگە جیـاوازە مێژووییەکانـدا، لەگەڵ تێهەڵکێشـییەکی کـورت بە هەنــدێک ڕووداوی دەرەوەی کوردسـتان و جیهــان و بەسـتنەوەی بە ڕووداوەکانی کوردستانەوە، هەندێک لە ڕووداوەکان، کە باس لە ماوەیەکی مێژوویی درێژ دەکەن، بەڵام بەکـورتی گێـڕدراوەتەوە، وەک لە کتێبـی (کـورد و کوردسـتان لە ئیسـلامەوە تـا سـاڵی ١٩٧١) گەرچـی مــاوەیەکی مێژوویــی درێــژە، بەڵام ڕووداوەکــانی ئەو مــاوەیەی بە کــورتی گێــڕاوەتەوە، بەشــێوەیەکە کە

---

[1] عبدالرحيم كردي: البيئة السردية، ط١، الدار الثقافة، القاهرة، ٢٠١٠، ص١٥.
[2] ألاء الفارس: ماهو السرد، ١٤/ سبتمبر/ ٢٠١٢، بەرواری سەردانیکردن https://mawdoo٣.com/ما_هو_السرد ٢٠٢٢/٧/٥.
[3] کامەران محەمەد: فێرنان...، ل١٨٥.
[4] جنات بلخن: السرد التاريخي عند بول ريكور، ط١، دار الأمان، رباط، ٢٠١٤، ص٤٦.
[5] جورج لوكاش: الروايه التاريخية، ت. صالح جواد، ط٢، دارالشؤن الثقافية، العراق، ١٩٨٦، ص٨٩.
[6] يان مانفرد: علم سرد، مدخل الى نظرية السرد، ت. أماني أبو رحمة، دار نينوى، سوريا، ٢٠١١، ص٥١.
[7] جورج لوكاش: الرواية...، ص٨٩.
[8] ألاء الفارس: ماهو السرد، ١٤/ سبتمبر/ ٢٠١٢، بەرواری سەردانیکردن https://mawdoo٣.com/ما_هو_السرد ٢٠٢٢/٧/٥.

تێگەیشتنێکی ڕوون بۆ خوێنەر بەدەستەوە نادات، بەڵکو زیاتر لە شێوەی سەردێڕ و پێناسە و کورتەباس و وەبیرهێنانەوە دایە. هەندێکی تر لە بەرهەمەکانی گەرچی باس لە ماوەیەکی کورتی مێژوویی دەکەن بەڵام بەشێوەیەکی دوورودرێژ ڕووداوەکانی گێڕاوەتەوە، پانتاییەکی گەورەی بەرهەمەکانی داگیرکردووە، بەشێوەیەکی ورد سەرنجی خستۆتە سەر ڕووداوەکان، هەندێک لە بەرهەمەکانیدا کەسایەتییەکان ڕۆڵی گەورەیان وەرگرتووە، وەک لە گێڕانەوەی مێژووی (کۆماری کوردستان، شۆڕشی ئەیلول)دا دەبینرێت، بە گشتی ڕەگەزەکانی مێژوو (مرۆڤ، کات، شوێن)، لە گێڕانەوەکانیدا بەرجەستەکراوە، مەنگوڕی سەرکەوتوانە توانیویەتی (گێڕانەوە) لە هەردوو میتۆدی (بنەڕەتی، تیۆری) بەکاربهێنێت، کە (هیگڵ) بە دوو میتۆدی سەرەکی توێژینەوە مێژووییەکانی پێش خۆی دادەنێت، باس لەوە دەکات بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی ڕونمان دەربارەی مێژوو لا دروستببێت، پێویستە زانیاریمان دەربارەی ئەو میتۆدانە هەبێت، کە لەو مێژووەیان کۆڵیوەتەوە.

١ـ میتۆدی مێژووی بنەڕەتی: ئەم شێوازە لەکاری مێژوونووسین ئەوەیە کە مێژوونووس مێژوویەکی هاوسەردەمی دەگێڕێتەوە، واتا خۆی لە هەمان کات و سەردەمدا ژیاوە، لە هەناوی ڕووداوەکانەوە ڕاستەخۆ مێژووی نووسیوەتەوە، مێژوو یەکە بەرهەمی خودی خۆیەتی و لە کەسانی ترەوە وەرنەگیراوە، وەک ئەو مێژووەی (هیرۆدۆت، زەینەفۆن) نووسیویانەتەوە.

٢ـ میتۆدی مێژووی تیۆری: ئەم جۆرەی مێژوونووسین ئەوەیە، کە مێژوونوس مێژوویەکی فراوانتر لە مێژووی هاوسەردەمی لە ڕووی کاتەوە دەگێڕێتەوە، سنوورەکانی هاوسەردەمی خۆی تێدەپەڕێنێت، مێژوویەک دەگێڕێتەوە، کە لەپێش سەردەمی خۆی ڕوویداوە، خۆی ڕاستەوخۆ لەناو ڕووداوەکاندا نەبووە و نەیبینیوە، بەڵکو مێژوویەکی وەرگیراوە لە کەسانی ترەوە[1].

**ا) گێڕانەوە لە میتۆدی مێژووی بنەڕەتی دا**

ئەم مێژووە بریتییە لە گێڕانەوەیەکی زنجیرەیی، یەکخستنی ڕووداوەکان یەک لە دوای یەک بەپێی کاتی ڕوودانیان[2]، تەواوی ئەو مێژووەیە کە مەنگوڕی هاوسەردەمی ڕووداوەکان بووە، بەڕیزبەندی بەپێی ساڵی ڕووداوەکان گێڕدراوەتەوە، کە باسکردنە لە سێ وێستگەی سەرەکی لە خەباتی سیاسی گەلی کورد، ئەوانیش (سەردەمی شێخ مەحمود، کۆماری کوردستان، شۆڕشی ئەیلول)، دوو سەردەمی یەکەم ڕووداوەکانی لەژێرناوی (بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩١٤ـ١٩٥٨)، سێیەمیان لەژێرناوی (بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩٥٨ـ١٩٨٥)دا گێڕدراوەتەوە، ئەو ڕووداوەکانی بەیەک ڕێگا و ئاراستە نەنووسیوەتەوە، بەڵکو هەریەکەیان خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیانن، لە هەر یەکەیاندا شوێن و جوگرافیایەکی دیاریکراو لەسەردەمێکی دیاریکراودا چەقی گێڕانەوەکانییەتی، مێژووی سەردەمی شێخ مەحمود، گەرچی هاوسەردەمی مەنگوڕی بووە، بەڵام خۆی بەشداری دەسەڵاتەکەی شێخ نەبووە، چونکە لەم سەردەمەدا منداڵ بووە، ڕووداوەکانی لەکاتی خۆیدا نەنووسیوەتەوە، بەڵکو لە ساڵی (١٩٥٢)دا نووسراوەتەوە، ڕووداوەکانی تەنها لە باسی شێخ محمود و حکومڕانییەکەیدا چڕنەکردووەتەوە، بەڵکو ڕووداوەکانی پەیوەست بە ناوچەکە و بەتایبەت حکومەتی عێراقی تێکەڵ بە گێڕانەوەکانی کردووە، بەدرێژی سەرنجی نەخستۆتەسەر ڕووداوەکان بەڵکو تاڕادەیە بە کورتی لەسەریان دواوە، زیاتر شاری سلێمانی و باشووری کوردستان چەقی ڕووداوەکانە، گێڕانەوەی هەندێک ڕووداوە، کەتا کۆتاییەکانی ژیانی شێخ مەحمود ڕوویداوە، وەک کوشتارەکەی بەردەکی سەرا و تەشکیلاتی پژدەر و بزوتنەوەی (ڕەشید عالی گەیلانی)...هتد، هەندێکجار باسەکانی وردکردووەتەوە، باسی هەندێک لە کەسایەتییە کوردییەکانی نێو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کردووە، چینی ڕۆشنبیر و

[1] کامەران محەمەد: فێرنان...، ل٣١.

[2] ألاء الفارس: ماهو السرد، ١٤/ سبتمبر/ ٢٠١٢، بەرواری سەردانیکردن https://mawdoo٣.com/ما_هو_السرد ٢٠٢٢/٧/٥

دەسەڵاتدار و سیاسی و (عەشایەرەکان) لەم بەرهەمەدا جێگای باسن، باسی هەندێک لە هەڵوێستە نیشتمانییەکانی ئەوکاتی باشووری کوردستانی کردووە، وەک باسی هاتنی لیژنەکەی حکومەتی عێراق و نوێنەرایەتی بەریتانیا، کە لە ساڵی(١٩٣٠) سەبارەت بە داواکانی گەلی کورد هاتونەتە باشووری کوردستان، هەڵوێستی نیشتمانی هەندێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەوکاتمان بۆ دەگێڕێتەوە[١]، جارجار ڕووداوەکانی بەستوتەوە بە حکومەتی ناوەندیی عێراقەوە، وەک دەڵێت: "قەزیەی جولەکە لە بەغداد شکڵێکی وەحشیانەی وەرگرتبوو، ئەو ڕۆژەی لەشکری ئینگلیز نزیکی بەغداد دەبێتەوە، عەرەبەکان پەلاماری جولەکەکان ئەدەن، پۆلیس لەجوندی و جوندی لەپۆلیس خراپتر دەست ئەکەن بەکوشتنی جولەکەکان، لەماڵەکانا سەریان ئەبڕن، ئەو وەحشیەتەی عەرەبەکان بەرانبەر جولەکەکان کردیان، کورد هەزاریەکی ئەو بەسەرهاتەی لێ ببینرایە باوەڕنەئەکرا هەتا نیهایەت عالەم، ئینسان لەبەر بەدناوی کورد ڕووی بهاتایە سەرهەڵبڕێت"[٢]، لە هەندێک جێگادا لە گێڕانەوەکانیدا دەیەوێت بەڵگەی تەواوی لەسەر ڕووداوو بەسەرهاتەکان دەستبکەوێت، کاتێک ویستویەتی زانیاری لەسەر (سمکۆی شکاک) وەرگرێت، دەڵێت: "لەبەرئەوەی تەفسیلاتی بزوتنەوەکەی بەتەواوەتی نازانم نەمویست تەداخل بەسیاسەتەکانی بکەم"[٣]، لە هەندێک شوێنی تردا ئاماژەی بەناوی سەرچاوەی زانیاریەکانی کردووە، ئەمە لەکاتێکدایە لە هەندێک شوێنی تردا لەسەر زاری کەسانی ترەوە قسەدەکات، بێئەوەی باس لەوەبکات زانیاریەکانی لە کوێوە وەرگرتووە، ئەو کەسایەتییە لە چ شوێن و کاتێکدا ئەو قسەیەی کردووە، وەک دەڵێت "مێجەر نۆئیل لە تەقریرەکەیدا لەبارەی شێخ مەحمودەوە دەڵێت: لە پاش تێفکرین و لێکدانەوەیەکی زۆر بۆم دەرکەوت کە شێخ مەحمود هەرگیز نازانێ قیمەتی نیزام و ئادابی تەمەدون چییە، بەهیچ تێکۆشینی تەئسیری ئیجتماعی کار لە ڕۆحیەتی ناکات، شێخ محمود لە قابلیەتی مەلەکی مەحرومە"[٤]، بەگشتی زیاتر پشتی بە گێڕانەوە و زانیاریەکانی خۆی بەستووە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، زمانی نووسینی ئەم بەرهەمە بەئاشکرا کاریگەری زمانی عەرەبی بەسەریەوە دیارە.

گێڕانەوەی مێژوویی لەسەردەمی کۆماری کوردستان، گەرچی لەڕووی کاتەوە کورتترین ماوەی مێژووییە لە گێڕانەوەکانی مەنگوڕیدا، بەڵام پانتاییەکی گرنگ و فراوانی لە بەرهەمەکانیدا داگیر کردووە، گرنگی ئەم مێژووە لەوەدایە خۆی لە چەقی ڕووداوەکان بووە، لە دووبەرگدا ئەم بەرهەمەکانی نووسیوەتەوە، جوگرافیای شاری مهاباد و دەوروبەری ناوەندی گێڕانەوەکانیەتی، لەبەرگی یەکەمدا مەنگوڕی بەپێشەکییەکی مێژوویی لەسەر بایەخی کوردستان و گرنگی شوێن و پێگە و هەڵمەتەکانی داگیرکەران بۆ سەر خاکی کوردستان و بارودۆخی جیهانی و ئێران لەسەروبەندی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی دووەمدا دەستی پێکردووە، باسی ئەو زەمینەسازیەی کردووە، کە بۆ هاتنە ئارای کۆماری کوردستان دروست بووە، ئەم مێژووە بەتەواوەتی مێژوویەکی سیاسی نییە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە گێڕانەوەی مێژوویی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەزمونی بەڕێوبەرایەتی ئەو سەردەمەی گەلی کورد، بەگێڕانەوەکانیدا دەردەکەوێت کۆماری کوردستان هەر لەسەرەتاوە دەسەڵاتێکی ناوچەیی بچوک بووە، بایەخێکی ئەوتۆی نێودەوڵەتی نەبووە، وەک دەڵێت: "کێشەی کورد وەک ئازەربایجان بۆ جیابوونەوە نەخرابووە سەرکاغەز، هەر لەسەر نەخشەی پێشووی ئێران، کوردستانی ناوچەی ڕەزائییە بە مەربوتی ئازەربایجان ناو ئەهێنرا"[٥]، ئەو گێڕانەوەکانی تەنها بە جوگرافیای دەسەڵاتە کوردەیەکەوە نابەستێتەوە،

---

[١] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائیقی بەسەرهاتی شێخ مەحمود لەپەنا ئیستقلالی کوردا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٣٣.
[٢] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائقی...، ل٦٣.
[٣] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائقی...، ل٥٣.
[٤] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائقی...، ل١٢.
[٥] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ١٩٥٨، ب١، ل٧٤.

بەڵکو باسی دۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتی پەیوەست بە ڕووداوەکانی ناوخۆی کوردستان دەکاتەوە، کاریگەرییەکانیان لەسەر دۆخە مێژووییی و کەسایەتییە مێژووییەکان دەگێڕێتەوە.

لەم گێڕانەوە مێژووییەدا لەسەرەتادا باسی لە شکست و کۆتاییەکانی کۆمار و شەر و ململانێکانی بەرەی کوردستان و ئازربایجان کردووە لەگەڵ حکومەتی ئێران، دواتر گێڕانەوەکانی بردوەتەوە سەرباسی بارودۆخی ناوخۆی کۆمار و پێکهێنانی دام و دەستگاکانی، بەجیا تایبەتمەندییەکانی هەریەکە لە فەرمانگەکانی باس کردوون، وەک پێکهێنانی وەزارەتەکان، کە ئەو بەناوی (تەشکیلاتی حکومەتی قازی محمد لە مهاباد) ناوی بردووە، لەم گێڕانەوەیەدا مێژووی کەسایەتییەکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش زەقکراونەتەوە، ڕووناکی گێڕانەوەکانی لەسەر هەڵسوکەوت و ناکۆکی ناو کەسایەتییەکان (قازی محەمەد، مەلامستەفا، حەمەڕەشیدخان) و عەشایەرەکان چڕکردووەتەوە، دەڵێت: ''جەنەڕاڵەکان لە جەبهەدا نێوانیان باش نەبوو، قازی محەمەدیش پێی خۆش نەبوو نێوانی مەلامستەفا و حەمەڕەشیدخان خۆش بێ، نەوەکو لە هەندێک فەرمانی سەربەخۆیەتیدا بەربەرەکانێ بکرێ''[1]، لە گێڕانەوەی ئەم قۆناغەدا چووەتەناو وردەکاری و تایبەتمەندی بیروباوەڕی هەندێک کەسە دیارەکان، وەک دەڵێت: ''قازی محەمەد حەزی بە سفوری و لنگ و قول ڕوتی ئەکرد. زۆر بە خەیاڵاتی بەرزی خوێندنی کچانەوە بوو، ڕێزێکی تەواوی لە مامۆستایان ئەناو، موچەیان (١٠٠بۆ ٢٥٠) تومان بوو، بۆ ئەو ڕۆژە زۆربوو''[2]، مەنگوڕی لەم گێڕانەوەیەدا زیاتر لە سنووری کاری خۆیدا مێژووی گێڕاوەتەوە، لەبەر ئەوەی نوسەری تایبەتی حەمەڕەشیدخان بووە، بەسەرهاتی ئەم کەسایەتییە پانتاییەکی فراوانی نێو ئەم گێڕانەوە مێژووییەی مەنگوڕییە.

لە بەشی دووەمی ئەم گێڕانەوە مێژووییەدا دیسان گرنگی خراوەتە سەر کار و چالاکی و خەباتی کەسایەتی مەلامستەفا و بارزانییەکان لە کۆماری کوردستان، گوزەرێکی بەنێو تێکۆشان و ڕووبەڕووبوونەوەکانی سوپاکەیان لەگەڵ ئێران و ڕەوشی ژیانیان و هەڵوێستی گومناوی ڕوسەکان بەرانبەریان و تۆمەتبارکردنیان بە جاسوسی ئینگلیز و نەهامەتیەکانیان لەو ماوە مێژووییەدا باسی سەرەکی نێو گێڕانەوەکانیەتی، هەتا باس لەدەرکردنی (شیخ ئەحمەد)ی برای مەلامستەفا دەکات لە شاری مهاباد، دەڵێت: ''ڕۆژێک لە سابڵاغ دەرکرا کە بەفروبارانێکی بەشدەت ئەهاتەخوارەوە، نازانم ئەو هەژارەیان چۆن لەڕۆژێکی ئاوا تۆف و سەخت لە سابڵاغ دوورخستەوە''[3]، لە بەشێکی دیکەی گێڕانەوەکانی دیمەنی دادگایکردنی قازی محەمەد و بەرپرسەکانی کۆمار و هەڵس و کەوتی کاربەدەستانی ئێران باس دەکات، وەک ئەوەی خۆی لەناو هۆڵی دادگاییەکەدابێت و ڕاستەخۆ ئاگاداری مەراسیمەکەبێت، قسە و وتەکانی ناو هۆڵی دادگا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەگێڕێتەوە، کە جۆرێک لە سوکایەتیکردن بەرانبەریان کراوە، وەک لە کاتی بردنەدەرەوەی قازی محەمەد لە هۆڵی دادگادا یەکێک لە بەرپرسەکانی ڕێوڕەسمی دادگایکردنەکە دەڵێت: ''سەرباز- ئاغای قازی محمد بەرنەوە بۆ زیندان، ئاهـ ببەخشن بۆ مەقامی پێشەوایەت بەڵی بەڵێ''[4].

مەنگوڕی گەرچی لە کۆتایی ئەم بەرهەمەدا ئاماژەی بە ژمارەیەک سەرچاوە کردووە، ئەو سەرچاوانەی بۆ پشت ئەستورکردنی ڕووداوەکانی ناو گێڕانەوەکانی بەکاریهێناوە، بەڵام لەناوەڕۆک و پەراوێزدا ناوی سەرچاوەکانی نەهێناوە، لە گواستنەوەی هەندێک زانیاریدا ڕوونی نەکردووەتەوە ئایا ئەو ئامار و زانیاریانەی لە کوێوە وەرگرتووە، گەرچی خۆی لە گەرمەی ڕووداوەکاندا بووە، بەڵام ئەوەی ڕوون نەکردووەتەوە بەچاوی خۆی ئەوانەی بینیوە یان لەسەرچاوەی ترەوە وەریگرتووە، وەک

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی ...١٩١٤-١٩٥٨، ب١، ل١٥٢.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ب١، ل ١٤٥-١٤٦.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ب٢، ل٤٩.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ب٢، ل١٠٧.

له پێدانی ئاماری شەڕێکی نێوان هێزی بارزانییەکان و حکومەتی ئێراندا دەڵێت: ''مجمعی کوژراوی حکومەتی ئێران لەو ڕۆژەدا گەیشتە (٣٨٠) نفر، بریندار (٤٥٠)، لە هێزی بارزانیشدا (٥) نفر کوژراو و چوار نفر بریندار''[1]، بەڵام لە گێڕانەوەی هەندێک ڕووداوی تردا خۆی ڕاستەخۆ بەرکەوتەی ڕووداوەکە بووە، لەڕێگەی بینین و تێگەیشتنی ڕاستەوخۆوە ڕاستیە مێژووییەکان دەگێڕێتەوە، کاتێک لە زیندانی کۆماری کوردستاندا بووە، دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشی نێو زیندان دەگێڕێتەوە، دەڵێت: ''لەناو حەپسخانەکەدا تەنورێکیان دروست کردبوو بۆ سیپاڵ تێوەشاندن، هەرچەندە من لەبەر نەزانین شاقەلی چۆغەکەی خۆمم سوتاند، بەڵام لە مەسەلەی ڕشک و مۆریا ئەو تەنورە شتێکی زۆر بەکەڵک و ئینسانانە بوو''[2].

ئەم بەرهەمەی مەنگوڕی هەرچەندە ساڵی (١٩٥٨ز) نووسراوەتەوە، بەڵام لە گێڕانەوەکانیدا بەئاشکرا کاریگەریی زمانی فارسی بەسەرەوە دیارە، تێکەڵەیەکە لە وشەی فارسی و کوردی، لە هەندێک شوێندا ساڵ و بەرواری ڕووداوەکانی بە ساڵی زایینی نووسیوە، لە هەندێک شوێنی تردا بەساڵنامەی ئێرانی بەرواری ڕووداوەکانی تۆمار کردووە، وەک دەڵێت: ''مەلامستەفا بە تاریخ ٢١ خردادی ١٣٢٦مسافەی ٣٢٥ کیلومتری بەشەڕەوە بڕی بە هیچ گونە تەلەفاتێک لە قەراغونەوە لە چەمی ئاراس پەڕینەوە و داغڵی ئەرازی ڕوسیابوون''[3].

گێڕانەوەی مێژووی ئەم سەردەمە بە گشتی ڕەشبینی و نائومێدی پێوەدیارە، لە ڕووی ئاسایش و خۆشگوزەرانییەوە ژیانی خەڵکی لە بارێکی ئاڵۆزدا نیشانداوە، دەڵێت: ''داخی گرانم لە دەوری قازی محمد و حەمەڕەشیدخان دا شتێکی وەها نەکرا خەڵک ئەو جەفایەی حکومەتی ئێران فەرامۆش بکەنەوە، بەڵکو ئەمان ئەو سوکی و حەقارەتەیان بۆ ئەو میللەتە هەژارە زیاد کردبوو''[4].

ئەو بەدەم گێڕانەوەی مێژووەوە ڕێنمایی و ئاسۆکانی چارەسەر بۆ کێشە و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرفەتە مێژووییەکاندا دەخاتەڕوو، وەک لەسەروبەندی ڕوخاندنی کۆماردا دوو نامەی داوەتە دەست قازی محەمەد و مەلامستەفا و ڕێگەچارەی دەربازبوونی دۆخەکەیان بۆ دەخاتەڕوو، بەڵام پەیڕەوییان لێنەکردووە، وەک ئەوەی داوا لە مەلامستەفا دەکات خەڵکێکی زۆر ئامادەی ڕووبەڕووبونەوەن لەبەرانبەر هێزەکانی ئێران، ئەگەر ئەو سەرکردایەتیان بکات و لە چوارچێوەیەکی ڕێخراودا سازیانبدات دەرئەنجامی ئەرێنی بەدوادادێت، بەڵام وەڵامی مەلامستەفا ئەوەبووە چ پێویستی بە سەرکردایەتی ئەوان هەیە، بۆچی ئەو خەڵکە خۆیان پەلامار نادەن، دەڵێت: ''مەلا مستەفا هیچ بەلای ئەوەدا نەچوو کە وجودی پیاوێکی خاوەن دەنگ بەنرخترە لە هەزاران پیاوی نەناسراو''[5].

گێڕانەوەیەکی تری مێژوویی لای ئەو مێژووی شۆڕشی ئەیلولە، جیاوازتر لە هەر بەرهەمەمێکیتری خاوەنی تایبەتمەندیە لە گێڕانەوەدا، هاوشانی مێژووی کۆماری کوردستان جێگای بایەخی مەنگوڕی بووە، گرنگی ئەم مێژووە لەوەدایە لەساتی ڕوودانی ڕووداوەکاندا تۆماری کردوون. بەگشتی گێڕانەوەیەکی وردە لە شەڕ و پێکدادانەکانی بەرەکانی جەنگی نێوان پێشمەرگە و حکومەتی عێراق و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی نێوان سەرکردایەتی سیاسی کورد، سەرباری تۆمارکردنی هەندێک لەسەروەرییەکانی شۆڕش، تێهەڵکێشە بە گێڕانەوەی هەڵوێستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەرانبەر بە کێشەی کورد و ئەو کۆبوونەوە و ڕێکەوتنانەی لەسەر حسابی بزوتنەوی ڕزگاریخوازی کورد کراون لەلایەن هێزە هەرێمی نێودەوڵەتییەکانەوە ئەنجامدراون، لەکاتی گێڕانەوەی سەربوردەی ڕێکەوتنامەی

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ١٩٥٨، ب٢، ل٤٤.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ١٩٥٨، ب١، ل١٤٤.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ١٩٥٨، ب٢، ل٨٧.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی... ١٩١٤ـ١٩٥٨، ب٢، ل١٦٣.
[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...ل٩٣ـ٩٥.

جەزائیردا (١٩٧٥) دەڵێت: "تەعەجوب لە سەلیقە و زانای قیادەی کورد دەکەم، کە ئەوەندە غافڵ و بێ موازەنەبوون، درکیان بەوە نەکردووە کە ڕێکەوتنی عێراق ئێران بە زەرەری کورد تەواو دەبێت، وادەردەکەوێت، قیادەی کورد دەورێکی جاهیلانە و غافڵانەیان بەکارهێناوە"[1]، زۆرتر ڕووداوەکانی ئەم ماوە مێژووییەی گێرانەوەیەکی ساڵنامەییە (کرۆنولۆژیا) واتە بە پێی ساڵی یەک لە دوای یەک بەشێوەیەکی زنجیرەی ڕووداوەکان ڕێخراون و دواتر وردکراوەتەوە بۆ هەواڵی مانگانە و ڕۆژانە و قورسای گێرانەوەکانی لە هەندێک ساڵدا بەتەواوەتی زەق بۆتەوە، بەتایبەتی لە ساڵی حەفتاکاندا ساڵ بە ساڵ گێرانەوەی بۆ بەسەرهاتەکان کردووە، لە هەندێک ساڵدا کار و چالاکیەکانی شۆڕش زیاتر بوون و پانتاییەکی فراوانی گێرانەوەکانی داگیرکردووە، بەتایبەتی ساڵەکانی(١٩٧٣، ١٩٧٤)، لە هەندێک ساڵی تردا بەپێچەوانەوە، زۆر بەکەمی ئاماژەی بە ڕووداوەکان داوە، وەک ساڵی (١٩٧٠، ١٩٧١، ١٩٧٢)، شوێنی جوگرافیای گێرانەوەکان بەپێی چالاکییەکانی شۆڕش گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، لەسەرەتادا زیاتر ناوچەکانی قەڵادزە و ڕانیە ناوەندی گێرانەوەکانی بوون، وەک ڕۆژ ژمێرێک ڕووداوەکانی ڕۆژانەی بەرەکانی جەنگ و ئاماری کوژراو و بریندارەکانی گێڕاوەتەوە، زیاتر باسی لە زیانەکانی حکومەتی عێراق کردووە، کەمتر بەلای ئامار قوربانیەکانی شۆڕشدا چووە، وەک دەڵێت: "شەوی (١٩٦٥/٧/٤) هێزی پێشمەرگە ئۆردوگای دوژمنی لە چوارتا دایەبەر گولە، لە(١٩٦٥/٧/٧) لە بازەگیر نزیکەی پێنج سەعات شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و سەربازدا پێکهات، لەئاکامدا میری (٢٠) کوژراو و بریندارى بوو"[2]، لە هەندێک شوێندا ساڵەکانی پاش و پێش خستوە و کاتێک باس لە ڕووداوێک دەکات لە ساڵێکدا ڕوویداوە، دواتر ئەگەڕێتەوە باسی ڕووداوێک لە ساڵی پێشوتر ڕوویداوە، وەک دەڵێت: "لە (١٩٧٣/١١/١١) خۆفرۆشان عزیز عەقراوی و هاشم عەقراوی ئیسماعیل مەلا عزیز بەخیانەتی گەورە تاوانبارکران چون بۆلای حکومەت"[3]، لە پەڕەی دواتردا دەڵێت: "حکومەت (غانم عبدالجمیل)ی نارد بۆلای مستەفا بارزانی، لە ڕۆژی ١٩٧٤/١/١٤"، دواتر گەڕاوەتەوە سەر گێرانەوەی مێژووی ساڵی (١٩٧٣) دەڵێت "لە ١٩٧٣/١٢/١٢ (مقەدەم عزیز عەقراوی) لەگەڵ (هاشم عەقراوی) بەنارەزایی چوون بۆ بغداد"[4].

هەندێکجار بەدەم گێرانەوەی ڕووداوەکانی شۆڕشەوە هەواڵ و دەنگوباسەکانی عێراق و جیهانی باس کردووە، لەپڕ لەباسی وردەکاری ڕووداوەکانی شۆڕش ناوبڕێک وەردەگرێت و چووەتەوە سەر گێرانەوەی هەواڵ و دەنگوباسی هەرێمیی و جیهانیی، لەیەک لاپەڕەدا چەند زانیاریەکی جۆراو جۆری تێهەڵکێش بە گێراوەکانی کردووە، وەک لەباسی کار و چالاکییەکانی شۆڕش لە پڕ چووەتە سەر پەیوەنییەکانی حکومەتی عێراق و ئینگلیز، دواتر چۆتەوە بۆ باسی چالاکی جیهانی و بەستنی کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی لە پاکستان و دواتر دیسان دێتەوە بەرەکانی جەنگ و پێکدادانەکانی نێوان هێزی پێشمەرگە و حکومەتی عێراق[5]، لە هەندێک شوێنی تردا لەناو بەرەکانی جەنگەوە چووەتەوە سەر باسی هەواڵ و گۆڕانکارییەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، دواتر دێتەوە بۆ ڕانیە و زانیارییەکانی بەرەکانی شەڕمان بۆ دەگوازێتەوە، وەک دەڵێت: "هەموو جیهان چاویان بریوەتە ئەو ئاگر و ڕوناکییەی لە لولەی تفەنگەکانی پێشمەرگەوە بەرەو دوژمن دەتەقێ. سەرۆک کۆماری ئەمریکا (ڕیتشارد نیکسۆن) لە سەعات ٤ی بەیانی ڕۆژی ١٩٧٤/٨/٩ ئیستیقالەی کرد و لەسەر حکوم لادرا......، بەگوێرەی

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل١٥٥.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب١، ل١٢٤.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل١١.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل١٢
[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل ٦.

ئێستگەی کوردستان پێشمەرگە (٩٠) سەربازیان لە کەرکوک کوشتووە، (٦٠) سەربازی تر خوێنیان بەسەر شاخەکانی کوردستاندا ڕژاوە"[١].

لەم گێڕانەوە مێژووییەدا ئاماژەی بە لیستی سەرچاوە نەکردووە، سەرچاوەی بەدەستهێنانی زانیارییەکانی لە هەندێک شوێندا نادیارن، وەک لە دەستنیشانکردنی ئاماری سەرچاوەکانی دارایی شۆڕشدا دەردەکەوێت[٢]، لە هەندێک شوێندا لەسەرچاوەی زانیاریەکانی دڵنیا نییە، بە ناوی خەڵکەوە بەگومانەوە قسە دەکات، دەڵێت: "وادەنگ بڵاوە حکومەت چەند وەفدێکی ناردبێت بۆلای مام جەلال، بەڵام تا ئەو تاریخە کە ڕێکەوتی (٩٨٣/١٢/١٥) ئەکات ڕاست و درۆی ئەو هەواڵانەم بۆ ڕوون نەبۆتەوە، وا دەنگ بڵاوە کە (٣٠٠) دەمانچە و میقدارێ پارەی باش درابێ بە مام جەلال"[٣]. بەڵام لەناوەڕۆکی گێڕانەوەکانیدا لە هەندێک جێگای دا ئامارەکانی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەرگرتووە، وەک ڕۆژنامە و ڕادیۆ، وەک دەڵێت: "لە شەوی (١٩٧٤/٥/١٦) ئێزگەی دەنگی کوردستان خەساراتی حکومەتی بڵاوکردەوە، کە لە ٧٤/٣/١١ تا ١٩٧٤/٥/١٦ (١٥)تەیارە تێکشکاوە لەگەڵ (٧٥) دەبابەو(١٢٠) ئۆتۆمبێلی زیل و چنگ کەوتنی (٦) تۆپی گەورە"[٤].

لە گێڕانەوەی مێژوویی ساڵی هەشتاکاندا لە چالاکییەکانی شۆڕش دوورکەوتۆتەوە، زیاتر جەختکردنەوەیە لە خەبات و تێکۆشانی جەماوەری و باسی دۆخی خەڵکی کوردستان و کاریگەریەکانی نسکۆی شۆڕش بەسەر ژیانی خەڵکەوە دەکات، بەسەرهاتی ئاوارەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی سەرەکی نێو ئەم بەرهەمەی مەنگوڕییە، زیاتر گێڕانەوەی مێژوویی خەڵکی ئاساییە، دیمەنی گوزەران و وێنەی کارەساتباری ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکاتەوە، باسی سەرەکی گێڕانەوەکانی، دەڵێت: "دانیشتوانی ئۆردەگاکان لەسەر جەوێکی زۆربێ ئومێد و هیوا یاریان دەکرد، لە هەموو بن چادر و بەردەرگایەکی خێوەتەکان خەڵک کۆمەڵ کۆمەڵ ببون و تەعلیقاتی سیاسی خۆیان بە هەزاران جۆر دەردەبڕی"[٥]، لە هەندێک شوێندا بە دەستەواژەی سەیر گوزارشتە مێژووییەکانی دەردەبڕێت، کاتێک ناوی (مام جەلال) دەهێنێت لەباسی ڕووداوەکانی ساڵی(١٩٨٦) دەڵێت: "وا دەنگ بڵاوە کە مام جەلال سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق چوبێ بۆلای خومەینی"[٦]، لە باسی ڕووداوەکانی ساڵی(١٩٨٧)دا دەڵێت: "ئیدریس مەلا مستەفا سەرۆکی شۆڕشی ئێران بەشی بارزانی لەو ڕۆژانەدا لە شاری (شنۆ) وەفاتی کرد"٧. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا گرنگیی بەڕووداوەکانی ناوخۆی ئێران و پەیوەندییە هەرێمی نێودەوڵەتییەکانی لەکاتی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ساڵی (١٩٧٩) داوە، لێرەدا مەنگوڕی مێژووی دەسەڵاتداران و شەڕ و ململانێکانیان و کاریگەریەکانیان لەگەڵ مێژووی ژیانی خەڵکی ئاسایی دەگێڕێتەوە. وەک ڤۆڵتێر دەڵێت "مێژوو چیرۆکی بەدبەختان و تاوانبارانە"[٨].

گێڕانەوەی مێژوویی ئەم سەردەمە زیاتر گێڕانەوەیەکی مێژوویی بێزارکەرە، بەهۆی پەرتەوازەیی ئەو وردە هەواڵە ڕۆژانە دووبارانەی گێڕاویەتیەوە، کە ڕووداوگەلێکی یەک ڕەنگی سیاسی چەند بارەیە، لە کۆتای بەشی یەکەمی بەسەرهاتی شۆڕشی ئەیلولدا ژمارەیەک وێنەی کەسایەتییەکانی ناو ڕووداوەکانی ڕیزکردووە.

---

[١] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل٩٩.
[٢] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل١٨٧.
[٣] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل٢٢٥-٢٢٧.
[٤] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل٥٦-٥٧.
[٥] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨- ١٩٨٥، ب٢، ل١٥٨.
[٦] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢ ،ل ٢٣٧ .
[٧] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢ ،ل ٢٣٩ .
[٨] کۆمەڵێک نووسەر: ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ل١٢٣.

بە شێوەیەکی گشتی لە گێڕانەوەکانیدا لە هەندێک شوێندا کەوتوتە هەڵەی مێژووییەوە، وەک دەڵێت: "مەلا مستەفای بارزان لە (١٩٤٥/١/٣٠)دا کرا بە سەرۆکی حیزبی هیوا"[١]، شێخ سعیدی پیران لە ساڵی (١٩٣٠) لە سێدارە دراوە[٢]، ناکرێت مەنگوڕی ئەونە بێئاگابوبێت لەو زانیاریانە، لەکاتێکدا ئەم هەڵانەی لە شوێن و جێگای تردا دوبارە کردووتەوە.

گێڕانەوەی میتۆدی مێژووی بنەڕەتی لای مەنگوڕی زیاتر جەخت کردنەوەیە لە مێژووی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆی لە ڕووداو و هەواڵەکانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان پاراستووە، باسی مێژوو خەبات و تێکۆشانی ئەو دووبەشەی کوردستانی نەکردووە، دیارە ئەوەش پەیوەندی بە ئەوەوە هەبووە ئەو خۆی لەو ڕووداوانەداوە کە خۆی تێیدا ژیاوە و ڕاستەوخۆ بەرکەوتنی هەبووە لەگەڵیاندا، واتە مەنگوڕی زیاتر مێژوونووسێکی مەیدانی بووە، لە چوارچێوەی گەڕان و سنووری کار و چالاکی خۆیدا مێژووی گێڕاوەتەوە، نووسینەوەی ڕووداوەکانی ئەم سەردەمە بچڕبچڕنین و زیاتر ڕووداوی زنجیرەیین و کەمتر لێکپچڕانی کات لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام لە ڕووی چۆنێتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە کورت و پچڕ پچڕن و زیاتر وەک گوێزەرەوەی هەواڵ و زانیارییەکان مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکاندا کردووە، ئەمەش ئەو ئاماژەیەمان پێدەدات کە بەپێی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی کاری نەکردووە. ئەم بەرهەمە بە زمانێکی کوردی پاراو نووسراوە.

**ب) گێڕانەوە لە میتۆدی مێژووی تیۆری دا**

ئەم جۆرەی مێژوونووسین بریتییە لە گێڕانەوە و نووسینەوەی ڕووداوەکان بەشێوەی پچڕ پچڕ و کورت کردنەوە[٣]، کە دەکاتە مێژووی پێش سەردەمی خۆی، ڕووداوەکان بە یەک شێواز و نەگێڕاونەتەوە، بەڵکودابەش دەبێت بۆ دوو شێوە گێڕانەوە، ئەوانیش گێڕانەوەیەکی ئەفسانەیی زارەکی و گێڕانەوەیەکی واقعییە، گێڕانەوەی مێژوویی ئەفسانەیی، کە گێڕانەوەیەکی مێژوویەکی گومانـاوییە، واتە لەسەرچاوەی گێڕانەوەکانی و بنەڕەتی ڕووداوی ڕووداوەکان دڵنیانییە، بەڵکو بەشێوەیەکی زارەکی لە خەڵکەوە وەرگیراوە، ئەم گێڕانەوەیە زیاتر خزمەت بە دۆخی لاوازی کایەی مێژوونووسی کوردی لە ڕابردودا دەکات، وەک قەرەبویەک بۆ مێژووی تۆمارنەکراوی کورد لای مەنگوڕی وێنادەکرێت[٤]، وەک خۆی لە پێشەکی یەکێک لەو بەرهەمانەدا ئاماژە بەوە دەکات لە مێژووی گەلی کورددا دەستکارییەکی کینەبەری کراوە، زۆر شتی گرنگ و هونەرمەندی ئەو هۆزە لەناودا هەڵگیراوە، مێژووی کورد پەردەیەکی تاریکی بەبەردادراوە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕووداوانە هونەر و ئازایەتی گەلی کورد دەرئەخەن تا ئێستا نەخراوەتە ناو مێژووی کوردەوە[٥]، ئەو چیرۆکانەش کە بەرهەمی زارەکی گشتین و لەبەرگی ئەفسانەیدان بریتین لە چیرۆکەکانی (ماهراکۆ، زێرینای ئامێدی، فەیرۆزخانی پشت کۆ)ن، گەرچی ئەو لە هونەر و تەکنیکی دارشتنەوەی چیرۆکەکان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە و تێکەڵ بە بیر و ئەندێشەی خۆی کردوون، بەڵام بنەڕەتی چیرۆکەکان بەرهەمی زارەکی گشتین نەک خودی، لە

---

[١] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: کورد و کوردستان لە ئیسلامەوە هەتا ١٩٧١، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠٠٨، ل١١٩.

[٢] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٣٢٠ .

[٣] ألاء الفارس: ماهو السرد، ١٤/ سبتمبر/ ٢٠١٢، بەرواری سەردانیکردن https://mawdoo٣.com/ما_هو_السرد ٢٠٢٢/٧/٥.

[٤] ئەم چیرۆکانە بەرهەمی سەر زاری خەڵک و هۆشی مەنگوڕی خۆیەتی و بنەڕەتێکی زانستی مێژووییان نیە، چەند پسپۆڕێکی مێژویی ئەو قۆناغە جەختیان کردەوە ئەو ڕووداوانە لە واقیعی مێژوویی ئەو قۆناغانەدا بونێکی ڕاستەقینەیان نیە، مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی لە بەرهەمێکیدا بەناوی (وڵاتگیری ڕەشەخاکی عێراق) بە توندی بەگژ ئەو جۆرە چیرۆکە خورافی و هەڵبەستراوانەدا چووەتەوە کە بەناوی خەمخۆری بۆ مێژووی کورد نووسراونەتەوە، وەک بێبایەخکردن و تەنانەت تاوانیش بەرانبەر بە مێژووی کورد ناوی بردون، کە هیچ بنەڕەتێکی زانستیان نیە. بڕوانە: ڕۆژبەیانی: وڵاتگیری ڕەشەخاکی عێراق، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل٥-١٥.

[٥] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: زێڕینای ئامێدی، چاپخانی غەری حدیثە، نەجەف، ١٩٧١، ل١٢.

هەندێک شوێندا خوێنەر دەخاتە ڕاڕای و گومانەوە لە زانیارییەکانی ناو چیرۆکەکان، وەک لە پێشەکی چیرۆکی (زێڕینای ئامێدی)دا دەڵێت: ''هیچ بە دووری مەزانن کە ئەم بەسەرهاتە وەک ڕووداوەکەی من وابوبێت''[1]، هەندێک جاریش دڵنیایی بەخۆیی دەدات لە دروستی زانیارییەکان، وەک لە پێشەکی (فەیرۆزخانی پشت کۆ- ئیلام)دا دەڵێت: ''بەڵگەی تەواومان بەدەستەوەیە کە ئەم فەیرۆزخانە لە پشت کۆ پێگەیشتووە و بەم پێیە هەڵمەتی بردۆتەسەر ئێران''[2]. ئەم گێڕنەوەیە ڕووداوەکانی پێکەوە گرێدراونین، بەڵکو دابڕانێکی مێژووی گەورە لەنێوانیاندایە، ساڵ و مێژوو شوێنی ڕووداوەکان جیاوازن، گێڕانەوەیەکی سیاسی بارگاوییە بە هەندێک تایبەتمەندی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلی کورد، ئەویش سێ قۆناغی مێژوویی جیاوازن، (مهراکۆ) مێژووی ئەم بەسەرهاتە بۆ ساڵی (٨٥٠پ.ز) دەگەڕێتەوە، کە ناوچەی (بتوێن) چەقی ئەو دەسەڵاتە کوردییە بووە، (زێڕێنای ئامێدی) کە گێڕانەوەی مێژووی ساتەوەختی هاتنی ئیسلامە بۆ کوردستان لە ساڵی (٦٣٧)، (فەیرۆزخانی پشت کۆ) باس لەسەروبەندی هاتنی مەغۆلەکان بۆ کوردستان دەکات، کە بەهاتنی سوپای جەنگیزخان بۆ ناوچەکە ئەو دەسەڵاتە کوردیە لەناوچووە، ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک (کرماشان، ئیلام) کراونەتە ئامانجی گێڕانەوەکانی، لە هەریەکە لەم بەرهەمانە بە پێشەکییەکی مێژووی هەستیار لە بارەی دۆخی شڵەژاوی مێژوویی سیاسی گەلی کوردەوە دەستی پێکردووە، ڕاستەخۆ تیشکی خستۆتەسەر هەناوی ڕووداوەکان و بە کورتبڕیەکی ئامانجدار پوختەی مێژووی سەردەمەکەی نیشانداوە، ڕۆڵی کەسی یەکەمی وەک بزوێنەری ڕووداوەکان لە ئاستێکی باڵادا دەرخستوە، زیاتر گێڕانەوەیەکی مێژوویی جەنگ ئامێزە، واتە هەواڵەکانی لە شەڕ و ململانێ و بەرەکانی جەنگەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم بەرهەمانە گەرچی مێژووی ڕووداوەکانیان زۆر دوور و جیاوازن لە یەکترەوە، بەڵام هەموویان لە ساڵی (١٩٧١)دا نوسراون، کاریگەری ئەو قۆناغە لە مێژووی سیاسی گەلی کوردی بەسەرەوەیە، کە بەگشتی لە قۆناغێکی هەستیاری نەتەوایەتیدا بووە، ئەو گێڕانەوەکانی تێهەڵکێش بەویست و خەونەکانی خۆی کردووە، کە نیگەرانییەکی تەواوی بۆ دۆخی خراپی کایەی مێژوونووسی گەلی کوردی پێوە دیارە، دەڵێت: ''لەناو کورد دا زۆر بەسەرهاتی سەرنج ڕاکێش و گرنگ ڕوویداوە، بەڵام لەبەر بێبەختی کورد ئەم هەموو بەسەر هاتە لەناو چووە''[3].

لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی ئەودا هەست بە وزەیەکی بەرزی بڕوا بەخۆبوون دەکرێت، گێڕانەوەکانی بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ بە سەردەمی مێژوویی نووسینی چیرۆکەکان پەیوەست کردووتەوە، کە قۆناغی شۆڕش و بەرەنگاری گەلی کوردبووە، جوگرافیای گێڕانەوەکانی لە شوێنێکی دیاری کراودا قەتیس نەماوە، بەڵکو لە مەودایەکی بەرفراواندایە لەنێو سنووری کوردستانی گەورەدا لە هەندێک شوێندا سنووری گێڕانەوەکانی بە ئاراستەی دەرەوەی سنووری کوردستان تێپەڕاندووە.

شێوەی دووەمی گێڕانەوەکانی پێش سەردەمی خۆی، گێڕانەوەیەکی واقعییە، بریتییە لە گێڕانەوەی ئەو دەسەڵات و کەسایەتی و چالاکیە کوردیانەی، کە لەسەردەمی هاتنی ئیسلامەوە تا کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو دروستبوون، چ لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەدابن، کە ناوچە کوردییەکانیان لەژێردەستدابووە، یان بەشێوەیەکی سەربەخۆبووبن. ڕۆڵی کەسایەتییەکان لە شەڕ و پێکدادانی چەکداری و لایەنی شۆڕشگێڕیان لە ڕووبەڕووبوونەوەکان و دەرفەتە مێژووییەکاندا دەرخراوە، ئەم مێژووە ئەگەرچی بەشێوەیەکی کورت گێڕدراوەتەوە بەڵام سنووری گێرانەوەکانی بەرفراوانە و لە پانتاییەکی جوگرافی گەورەدایە باسکردنە لە ماوەیەکی مێژوویی دوورودرێژ، زیاتر لەشێوەی سەردێڕ و کورتە باس و وەبیرهێنانەوە دایە، وەک خۆی دەڵێت: ''لە ئیسلامییەت بەولاوە هەتا ئەمڕۆ بۆتان ئەنوسمەوە

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: ماهراکۆ...، ل٧.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: فەیرۆزخانی پشت کۆ، چاپخانەی قضاء، نەجەف، ١٩٧١، ل٤.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: فەیرۆزخانی...، ل٣.

لەسەر شکڵێکی کورت، بۆئەوەی هەمیشە ئەو ڕووداوانەتان لەیاد بمێنێتەوە و پەندێکی لێوەرگرن"[1]، هەندێکجار ڕووداوەکانی بەناوی شوێنی جوگرافیای ناوچەکەوە تۆمار کردووە، هەندێک جار بەناوی سەرکردە و کەسایەتییەکانەوە، باسی میرنشینی بۆتانی لەژێر ناوی کەسایەتی (بەدرخان)دا تۆمار کردووە، بەڵام میرنشینی سۆرانی لەژێرناوی (حکومەتی سۆران)دا ناوهێناوە، یان لەژێرناوی ئەو دەسەڵاتانەی، کە ئەوڕووداوانەی تێداڕوویداوە گێڕاوەتەوە، وەک لە باسی (حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی) و (جەنگیزخان) دا دەبینرێت، ئەو کەسایەتییانەشی خستووەتە ناو ڕیزبەندیی دەسەڵاتە کوردییەکانەوە، کە بەڕەگەز کوردن یان پەیوەندییەکی خزمایەتییان لەگەڵ کورد دا هەیە، وەک (مەڕروانی دووەم)، هەندێکجار سەرنج و تێڕوانینی خۆی ئاخیوەتە ناو گێڕانەوەکانیەوە، وەک لەباسی (دەوڵەتی موکری)دا لەبارەی وشەی (موکری)یەوە ڕەخنەی لە شەرەفنامە گرتووە و دەڵێت: "گوایا دامەزرێنەری دیبوکری لەبەر فێڵبازی و مەکرکەری ناوی بەموکری یان بوکری بڵاوبوبێتەوە، بەڵام من ئەو قسەیەی شەرەفنامە بەڕاست نازانم، جارێ پیتی مەکر بۆ پیاوان هەر بەکارناهێنرێت"[2]. ئەم مێژووە بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک ڕووداوی زنجیرەییە، بەپێی ساڵی ڕوودانی ڕووداوەکان ڕێکخراون، بە زمانێکی کوردی تەواو نووسراوە، چونکە نووسینیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو.

گێڕانەوە مێژووییەکانی ئەم قۆناغە تەنها تایبەتمەندی نەتەوەییان نیە، واتە تەنها گێڕانەوەی مێژوویی مێژووی گەلی کورد نییە، هاوکات لەگەڵ ئەمەدا کورتە باسێکی مێژوویی هەردوو گەلی (ئەرمەن، ئاسوری) بەشێک لە گێڕانەوەکانی پێک دەهێنێت، زیاتر تیشکی خستۆتە سەر چەند ڕووداوێکی گرنگی مێژووی ئەم دووگەلە بەشێوەیەکی خێرا لە مێژووی پێش زایینییەوە تا نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، باسەکانی زیاتر لە چوارچیوەی پەیوەندییان بە مێژووی گەلی کوردەوە سوڕاوەتەوە، دەربڕینێکی سۆز ئامێزە بە ئاراستەی ئەو بارە سیاسییە سەختەی ئەم دووگەلەی پێدا تێپەڕیوە.

ئەگەر گێڕانەوە بەلای مێژوونووسانی ترەوە ئەو دەروازەیە بووبێت، کە لێیەوە ڕابردوویان بە ئێستا و ئایندە ناساند و لە ڕێگایەوە بەشێوەیەکی نەریتیی کۆی مێژووی مرۆڤیان لە گۆشەنیگای سیاسەتەوە لێکدایەوە و ئەو مێژووەیان نووسی، کە خواستی خۆیانی لەسەربوو، ئەوا مەنگوڕی لە ڕێی گێڕانەوەوە مێژوویەکی گشتی نووسییەوە و ڕاستگۆیانەتر کۆی کایەکانی ژیانی بەهۆی گێڕانەوەوە لە فراوانکردنی بینینی گۆڕەپانی مێژوودا بەشداری پێکرد، لە تێڕوانینێکی فرەڕەهەندەوە دەستی بۆ گێڕانەوەی مێژوویی برد، لای خۆیەوە کۆتایی بە گێڕانەوەی مێژووی یەک ڕەنگ و یەک ئاراستە هێنا.

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: کورد و...، ل٨.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: کورد و...، ل٣٧.

## باسی دووەم: پەسنکردن و بەراوردکردن:

### یەکەم ـ میتۆدی پەسنکردن:

پەسنکردن (الوصف) دیارترین میتۆدی لێکۆڵینەوەیە، کار لەسەر زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات، جەخت لەسەر دیاردە و ڕووداوەکان دەکاتەوە. واتە لەهەر دیاردەیەک، کە بوونی هەیە و پەیوەندی بە دیاردەکانی ترەوە هەیە دەکۆڵێتەوە[1]، پێناس و لێکدانەوەی وردیان بۆ دەکات، وەک ئەوەی لەواقعدا بوونیان هەیە، لەهەردوو لایەنی چەندێتی و چۆنێتییەوە وێنەیان دەکێشێت[2]، هاوکات ڕۆڵی بنەڕەتی لەدروستبوونی زانیندا دەگێڕێت، چونکە گرنگی بە ڕەگەز و مەرج و پەیوەندییەکانی هەر دیاردەیەک بە دەوروبەر و خودی خۆیەوە دەدات، لەم چوارچێوەیەدا وێنەیەکی بابەتیانە بۆ دیاردەکان دەکێشێت[3]، واتە نیشانەلێگرتن و تۆمارکردنی ئەو دیاردانەیە کە تێبینی دەکرێن[4]، سەرنجدانی وردە لە بابەتێک، لەڕێی ئامرازی چاودێریی و تۆمارکردنەوە، کە لەگەڵ سروشتی بابەتەکەدا بگونجێت، بەمەبەستی زانین و ناسینی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی[5]، وەرگێرانی بارودۆخ و هەست و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییەکانی نێو جیهانی گێڕەرەوەیە بە وشە، کە مرۆڤ و شتومەک و بەسەرهات و دیمەن و بارودۆخ و باوەڕی ئایینیی و مێژوو پێکەوە دەگرێتەوە[6]، مێژوونووسان هەریەکەیان لەسەر شێواز و سەلیقە و ژانر و ئەو میتۆدەی پەسەندیان کردووە، تۆماری ڕووداو و بەسەرهاتەکانیان کردووە، بە پشت بەستن بەڕوانگە و تێڕوانینی خۆیان[7].

پەسنکردن و بینین و گواستنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان بەلای مەنگوڕییەوە بینینێکی ئاسایی نییە، چونکە سەرنجی ئەو تەنها بۆ لایەن و دیمەن و دیاردەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگا نەبووە، بەڵکو لە یەککاتدا وێنەیەکی تا ئەندازەیەک هەمەچەشنی کۆمەڵگای گواستوەتەوە، لەهەستیارترین بابەتەکانی پەیوەست بە تاک و کۆمەڵگەوە تا دەگاتە کایەی سیاسەت و جەنگ و هەموو ئەو ماڵ وێرانیانەی بە هۆیەوە دووچاری مرۆڤایەتی بووەتەوە، واتە لەیەک دیدگای باش یان بە پێچەوانە بۆ دۆخ و سەردەمەکەی نەڕوانیوە، بەڵکو سەرنجی خستۆتە سەر باسی ڕووداو و کەسایەتیەکان، هاوکات لەگەڵ ڕووداوە گەورەکان ڕۆڵی ڕووداوە بچوکەکان و تاکێکی ئاسایی و نەهامەتییەکانی خەڵکی فەرامۆش نەکردووە و لەباسی هەریەکەیاندا وردەکارییەکانی ژیانی ئەو سەردەمەی گواستووەتەوە.

**١) پەسنی شوێن**

یەکەمین دۆخی سەرنجراکێش، کە خودی مەنگوڕی تووشی سەرسامی دەکات، لەو بینینە نائاساییەوە سەرچاوە دەگرێت، کاتێک دەستی بە یەکەمین گەشتی کردووە، لە قەڵادزێوە بۆ کۆیە و لەوێوە بۆ بەغدا، ئەو گەشتە ئەو بە جیهانێکی تازە ئاشنا دەکات و باسی ئەو جیاوازییە گەورەیە دەکات، کە لەکاتە مێژووییەکانی نێوان قەڵادزێ و کۆیەدا بینیویەتی، پەسنی دوو ژینگەی جیاواز دەکات و مەودای جیاوازییە گەورەکەیان لەم ڕستەیەدا دەخاتەڕوو، کە دەڵێت:" هەرکە پێم نایە ناو شاری کۆیە

---

[1] سابیر بۆکانی: میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٨٣.

[2] أزهار عبدالغنی، تعریف المنهج الوصفی،https://sotor.com/تعريف-المنهج-الوصفي/١٣ / ١/ ٢٠٢١، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٤/٨.

[3] المنهج الوصفی ــ بحث کامل عن https://www.merefa٢٠٠٠.com/٢٠٢١/٠٩/blog-post_٧٩.html/ المنهج الوصفی، ، ٥/ سبتمبر/ ٢٠٢١، بەرواری سەردانیکردن

[4] کامەران محەمەد: فێرنان...، ل١٨٧.

[5] سابیر بۆکانی: میتۆدی...، ل١٦٩.

[6] ئورهان پامۆک: ڕۆمانووسی سادە و ڕۆمانووسی بیرکەرەوە، و. بکر شوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦، ل٨٢.

[7] کۆمەڵێک نووسەر: مێژووناسی و فەلسەفەی مێژوو، و. بێستون عبدولکەریم، چ١، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٢٧٧.

سەرم سوڕما، لەبەر خۆمەوە ئەموت تۆ بڵێی هیچ شارێک لە کۆیە گەورەتر هەبێت، کە چاوم بە پۆلیس کەوت، واقم وڕما"[1]، ئەو بەم ڕستەیە گوزارشت لەداخراویی و بەرتەسکیی ژیان لە قەڵادزێ دەکات و ئـاوەدانی ژینگە فـراوانەکەی کـۆیە و هێماکـانی دەسـەڵات دەیخەنە سـەر بـاری پەسـنکردنێکی سەرسـوڕهێنەر، دواتـر چـۆن لەوێـوە و لەڕێگـای کەڵەک چـووە بـۆ شـاری بەغـداد و لەلایەن قاچاخچییەکانەوە ڕووتکراونەتەوە، لەدوایدا باسی دیمەنە ژینگەییەکانی ڕێگا و هەڵوێستە ئەرێنی و نەرێنییەکانی مرۆڤەکان دەکات، لەگەڵ گەیشتنی بۆ شاری بەغداد، باسێکی سەرسامکەری ساتەوەختی گەیشتنی بۆ دووەم شار دەکات، چۆن دیمەن و دۆخێکی زۆر جیاوازتر لە کۆیە دەبینێت، کاتێک دەڵێت:" ئای لەو سەیرانگا سەرسوڕهێنەرە، تۆبڵێی ئێرە بەغداد بێت، یا وڕێنەی برسێتی ئەوەم نیشان دەدات، ئەوەڵ جارە چاوم بە ئۆتۆمبێل و عەرەبانە ئەکەوێت، ئای بەخوا شتێکی سەیرن"[2].

شار وەک شوێنێکی نوێ بە قوڵیی مەنگوڕی دەهەژێنێت، ئەو دوو وێنەی شارمان بۆ دەکێشێت، لەپەسنەکانیدا وێنەیەکی سەرەتایی شار هەیە، کە جێگای لێوردبوونەوەیە و نزیکە لەڕوانگەیەکی دیاردەناسییەوە[3]، ئەو مەودای پەسنکردنی لە بەغداد فراوانتر دەبێت، سەرنج لەقەرەباڵغی و جەنجاڵی شارەکە دەگرێت، کاتێک دەڵێت:" بەغدای چی بەغدایەکی پڕ لەغەوغاو تۆرێن و ئۆتۆمبێل"[4]. هاوکات پەسنی پێشکەوتنەکانی شارەکە و ڕادەی خزمەتگوزارییەکانی دەکات، کە دەڵێت:" هەر ئەوەندەم زانی لەناکاو گڵۆپی ئەلیکتریکەکانی بەغدا داگیرسان، بەڕاستی ئەو چاو ئەندازەییەم بەلاوە شتێکی سەیربوو، کەوا وێنەی گڵۆپەکان لەناو ئاوی دیجلەدا ئەتروسکانەوە، دەمم ببوو بە تەڵەی تەقیو، هەرچەندم ئەکرد نەمئەزانی سەیری چی بکەم"[5]. ڕووباری دیجلە کە بەناو شاری بەغدادا تێدەپەڕێت، وەک ئاوێنە بە وێنەیەکی ناوازەی شارەکەوە پەسنەکانی ئەو دەباتە ئاستێکی بالاترەوە، ئەو باسی فرە کەلتووری شاری بەغدا دەکات، کە عەرەب و کورد و فارس و ئینگلیزەکان پێکەوە تێیدا ژیاون، هەر لێرەدا پەسنی ئەو شێوە لە کەلتووری بەرەنگارییەی ژنە عەرەبەکان دەکات، کە لە بەرانبەر ئینگلیزەکان هەیانبووە، وەک دەڵێت:" ژنە عەرەبەکان هەل هەلەیان ئەکێشا و دەیانوت (لات مهر لات مهر) هەڕەشەیان لە نایبەکانیان دەکرد، بەوەی کە پەیمان لەگەڵ ئینگلیز تازەنەکەنەوە"[6]. لێرەدا وێنەی سەردەمێکی مێژووییمان بۆ دەکێشێت، کەتێیدا پەسنی جادە و ڕێگاوبان و هۆیەکانی گواستنەوە و پیشەی بازرگانی کردن دەکات، تەنانەت زۆر بەوردی سەرنجەکانی دەردەبڕێت کاتێک باسی بازرگانە کوردەکان دەکات، کە بەبازرگانی توتنەوە خەریک بوون و ئاسەواری پیشەکەیان بەسەر جەستەیانەوە دیاربووە و دەستیان بە زاخاوی توتن سوتاوە[7]، دواتر ئەو پەسنی شارمان بۆ دەکات وەک ناوەندێکی کەلتووریی و بازرگانیی و شارستانی و مەودای دووریی و نامۆبوونی مرۆڤی کورد بە دەوروبەر و پێشکەوتنەکانی سەردەم نیشاندەدات.

تەنانەت پەسن لەبەر هەمە ئەندێشەییەکانی ئەودا تا ئەندازەی بالا ڕۆیشتووە، ئەو لەم بەرهەمانەدا بە ئەندازەی کەسایەتییەکان پەسنی سەردەمە مێژووییەکەی کردووە، سنوورە جوگرافیاکەی فراوانتر کردووە، کۆی مێژووی سیاسەتی جیهانی وێناکردووە، تەنانەت خۆی وابەستەی جوگرافیایەکی دیاریکراو نەکردووە، سنوورەکانی بۆ ناو زانراوە نەبینراوەکانی وەک مەریخ و بەهەشت تێپەڕاندووە، لەگەشتی ئەندێشەیی (عصبة الأمم)دا، گەرچی بەرهەمی ئەندێشە و داهێنەری بیری خۆیەتی،

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٤٠.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٤٩.
[3] ڕێبوار سیوەیلی: شار لە...، ل١٣.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٥١.
[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٤٩.
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٥٣.
[7] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٥٣.

لەهەمانکاتـدا وەک ئەوەی ئەو گەشـتەی لەواقعـدا کردبێـت و ڕووداوەکـان لەڕاسـتیدا ڕوویانـدابێت، لەئاستێکی بـاڵادا پەسـنێکی مێژوویـی جـوانی سـەردانەکەی بـۆ بارەگـای (عصـبة الأمـم) دەکـات، هەر لەدیمەنە ڕازاوەکانی سـەرەتای بەرکەوتنـی بە بارەگـاکە، لەگـوزەر و کـوچە و گـوڵ و گـوڵزار و جـوانی شوێن و شار و کەسایەتی و وێستگەکانی گەشتەکەی خۆی باس دەکات، بە وردەکارییەوە بەرکەوتنەکانی لەگەڵ کەسـایەتییەکان لەڕێـگەی ئەو گفتوگـۆ گەرمەی لەگەڵ نـوێنەرانی وڵاتانـدا ئەنجـامی داوە دەخـاتە ڕوو، وەک وێنەگرێـک دیمەنەکـانی بەردەم بارەگـا و نـاو ڕێخـراوەکە و خۆشـگوزەرانییەکانی دەگرێت و دەڵێت:

ئەو شارە چـــــە کۆڵانی چە جادەی چە زەمینی
ئاڕاستە بە کـــــــــاشی و بلور شـــوشە و چینی
یەک فەن بو دەروبانی لە ســـوری چە لە شینی
داخرابو لەســــــــــــەر جـــادە دڕ و زێڕ بە گوینی
یەک پارچە عەتر بو گـــوزەر و بەندەر و کیشوەر[1]

ئەو لەگەشتی ئەندێشەیی سەر مەریخ پەسنەکانی زیاد لەپێویست تا ئەندازەی زیادەڕەوی ڕۆیشتووە، وێـنەی ژیـان بەلای ئەوەوە لە مەریـخ ئەرێنـی و شـادی بەخشـن، بە پـێچەوانەی زەویـیەوە، لەلـوتکەی نـوێگەریی و تـازەبوونەوە دایە، لەڕێـگەی پەسـنەکانییەوە مرۆڤەکـان ئاشـنا بە دوا ڕادەی پێشـکەوتن و ژیانی ئایندە دەکات، وێنەی خەڵک و حکومەت و فەرمانگەکان و شەقام و تەواوی خزمەتگوزارییەکانی بە مرۆڤەکـانی سـەر زەوی دەناسـێنێت و ئارەزومەنـدانە مـرۆڤ تێیـدا نـوقمی ویسـتەکانی دەبێـت، ئەو جوگرافیایە بوو ئەندێشەکانی مەنگوڕی بۆ ژیان لە خۆیدا بەرجەستەکرد. دەڵێت:

هەمـــــــــوو کوچەیەک چەمێکی پێـــــــــــدا ئەڕۆیی بەڕێکی
خانـــــــــــوو ئوتێل تەلاری بەرز لــــەم بەرەوبەر بەکجار بەتەرز
ڕێـــــــــــخرابوو هەریەک ڕەنگێ هـــــەریەک بۆ بەزم و ئاهەنگێ
خشتــــــــی دیوار هەموو گڵۆپ بو گڵــۆپیان بە خشت دروست کردبو
بەیـــــــەک سویچ خانوی واشەنگ ئـــــــەبو بە گڕ هەزاران ڕەنگ
بــــــــــــێ دینەمۆ بێ مەکینە ئەبــــــــــوو بە گڕ ئەو زەمینە[2]

ئەو لەخەونی چوونە بەهەشتەکەیدا پەسنەکانی پێچەوانە دەبنەوە، باسی بەهەشتمان بـۆ دەکـات، وەک ژینگەیەکـی نـامۆ و دژ بە تێگەیشـتنی بـاو کە لـوتکەی خۆشـیەکانی تێـدا فەراهەم کـراوە و وەک شـوێن و جێگایەک بۆ سزادانی مرۆڤەکان وێنای دەکات، باسـی جوگرافیایەکمـان بـۆ دەکـات، ژیـان تـا ئەنـدازەیەکی زۆر تێیـدا مەحـاڵە، بەپـێچەوانەی مەریـخەوە بەدبینییەکـانی خـۆی لەبـارەی بەهەشـتەوە لە دیمەنێکـی نەخوزراوی دژ بە ئاوەدانی و ناساز بە پێشکەوتن و لانەی دووڕوەکان پەسنی دەکات و دەڵێت:" چیمەن و گوڵزارەکەی تەنیا گیا شینە شاترە و گیا بۆگەنە و کەرتەشـی و خڕنوک و حوشترخۆرکە و کاڕوش، هیچ بۆی مەگەڕێ ئێرە هەوارە کۆنی خێڵێک بووە، یاخۆ بانەمەڕێکی شوانکارە و مەڕدار بووە، دوایش بە وێرانەی بەجێیان هێشتووە، بووەتە لەوەڕگای حوشتر و جڕوجانەوەر"[3].

**٢) پەسنی بارودۆخ و بۆنەکان**

مەنگوڕی کاتێک لەو دۆخە مێژووییەی پێش سەردەمی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و بەتـایبەتی سـاڵی ١٩٧٤ دەدوێ، پەسـنێکی کارەسـاتباری سـاتەوەختەکانمان بـۆ دەکـات، گـوزەران و مـاڵوێرانی خەڵکـی

[1] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٦٦.
[2] میرزا مەنگوڕی: گەشتی ئەستێرەی مەریخ، چ٤، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٢٥.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: خەونی چونە بەهەشتی مەنگوڕی، دەسنووس، ١٩٧٩، دەسنووسی پاریزراو لای بنەماڵەی مەنگوڕی، ل٣.

ئاسایی لەکاتی ڕوووبەڕووبوونەوەکانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و حکومەتی عێراق نیشاندەدات، بەسەرهاتی مرۆڤی کوردمان بۆ دەکاتەوە بە دیمەنێکی وێنەیی ناوازە بە چرکەساتە ناخۆشەکانی ئەو سەردەمەی، کە ئەو ئاوارانە بەسەریان بردووە، باسی دیمەنی سروشت و ئاو و دارودرەخت و کاروانی ڕێ ڕۆیشتنی خەڵک و هەڵسوکەوتی کاربەدەستان لەگەڵ خەڵکدا دەکات، دەڵێت:" ئەهالی ئەو ناوە تا دەگاتە خورماڵ و هەڵەبجە هەمووی تەق و ڕەوی تێکەوت و ڕووی کردە تەوێڵە بەرەو ئێران، هەر بندیوار و ڕەوەز و دەم ئاوێکی تەوێڵە چەند ماڵێکی ڕەش و ڕووتی مهاجیر و هەڵاتووی دەست شەڕی تیا مۆڵ و پاڵکەوتبوو، بە کوڵ و بار و کۆچ و ئۆتۆمبێل خۆیان گەیاندبووە ئەو ناوە، هەر زاق و زوقی منداڵی برسی بوو، بە کوڵ دایکیانەوە لەو دۆڵ و شیو و ڕەزانەدا دەنگی دەدایەوە"[1]، خراپی باری دەروونی و ورەی ڕوخاوی خەڵکی کوردستان وەک چیرۆکێکی پڕ مەرگەسات و تراژیدی دەهێنێتە ناو پەسنە مێژووییەکانیەوە و لە دەروازەی وێنەیی واقعی مێژووییەوە گلەییەکانی لەسەرکردایەتی کورد لە ئاست کەمتەرخەمییان دەباتە ئاستێکی دیار، کە هیچ ئاسانکاری و بەدەمەوەچوونێکیان بۆ گەورەیی کارەساتەکە نەبووە و خەڵکیان لەناو گێژاوی نەهامەتیەکانی سەردەمدا لە پەڕاوێزدا هێشتەوە[2].

لە هەمانکاتدا لەسەردانە ئەندێشەییەکەی بۆ بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان، مۆزەخانەیەکی هونەریی پیشانی خوێنەر دەدات، کاتێک باس لەژمارەیەک وێنە و نەخش و پەیکەرەی کەسایەتییە مێژووییەکان دەکات، تەنها دیمەنە جوان و ئەرێنییەکان ناگوازێتەوە، بەڵکو تا ئەندازەیەکی باڵا وێنە نەرێنییەکانی ئەو دۆخە دەهێنێتەوە ناو پێشکەوتنەکانی ئەو سەردەمە، باس لەدیمەنی فیلمێکی سینەمایی دەکات، لەبارەگای (عصبة الأمم) بینیویەتی و بارودۆخی شەڕی دووەمی جیهانی نمایش دەکات، پەسنی بەرەکانی جەنگ و نەهامەتییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکات، لەسەر ئاستێکی فراوان نیشانی دەدات، دەڵێت:

پـــــڕبوبو کەژ و کێـــو لە نـــاڵانی بریندار
ئـەدرا لەسەر و مێشکی جنود گوللەی شەرار
ئەتــــــلاوە بەدەم گوللەی تـــۆپ قائدی طیار
یارەب چەبو ئەم فەرتەنەیە بەم شەوی شەوگار
باروت کەل و شیوی وەکو یەک کردبو منەوەر[3]

لەناو گەرمەی دۆخی شڵەژاوی جیهانیدا دێتەوە سەر پەسنی دۆخە مێژووییەکەی گەلی کورد، دوای سکاڵاکردن لە ناهەمواری سیاسەتی جیهانی لە ئاست باری مێژوویی گەلی کورد لە بەرپرسانی بارەگاکە، (عصبة الأمم) بەبێ ئومێدی بەجێدەهێڵێت، ڕوودەکاتەوە شارێک کە وێنە ئاڵۆز و ترسناکەکانی تووشی تۆقان و دۆخێکی مەترسیداری دەکەنەوە، کە گوزارشتە ئەندێشەییەکانی مەنگوڕییە لە نیشتیمانی کورد و بە دەربڕینی چەندان دەستەواژەی وێنەیی پەسنی گرانی مێژووی سەردەمەکە و دیوە شاراوەکانی سیاسەتی جیهان لەسەر بارە ئاڵۆزەکەی گەلی کورد گەلی کورد دەکات. دەڵێت:

دیـــــــــم کۆمـــــەڵێ ئینسان لەسەر ڕەوتی کـــرێکار
بــێ دەنــگو ووتە خامـۆشو مۆن گرژ و بـــەد ئەطوار
کاریان لێ ئەکرد نەک بە گەچو بەرد قوڕ و مەرمەڕ
سەریان بەموشار ئەبڕی وەکو خشت بێ کەمو زۆر
خـــــوێن یان لێ ئـــەپرژاند و ئەیان خستە قەڵای کۆر
نەخــــــتێکی پێ ئەچو ڕەق ئەبو وەک بەرد بەبێ خۆر

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨ـ ١٩٨٥، ل٧٣.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨ـ ١٩٨٥، ب١، ل٧٣.
[3] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٧١.

ئەكــــــــرا بە دیوارێکی ســــەخت قائمو سەر مۆر
مقیـــــــاسی تەنافیـــــان بو گریـــــجەی کــچی پژدەر[1]

دواتــر کاتێــک باســی کۆمــاری کوردســتان دەکــات، لەگۆشــەنیکای جیــاوازەوە کۆمــارەکەی هەڵسەنگاندووە، پەسنێکی وردی دام و دەزگاکانی کردووە، دۆخی پێکهێنەرەکانی کۆمارەکە شیدەکاتەوە، ڕووناکی دەخاتە سەر گەلێک نهێنی کۆمار، وەک ئەوەی لەبەردەم شانۆگەریەکدا وەستابێت ڕووداوەکان دەهێنێتەوە بەردەم خوێنەر و شاراوەییەک لەلای ناهێڵێتەوە، دیمەنێکی ناوازەی ڕووداوەکەمان دەهێنێتە پێشچاو، بەدەم گێڕانەوەوە تێبینی خۆی دەخاتەڕوو، لە یەکێک لەو پەسنانەدا، لەبۆنەیەکی نیشتمانیدا باسی ڕێوڕەسمی بردنی ئاڵای کوردستان دەکات، کە چۆن بەڕێز و شکۆوە و نرخاندنەوە بۆ بنکەیەکی سەربازی براوە، بە ئاهەنگ و تیپی مۆسیقاوە کاروانی سەربازی دوای کەوتوون، خەڵکی ئاسایی لەسەر ڕێگاکان لەپێشوازیدا وەستاون، لەو جێگایەی ئاڵاکەی بۆ براوە، چین و دەستە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە ئاغا و دەرەبەگ و گەورە و بچووک و پیاو و ژن و منداڵ کۆبوونەتەوە، بەشایی و تەقەکردن و هۆنراوە خوێندنەوە و ئاهەنگەوە ڕێزیان لەو ئاڵایە گرتووە، دەڵێت:" ئەو وێنە شادمانییە گیانێکی تازە بەتازەی پڕ هەست و شعوری سەربەخۆیی و ئازادی ئەخستە ناو لەشی مرۆڤەوە"[2]، ئەو خۆی بەشداری یەکێک لەو ڕێوڕەسمانەی کردووە، کە لەبۆکانەوە ئاڵاکە براوەتە دێی (یەک شەوە)، کە ڕۆژێکی ساردبووە و بەفرباریوە، نزیکەی (٧٠٠) سوارە شوێن ئاڵاکە کەوتوون، دیمەنەکانی بەزم و شایی ئاڵا لەگەڵ مەراسیمێکی بووک گواستنەوەدا تێکەڵ بوون، گەورەکان لەدووری ئەو دیمەنە لەو شانۆگەرییە مێژووییە وەستاون، ئەوانیتر مەستی بەزم و خۆشی بوون، وێنەی دیمەنەکانی دەرودەشت و کەشوهەوا و ئەکتەرەکانی نمایش لە ئاغا و منداڵ و ژن و گۆرانیێژ و میواندۆستیی خەڵکی ناوچەکەمان بە جاریێ بۆ پەسن دەکات، دەڵێت:" بە سەدەها کچ و کوڕ و پیاو و ژن دەستیان خستبووە دەستی یەکتر و بە خوێنگەرمیی و گۆشەی دڵداری، هەمووولایەک وەک یەک مەست و سەر شێواوبوون، بە زوڕنا و دەهۆڵەوە چەند گوێندەیەک ئەو گۆرانییەیان ئەوت، (بایەدا بای دەدا گێل گێلکەی بای دەدا)"[3]، پەسنی ئەو دیمەنە دەکات، چۆن گەورەکان لە پەڕاوێزی شانۆگەرییەکە وەستاون، سەرنجیان لە ئاهەنگی ئاڵا و بووک گواستنەوە گرتووە، دەڵێت:" حەمەڕەشیدخان و ئەحمەدخانی فاروقی و حەمەئەمین خانی قادر خان زادە، سەیری بەزم و شاییان ئەکرد، بەڵام ڕێزی گەورەیی لێی قەدەغە کردبوون خۆیان بخەنە ناو شاییەکەوە"[4]. ئەو ڕووداوەکە دەخاتە سەرباری بینینێکی ڕاستی لای خوێنەر، وەک ئەوەی خۆی بەشداری ساتەوەختی بۆنەکە بووبێت، هەستێکی ئەو کەشەی پێدەبەخشێت و زنجیرەیەک دیمەنی هەست بزوێنی دەهێنێتە بەرچاو.

کاتێک باس لەپۆست و پلەی سەربازی لەناو سوپای کۆماردا دەکات، کەوا قازی محەمەد هەروا بەبێ لێکدانەوە پلەی دەبەخشییە خەڵکی سابڵاغ، بە بەخشینی ئەو پلەیەش ژمارەیەکی زۆری لە ئاغا و دەرەبەگەکانی هێنابووە لای خۆی، لە ڕادیۆی تارانەوە بە گاڵتەپێکردنەوە بڵاویان دەکردەوە کە قازی محەمەد (شەپیور ـ فیقفیق)ێکی چنگ کەوتووە، هەر بە فوپیاکردن ئەفسەر و (دەرەجات)ی لێدەبارێت، لەناو لەشکری قازی محەمەددا ئەفسەریی و دەرەجە هەڵگرتن مۆدە و خولیایەکی زۆر سەیر بووە، پەرۆشی خەڵکەکە بۆ سەربەخۆیەتی وایکردووە ئەستێرەیەک ئەگەر بە قیمەتی گیانی خۆیان بوایە دەیانکڕی[5].

[1] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٣١٩.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ ١٩٥٨، ب١، ل١١٧ـ١١٨.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ ١٩٥٨، ب١، ل١١٨.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی..١٩١٤ـ ١٩٥٨، ب١، ل١١٨.
[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ١٩٥٨ ، ب١، ل١٤٨ـ١٥٠.

**٣- پەسنی کەسایەتییەکان**

مێژووی کەساسەتییەکان قورساییەکی گەورەی لەنێو نووسراوە مێژووییەکانی مەنگوڕیدا هەیە، ئەو تەنها لە بیرکردنەوە و خوڕەوشتی سیاسی و کۆمەڵایەتیان نەدەدوا، بەڵکو دیمەنی دەرەوەی کەسایەتییەکانی وەک بەشێک لە مێژووەکەی دەناساند، لە پەسنی هەندێک لە کەسایەتییەکانی ناو ڕووداوەکان سەرنجی ورد و تایبەتی داوە، تەنانەت باسی جلوبەرگ و سیما و ڕوخساریانی کردووە، کاتێک دەربارەی کەسایەتی قازی محەمەد دەدوێت، ئەو تەنها مێژووی کەسێک ناخاتە بەرباس، هاوکات لەگەڵیدا بەشێک لە کەلتوور و فەرهەنگ و تایبەتمەندێتی مێژووی سەردەمەکە دەهێنێتەوە ناو گفتوگۆکەیەوە و وێنەیەکی زیندووی ئەومان دەهێنێتە پێش چاو، دەڵێت:" شەخسێک بوو سادە و بێ ئارایشت، حەزی بە هەنێک عەزەمەت و خۆ نیشاندان نەئەکرد، وەک دەوری قازیەتییەکەی پاڵتاوێکی ئاودامانی لەگەڵ دەرپێیەکی سپی و کراسێکی بێفەقیانە و سوخمەیەکی دوگمەداری مەلایانە و مێزەرێکی سادە و کەوایەکی خاکی شاقەل شۆڕی لەبەر ئەکرد، هەندێک جار پاپاغێکی کوڵکنی لەسەر ئەنا و پیاوێکی باڵا بەرزی دەم و چاو ئاماڵ سپیکەلانە، ڕوخۆش و دەم بەپێکەنین بوو"[1]. هاوکات کە دێتە سەر پەسنی سەردەمە مێژووییەکانی گەلی کورد، زیاتر چاوی خستووەتە سەر بارودۆخی ناوخۆی کوردستان و لەناو ئەوەشدا پەسنکردن و دەرخستنی ڕۆڵی ڕووداوەکان و گەمەی کەسایەتییەکان زەقدەکاتەوە و هەڵوێستیان لەنێو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا گەورە نیشاندەدات، کاتێک باس لەهاتنی لیژنە هاوبەشەکەی ئینگلیز و حکومەتی عێراق لە ساڵی١٩٣٠و گفتوگۆیان لەگەڵ نوێنەرە کوردەکان دەکات، هەڵوێستی نیشتیمانیان لەڕێگەی گواستنەوەی وتەکانیانەوە دەخاتەڕوو، خوێنەر دەخاتە سەر بارێکی پڕجۆش و هەستیار، پەسنی گەرموگوڕییان لەداواکردنی مافەڕەواکانی کورد و هەڵوێستی بەرگریکارانەی هەندێک لە ئەندامە کوردەکان لەگەڵ وەڵامەکانی لیژنەکە دەکات، خوێنەر دەباتەوە قۆناغەکەی خۆی و وەک ئەوەی هاوشانی ئەو تێبینی ڕووداوەکانی کردبێت، دەڵێت:" محەمەد بەگی جاف وەکو شێر هەستایە سەرپێ و گوتی لیوای کەرکوک بە ئەکسەریەت کوردن و هەموو عەشایەری لیوای کەرکوک منیان توکیل کردووە، بەو ناوەوە داوای جیابوونەوەی کورد ئەکەین لە عێراق، داوای ئیستقلالی زاتی و تەتبیقی موقەرەراتی عوسبەت ئومەم ئەکەین"[2].

لێرەوە دەتوانین بڵێین پەسن بەلای مەنگوڕییەوە سەرنجدان و تێبینیکردنی وردی دیاردەکان و ڕووداو و کەسایەتییەکانە، هەڵسەنگاندن و تۆمارکردنیانە لەڕێگەی ئەو وێنە و دیمەن و ئەندێشەیەوە کە لەچرکەساتە مێژوویی واقعییەکان یان ئەندێشەییەکان بەهۆشی ئەودا گوزەریان کردووە، لەشوێن و کاتێکی دیاریکراودا تۆمارکراون، لەڕێی داڕشتنەوەیان تایبەتمەندیی مێژووییەکانیان دەناسێنێت.

**دووەم ـ میتۆدی بەراوردکاری**

مێژووی بەراوردکاریی شێوەیەکی نووسینەوەی مێژووە، لەئەنجامی پەیوەندییەکانی مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکان مێژوونوسان ناچاربوون پەنا بۆ ئەم میتۆدە ببەن، بە پشتبەستن بە دیاردە گەلێکی گشتی فرەڕەهەند، هەوڵ دەدات بەو پەڕی توانایەوە بگاتە ئەو ئامانجەی لێکۆڵینەوەکە مەبەستیەتی، (دۆرکهایم) پێیوایە ئەگەر لەڕێگەی تاقیکردنەوەوە لەڕاستی هۆکاری دیاردە سرووشتییەکان دڵنیابین، ئەوا ئەمە بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان کارێکی سەختە، دەبێت لەڕێگەی تاقیکردنەوەی ناڕاستەوخۆ بە میتۆدی بەراوردکاری ئەو کارە ئەنجام بدرێت[3]، ئەم میتۆدە خۆی بە سەردەمێکەوە نابەستێتەوە، بە ئاراستەی ڕەگی دیاردە مێژووییەکاندا ڕۆدەچێت، هاوکات لەڕووبەرێکی

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ ١٩١٤، ب٢، ل٩٠.

[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائیقی...، ل٣٣.

[3] مجموعة مؤلفين: منهجية البحث العلمي وتقنياتة في العلوم الإجتماعية، ط١، المركز الدموقراطي العربي للدراسات الإستراتيجية و السياسية و الإقتصادية، برلين، ٢٠١٩، ل١٢٥.

دیـاریکراودا کارناکـات و سـنووری نـاوچەیی و نەتەوەیـی تێـدەپەڕێنێت، بەرەو جیهـانیبوون هەنگـاو دەنێت[1]، واتە لەڕووبەری گشتیدا باڵادەکات، تا سنوورەکانی فراوانتربن، دەرفەتـی کـارکردنی ئەم میتـۆدە کراوەتر دەبێت[2].

بەراوردکـاری بە یەکێک لەگرنگترین و قوڵترین میتۆدەکـان دەژمێردرێـت، واتـە بریتییە لەچۆنێتی سـەرهەڵدانی ڕووداوەکـان و بەراوردکردنیـان بە هاوشـێوەکانیان و وردکـردنەوەی خـاڵە هـاوبەش و جیاوازەکانیـان، بەئامـانجی گەیشـتن بەهۆکـاری ڕووداوێـک و مەودای دوورونزیکـی لەهاوشێوەکانی خۆی[3]، ئەم میتۆدە زەین و بیری مێژوونووس دەگەشێنێتەوە، بەرەو گشتگیری مێژوویـی تازە سەردەکێشێت و دەبێتە هۆی وروژاندنی پرسیارگەلێکی نوێ، وەک مێژونووسی بەریتـانی (بـاراکلو) دەڵێـت:" مێـژووی بەراوردکـاری کـار لەسـەر کۆمەڵێـک کێشـەی فـرە ڕەهەنـد دەکـات، پەل بـۆ گشـت کۆمەڵگاکـانی جیهـانی دەهاوێژێـت، بەلای زۆرێـک لە مێژوونووسـانەوە کلیلێکـی باشـە بـۆ لێکـدانەوەی مێژووی جیهان"[4].

بەپێـی ئەم لێکـدانەوەیە دەتـوانین بڵێـین، مێـژووی بەراوردکـاری بەیەکێـک لە تایبەتمەنـدییەکانی نووسینی مێژوویـی لای مەنگـوڕی دادەنرێت، لەئەنجامی ئەو تێڕوانین و هەڵسـەنگاندنەی بـۆ هەنـدێک لەدۆخ و دیاردە مێژووییەکان هەیبووە، میتۆدێکی بەراوردکـاری لەسـەر ئاستێکی فراوان بەکارهێنـاوە، لەسەر هەریەکە لەدۆخی مێژوویی و جوگرافیی و سیاسیی و ئابووریی و کەسایەتییەکان و لەسەر ئاستی نـــاوخۆ و دەرەوەوەشـــدا، نمـــونەی جیـــاواز و هاوشـــێوەی (بونیـــاد) و (بـــارودۆخ) و (ڕووداو) و (هەلومەرج)ی کۆمەڵگەی بە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکان و خـاڵی بەهێز و لاوازی بەشێوەیەکی ڕوون نیشـانداون. هۆکـاری پەنـابردنی بـۆ ئەم میتـۆدە لەکـاری مێژوونووسـین لای ئەو بـۆ دەرخسـتنی چییەتـی کـۆمەڵگەی کـوردی و بـەراوردکردنی بە کۆمەڵگـەکانی دەرەوەی خـۆی، لەڕووی ئاسـتی ڕۆشـنبیریی و پێشـکەوتنەوە و دەستنیشـانکردنی قەبـارەی کێشـەکان لەسـەر ئاسـتەجیاوازەکانی کۆمەڵگـە بـوو، ئـەو پێیوابوو دەتوانێت بەشێوەیەکی ئاشکراو و ڕوونتر دەستنیشـانی دیاردە و کێشـەکان لەسـەر ئاسـتی تـاک و گشتی بکات، وانە و ئامۆژگاری بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکان پێشکەش دەکات.

**ئاستەکانی بەراوردکردن**

بەلای مەنگـوڕییەوە پانتـایی بەکارهێنـانی میتـۆدی بەراوردکـاریی لەئاسـتێکی فراوانـدایە، تەنـانەت ئاستە ئاساییەکانی بەراوردکـاریی تێپەڕانـدووە، بۆئەوەی بتـوانین پەی بەفراوانـی ئاسـتەکانی ئەو میتـۆدە ببەین، ئەوا هەوڵدەدەین ئاستەکانی بەراوردکردن بەمشێوەیە پۆلێن بکەین:

**١) هەسارەیی و کیشوەریی**

ئەگەر میتۆدی بەراورکاریی سنووری ناوچەیی تێپەڕاندبێت و بەرەو جیهـانیبوون هەنگاوی نابێت، ئەوا بەلای مەنگـوڕییەوە مێـژووی بەراوردکـاریی سـنوورەکانی جیهـانیبوونی بەجێهێشـتووە و هەوڵـی بەراوردکردنـی لەسـەر ئاستێکی فراوانتر داوە، گەورەترین بەراورکاریی کە ئەو ئەنجامیداوە، لەنێوان زەویی و ئەستێرەی مەریخدایە، لە بەرهەمی ئەندێشەیی (گەشتی ئەسـتێرەی مەریـخ) کە بەرهەمـی بیری خۆیەتی، ئەوە بە ڕوونی دەبینرێت، بەراوردێکی وردی ئەو ژیانە ئەندێشەییەی بە ژیـانی مرۆڤ لەسـەر زەوی کـردووە، کە زیـاتر لەدۆخێکـی پێچەوانەی یەکتـردان، بەمەبەسـتی دەرخسـتنی کێشـە قوڵەکـانی کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی وەک خـۆی لەسـەر ئاسـتی گشـتی، ئەو کاتێـک دەچێـتە ناوەنـدەکان و وێسـتگە گرنگەکـانی ژیـان لەسـەر مەریـخ و پەسـنێکی وردی دەکـات، لەکۆتاییـدا دێـتەوە ژیـانی سـەر زەوی و

---

[1] هاشم یحیا الملاح: المفصل فی فلسفة التاریخ، ط١، دار الکتب العلمیة، بیروت، لبنان، ٢٠٠٧، ص٤٨٥.
[2] کامەران محەمەد: فێرنان...، ل١٨٠.
[3] ربحی مصطفی علیان: مناهج و أسالیب البحث العلمی، ط١، دار الصفاء، عمان، ٢٠٠٠، ص٥٦.
[4] هاشم یحیا الملاح: الفصل...، ص٤٨٨.

بەراوردێک لەنێوانیاندا دەکات، مەودای جیاوازییە فراوانەکەیان نیشان دەدات و دەست بۆ بنەڕەت و ڕیشەی کێشەکان دەبات، ئەو مەریخی کرد بەو ڕووناکییەی کە مرۆڤ لە مێژووی سەر زەوی دا دەتوانێت ئیلهامی لێوەربگرێت و ئاسانکاریی بۆ واڵاکردنی دەروازەیەک لەبەردەم گرفتە سەرەکییەکانی بە ئاراستەی چارەسەرکردن کرد، هاوکات وەک نموونەیەکی زیندووی (مێژووی داهاتوو) لێیدەڕوانێت. لە نمونەیەکدا کە باسی دادپەروەریی دادگای مەریخ دەکات، لەسەر دادگایکردنی ژنی پاشای مەریخ، لەئەنجامی ئەوەی لەڕێگەی ئۆتۆمبێلەوە گیاندارێکی کوشتووە، دەڵێت:

ئەلـــحەق عەدالەتی وا شەنگ کـــــردمـــیەوە دیسان دڵتەنگ

هاتــــــ ـــەوە بیرم سەر زەمین کینە و فـــەسادی چـین بە چین

بێویـــــــــژدانی بێـــــــزەمیری پیسی بەینـــی هۆز و میری

دەردی ئیـــــــقتاعی و زۆرداری پاشـــا و شاژن خوو و ئەتواری

بــــــــڕیاری دادگـــــاهی ناهەموار گـــــــەرداوی پۆلیسی غەدار

شـەڕ و فتنە و کوشتن بێدەنگ زوڵمی شێخ و ئاغای صەد ڕەنگ

غـــــەدر و بێ ویجدانی مەئمور پـــــیاوی عـــادی خاوەن قصور[1]

ئەو بەراوردی ژیانی مەریخ تەنها لەسەر ئاستە فراوانەکەی زەوی ناکات، بەڵکو بە نمونەی گەورە و بچووک ڕوونی دەکاتەوە، جارجار تایبەتمەندی دەبەخشێتەوە بە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی و وەک چەقـی کێشەکانی سەرزەوی نـاوی دێنێت، بەراوردەکەی بچوکتردەکـاتەوە بە ژینـگەی کوردستان و بەتایبەتبتر شاری سلێمانی و کۆمەڵگەی ئەوکاتی کوردی وەک نمونەیەک لە پرکێشەترین کۆمەڵگاکانی جیهان دەخاتەڕوو، کاتێک باسی ڕێکخراویی شارەوانی مەریخ دەکات، دەڵێت:

پـــــاک وخاوێـــــن ئاوەدانی ئیســـــڵاحاتی کـــــوچە و بانی

باغ و بـــاخچە دار و بێستان ئــــارایشتی خـــان و عومران...

لە شـــــارەوانی مەسئول بوو تەرتیباتیـــان زۆر مەعقول بوو...

سلێمانیـــــــــم هاتەوە بـــیر کوچـــــــە و کەناسی کوێر و پیر

ساخـــتمانی پیـــس و چەپەڵ گەورەی ڕۆح زل کاتبی دەغەڵ

شـــــەل و گۆجی نـــاو ئیدارە فێـــڵ و فەنـــــدی پـــارە پارە[2]

دواتر ئەو بەراوردەکانی لە ئاسمانەوە دەهێنێتەوە سەر زەویی و زیاتر لەڕوانگەی ئەو بەسەرهاتە سیاسـیی و کـۆمەڵایەتیی و ئـابووریەی لەو قۆنـاغە مێـژوویەدا کـوردی تێـدا ژیـاوە چڕدەکـاتەوە، بە سـەرنجدان لەو دۆخە سیاسییەی بەدرێـژای مێژووی ڕابـردوو کـە گەلـی کـوردی تێدابووە، لە وێستگە مێژووییە جیاوازەکـانەوە بە چرکە ساتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی قۆنـاغەکەدا ڕۆچووە و چواندنێکی لەنێوان هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیای کوردستان، لەڕووی پێگەی ستراتیژییەوە بە وڵاتی پۆڵۆنیا کـردووە، خستوویەتییە ئەو بـارە مێـژوویەی کە لەڕووی گرنگـی شـوێن و سـەنگینی و دۆخـی ناوخۆییـانەوە خـاوەنی هەمـان پێگەن، دەڵێـت:" جێگـا و شـوێنی سـتراتیژی کـورد هەروەکـو سـتراتیژی وڵاتــی پۆڵۆنیـا وایە"[3]، ئەو وڵاتە بەردەوام لەدۆخــی بەهێـزی دۆسـتایەتی هەردوو وڵاتــی (ئەڵمانیـا و ڕوسیا)دا، ڕووبەڕووی پاشەکشەی سیاسی و لاوازی لەئاستی نـاوخۆ و دەرەوەدا دەبێـتەوە، لەئەنجـامی ئـاڵۆزیی و تێکچـوونی پەیونـدییەکانی نێـوان ئەو دوو دەوڵەتە، پۆڵۆنیـا دەکەوێـتەوە سـەر بـاری بەهێـزی سیاسی، کوردستانیش بەهەمانشێوە، لەهەمان پێگەی ناوچەییدایە، لەنێوەندی هەرسێ دەوڵەتـی (عەرەب، تورک، فارس) هەڵکەوتووە، لەگرژیی و تێکچوونی پەیوەندییەکانیان، کورد بەهێز بووە، بەپێچەوانەوە،

[1] میرزا مەنگوڕی: گەشتی...، ل٥٨.
[2] میرزا مەنگوڕی: گەشتی...، ل٤٤-٤٥.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: فەیرۆزخانی...، ل٥.

لەبەهێزی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم وڵاتانە کوردەکان هەمیشە لەلاوازیدا ژیاون[1]، ئەو سکاڵای لە هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیای کوردستان دەکرد، کە سەرباری ئەوەی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان لە دژایەتی کردنی هەمیشەیی گەلی کوردان، تەنانەت نەیارانی ئەم دەوڵەتانەش لە هەنگاوی یەکەمدا بۆ دژایەتی کردنی تورک و عەرەب و فارس پەنجەی فریودانی سیاسیانە بۆ لە خشتەبردنی گەلی کورد دەخەنەکار[2].

ئەو لە چەند شوێنی تردا بەراوردی جوگرافیایی کردووە، بەدوای دوانە هاوشێوە و جیاوازەکاندا لە ماوە مێژووییە نزیک و دوورەکاندا و لە سنووری ناوچەیی و جیهانیدا دەگەڕا و لە نرخاندێکی دیمەنی تری مێژوویدا قەرەباڵغی و گەشت و هاتوچۆی بەردەوامی خەڵکی کوردستانی بۆ شاری مهاباد وەک ناوەندێکی نوێی دەسەڵات لە حکومەتی تازە لەدایکبووی کۆماری کوردستاندا لە ڕووی گرنگی پێگەکەی و بەهاو پیرۆزی بەلای خەڵکی کوردستانەوە دەکردەوە بە هاوشانی شاری (مسجد الأقصى) و وەک تاقە ئومێدی دەربازبوون ئازادیخوازانی کورد لە هەمووولایەکەوە ڕویان لەو قیبلەی ئازادی و سەربەخۆیەتی کردووە[3].

**٢) بارودۆخ**

**ا) ئابووری**

لەڕووی ئابوورییەوە مەنگوڕی دۆخی ئاڵۆزی ئابووری لە چەند سەردەمی جیاوازدا بەراورد کردووە، دۆخی ئابووری کوردستانی بە ئابووری ناوچەکەی و نێودەوڵەتی چواندووە، لەنمونەیەکی نزیکدا بەراوردێکی ووردی دارای کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجانی کردووە، کەجیاوازیەکی زۆر لەنێوانیندا هەبووە، خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندبوون بەپێچەوانەوە گەنجینەی کۆماری کوردستانەوە لە ئاستێکی بەرزدا هەژار و دەست کورتبوون[4]، حکومەتی ئازەربایجان سەربای ئەوەی کەلوپەلێکی زۆری حکومەتی ئێرانی بۆ بەجێمابوو، خاوەنی ڕووبەرێکی فراوان و چەندین شاری خاوەن داهاتبووە، بەڵام ناوچە کوردییەکان لەچەند شارێکی بچووک و ڕووبەرێکی تەسک پێکهاتبوون، ئەمە جگە لە بوونی بانکی شاهانەی حکومەتی ئێران لە شاری تەبرێز کە پارەیەکی زۆری تێدابەجێمابوو، سەرباری ئەوە لەڕووی پیشەسازییەوە چەندین کارگەی گەورەی دروستکردنی (فەرش، شوشە، چەرم، دارتاشی) لە شارەکانی ئازەبایجاندا هەبوون، دیسان دام و دەزگای بەڕێوەبەرێتی و سەرپەرشتیاری ئیدارییان زۆرباش بووە، چونکە ئەوان پیاوی خوێندەوار و شارەزا و شارستانییان بۆ ئەو ئەرکە زۆر بووە، بەپێچەوانەی کوردەکانەوە لەو کاروبارانەدا بارودۆخیان لەئاستێکی باشدا نەبووە[5]، دەرفەتی پەرەپێدانی ئابووریان لاواز بووە، دزی و بەفیڕۆدانی داهات لە ئاستێکی بەرزدا بووە، لەو ڕووەوە نمونەیەک دێنێتەوە، دەڵێت:" ماموری گومرگی بۆکان ئاغای ئیسحاقی ناو واریداتی ساڵێکی بە (٥) هەزار تومان نیشاندابوو، کەچی لەعەین کاتا واریداتی تەنها بەشی گومرگ (٧٠) هەزار تومان بووە لە ساڵی پێشوودا، لەسەر ئەم ناشرینییە ماموری ناوبراو برایە سابڵاغ لە دوای پێنج ڕۆژ بەندی بەرەڵاکرا، کردیان بە ماموری دابەشکردنی زەخیرەی جەبهەکانی لەشکر لە سابڵاغا کە ئەم وەظیفە تازەیەی زۆر لە ئیشە کۆنەکەی چەورتر و بێقڕەتر بووە"[6].

ئەو کاتێک باس لە سیاسەتی داگیرکاری بێگانە لەنێوخاکی کوردستاندا دەکات، ڕۆڵی ئابووری لەنێو ئەو سیاسەتەدا زەقدەکاتەوە، هەڵسوکەوتی ستەمکارانەی بێگانە لە پەراوێزخستنی ناوچە کوردییەکان

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: فەیرۆزخانی...، ل٥.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ ١٩٥٨، ب١، ل١٠.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ ١٩٥٨، ب٢، ل١٦٩.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ ١٩٥٨، ب١، ل١١٢ـ١١٣.
[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ ١٩٥٨، ب١، ل١١٥.
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ ١٩٥٨، ب١، ل١١١.

لەڕووی گرنگیدان و گەشەی ئابوورییەوە دەخاتە بەرباس و سەرباری دەوڵەمەندی ناوچە کوردییەکان بەراوردێکی ئەو دۆخە دەکاتەوە، کە لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراقدا تیایدا ژیاوە، بەوشێوەیە گوزاشتی لێ دەکات و دەڵێت:" لە کوردستانا ئەنواع ئەراض و دەشتگای گەورە گەورە هەیە، بۆ هەموو وێنە کشتوکاڵێک دەست ئەدا، چەند هەزاران هەوارگەی چڕ و دارستانی خواکرد کە لەسەرپەرشت کردنیا ئەنواع ئیرادە و چاکەی گەل ئەهێنێتە ڕوو، چونکە هی کوردن بێ کشتوکاڵ و ئیسلاح و عیمران ماوەتەوە، بەڵام لە مەنطقەی جنوبی عێراق بستێک ئەراضی لم بۆ زرع نەماوەتەوە، لەسەر حسابی حکومەت ئەنواع جۆگا و نەهریان ڕاکێشاوەتە سەر ئەو ئەرزە چۆڵ و گەرم و گوڕ و خوێیاویە"[1].

**ب) کۆمەڵایەتی**

ئەو زۆر سەرنجی لە دۆخی کۆمەڵایەتی گەلی کورد دەگرت و بەدوای خاڵەلاوازەکانی دەکەوت، لەو ڕووەوە لەچەند شوێندا تانەی لێدەگرت و بەریشەی مێژووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا ڕۆدەچوو و لەوێوە سەرچاوەی گرفتەکانی دیاری دەکرد، بەدەمەوەچوونی کۆمەڵایەتی لەکاتە مێژووییەکان و بۆنەکاندا بەلاواز دەبینی، ڕێزنەگرتنی بەها و دروشمەکانی نێو کۆمەڵگەی بە خاڵی نەرێنی لەسەر کەسایەتی کوردی لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ هەژمار دەکرد، کاتێک باس لە کۆچی دوایی هونەرمەند حەسەن زیرەک دەکات لە ساڵی (١٩٧٢) بەراوردی هەمان جێگە و پێگەی لەنێو کۆمەڵگەیەکی تردا دەکاتەوە، ئەو باس لەساتەوەختی مردنی هونەرمەندی عەرەب (ئوم کەلسوم) دەکات لە ساڵی (١٩٧٥)، کە بە شکۆ و ڕێزەوە مەراسیمێکی بۆ گێڕدراوە تەنها مەگەر بۆ (جمال عبدالناسر) کرابێت، بەڵام حەسەن زیرەک، کە بەهای هونەری لە (ئوم کەلسوم) بالاتربووە، لەبارودۆخێکی دژواردا و پەراوێزخراودا لە نەخۆشخانەیەکی شاری بۆکان کۆچی دوای کرد و هیچ بەها و پێگەیەکی هونەری و کۆمەڵایەتی لەبەرچاو نەگیرا، دەڵێت:" ڕۆڵەی گەلێکی پاشکەتوی وەک کورد بوو، هەر ئەو ڕێزەیان لێنا کە لە بوێژ و شاعیر و گویندەکانی تریان ناوە"[2].

بەڵام کاتێک لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی دەدوێت لەبارەی ئەو هەڵوێستەی خەڵکی کوردستان لەساڵانی حەفتاکاندا نواندویانە، بەتایبەتی لەکاتی پێکدادانەکانی نێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشی کورددا، لە ساڵی (١٩٧٤) باس لەهەڵوێستی بەرزی خەڵکی کوردستان دەکات، لەبانگەوازی بەدەمەوەهاتنی شۆڕش و تێکۆشان و قوربانیدانەکانی لەو دۆخە ئاڵۆزە مێژووییەدا، چ هەوڵێکیان بۆ دەربازبوون داوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، وازیان لەخۆشی و سامان و ئارامی خۆیان هێناوە، ڕوویان لەژیانێکی سەخت و پڕمەترسی و هەژاریی و ئاوارەیی کردووەتەوە، لەوپێناوەدا هەموو شتێکیان بەخشیوە، ئەو بارودۆخ و هەڵوێستەیان بە گەلی (ئەڵمانیا و پروسەکان و نەمسا) لەسەردەمی هێرشی ناپلیۆندا بەراورد دەکات، کە ژنەکانیان پرچەکانی خۆیانیان بڕیی و لەگەڵ زێڕەکانیان بە فەرەنسییەکانیان فرۆشت و پارەکەیان بە گەنجینەی شۆڕش بەخشی، دەڵێت:"سوپاس بۆ قارەمانانی گەلی کورد، کە ئەندازەی تێگەیشتن و دڵسۆزییان گەیاندە ئەو پلەیە، هەموو کوردێک لەلای خۆیەوە بەم بانگەوازی نیشتیمان پەرستییە ڕابگات، هەمان ڕەوت و شێوەیان بەکارهێنا، کە میللەتی (ئەڵمانیا و پروسیا) لەدەوری ناپلیۆن لە ساڵی (١٨٠٧) بەکاریان هێنابوو"[3]، ئەو باسی مێژووی ژیان لە قۆناغە جیاوازەکانی خەڵک و ڕادەی هوشیاریی و ئاستی تێگەیشتن و خەبات و قوربانیدانیان لەپێناو ڕزگاریدا دەکات.

**٣- ڕووداو**

وەک هەموو بەراوردەکانی تر ئەو ڕووداو و کارەساتانەی لەبارێکی مێژووییدا بەسەر گەلی کورددا هاتوون بەو ڕووداو و هەلومەرجە چواندووە، کە لێیەوە نزیک بوون، یان لە هەندێک

[1] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٨٥.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨ـ ١٩٨٥، ب٢، ل١٤٦ـ١٤٧.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨ـ ١٩٨٥، ب٢، ل٢٢.

تایبەتمەندییاندا جیاوازبوون، ئەو کاتێک ڕووداوی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی لە ساڵی(١٩٣٠) دەگێڕێتەوە، وێنەی ئەو ڕووداوە بەراورد دەکاتەوە بە مێژووی قۆناغێکی گرنگی مێژوویی گەلی پروسیا لەسەردەمی هێرشی ناپلیۆندا، پێوابوو هەمان دۆخی مێژوویییان هەیە، کاتێک باسی بەدەمەچوونی خەڵک بۆ ڕووداوەکە دەکات، چۆن دوکان و بازاڕەکان داخراون، خوێندکار و مەلا و فەقێکان لە قوتابخانە و مزگەوتەکان هاتوونەتە دەرەوە، ژنان هاوشانی پیاوان بەشداربوون، شاعیرانی وەک بێکەس و زێوەر کەوتونەتە هۆنراوە و وتار خوێندنەوە، دەڵێت:" بەردەرگای سەرا بوو بە ساحەی مەحشەر، ئەو ساحەیە بەتەواوی تەیری مردنی بەسەرەوە نیشتبوو، بەو تەرتیبە بەسامەوە عەینی تەمسیل و تەصویری پروسیای ئەکرد لە ساڵی (١٨١٣) دا پەلاماری ناپلیۆن و فەرەنسییەکانیاندا، بەڵام فەرقی پروسیایی و کوردەکان ئەوەبوو لەمان کەس واجباتی خۆی نەئەزانی چیە و کەس بە تەعلیماتەوە نەهاتبووە ناو کۆمەڵی کارزارەوە، ڕەشاش و ئەسڵەحەی دەستی پوارەکانمان تەنها ئەو خڕکە بەردانەبوون ئەیانگرتنە کاپتن (گاوون) و مونتەخەبە کورد فرۆشەکان"[1]، ئەو بەم بەراوردکارییە مێژووییە ڕەخنە لەو دەرفەت و هەلە مێژوویییانە دەگرێت، کە کورد نەیتوانیوە وەک پێویست بیخاتە خزمەت چارەسەرکردنی دۆخە سیاسییەکەیەوە، بە هەڕەمەکی بەناو مێژوودا تێپەڕیووە و خاوەنی ئامانج و پلان و ستراتیژ نەبووە.

ئەو لەسەر کارەساتی بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێ و ئەو کۆمەڵکوژییەی لە ڕێکەوتی (١٩٧٤/٤/٢٤) ڕوویداوە، ئاستی کارەساتەکە بە قەبارەیەکی گەورە نیشان دەدات و بەقوڵی و بە هەستێکی بەرپرسیارانەوە لە مەینەتییەکانی خەڵک دەدوێت، باس لەشپرزەیی و کاریگەریی گەورەی ڕووداوەکە دەکات لەسەر بارودۆخی خەڵکی کوردستان، ئەو بەراوردەکەی لەئاستێکی بەرزدا دەکات و بەیەکێک لەڕووداوە کارەساتبارەکانی مێژووی جیهانی دەچوێنێت، کە کارەساتی (هێرۆشیما و ناکازاکی)یە، ڕووداوەکە بەڕادەیەک ناخ هەژێن بووە، کە دەڵێت:" بە ئەندازەیەک ئەو شارە شپرزە و تێکدرابوو مەگەر هەر شاری (هێرۆشیما و ناکازاکی) ژاپۆن لە ساڵی (١٩٤٥) ئەوەی بەسەرهاتبێ"[2].

کاتێک لە بزووتنەوە و چالاکیەکانی حەمەڕەشیدخان لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٤١) بۆ سەر ئێران دەدوێت، ئەو باس لە گرتنی شاری بانە و پێکدادانەکانی نێوان هێزەکەی حەمەڕەشیدخان و پێشڕەوییەکانی تا گرتنی شارەکانی سەقز و سەردەشت و دیواندەرە دەکات، ئاماژە بەوە دەکات سەرکێشی سوپاکەی ڕێگر بووە لەبەردەم سەرکەوتنی و شکستی لەناوچەی دیواندەرە و تێکشان و شپرزەی ئەو شارە بەراورد دەکاتەوە بە دوو لە جەنگە بەناونانگەکانی ماوەی جەنگی جیهانی دووەم، کە جەنگی ( ستالینگراد و عەلەمەین[3])ە و بەدناویەکانی داروودەستەکەی کرد بەهۆکاری ئەوەی ئەو شۆڕش و پەلاماردانە بەسام و شکۆیەی بووبەهۆی ئەوەی ئاکامەکەی بە ڕاوڕووت و چەتەگەری کۆتایی بێت و تا دوایی نەتوانێت ناوەندێکی دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی و گەلەکەی پێکبهێنێت[4].

**٤) کەسیی**

لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش مەنگوڕی بەراوردێکی وردی هەندێک لە کەسایەتییە کوردییەکانی قۆناغە مێژوویییەکانی کردووە، ڕەوشت و تایبەتمەندییەکانی دیاریکردوون، لەوێوە خاڵی

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٤٨-٤٩.
[2] میزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨- ١٩٨٥، ب٢، ل٣٨.
[3] ( ستالینگراد و عەلەمەین) ناوی دوو لە جەنگە بەناوبنگەکانی مێژووی مرۆڤایەتین کە لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا و لە ساڵی ١٩٤٢ڕوویانداووە، یەکەمیان لە شاری ستالینگراد لە ڕوسیا لەنێوان ئەڵمانەکان و ڕوسەکاندا کە بەسەرکەوتنی بەرەی دووەم کۆتای هاتووە، دووەمیان لە باکووری ئەفریقا لەنێوان ئەڵمان و ئیتالیەکان لەبەرانبەر بەریتانیەکان ڕوویدا و بەسەرکەوتنی سوپای بەریتانیا کۆتای هات. بۆ زیاتر بڕوانە: سامان حسین ئەحمەد: زلهێزەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیەوە تا کۆتای جەنگی سارد (١٩١٤-١٩٩١)، چ١، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٥٧-١٥٨.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤- ١٩٥٨، ب١، ل١٩٠.

بەهێز و لاوازی دەستنیشانکردوون، توانا و ئاستی ئەوانی لەچاو پێگە و بەرپرسیارێتی لەو سەردەمە نیشانداوە، ئەو باسی یەکێک لەڕێبەرە کوردەکانی ئەو قۆناغە دەکات، کە شێخ مەحمودی حەفیدە، ماوەی چەندین ساڵ جڵەوی سەرکردایەتی بزووتنەوەی سیاسی گەلێکی لە دەستبووە، کاتێک باس لەسەردەمی دوای شکستی حکومەتەکەی و دوورخستنەوەی بۆ گوندی پیران لە ساڵی (١٩٣٠) دەکات، هەلومەرج و بارودۆخە مێژووییەکەی هاوتا دەکاتەوە بە یەکێک لەسەرکردە ناودارەکانی جیهان کە (ناپلیۆن)ە، ئەو پێگەی شێخ مەحمودی بەرز ڕاگرتووە، ئەوانی لەهەمان بارودۆخی مێژوویی بینیوە، بەڵام تانە لەهەڵسوکەوتی سیاسی شێخ مەحمود دەگرێت، کە لەئاستی بەرپرسیارییەتیەکەیدا نەبووە، نرخی پێگەی مێژوویی خۆی نەزانیوە، بەوەی نەیتوانیوە سود لەئەزموونەکەی وەربگرێت و وەک پەند و ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی دوای خۆی بەجێیبهێڵێت، وەک دەڵێت:" دێی پیران بۆ شێخ مەحمود بوو بە جەزیرەی سەنت هێلانەی ناپلیۆن لە ساڵی (١٨٢٢[١])، بەڵام فەرقەکەیان ئەوە بوو ناپلیۆن لەو مەدەی ئەسیریا هەڵەکانی خۆی بە عیبرەت بۆ بەشەریەت ئەنووسیوەیەوە، بەڵام شێخ مەحمود ئەو مەسافە دووریەی بە (ڕاوە کەو) و هەندێک حاڵاتی دوور لە ئیجتیماعی عەسری (٢٠) ڕای ئەبوارد"[٢].

هەرچەندە بەراوردکرنی ئەم دووکەسایەتییە لە ڕووی پێگەی سیاسی و ڕۆڵیان لەنێو ڕووداو و گۆڕانکارییە مێژووییەکانی جیهان هاوتا نیە، بەڵام مەبەست لێرەدا گرنگی و بایەخی ئەزموونی کەسایەتییە مێژووییەکان و دەستنیشانکردنی گوزەرێکی دروستە بۆ تێپەڕین بەناو مێژوودا، دەرخستنی میتۆدی بەراوردکارییە لە نووسینە مێژووییەکانی مەنگوڕیدا.

ئەو چەند بەراوردی تری لەسەر ئاستی کەسایەتی کردووە، لەماوە و مەودای مێژووی جیاواز یان لەهەمان کات و سەردەمدا، لە نموونەیەکی تری مێژوویی ناوخۆییدا لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا هەڵسەنگاندێکی وردی دوو کەسایەتی ناسراوی ئەو مێژووەی کردووە، لەنێوان مەلا مستەفا و حەمەڕەشیدخان دا، دەڵێت:" حەمەڕەشیدخان عەلاقەیەکی مادە پەرستی هەبوو، ئەیەویست شعور و دەسەڵاتی مادە پەرستی خۆی بپارێزێت، بەڵام مەلا مستەفا ناوبانگی قەومیەتی پێ لەو باشتربوو، زۆر بەتەنگ دەوڵەت و ماڵ و مڵکدارییەوە نەبوو، دەستەی حەمەڕەشیدخان لەسەر (٢٠) کیلۆ شەکر، محاسەبەی حەمەڕەشیدخانیان ئەکرد، بەڵام میللەتی بارزان بەرانبەر خۆشەویستی خانەوادەی بارزان لەوپەڕی پەرستندابوو"[٣]، حەمەڕەشیدخان بەرانبەر دەستەی خوێنەواری زۆر ئاشنایەتی نەبوو، گیانێکی سەرکێشی لەخۆبایبوونەوە، دۆستایەتی عەشایەری لە خوێندەواری بەلاوە باشتربووە، بەڵام مەلا مستەفا پێچەوانەوە، بایەخی خوێندەواری بەسەر چەکدا بەرزتر ڕادەگرت، لەگەڵ دەستەی خوێندەواریدا زۆر ئاشنابوو، حەمەڕەشید خان بێباکانە ئەجوڵایەوە و لای وابوو ڕاستی ژێر درۆ و بوختان و ناپاکی ناکەوێت[٤]، شارەزای هەموو هەست و نەستێکی عەشایەرەکان بوو، تا چ ئەندازەیەک دەستی فڕوفێڵیان هەیە و بەتاسەوەبوون بۆ ڕوخاندنی حکومەتی قازی محەمەد، لێزانانە لەگەڵیاندا دەجوڵایەوە، بەڵام مەلا مستەفا تازە هاتبووە ئێرانەوە، عەشائیرەکان هانیاندەدا تا حەمە ڕەشیدخان لە حکومەتی قازی محەمەد سەرنەکەوێت بۆئەوەی ئەوان لەبازارێکی شێواودا دزی بکەن[٥]. ئەمانە و چەند سیفەتێکی تری ئەو

---

[١] مەنگوڕی لێرەدا ساڵەکەی بە هەڵە ئاماژە پێداوە، ناپلیۆن لەدوای بەستنی کرنگرەی ڤیەنا و لە ساڵی ١٨١٥ بۆ ئەم دورگەیە دورخراوەتەوە، لە ساڵی ١٨٢١ هەر لەم دورگەیە کۆچی دوای کردووە. بڕوانە: إلياس أبو شبكة: تاريخ نابوليون بونابرت، مؤسسة هنداوى، قاهيرة، ٢٠١٧، ص٣٠٣، ٣٤٣. ئامانجی مەنگوڕی لێرەدا بەراوردکای مێژوویی ئەو دوو کەسایەتییەیە نەک جەختکردنەوە لە سەرکاتی ڕووداوەکان، بەتەواوی دڵنیانین هەڵەی چاپە یان ئەو بەروارەکی بە هەڵە نووسیووە.

[٢] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائیقی...، ل٢٤.

[٣] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ ١٩٥٨، ب١، ل١٦٣ـ١٦٤.

[٤] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ ١٩٥٨، ب١، ل١٥٢.

[٥] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ ١٩٥٨، ب١، ل١٦٢ـ١٦٣.

دووکەسایەتییە ئەوروژێنێت، بەو بەراوردە مێژووییە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرە کوردەکانی نووسیووەتەوە.

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین بەراوردکاری وەک ڕێگەیەکی خۆدەربازکردن لەکورتبینی و تێپەڕاندنی مێژوویی لای مەنگوڕی کاری پێکرا، ئەو لەو ڕێیەوە بە هاوتاکردنی دۆخە مێژووییە هاوشێوەکان لەکاتە مێژووییە جیاوازەکاندا لەسەر ئاستی تاک و کۆ، ئەندازەی تێگەیشتن و شارستانیبوونی تاک و کۆمەڵگەی کوردی هێنایە بەرباس، بەراوردەکانی لە کۆمەڵگەکەی خۆیدا ڕاناوەستێت، بەڵکو کۆی مێژووی مرۆڤ لەخۆدەگرێت، لێرەوە قەبارەی کێشەکانی نیشانداوە و بەئومێدی چارەسەر بە کاتە جیاوازەکانی مێژوودا ڕۆچووە.

## باسی سێیەم: وێژەی هونەری و ئەندێشە و ئەرشیف:

**یەکەم ـ وێژەی هونەری:**

هەرچەندە (بولیبیۆس) پێیوایە مێژوونووس نابێت وەک شاعیر و ڕۆمان نووس ئەندێشەئامێز و هەست بزوێنبێت، بەڵکو ئامانجی ئەو تەنها دۆزینەوەی ڕاستییە[١]، بەڵام (کرۆچە) مێژوو جۆرێکی تایبەتی لە هونەر دەزانێت نەک ئەوەی جۆرێکبێت لە زانست، مێژوو وەک گێڕەرەوەی ئەوەی ڕوویداوە لە سنووری قەڵەمڕەوی هونەردایە[٢]، لەکاتێکدا هەندێک لە مێژوونووسان بۆ نیشاندانی وێنەیەکی نزیکتر لە ڕاستیەوە لە گێڕانەوەی مێژوویی پەنایان بۆ کەرەستەی هونەری بردووە، وەک (فێرنان برۆدێل) هەندێکجار نووسینەکانی بەشێوەی هۆنراوە و پەخشان دەگێڕایەوە، لە یەک کاتدا وەک مێژوونووس و هونەرمەند مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکاندا کردووە[٣].

گوزارشتکردن یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سروشتی مرۆڤ، حەزی دەربڕین لە بارودۆخ و ڕەهەندە دەرەکی و ناوەکییەکان ویستێکی خۆویست و خۆنەویستانەی مرۆڤە، کردەیەکی ئاڵۆزە پەیوەندی بە پرۆسە ژیری و دەروونییەکانی مرۆڤەوە هەیە[٤]، بەڵام نووسەری لێهاتوو ئەوەیە لەکاتێکدا گوزارشت لەو زەمەن و هەست و سۆزەی خۆی دەکات، لەهەمانکاتدا هەناوی گۆڕانگاریەکان دەربخات و لەو ڕێگەیەوە هوشیاریەکەی فراوانتر و مرۆڤانەتر دەربخات[٥].

مەنگوڕی لەبەر ئەوەی لە یەککاتدا نووسەر و شاعیر بووە، لایەنی هونەری لە هەر مێژوونووسێکی تر بەرچاوتر لە بەرهەمەکانیدا دەبینرێت، هەوڵیداوە بە سودوەرگرتن لە بەهرەی ئەدەبی بەرگێکی هونەری فرەچەشن بە بەرهەمەکانی ببەخشێت، لەوێوە بەشێوەیەکی ڕوونتر نووسینەکانی ئامانجداربکات، کۆمەڵێک کەرەستە و شێوازی هونەری بخاتە خزمەت هەندێک لە نووسینەکانیەوە، تا شێوازێکی ئەدەبی بە بەرهەمەکانی ببەخشێت، دیمەنێکی نزیکتر لەڕاستییەوە بەدەستەوەبدات، بە دەربڕینێکی کورت مانا و تێگەیشتنێکی وێنەدار بۆ بەرانبەر بگوازێتەوە، بە بەخشینەوەی شێوەیەک لە هونەر چێژ بە خوێنەر بدات و خۆی لە بێزارکردنی بپارێزێت.

**ا) هۆنراوە**

(هۆراس) مەبەست و ئامانجی هۆنراوەی دیاریکرد، کە بریتییە لە سودبەخشین و چێژ پێگەیاندن، ئارەزوو بزواندن و لێکدانەوەی پەندەکانی ژیان[٦]، هۆنراوە پەیوەندییەکی بەهێزی بەبیرکردنەوە و دەربڕین و زمانی نووسینەوە هەیە، ئەو بیرکردنەوەیەی لەنێو زمانێکی هۆنراوەیدا خۆی بەرجەستە دەکات، لەگەڵ جۆری دیکەی بیرکردنەوەدا هاوتا ناکرێت[٧]، پەیوەندی نێوان گێڕانەوی مێژوویی و هۆنراوە پەیوەندیەکی بەهێزە، کاتێک (ئەرستۆ) دەڵێت بناغەی هۆنراوە داستانە، باس لە پەیوەندی نێوان مێژوو هۆنراوە دەکات[٨].

مەنگوڕی بە قوڵی هەستی بە کاریگەریی دەربڕینی شعری لەسەر دەروونی خوێنەر کردووە، بەتایبەت لە ڕوی جوانی و دەربڕنەوە، لە بەخشینی سۆز و پێدانی واتایەکی نزیکتر لە ڕاستی ڕووداوەکانەوە،

---

[١] عەبدولحسەین زەرینکوب: مێژوو لە تەرازوودا، و. قادر محەمەد حەسەن، سۆران بهاء ئەحمەد، چ١، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١١، ل٥٨.

[٢] عەبدولحسەین زەرنکوب: مێژوو لە...، ل٢٣٤.

[٣] کامەران محەمەد: فێرنان...،ل١٨٢.

[٤] ڕێبوار محەمەد مەلازادە: تیۆری ئەدەبی و دەقی شعری کوردی لە تیۆری ئەدەبیدا، چ١، ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر،٢٠٢٠، ل٣٠٠.

[٥] کۆمەڵێک نووسەر: چەند وێستگەیەکی فکری و ئەدەبی، و. ئازاد بەرزنجی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٠، ل٢١٢.

[٦] هۆراس: هونەری شعر، و. حەمید عزیز، مطبعة الزمان، بغداد، ١٩٧٩، ل٧.

[٧] محەمەد کمال: فەلسەفەی هونەر، چ١، چاپخەنەی سەردەم، سلێمانی، ١٠١٧، ل١٨١ـ١٨٢.

[٨] عەبدولحسین زەرینکوب: مێژوو لە...، ل٥٥.

ئەو لەڕێگەی هۆنراوەوە مێژووی خستە سەر بارێکی ویستراوتر، واتا و مەبەسێکی فراوانی مێژووی لە چوارچێوەی دێڕە هۆنراوەکاندا جێکردەوە، بە دەربڕینێکی کورت مێژوویەکی فراوانی بۆ ئێمە گێڕاوەتەوە، زیاتر لەوەی سودی لە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕابردوو وەک کەرەستەی هۆنراوە وەرگرتبێت، وەک کەرەستەیەک بۆ ئارایشتکردنی مێژوو بەکاری هێناوە، وەک لە وەڵامی بابەتێکی ڕەخنەیی کە بۆ (ڕەفیق حلیمی) نووسیوە، دەڵێت:''شعری قافیەدار جنبشێکی گیانی و شعور بەسەر مرۆڤدا ئەهێنێت، شعر ئەبێ جوملە ئارایشت بدات بەهۆی قافیەوە، وەک گولله کەلەی ئینسان بقلیشێنێتەوە''[1]، هەر بەهۆی ئەو کاریگەرییە هونەرییەی هۆنراوە لەسەر دەرونی مرۆڤ ئەو سەرباری ئەوەی بابەتە مێژووییەکانی بەشێوەیەکی ئاسایی نووسیوەتەوە، هاتووە دووبارە ئەو مێژووەی لە چوارچێوەی هۆنراوەدا دارِشتووتەوە، مێژووی سیاسی کوردی لە قۆناغە جیاوازەکانی سەدەی ڕابردوو بە هۆنراوە نووسیوەتەوە، ئەمەش واتای ئەوەیە بەلای ئەوەوە هۆنراوە تایبەتمەندی بە مێژوو دەبەخشێت و جیاواز لە نووسینی ئاسایی پەیامی مێژوویی دەگەیەنێت و لە بیر و هۆشی مرۆڤدا زیاتر دەمێنێتەوە، لەم دێڕە شعرەدا مێژووی شۆڕشی ئەیلول دەگێڕێتەوە، دەڵێت:

سالْـــــــی هەشتاویەک لە چواری نیسان  کۆنفرانســـــــــێکی گەورە لە ئـــــــێران
لـــــــە مەرزی وەزنەو (نۆکان) دەوڵەتو پیـــک هات لە هەمو حـــــــزبی یەکگرتوو...
بــــــــۆوەی دەستوری ریکەوتن دانێن ناکوکـــــــــی فری دەن بــــــەدی وەلانین
نــــــــزیک بەم شـــوێنە زیندانێ هەبو  کوردی سەرکێش یان تێئەخست زوزو
دەوڵـــــــــــەتی عێراق بەم سرەی زانی بـــــــۆوەی کۆنفرانس نـــــەژی بە جوانی
چوار فرۆکەی نارد لێیدان زۆر ستەم کوبوونـــــــــەوەکەی لی تیکدان یەک دەم
سێ صەت و پەنـــجا کەی زیـــــــــندانی کـــــــوشت و لەنـــــــاودا بەبی ویجدانی[2]

**ب) پەخشان**

پەخشان هونەرێکی وتنە و هۆش و هەستی مرۆڤ نیشاندەدات و دوورە لە کێش و سەرواوە، بیر و سۆز بەسەریدا زاڵە[3]. مەنگوڕی جگە لەوەی پانتاییەکی زۆری بەرهەمەکانی نووسینی ئاساییین، بەڵام جارجار لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، بۆ ئەوەی دیمەنێکی نزیکتر لە وێنە ڕاستەقینەکە نیشان بدات، بە پێویستی زانیوە بەرگێکی ئەدەبیانە بە گواستنەوە و داڕشتنی ڕووداوەکاندا بکات، لەم ڕێگەیەوە هەستی خوێنەر دەجوڵێنێت بە جۆرێک دەیخاتە دۆخێکەوە لە بەردەم خوێندنەوەی پەڕەیەکی ئاساییدا واهەست بکات، کە خۆی لەناو ڕووداوەکەدا بووە، دیمەنەکانی ڕووداوەکە بە وێنەوە جارێکی تر خۆیان دوبارە دەکەنەوە، لە هەندێک شوێندا بە ئاسانی هەست بەوە دەکرێت، وەک کاتێک باسی باروودخی ناهەمواری بارزانییەکان و کۆچ باریان دەکات، لە کۆتاییەکانی کۆماردا، لە سەقزەوە بەرەو سابڵاغ و دواتر بەرەو ناوچەکانی شنۆو لاجان، دەڵێت: ''لە هیندی جێدا ژنەکانیان بێشکەیان بە کوڵەوە بوو، مناڵیشیان لەسەر قەلەدوشکان چەسپ کردبوو، لە هەندێک جێگادا منداڵی ٧-٨ ساڵان بە پێ ڕۆیشتن، پێوپلە ناسکەکانیان لەناو بەفرا نقوم ئەبوو،لە هیندی شوێنا پیرە ژنەکانیان بە پشتی چەماوە بەدارە دەست، بەپێی ڕووت بەعصا بە کالە و پێ تاو خۆیان دابەستبوو، بە دوای کۆچ وباری بارزانیدا ئەیان خاوت، مەڕومالْ و ژن ومنالْ وکۆچ و باری بارزانی، لەپێش لەشکرە کشاوەکەی بارزانیدا ڕێی داگرتبوو، بەرەو سابڵاغ، بەرەو خزمەتی زەعیمی بارزان و بەرەو فەرماندەی هەموولایەکیان، بەرەو جەنابی جەنەڕاڵ مەلا

[1] میرزا محمد ئەمین مەنگوڕی: وەڵامی مامۆستا ڕەفیق حلمی لە بەرانبەرار ئینقلابی شعری کوردی، گۆڤاری شەفەق، ژمارە(٤)، ب(١)، نیسانی (١٩٥٨)، ل٧.
[2] میرزا مەنگوڕی: شەش کتێبی مێژوویی، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢٢، ل٤٦٤.
[3] مستەفا ساڵح مستەفا: هونەرەکانی پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا(١٩٢٦-١٩٣٢)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١، ل٤١.

مستەفا کەوتبوونەڕێ، چەرییەک چ ڕۆیشتنێک، ڕێگای نهایەت، ڕێگای قڕی و ماڵوێرانی و ڕۆیشتنی بێ هیوا، ڕۆیشتنی بێمەنزڵ، شوێنی ڕۆیشتنی کەس نەزانی، کە بۆ کوێ ئەچن و لەکوێ اسکان ئەبن و چە ناوچەیەکیان بە نسیب ئەبێ"[١].

**ج) چیرۆک**

(ڤۆڵتێر) لە پەیوەندی نێوان مێژوو و چیرۆکدا دەڵێت مێژوو چیرۆکێکە وەک حەقیقەت ئەگێڕێتەوە، ئەم وتەیە نزیکی پەیوەندی نێوان چیرۆک و مێژوو نیشاندەدات، واتە مێژوو ئەو چیرۆکانەیە، کە ناوەڕۆکێکی ڕاستەقینەیان هەیە، وەک (سارتەر) دەڵێت مرۆڤ هەمیشە حیکایەتخوانە و لەنێو چیرۆکی خۆی و ئەوانیتردا دەژی[٢]، مەنگوڕی چیرۆکی وەک تەواوکاری مێژوو دەبینی و ئەو لە هەناوی چیرۆکەکاندا بە شوێن ڕەگی ڕاستییەکاندا دەگەڕا و پێیوابوو چیرۆکەکان هەڵگری بە شێک لەو پەیامە ڕاستەقینەیەن، کە لە خاوەنەکانیان ونبوون، دەتوانرێت لەڕێیانەوە بەشوێن ناسنامەی خۆیاندا بگەڕێن. ئەو چەند چیرۆکێکی لە چوارچێوەیەکی مێژوویی سەرنجڕکێشدا گێڕاوەتەوە، وەک چیرۆکی (فەیرۆزخانی پشت کۆ، ماهراکۆ، زێڕینای ئامێدی)، کە هەریەکەیان باس لەسەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو دەکەن، پێیوابوو ئەگەر بەڵگە دەربارەی دروستی ئەو چیرۆکانە لە ئارادا نەبێت، ئەوا بەڵگەش بۆ بێبنەماییان بەدەستەوەنیە، وەک خۆی دەڵێت نەخێر ئەو ڕووداوانە ئەفسانە نین[٣]، بۆیە بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش چەند چیرۆکێکی مێژوویی نووسیوەتەوە، ڕێخستن و بەریەکەوتنی ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان و وردەکارییەکانی ناو چیرۆکەکان خوێنەر دەخاتە سەربارێکی بەردەوامی لە خوێندنەوە، لەڕێی گێڕانەوەی چیرۆکەکانەوە دەیەوێت نەوەکانی ئاییندە بە بەشێک لە مێژووی ونبووی گەلی کورد ئاشنابکات، لەهەمانکاتدا بیانخاتە سەر ڕێچکەی سۆراغکردن بۆ گەڕان بەدوای ڕاستییە مێژووییەکاندا، پێیوایە ڕابردووی گەلی کورد پڕیەتی لە داستانی مێژوویی تۆمارنەکراو و شاراوە، گەر لە بنەڕەتی ئەو چیرۆکانە بکۆڵرێتەوە ڕەنگە دەستی بە چەندین ڕاستی مێژوویی بگات، بەشێک لەم ڕووداوە مێژووییانە ببن بە مێژوویەکی سەلمێنراو، دەڵێت: "لەناو گەلی کورد دا زۆر بەسەرهاتی سەرنج ڕاکێش ڕوویداوە، بەڵام لە بەر بێبەختی و سەرشێواوی کورد ئەم هەموو بەسەرهاتانە لەناوچوون"[٤]، ئەم چیرۆکانە بەتەواوەتی بەرهەمی ئەندێشەی مەنگوڕی نین، بەڵکوچیرۆکی سەرزاری خەڵکبوون و پێشینەیەکی مێژووییان هەیە، (ئەنگڵس) گرنگی ئەم جۆرە مێژووەی دەخستەڕوو، پێیوابوو ئەوەی دەماودەم دەگێڕدرێتەوە لە گەلانی ڕابردوو هۆیەکی سەرەکین بۆ ڕاستکردنەوەی زانیاری دەربارەی کەرەستەی مێژوویی و دیاریکردنی یەک بەدوایەکی ڕووداوەکان، بۆیە مێژوونووس پێویستە هەوڵی ئەوەبدات لە چیرۆکی دەماودەم و سەرچاوە ئایینییەکان مەبەستەکانی بنچینەی زانیاری بدۆزێتەوە، وەک (گ. شێلمان) بەهۆی وردبوونەوە لە چەند دێڕێکی نادیاری ئەلیادەی هۆمیرۆسدا، توانی شوێنەواری شاری(تەروادە)ی ئەفسانەیی بدۆزێتەوە، کەتا ئەوکات بە ئەنجامی بیرێکی لە خەیاڵ دروستکراو دادەنرا[٥].

**د) شـــــانۆ**

شانۆ چالاکییەکی هونەرییە، کار لەسەر دەقێکی نووسراوی ئەدەبی دەکات بۆ نمایشێکی کردەیی[٦]، هونەرێکی ڕاستەوخۆی کاریگەرە، دەتوانێت بارستاییەکی گەورەی گۆڕان لە کۆمەڵدا دروست بکات[١]،

---

[١] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ١٩٥٨، ب٢، ل٥٥.
[٢] عەبدولحسەین زەرینکوب: مێژوو لە...، ل٥٦.
[٣] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: فەیرۆزخانی...، ل٤.
[٤] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: فەیرۆزخانی...، ل٤١.
[٥] ئەلیکساندەر گەربۆڤسکی: نهێنی کونترین مێژوو، و. جەلال تەقێ، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٤.
[٦] ادوار الخراط: فجر المسرح، دار نوبار للطباعة، القاهرة، ٢٠٠٣، ل٤٣.

بژاردنەوەی ئەوەیە کە مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا ونی کردووە، لە ماوەی قۆناغەکانی گواستنەوە و ئەو گۆرانکاریانەی بەسەریدا هاتووە[2].

مەنگوری شانۆی وەک کەرەستەیەکی زیندوی گەیەنەر و گێرانەوەی مێژوو دەبینی، کە لە یەک کاتدا گوێزەرەوەی هەواڵ و بەسەرهاتی ڕابردووە بە دەنگ و ڕەنگەوە، کە ئەو جۆرە لە هونەر کاریگەریەکی زیاتر دەبەخشێت، چونکە نمایشکارە و بە دیمەن گوزارشت دەکات، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا شانۆ هونەرێکی نامۆ و نوێ بووە بە کۆمەڵگە و پێیوابوو ئەو شێوە هونەرە بۆ کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەواری وەک کۆمەڵگەی کوردی ئەوکات بایەخی زیاتری هەیە، بۆیە بە پەرۆشەوە کاتێک لە تەوێڵە بووە، شانۆگەری (کاوەی ئاسنگەر)ی لەگەڵ ژمارەیەک گەنجدا پێشکەش کردووە، ئەو خۆی دەقی شانۆییەکەی دارشتووە، واتە وەک نووسەری دەق و وەک نمایشکار بەشداری شانۆگەرییەکەی کردووە، وەک (ئەیوب کوێخا ڕۆستەم) باس لەوە دەکات لە دووەم ڕۆژی یادی ڕێکەوتنامەی ئازاری (١٩٧٠)، زنجیرەیەک ئاهەنگ لە تەوێڵە بەڕێوە دەچوون، لە کۆتای ئاهەنگەکان شانۆگەری کاوەی ئاسنگەرمان پێشکەش دەکرد، لەناو گۆڕەپانی شارەوانی، میرزا مەنگوری لە کارەکتەری کاوەی ئاسنگەر و منیش وەک کارەکتەری زوحاک ڕۆڵمان دەگێڕا[3].

**ز) خوازە**

خوازە لەبنەڕەتدا ئامرازێکە بۆ ڕازانەوەی قسە و باس و وتار بەئامانجی بروایپێهێنانی بەرانبەر سەرچاوەی گرتووە، هەندێک لە وتاربێژان پێیانوابوو خوازە تەنها بۆ ڕازاندنەوەی وتارە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی هاوچەرخ تێگەشتنێکی نوێیان سەبارەت بە خوازە نیشاندا، وشەیەکە لەناو بابەتێکدا بەشێوەیەکی ناڕاست بەکاردەبرێت، هەتا هەڵسەنگاندنێک لەنێوان دوو بابەتدا پێشکەش بکرێت، (پول ڕیکۆر) پێیوابوو خوازە تەنها بۆ جوانکردنی وتار نیە، بەڵکو واتایەکی نوێی پێدەبەخشێت، گەرچی مانای ڕاستەقینە و ئاسایی دەرناخات، بەڵام پێکدادانی مانا ڕاستەقینەکان دێنێتەکایەوە، خوێنەر بۆ ڕێگای نوێ لەتێگەیشتن هاندەدات[4]. گێرانەوەی مێژوو لە زاری ئاژەڵانەوە نمونەیەگی گێرانەوی مێژووییە، لە ڕابردودا چەندین نووسەری بەناوبانگ دەستیان بۆ ئەم جۆرە لە نووسینەوەی بردووە، لەوانە (کلیلە و دیمنە) کە بەرهەمی فەیلەسوفی هندی (بایدەبا)یە[5]، بە یەکێک لە شاکارە ئەدەبییەکانی جیهانی کۆن دادەنرێت[6]، کە پڕیەتی لە پەند و ئامۆژگاری و قسەی نەستەق بۆ دەسەڵاتداران لە هەر پلە و پۆستێکدابن، ناڕاستەخۆ پەنای بردۆتە بەر گێرانەوەی ڕووداوەکان لەسەر زاری ئاژەڵانەوە، لەبەر ئەو دۆخە مەترسیدارەی لەو سەردەمەدا لە وڵاتی هندستان دا هەبووە، بەهەمان شێوە (مەزرای ئاژەڵان) کە بەرهەمی (جۆرج ئۆیڵ)ی نووسەری بەریتانییە، لەسەر هەمان ڕەوت و ئاراسە نووسراوەتەوە[7]، هەریەک لەم بەرهەمانە لەسەردەمێکی مێژوویدا بەرهەم هێنراون، بە قوڵی گوزارشت لە باردۆخی سەردەمەکەی خۆیاندەکەن، لەزاری ئاژەڵانەوە تانە دەگرنە کەم و کورتی سەردەمەکەیان و ڕوناکی دەخەنە سەر لایەنەتاریکەکانی ژیانی ئەو قۆناغە مێژوییە، کە شێوازێکە لە

---

[1] حەمەڕەشید هەرەس: شانۆ باوەڕو ڕەسەنایەتی، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری خوێندکارانی کورد، ب، ن، چ، ب، ش، چ، ٢٠٠٢، ل٣.

[2] کۆمەڵێک نووسەر: شانۆ لە چەند وتارێکدا، و. م. پەروەر، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢١.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەیوب کوێخا ڕۆستەم)، ٣ شەممە، ٢٠٢١/١١/٢، تەلاری هونەر، سلێمانی، کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

[4] کۆمەڵێک نووسەر: ئاشنابوون بە پۆڵ ڕیکۆر، چ١، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٣٥-٣٦.

[5] جۆرج ئۆیڵ: مەزرای ئاژەڵان، و. ئەدیب نادر، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٦.

[6] بەیدەبا: کلیلەو دیمنە، و. محەمەد صاڵح گەلاڵی، چ٥، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٥.

[7] جۆرج ئۆیڵ: مەزرای...، ل٦.

بەرهەمهێنانی بیرۆکە و سەرچاوەکانی نووسینەوەی مێژوو بە شێوەی جیاواز، ئامانج لێی خستنەڕووی مەبەستێکی شاراوەیە، واتە لەڕێیەوە نووسەر لەژێر ناوێکی تردا دەگات بەوەی مەبەستێتی.
(کۆنگرەی دڕندە و مەل لە کێوەڕەشی ڕانیە) یەکێکە لە بەرهەمەکانی مەنگوڕی، کە لەسەر شێوەی ئەو دوو بەرهەمە لەسەر زاری ئاژەڵانەوە نووسراوەتەوە، بە هەمانشێوە بەرهەمێکی ئامانجدارە، ڕوناکی خستۆتە سەر ئەو دۆخە تاریکە مێژووییەی ساڵی شەستەکان، پەردە لەسەر جیهانێک هەڵدەماڵی، کە خۆی تێیدا ژیاوە و ڕووداوەکانی بە چاوی خۆی بینیوە، ئەم بەرهەمە لە شێوەی شانۆدایە، لە کۆبوونەوەیەکی گشتگیری ئاژەڵاندا هەریەکەیان سکاڵا لە دۆخی سەردەمەکەیان دەکەن، هەریەکە لە (پڵنگ وەک گەورەی ئاژەڵان، ڕێوی، گورگ، چەقەڵ، کەمتیار....هتد) ئەوان تاوتوێی بارودۆخی سیاسی جیهان و ناوچەکە دەکەن، وەک جێگرەوەی مرۆڤەکان ڕۆڵ دەگێڕن، لە بری هەموان دەبنە نوێنەر سکاڵاکار لەدەست ئەو شەپۆلە لە شەڕ و خوێنڕشتن و پێکدادانە ئاڵۆزەی کوردستان و جیهان، کە لە جەنگێکی هەمەلایەندا بووە. (ڕێوی) دەڵێت:

ڕوس و ئەمـــــریکا فەرەنسا و ئینگلیس ئەوانە ئیـــشیان لە خەڵک کردووە پیس...
هەریـــــــەک لەوانە چەند دەستەو پۆلێ گرتــــــۆتە ژێر باڵ جەرگیان ئەکۆڵێ
ئەوانــــــــــە مرۆڤ لەیەک هان ئەدەن خــــواردن و پارە و چەکیان پێ ئەدەن
بۆ یەکتـــــر کوشتن بۆ یەکتر سوتان دایــــــان مەزرانــــدوە بنکەی بە پیلان[1]

دواتر دێنەوە سەر دۆخی پڕکارەساتی جەنگ و ماڵوێرانی و نەهامەتییەکانی ئەوکاتی کوردستان، چۆن مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و ژینگە وەک یەک کەوتوونەتە قات و قڕی و بەجارێ کوردستان لەناو ئاگری جەنگێکی بێئاماندا بووە، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا، بەتایبەتی ناوچەی ناوەندی پێکادانی نێوان پێشمەرگە و حکومەتی عێراق و ئەو بارە ئاڵۆز و نەهامەتیانەی بەهۆی شەڕەوە هاتۆتەکایەوە، سەرباری داواکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، بەرگرییەکی تەواو لە مافی گیانداران دەکەن، ئەوان مرۆڤیان وەک بەرخۆرێکی بێبەرهەم ناوبرد، کە بەردەوام لەسەر ژیانی گیانداران خواستەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن، وەک مەنگوڕی دەڵێت: ''ئاژەڵ و پەلەوەری ئەوناوە قڕی تێکەوت و ڕویان ئەکردە هەرشاخ و ئەشکەوتێک هەمان ئاگربارانبوو''[2]. (کۆتر) دەڵێت:

لەناوچەی تورک و عێراق و ئێران جەنگە هــــەرایە کوشتنە پێک دادان
جەنگی مەسیری تەقریری کوردە کورد لە مەیدانە بە گەورە و ووردە
لە هەرلا ڕاوی کورد دابەســتراوە کوردیش لە شاخ و کێوان خزاوە[3]

لە کۆنگرەکەدا (شێر) کە بە گەورە و پاڵەوانی گیانداران ناسراوە، ئامادەی نییە، کورسیەکەی بە بەتاڵی ماوەتەوە، لەبری ئەو پڵنگ سەرۆکایەتی کۆنگرەی ئاژەڵان دەکات، ڕەنگە مەنگوڕی مەبەستی نەبوونی کاریزما و سەرکردەیەکی نەتەوەیی سەرکێشە بێت لەناو گەلی کورددا، کەپێویستییەکی سەرەکی ئەو سەردەمە مێژووییە بووە، کە ئەو ڕەخنەی لە نەبوونی گرتووە.
لە هەندێک لە بەرهەمەکانیدا مەنگوڕی لە یەک کاتدا زیاد لە شێوازێکی هونەری بەکارهێناوە، وەک لە (شەوێک لە عصبەالامم)دا، کە گێڕانەوەیەکی سیاسییە بەهۆنراوە لە شێوەی خەونداییە، پەڕاوێزی بۆ زانیارییەکانی ناو بەرهەمەکە نووسیوە و لەکاتێکدا خۆی کارەکتەری سەرەکی نێو بەهەمەکەیە بەڵام لە پەڕاوێزدا بەشێوەیەک ڕونکردنەوەی بۆ بە زانیارییەکان کردووە خۆی لەناوەڕۆکی بەرهەمەکە دابڕیوە، لە دەرەوی ڕووداوەکانەوە شیکردنەوەی بۆ کردووە، (گەشتی ئەستێرەی مەریخ) بە هەمانشێوە، کە ئەندێشەیەکی زانستییە لە شێوازی هۆنراوەدا داڕێژراوە.

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: کۆنگرێسی دڕندەو مەل لە کێوەڕشی ڕانیە، ب، ن، چ، ب، ش، چ، ١٩٦٩، ل٣٠.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: کۆنگرێسی...، ل١.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: کۆنگرێسی...، ل١٩.

لێرەوە دەتوانین بڵێین گوزارشتە هونەرییەکان لای مەنگوڕی ئامانجی ژیری و دەروونی لە پشتەوەبووە، کە بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاینییەکان ڕۆڵیان لە دروستکردنیدا هەبووە، گوزارشتکردن لە بەرهەمەکانیدا لە ئاستێکی هونەری بەرزدان، بەجۆرێک دەقەکانی وا داڕشتووە، زیاد لەوەی بۆ ناساندن و پەی بردنی مرۆڤ بێت بۆ هەستکردن بە هەمان دۆخی مێژووی سەردەمەکە بووە، کاتێک ئەو بەرهەمانە دەخوێنرێنەوە شوێن و کات و ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان دەبنە ڕاستی و هەمان ڕەوت و هەلومەرج پێشکەش دەکەن، گوزارشتەکان تایبەتمەندی جیاکەرەوەیان لە بواری هونەریدا بە بەرهەمەکانی مەنگوڕی بەخشی.

**دووەم ـ ئەرشیف و ئەندێشە**

**ا) ئەرشیف**

بەڵگەنامەکان، کە نووسراوێکی ڕەسەنن گرنگییەکی گەورەیان لە پاراستنی ڕووداوەکان و گواستنەوەیان بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو هەیە[١]، زانستێکی بنەڕەتییە لە لێکدانەوەی مێژوو[٢]. توێژەرانی ئەم بوارە بەڵگەنامە بەگرنگترینی سەرچاوە مێژووییەکان لەقەڵەم دەدەن، وەک کەرەستەیەکی بنەڕەتی بۆ توێژەرانی بواری مێژوو لێی دەڕوانن[٣]. بەڵگەنامە بریتییە لە هەموو شتێک، کە پاڵپشتی بیروڕای پێبکرێت، ئەو بنەمایانە دەگرێتەوە، کە مێژوونووس بۆ دەستکەوتنی زانیارییە مێژووییەکان بەکاریان دەهێنن، جا نووسراو بێت یان نەنووسراو[٤].

بەپێی میتۆدی قوتابخانەی ئەڵمانی (ڕانکە)، بەڵگەنامەکان دەروازەی یەکەمن لەبەردەم مێژوونووس و دەرگاکانی ڕابردووی لەبەردەمدا واڵادەکەن و سەرچاوەی دروستبوونی خودی مێژوون[٥]، هەرچەندە هەندێک لە مێژوونووسان پێیانوایە لادان لە بەڵگەنامەکان و بڕوابوون بەشێوازی بەڵگە هێنانەوە، لە بەرانبەر هەواڵ و گێڕەرەوەکان، بە ئەندازەی دەمارگیری مێژوونووسان توشی هەڵە دەکات، (تەبەری) پێیوایە ناسینی سەربوردەی ڕابردوو بۆ کەسێک، کە درکی بە کاتی (ژیان و سەردەمی) ئەوان نەکردبێت تەنها لە ڕێگەی گێڕانەوەوە نایەتەدی، هەروەک لە ڕێگەی بیر و هەڵهێنجانەوە ناتوانین هەواڵەکانی ڕابردوو بناسێنین[٦].

بەڵام لە دەرئەنجامی قەیرانە قوڵەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و بەدەرکەوتنی قوتابخانەی (ئانالز)ی فەرەنسی لەساڵی(١٩٢٩) ئەم دیدە بۆ مێژوو و بەڵگەنامە گۆڕانی گەورەی بەسەرداهات، ڕێبەرانی ئەم قوتابخانەیە گیانێکی نوێیان بەبەر مێژوونووسیدا کرد[٧]، پێیان وابوو مێژووی تازە مێژوویەکی ئاڵۆزە، کاریان بۆ فراوانکردنی سەرچاوە مێژووییەکان کرد[٨]، دەستیان کرد بە بەرەنگاربوونەوەی مێژووی نەریتی و هەوڵی دەرهێنانی مێژوونووسییان دا لەژێر ئەو ڕەوت و ڕێبازەی پێشتر مێژووی پێ دەنووسرایەوە، لەژێر ناوی (مێژووی ڕووداوەکان)، جەختیان لەوەکردەوە مێژووی گشتی لەگەڵ ئەم جۆرە لە مێژوونووسیدا نایەتەوە، بەتایبەتی ڕووداوە مێژووییە سیاسییە

١ عبدالرحیم الحسناوی: الوثیقة التاریخیة اضاءة إبستمولوجیة،بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٥/٢٤. 126970https://platform.almanhal.com/Reader/Article/

٢ حسان حلاق: مناهج الفكر و البحث العلمي، دار نهضة العربیة، بیروت، لبنان، ٢٠١٠، ص٩٣.

٣ https://platform.almanhal.com/Reader/Article/126970 عبدالرحیم الحسناوی: الوثیقة التاریخیة اضاءة إبستمولوجیة،بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٥/٢٤

٤ سەروەر عبدولڕحمان عومەر: ڕێبازی...، ل١٧٧.

٥ کامەران محەمەد: لەنێوان مرۆڤ و شوێن و کاتدا، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی،٢٠٠٥، ل٦.

٦ عەبدولحسەین زەرینکوب: مێژوو لە...، ل١٢٣ـ ١٢٤.

٧ محمد أبیهي: مدرسة الحولیات الفرنسیة: ظروف النشأة وأهم الأفكار، مجلة لیكسوس، عدد(١١)، ٢٠١٧، ص١٧٣ـ١٧٤.

٨ کامەران محەمەد: لەنێوان...، ل٦.

بەڵگەدارەکان[1]، ئەوان بەرەتکردنەوەی قۆناغی مێژووی نەریتی و دبلۆماسی و لەژێرناوی (مێژووی شیکاریی) خۆیان لە ڕەوتی مێژوونووسی پێشوو جیاکردەوە[2].

مەنگوڕی بەیەکێک لە ڕێچکە شکێنەرانی مێژووی نەریتی دادەنرێت، لەناو کایەی مێژوونووسی کوردیدا لە سەدەی ڕابردوو، کە هەنگاوە سەرەتاییەکانی بەرەو ئاینده بینیەکی فراوانتر لە بەڵگە نامەکان ختسەڕوو، ئەو پێیوابوو مێژوو مێژووی تاکەکەس و سیاسەت نییە، بەڵکو مێژووی مرۆڤ و گشت چین و کۆی کایەکانی ژیانە، ئەویش بە خۆبەستنەوە بە ڵگەنامەکان نایەتەدی، بەڵکو لەپاڵ ئەو مێژووە دا، ئەندێشە وئەفسانە و ئەدەب و دابونەریت و ژیانی کۆمەڵایەتی و کەرەستەکانی ژیانی خەڵکی ئاسایی، دەتوانن ببن بە دەروازەی چوونەناو مێژوو لەسەر ئاستێکی فراوان، کەتێیدا مێژوو گوزارشت لە وێنە جیاوازو و ڕەنگاوڕەنگەکانی تەواوی کۆمەڵگا بکات، وەک (لوسیان فیفەر) دەڵێت مێژووی تازە تەنها خۆی بە بەڵگەنامەوە نابەستێتەوە، بەڵکو دەبێت هەموو ئەوانە بەکاربهێنێت، کە مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت[3]، پێیوابوو زمان، ئەدەبیات، جوگرافیا، کەلتور، یاسا...هتد) بەشدارن لە نووسینەوەی مێژوودا[4]، لێرەوە ئەفسانە و فۆلکلۆر و داب و نەریت لەتوێژینەوە مێژووییەکان وەک یەکێک لەسەرچاوەکانی نووسینەوەی مێژوو سودیان لێوەرگیرا[5].

هەر چەندە ئامادەیی مەنگوڕی هاوکاتی ڕووداوەکان بۆخۆی گەورەترین بەڵگەی دەستی مەنگوڕییە، کاتێک ڕاستەوخۆ بەرکەوتنی لەگەڵ ڕووداوەکان هەبووە، خۆی ڕاستەوخۆ ڕووداوەکانی بینیوە و تۆماری کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە هەندێک شوێندا لە گێڕانەوە مێژووییەکانی پشتی بەبەڵگەنامە بەستووە، ئەگەرچی شێوازی بەکارهێنانی بەڵگەنامەکان لای مەنگوڕی بەشێوەیەکە، کە خودی بەڵگەنامەکە بۆ مەنگوڕی بەردەست نەبووە، یان نەیتوانیوە وێنەیەکی لێ بەکاربهێنێت، ئەو هاتووە هەموو ئەو بەڵگەنامانەی وەک خۆی دەسنووس کردووە، لەبەری گرتۆتەوە (copy)، لە بەرهەمەکانیدا بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی بەکاری هێناون، ئەمەش گرنگی و بایەخی بەڵگەنامەکان دەردەخات لای مەنگوڕی، هۆکاری پەنا بردنی بۆ ئەم شێوازە لە بەکارهێنان، ڕەنگە بەهۆی گران دەستکەوتنی بەڵگەنامەکان و زەحمەتی هەڵگرتن و پاراستنیان بووبێت لەو سەردەمەدا، زۆرترین بەڵگەنامە کە بەکاریهێنابێت، لە بەرهەمی (بەسەرهاتی سیاسی کورد (١٩١٤ـ١٩٥٨)) دایە، کە بەشێوەیەکی ڕوون ئەوە بەدیدەکرێت، هەستاوە بە گواستنەوەی زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەکان وەک خۆی، لە یەکێک لە نمونەکان هاتووە بە نووسینەوەی (ڕێکەوتنی نێوان ئەڵمانیا و ڕوسیا لە ساڵی(١٩٣٩))، لەکۆتاییدا نووسیویەتی "مۆلۆتۆف ٢٣/ ابی ١٩٣٩ وەزیری دەرەوەی ڕوسیا، رونیتروب وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، مۆر ـــــ ئەمضا "[6]، سەرباری ئەوە گرنگییەکی باشی بە پاراستنی هەندێک لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان داوە، چەندین بەڵگەنامەی حکومەتی ئێران و کۆماری کوردستان و تەنانەت لەسەر ئاستی خوارەوەی دام و دەزگاکانی کۆمارداوە، بەتایبەتی لە بواری سەربازیدا، بەڵگەنامە و نووسراوەکانی لەنێوان ژەنەراڵەکان و بەرپرسانی کۆماردا نووسیوەتەوەوە، وەک ئەوەی نووسراوێکی قازی محەمەدی تۆمارکردووە، کە بۆ حەمەڕەشیدخانی نووسیوە، تێیدا هاتووە:

"ژمارە ١٣٥٧ أغای ژنرال مایور محمد رشیدخانی قادرخان زادە
رۆژ ٣٢٥/٦/١

[1] هاشم یحي الملاح: المفصل فی...، ل٤٨١.
[2] کۆمەڵێک نووسەر: مێژووناسی و...، ل٣٩٥.
[3] کامەران محەمەد: لەنێوان...، ل٧.
[4] محمد أبیهی: مدرسة...ص١٧٣.
[5] کامەران محەمەد: فێرنان...، ل١٨٩.
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی ...١٩١٤ـ١٩٥٨، ب١، ل٢٢.

لپاش دوعا وسلاویکی زور. نازانم تو چه رقیکت لەو بارزانیه فقیرانەیە. کە هەموو نسبتیکی دل عاجزیت لی مان حس اکری. تو سویندت خواردبوو خیانەت نەکەی. کەچی خەریکی خیانتیش بکەی. پیاوی چابە هستە ورە بو سابلاغ گوی بو قسەی فسادان رامەگرە. هیندی تفاهم لە بینا هیە رفعی بکە. هەرچی تو أرەزوت بی نی من وات بو ئەکەم.
قاضی محمد''[1].

ئەم کارە ئاماژەی گرنگیدانی گەورەی ئەو بووە بۆ بە ئەرشیفکردن و بایەخدان بە پاراستنی بەڵگەنامەکانی سەردەمێک لە مێژووی سیاسی گەلی کورد، بەتایبەتی زۆربەی بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان لەناوچوون، وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات، قازی محەمەد لەدوای بڕیاری خۆبەدەستەوەدانی، تەواوی نووسراو و بەڵگەنامەکانی کۆماری ئاگرتێبەرداوە، دەڵێت: ''قازی محمد لەشەوی (٢٠/ئازەری ٣٢٥) دا قەراری تەسلیم بوونی خۆی بە خەڵک ڕاگەیاند، ئەوراقی حیزب و چاپخانە و دائیرەی پێشەوای و جەنگی سوتان''[2].

ئەو هەرچەندە هیچکام لە بەرهەمەکانی پەڕاوێزیان نییە، بەڵام لە هەندێکیاندا، لە کۆتای کتێبەکەدا لیستێکی سەرچاوەی ئاماژەپێکردووە، وەک لە کۆتای بەرگی دووەمی کتێبی (بەسەرهاتی سیاسی کورد (١٩١٤ــ١٩٥٨))دا ئاماژەی بەوە داوە دەڵێت: ''ئەو کتێبە لەو وثائیقانەی خوارەوە وەرگیراوە''[3]، سەرچاوەکانی تێکەڵەیەکن لەسەرچاوەی ناوخۆیی و بیانی، لەناوەڕۆکی باس و نووسینەکانیدا، جارجار ئاماژەی بە ناوی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و گۆڤار کردووە، وەک لەم نمونەیەدا دەڵێت ''ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی بڵاوی کردەوە، لە ڕۆژی (٧/ حوزەیرانی١٩٧٤) چاوی بە مەلا مستەفا کەوتووە''[4]، هەندێک جاریش خۆی وەک شایەتحاڵی ڕووداوەکان قسەکانی گواستۆتەوە، یان هەڵوێست و مەبەستەکانی کەسایەتییەکانی نێو ڕووداوەکان یان تێڕوانینەکانی خۆی لە ساتی بەرکەوتنی ڕووداوەکان خستۆتەڕوو، بە پەرۆشەوە هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری داوە، بەتەنگ نووسینەوەی مێژووی کوردەوە بووە بەتایبەتی لەو قۆناغەی تێیدا ژیاوە، بۆیە لە کۆتای یەکێک لە بەرهەمەکانیدا بانگەواز دەکات، هەرکەسێک هەر زانیاریەکی لایە بە نووسینبێت یان هەر شتێکی تر یان خزمەتێکی بەگەل و نیشتمان کردووە، بیگەیەنێتە دەستی بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکات و لە ون بوون بیپارێزرێت، وەک دەڵێت: ''ئەوەی ئەیەوێ خزمەتەکانی ون نەبێ، ناوی لە مێژووی کورددا تۆماربکرێ، کردەوەکانی خۆی بکات بەشاهیدی ئەوەی هاتۆتە سەر زەوی و لە بناغەی سەر بەخۆیەتی کورددا ئیشی کردووە، کردەوەکانی خۆیمان بۆ بنووسێت بۆئەوەی بە چاپی بگەیەنبین''[5]، ئەو بەدوای بەڵگەنامە و زانیاری لەسەر کەسایەتی و سەردەمە مێژوویەکانی کورد دا بووە، باس لەوە دەکات، لە ساڵی (١٩٤٦) لە ئێران داوای ئەرشیف و بەڵگەی لەسەر شۆڕشی سمکۆی شکاک لە تاهیرخانی کوڕی سمکۆ کردووە، بەڵام دواتر ئەو زانیاریانەی دەست نەکەوتووە[6]، ئەو لە زۆر شوێندا گرنگی کات و تۆماری ڕێکەوتی ڕووداوەکان داوە و ساڵ و تەنانەت مانگ و ڕۆژی دیاری کردووە، لە هەندێک شوێندا کاتی ڕۆژەکەشی تۆمار کردووە، وەک دەڵێت: ''مەکتەبی سیاسی بە بڕیاری (٩١٧) لە ڕۆژی (١٩٧٤/٥/٣)موچەی پێشمەرگەی لە (٧)دینارەوە کرد بە (١٠) دینار، ئێستگەی دەنگی کوردستان لە شەوی(١٩٧٤/٥/١٠) بڵاوی کردەوە، موچەی شەهیدانی کردووە بە (١٠)دینار''[7]. دیارە مەنگوڕی هەموو ئەوانەی وەک بەڵگە

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ١٩٥٨، ب٢، ل١٨.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ ١٩٥٨، ب٢، ل١٠١.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ١٩٥٨، ب٢، ل١٨٣.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی ....١٩٥٨ـ١٩٨٥، ب٢، ل٧٩.
[5] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٣٤.
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائیقی...، ل٥٣.
[7] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨ـ١٩٨٥، ب٢، ل٥٢.

تەماشاکردووە، هەوڵیداوە ڕووداو و زانیاریەکان بە هەرەمەکی نەگوازێتەوە، بەڵکو پشتڕاستی دروستی ڕووداوەکان بکاتەوە و دواتر تۆماریان بکات، کاتێک دەڵێت: ''شێخ قادر موزەکەراتێکی هەیە، نەمتوانی سودی لێببینم، چونکە بۆم نەدۆزرایەوە ئەو تەعلیقات و نەزەریاتانە لەکام بەیان و بەلاغ و مەراسیم ئیسپات کراوە، لە چ دەور و ڕۆژێکدا ئەو تەسادفانە ڕوویانداوە''[١].

**ب) ئەندێشە**

ئەندێشە بەشێک لە خودی مرۆڤ و بەشێک لە چالاکی هۆشی ئادەمیزاد داگیردەکات[٢]. بریتییە لە هێزێک، کە لە سەروو هەستەوە کاردەکات و زەین ڕۆڵێکی سەرەکی تێدا دەگێرێت[٣]، لە زانیارییەکان و وێنەکانی بیر پێکهاتووە، کە لە سروشتەوە وەرگیراون، لە ڕێگەی ئارەزووەکانی مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێت، کە سەرچاوەکەی بیری وێنەیین[٤]، ئەندێشە بەیەکێک لە جیاکەرەوە بنەڕەتییەکانی نێوان مرۆڤ و گیانەوەر دادەنرێت، کە دەتوانێت لەودیو ژیانەوە وێنا بکات[٥]، ژیانێکی مانادار ی نازەمینییە، مرۆڤ تێیدا حەزە شاراوەکانی خۆی دەهێنێتەدی، جەستە لە پانتاییەکی ئازادی بێکۆنترۆڵدا بەهەموو ئەوکارانە هەڵدەستێت، کە لەژیانی ڕۆژانەدا بۆی ئەنجام نادرێت، داب و دەستووری کۆمەڵایەتی و باوەڕداری بۆ ڕێگری کردنی لە ئارادا نییە[٦]، ئەندێشە بەرهەمی کۆبوونەوەی چەندین بیرۆکە و هەست و تێبینی شاراوەیە، هەموویان لە خەوندا لە شێوەی سیمبولدا دەردەکەون[٧]، یەکێک لە بایەخەکانی ئەندێشە بریتیە لە ئەزموونی بە خەونکردنی ڕاستی، لەم جۆرە بەرهەمە وێژەییانەدا ئەندێشە دەبێتە ئامرازێک بەکاردەهێنرێن بۆ ڕاڤەکردن و دەوڵەمەندکردنی دۆخێک، کە ئەستەمە لە دەرەوەی جیهانی ئەندێشەدا ئەنجام بدرێت[٨]، (کارل گۆستاف یونگ (١٨٧٥ـ١٩٦١)) دەروونناسی بەناوبانگی سویسری باس لەوەدەکات بەبێ یاریکردن بە ئەندێشە هیچ بەرهەمێکی داهێنەرانە دروست نابێت[٩]، ئەندێشە ئەو هۆکارە زەمینییەبووە لەسەر دەمی ئەفلاتونەوە تا ئێستا بەردەوام تاسە و دلێری بۆ گەیشتن بە ئاسۆیەکی ڕووناک بە مرۆڤایەتی بەخشیوە[١٠].

ئەندێشەی مێژوویی توانای دروستکردنی مێژوونووسێکە بەشێوەیەکی زیرەکانە لە سنووری دەقێکدا بۆ خستنەڕووی گێرانەوەیەکی فراوان لە تێگەیاندنی ڕووداوێکی مێژوویی، بەزۆری سەرنج دەخاتەسەر توانای ئاوەزیانە و بیرکاریانەی مێژوونووسەکە، کە بەهرەی هونەری ڕۆڵی تێدا دەگێرێت، بۆ هۆنینەوەی سەرچاوە و بیرۆکەکان بە شێوەیەکی فراوانتر لە بواری گێرانەوە و تێگەیشتندا، کە پێویستی بە توانایەکی نمونەی لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە هەیە، لێرەوە مێژوونووس لە ڕێگەی وشە زیادەکانییەوە کەلێن و کەم و کورتییەکانی تۆمارە مێژووییەکان پڕدەکاتەوە[١١]. سەرباری ئەوە ئەندێشە

---

[١] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری: حقائیقی...، ل٢٨ـ٢٩.

[٢] محمد محمدی: بەراوردی چۆنییەتی خەیاڵکردن لە ڕازە کۆن و نوێیەکاندا، و. فاتیمە حسین، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٦٠)، ساڵی پێنجەم، حوزەیرانی ٢٠٠١، ل٥٦.

[٣] عبدالرمن بن خلدون: موقەدیمەی ئیبن خەلدون، و. سعید بەشیر، ب٢، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٢٤٠.

[٤] محمد محمدی: بەراوردی...، ل٥٦.

[٥] عەتا محەمەد: دەسنووسی یەکەم کتێبی نوسەرە ئەندێشەییەکان، گۆڤاری ئاییندە، ژمارە (٢٣)، تەموزی ٢٠٠١، ل٧.

[٦] نەجات حەمید ئەحمەد: خەون و بەرجەستەبوونی نا زەمەنی، گۆڤاری کاروان، ژمارە(٢٠٢)، کانونی دووەم، ٢٠٠٦، ل٥٢ـ٥٣.

[٧] نەسروڵا ئیمامی: بنەما و...، ل٢٦٨.

[٨] فازڵ شەڕۆ: ڕەهەندەکانی خەون لە شعری کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ، ٢٠١٤ ، ل٢٨ .

[٩] جەلیل عەباسی: کاروانی ئەندێشە، چ١، چاپخانەی خانی(دهۆک)، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٢٣.

[١٠] عەبدولحسەین زەرینکوب: مێژوو لە...، ل٤٣٣.

[١١] Historical Empathy and Historical Imagination - Beyond Novelty: The Impact of Simulation and Role-Play Activities on Historical Empathy and Imagination (weebly.com) ،Graefe Stefanie.Beyond Novelty: The Impact of Simulation and Role-Play Activities on Historical

جوانییەکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە دەدات، وای لێدەکات لە دەروونی مرۆییەوە نزیکتربێت، جگە لەوەی هەندێک لە ڕاستییەکان لە ئەندێشەوە سەرچاوەیان گرتووە[1].

ئەندێشە وەک هێزێکی شاراوە، بەڵام نایاب لە نووسینەوەی مێژوو لای مەنگوڕی ڕۆڵی گرنگی بینی و نەبینراوەکانی ئاشکرا دەکرد، لەسەر ئاستێکی فراوان لە دارشتنەوەی مێژووی هاوسەردەمی خۆی گرنگیپێدا، ئەو زۆر بەقوڵی کاری لەو بوارەدا کردووە، وەک هێزێکی شاراوە لە دەرخستن و هەڵسەنگاندنی کاری ڕەخنەییدا بایەخی بەرهەمەکانی تا ئاستێکی نایاب لە بەگژداچوونەوەی سەردەمەکەی خۆی بەرزکردەوە، سەرچاوەی ڕەخنەگرتنی دەوروبەر و سەردەمیش بووە لە خودی مەنگوڕی، ئەندێشە وەک جهانێکی فراوان و بێسنوور ڕێگایەکی نوێی لەبەردەم ئەودا واڵاکرد، تا لە گۆشەنیگای خۆیەوە مێژوو بخاتە چوارچێوەیەکی جیاوازتر لە ڕەوتی مێژوونووسینی ئاسایی، ئەندێشە وەک تەواوکاری مێژوو و وەک بەرهەمهێنەری مێژوو چاولێبکات.

ئەگەر ئەو مێژوونووسانەی بە مێژوونووسی داهێنەر دەژمێردرێن، لەو وتەیەوە دەست پێبکەن: (لە ڕووداوەکان بکۆڵەوە، پاشان ئەنجامەکان دەربێنە) ئەوا مێژوونووسانی نوێ خۆیان سیفەتی بەڵگەنامە دەدەنە بابەتەکان، (هنری ماروش) کاتێک دەڵێت: "بەڵگەنامە بوونی نییە وەک خۆی، بێئەوەی مێژوونووس دەستی تێیدا هەبێت"[2]، واتە ئەوە مێژوونووس خۆیەتی بە ئەندێشە و بیری خۆی مێژوو دروست دەکات و نرخ و بەها بە بەڵگەنامە دەبەخشێت، پرۆفسیۆر (ئۆکسوت) ڕاستگۆیانە ئەمە دەردەبڕێت دەڵێت: "مێژوو تاقی کردنەوەی مێژوونووسە، جگە لە دروستکراوی دەستی ئەو هیچیتر نییە، نووسینی مێژوو تاکە ڕێکارە بۆ دروستکردنی"[3].

لەم ڕێگەیەوە مەنگوڕی چووەتە ناو مێژوو، تێڕامانی قوڵ بۆ کۆی کایەکانی ژیان و گیانی یاخی بوون و ڕەخنە لەسەردەمەکەی هۆکاری سەرەکی پەنابردنی مەنگوڕی بووە بۆ ئەو بارە ئەندێشەییە، لەم ڕێگەیەوە هەوڵی دروستکردنی مێژووی داوە، دۆخی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، ڕۆشنبیری) بەدیهێنەری بیرە ئەندێشەییەکانی مەنگوڕی بوون، شوێن لە بیرۆکەکانی ئەودا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە، بە جۆرێک وەڵامدەرەوەی ئەو بارە دەروونییەی ئەو بوون، وەک کەسێکی نامۆ بەسەردەمەکەیی ناساندووە، ئەندێشەکانی لە سێ شێوازدا وێنەکێشاوە. لە یەکەمیاندا ئەندێشە تەواوکاری مێژووە. لەدووەمدا مێژووی بە ئەندێشەکردنی ئەو دۆخەیە کە تێیدا ژیاوە. لە جۆری سێیەمدا مەنگوڕی خاوەنی ئەندێشەیەکی تەواو خۆکردە، ئەندێشەی خستۆتە خزمەت دەرخستن و دروستکردنی جیهانێکی وێنەیی، کە تەنها لە جیهانە خەیاڵ ئامێزەکەی ئەودا بوونیان هەیە. واتە ئەندێشە لەم بەرهەمانەدا تەنها دەورێکی جوانکاری نابینێت، بەڵکو بەتەواوەتی خراوەتە خزمەتی زیاتر دەرخستنی کێشەکانی سەردەمە مێژووییەکەی و لە سێ ئاستدا ئەنێشەی ئاوێزانی مێژوو کرد.

**١- ئەندێشە وەک تەواوکاری مێژوو**

---

Emplathy and Imagination.Evolving Definition of Historical Imagination. Inationiquiry . 24/ April / 2013. .٢٠٢٢/١/٢١ بەرواری سەردانیکردن

[1] تەلال مەجزووب: ڕێبازی لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی، و. مەریوان عەبدول، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٣١.

[2] http://cfijdida.over-blog.com/-استعمال-الوثيقة-في-درس-التاريخ-بين-الهاجس-البيداغوجي-والهاجس-الابستمولوجي خالید فؤاد طحطح: استعمال الوثیقة بین الهاجس البیداغوجی والهاجس الابستمولوجی، ٢٠١٣/٥/٧ ، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٨/١٣.

[3] http://cfijdida.over-blog.com/-استعمال-الوثيقة-في-درس-التاريخ-بين-الهاجس-البيداغوجي-والهاجس-الابستمولوجي خالید فؤاد طحطح: استعمال الوثیقة بین الهاجس البیداغوجی والهاجس الابستمولوجی، ٢٠١٣/٥/٧ ، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٨/١٣.

مەنگوڕی سەرباری ڕەخنەکانی لەوەی کورد مێژوو و بەڵگەی خەبات و تێکۆشانی خۆی لە ڕابردودا نەپاراستووە، بێگانەش تەواوی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مێژووی کوردی لەناوداوە، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە پەنای بۆ نووسینەوەی بەشێک لەو مێژووە بردووە، ئەندێشەی خۆی خستۆتە خزمەت تەواوکردنی کەم و کورتییەکانی، چیرۆکە ئەفسانەییە زارەکییەکان، وەک سەرچاوەی مێژوویی بەکاری بردوون، لەو ڕێگەیەوە گرنگی بە ساغکردنەوەی ئەو چیرۆکانەداوە، بەلای ئەوەوە ناوی شوێنەکان و پاشماوەکانی بەڵگەن بۆ پاڵپشتی بیروڕاکەی، کە ئەمەش گوزارشتە لەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان مێژوو و جوگرافیا، ئەو لە گێڕانەوەی سەربوردەی فەیرۆوخانی پشتکۆدا، دەڵێت: "لەئێرانا زۆر شار هەیە کە بەناوی فەیرۆز و ئەسترا، هەتا ئێستا ناوی ئەبرێت، وەک شاری فەیرۆزئاباد و فەیرۆزکۆ، شاری ئەسترئاباد و دێی ئەستراباد و فڕۆکەخانەی ئەسترائاباد"[1]، لێرەدا ئەو ناوی شوێنی وەک باشترین بەڵگەنامە بۆ بەهێزبوونی بیروڕاکەی دەربڕیوە، لەڕێگای بیری ئەدێشەییەوە، کەلێن و کەم و کورتییەکانی بەشێکی وێنە مێژووییەکانی تەواوکردووە، کە لە چیرۆکەکاندا ئامادەن، ئەندێشە لە چیرۆکەکانی مەنگوڕیدا تایبەت مەندییەکی گشتی هەیە، تاڕادەیەک تەنها لە مەنگوڕیدا قەتیس نەماوە، بەڵکو ئەگەر بەشێکی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکان دروستکراوی ئەندێشەی مەنگوڕی بن، ئەوا بەشێکی چیرۆکی سەر زاری خەڵکن و مەنگوڕی ڕۆڵی لە گواستنەوەیاندا بینیوە.

**٢- مێژووی بە ئەندێشە کردنی واقع**

مێژوونووس کاتێک دەستی ناگات بەوشتانەی دەیەوێت لەسەریان بنووسێت، بە هێزی ئەندێشە بەشێک لە مێژوو دروستدەکات، هەر بەم بۆنەیەوە بەشێک لە مێژوونووسی بە مێژووی هونەر پێناسە دەکرێت[2]، مەنگوڕی لەو سەردەمەدا، کە سەردەمێکی زۆئاڵۆز و پڕگۆڕانکاری بووە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، سەردەمی لەباربردنی خەونەکانی گەلی کوردبووە، لەلایەن سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە، لە واقعدا دەستی بە هیچ ڕێگەچارەیەک بۆ ئەو دۆخە نالەبارەی گەلی کورد نەگەیشتووە، بەڵام لەبەردەم بێدادیەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەستەوەستان ڕاناوەستێت، ئەندێشەی کردە ڕێبەر بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک تا لەوێوە بە هەموو جیهان بڵێت، گەلێک هەیە تا ئەندازەی بەدبەختبوون مێژوو زوڵمی لێکردووە، لەوێوە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕاگەیاند، گەلی کوردیش خاوەن هەڵوێستە و پێداگری لە بوون و داکۆکی لە کەسایەتی و شوناسی گەلەکەی دەکات، لەڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆوە مرۆڤی کورد دەباتەوە لوتکەی بەرگریکردن لەخۆی، لەوێوە لە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووەمەوە، لەگەڵ (ئازادە)ی یاوەری گەشتە مێژووییەکەی بۆ (عصبە الامم) ئەنجام دەدات، ئازادە پێی دەڵێت:

خۆت مەسئولی گوفتاری بەتاڵی چە بە شیرینی<br>
تۆ ســـــــوڵتەی عزوت هەیە من سەڵتەی یاوەر[3]

ئەو وەک نوێنەری گەلی کورد لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێتە سکاڵاکار، یەکەیەکە ئەوانە ئەدوێنێت کە پەیوەندن بەو پرسەوە هەیە و پرسیارەکان و هەڵوێستەکان و وەڵامەکان شیدەکاتەوە، زوڵم و بێباکییەکانی مێژووی سیاسەت وەک پەند و وانە بە گەلی کورد دەڵێتەوە، هاوکات لە ڕێگەی ئەو هێزەوە، وێنەی بارودۆخی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئاڵۆزییە مێژووییەکانی نێوان جەنگی جیهانی یەکەم تا کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووەم و بارودۆخی گەلی کورد لەو نێوەندەدا ئەگوازێتەوە.

**٣- مێژووی بە ئەندێشەکردنی ئەندێشە**

(گەشتی ئەستێرەی مەریخ)، بەرهەمێکی تەواو خۆکردی دەستی مەنگوڕییە، لە جوگرافیایەکی وەک مەریخ دا، کەتا ئەوکات زانیارییەکی ئەوتۆ لەبارەیەوە نەزانراوە، هەم کارەکتەر و کەرەستەکانی

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: فەیرۆزخانی...، ل٦.
[2] داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی...، ل٨٢-٨٣.
[3] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٦٩.

ژیـان و حکومـداری مەریـخ، کە بەرهەمـی ئەندێشـەی مەنگوڕی بـوون، ئەو زانیارییەکـانی گەشـتەکەی بەتەواوەتـــی نەوتــووە، وەک لە پێشـــەکییەکەیدا دەڵێــت "لەگەشـــتەکەما زۆر شـــتی ســـەیرترم بەرچـــاو کەوتووە"[1]، دیـارە مەودای ئەندێشـەکانی زۆر لەمە فراوانتـر بـووە، بەڵام بەرتەسـکی بـاری کۆمەڵایەتی بواری ئەوەی نەداوە باسـی بکـات، لەم گەشـتەیدا لە جەسـتەی زەوی دەربـازی بـووە، سنوورەکانی بەرەو نەزانراوەکـانی دەرەوەی زەوی تێپەڕانـدووە، لە ئەسـتێرەیەکی تـردا ئەندێشـەیەکی مرۆڤـانەی کێشـاوە، لە شوێنێکی نادیاردا ژیانێکی شایستەی بۆ مرۆڤ خواستوە، وەک وەستایەک ئەوەی ویستی داوای کردبێت فەراهەمـی هێنـاوە، ئەم ئەندێشـە فـراوانە دەرهاویشـتەی ئەو دۆخەی مێـژووییەی سـەردەمەکەی بـووە، ویستە داهێنەرەکانی لە پەرۆشیە بۆ ئازارە قوڵەکانی مرۆڤ و گەیشتنیەتی بە ئاسودەییەکانی.
لەم بەرهەمـدا ئەو وەک هونەرمەنـدێک باسـی شـوێن و کارەکتەرەکـان و وێـنەی سەرشـەقامەکان و دیمەنەکـانی نێـو ڕووداوەکـان و هەڵس و کەوت و کـردەوەی مرۆڤەکـان دەکێشـێت، کاتێـک بـاس لە کەش و هەوای مەریخ دەکات، خزمەت گوزارییەکانی مەریخ دەخاتەڕوو. دەڵێت:

لـــــــــە ملیـــــــابوو گەورەو بچوک　　ملـــــــــوانکەیەکی نەختێ سوک
ئـــــــــەو مـــــلوانکە پایەی هەبوو　　یـــــــــــــایە ئەیخستە ئەچوو
حـــــــــەزت لـــــــە کام هەوا کردبا　　ئەبـــــــــــوا دەستت بۆ بردبا
هـــــــــەرکە پەنـــــــجەی بگەیشتایە　　ئـــــــــەکەوتە ئیش بەم هەوایە
هەم کوێســـــــتان بوو هەم گەرمیان بوو　　لـــە پێویســـتیا چەتری جوان بوو[2]

لە کۆتایـدا بەڵگەنامەکـان و ئەندێشـە وەک تەواوکەری یەکتـر لە بەرهەمەکـانی مەنگوڕی دا جێگـای تایبەتیانگرت، ئەندێشە ئەو کەلێنانەی پڕکردەوە، کە لە ئەنجامی نەبوونی بەڵگەنامەکانـدا دروست بـوون. زانایانە بە ئەندێشە فراوانەکەی خۆی لە تایبەتمەندییەکانی هاوپیشـەکانی سـەردەمی دابڕی، ناسنامەیەکی تـــایبەتی بەو بەخشـــی، بەلایەوە باشـــترین هێزبـــوو لەڕێـــیەوە دەســـتی بـــۆ دەرخســـتنی قەبـــارەی کەم و کورتییەکــانی ئەو قۆنــاغە مێـژووییە بـرد، کە هیچکـام لە ژانـرە ئەدەبییەکـانی تـر نەیـانتوانی مـاهیەتی کێشـەکانی سـەردەم و دەربڕی بـرینە قوڵەکـانی مرۆڤەکـانی سـەردەمەکەی بێت، خـاڵە لاوازەکـانی کـۆی کایەکــانی ژیــانی لە ئاســتێکی بــاڵادا نیشــان دەدا و هەم دەروازەکــانی چارەســەرکردنی لە بەردەمــدا والاکردن.

---
[1] میرزا مەنگوڕی: گەشتی...، ل١٧.
[2] میرزا مەنگوڕی: گەشتی...، ل٢٥.

# بەشی سێیەم

# میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی و زانینی مێژوویی

## باسی یەکەم: چەمکی مێژوو و مێژووی سیاسی:

### یەکەم ـ چەمکی مێژوو:

مێژوو زاراوەیەکی یۆنانیە، لە وشەی (Histoire) وەرگیراوە، مێژوونووسی فەرەنسی (جاک لۆگۆف) پێیوایە بنەڕەتی وشەکە (istor)ە، واتای (گەواهیدەر) دەگەیەنێت، کە ئاشکراکردن وسەلماندنە[1].

لەزمانی عەرەبیدا وشەی (تأریخ) بەکاردەهێنرێت، کە وشەیەکی سامییە، لە وشەی (یارخ، ورخ)ەوە هاتووە[2]، بەواتای دیاریکردنی کاتی ڕووداوەکان دێت[3]. لە زمانی کوردیشدا وشەی (مێژوو) بەکاردەهێنرێت، هەندێک کات بۆ هەمان مەبەست وشەی (دیرۆک)یش بەکاردەهێنرێت، کە وشەیەکی دیالێکتی کرمانجی ژوورووە، (توفیق وەهبی) دەڵێ وشەی مێژوو مانای ڕابردوو کاتی پێشوو دەگەیەنێت، ئەم وشەیە بۆیەکەمین جار لەلایەن (حوسێن حوزنی موکریانی)ەوە بەکار هێنراوە، مانای ڕابردویەکی دوور دەگەیەنێت[4].

(ئیبن خەلدون) پێناسەی مێژووی کرد بەوەی (هونەرێکە لەو هونەرانەی گەلان و نەتەوەکان بەکاری دەهێنن، گەریدە و گەشتیاران هەوڵی بۆ دەدەن، کەسانی بازاڕی و نەزانەکان هەوڵی زانینی دەدەن، پاشا و سەرکردەکان کێبرکێی تێدا دەکەن، زاناو نەزان لە تێگەیشتنی یەکسانن، ئەویش لە ڕوکەشدا لە ڕووداوی ڕۆژگار و ڕابردوو زیاتر نییە، لەناوئاخنیشدا تێڕامان و بەدواداچوون و هۆ دەرخستن و وردەکاری چۆنێتی ڕووداوەکانە[5]. وەک (شەرەفخانی بەدلیسی) دەڵێت: ''هەموو ئاگادارییەک لەبەسەرهاتی ڕابردووان دەگەیەنێت''[6].

مێژوونووسی ئەڵمانی (ڕانکە (١٧٦٥ـ١٨٨٦)) پێناسەیەکی گشتگیرتری بۆ مێژوو کرد، بەوەی ''وێناکردنی ڕابردوە وەک خۆی''[7]، ئەم وتەیە وەک دروشمێکی فراوان و بەبایەخەوە لە سەدەی ڕابردوو باسی لێوەکرا و بووبە دەستپێک و سەردێر لە شیکردنەوە و وێناکردنی چەمکی مێژوو، واتە مێژوو سەرلەنوێ نیشاندانەوەی ژیانی ڕابردووی ئادەمیزادە، بەبێ دەستکاری، دوبارە وێنە کێشانەوەی دیاردەکانی چالاکی بیرە بە هەموو گۆڕان و پێشکەوتنەکانیەوە، کۆششێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی پەیوەندیان بە ڕابردووەوە هەیە، لە ڕووداوەکان و دەسکەوتەکان و میراتی مادی و بیری دەکۆڵێتەوە[8]. مێژوو دەفری شارەزای مرۆڤایەتییە و زانستی تایبەتە بە کۆششەکانی مرۆڤ[9]. کەواتە مێژوو بە درێژایی بوونی مرۆڤایەتی بوونی هەبووە، بەردەوام لە ڕەوتی خۆیدایە و بێباکانە مێژووی مرۆڤ و سروشت تۆمار دەکات، بێئەوەی شەرم و سڵ لە کەس بکاتەوە[10].

ئەرکی گەورەی مێژوو بریتییە لە دیاریکردنی بەسەرهاتی هەمەجۆری مرۆڤ، وێڕای دەستنیشانکردنی هێزە بزوێنەرە تایبەتیەکانی و هەڵسەنگاندنی ئەو گۆڕانانەی بەسەریدا هاتوون[11]، بونیاد نانەوە و گەڕانە بە دوای هۆکاردا[12]، مێژوو نوێنەرایەتی تواناکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکات،

---

[1] کامەران محەمەد: لەنێوان مرۆڤ و شوێن و کاتدا، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٩.
[2] بورهان حاتەم گۆمەتەڵی: پوختەی فەلسەفەی مێژوو، چ١، چاپخانەی نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٢٠، ل١٦.
[3] علی بن حسن الهنائی: المنجد فی اللغة، ط٢، عالم الکتب، بیروت، ١٩٨٨، ص٨.
[4] سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: ڕێبازی...، ل٥٨.
[5] سامان حسین ئەحمەد: میتۆد و...، ل٧٦.
[6] شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و. هەژار، چ٦، پەخشگای پانیز، سنە، ٢٠١٠، ل٧.
[7] بورهان حاتەم گۆمەتەڵی: پوختەی...، ل١٦.
[8] موحسین محەمەد حسێن: سروشتی مەعریفەو فەلسەفەی مێژوو، چ١، چاپخانە ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٠ـ٢٢.
[9] سەروەر عەبدولڕەحمان عمر: ڕێبازی...، ل٥٩.
[10] شاخەوان ئەلیاس: مەعریفەی...، ل١٠.
[11] کمال مەزهەر: مێژوو، ل١٦.
[12] سامان حسین ئەحمەد: میتۆد و...، ل٧٩.

بۆ دەستبەسەراگرتنی سروشت و سود لێوەرگرتنی، نرخ و بەهای هەر کۆمەڵێک بەو دەسکەوتانەوە بەستراوەتەوە لەو بوارەدا بەدەستی هێناون[1].

دەکرێت مێژوو وەک زانستێکی بواری پزیشکی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی وێنا بکرێت، بۆ دوورکەوتنەوە لە هەر کردەیەکی نهێنی، کە دەرئەنجامی خراپی بۆ مرۆڤایەتی هەبێت، بێئاگایی مرۆڤایەتی بۆ ئەو زانستە پڕمەعریفەیە، هۆکاری ئەو نەهامەتیانەن بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتووە، ئەکرێ وەک دەرئەنجامی نەگەڕانەوە بۆ ڕابردوو دابنرێت[2].

نووسینەوەی مێژوو لای کورد تاوەکو سەدەی ڕابردوو بە پلەی یەکەم مێژوویەکی سیاسی بووە، سیاسەت پانتای یەکەمی مێژوونووسی کوردی داگیرکردووە، هەندێجاریش نەژادی کورد و بابەتەکانی تر زۆربەکەمی بوونەتە کەرەستەی نووسینەوەی مێژوو لای مێژوونووسانی کورد[3]. هەر لە یەکەم بەرهەمی مێژوونووسی کوردییەوە، کە (شەرەفنامە)ی (شەرەفخانی بەدلیسی)یە باس لەوەدەکات ''هەموو نیاز و ئاواتێکم هەر ئەمەیە خانەدانە گەورەکانی کوردستان ناویان لەناوانا بمێنێ''[4]، بەر لە تەوابوونی سەدەی نۆزدە ژمارەیەکی تری ڕوناکبیرانی کورد بەرهەمی خۆیان بۆ باسی مێژوونووسی کوردی تەرخان کردووە، وەک (خوسرەوی کەلوڕی محەمەدی ئەردەڵانی) و (ڕۆستەم خانی کوڕی ئەحمەدخانی دونبولی) و (ماە شەرەفخانی ئەردەڵان (١٧٤٧-١٨٠٤))، لەگەڵ دەرچونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیشدا لەکۆتای سەدەی نۆزدە، نووسینەوەی مێژوو لای کورد هەنگاوێکی گرنگی نا[5]، لەسەدەی بیستدا چووە قۆناغێکی ترەوە، چەندین کەسایەتی وەک (ئەمین زەکی) و (توفیق وەهبی) و (حسێن حوزنی موکریانی) و (عەلائەدین سەجادی) و (محەمەد علی عەونی) و (صاڵح قەفتان) دەرکەوتن و ڕۆڵی گرنگیان لە نووسینەوەی مێژووی کوردا بینی[6]، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو مێژووەی تا سەدەی ڕابردوو لەلایەن مێژوونووسانی کوردەوە نووسراوە مێژوویەکی سیاسییە[7].

**ا) چەمکی مێژوو لای مەنگوڕی**

(میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی) چەند وێسگەیەکی گرنگی مێژووی قۆناغە جیاوازەکانی گەلی کوردی بۆ ڕوناک کردوینەتەوە، چ بەنووسینەوەی مێژووی هاوسەردەمی خۆی بێت یان نووسینەوەی مێژووی سەردەمێکی دوورودرێژی پێش سەردەمی خۆی لە مێژووی کورد و مێژووی گەلانی تر، بەشداری لە پرۆسەی نووسینەوەی مێژوو لە سەدەی ڕابردودا کردووە، وەک هەر مێژوونووسێکی تری کوردی ئەو قۆناغە بەشێکی گەورەی ئەو مێژووەی نووسیویەتی مێژوویەکی سیاسییە، ئەو لە قۆناغێکی ئاڵۆزی سیاسیدا ژیاوە، وەک دەڵێت: ''هەر ساتە بەبارێکا بازاڕی سیاسەت ئەگۆڕا، ڕووداوەکانی جیهانی وەک فلمێکی سینەما جیهانێکی تازەی نیشان ئەدا''[8].

ئەو ڕوانینێکی گشتی بۆ مێژوو هەبووە، پێیوایە مێژوو ئەو ڕاستیەیە کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە، وەک خۆی وێنابکرێت و بگێڕدرێتەوە و نیشان بدرێت بەبێ دەستکاری و بەهەموو هەڵەو کەموکورتییەکانییەوە نمایشبکرێت، وەک دەڵێت: ''تاریخ وەکو واقع بە هەموو تطوری ئەدوارێکەوە ئەبێ بنووسرێتەوە''[9]. ئەو پێیوابوو مرۆڤایەتی لەم ڕێگایەوە چەپ و ڕاستی لێ ئاشکرادەبێت، لەو

[1] هاشم يحيى الملاح: المفصل...، ص٤٠.
[2] شاخەوان فایەق ئەلیاس: مەعریفەی...، ل٧-٨.
[3] کامەران محەمەد: کوردناسی و مێژووی ژیانی ڕۆژانە، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٧٢.
[4] شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە...، ل١١.
[5] کمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو، ل ١٣٣-١٣٤.
[6] سەروەر عەبدڕەحمان عومر: ڕێبازی...، ل١٦٣-١٦٥.
[7] کامەران محەمەد: کوردناسی و...، ل٧٣.
[8] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥ ، ب١، ل٧.
[9] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب١، ل١٨٤.

بارەیەوە دەتوانێت هەنگاوی دروست بە ئاراستەی ئاینده هەڵبگرێت، وەک دەڵێت: ''هەموو هەنگاوێکی ڕاست بەشوێن هەنگاوی چروکا تێئەپەڕێت''[1]. واتە ڕاستییەکان لە هەناوی هەنگاوە هەڵەکانی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن و تا هەڵە نەکات ڕاستییەکان نابینێت، مێژووش هەگبەیەکە لە ڕاستی و هەڵە، کە دەبێت هەموان وەک خۆی ببینن و بنووسرێتەوە، جا ئەو نووسینەوەیە چ باش بێت یان خراپ، نابێ سڵ لە نووسینی بکرێتەوە، ئەو گوزارشتی لە مێژووکردووە وەک ڕووناکیەک بۆ مرۆڤایەتی وێنای کرد و وەک چرایەک، کە ئاسۆکانی بیری مرۆڤ فراوان دەکات و دەرگاکانی چارەسەری لەبەردەمدا واڵا دەکات ناوی هێنا، کە پێویستە وەک ڕێبەری و باشترین ئامۆژگاری بیکات بەسەرمەشقی کردەوەکانی خۆی، مێژوو بەلای ئەوەوە پەروەردەکارێک بووە ڕۆڵی گەورەی لە پێگەیاندنی گەلاندا بینیووە، پێیوایە ئەوانەی مێژوویان خستە پەراوێزەوە و بێئاگابوون لەم گەنجینەیە هەرزوو توشی سەرگەردانی و نامۆبوون بە مێژووبوون، چونکە مێژوو بەزەیی بۆکەس نییە و بێباکانە هەموو ئەوانە تێدەپەڕێنێت کەبەجێیدەهێڵن، ئەوانەشی کردیان بە پێشەوای خۆیان، مێژوو سەروەری پێبەخشین و بوون بە نمونەی سەرکەوتن و پێشەنگی کاروانی مرۆڤایەتی.

ئەو پێماندەڵێت بێئاگابون لە مێژوو هۆکاری دواکەوتن و سەرلێشێواوی ئادەمیزادە، ئاوڕنەدانەوە و پەراوێزخستنی ڕابردوو ژیان توشی چەق بەستن و وەستاوی دەکات، شارستانی بوون پاش دەخات، گەلی بێئاگا بەردەوام دەستەمۆیە، بەبێوەرگرتنی ڕێنمای مێژوویی ئەزموونکراو لەنێو گۆڕپانی مێژووی مرۆڤایەتیدا ون دەبێت، ئاوڕدانەوە بۆ دواوە و تێرامان لە ئەزمونەکەی پێچەوانەی ئەمە ڕوودەدات، وەک دەڵێت: ''ئەوروپییەکان تا لە ژیانی نادانی و ناکۆکیدا سەرگەشتەبوون، بەشی گەورەیان ناوی باپیرەی خۆیان نەدەزانی، کاتێک بیری دەرمانی مەدەنییەتیان کردووە، بە هەڵبەست ناوی باوک و باپیریان دۆزییەوە، پەندی کردەوەی ڕابردوویان لەپێش چاوە''[2].

**ب) مێژووی گشتی**

ئەو پێیوابووە مێژوو تەنها مێژووی ڕووداوە گەورەکان نییە، بەڵکو ڕووداوە بچوکەکانیش لە شوێن و جێگەی خۆیاندا سەنگ و کاریگەریی لەسەر ڕەوتی مێژوو دادەنێن، ئەو ڕووداوانەی دەبنە خاڵی وەرچەرخان و کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەدوا خۆیاندا دروست دەکەن لە کۆکراوەی ڕووداوە بچوکەکان پێک دێت و نابێت ڕۆڵیان لە نەخشی ڕووداوەکاندا پەراوێزبخرێت، وەک دەڵێت: ''ئەبێ وەک کامێرایەک وێنەی ورد و درشت بگیرێت''[3]، هاوشانی ڕووداوە گەورەکان ڕووداوە بچوکەکانیشی گێڕاوەتەوە، وەک لە نووسینەوەی ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلولدا ئەو وردەکاریانە دەبینرێت، بەبایەخەوە چاو لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژانەی شۆڕش دادەنێت، وەک دیمەنێک مێژوو نیشان دەدات، بەهەموو ڕووداوە گەورە و بچوکەکانەوە گوزارشتێکی ڕاستەقینەتر لە ڕابردوو دەکات، گیانی مێژوو لە وێنەیەکی گشتگیری ڕاستەقینەی پەندئامێزدا بەرجەستە دەکات.

ئەو مێژووی تەنها لە ڕووداودا کورت نەکردووەتەوە، بەڵکو پێیوایە هەر وتەیەکی باش دەتوانێت سود و بایەخی خۆی هەبێت، ڕێنمایکار و ڕێنیشاندەری ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی بێت، وەک لە پێشەکی یەکەم بەرهەمیدا (هەنگاوێک بۆسەرکەوتن) ئاماژە بەوەدەکات، قسەی پیاوە گەورەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوام بۆ کۆکردونەتەوە، تا پەند لە داناییان وەربگرن و بخرێتە خزمەت چارەسەری بارودۆخی ئێستای کوردستانەوە[4]، واتە ڕابردوو هەمووی ئەزمون و گەنجیەیەکی فراوانی مرۆڤایەتییە،

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی... ١٩٥٨-١٩٨٥، ب١، ل١٨٣.
[2] م.م پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٦٠ .
[3] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل١٨٣.
[4] م.م. پژدەری ( میرزا مەنگوڕی ): هەنگاوێک...، ل٣٦.

بەبێ جیاوازیی ئاگایی گەورە بە گەلان دەبەخشێت، لە ئەگەر و سەرچاوەی مەترسییەکانی داهاتوو بەهۆشیان دێنێت.

ئەو تەنانەت مێژووی ژیانی خۆی بێبایەخ نەزانی و بەڵکو بە گرنگ و وەک ئامۆژگاری و ئەزموون دەیناسێنێت و دەیخاتە خزمەت ئەوانەی دەیخوێننەوە، دەڵێت: ''چەند پەندێ لە دەورانی ژیانی پڕنەگبەتی من وەربگرن، بەبێ نرخ تەماشایان مەکەن''[1]. واتە ڕابردوو چ ڕابردووی جیهانبێت یان هی گەل و گروپ و تاکە کەسێک بێت هەر مێژووە و بە ڕێژەیەک سەنگ و بەهای تێدایە، دەکرێت سودی گەورەی لێوەربگیرێت و لە هەردەرفەتێکدا خزمەتی گەورە بە دەوروبەری ببەخشێت.

ئەو نووسینەوەی مێژووی بە ئەرک و پێویست زانیوە بۆ هەر گەل و نەتەوەیەک، وەک پاشخانێکی مەعریفی بەهادار لە هەردەرفەتێکی مێژووییدا ئاوڕی لێبداتەوە، لەکاتی پێویستدا وەک فیلمێک تەماشای بکاتەوە و سود لە هەموو وێستگەکانی ڕابردوو وەربگرێت، هەڵە و ناڕاستییەکانی بکاتە دەرفەت لەگەڵ هەنگاوە دروستەکانی مرۆڤایەتی پێکەوە بەرەو ئاسۆیەکی ڕوونـاک بەرن و ڕەوڕەوەی مێژوو بۆ پێشەوە ئاراستە بکەن، وەک دەڵێت: ''پێویستە هەموو نەتەوەیەک چاو ببڕێتە تێوەگلانی بەسەرهات و ڕۆژ، وەیا هەنگاوە ڕەنگاو ڕەنگەکانی کردەوەی ئادەمیزاد بۆ ئەوەی لەناکاو نەکەوێتە ناو ئەو تەلیسمانەی لەسەر ڕێگای یەکتر دایانناون''[2].

ئەو یەک بوار و کایەی نەکردووەتە مەیدانی نووسین و تێکۆشانی، بەڵکو لە بوارەکانی (مێژوو، سیاسەت، ئایین، ژن، ئەدەب، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئابووری) دا قاڵ بووەتەوە، شێوازێکی تایبەتی بەخشیە نووسینەکانی، دەستی بۆکۆمەڵێک بابەت برد گەرچی بەشێکی گرنگی مێژووی مرۆڤایەتی پێکدێنن، بەڵام تا ئەو ڕۆژگارە مەیدانی پەراوێزخراو بوون، لەناو مێژوو نووسی کوردیدا ئاوڕی جدییان لێنەدراوەتەوە، وەک (لوسیان فیفەر) باس لەوە دەکات (مێژووی تازە) خۆی بە تەنها لە بەڵگەنامەدا قەتیس ناکات، بەڵکو پێویستە هەموو ئەوانە بەکاربهێنێت کە مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت[3].

کەواتە مێژوونووس دەبێت لەو ڕاستییە تێبگات، مێژوو وەک ئەو وێنە لێکترازاوەی بەردەستی منداڵێک وایە کە دەبێت پارچەکانی پێکەوە بلکێنرێتەوە، بۆئەوەی بتوانێت وێنەکە بەتەواوەتی دروستبکات، چونکە هەریەکە لەو کایە جیاوازانە گوزارشت لە پارچەکانی دیکەی ئەو وێنەیە دەکەن، هەریەکەیان لایەنێکی (واقعی مێژوویی) ڕوناک دەکەنەوە، بۆیە دەبێت مێژوو بەسەر کایە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بکرێتەوە[4].

### ج) مێژووی داهاتوو

مانەوەی مێژوونووس لە ڕابردوودا وادەکات دەروازە فراوانەکەی مێژوو بەسەر بارودۆخی ئێستا و ئایندەبینی و هۆشی مێژوونووسدا نەکرێتەوە، لە بارێکی ناتەواویدا بژی و بیرکردنەوەیەکی دروستی بۆ مێژوو نەبێت. (نیچە) ئەم شێوازەی مێژوونووسی بە (نەخۆشی مێژوو) پەسن کرووە، کە مێژوونووس هەموو هۆگریەکی بۆ ڕابردوو دەبێت، توانای درککردن و بیرکردنەوەی داهێنەرانەی نابێت[5]. لای مەنگوڕی تەنها ڕابردوو بەرهەمێنەری مێژوو نیە، بەڵکو زنجیرەیەکی پێکەوە بەرستراوە بەئێستا و ئایندەوە، ئەو دید و تێگەشتنێکی فراوانتری بۆ مێژوو هەبووە، مێژوو تەنها گوزەرێک نەبووە، بەڵکو ڕابردوو تەنها بونیادی ئەو مێژووەیە، ناوەند و سەرخانی ئەو بونیادە لە ئێستا و داهاتوودا بەرجەستە دەبێت، ئەو پێشبینییەکانی خۆی بۆ ئایندە دەبزوانـد و لەپێناو بەرەوپێشچونی مێژووی

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٢٩.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: دەستوری...، ل١٥.
[3] کامران محەمەد: لەنێوان...، ل٧ـ٨ .
[4] کامەران محەمەد: کورد بونیادێکی نەخەمڵیو، چ١، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل١٠٥ـ١٠٦.
[5] هاشم یحی الملاح: المفصل...، ل٥.

مرۆڤایەتی لەنێو گەمەیەکی بیرکردنەوەی ناوازەدا دەژیا و ئایندەی ڕووناکتر دەبینی، هەر وەک لە کتێبی (گەشتی ئەستێرەی مەریخ) و (شەوێک لە عصبة الام) دا ئەو ئاسۆ بینییەی بۆ داهاتوو خستووەتە ڕوو، دەڵێت: " ئەم شێوەیە تەسویرێکە بۆ ژیانی ئازادی و موستەقبەل دانراوە، کە بە شەریەت لە موستەقبەلا مەدەنییەتیان دەگاتە ئەو مەرحەلەیە"[1].

**د) مێژووی زارەکی**

بەمەبەستی گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ نووسینەوەی مێژوو، مێژووی زارەکی لە سەدەی ڕابردوودا گرنگییەکی زیاتری پێدرایەوە، بەتایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە هەوڵەکانی زانکۆی (کۆڵۆمبیا) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دواتر لە بەریتانیا لەسەر بنەمای (مێژوو لە بنەوە)، دەستیان بە سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو کرد، بە یەکێک لە هەوڵە گرنگەکانی نووسینەوەی مێژوو لەسەدەی ڕابردوو دادەنرێت[2]، مێژووی زارەکی میتۆدێکە بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی یادەوەری ئەو کەس و کۆمەڵانەی لە ڕووداوەکانی ڕابردوودا بەشداریانکردووە، مێژوویەکی کۆمەڵایەتییە پشت بەسەرچاوە زارەکی و تاکێتییەکان دەبەستێت، تۆمارکردنی یادەوەری و ئەزمونی مرۆڤەکانە لە ڕابردوویەکی نزیکدا[3]، ئەم مێژووە یەکێکە لە کەرەستەکانی نووسینی مێژوویی لای مەنگوڕی، ئەو بەبایەخەوە لە چیرۆک و بەسەرهاتەکانی دەروانی، چەند بەسەرهاتێکی لە ئەندێشە و زاری خەڵکەوە گواستەوە نێو پەڕەکانی مێژوو، گرنگی ئەم مێژووەی لە مێژووی نووسراو بە کەمتر نەبینی، پێیوابوو ئەوانە هەریەکەیان گوزارشت لە قۆناغێکی گرنگی مێژووی گەلی کورد دەکەن، دوژمنانی کورد ڕێگریان لە نووسینەوەی ئەو مێژووە کردووە، یان بە خزمەت بە مێژووی گەلێکی تر خراوەتە ناو تۆمارە مێژووییەکانەوە[4]، هەریەکە لە بەرهەمەکانی (زێڕینای ئامێدی، فەیروز خانی پشت کۆ، ماهراکۆ) وەک ڕووداوێکی ڕاستەقینە لە مێژووی کورد دادەنا، وەک دەڵێت: "ئەگەر بەسەرهاتێکی کۆنی کورد بخرێتە بەرچاو وەک شتێکی هەڵبەست و خەیاڵی دادەنرێن، نەخێر وا نییە، ئەوەی ئاگای لە بەسەرهاتی کوردبێ، تێدەگات کورد هەر لە کۆنەوە خاوەنی دەسەڵات و هێز و تەکان بووە"[5]، "جا ئەبێ کورد هەوڵی ئەوە بدات ڕووداوەکانی خۆی لە باخەڵی میللەتاندا بهێنێتەدەرەوە"[6].

ئەو نووسینەوەی ئەو مێژووەی لەسەر زار و ئەندێشەی مرۆڤە بە پێویست دەزانی، پێیوابوو دەکرێت لە هەناوی هەریەکەیاندا چەند ڕاستییەک خۆیان حەشاردابێت، گرنگی بە یادەوەری و پاشخانی بیرەوەری دەما و دەم و گواستراوەی خەڵکی ئاسایی دەدا، ئەرشیفکردن و نووسینەوەیانی وەک ئەرک دەبینی، مەترسی خۆی لە سڕینەوە و لەناوچوونی ئەو یادەوەرییانە دەردەبڕی، دەڵێت: "مێشکی ئادەمیزاد لە خوی ئاوێنەدایە، وێنەی هەموو شتێک لە ئاوێنەکەدا دیارە، بەڵام وێنەکان لە ئاوێنەکاندا ڕاناوەستن و دێن و تێدەپەڕن"[7].

**ز) مێژووی جیـــهانی**

---

[1] میرزا منگوڕی: چیرۆک...، ل٢٦٦.

[2] دانا عابد: التأريخ الشفوى فى https://al-fanarmedia.org/ar/٠٩/٢٠١٩//التاريخ-الشفوي-في-العالم-العربي-نافذة العالم العربى، نافد المهمشين، ٢٠١٩/٩/١١، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٤/١٧.

[3] کامەران محەمەد قادر: مێژووی زارەکی، یادەوەری کۆمەڵی و مێژووی پەڕاوێزخراوەکان، المجلة العلمية لجامعة جيهان ـ السليمانية، المجلد (٦)ـ العدد(٣)، حوزيران ٢٠٢٢، ل١١٥ـ١١٦.

[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: زێڕینای...، ل١٢.

[5] میرزا مەنگوڕی: فەیروزخانی...، ل٣.

[6] میرزا مەنگوڕی: زێڕینا...، ل١٢.

[7] میرزا مەنگوڕی: دەستوری...، ل١٦.

مێژووی جیهانی ئەو بیرۆکەیەیە، کە یەکسانی مرۆڤەکان و مرۆڤایەتی تێیدا باڵادەستە، جەخت کردنەوەیە لەسەر فەلسەفەی ژیان بۆ هەموان، (دیودرو سیسیلی) مێژوونووسی یۆنانی کۆن، جەخت دەکاتەوە ئەرکی مێژوونووس ئەوەیە مێژوویەک بنوسێت یەکێتی مرۆڤایەتی بچەسپێنێت، چونکە مێژووی جیهانی بڕوای بە فەلسەفەی یەکسانی مرۆڤەکانە، دەڵێت: "مێژوویەک کە دەینوسم دەبێ ببێت بەهاندەری یەکگرتوویی و لایەنگری کردن لە ئاشتەوای لەنێوان مرۆڤەکاندا"[1]، مەنگوڕی لەسەر ئەم بیرۆکەیە مێژووی تۆمار کردووە و باوەڕی بە فەلسەفەی یەکسانی مرۆڤەکان هەبووە، بەردەوام داوای ئایندەیەکی بێ کەم و کورتی بۆ سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکرد، دەڵێت: "هەر بیر و باوەڕێک خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات من ئیحترامی دەگرم"[2]، هەر لە چوارچێوەی بەرهەمەکانی دا پێنوسەکەی خستۆتە خزمەت بەرگریکردن لە چەند گەلێکی تری وەک (ئەرمەن و ئاسوری) نمونەی قوربانی دانی ئەوان و چەند گەلێکی تری لە پێناو مانەوە و بەدەستهێناتی مافی یەکسانی بۆ مرۆڤەکان خستەڕوو، دەڵێت: "من ئەصلا لەو باوەڕەدانیم حەیاتی عنصری و تایفەگەری شتێکی باشبێت"[3]، لە بەرهەمەکانی دا داوای یەکێتی و یەکسانی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کردووە، نووسینەکانی لە سنوورێکی دیاریکراودا بۆ کۆمەڵگە و گەلێکی دیاری کراو نەنووسیوە، وەک لە کتێبی دەستوری ژیاندا، کە لە ماوەی (٥٠) ساڵدا بەرهەمهاتووە، (٦٧٨١) چوارخشتەکییە، سەراپای پەند و ئامۆژگاری ئەزمونکراوی مێژووییە، وەک ڕێنمایکار و ڕێبەریەکە بۆ ڕێخستی ژیان و ئاکاری (کۆمەڵایەتی، سیاسی، بەڕێوەبردن و هتد...)ی مرۆڤەکان داڕشتووە، ئەو مێژووی ژیانی لەنێو دەستورەکەیدا کۆکردووەوە، ئەو دەستورە پێویستی هەموو ماڵێکە، خۆی و دەستورەکەی بەموڵکی هەموو مرۆڤایەتی دادەنێت، وەک باسیدەکات هەر بوێژێک دەبێت لەسەر ڕەوشتی مرۆڤانە نووسینەکانی بنیاد بنێت، بخرێتە خزمەت هەموو گەل و نەتەوەیەکەوە، ئەو بوێژانەی بۆ گەل و نەتەوە و گروپێکی دیاریکراو لە سنوورێکی داخراودا دەنووسن، لە پێش مردنی خۆیاندا بەهەرهەمەکانیان لەناو دەچن و بەهای زانستیان نامێنێت[4].

لەسەر بنەمای ماف و یەکسانی و ژیانێکی بێخەوش بۆ هەموان، چەندین بیرۆکە و سەردێڕ و ئاماژە و دەستەواژەی گرنگی بۆ گوزارشتکردن لەو ژیان و ژینگەیەی دەستەبەری ژیانێکی شایستە بۆ مرۆڤ و تەنانەت ئاژەڵ و ڕووەکیش دەکات، لە دوتوێی چەندین بەرهەمدا بۆ بەجێهێشتوین.

ئەو کاری لەسەر فراوانکردنی ڕەهەندەکانی تێگەیشتن بۆ مێژوو کرد، لەم ڕێگایەوە هەوڵی گواستنەوەی مێژووی لە مێژووی ڕوکاری و نەریتییەوە بۆ چوارچێوە سروشتییەکەی خۆیدا.

## دووەم ـ مێژووی سیاسی:

مێژووی سیاسەت گێڕانەوە و تۆمارکردنی ڕووداوە سیاسییەکانە[5]، لە هەموو بوارەکانی دەسەڵات و دەوڵەت دا لە ڕێگەی بایەخدان بە چینی دەستەبژێری سیاسی لەناو دەسەڵاتدا و کاریگەریەکانیان لەسەر دەوڵەت و دامەزراوەکانی[6]، هاوکات کایەیەکی یارمەتیدەری نووسینەوەی مێژووە، ڕووداو و پەرەسەندنە سیاسیەکان بە هەمان شێوە بنچینەیەکی گرنگی پێکهاتەی مێژوون، وەک کەرەستەیەکی سەرەکی ئەو کایەیە، گرنگە مێژوونوسان ئاگاداری ڕووداوە سیاسیەکان بن[7].

### ا) سیاسەت لە دیدی مەنگوڕیدا

---

[1] داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی...، ل٤٣.
[2] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک... ل٢٥٩
[3] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٣٦.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: دەستوری...، ل١٧.
[5] هرن شۆ: علم التاريخ، ت. عبدالحميد العبادى، ط١، مطبعه لجنه التأليف، القاهره، ١٩٣٧، ص١٦٣.
[6] نانسي عتوم، ٢٥/فبراير/ ٢٠٢٠، بەرواری https://e3arabi.com/sociology/ماهو-التاريخ-السياسي/ سەردانیکردن ٢٠٢٢/٢/٨.
[7] سەروەر عەبدلڕەحمان عومەر: ڕێبازی...، ل١٨٦.

ئەگەر بە گشتی بڕوانینە نوسراوە مێژووییەکانی کورد، بەو ڕاستیە بنەڕەتیە ئاشنا دەبین، کە (مێژووی سیاسی) بەشی هەرە گەورەی مێژووی نووسراوی کورد پێکدێنن، لەو نێوانەشدا مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازیی کورد پانتاییەکی فراوانی مێژووی سیاسی پێکهێناوە، واتە سیاسەت ئەو کایەیە، کە هەژمونی خۆی بەسەر تەواوی کایەکانی تری ژیان و مێژوونوسی کوردیدا سەپاندوە[1].

بەشێکی گەورەی پێنووسەکەی مەنگوڕی باسکردنە لە مێژووی سیاسەت، لەڕێگەی بەشێک لە بەرهەمە ئاسایی و ئەدەبی و ئەندێشەییەکانیەوە گوزارشتی لەو کایەیە کردووە، ئەو تێڕوانینی بەرانبەر سیاسەت نەرێنی بووە، بە گۆڕەپانێکی ئاڵۆز و پرکارەسات و مەینەتی بۆ مرۆڤایەتی زانیوە، ئەو وادەبینێت جیهانێکی فریودەرە و کاتێک سیاسەت کارا دەبێت نرخ و مانا بۆ هیچ یاسا و داب و دەستورێک نامێنێتەوە، لەو گۆڕەپانەدا تەنها بەرژەوەندی برەوی پێدەدرێت و بۆ بەدەستهێنانی هیچ سنوورێک لە بەردەم خۆیدا ناهێڵێتەوە، وەک دەڵێت: ''سیاسەت برا بەبرا بە کوشت دەدات، سەرەخۆشی لێدەکات، سیاسەت زەبر بەدەستێکە چنگ ئەهاوێتە ناو جەرگی باوک و فەرزەند''[2]، ئەمە گەرچی لە ڕووکەشدا ڕستەیەکی ئاساییە، بەڵام لەناوەڕۆکدا ماناو مەبەستێکی فراوانی هەیە، لەلایەکەوە دووڕووی کایەی سیاسەت نیشان دەدات، لەلایەکی ترەوە جیهانێک دەناسێنێت ئاسایشی تێدا نیە و بەپێی بەرژەوەنییەکانی ڕۆژ هەڵدەسوڕێت، ئەو بە تەواوەتی باوەڕی بەو پەندە ئینگلیزیە هەبوو کە دەڵێت: ''لە سیاسەت دا دۆستی تاسەر و دوژمنی تاسەر نیە، بەڵکو قازانجی تاسەر هەیە''[3]، لەو ڕووەوە چەندین دەستەواژەی بۆ خستنە ڕووی ناشرینییەکانی سیاسەت دەربڕیوە، ئەو دەڵێت: ''سیاسەت تێکەڵ بەباوەڕ و ڕاستی و شەرەف نیە، لە درۆ و بێ قەولیدا باکێکی نەهێناوە، پاکانە و تەئمینات لە مەیدانی سیاسەتدا جێگای هەویا نییە''[4]، ''، نەخشەکانی سیاسەت هەمووی بە بێویژدانی نووسراوەتەوە، هەرگیز سیاسەت دەنگی وەفا و ڕاستی و دڵسۆزی و ئاین و مرۆڤایەتی نەبیستووە''[5]، هاوکات خستنەڕووی سیاسەت و بە ئەزموونکردنی مێژووەکەی سەرنجی چەندین مێژوونووس و بیرمەندی بۆلای خۆی کێشکردووە، (فێرنان برودێل) مێژووی سیاسی بە مەترسیدار و ڕوکەشانە ناوبرد و پێیوایە مێژوویەک نییە بتوانێت گوزارشت لە ڕاستییەکان بکات[6].

مەنگوڕی قسەی لە پیادەکارانی سیاسەت دەکرد، پێوابوو مادام سیاسەت کایەیەکی بێڕەوشتانەیە، پاڵەوانەکانی ئەو گۆڕەپانەش هەڵگری هەمان ئاکارن و بۆ گەیشتن بە ویست و باڵادەستیان بیر لە دەرئەنجامە نەرێنییەکانی بۆ سەر مێژووی مرۆڤایەتی ناکەنەوە. وەک دەڵێت:

پیلانـــــچی چ باکیە بەدرۆ دەرچێ وتەی

سیاسی دەمی لای تۆیە بەڵام کلکی لەچین[7]

ئەو پێیوابوو سیاسەتکردن کاری هەموو کەس نیە، دەستوەردان و گفتوگۆکردن لە بارەیەوە پێویستی بەشارەزای و ئەزموون و زانست هەیە، سیاسەتی بەکاری کۆمەڵگە نەدەزانی و تێوەگلانی لەو کایەیە بە هۆکاری دروستکردنی نائارامی و ئاژاوەی ناوخۆیی و دەرەکی دەبینی، پێیوابوو دەبێتە هۆی ناکۆکی و لێکترازانی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و هاوکات هۆکاری دروست کردنی کێشە و گرفتی دەسەڵاتی سیاسیە لە هەر وڵاتێکدا. دەڵێت: ''سیاسەت مەزەیەک نیە دەرخۆری هەموو پیاوێک بێت، سیاسەت هەر

---

[1] کامەران محەمەد: کوردناسی و...، ل٦٩-٧٣.

[2] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٧٥.

[3] نەوشیروان مسەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ (دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥-١٩٧٨)، ب، ن، چ، بەرلین، ئەڵمانیا، ل٣٣.

[4] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...ل٧٤-٧٥.

[5] میرزا مەنگوڕی: شەش کتێبی...، ل٢٨٨.

[6] کامەران محەمەد: فێرنان...، ل١٥٣.

[7] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بەپێکەنین، ل١٠٩.

شیاو و ئەربابی حکومەتە، میللەت بە سیاسەتکردن سەرگەردان ئەمێنێتەوە، سیاسەتگەری میللەت سەر لە حکومەت ئەشێوێنێت، حکومەت لە یاریدەی تیرەی نادان ڕوناکی وەرناگرێت‘‘، ڕەخنە لە کۆمەڵگەی ئەوکاتی عێراقی دەگرێت، کە گەورە و بچوک و زانا و نەزان دەمیان لە سیاسەت وەرداوە، سیاسەتیان سوک و کەم بایەخ کردەوە، ڕۆچوونی سیاسەتی بۆ ناو ژیانی تاک و کۆمەڵ بە گەورەتریت دەردونەخۆشی بۆ ئەوکاتی کۆمەڵگەی عێراقی ناوی بردووە، ئەو بانگەشەی بە زانست کردنی سیاسەت و تایبەت کردنی بە چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە و بەکارهێنانی ئەزمونی لەو پێناوەدا کردووە، زانستی بە پێوەری سەرکەوتنی ئەو گۆڕەپانە دانا، پێیوابوو هەر گەلێک ئەزمونی مێژوویی لە سیاسەت وەرنەگرێت و شارەزایانە هەڵس و کەوتی لەگەڵدا نەکات، دەبێت بە گەلێکی دەستەمۆ و دەچێتە پەراوێزی مێژووەوە، دەڵێت: ’’میللەتی نادان بەرانبەر بە سیاسەت وەک منداڵ و ئاگربازی ئەبینرێت‘‘[1]، چونکە سیاسەت پەیامێکە کاری کەسانی بلیمەت و بەهرەدار و هەڵکەوتووە، ئەرکی کەسانی ئاسایی نیە، بەم تێگەیشتنە لە توانای چینێکی دەستەبژێردایە[2].

بە چەندین دەستەواژەی تر گوزارشتی لە دژواری سیاسەت کردووە، بە جیهانێکی خەوشدار و فریودەر و نمایشکار ناویهێنا، هۆشداری لە پێویستی زانینی تەواو لە بارەیەوەدەدات، داوای ئاگایی بەرزی لەو پێناوەدا کردووە، لە بارەی ساسەتەوە دەڵێت:

چە دەستێکی هەیە بۆ تەفرەدانت ئەم سحربازە
بە شەکرت پێئەدا پێکێ کەوا پڕ عللەتو ژەهرە[3]

ڕووداو گۆڕانکاریە سیاسییەکانی سەدەی بیستەم، کە هاوسەردەمی مەنگوڕی بووە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دروستکردنی ئەو دید و تێڕوانینەی بۆ مێژووی سیاسی هەبووە، زنجیرەیەک ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی ناخۆیی و جیهانی ڕوویاندا، کە لە مێژووی سیاسی جیهاندا بەسەدەیەکی گەرم و پڕ گۆڕانکاری دادەنرێت، وەک خۆی دەڵێت: ’’لە ڕۆژگار و چەرخێکی زۆر سەرسوڕهێنەر و پڕ لە سیاسەتدا ژیام‘‘[4].

جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ــ١٩١٨) لەدەسپێکی سەدەی بیستدا لە ئەنجامی ململانێیەکی نێودەوڵەتی ڕوویدا[5]، لە هەمانکاتدا شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧) لەڕوسیا هەڵگیرسا، کە بە یەکێک لە گەورەترین وەرچەرخانە کۆمەڵایەتیەکانی مێژووی ئادەمیزاد دادەنرێت، قۆناغێکی نوێی لە مێژووی بەرەوپێشچونی وڵاتە پاشکۆکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئارا[6]، لە ساڵی (١٩٣٩) جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەنجامی کۆمەڵێ قەیرانی نێودەوڵەتی و دەرکەوتنی ڕژێمە تۆتالیتارەکانی نازی و فاشی، شکست هێنانی کۆمەڵەی گەلان لە پاراستنی ئاسایشی نێودەڵەتی دروست بوو[7]، قەیرانێکی مرۆیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گەورەی لێکەوتەوە[8]، لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، قۆناغێکی تری ململانێی نێودەڵەتی لەنێوان هەردوو بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالستی دەستی پێکرد[9]، کە بە (جەنگی سارد[10]) ناسراوە، چەندین قەیرانی نێودەوڵەتی وەک قەیرانی کۆریا و کێشەی کوبا و

---

[1] م.م پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٦١-٦٢.
[2] هــ. سوارە: سیاسەت، ب١، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٦٩.
[3] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٣٦٠.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٢٩.
[5] سامان حسێن ئەحمەد: زلهێزەکان...، ل٣١.
[6] عزیزی شەمزینی: جوڵانەوەی...، ل١٤٦.
[7] سامان حسێن ئەحمەد: زلهێزەکان...، ل١٣٩-١٤١.
[8] سامان حسێن ئەحمەد: زلهێزەکان...، ل١٦٩-١٧١.
[9] بریتا بچورنلۆند: جەنگی سارد، و. هەژاری ڕەحیمی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل١٠.
[10] بریتیبوو لە ململانێیەکی ئایدۆلۆجی لەنێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ڕەنگدانەوەی جیاوازی سیاسی و ئابووری و سەربازی و کلتوری نێوان ولایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بوو، کە لە دوای جەنگی

جەنگی ڤێتنامی لێکەوتەوە[1]. مەنگوڕی خۆی هاوسەردەمی ڕووداوەکان و هەواڵەکانی بەرەکانی جەنگ بووە، لە بەرهەمی (شەوێک لە عصبە الامم) و (کۆنگرێسی درندە و مەل) و چەند بەرهەمی تردا، گوزارشتی لە نالەباری دۆخی سیاسەتی نێودەوڵەتی کردووە، کوردستانی وەک ناوچە و بەشێکی گرێدراوی ئەو ململانێ نێودەوڵەتییە ناوبردووە، لە سایەی سیاسەتەکانی هەردوو جەمسەری شەڕدا، وەک ناوچەیەکی ئاڵۆزی پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی نێوانیان، وەک کۆڵۆنیایەک گەورەترین قوربانی لەو پێناوەدا بە خەرجداوە، چەندین نووسەری تری وەک (جمال نەبەز، ئیسماعیل بێشکچی) هاوشێوەی مەنگوڕی کوردستانیان بە کۆڵۆنیایەکی نێودەوڵەتی و بە وڵاتی (ڤێتنام[2]) لەو قۆناغەدا وێنا کردووە.

هەر لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی یەکەم دۆزی کورد ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرت، چووەتە چوارچێوەی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی وەک(سیڤەر و لۆزان)ەوە[3]، بەڵام لە کۆنگرەی دووەمی لۆزان ساڵی(١٩٢٣)هیواکانی پوچەڵکرایەوە[4]، لەماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، بزوتنەوی کوردایەتی وەک بەشێک لە جوڵانەوەی گەلانی ستەمدیدە، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا دەستی بە شۆڕش و ڕاپەڕین کرد، هاوکات دەرکەوتنی کۆمەڵێک پارت و ڕێخراوی سیاسی و نیشتمانی ڕۆڵیان لەسەر هەڵدانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا بینی[5].

لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەمدا بەهۆی بێهیوابونی گەلانی ژێردەستەی ناوچەکە لە بەرەی ڕۆژئاوا ڕویان کردە یەکێتی سۆڤیەت، بەئامانجی بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانیان و بیری چەپ بەشێوەیەکی بەرچاو لەناو ئەم گەلانەدا گەشەی کرد[6]، گەلی کورد لە چوار چێوەی پروپاگەندەکانی بەرەی چەپدا هیوا و ئومێدەکانی لەسەر ئەم بەرەیە هەڵچنی، لەماوەی جەنگی سارددا، هاوتەریب بە هەردوو جەمسەرەکە، لە بەرەی چەپ و لەبەرەی سەر بە ولایەتەیەگرتووەکانی ئەمریکا، خەباتیان چڕکردەوە، بەڵام هیچکام لەم وڵاتانە لەسەر ئاستی ستراتیژ مامەڵەیان لەگەڵ دۆزی کوردا نەکردووە، هەمیشە وەک تاکتیک لە چوارچێوەی بەرژەوەنییەکانی خۆیاندا هەڵس وکەوتیان لەگەڵ ئەو دۆزەدا کردووە[7]. وەک خۆی دەڵێت:

ئەی داد لە چنگ عەصری بەدی بیستەمی غەدار
ناهێڵـــــــــــێ کە سارێژبێ دڵی کورد لــــە ئازار
کردویـــــــــــەتە طەیرێک و فـــــڕێی داوەتە بازاڕ
ئەبرێـــــــــــتە وەڵاتان بـــــۆ گەپو گاڵتەی ئەغیار

---

جیهانی دووەمەوە دەستی پێکرد، بۆ ماوەی (٤٥)ساڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی جیهانیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، کاریگەریەکی گەورەی بەسەر وڵاتانی جیهانەوە هەبوو، بەشێوەیەکی فەرفی ساڵی (١٩٩١) کۆتای هات. بڕوانە بریتا بچورنلوند: جەنگی...، ل١٠-١١.

[1] سامان حسین ئەحمەد: زلهێزەکان...، ل١٨٧-١٩١.

[2] ڤێتنام دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی نیمچەدوورگەی هندی چینی لە خواروی خۆرهەڵاتی ئاسیا، لە ڕووی ئابوورییەوە یەکێکە لەناوچە دەوڵەمەندەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ل٩-١١)، وەک شوێنی پێدادانی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێزی ناوچەکە و جیهان، بەدرێژای ڕابردوو ڕووبەڕووی چەندین هەڵمەتی داگیرکاری بووەتەوە، لەسەدەی یازدە لەلایەن چینیەکانەوە داگیرکراوە(ل١٥)، لەسەدەی شازدە لەلایەن ئسپانی و پرتوگالیەکانەوە داگیرکراوە(ل٢٣)، لەسەدەی نۆزدە لەلایەن فەرەنسییەکانەوە داگیرکراوە(ل٢٨)، لە ساڵی ١٩٤٠ لەلایەن ژاپۆنەوە داگیرکراوە(ل٤٩)، بەهۆی دەست تێوەردانی هەردوو بەرەی سەرمایەداری و سۆسیالستییەوە لە ساڵی (١٩٦٥ـ١٩٧٥) جەنگ لە ڤێتنام لەنێوان باکوور و باشووری ئەو وڵاتە بەردەوام بووە. بڕوانە: محمد عباس جلال: مێژووی خەباتی گەلی ڤێتنام، و. فەرهاد همزە محەمەد، چاپخانەی اسعەد، بغداد، ١٩٨٣، ل٩ و دواتر... .

[3] سەعدون عوسمان: بزافی ڕزگاری خوازی کورد، چ١ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، ل٢٤.

[4] ئەحمەد باوەڕ: چەند لاپەڕیەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٧.

[5] سەعدون عوسمان: بزافی...، ل٥٨-٥٩.

[6] بریتا بریچنلود: جەنگی سارد...، ل١٦.

[7] سەعدون عوسمان: بزافی...، ل٦٨.

بۆ مەصـلەحەتی غەیـــرە، گەلم جۆکەرە جۆکەر[1]

مەنگوڕی بەشێکی گەورەی ئەو مێژووە سیاسیەی نووسیوویەتی، مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردە، لەسەدەی ڕابردوو، هاوکات لەو چوارچێوەیەدا سەرنجی خۆی لەسەر هەندێک بابەتی مێژووی سیاسی جیهانیش خستووەتەڕوو.

**ب) مێژووی سیاسی جیهان**

دامەزراوەی کـۆمەڵەی گەلان، بەئامـانجی چەسـپاندنی ئاشـتی و چارەسـەر کردنـی کێشـە نێودەوڵەتیەکـان بەپێـی ڕێکەوتنـامەی ڤێرسـای لە سـاڵی (١٩١٩) دامەزرا[2]، مەنگـوڕی کاتێـک باسـی مێـژووی ئەم ڕێخـراوە لە دوو قۆنـاغی جیـاوازیی (کـۆمەڵەی گەلان، ڕێخـراوی نەتەوەیەگرتووەکـان) دەکات، بەیەک چاو یەک هەڵوێست تەماشایان ناکات، لە ساڵانی سیەکاندا بەوپەڕی هیوا و باوەڕەوە لەم ڕێخراوە دەڕوانێت، بە پەنا و پشتیوانی گەلانـی سستەم دیدە و چەوساوە نـاوی هێنـاوە، دەڵێت: ''عصبە الامم و محکمەی لاهای لەسەر زەمینا خەریکن مللەتە پاشکەوتوەکان توشی مەدەنیەت و ئـازادی بـکەن، دەوڵەتە هێزدارەکان نایانەوێ کۆمەڵی هیچ حکومەتێ توشی سەرلێشێواوی و نـادانیبێ''[3]، بەڵام دواتر لە سیاسـەتەکانی ئەم ڕێخـراوە بێئومێد بـووە، کە لەسـەر بەرژەوەنـدی زلهێزەکـان و بە ئامـانجی فریـودانی گەلانی ژێردەستە هەڵدەسوڕێت، بە خانۆچکەی فێڵبازی و چەواشەکردنی گەلانی سادەی جیهانی نـاوبرد، دەڵێت: ''سـازمانی گشتی لە چەرخـی بیستەما تەنها لە مەسـائیلی ئیستعمار و شێلانی حقوقی هەژارەوە نەبێ بۆ مەبدەئێکی ئازادی و سەربەستی جیهان تێناکۆشن''[4].

ئەو لە بەرهەمەکانیدا دەنـگ بـۆ ئاشـتی و ئـازادی برایەتـی جیهـانی هەڵدەبڕێت، داوای یەکگـرتن و تەبـای بـۆ کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی و دەسـتەبەرکرنی مـافی گەلان دەکـات، نمـونەی دەیـان سـەرکردەی مێژووی جیهانیمـان بۆدەهێنێتەوە، سـەردەمانێک شـکۆیان بەسـەر هەموو جیهانـدا چەسپیوە، کارەساتیان لەسەرزەوی ناوەتەوە، بەڵام بەتێپەڕینی کات هەموویان لەسەر شانۆی سیاسی جیهان ونبوون، بانگەشە بۆ دەسەڵاتداران دەکات، بە ئاوردانەوە بۆ مێژوو، ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە، سـەرداری و مەزنـایەتی موڵکی تا سەر نیە، بانگهێشتیان دەکـات، ئاشتی و تەبـای و ئـازادی گەلان و خۆشبەختی مرۆڤـایەتی بێتە سەرمەشق و دروشمی کارکردنی هەمووان. دەڵێت:

باسی ضــحاک و کاوەی ئاسنـگەر تەرزی هەڵمەتی شاهی ئەسـکەندەر
ئەکەم بو کەلـەی خوسرەو و نەوزەر کەوا ئەنـاڵم شـەوو ڕۆژ یەک سەر
باسی (تەپـڵەکەی) ئەفلاتون ئـەکەم بای (سـەلموتور) بۆ قـارون ئەکەم
باسی (عباسە بۆ مأمون) ئەکـەم یادی (جەم شیدو فریدون) ئـەکەم
بەیتی (بەرمەکی بۆ هارون) ئەکەم
باسی (ماریەو) لویس و قەیسـەر ئەکـەم بۆ کەلەی گورنگ و هتلر
باسـی (غلیومو فوروشو) واشنطون ئەمـەک بۆ جۆرج و ڕەوانی نلسون
باسی ڕۆستەمو ڕێی مازەنـدەران ئەکـەم بۆ کـەللەی شاهی ڕەزاخان
باسی ئەفراسیاب ئەکەم بۆ لبـران چـیرۆکی زۆراب برزوی دێو قران
ئەکەم بۆ دۆتشی کەلاریتای جوان[5]

---

[1] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٨٨.
[2] عتیقە دومە، زرقاوی حلیمە: عصبة الامم والأستعمار، ریسالە ماجستیر، غیرە منشورە، جامعة الجیلالی بونعامة-خمیس ملیانة، کلیة العلوم الاجتماعیة و الانسانیة، شعبة التاریخ، الجزائر، ٢٠١٧، ل٢٨.
[3] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٥٢.
[4] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٦٦.
[5] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٢١٢.

ئەو زۆر کاریگەربووە بە ژمارەیەک لە کەسایەتیە سیاسیە ناسراوە مێژووییەکانی جیهان، بەهێزێکی لەبن نەهاتوو پەرجو ئاسای نیشان داون، ستایشی کاریگەری و دەسکەوتی مەزنی ئەوانی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا کردووە، بەسەرچاوەی ئیلهام و خۆشبەختی گەلەکانیان ناوی بردون، بە دەستەواژەی جیاواز گوزارشتی لە تواناو لێوەشاوەی کردون، وەک دەڵێت: "نادرشا موعجیزەیەکی سەرسام بووە، پەهلەوی پاڵەوانێکی زرنگە، مۆسۆلۆنی سروشتەی جادووە، هیتلەر تیندارێکی زوحەلییە، مصطفی کمال بروسکەی ئاگرینە، فەیسەڵ هەوێنێکی دانابییە"[1]، بە دروستکاری مێژوویەکی شکۆدار بۆ نەتەوەکانیان ناوی هێنان، بە بزوێنەر و بەردەوامیدان بە بزوتنەوەی مێژوو لەقەڵەمیدان، باس لەسەرکەوتنەکانی ناپلیۆن لەرۆژهەڵات و رۆژئاوا دەکات، دەڵێت: "پەلاماردانی ڕۆما و شاڵاوی ڕوسیا و ئەڵمانیا و شەرق و بەڵقانیەکان، باوەڕپێکردنی موعجیزەی هێزداری ئادەمیزادبوو"[2]، پێگەی ئەو سەرکردانەی بە وتەیەکی (لاماتین) بەرزتر نرخاند، کە دەڵێت: "میللەت لە تەبیعەتی شتێکی وشکایە، بەڵام زەعیمی شۆڕش ئاگرێکە ئەو شتانە ئەکاتە گڕ"[3]. لەگەڵ ئەوەی بۆچونی تر هەیە پێیوایە کەسایەتییە مێژووییەکان تەنها لەرێی کرداره تایبەتییە ڕۆحیەکانەوە دەتوانن کاربکەنەسەر کۆمەڵگەکانیان، لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا، تا سنوورێک هۆکاری گەشەی کۆمەڵگەن، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان مۆڵەتی ئەو کاریگەرییەی پێبدەن، سنووری لێهاتوییەکانی کەسێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاچەندە کۆمەڵگا جێگا و ڕێگایەکی دروستی بۆ دەرەخسێنێت، تا لێهاتوییەکانی خۆی بەرجەستەبکات، بۆیە بەهێزترین کەسایەتی ناتوانێت کەشتی مێژوو بەئاراستەی بەرژەوەندیەکانی هەڵسوڕێنێت، هەرکەسێک ویستبێتی مێژوو بخاتەسەر ڕێگایەکیتر توشی شکست بووە، کەسایەتییەکان تەنها دەتوانن ڕووداوە مێژووییەکان خێراتر یان دژوارتر بکەن، بۆگەیشتن بە ئاکامێکی دیاریکراو[4]، (بسمارک) لە وتەیەکیدا ئاماژە بەوە دەکات ئێمە ناتوانین مێژوو دروستبکەین، بەڵکو دەبێت لەچاوەڕوانی دروستبوونیدابین[5].

ئەو پێیوایە گەلی کورد لەم جۆرە ڕێبەر و کەسایەتییانە هەژار و دەست کورتە، کە خاوەن پێداگرییەکی سەرسامکەر بێت، بەشێک لە ئەو دۆخە ئالۆزە سیاسیەی گەلی کوردی بۆ نەبوونی سەرکردەیەکی خاوەن ویست و سەرکەش دەگێڕایەوە، دەڵێت:

کارتان بـــــــــــەمە گەندە کە زعیمتان نیە ڕۆڵە
ئەشـــــــــرافو زەعیم تان بەنەظەر خەڵقەوە کۆڵە
مەشـــــــــغوڵە بەخۆخۆری زعیم تان نە بە تۆڵە
هۆزێ کە زەعیمی ئەوە بێ هـــــــــەر بەشی چۆڵە
جی بــــــــــــاوەڕ و تەقدیر نیە پۆلی بێ سەروبەر[6]

جگە لە ئاشتی جیهانی، داوای ئاشتی گەلی کوردی لەگەڵ گەلانی تر و فەراهەمکردنی سەرجەم مافە نەتەوایەتییەکانی لەسەرکردەکانی عێراق کردووە، هاوشانی گەلانی جیهان دەنگی بۆ نەهێشتنی ئەو نادادیە هەڵدەبڕی، کە لە مێژە گەلی کوردی تێدا دەژی، پێیوابوو کورد گەلێکی ئاشتی خوازە، دەستی پێکەوەژیان و برایەتی بۆ هەر کەسێک درێژدەکات، ئەو بارەی لەگەڵدا بهێنێتە پێشەوە، لەکاتی سەردانێکی (عەبدولسلام عارف) دا بۆ ڕانیە لە (١٩٦٥/٦/١٣) کە گەرمەی ناکۆکییەکانی عەرەب

[1] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٤٧.
[2] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٤٤ .
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب١، ل١٨٢.
[4] ئیحسان تەبەری: فێرکردنی فەلسەفەی زانستی، و. حسین خەلیقی، دار الحریة للطباعة، بغداد، ل٢٣٧-٢٣٨ .
[5] گێورگی پلیخانۆف: ڕۆڵی کەسایەتی لە مێژوودا، و. سەلام مارف، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی، ن، ک)، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٥٦.
[6] میرزا مەنگوڕی: چیروک...، ل٣١٤ .

ئیسرائیل بووە، ڕاستەوخۆ ئەو داوایەی لێکردووە و گەر برایەتی کورد و عەرەب پێکبێت، تەنانەت دەتوانێت سود لە پشتیوانی گەلی کورد لەدژی ئیسرائیل وەربگرێت، لە هۆنراوەیەکدا پێیدەڵێت گەر دەستی ئاشتی بۆ کورد درێژبکات (گۆڵدا مایر)ی بە دەستەمۆکراوی بۆ دێنێتە ڕانیە، دەڵێت:

کاک سەلام تۆ خۆت سەلامی خواش خۆش ئەوێ
بـــــــاوەڕم وایە بـــەئاشتی کورد و عارەب پێشکەوێ...
هەر کە ئاشتـــی کورد تەواوبێ، لەشکری کوردان ئەبەم
بۆ فەلەستین جەنــــــــگ لەگەڵ ئیسرائیلی نامەرد ئەکەم[1]

ئەو مێژووی لە شوێنێک و ناوچەیەکی دیاریکراودا قەتیس نەکردووە، بەڵکو وەک زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراو دەیبینی، کاتێک باس لە مێژووی وڵاتێک ناوچەیەک دەکرێت، بەبێ باسکردنی مێژووی گشــتی ناتوانرێــت گوزارشــتێکی دروســت لە بــارەیەوە بــدرێت، چــونکە ڕەگ و ڕیشـــەی ڕووداوە مێژووییەکان بە قوڵی بەناو مێژویەکی گرێدراو بە مێژووی گشتیدا ڕۆچووە.

**ج) مێژووی سیاسی کورد**

مێـژووی سیاســی کـورد زۆرتـرین پانتـایی بەرهەمەکـانی مەنگوڕیـان داگیـر کـردووە، سـەرباری مێژووی هاوسەردەمی خۆی، کە سێ وێستگەی گرنگی ژیانی سیاسی کوردن (شۆڕشی شێخ مەحمود، کۆمـاری کوردسـتان، شۆڕشـی ئـایلول)ە، ئـاوڕدانەوەیەکی خێـرای لە مێـژووی پـێش سـەردەمی خـۆی داوەتەوە، ئەو کوردی بە خاوەن ڕابردوویەکی پڕتێکۆشان و سەروەریی ناوبردووە، پێیوایە سەرباری ناهەمواریی مێژووییەکان گەلێکی دەستەمۆنەکراو و سەرکەش بووە، لە لایەن دەوروبەرەکەیەوە هەوڵـی لەناوبردن و سڕینەوەی دراوە، هەر ئەو سەر کەشیەی بە هۆکاری مانەوەی بە درێژای مێژوو دەزانێت، کە خـــاوەنی ســـەروەرییەکی گەورەیە لە مێــژوودا، بەڵام بەشـــی گەورەی ســـەروەرییەکانی ڕێـــگە بە تۆمـارکردنی نەدراوە، وەک دەڵێـت: ''جەنگیزخـان فەرمـانی بڵاوکـردەوە، هەرنووسـین و ئاسـارێکی فەیروزخان هەیە لەناوی بەرن، نووسراوێکی فەیروزخان لە هەرکەس بگیرێ تیر باران ئەکرێ''[2]، یان ئەو سەروەریانە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بە شکۆ و شانازی بۆ خۆیان تۆماریان کردووە، ئەو نووسراوانەی لە بارەی مێژووی کوردەوە هەبووە لەکاتی هاتنی سوپای ئیسلام لەدوای ئەو مێژووەش لەنــاو بــراوە، پشتڕاســتی بۆچــوونەکەی بەوە دەکــاتەوە، مێــژووی گەلــی عەرەب و تــورک و فــارس بگەڕێیت، هیچ وێنە سەروەریەکی کوردی تێدا تۆمـارنەکراوە، جگە لە (سـەلاحەدین) نەبـێ ئەوەش لەپێناو بەرژەوەندییە سیاسیەکانی خۆیانبووە[3].

کـورتەیەکی لەسـەر مێـژووی سیاسـی هەردوو گەلـی ئەرمەن و ئاسـوریەکان نووسـیووە، باسـی لە هەندێک لە وێستگە گرنگەکانی مێژووی ئەو دوو گەلەی کردووە، زیاتر پاڵپشتی لە بۆچونی هەندێک نووسەر دەکات، کە کورد و ئەرمەن بۆ یەک بەرەباب دەگێڕنەوە، بەڵام بەهۆی پرۆسەی داگیرکاری و کـاریگەری ئـایینەوە لێکدابڕاون وەک دەڵێـت: ''هەنـدێک لە مێژوونوسـەکاتی تـر ئەڵـێن ئەرمەنـی لە نەتەوەیی (هایکی کوردی توخمن)''[4]. لەکاتێکدا زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن گەرچی کورد و ئەرمەن سەر بە هەمان گروپی هند و ئەوروپییەکانن، دراوسێیەتیەکی هەمیشەییان لەگەڵ کوردا هەیە و لەهەندێک شوێندا لە جوگرافیایەکی هاوبەشدا دەژین، بەڵام توێژینەوە ڕەگەزناسییەکان ئەوەیان

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥ ، ب٢٢، ١٨٩.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: فەیرۆزخانی...، ل٨٦.
[3] میرزا مەنگوڕی: زێڕینا...، ل٨-١١.
[4] میرزا مەنگوڕی: شەش کتێبی...، ل٢٦٧.

سەلماندووە، ئەرمەنەکان ڕەگەزێکی جیان لە کورد، لە ساڵی (٤٠٠پ.ز) لە لەگەڵ نەتەوە ئارییەکاندا بەرەو باکوور کۆچیان کردووە، زیاتر لە گروپی قەفقاز و ئێرانییەکانەوە نزیکن[١].

سەبارەت بە مێژووی ئاسوریەکان ئەو بۆچونێکی جیاوزتری هەیە، باس لەوە دەکات کورد و ئاسوری یەک ڕەگەز و بنچینەن، دەستی ئایین ئەو دوو گەلە لێک جیاکردووەتەوە وەک دەڵێت: ''ئەوە بەڵگەیەکی ڕوناکە کە ئەو گەلە لقێک بوون لە لقەکانی کورد، لەوانەیە زمانی ئاسوری وەک لوڕ و فەیلی و هەورامی لقێک بێ لە زمانی کوردی''[٢]، ئەمە لەکاتێکدایە زۆبەی سەرچاوەکان ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە، کوردەکان لە ڕەگەزی ئارین[٣]، ئاسورییەکان سەر بە ڕەگەزی سامیەکانن[٤]. ئەو بە چاوی سۆزەوە لە مێژووی ئەم دوو گەلە دەڕوانێت، کە لەنێو سیاسەتی هەرێمی و ناوچەی و نێو دەوڵەتیدا لە پێناو مەرام و بەرژەوەندی ئەو زلهێزانەدا بەخراپی سود لە پێگەیان وەرگیراوە، بەتایبەتی لەنێوان روسەکان و بەریتانیا لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، وەک دەڵێت: '' ئاسوریەکان بێ ئەوەی هیچ سودێک لە نفوسی ڕوس بکەن، ئەو کوشتار و بەدبەختیەشیان لەپێناو دۆستایەتی روسیای قەیسەری توشهات''[٥].

ئەو گوزەرێکی خێرای بەناو ئەو کەسایەتی و دەسەڵاتە کوردیانەدا کردووە، کە لەسەرەتای هاتنی ئیسلامەوە تا سەدەی ڕابردوو بوونیان هەبووە، سەرنجی خۆی لەسەر هەندێک لەو ڕووداوانە دەردەبڕێت، وەک لە باسکردنی میرنشینی سۆراندا لەبارەی ناوی دامەزێنەری میرنشینەکەوە، کە لە شەرەفنامەدا ئاماژەی بۆ کراوە لە (بەردی سور)ەوە هاتووە، یان لە وشەی ڕەنگی (سور)ی کوردی یان (شوری) عەرەبییەوە هاتبێت[٦]، مەنگوڕی دەڵێت من ئەو ناوە بەڕاست نازانم، لەوانەیە (عیسا) لە (عیسا سور) یان (عیسا سۆران)ەوە هاتبێت، لەبارەی ناوی دامەزرێنەرەکەیەوە کە گوایا (عیسا) دانی پێشەوەی کەل بووە، بۆیە پێیوتراوە (کلۆس)، ئەو ئاماژە بەوە دەکات، وشەی (کلۆس) ناوێکی سوکە، بۆ کەسێکی ئاسایی ناکرێت بگوترێن، نەک بۆ ناوی میرێکی گەورە، بۆیە ناکرێت بەو مانایەهاتبێت[٧].

پێیوابووە کورد بەدرێژای مێژوو ئەو گەلە بووە، کە بەردەوام بە هەموو تواناکانی لە خزمەت بێگانەدابووە، هێز و لێهاتوویە ئابووری و مرۆییەکانی لەو پێناوەدا بەخەرجداوە، بەزیانی گەل و خاکەکەی هەمیشە بە دەستکەوت و سەرکەوتنی بەردەوام خەڵاتی گەورەی بەبێگانە بەخشیوە، بەتایبەتی بەردەوام لە خزمەتی (فارس و تورک و عەرب)دابووە، وەک دەڵێت: ''کورد وەک زەیت و ڕۆنی مەکائن بۆ سەلامەتی پارچەکانی ئەو مەکینانە، کورد دەرخواردی ئەو چوار دەوڵەتە دراوە، ئەگەر تورک و ئێران و عێراق و سوریا ویستبایان لەبەر بەرژەوەندییەکی سیاسیانەی خۆیان شەڕبکەن، کوردەکانیان لە یەکتر بەرداوە، بەبێ هیچ سود و هیوایەکی پاشەڕۆژ کوردەکان لەپێناوی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەدا یەکتریان کوشتووە''[٨]، ئەم بۆچونەی مەنگوڕی تیۆریەکەی (دانیلیڤسکی)مان بیردەخاتەوە لەبارەی ئەو هێزانەی بەردەوام لەلایەن هێزەکانی دەوروبەریانەوە بەکاردەهێنرین، بۆ ئەنجامدانی چالاکی و کاروباری خۆیان سودیان لێوەردەگرن، کە ئەو بە (هێزە نەخەمڵیوەکان) ناویان دەبات، دەڵێت:

---

[١] مامەند ڕۆژە: ئەرمەنۆساید، چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٥.
[٢] میرزا مەنگوڕی: شەش کێبی...، ل٢٨٧.
[٣] ئیحسان نووری پاشا: مێژووی ڕیشەی نەژادی کورد، و. وریا قانیع، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١١.
[٤] عبدالوهاب حمید رشید: حضارة وادی الرافدین میزوبوتامیا، ط١، دار الثقافه و النشر المدی، بیروت،٢٠٠٤، ص٧١.
[٥] میرزا مەنگوڕی: شەش کتێبی...، ل٣٠٢.
[٦] کامەران بابانزادە: دامەزراندنی چەند میرنشینێکی کوردی لەهەردوو سەدەی (٨و٩کـ ـ ١٤و١٥ز)، چاپخانەی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل١١٧ـ١٢٠.
[٧] میرزا مەنگوڕی: کورد و...، ل٦٩ـ٧٠.
[٨] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: کورد و...، ل٧.
[٨] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٦٥.

''ئەم هێزانە جۆراوجۆرێتی شێوە مێژووییەکان زیاد و دەوڵەمەند دەکەن، بەڵام لە سنووری خۆیاندا هیچ مێژوویەک دروستناکەن''[1].

هاوکات مەنگوڕی باسی ئەو جۆرە گەلانە دەکات کە بەردەوام بۆخۆیان لە ناهەمواریدا ژیان دەگوزەرێنن، وەک مەشخەڵێک ڕوناکی و خۆشبەختی بۆ دەوروبەرەکەیان دەبەخشنەوە، جوڵە مێژووییەکانیان لەپێناو هێزەکانی تردا دەخەنەکار، ئاراستەی چالاکیەکانیان بۆ خزمەتی دەرەوەی سنووری خۆیان درێژە پێدەدەن، بەڵام خۆیان لە دەرەوەی مێژوو دەمێننەوە و هیچ سەروەریەک تۆمار ناکەن، دەڵێت: ''تیرەی نادان وەک چرایەکە بەدەست کوێرێکەوە بێت، کوێرەکە تامی لێناکات، بەس بێگانە پاش و پێشی خۆی پێئەناسێ''[2]، لەوڕووەوە نمونەی داگیرکردنی (حەبەشە) دەهێنێتەوە، لەلایەن ئیتالیەکانەوە لە ساڵی (١٩٣٤[3]) بەهۆی نەزانی و پاشکەوتوییانەوە (مۆسۆلۆنی) پەلاماری دان، وتی: ''دۆستی دراوسێی نادان لە هەموو عەزابێک ناخۆشترە''[4].

ئەو ئەزمونی سەرکەوتنی هەندێک گەلانمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا بە کۆشش و لێهاتوییەکانی خۆیان بەسەر ناهەمواریەکانی گەلەکانیاندا سەرکەوتن، دەرفەتیان لە مێژوو وەرگرت و خستیانە خزمەت گەڕانەوەی سەنگ و پێگەیان بۆ نێو لاپەڕەکانی مێژوو، بەیەکێتی و یەگرتوویی بەقۆناغی ڕزگاری و سەربەخۆی گەیشتن، لە چەندین شوێندا باسی گەلی جولەکە دەکات، دەڵێت: ''جولەکە کەمترینی تیرەی سەر زەوی بوون توانیان بە یەکێتی خۆیان ماف لە (٥٠٠)ملیۆن ئیسلام بسێنن''[5].

ئەو ئاسۆکانی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی گەلی کوردی لە دوو ئاراستەوە نیشاندەدا، کە لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت بە مافەکانی خۆی بگات، یەکەمیان ئەوەیە دەبێت دوژمنانی کورد هەڵەیەکی وابکەن، بچنە پەنای دەوڵەتێک لە بەرەی نەیاری ئەو دەوڵەتە بێ، کە کورد و تورک و فارس و عەرەبی لەژێردەست دایە، ئەوکاتە وەک کاردانەوەیەک دەوڵەت بۆ کورد دروستبکات، وەک ئەوەی لە کاردانەوەی تورکدا بۆ عەرەب دروستکرا، لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، کاتێک تورکەکان بوون بە هاوپەیمانی ئەڵمانیا، دووەم دەبێت کورد وەک جولەکە ئەو توانایە نیشانبدات، بارودۆخی جیهانی لەبەرژەوەندی خۆی بگۆڕێت، لەوێوە سەربەخۆیی مسۆگەربکات، وتەی ڕۆژنامەنوسێکی جولەکە ئەکات بەنمونە بەناوی (ڕین غروس) کە دەڵێت: ''ئێمە دوشتی ئاگرینمان هەیە کە ئازادی پێ وەربگرێن، یەکێکیان پارە و دووەمیان هەرای کۆمەڵی''[6]، لەسەر زاری کەسایەتیەکی تری جولەکەوە بەناوی (هر مالین) دەڵێت: ''ئاگری بەلشەفی لە ڕوسیا ئێمە هەڵمان گیرساند، بۆ ئەوەی هەرکەسێک دەست بۆ حقوقی جولەکە بەرێت ئاگری تێبەربێت''[7]، ئەم دوڕێگەیەش بە بڕوای مەنگوڕی بۆ کورد مەحاڵە، چونکە پێیوابوو گەل دەبێت بەسروشتی خۆی لە هەناویدا هەڵگری ئەو ویستەی بێت، کە بە ئازایی خۆی کۆمەڵگەی نێودەولەتی ناچاربکات بڕیاری ئازادی بۆبدەن،[8].

مەنگوڕی کورتەیەکی لە بارەی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهریەوە نووسیوە، بە شۆڕشێکی ئایینی ناو دەبات، سەران و ئەندامانی شۆڕشەکە بە دەروێش و وشکە سۆفی و کەسانی دەماگیری ئاینی

---

[1] کامەران محەمەد: کورد بونیادێکی...، ل٣١.
[2] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٦٥.
[3] مەنگوڕی ساڵەکەی لێرەدا بەهەڵە نووسیووە،هێرشی ئیتالیا بۆ سەر حەبەشە لە ساڵی (١٩٣٥) ڕوویداوە. بڕوانە:تاريخ أوروبا الحديث و العاصر، عبدالفتاح حسن أبو علية، اسماعيل احمد ياغی، ط٢، دار المريخ للنشر، سعودية، ١٩٩٣، ص٣٩٥.
[4] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک ...، ل٦٥.
[5] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٥٢.
[6] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٥٣.
[7] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٥٤.
[8] میرزا مەنگوڕی: چیروک...، ل٣٠٩.

لەقەڵەم داوە، چوونی سوپاکەی شێخ عوبەیدڵا بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە داگیرکردن دادەنێت، توندوتیژی لەشکرەکەی شێخ دەگەیەنێتە ئاستێک بەراوردی توندوتیژییەکانی بە (شاعەباسی سەفەوی) دەکاتەوە، دەڵێت: "زەمانی شا عەباسی سەفەوی زیندوو کردەوە، شیعەیەکی زۆری لە عەجەمەکان کوشت و تەوریزی خستە مەترسییەوە"[1]، ئەو شۆڕشەکەی بە بێ بەرنامە و هەرچی و پەرچی ناو بردووە، شێخ عوبەیدوڵا بەوە تاوانبار دەکات، ئەگەر لە بارێکی مرۆڤایەتییەوە کاری بکردایە و لە مەترسی سۆفیگەری و دەروێشی دووربکەوتایەتەوە، ڕەنگە پشتیوانی یەکێک لە زلهێزەکانی ئەوکاتەی بۆلای خۆی کێش بکردایە، شۆڕشەکە دەرئەنجامێکی خوازراوی لێبکەوتایەتەوە.

ئەو تێڕوانینە ئاینییەی مەنگوڕی هەیبووە کاریگەری ئاشکرای لەسەر دەربڕینی بۆچونەکانی هەبووە، پێگەی ئاینیی شێخ عوبەیدولا گەورەترین ڕۆڵی لە بیناکردنی بیری نەتەوەیی و زەمینەسازی شۆڕشەکەدا هەبووە، زۆرێک لە نووسەرانی مێژووی ئەو سەردەمە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵا وەک هەنگاوی یەکەم و سەرەتایی خەمڵینی بیری نەتەوەیی کوردی دادەنێن. یەکەمین سەرکردەیە کە تەواوی سەرکردەکانی کوردی لە کۆبونەوەکیدا بەشدار کردووە، تەنانەت لە کۆبوونەوەکەدا ژمارەی کەسایەتییە ئاینییەکان کەمتر بوون، کە (٥) شێخ و (٢١) خەلیفە و (٨) میر و (٤٢) بەگزادە بوون[2]. (حسێنی مەدەنی) بەبایەخەوە لەبارەی شۆڕشەکەوە دەدوێت، کە بۆیەکەمین جار لەلایەن سەرانی ئەم شۆڕشەوە باس لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کراوە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا[3]. (وەدیع جوەید) ئاماژە بەوە دەکات، شێخ عوبەیدوڵا وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی ـ ئاینیی، بە پەرۆشەوە هەوڵی گێڕانەوەی فەرمانڕەواییەکی دادپەروەرانەی بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەی دەدا، ئەو ڕۆڵەی ئەو پێشتر تەنها (سەلاحەدینی ئەیوبی) بینیویەتی[4].

**شۆڕشی شێخ مەحمود**

لەو ماوەیەی عێراق و باشووری کوردستان لەژێر دەسەڵاتی سیاسەتی ئینگلیز بوو[5]، بەتایبەتی ماوەی شۆڕش و چالاکیەکانی شێخ محمود (١٩١١ــ١٩٣١)[6]، مەنگوڕی سەرباری ئەوەی ئەو سەردەمەی بە ماوەیەکی مێژوویی گرنگ لە ژیانی سیاسی گەلی کورد زانیوە، بەڵام بەچاوی نەرێنی لە حکومەتەکەی شێخ مەحمود و هەڵسوکەوتی ئینگلیزی ڕوانیوە، بەوەی دەسەڵاتی سیاسی کورد لەناوخۆدا نەیتوانیوە وەک پێویست هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوە مێژووییە سیاسییەکاندا بکات، داگیرکەرانی کوردستانیش بە پێی بەرژەوەنییەکانی خۆیان لەگەڵ بارودۆخەکەدا هەڵسوڕاون، لەو ڕووەوە تانە لە شێخ مەحمود دەگرێت، وەک پیاوێکی دەوڵەتی هەڵسوکەوتی نەکردووە، بە کەسایەتییەکی سادەی بواری سیاسەت و دەسەڵات و بەڕێوەبردن ناوی بردووە، بەشێک لەو شکستە مێژووییەی ئەوکاتی هاویشتە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتیەکەی، کە دژایەتیکردنی ئینگلیزەکانی بە ڕێگەچارەی سەرکەوتنی حکومەتەکەی زانیووە[7].

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: کورد و...، ل٩٢.
[2] کەمال بورکای: کورد و کوردستان، و: عەلی فەتحی، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤٠١.
[3] حسین مەدەنی: کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٦١ـ١٦٢.
[4] وەدیع جوەیدە: جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بنەما و پەرەسەندنی، و: یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٧٢ـ١٧٣.
[5] م.س. لازاریف و ئەوانیتر: مێژووی کوردستان، و. وشیار عەبدوڵا سەنگاوی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣٤١.
[6] جەعفەر عەلی: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٩٩.
[7] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائقی...، ل١٢ـ١٣.

ئەو بە ئاشکرا پشگیری لە سیاسەتەکانی (مێجەر سۆن) دەکات[1]، دەڵێت: ''پاش گیرانی شێخ مەحمود (میجەر سۆن) کرا بە حاکمی سلێمانی و ئیدارە هەرچی و پەرچیەکەی شێخ محمودی تێکدا و نەیهێشت واریداتی سلێمانی لەلایەن پیاوە دزەکانی شێخ محمودەوە لەناو بدرێ، واریداتی سلێمانی گەیاندە (٥) ملیۆن ڕوپیە''[2]، شێخی بەوە تاوانبار کرد بەهۆی هەندێک پیاوی (دوڕوو و گەندەڵ)ەوە، پەیوەندی لەگەڵ تورکەکاندا هێنابووە ئارا، هەروەک لەسەردەمی تورکەکاندا لەگەڵ ئینگلیز دروستی کردبوو[3]، هەرچەندە (م.ر. هاوار) باس لەوە دەکات ئەوە سیاسەتێکی زیرەکانەی شێخ مەحمود بووە، نەی ویستووە هیچکام لە تورک و ئینگلیزی لێ بڕەنجێت، هەتا بەلای یەکێکیاندا ساغ دەبێتەوە، (عەلائەدینی سەجادی) بیانوو بۆ ئەو کارەی شێخ مەحمود دەهێنێتەوە، کە ئەوە دەرئەنجامی سیاسەتی ماکیاڤیلیانەی (ئۆزدەمیر) بەرانبەر بە شێخ مەحمود بووە[4].

ئەو تا کۆتاییەکانی ژیانی شێخ مەحمود درێژە بە باسەکەی دەدات، کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا سەرکەتوو نەبووە، لە دوای کۆتای هاتنی حکومەتەکەی، کەوتۆتە ناو هەندێک ململانێی تایبەتی و کۆکۆدنەوەی ماڵ و موڵک و سامان لەسەر حسابی کەسانی تر، دەڵێت: ''کاتێ دەستی بەتاڵ بوو، ڕویکردە کەسابەت و موڵک و ماڵ زیاد کردن، تەجاوزاتی حەقی ئەشخاسیشی ئەهێنایە پێشەوە، تالانی و تفەنگ پێوەنان و خەرمان سوتاندن لەلایەن شێخ قادر و شێخ محمودەوە بووبوو بە ختەی مەرسومە''[5].

مەنگوڕی حکومەتی ئینگلیزی لەو سەردەمەدا لە ڕەخنەکانی بێبەری نەکردووە، سەرباری کەم و کورتیەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردی، ئینگلیزی بە سەرچاوەی یەکەمی لەباربردنی مافەکانی کورد زانیوە، چەندین پرسیاری لەبارەی سیاسەتەکانی ئینگلیزەوە بەرانبەر بە کورد وروژاندوە، وەک دەڵێت: ''ئینگلیز ئەگەر مەبەستی بوایە نەی ئەتوانی وەک ئەو قەومانەی تر فکرێکیش بۆ گەلی کورد بکاتەوە؟ چونکە مەبەستی بوو بۆ قەومی عەرەب، مادەی (٢٢) عسبە الاممی بۆ بەئەنجام گەیاندن، لەلاشەی تورکی جیا کردنەوە، ئەگەر شێخ محمودی مەنظور بوایە ئەو عاملانەی بۆ دروست ئەکرد، ساڵی (١٩١٦) بۆ مەلیک حسێن و مەلیک فەیسلی دروست کرد''[6]، کە لەسەر خواستی ئینگلیزەکان چەندین گۆڕانکاری لەسەر نەخشەی ئەوروپا ئەنجام درا[7]. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، کوردی وەک فشارێک بەرانبەر بە عەرەب و تورک بەکارهێنا، (موزەکەرەکەی مس بێڵ) دەکاتە بەڵگەی ئەوەی کە ئیدارەکەی شێخ مەحمود کاتی بووە، شتی کاتیش لە پێش دەرئەنجامدا کۆتای هاتووە، ئەو لەو بەسەرهاتە شێخ محمودی بە تاوانباری یەکەم نەبینیوە، دەڵێت: ''شێخ محمود تا ئەو ئەندازەیە مەسئول نیە، کە ڕەئی سیاسی و ڕەئی عامی قەومی بە موقەسیر و گوناهباری دائەنێ، چونکە شێخ مەحمود لە مەدرەسەیەکی زۆر عالی دەرنەچووبوو، کەبتوانێت لەگەڵ هەموو سیاسەت و پلانێکی ئینگلیز سەرکەوتوانە بجوڵێتەوە''[8]، ئەو ئەزمونی سیاسی کوردی لاواز نیشاندەدات، لە هەڵە مێژووییەکاندا نەیتوانیوە وەک پێویست دەرفەت وەربگرێت، ئامۆژگاری نەوەی ئاینده دەکات، بە هەنگاوی ورد و بیری تیژەوە چاو لە ئایندەبکەن، بەیەکێتی و بەیەگرتن ڕزگاری و سەربەخۆی گەلی خۆیان وەک گەورەترین هەنگاو چاو لێبکەن[9].

---

[1] ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری...، ل١٣٣.

[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائقی...، ل١٣.

[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائیقی...، ل١١-١٣.

[4] عەلائەدین سەجادی: شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق، چ١، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە، ٢٠١٧، ل٨٥ .

[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائقی...، ل٧٠.

[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائیقی...، ل٩٥-٩٨.

[7] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائیقی...، ل٩٧.

[8] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائیقی...، ل ٩٥-٩٧

[9] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی : حقائقی...، ل٩٩.

خۆپیشاندانی بەردەکی سەرای (٦/ئەیلولی/ ١٩٣٠)ە لە شاری سلێمانی ڕوویدا[1]، ڕووداوێکی تری گرنگی مێژووی سیاسیە مەنگوڕی باسی لێوە کردووە، بە (کوشتاری ٦ ئەیلولی ١٩٣٠) ناوی تۆماری کردووە، ئەو سەرباری ئەوەی ڕووداوەکە بە وەرچەرخانێکی مێژووی و شارستانی ناودەبات، ڕێز لە ئەو هەستە بەرزە نیشتیمانیە دەگرێت، کە لەناو ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکەدا هەبووە. هاوکات بە توڕەییەوە لەو بێ پلانی و ناڕێکخراوەیی خۆپیشاندانەکە دەدوێت، کەسە یەکەمەکانی ئەو ڕووداوە تاوانبار دەکات، بێئاگا خەڵکیان لە ڕووداوەکە ئاڵاندووە، ئاکامەکەی بە هەڵوەرینی بەری خۆپیشاندانەکە و شەهید بوونی دەیان کەسی بێتاوان کۆتای هاتووە، ئەگەر بەبەرنامە و ڕێگایەکی ژیرانەوە ئاراستە بکرایە دەرئەنجامێکی باشی لێ دەکەتەوە[2]، دەڵێت: "ئەیانەویست بە چەپڵەڕێزان و هوهای ئەحۆلەکەی سلێمانی ئیستقلال لە (٦٠) ملیۆن عەرەب بسێنن"[3]، بەرپرسی کردن لە دەرئەنجامەکانی کارەساتەکە و ڕژانی خوێنی ئەو خەڵکەی خستە ئەستۆیان، کە بەهۆی نەزانینی ئەوانەوە ڕووداوەکە قوربانیەکی گەورەی لێکەتۆتەوە، دواجار بوون بەهۆی لەناوچوونی تەخت و بەختی گەلەکەیان، بەڵام بێباکانە خۆیان لە دەرئەنجامەکانی بێبەریکردووە، دەڵێت: "لە عەینی وەختا ڕۆحی ئەو شەهیدانە بەسەر بەئاسمانی سلێمانیدا ئەگەڕا، تەماشای ئەو خوێنە گەشەیان ئەکرد، کە بە گولەی دوژمن ڕژاوە، زەعیم و پوارەکانی ئەو حەرەکاتە زۆربەیان لەلای خانمەکانیان خەریکی بادەنۆشین بوون، بەبێ جامەی نازەوە حیکایەتی نازەنینی خۆیان ئەگێڕایەوە، بێباک لەو بەسەرهاتە بە تەوژمەی کە بە پەنجەی ئەوان هاتۆتە ئاراوە"[4]، دواتر ڕەخنەی ئەوە دەگرێت هەندێک لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە لەسەر خوێنی ئەو شەهیدانە پلە و پۆستی گەورەیان وەرگرتووە، وەک (معروف جیاوک) کە کراوە بە (موتەسەریفی سلێمانی) و ئەو ڕووداوە بەهۆی ئەوانەوە بەڕۆژێکی شوم بۆ گەلی کورد و خزمەت بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی عەرەب و ئینگلیز شکاوەتەوە، دەڵێت: "بێ قابیلییەتی سەرکردەکانی ئەو حەرەکاتە، بوبە هۆی خوێن ڕشتن و هەڵوەرینی بەری ئەو فکرەیە کە لەمەوپێش لە عصبە الامم قەراردرابوو"[5]، ئەوانە لە بری پێکهێنانی سەربەخۆی کوردستان و تۆڵەی خوێنی شەهیدەکان، حیزبی (ئیتحادی دەستوری و ئومەی ئیشتراکی)ان بۆ دروست کردین، لەپێناو بەرزکردنەوەی (نوری سعید و خلیل کنە و صاڵح جەبر)، هەزاران عەیبداریان هێنایە سەر شانی خۆیان و گەلەکەیان[6]، ئەو ستایشی ڕۆڵی (حەپسەخانی نەقیب) دەکات، هیمەت و هەڵوێستێکی گەورەی لەو ڕۆژەدا نیشانداوە و وەک ژنێکی پێگەیشتوو و خاوەن پێگە، سکاڵای پێشێلکاریەکانی دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی عێراقی گەیاندوەتە بەرزترین دەزگای بەرپرس کە دامەزراوەی عصبە الامم بووە[7].

ئەو بەشانازیەوە لەو خەبات و هەستە بەرزە دوا، کە گەلی کورد لەو ڕۆژەدا نیشانی داوە، کە بە شکۆ و سەرکەشییەوە پارێزگاری لە پێگەی خۆی کردووە، ئەو کەسایەتیانەشی لەژێرباری ئەو بەر

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سروە اسعد صابر: کوردستان الجنوبیە (١٩٢٦ـ١٩٣٩)، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ١٥٧.

[2] ئەم ڕاپەڕینە هەرچەندە زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژە دەکەن بەوەی ڕووداوێکی کتوپڕ و لەناکاو بووە، لەکاتێکدا ماوەیەک پێش ئەم ڕووداوە هەموان هەستیان بە مەترسی دۆخەکە کردووە، وەک عەلائەدینی سەجادی باس لەوەدەکات کاروباری سلێمانی تا دەهات ڕووی لە گرژی دەکرد، تەناتەت خەڵکی دەرەوەی شاریش هەستیان بەمەترسیەکی گەورە کردبوو، ناو شاری سلێمانی لەم ڕۆژانەدا بوو بوو بە شوێنی کۆنگرەی گەورە گەورە، دۆخەکە بەشێوەیەک بووە حکومەتی بەغدادی شڵەژاندووە، ئەو ئۆباڵی نەهامەتییەکانی گەلی کوردی لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە خستە ئەستۆی هەندێک لەو پیاوە کوردانەی بوناوی کوردەوە پلە و پۆستیان وەرگرتووە، لە پایتەختەکاندا دانیشتون گوایا نوێنەرایەتی کورد ئەکەن. بڕوانە: علائەدین سەجادی: شۆڕشەکانی...، ل١٠٤ـ١٠٦.

[3] ئەحمەد حسێن ئەحمەد: شەڕی بەردەکی سەرای سلێمانی ٦ ئەیلولی ١٩٣٠، چاپخانەی ژیر، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٣.

[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائیقی...، ل٤٩ـ٥٠.

[5] میرزا مەنگوڕی: قەڵەمێکی...، ل٤٧.

[6] ئەحمد حسین ئەحمد: شەڕی بەردەکی...، ل٢٦.

[7] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائیقی...، ل٥٠.

پرسیاریەتییە مێژووییە هێشتەوە، کە بەرپرسیارن لە دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی ڕووداوەکە، دەڵێت: ''میللەت ئیسپاتی قابیلیەتی خۆی کردووە، بە پارە پەرستی ئەو وێنە شەخسانە مەرکەزی خۆی ون ناکات''[1].

**کۆماری کوردستان**

کۆماری کوردستان کە لە (٢٢/ کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦)دامەزرا[2]، دووەمین ئەزمونی حکومڕانی کوردە لە دوای شۆڕشی شێخ مەحمود لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، سەرباری کەم و کورتییەکانی[3]، ڕووداوێکی مێژوویی سیاسی گرنگە، بۆ ئەزموونکردنی مێژوویی پشت بە خۆ بەستن[4]، وەک مەنگوڕی لە دەسپێکی چوونە ناو باسی کۆماری کوردستاندا، دەڵێت: ''غەڵەتەکانی قازی محمدتان لە خوارەوە پێشکەش ئەکەم، بۆ ئەوەی کورد وریاییەک لە بەسەرهاتی سیاسی وەربگرێ، پێ لە ختەی چروک نەنێ، هیوادرم غەڵەتی ئەو ڕۆژە فێری ڕاستی ئەمڕۆمان بکات''[5]، ئەو بەشداری کۆماری کوردستان بووە، لەنزیکەوە ئاگاداری ڕووداو و گۆڕانگاریەکان بووە، دروست کردن و ڕوخانی کۆماری بە بەرژەوەندیەکانی ئەو ڕۆژگارەی نێودەوڵەتیەوە بەستووەتەوە، بەوردەکارییەوە لەسەر هەندێک لایەنی ئەو ماوە مێژووییە قسەی کردووە، لەسەر هەندێک لە کەسایەتیەکانی ناو ڕووداوەکان بەپێی سەنگ و پێگەیان دواوە، ئەو لە کەسایەتی یەکەمی ئەو مێژووەوە دەست پێدەکات، ڕۆڵی قازی محەمەد لەناو گۆڕانکاریەکانی ئەو قۆناغە هەڵدەسەنگێنێت، بەکەسایەتیەکی خاکی و بێ فڕوفێڵ ناوی بردووە، دەڵێت: ''زۆر حەزی بە ژیانی پێشکەوتن و سەردەمیانە ئەکرد، کەسایەتییەکی سادە و یەک ڕوو بوو، حەزی بە خۆنمایشکردن نەئەکرد، بە پلە و پۆستی پێشەوایەتی هیچ نەگۆڕابوو''[6]، بەڵام بە بێ ئاگا لە دەوروبەر و سیاسەت ناوی دەبات، کە پیاوی ڕۆژگاری خۆی و شارەزای دۆخی نێودەوڵەتی ئەو کات نەبووە، نەیتوانیوە هاوشانی گۆڕانکارییەکانی هەنگاو بنێت، لە فریوی گەمەی سۆڤیەت و گێژاوی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا نوقومبووە، دەڵێت: ''لە حەپسخانەدا کاتێک هۆشی هاتەوە، لە خەوی غەفڵەت ڕاپەڕی، هەر زرەی زنجیر و دەنگی سیخورمەی سەربازە پیسەکانی ئێرانی دی، ئەمجا تێگەیشت سیاسەت نەزانین ئینسان دوچاری قۆناغی وا هەڵە و سەخت ئەکات''[7]، ئەو شکستی ئەم دەسەڵاتە تەنها بە هۆکاری دەرەکیەوە نابەستێتەوە، دیسان بە شێکی تری لەکیس چوونی دەرفەتە مێژووییەکان دەخاتەوە ئەستۆی سیاسیەکانی کورد، قازی محەمەد و سەرانی کۆمار بە بەشێک لەو شکستە مێژووییە دەزانێت، وەک لە چۆڵکردنی بەرەی شەڕی سەقز لە ساڵی (١٩٤٦)دا دەڵێت: ''بەڕاستی قازی محمد هەڵەیەکی گەورەی بەسەر خۆی هێنا، لەو باوەڕەدام هەر ئەو هەڵەیە بووبەهۆی لەناو چونی تەخت و بەختەکەی، گومانی تێدا نییە کاتی خۆی قازی محمد هەستی کردووە ئەو بڕیارە شتێکی خراپە، باری ناچاری هەندێک جار مرۆڤ ناچار ئەکات بۆ غەڵەتێکی فەردی یان گشتی''، ئەو ڕێگەی دیکەی لە بەردەمدا بۆ خۆ دەربازکردن هەبووە، بەڵام سودی لە دەرفەتەکان وەرنەگرتووە، بە ئاسانی دەیتوانی ئەوە بیسەلمێنێت، گەلی کورد لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە، بە پشتیوانی هیچ گەلێک داوای ئازادی و سەربەخۆی خۆی ناکات[8]، دەیتوانی بچێت بۆ ڕوسیا، یان لەگەڵ لەشکری بارزانیدا ماوەیەک

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائیقی...، ل٥١.
[2] یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، چ٢، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١١، ل٨٩ .
[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان، چ٣، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٣.
[4] مەحمودی مەلا عیزەت: دەوڵەتی...، ل١٣.
[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ب١، ل٣١.
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...(١٩١٤-١٩٥٨)، ب٢، ل٩٠.
[7] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...(١٩١٤-١٩٥٨)، ب٢، ل١٠٥.
[8] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...(١٩١٤-١٩٥٨)، ب٢، ل٩٢-٩٣.

کەنارگیری بکردایە، لەوڕێیەوە دەیتوانی لەو بەسەرهاتە خۆی ڕزگار بکات[1]، بەڵام قازی محەمەد سەربەخۆ نەبووە، بەردەوام لەژێرکاریگەری و فەرمانی ڕوسەکاندا هەڵس و کەوتی کردووە، لەسەر داوای ئەوان کۆتای بەو دەسەڵاتە کوردیە هێناوە، تا کۆتای هەنگاو بە هەنگاو بە بڕیاری ئەوان جوڵاوەتەوە[2].

حەمەڕەشیدخانی بانە لەو کەسایەتیانەیە لەناو بەسەرهاتی کۆماری کوردستاندا مەنگوڕی گرنگیەکی گەورەی پێداوە، بەهۆی ئەو نزیکایەتیەی لەگەڵیدا هەیبووە، بە وردی لەسەر بیرکردنەوە و ئاکار و خوڕەوشتی دواوە، لە گرنگترین ئەو بابەتانە لادانی تۆمەتبار کردنیەتی بە ناپاکی کردن لە کۆماری کوردستان، ئەو باس لەوە دەکات حەمە ڕەشیدخان هیچ جۆرە تاوانێکی نیە، ئەگەر بیویستایە خیانەت بکات چەندان ڕێگەی بۆ ئەو کارە لە بەردەستیدابووە[3]، بەجێهێشتنی کۆماری کوردستان پەیوەندنی بە ناکۆکی نێوان حەمەڕەشیدخان و ئەفسەرانی هێزی بارزانەوە هەبووە، ڕاپۆرتی ناڕاستیان لەبارەیەوە دەنارد بۆ قازی محەمەد، بەو هیوایەی لابدرێت و مەلا مستەفا لە جێگای دابنرێت، ئەوان بەردەوام بەدوای سوکی و بەدناوکردنی حەمەڕەشیدخانەوە بوون، درۆ و پیلانیان ڕێک ئەخست، کە قازی محەمەد و مەلامستەفا لە حەمەڕەشیدخان بڕنجێنن لەکۆتایشدا ئەوەیان بۆ چووەسەر[4]، ئەو دەگێڕیتەوە (عیزەت عەبدولعەزیز) کە ئەفسەرێکی سوپای بارزانبووە، بەشانازیەوە بۆی گێڕاوەتەوە، سێجار ڕاپۆرتی لەسەر حەمەڕشیدخان داوەتە ڕوسەکان، ئەگەر قازی محەمەد نەبوایە ڕوسەکان حەمە ڕەشید خانیان لەناو دەدا[5]، ئەمە لەکاتێکدایە زۆرێک لەسەرچاوەکان حەمەڕەشیدخانیان تاوانبار کردووە، ژێربەژێر پەیوەندی بە ئێرانیەکانەوە هەبووە لە دژی کۆماری کوردستان، وەک (بکر حەوێزی) لە یاداشتەکانیدا باسی ئەو بەسەرهاتە دەکات[6]، هاوکات (عەبدوڵا پژدەری) حەمەڕەشیدخان بە پیاوی ئینگلیزەکان ناودەبات، کە فریویانداوە و لە کۆمار دووریان خستووتەوە[7]، بەڵام مەنگوڕی ئەو هەواڵانە ڕەتدەکاتەوە، دەڵێت: ''دیلی هیچ وێنە چاکەیەکی حەمەڕەشیدخان نیم، ببێتە هۆی داپۆشینی تاوانەکانی، وەیا شتی درۆی لەسەر بکەم بەماڵ''[8]، ئەو تەنها بۆ خزمەتی قازی محەمەد و گەلی کورد هاتووەتە مهاباد و لە هیچ لایەنێکەوە بە باشە یان خراپە بۆ ئەوکارە ئاڕاستە نەکراوە[9].

نووسین و چاپ و بڵاوکردنەوە لە کۆماردا، یەکێکی ترە لەو بابەتانەی مەنگوڕی تێبینی لەسەری هەبووە، باس لە ڕۆژنامەی کوردستان دەکات، کە لەژێر کاریگەری سیاسەتی ڕوسەکاندابووە، هەرشتێک ڕەزامەندی ئەوانی لەسەر نەبوایە چاپ نەدەکرا، زیاتر خەریکی پیاهەڵدان بۆ ڕوس و شکاندنی ئەمریکا و ئینگلیز و ئاغا و دەوڵەمەند کۆنەپەرست بووە، زیاتر نووسەرەکانیان مەلای وشکە سۆفی ئایینی بوون، نووسین و بیروڕای ئازاد لە کۆماردا ڕێگەی پێنەدراوە، دەڵێت: ''پێنوس و زانای و زمان لەناو ئەو حکومەتەدا ئازاد نەبوو، هەردەبوو لەژێر پەردەی دووڕوی و ڕیایدا شت بڵاوبکەیتەوە''[10]، لەکاتێکدا (موجتەبا بورزووی) باس لەوە دەکات، بڵاو کراوە کوردییەکان هەرگیز

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...(١٩١٤ـ١٩٥٨) ب٢، ل١١٥.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...(١٩١٤ـ١٩٥٨)، ب٢، ل٩٢.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...(١٩١٤ـ١٩٥٨)، ب١، ل١٧٩.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی : بەسەرهاتی...١٩١٤ـ١٩٥٨، ب١، ل١٥٢.
[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ١٩٥٨، ب١، ل١٥٨.
[6] عەقید بەکر عەبدولکەریم حەوێزی: گەشتێک بەکۆمای مهاباد دا، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل٧٣ـ٧٤.
[7] عبدالله احمد ڕەسوڵ پژدەری: یاداشتەکانم لە کۆماری کوردستان، چ١، چاپخانەی دار الحریە، بغداد، ١٩٩٢، ل٥٤ـ٥٥.
[8] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...(١٩١٤ـ١٩٥٨)، ب١، ل١٥٨ـ١٥٩.
[9] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...(١٩١٤ـ١٩٥٨)، ب١، ل١٨٢.
[10] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی..(١٩١٤ـ١٩٥٨)، ل١٢٠.

ئاماژەیان بە چەمک و بابەتی پەیوەندیدار بە کۆمۆنیزم نەکردووە[1]، لە چەندین لایەنی ترەوە ڕەخنەی لە دام و دەزگاکانی کۆمار گرتووە، وەک سوپا و دادگا و ژیانی کۆمەڵایەتی لەو سەردەمەدا.

**شۆڕشی ئەیلول**

ڕووداوێکی تری مێژووی سیاسی کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو شۆڕشی ئەیلول بوو، لە (١٩٦١/٩/١١) هەڵگیرسا[2]، کوردستانی بەجارێ خستە بەرەی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حکومەتی عێراق، بۆ ماوەی (١٤) ساڵ بەردەوامی هەبووە، مەنگوڕی وەک قەڵەمێکی ئەو سەردەمە بەشێک لەو مێژووەی نووسیووەتەوە، وەک خۆی دەڵێت: ''لەسەرەتای شۆڕشی کوردەوە، ئێمە خۆمان تەرخانکرد، بۆ ئەوەی هەرچیەکی ڕاستەقینە و ڕووداوە بینووسینەوە بە هەربارێ بۆمانبکرێت''[3]، ئەو بەگشتی لە دوای چواردەساڵ لە خەبات و قوربانیدانی خەڵکی کوردستان، پێیوابوو جگە لە زیان شۆڕش دەسکەوتێکی ئەوتۆی بۆ کورد نەبووە، بەڵکو بارودۆخی کورد بەر لە شۆڕش باشتر بووە، بیری سیاسی سەرکردایەتی کوردی بۆ ئەو قۆناغە مێژووییە بە کەم وکورت بینیوە و ڕەخنەی ئەوەی لە شۆڕش هەبووە، چ لەباری پلانی سەربازی و چ لە ڕووی بەڕێوەبردن و سیاسەتەوە خاوەنی کەم وکوریەکی گەورەبوون، بە ئەندازەیەک ئەو ماوە مێژووییە بەزیان بۆ خاک و گەلی کورد شکایەوە، ئەو (حکومی زاتی) بە پروپاگەندە و پوچ و بێ بنەما و فریودانی کورد دەزانێت، کە بەو هەنگاوە کورد نیوەی خاکی کوردستانی لەدەست داوە، دەڵێت: ''ئەگەر پێش حکومی زاتی لێیان بپرسینایە سنووری کوردستان تاکوێیە، دەمانوت لە جەبەل حەمرینەوە دەست پێدەکات، بەڵام حکومەت بەم حکومی زاتییە کلک و گوێی نەخشەی کوردستانی بریوە و کەرکوک و خانەقین و موسڵ و سنجاری لێدەرهێنا''[4]، شۆڕش نەک نەیبردینە پێشەوە بەڵکو چەند هەنگاوێک گەڕاندینیەوە دواوە، ئۆباڵی ئەو زیانە مێژووییەی خستە ئەستۆی سەرکردایەتی شۆڕش، کە پیاوی سیاسی و زانا و خاوەن و پلانی کەمە و هونەری جەنگییان زۆرلاوازە و گۆڕانکاری لە ڕەوت و ئاراستە و شێوازی ڕوبەڕوبونەوەیاندا نییە.

بۆردومانکردنی (قەڵادزە) لە (١٩٧٤/٤/٢٤) لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، یەکێک لە کارەستاتە مرۆییەکانی گەلی کورد بووە، لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا، کە بووە هۆی شەهید و برینداریوونی دەیان مرۆڤی کورد و ماڵوێرانبوونی خەڵکی ئەو شارە[5]، مەنگوڕی وەک ڕووداوێکی سامناک و توقێنەر ناوی بردووە، بەرپرسیاریەتی ئەو ڕووداوەی خستە گەردنی سەرکردایەتی شۆڕش، وەک یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئەو بێ بەرنامەییە ناویدێنێت لەناو شۆڕشدا هەبووە، دەڵێت: ''بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی و عەسکەری و کاربەدەستە زلەکانی پێشمەرگە لەو بەسەرهاتە مەسئولن، چونکە بەبێ تەئمن کردنی حەیات و ڕەفاهیەت داوەتی ئەو خەڵکەیان کردبوو بۆ خوێندن''[6] بەبێ دابینکردنی ئاسایش و هیچ پارێزبەندییەک بۆ ئەو مەترسیە گەورەیەی لەوکاتەدا هەبووە، هیچ کەرەستەیەکی بەرگریان دابین نەکردووە، لە خەمی گیان و ماڵ و منداڵی ئەو خەڵکە هەژارەدا نەبوون و بێباکانە لەبەردەم مەترسی و هەڕەشەی حکومەتی عێراقدا جێیان هێشتون، دەڵێت: ''لەو شارە پڕ مەترسی و گەورەدا هیچ وەسائیلێکی دیفاعیان لە توپ و دژە جەو و چەکی فڕۆکە شکێنیان

[1] موجتەبا بورزووی: بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠ـ١٩٤٦)، و. نازناز عەبدولقادر و ئەوانیتر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٤٢٣.
[2] ئۆرخانی غالب: شۆڕشی ئەیلول و ڕۆژگاری دوای هەرەس، چ٢، چاپخانەی چیا، لەندەن، ٢٠٠٣، ل١٧.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨ـ١٩٧٠، ب١، ل٧.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەر هاتی...١٩٥٨ـ١٩٨٥، ب٢، ل١٢٨.
[5] ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول ـ بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١ـ١٩٧٥، چ٢، چاپخانەی هێرمان، سوید، ١٩٩٩، ل٣٩٥.
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨ـ ١٩٨٥، ب٢، ل٣٩.

دانەمەزرانـــدبوو، وایـــانزانی لە ســـەیران و شـــای و ڕاو و شـــکارانن"[1]، ئەو کارەســـاتەکە بەگەورە نیشـــاندەدات، لەســـەرزاری شـــایەتحاڵێکی ڕووداوەکەوە دەگێـــڕێتەوە، کە لە مزگەوتـــی قەڵادزە (١٥٠) شەهیدی بەچاوی خۆی بینیوە، زۆربەیان سەر و دەست و قاچیان پەڕیبووە و نەدەناسرانەوە، سەرباری ئەوە بەهـۆی ئەم هەڵەیەی شۆڕشـەوە، خەڵـک ئـاوارەی ئێـران بـوون، کە هەڵـس و کەوتـی لەبەرانـبەر بەگەلی کورددا بەدتر و خراپتربوو[2].

ئەو سەنگ و قورسای بە پێگەی کەسایەتییەکان دەبەخشی، کاتێک لە مەلا مستەفا دەدوێت، ڕۆڵـی لەناو ڕووداو و گۆڕانکاریەکان بەرز هەڵدەسەنگاند، بوون و مانەوەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و بەردەوامی شۆڕشی کوردی بە کەسایەتی ئەوەوە بەستەوە، ئەو باس لە دۆخی حیزبەکەی دەکات کاتێک ئەو لە ڕوسیابووە، کەوتووەتە باری پوکانەوەیەکی خێرا و بەزەقی کاریگەریەکانی نەبوونی ئەو بەسـەر حیـزبەوە دیـاربووە، لە دوای گەڕانەوەی ئەو حیـزب کەوتـووەتەوە سـەر بـاری بـزوتنەوە و نوێبـونەوە دەڵێت: "مـن لەو بـاوەڕدام ئەو حیـزبە لەژێر سـەرکردایەتی مەلا مستەفادا نەبوایە، هەروەک ئەو دەورە ئەژیـا کە مەلا مستەفا لە ڕوسیا بـوو، دەسـەڵات و کـاریگەری مەلا مستەفا ئەو حیـزبەی خستبوە قـاڵبی بەرەنگاربوونەوە و شۆڕشەوە"[3]، ئەو پێیوابوو بەبێ بوونی ئەو هیچکام لەسـەرکردەکانی شۆڕش توانـای ســەرکردایەتی و بەرەنگاربوونەوەیــان لەگەڵ حکـومەتی عێـراق نەبـووە، هەڵوێسـتێکی لاوازیــان لە بەرانـبەر ئەو دۆخەدا نیشـانداوە، کاتێـک دەڵێـت: "لەو بـاوەڕەدانیم لە پـێش مەلا مستەفا ئەوان قـابیلیەتی ئەوەیان هەبوایە بەر هەڵستی ئەو هێزە قورسانەی حکومەتیان بکردایە، ئەی برایم ئەحمەد و عمر دەبابە و مـام جەلال نەبـوون بەدەسـت پۆلیسـی عێراقەوەبـوون لە زینـدانەکانی عێراقـا"[4]، لەکـاتی نسکۆشـدا بە وازهێنـانی مەلا مسـتەفا کۆتـای بە شـۆڕش هـاتووە، هیچکـام لەسـەرکردایەتی توانـای بەردەوامیـدان بە دۆخەکەی نەبووە. وەك (حسێن محەمەد عەزیز) دەڵێت: "بارزانی کاتێک نەویست یـان نەتوانی لەسـەر خەبات کردن بەردەوامبێت، پارتی وەک تەنێکی گەورە و فشەڵ هەڵوەشایەوە"[5].

لە هەمـان کاتـدا مەلا مسـتەفا دەخـاتە بەر ڕەخـنە و وەک کەسـی یەکەمـی شـۆڕش دەیخـاتە بەردەم بەرپرسیاریەتێکی گەورە، شکشـتی شۆڕش و نەهامەتیەکـانی سـاڵی (١٩٧٥) دەخـاتە گەردنـی، دەڵێت: "ئەگەر قائیدێکی حەکیم و زانابوایە دەیتوانی درێژە بەشۆڕش بدات، جەنگێکی چەتەگەری دووورودرێژ دروستبکات، چونکە (٦٠) هەزار پێشمەرگەی هەبووە، چەک و خوردنیان بۆ مەودایەکی زۆر پێبووە"[6] بـای ئەوە دەسـتکراوە بـووە ڕێگـا لە هەرەسـی شـۆڕش بگرێـت و بەردەوامـی بەبەرەنگـاربوونەوە لە بەرانـبەر حکـومەت بـدات، بەڵام ئەو کـارەی نەکـردووە، هەمـوو وەڵامێکـی بـۆ ئەو شکسـتە ئەوەبـووە، سەرکردەکانی شۆڕش دەستیان داوەتە پارەپەیداکردن و خیانەت و خەڵک ڕوتـانەوە، ناوبـانگی شۆڕشیان لەکەدارکردووە، بە تەنزەوە دەڵێت: "مەلا مستەفا لە کۆڕێکدا وتویەتی من چۆن ئەو حەرەکاتە تێکنەدەم (فـلان فەرمانـدە) کەڵەشـێرێکی لە (فیسـار پیرێـژن) سـەندوە، هەر ئەو کەڵەشـێرەی هەبـووە بـانگی بـۆ بدات"[7].

ئەو بـاس لە نـاکۆکی و ململانێکـانی هەنـاوی شـۆڕش دەکـات، توشـی ئیفلیجـی سیاسـی و قەیرانـی سەرکردایەتی بووەتەوە، لە چەندین لاوە توشی نەخۆشی سیاسـی بـووە، خۆخـۆری نـاوخۆیی گەیشـتووەتە

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥-١٩٨٥، ب٢، ل٣٩ .
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل٣٩.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥ ب١، ل١٨١.
[4] میرزا حەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی ...١٩٥٨-١٩٨٥، ب١، ل١٨٢.
[5] حسێن محەمەد عەزیز: ڕۆڵـی سیستمی بنەمـاڵە لە بزافـی ڕزگـاری خـوازی نیشـتمانی کوردسـتاندا، چ٢، چاپخـانەی ئەزەمڕ، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٨٠ .
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل١٦٩.
[7] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل١٦٩.

ئاستێکی مەترسیدار، هاوشانی دوژمن کەوتونەتە بەردەم نەفرەتی یەکتر، براکوژی و ئەو خوێنڕشتنەی لەناوخۆدا دەستیان پێکردبوو هەلێکی باشی دابووە دوژمن و دەروازەکانی شکستی شۆڕشی کوردی لە بەردەمدا واڵاکردبوون، دەڵێت: ''وادەستان دابووە کوشتنی یەکتر، هیچ باوک و برا کوژراوێک ئاوا بە ڕق و تۆڵە پەلامار نادەن، عەرەبەکانیش تەماشای ئەو مەسرەحی برا کوشتنەیان ئەکرد''[١]، ئەو وەک تاوانبـاری مێـژوو ئەوانـی ناسـاند، کە ئەو ڕووداوانە وەک پەڵەیەکـی تاوانبـاری بەسەرشـانی هەردوولایانەوە دەمێنێت، بۆ ڕۆژێک کە مێژوو بڕیاری لەسەر بدات[٢]. وەک (نەوشیروان مستەفا ئەمـین) لەباسـی ڕووداوەکـانی ئەو مـاوە مێـژووییەی بـزوتنەوی سیاسـی کـورد دا، دەڵێـت: ''وەرچەرخانێکی شومە، شوێنەوارەکانی وەک ڕەگی گولی لە جولانەوەی کورد دا جێگیربووە''[٣].

ئەو باس لە زیندانەکانی شۆڕش دەکات، بەهۆی ناکۆکی باڵی جەلالی و مەلایی یەوە، بەبێ لێپرسینەوە و تاوانبار و بێ تاوانیان ڕاپێچی ئەو شوێنانە کردووە، مەترسیداری زیندانەکان لە ئاستێکی تۆقێنەر و پڕکارەساتبار نیشان دەدات، مەلایی بەناوی شیوعیەوە، ئەوانیش بەناوی جاسوسیەوە، لایەنگرانی یەکتریان بە خراپترین شێوە سزاداوە، بەتایبەتی لە زیندانەکانی (کانی ماسی، قەرەتۆغان، ڕایات، خەڵان) ناوبانگێکی خراپیان بۆ شۆڕش دروستکردووە، ئەوەی لەگەڵ ئەوان نەبوایە بە تۆمەتی جاسوس و نیشتمان فرۆش دەکوژران و لەناودەبران، بەجۆرێک دەستیان دابووە سەرانە وەرگرتن و خەڵک ڕفاندن، هیچ کەس لە گیان و ماڵ و کەسایەتی خۆی دڵنیا نەبێت، شەوان نەتوانێت لە ماڵی خۆیدا بحەسێتەوە[٤].

تۆرانی سەرکردەکانی شۆڕش بۆلای حکومەت (جاشایەتی[٥]) لەو دیاردە زەقانەیە مەنگوڕی باسی لێوە دەکات، دیسان هۆکاری ئەم دیاردەیە بۆ سەرکردایەتی شۆڕش وەک بەرپرسی یەکەم هەڵهاتنی سەدان کەسایەتی نیشتیمان پەروەر و دڵسۆزی شۆڕش بۆ لای حکومەتی عێراق گێڕایەوە، لە ڕێگەی وروژاندنی چەند پرسیارێکەوە، دەیانخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی ئەو ماوە لە مێژووی سیاسی کورد و وەک خاڵێکی تاریک ئەو تاوانە بە ماڵ لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کورد هەژمار دەکات، دەپرسێت: ئایا دەتوانین لە مەکتەبی سیاسی و سەربازی بارەگای بارزانی بپرسین، بۆچی بەسەدان پیاوی زانا و تێکۆشەر، لە شۆڕش هەڵگەڕانەوە و ناپاکیان لە کوردایەتی و بیروباوەڕەکەی کرد؟ ئایا ئەوانە نەبوون ناویان بە لێدەر و (داهی) بڵاودەکرایەوە، تەپڵی قارەمانێتییان بۆ لێدەدرا، سنگی خۆیان بە گولەوە دەنا و نەخشەی لەناوبردنی حکومەتیان دادەنا؟ ئەوانە نەبوون پشتێنی شکۆ و شەونخونی و برسێتییان لە پێناوی شۆڕشدا بەستبوو؟ ئەی چۆن هەڵگەڕانەوە و ئەبێ هۆکاری هەڵگەڕانەوەیان چیبووبێت؟[٦]، ئەو دەستێکی تێکدەر و خۆپەرست ئاژاوەچی لەناو شۆڕشدا بەهۆکاری ئەوە دەزانێت، دەڵێت: ''جا چ شیوعیە، یان بۆیاغکراون بەهەر لایەنێکیتر ئەو ئاژاوەیە پێکدێنن''، بە مەبەست ئەو کارەیان ئەنجامداوە، هەندێک لەسەرکردەکانی شۆڕش لەو ڕووەوە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە[٧]. لێرەدا مەنگوڕی لەڕێگەی وروژاندنی پرسیارگەلێکی واقعی خوێنەر دەخاتە باری سەرقاڵیەکی تەواوی ڕامان و بیرکردنەوە، بۆلێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ بنەڕەتی هەندێک لە ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە.

---

[١] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥ب١، ل١٦١.
[٢] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب١، ل١٤٩.
[٣] نەوشـیروان مسـتەفا ئەمـین: پەنجەکـان یەکتـری ئەشـکێنن، دیـوی نـاوەوەی ڕووداوەکـانی کوردسـتانی عێراق(١٩٧٩-١٩٨٣)، چ١، ب، ن، چ، بەرلین، ئەڵمانیا، ١٩٩٧، ل٨٤ .
[٤] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب١، ل١٠٠-١٠١.
[٥] جاشایەتی دەستواژەیەکە مەنگوڕی خۆی بەکاری هێناوە، ئێمە بۆئەوەی وەک خۆی گوزارشتی لێبکەین بەکارمان هێناوەتەوە.
[٦] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل٦٩.
[٧] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل٦٩.

نەبوونی دادپەروەری لەناو شۆڕشدا، بە یەکێک لە هۆکارکانی ئەو ئاژاوەیە دادەنێت، کەسانێکی کینە لە دڵ بەناوی کوردایەتی و شۆڕش پەرستییەوە، لە پێناو باڵادەستی خۆیاندا، ڕێگریکردن لە هاتنە پێشەوەی کەسانی لێوەشاوە، لە کەسانی زانا و دڵسۆزی ناو شۆڕشدا داوە و ناچار بە هەڵهاتن بۆلای حکومەت و بۆ بەرەی نەیارانی شۆڕش کردون، دەڵێت: "عاتیفە و عیزەتی نەفسی خەڵکیان ئەشکاند، بۆ ئەوەی بەرچاویان چۆڵ بکەن و بگەڕێنەوە لای میری، چونکە مانەوەی ئەو کەسانە بۆ گیرفان پڕکردنی ئەو فەرماندە خوێڕیانە زیانێکی زۆری هەبوو"[1].

گەرچی مەنگوڕی سەرکردەکانی شۆڕش لە بەرانبەر شکستی بزوتنەوەی سیاسی کورد لەو دۆخەدا وەک یەک تاوانبار کرد، کە هەر یەکەیان توانای هەڵگرتن و بەردەوامی شۆڕشیان هەبووە، بەڵام خۆیان نەخستووەتە ژێر ئەو بەرپرساریەتییە مێژووییەوە، لەلای خۆیانەوە ئەو شکستەیان قبوڵکردووە، دەڵێت: "لەڕاستی دا مەلا مستەفا و مام جەلال و محمود عوسمان و هەموو سەرکردەکانی شۆڕش خیانەتیان کرد، گەر مەلا مستەفا لەوە زیاتر نەی دەتوانی، خۆسەرکردەکانی شۆڕش گەنجتر و تێگەیشتوتر بوون"[2]، (عەبدولوەهاب ئەتروشی) کە سەرکردەیەکی شۆڕشبوو، دەستێکی باڵای لە خراپەکردن و کوشتنی خەڵکدا بەناوی شیوعی و جاشەوە هەبووە و بەبێ بڕیار لە زیندانی تەوێلەدا چەندین کەسی گولەبارانکردووە، لە دوای بیستنی هەواڵی خۆبەدەستەوەدانی مەلا مستەفا، تفی لە وێنەکەی مەلا مستەفا کە لە هەیوانی بارەگای تەوێڵەی پارتیدا هەڵواسرابوو کردووە و خستویەتیە ژێرپێیەوە و بۆ دەربازکردنی پارە و موجوهەراتەکانی چووەتە ئێران و لەوێ بەرگێکی دڵسۆزانەی بەبەرخۆیدا کردووە وەک ئەوەی هیچ ڕووینەدابێت[3]

بە شێوەیەکی گشتی مەنگوڕی شکستی بزوتنەوە ڕزگاری خوازی کورد لە سەدەی ڕابردوو بۆ پلانێکی دەوڵەتی دەگێڕێتەوە، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کورد لەو تاوانە بێبەری ناکات، کە خاوەنی دەیان هەڵە و کەم و کورتی بوون، پێیوایە هەتا گەلی کورد لەژێر سایەی سەر کردایەتییەکی خۆگر و نەبەزیودا خۆی نەسەلمێنێت، ئیرادەی گەل بە پشت بەستن بە هێز و بازوی خەڵک و خاکی کوردستان نەخەمڵێت، نابێت چاوەڕوانی هیچ کاردانەوەیەکی ئەرێنی دەرەکی بکات، بەئاراستەی چارەسەرکردنی پرسی کورد، چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەرسەنگ و قورسای ئەو گەل و نەتەوەیە دێتە دەنگ کە لەنێو پارسەنگی نێودەوڵتیدا جێگایەکی بۆخۆی داگیر کردووە، دەڵێت: "عصبة بەئاشکرا شەڕ لەسەر کەسێ ناکا، لە خۆیا بە مەدەنیەت کەم دەست بێ، نەخۆش ئەبێ خۆی تەقەلای دەرمان دۆزینەوەی مەدەنیەتی مادرزادی بدات"[4].

لە کۆتاییدا مێژووی سیاسی لای مەنگوڕی، مێژوویەکی ئاڵۆز و فرە ئاراستە و ڕەخنە ئامێزە، گەمەکردن تێیدا سەخت و دژوارە، زانست و ئەزمونی مێژوویی دەستەبەری سەرکەوتنە لەم پانتاییەدا، مێژووی سیاسی مێژووی ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان و سەرکردەکانە، بە سەرنجدان لە بەرهەمەکانی بە ئاشکرا تێبینی ئەوە دەکرێت، ڕۆڵی کەسایەتییەکانی لەنێو مێژووی سیاسی و گۆڕانکاریەکاندا بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەرخستووە، ئەو باوەڕی تەواوی بە ویستی تاک لە دروستکردنی ڕووداو دا هەبووە، پێیوابوو ئەگەر لێهاتوییەکانی لە ڕێگایەکی ئاراستەکراو بە ژیری بخاتەگەڕ، دەتوانێت ڕەوڕەوەی مێژوو بە ئامانجی بەرژەوەندییەکانی خۆی کۆتای پێبێنێت.

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل١٣٣.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی : بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل١٨٨.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل١٧٨-١٧٩.
[4] م.م. پژدەری (میرزامەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٥٤.

## باسی دووەم: مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتی:
### یەکەم: مێژووی ئابووری:

مێژووی ئابووری بریتییە لە باسکردن و لێکۆڵینەوە لە دیاردە ئابوورییەکان، کە بە درێژایی مێژوو لە کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا ڕوویانداوە، خستنەڕوو شیکردنەوەی ئەو ڕووداوانە و پوختەکردنی ناوەڕۆکەکانیانە و گرنگی بە لێکۆڵینەوەی مێژووی دۆخی ئابووری دەدات[1]، خوێندنەوە و وردکردنەوەی ئەو ڕووداوە جۆربەجۆرانەیە، کە لە ڕەهەندێکی ئابوورییەوە ئاراستەکراون، هەریەکە لەو کەرەستە و بیرۆکانەی لە پشت هەریەک لەو ڕووداوانەوەن[2]، بواری لێکۆڵینەوەکانی بریتین لە چالاکی بازرگانی و ئەزمونی ئابووری گەلان و بەرەو پێشچونی بیرۆکە و سیستمە ئابوورییەکانی ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە گشتی، کاریگەرییان لەسەر گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان[3]، واتە ئەوەی پەیوەندی بە بەبەرهەمهێنان و فرۆشتن و دابەشکردن و بەکارهێنان و خزمەتگوزارییەکانەوە هەیە[4]. مێژووی ئابووری گرنگی بە پرۆسەی پێشکەوتنی قۆناغە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە ئاستە نزمەکانەوە بۆ ئاستی بەرز دەدات[5].

دیاردە ئابوورییەکان لەو بابەتانەن مێژوو ڕاڤەیان دەکات، ڕۆڵیان لە ئاراستەکردنی ڕووداوە مێژووییەکاندا شیدەکاتەوە، ئابووریناسان بۆتێگەیشتن لە سیستەم و بیرۆکە ئابوورییەکان پێویستیان بە گەڕانەوە هەیە بۆ ئەزمونی ئابووری گەلانی ڕابردوو و بۆ تێگەیشتن لە بنەما ئابوورییەکانی ناو مێژوو، لە هەمانکاتدا لێکۆڵینەوە مێژووییەکان ڕێگە خۆشکەرێکی باشن بۆ زانینی ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی زانستی ئابووری[6].

تەنانەت بابەتە ئابوورییەکان تا ئەو ئەندازەیە پەیوەندیان بە مێژووەوە هەیە، کە هەندێک لە فەیلەسوفان پێیانوایە فاکتەری سەرەکی ڕووداوە مێژووییەکانە، لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە مێژووی ئابووری هاوشانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو بە بەشێکی دانەبڕاوی مێژوو[7]. زۆربەی ڕووداو شۆڕش و جەنگەکان کە لە ڕێڕەوی مێژوودا تۆمار کراون هۆکاری ئابوورییان لەپشتەوە بووە[8]، مێژوونوسی فەرەنسی (فرانسوا پیرگیزۆی (١٧٨٧ــ١٨٤٧)) هۆکاری هەڵگیرساندنی شۆڕشی فەرەنسای بۆ ناکۆکی نێوان(خانەدانەکان و چینی سێیەم) گێڕایەوە[9]، (مارکس) جەختی لەوەکردەوە ئابووری بزوێنەری یەکەمی ڕووداوە مێژووییەکانە[10]، بیرۆکەکانی بیرمەندانی بواری ئابووری ئەگەر بەتەواوی دروست نەبن، بونەتە هۆی دروستکردنی ئەندێشەیەک کە هۆکارە ئابوورییەکان کاریگەری قوڵیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دەرکەوتنی مێژوودا هەیە[11].

ئەو گۆڕانکاریە سیاسی و ئابووریانەی لە سەدەی نۆزدە لە ئەوروپا ڕوویانداوە، لەپاڵ مێژووی سیاسیدا ئابووری وەک یەکێک لە گەورەترین هۆکارەکان، ڕۆڵی لە ئاراستەکردنی مێژووی هاتنی

---

[1] سەردار عوسمان باداوەی: مێژووی بیری ئابووری، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل١١-١٢.
[2] ابراهم كبه: دراسات في تاريخ الاقتصاد، ط١، مطبعه الارشاد، بغداد، ١٩٧٠، ص٥٢.
[3] راشد البراوي: تطور الفكر الاقيصادى، ط٢، مطبعه شام، سوريا، ١٩٨٢، ص٧٣.
[4] شاكر نابلسی: سامان و سەرهەڵدان، و. ئیبراهیم فتاح، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٧ .
[5] کامەران ئەحمەد حمە: مێژووی بیری ئابووری، ب، ن، چ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل١١.
[6] أمل حسين: علاقة علم الاقتصاد بمختلف https://egyresmag.com/علاقة-علم-الاقتصاد-بمختلف-العلوم-الأخ/ العلوم الأخرى، ١/ مارس / ٢٠١٦، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٣/٨.
[7] سامان حسین ئەحمەد: میتۆد و...، ل١٧٨ .
[8] حسان حلاق: مناهج الفكر...، ص١٠١.
[9] کەمال مەزهەر: مێژوو، ل٧٨ .
[10] حەمید عزیز: بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەلێر، ٢٠١٤، ل١٥٢ .
[11] تیرینس بایریس: ئادەم سمیس ومالتۆس ومارکس، و. ئاگری ئەفشین، چاپی ئەلیکترۆنی، ٢٠٠٨ ، ل٢٢ .

وڵاتانی ئەوروپا بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بینی، ئەوەش دوای دەرکەوتنی چەند هێزێکی نوێ وەک (ئەڵمانیا، ئەمریکا، ژاپۆن) هات، کە هۆکاری تێکچونی پارسەنگی هێزی نێودەوڵەتی بوون لە ڕوی سیاسی و ئابوورییەوە[1]، کوردستانیش وەک ناوچەیەکی جیۆستراتیژی، جەمسەری بەستنەوەی ڕێگەی زەمینی ئاسیا و ئەوروپا و هندستان، بووە جێگەی سەرنج و بایەخی وڵاتانی ڕۆژئاوا[2]، بەتایبەتی سروشت و دەوڵەمەندی کوردستان لەمێژە جێگای سەرنجی داگیرکەران بووە، (ڤالسیڤسکی) لە سەدەی نۆزدەدا هاتوتە کوردستان، باسی ئەو دەوڵەمەندییەی کوردستانمان بۆ دەکات، دەڵێت: ''بەڕاستی بەغداد و ئەستەمبوڵ و سوریا بە گۆشتی هەناردەی کوردستان بەڕێوە دەچوون، ناردنەدەرەوە لە بەرهەمی هاتوو پترتربووە''[3]، بەڵام سەرچاوە سروشتیەکانی کوردستان و دەوڵەمەندی ناوچەکە سەرباری ئەوەی نەبوونەتە مایەی خۆشگوزەرانی، بەڵکو هۆکاری دواکەوتنی کوردستان بووە، لەلایەن وڵاتانی بێگانە دەست بەسەر سەرچاوە ئابووریەکانیدا گیراوە، بونەتە هۆی پەرتەوازەکردن و دابەشکردنی خاکەکەی[4]، بەتایبەتی لەسەرەتای سەدەی بیستەم دا، لەدوای دۆزینەوەی نەوت و بەکارهێنانی وەک جێگرەوەی سەرچاوەکانی تری ووزە، پێگەی نەوتی لەنێو ئابووری جیهاندا بەهێزکرد، لەبری بەهای ئابووری بەهایەکی سیاسیشی لێکەوتەوە[5]، شوێنی ستراتیژی کوردستانیش لەناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، هێزێکی تری جوڵێنەری سیاسەتی ناوچەکە بووە[6]، بووەتە هۆی داڕمان و مژینی ئابووری کوردستان، نەک لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە، بەڵکو لەلایەن وڵاتانی دراوسێشەوە، کە ئابووری کۆمەڵگەی ژێردەستی دەکاتە ئابوورییەکی پاشکۆ، بۆ ئەوەی پرۆسەی چەوسانەوەی سیاسی ئاسان بکات[7].

بەشێوەیەکی گشتی ئابووری کوردستان لەسەرەتای سەدەی بیست ئابوورییەکی سروشتی بووە، لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری پێکهاتووە، نەبوونی سەرمایەی پێویست و پەیڕەو نەکردنی ڕێبازی زانستی و کەمی ئامێر و هۆیەکانی گواستنەوە و نەبونی بازاڕ، دەرفەتی لەبەردەم جوتیاری کورد دا لە ڕابردوودا والانەکردووە گەشە بەو بوارە بدات[8]. وەرزێری لە مێژەوە کۆڵەکەی سەرەکی ئابووری ناوخۆ بووە، ئاژەڵداریش گرنگترین لایەنی بەرهەم هێنانی وەرزێریی بووە، پیشە خۆماڵییەکانیش بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدراوە، کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو سامانە سروشتییەی هەیەتی، بە درێژای ڕابردوو یەکێک بووە لە هەژارترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[9].

(ژان باپتیست تاڤێرنی (١٦٠٥- ١٦٨٩)) لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدە هاتوتە کوردستان باسی ئەو ڕێگا بازرگانییە گرنگانەمان بۆ دەکات، کە بە ناوەڕاستی کوردستاندا تێدەپەڕن، جیهانی ڕۆژهەڵات بە ڕۆژئاواوە دەبەستنەوە[10].

## مێژووی ئابووری لای مەنگوڕیی

---

[1] سامان حسین ئەحمەد: زلهێزەکان...ل١٠ .

[2] مەحمودی ملاعززەت: بازنەکانی ململانێی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی کورد، چ٢،چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٥ .

[3] کەمال بورکای: کورد و کوردستان، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٩٨.

[4] ئیسماعیل بێشکچی: کوردستان کۆلۆنیایەکی نێو دەوڵەتی، و. حەمە ڕەشید، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٦٠ .

[5] سەروەر عەبدڕەحمان عمر: ڕێبازی...، ل١٧٦ .

[6] کمال مەزهەرئەحمەد: کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، چابخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغدا، ١٩٧٥، ل٥ .

[7] ئیسماعیل بێشکچی: کوردستان...، ل٢٥ .

[8] فوائاد تاهیر صدق: کۆمەڵزانی و کورد، چ١، چاپخانەی ژیار، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٨٨ .

[9] عبدولڕەحمان قاسملو: کوردستان و کورد، و. عەبدوڵا حەسەن زادە، چ٦، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ، ٢٠١٢، ل١٠١ .

[10] فەرهاد پیرباڵ: کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسانەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٥٢-٥٣ .

مەنگوری بەهەمان شێوە بەبایەخەوە باسی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیا و ئابووری و خاک و سروشتی کوردستانمان بۆ دەکات، کە شوێن و پێگەیەکی گرنگی هەیە، لە مێژووی ناوچەکەدا جێگەیەکی ستراتیژی داگیر کردووە، وەک تۆڕێکی پەیوەندی دایدەنێت کەناوەندی پێکەوەبەستنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و دەرگایەکە بەڕووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەک دەڵێت: "کوردستان ناوەندێکی هەستیاری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، هەردو ئۆردوگا چاویان بڕیوەتە ئەو هێڵەی کە پێی دەڵێن کوردستان، کە پردی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و کلیلی قفڵی هندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەندییە"[1]، ئەو سەرباری پێگە مێژووییەکەی، سامانی کوردستانی بە هۆکارێکی تری گرنگی چاو تێبڕینی وڵاتانی بێگانە دەزانێت بۆ خاکی کوردستان و پاشکەوتنی گەلی کورد لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوە، لەگەڵ داگیرکردنی خاکەکەیدا ماڵ و سامانی بەتاڵان براوە، وەک (مەسعود محمەد) ئابووری وەک هۆکاری یەکەم لە پاشخستنی گەلی کورد دادەنێت، باس لەوەدەکا هەرچەندە وڵاتانی دراوسێ ناوچەکانی کوردستانیان داگیرکردووە، خاکی کوردستانیان وێران کردووە، بەڵام لە چاو کاریگەری ئابووری، کە ئەو بە (نزيف اقتصادی) ناوی بردوە ئەچێتە پلەی دوەم وسێەمەوە[2]. مەنگوڕی باسی ئەو دەوڵەمەندییەی خاکی کوردستانمان بۆ دەکات و دەڵێت:

کـــــورد خاوەنی ماڵاتو مەڕو بزنـــــــو هەوایە
خـــــــــاوەن کەژو کێو دجلەو ســـیروان و چیایە
صـــــــاحب ئەثەرو مەعدەن ونەوتو گـــــژو گیایە
عەمـــــــــــــــــباری زەخیرە و توتنو کزنو کەمایە
خاوەن خەڕەک و کەوشو کەڵاشو زێڕو زەڕەنگەر[3]

ئەو بۆ ڕابردوویەکی دوور دەگەڕایەوە، لە مێژوویەکی درێژەوە ئابووری کوردستان تاڵان کراوە، لە بەرانبەردا بە چەک و بۆمبا و دراوەتەوە بەسەرکوردەکاندا، واتە زیانی دەوڵەمەندی خاکی کوردستان بۆ گەلەکەی دووهێندە بووە، بەردەوام ئابووری یەکێک لە هۆکارەکانی دەستی بێگانە بووە بۆ چەوسانەوەی گەلی کورد، لەنمونەیەکدا باس لەوە دەکات لە ساڵی ١٩٣٦ هەتاوەکو ساڵی ١٩٤١ ڕێگە بە کوردەکان نەدراوە نانی گەنم بخۆن، بە بڕیارێکی ناچاری حکومەتی ستەمکاری ڕەزاشا گەنمەکەی لە کوردەکان وەرئەگرت، لە بەرانبەر چەک و تەقەمەنی دا، بۆ کوشتنی کوردە بێچارەکان بە ئەڵمانەکانی دەفرۆشتەوە، سەرباری ڕەنجەکەیان دەبوایە هەژار و دەوڵەمەندی نانی جۆ و گاڵ بخۆن، لە کاتێکدا ئەو ناوچەیە گەورەترین ناوەندی هەناردەی دانەوێڵەیە لە ئێراندا[4]، بەوەش ئابووری سەرچاوەی ئازار و نەهامەتی و پاشکەوتنی ئابووری و هەژار خستنی خەڵکەکەی بووە. وەک (لازاریف) باس لەوە دەکات، چەوسانەوەی سیاسی و شڵەژانی دۆخی ئابووری لە کوردستاندا، مایەی هەژاربوونی گەلەکەی بووە، نەک بەشێوەیەکی ڕێژەی بەڵکو بە شێوەیەکی ڕەها[5]، مەنگوڕیش لە هۆنراوەی (مشومڕێک لەگەڵ دایکی وەتەنا)، ئەو سکاڵایە دەکات و دەڵێت:

ئەرێ دایکی وەتەن تاکـــەی بەلاتی من بژیم چارێ
لەڕێ خــــــــــودا عیلاجـــم کە نیشانمدە شتێ کارێ
لەبرسا لات و بێ هێـــزم بەلاکەی سەر ئەبەم بارێ
شەرم ناکـــەی کەمن بـــمرم لە برسا طفلی ئەغیارێ

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ل٦٨-٦٩ .
[2] مەسعود محەمەد: حاجی قادری کۆی، ب١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٧٣، ل١٤٦ .
[3] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...ل٣٠٠ .
[4] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٩٢.
[5] م.س. لازاریف: کێشەی کورد، و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٦.

بخەیتە باوەش و شیری بدەیتێ ڕۆژی چەند جارێ[1]

تەنانەت ئابووری بەهۆکاری یەکەمی لەناوچوونی (کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلول) دادەنێت و پێیوایە پرسی کورد وەک کەرەستەی دابینکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی وڵاتانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی سودی لێوەرگیراوە، وەک هۆکاری بەردەستخستنی مەبەستە سیاسییەکان مامەڵەی لەگەڵداکراوە، وەک ئەوەی ڕوسەکان لە بەرانبەر کۆماری کوردستان ئەنجامیاندا لە ساڵی (١٩٤٦)، لەبەرانبەر بەڵێنێکی ئابوریانەی ناڕاستی ئێرانیەکان دەستبەرداری پاڵپشتیەکانی گەلی کورد بوون، سەرئەنجام بە لەباربردنی خەونەکانی لەو قۆناغە مێژووییەدا کۆتای هاتووە[2].

کەم دەرامەتیی و هەژاریی ئەو ماوە مێژووییەی کۆماری کوردستان لەو باسانەیە کە ئاوڕی لێداوەتەوە، خاوەنی سەرچاوە و داهاتێکی باش نەبووە، باس لە هەوڵەکانی قازی محەمەد دەکات بۆ باشترکردنی ئابووری کۆمارەکە، دەگێڕێتەوە کاتێک ئێرانییەکان سابڵاغیان چۆڵ کرد، خواردەمەنی و توتنێکی زۆریان بەجێ هێشت، قازی محەمەد توتنەکەی لەبەرانبەر چەک بە ڕوسەکان فرۆشتووە[3]، باس لەسەرچاوەکانی داهاتی کۆمار دەکات کە پێکهاتبوو، لەو یاسای دەرامەتەی لەوەوپێش حکومەتی ئێران دایانابوو، لەو ماڵ و سامانەی خەڵکی ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆمار و دەرەوەی ناوچەکە بەخشیانە کۆمار، موڵک و داهاتی هەندێک لەو ئاغایانەی، کە لایەنگری حکومەت بون و موڵکەکانیان لە سنووری دەسەڵاتی کۆماردا بووە، لەگەڵ پارەی کارت و ئەو بڕە داهاتەی لەبەرانبەر بە ئەندامبوون و چونەناو حیزبی دیموکرات مانگانە وەردەگیرا، کە ئەو پێیوایە داهاتێکی باشبووە، هاوکات لە ڕسومات وەرگرتنیشدا دەستێکی باڵایان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا خەرجی زۆر لە داهات زۆرتر بووە و گەر هاوکاری و یارمەتی دەوڵەتی ڕوس و ئازربایجان نەبوایە ئەو داهاتەی کە هەبووە بەشی هیچ خەرجییەکی نەدەکرد[4].

دۆخی خراپی ئابووری بارزانییەکان لە کۆماردا، جێگای بایەخی مەنگوڕی بووە، کە لە ڕووی خواردن و پێداویستی ڕۆژانەوە لە دۆخێکی خراپدا بوون، مەلا مستەفا لەسەر بەشەخۆراکی ڕۆژانەی بارزانییەکان نێوانی لەگەڵ ئیدارەی مهاباد دا باش نەبووە، تەنانەت ئەو ناکۆکییە کاریگەری کردبووە سەر قازی محەمەد، مەلا مستەفا لەسەر خواردن و موچە و پۆشاک و چەک بە بەردەوامی لەگەڵ سابڵاغییەکاندا قرەی دەهێنایە پێشەوە، دەیگووت مادام بارزانییەکان لە بەرەکانی جەنگن و هیچ سەرچاوەیەکی بژێویان نییە و غەریبن، باوەک سابڵاغییەکان ژیانیان دابین بکرێت، بەڵام سابڵاغییەکان ئەو داوایەیان ڕەتکردووەتەوە، باسیان لەوەکردووە ئەو دەسەڵات و بەڕێوەبەرێتییە خۆیان دروستیان کردووە، تا لە پێداویستی خۆیان زیاد نەبێت، بەبێگانەی نابەخشن[5]، بەپێی زانیارییەکانی مەنگوڕی خەڵکی سابڵاغ بەبەراورد لەگەڵ خەڵکی دەرەوەی خۆیان خاوەنی هەندێک ماف بوون کە ئەوانیتر نەیانبووە، وەک ئەوەی تەنها سوپای سابڵاغ موچەیان وەردەگرت[6].

ئەو باسی مێژووی ئەزمون و بەڕێوەبەرایەتی کورد دەکات لەو کاتەدا، لە ئەو بێ بەرنامەییە دەدوێت، لە کۆکردنەوەی داهاتدا هەبووە، تاڵانی و ناپاکی زۆری تێدا کراوە، بەرپرسانی کۆکردنەوەی داهات هیچ جێگای متمانە نەبوون، دەڵێت: "لە داهات کۆکردنەودا دەستی دزی زۆربووە، لیژنەی لێکۆڵینەوەشیان وەک ئەو کەسانەوابوون کە بە دزی ناوزەند کرابوون، دزی لەناو لە شکرا بە

[1] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل١٨٧.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ل٩٣.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەر هاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ب١، ل١٠٨.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەر هاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ب١، ل١٠٨-١١١.
[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەر هاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ب٢، ل٥١.
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ب١، ل١٢٨.

ئەندازەیەکی تەواو پێگەیشتبوو، سکاڵای پێشمەرگە بۆ ئەو بارە زۆربووە، بەڵام لەبەر ناوبانگی لەشکر لەو کاتەدا چاوپۆشی لەو وێنە لێپرسینەوەیە کرابوو"[1].

ئەو لەهەوڵەکانی قازی محەمەد دەدوێت بۆ باش کردنی داهات و پڕکردنی گەنجینەی کۆمار، بەڵام لەو هەوڵەی سەرکەوتونەبووە، خەڵک وەک پێویست بە دەم داواکاریەکانییەوە نەهاتوون، ئەو ماوە مێژووییەی کورد بەراورد دەکاتەوە بە هەوڵی گەلی ئەڵمانەکان و پروسەکان بۆ هاوکاری وڵاتەکانیان بۆ ڕزگاربوون لە دەست ناپلیۆن لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدە، کە قازی محەمەد بڵاوی کردەوە، هەرکەسێک خشڵی ژنان و چەک و کەرەستەی گرانبەهای هەیە، بیخاتە دەستی گەنجینەی کوردستان، لە بەرانبەر مۆر و سەنەد، بەڵام لەبەر ئەوەی قابلیەتی گەلی کورد و ئەو گەلانە نێوانێکی زۆری هەبوو، دەنکە تەسبیحێکیشیان نەخستە ناو گەنجینەی مهابادەوە[2]، گەنجینە هەروا بەلات و ڕوتی مایەوە، دواتر هاتە سەر ئەو بیرە کارگەیەک لە سابڵاغ دابمەزرێنێت و مۆڵەتی کڕینی لە دەوڵەتی ڕوس بۆ وەرگرێت، لە ئاکاما ئەو کارگەیە دامەزرا، سەرمایەکەی گەیشتە (٤ملیون تومان)[3]، بە ناوی (شرکەتی تەرەقی[4]).

ئەو گوزەرانی خەڵکی ئەو قۆناغە مێژووییەی تاوتوێدەکرد، کە باری ئابووری لە کۆتاییەکانی کۆماردا زۆر ئاڵۆز بووە، ژیانی خەڵک لە شڵەژانێکی تەواوەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بووە، دەڵێت: "کوژران و دزی و سوتان و تعدا لە هەژار بووبووە بە پیشەی زۆردار، چەوەندەر و توتن کە مادەیەکی ڕەئیسی ژیانی ئەو ناوچەیەبوو، لە ئێران و عێراق وەرنەئەگیرا، لەو شارانەدا حەق و دادپەروەری شتێکی نادیتەبوو، بە (١٠) تومانی ئاغا، سەلامەتانە خوێنی مەقتولێک لەناو ئەبرا، خواردەمەنی و پۆشاکی ئەو ناوچەیە بە هەرزانی ئەبرایە عێراق، لە عێراقەوە شتی گرانبەها هاوردەی ئەو ناوچەیە ئەکرا، بەسەر کوردەکانا ساغ ئەکرایەوە"[5].

دۆخەکە لە کاتی هاتنەوەی هێزەکانی ئێران دا بۆ ناوچەکە خراپتر بووە، ئەو باس لە هەڵسوکەوتی نادروستی هێزە سەربازیەکانی ئێران دەکات، لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، ئەو زوڵم و ستەمە زۆرەی ئەنجامیان داوە، پارەیەکیان بە هەرکەسێکەوە شک ببردایە کڵاوێکیان بۆ دروست دەکرد، خەڵکەکەش ناچاربوون پارەیەکیان هەبوایە بۆ ڕزگار بوون لەو بارە سەختە خۆیانی پێ بکڕنەوە، دەڵێت: ژن و منداڵی گوناهبار و بێ گوناه، بۆ گەیاندنی پارەی ڕەشوەت و بەرتیل، ڕویان لە ماڵە فەرماندەکان دەکرد، هەتا ڕەشوەت دەبوایە بکرایە بە ئالتون و ئەسکەنازی ١٠٠ تومانی، ئەو موجەوهورات بەخشینەی

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ب١، ل١٠٨-١١١.

[2] ئەم وتەییەی مەنگوڕی دیارە ماوەیەک دوای دامەزراندنی کۆمار بووە، ئاماژە بەوە دەکات داخی گرانم هەتا بەم کارانە ڕاگەیشتن دڵگەرمی خەڵک کاڵ بووبووەوە، لەکاتێکدایە لە شوێنی دیکەدا لەسەرەتاکانی ڕاگەیاندنی کۆماردا باس لە بەدەمەوەچوون و هاوکارییەکانی خەڵکی کوردستان دەکات لەو ماوە مێژووییەدا، کە ئاغا هەبووە دەستی لە دێهاتەکانی خۆی هەڵگرتووە، کە سانێک هەبوون هەرچی دارایی و پێداویستییەکانی خێزان و منداڵەکانیان هەیە بەخشیویانە، تەنانەت منداڵەکانیان لە بەرپێی قازی محەمەد دا درێژکردووە و ئەیانەویست بیکەن بە قوربانی. مەنگوڕی...، بەسەرهاتی...١٩١٤-١٩٥٨،ب١، ل١٠٩. بۆ زیاتر بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستانی زمانحاڵی کۆماری کوردستان، ژمارەکانی (١٥، ١٦، ٢٩، ٣٥).

[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ب١، ل١١٢-١١٤.

[4] شرکەتی تەرەقی بەمەبەستی سەربەخۆ کردنی ئابووری و گەشەپێدانی خۆش گوزەرانی گشتی کۆماری کوردستان، لە ١٩٤٦/٢/٥ دامەزراوە، لە ئەنجامی ئەو گەمارۆ ئابوورییەی حکومەتی ئێران لە دوای ئازاد کردنی ناوچە کوردییەکان خستبیە سەر ناوچەکە، خۆی لە کڕینی توتن و بەرهەمەکانی تری خەڵکی ناوچەکانی کوردستان و ئازەربایجان بوارد، کە داهاتی سەرەکی خەڵکی ناوچەکەبوون، ئەم شەریکەیە کاری کڕینی پێداویستی و فرۆشتنی بەرهەمە زیادەکانی جوتیار و بازرگانانی ناوچەکەی لە ئەستۆ دەگرت، بە یەکێتی سۆڤیەت، محەمەد ئەمین موعینی بەڕێوەبەری ئەم شەریکەیە بووە. بڕوانە، حامید گەوهەری: قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان، چاپخانەی زانکۆی صەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٧، ل٢١٨-٢١٩.

[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ب٢، ل١٥٦.

کوردەکـان بەراورد دەکـاتەوە بە بەسـەردەمی ڕۆمانییەکـان لەسـەردەمی هێرشـی (هانیپـاڵ)، کە مـرۆڤ لەبەرانبەر نرخێکی زۆردا خۆی دەکڕییەوە[1].

پرسی کورد لە سەدەی بیست، وەک یەکێک لە پرسە ئاڵۆزەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست بەچارەسـەر نەکراوی مایەوە، مەنگوڕی بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە زیاتر پێ لەسەر بایەخی ئـابووری دادەگرێت، بە دەروازەیەکی والای چارەسەرکردنی پرسی کوردی دەزانێت، هۆکاری شکستی شۆڕشی کوردی لە سـاڵی(١٩٧٥) بـۆ هۆکـاری ئـابووری گێڕایەوە، ئەو پێیوابـوو کێشـەی کـورد کێشـەیەکی داخـراوە و لە بـازنەیەکی تەسـکی نێوخۆیـدا دەخـولێتەوە، بـزوتنەوەی کـوردی، بەم ڕەوت و ڕێبـازە بەرەو چارەسـەر نـاڕوات، چـونکە ئەمریکـا و ئەوروپـا هـیچ خواسـتێکیان بە بەرژەوەنـدییەکانی گەلـی کـوردەوە نەبەسـتراوەتەوە. بـاس لەوە دەکـات لەمـڕۆدا عێـراق بازرگـانی نەوتـی لەگەڵ زۆربەی وڵاتـانی جیهانـدا هەیە، نایانەوێت زیان بە بەرژەوەندییەکانی بگات، بەتایبەتی ئابوری نەوت[2].

ئەو پێیوابوو، تـا کێشـەی کـورد نەبێتە کێشـەیەکی نێـودەوڵەتی و لە مەودایەکـی فراوانـدا گفتوگـۆی لە بارەوە نەکرێت بەچارەسەر نەکراوی دەمێنێتەوە بۆ ئەوەش دەبێت بەرژەوەندیەکانی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا و ئەمریکا بخرێتە مەترسییەوە، ئەوکات لە پەرۆشییان بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانیان، ناچارن لەسـەر کێشەی کورد بێنە دەنگ، کوردیش بە سود وەرگرتن لە ئابووری خۆی دەتوانێت ئەو کارەبکات، دەڵێت: "حەق وابوو لە هەوەڵەوە کوردەکـان بەو هێزەی هەیـانبوو، مەترسـیان بـۆ بەرژەوەندییەکانی ئەوروپـا و ئەمریکا دروست بکردایە، چونکە شۆڕشی کورد بەبێ مەترسی خستنەسەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتـانی ئیمپریالیزم، هیچ دەنگێکـی لێنـاکەوێتەوە"[3]، وەک مەحمودی مەلا عیـزەت ئامـاژە بەوە دەکـات دەوڵەتـانی زلهێـزی نـاوچەکە، بەرژەوەنییەکـی وایـان بە کوردسـتان و شۆڕشـەکەیەوە نەبەسـتراوەتەوە، بـزوتنەوەی کـورد بە ئاسـتی پێویسـت، نەبـووەتە هەڕەشـە بـۆ سـەر دەسـکەوت و بەرژەوەنـدییەکانی ئەو وڵاتـانە لەناوچەکە و دەرەوەدا[4].

مەنگوڕی نموونەی وڵاتانی عەرەبی دەهێنایەوە، کە خاوەنی بیابانێکی وشـک و بـێ بەرهەمن، بەڵام ئینگلیز دەوڵەتەکانی (لیبیـا، یەمەن، حیجـاز، سوریـا، عێـراق)ی بـۆ دروستکردن، کەچـی داهـاتی هەموو ئەو دەوڵەتـانە بەقەد نەوتەکەی کەرکـوک نابێت. کەبە پێنجەمـین گرنگتـرین سـەرچاوەی نەوتـی جیهـانی دەژمێردرێـت[5]، لە خـاکی کـورددا هەڵکەوتـوە، بەڵام کـورد نەیتوانیـوە، وەک هۆکـارێکی گەورەی ستراتیژی سودی لێببێت و بیخاتە خزمەتی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانییەوە. دەڵێت:

عـــــــارەب هەیەتی ئەمڕۆ لە جێ خۆڵی بیابان
باخــــــاتو تەلار مـــودەو فەنتازی ژنی جوان
ماشـــێنو تەراکتۆر و هەزار شوهرەتـو عنوان
کوردیش سەرەڕای نەوتـــو تەڵای مردوە بۆ نان
موحـــــتاجو ڕەشوڕوتو غەریب و چۆڵو چیاگەڕ[6]

ئەو لەو ڕووەوە ڕەخنە لە پـلان و سـەرکردایەتی شۆڕش دەگرێت، پلانـی هەر ئەوەبووە شـارەکان بە تێـری و پـڕ لە سـامان و دەرامەت بـۆ حکـومەت بەجێبهێڵێت، چۆڵپەرسـتی شـاخەکان بـکەن بە جێگـا و هەوارگەی خۆیـان، ئەگەر کۆنترۆڵی شـارەکان و بەتـایبەتی نـاوچە نەوتیەکانیـان بکـردایە، بـارودۆخەکە بەشێوەیەکی تر ئەبوو، گەلی کوردیش لە دەیان گرفت و نەهامەتی، کە بەهۆی بـێ بەرنـامەیی و نەزانین

[1] میرزا مجەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ل١٥٨.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەر هاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل١٣٠.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی... ١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل١٣٢.
[4] مەحمودی مەلا عززەت: بازنەکانی ستراتیژی...، ل٩٢ .
[5] خوسرەو پیربال: ئابووری کوردستانی باشوور، و. ئیسماعیل خەلیل ئیسماعیل، چ١، هەولێر، ٢٠٠٢ ، ل٣٥ .
[6] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٩٨-٢٩٩ .

و نەبونی هونەری بەرەنگاری و چۆنێتی ڕوبەڕوبوونەوەی حکومەت دروست بووبوو ڕزگاری دەبوو، بەڵام ئەوان لە ناکۆکی خۆیان نەیانپەرژاوەتە سەر دۆخەکە، سەرقاڵی لێدان و شکاندنی یەکتری بوون، بە ئەندازەی نەیارەکانی گەلی کورد زیانیان بە بزوتنەوەی کوردایەتی گەیاندووە، دەڵێت: "بەڵام بە پێچەوانەوە پیاوە زاناکانی عەسکەری سیاسی، چۆڵ پەرستی، ڕێگا گرتن و شاخ ناسینیان پێش فکری نەوت خستبوو"[1]

هەروەک بـــــارزانی لە ســــــەهودابو مەکتەبی سیاسی و عەسکریش وابو
لە یەکتر خۆری و یەکتر توش کردن دەستی باڵایان هەبوو وەک دوژمن[2]

ئەو وڵاتە عەرەبیەکانی کرد بە نمونەی زیندوو، کە توانیان لەڕێگەی نەوتەکەیانەوە هەڕەشە لە بەرژەوەنیەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بکەن، ناچاریان بە داواکاریەکانی خۆیان بکەن، دەڵێت: "لە بەرئەوەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا پشتگیری جوڵانەوەی ئیسرائیل یان کرد، ساڵی ١٩٧٣، دەوڵەتە عەرەبیەکان ڕێژەی نەوتیان کەم کردەوە، ئەمریکا ناچار بوو، هنری کیسنجەر وەزیری دەرەوە ڕەوانەی میصر بکات، شەڕی نێوان عەرەب ئیسرائیل ڕابگرێت"[3].

هاوکات جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی، دەبوایە سەرکردایەتی شۆڕش بە هەر نرخێک بوایە، تەواوی هێز و توانای خۆی بۆگرتنی ناوچە نەوتییەکان تەرخان بکردایە، لەوێوە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکای بخستایە مەترسییەوە، ئەو کاتە پرسی کورد زیاتر ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەردەگرت، نەتەوەیەگرتووەکان ناچار دەبوو ئاوڕ لەپرسی کورد بداتەوە[4]. لەم قۆناغەدا ئەو خۆماڵی کردنی ئابووری نەوتی بە باشترین پەناگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەبینی، ئەم بیرە ئابوورییەی بەتەواوەتی لەناو بەرهەم وئەدەبیاتی مەنگوڕیدا ڕەنگیداوەتەوە، چەندین شعری بۆ نەوت و پێگە ستراتیژیەکەی نووسیوە، وەک لە هۆنراوەیەکدا بۆ نەوتی کورکوک دەڵێت:

تۆ نــــــەوتەکەی (کەرکوکی) یاخــو چەپکەی کڵوکی
بەئـــــاڵ و واڵـــــــی بووکی نەشمیلەو ئێسک سوکی
بــــــــــاڵابەرزو ڕەنگاوی پـــــان و پۆڕو نەخشاوی...
تۆ ساڵی حەفتا مـــــــلوێن دینــار ئەکـەی چاو شەهێن
ئەتــــــــۆ جوان و نازداری هــــــەرتۆی لایق دڵداری[5]

ئەو باس لە لاوازی سەرچاوەی داهاتی شۆڕشی ئەیلول دەکات، نەیتوانیوە خەرجی شۆڕش دابین بکات، بەشی هەرەزۆری داهاتەکەی لە دەرەوەوە دابین کراوە، خۆی خاوەنی سەرچاوەی دارای پێویست نەبووە، دەڵێت: "میزانیەی مەلا مستەفا لەلایەن دەوڵەتانی بێگانەوە تەنزیم کرابوو (٤٨)ملیۆن دیناری گرتووەتەوە لە ساڵێکدا"، بەشێکی کەمی لەلایەن دامەزراوەی فرۆشگاکانی شۆڕش و بەشی هەرەزۆری لەلایەن وڵاتانی (عێراق تا ساڵی ١٩٧٤، ئەمریکا، ئیسرائیل، بەریتانیا، ئەڵمانیا، سعودیە، چین، سۆڤیەت) دابین دەکرا[6]. ئەمە سەرباری دەوڵەمەندی و بەوروبومی کانەکانی کوردستان، کە دەتوانن ناوچەکە بکەنە یەکێک لە دەوڵەمەنترین ناوچەکانی جیهان[7].

بە هەمان شێوەی ئەو ماوە مێژوویەی کۆماری کوردستان، باس لە خراپی دۆخی ئابووری خەڵک دەکات، لەسەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلول دا، حکومەت دەستی کردووە بە ئازاردانی خەڵک و گەمارۆی

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی... ١٩٥٨ـ١٩٨٥، ب٢، ١٣١.
[2] میرزا مەنگوڕی: شەش کتێبی...، ل٤٢٢.
[3] میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨ـ١٩٨٥، ب٢، ل١٣٣ـ١٣٤.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨ـ١٩٨٥، ب٢، ل١٣٠.
[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جبهانێکی ئازاد، ل١١١ـ١١٢.
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی..١٩٧٠ـ١٩٨٥، ل١٨٧.
[7] جەمال نەبەز: کوردستان وشۆڕشەکەی، و. کوردۆ،چ١، ب، ن، چ، ب، ش، چ، ١٩٧٢، ل٢٤ .

ئـابووری خستووەتە سـەر شـارەکان، نرخـی سوتەمەنی بەرزبۆتەوە، کارەبـای شـارەکان لەبەر نەهـاتنی سـوتەمەنی وەسـتاوە[1]، لە کۆتایەکـانی شـۆڕش و (ئـاش بەتـاڵ) دا، لە مەینەتـی و ئازارەکـانی خەڵـک دەدوێت، کە شۆڕش خـاوەنی داهاتێکی بەرز بووە، کەچی بە سێ مانـگ موچەی پێشمەرگەی نەداوە[2]، کە بریتی بووە لە (١٠)دینار، بەشی پێداویستی خۆی نەکردووە، لەکاتێکدا ئەکی خێزانەکانیان لە ئەستۆدا بـووە، لە بەرانبەردا سـەرکردەکانی شۆڕش بە ئەنـدازەیەکی زۆر دەوڵەمەنـد بوبـون، ژیانیـان لەو پەڕی خۆشیدابووە، وەک دەڵێت: " بەسـەر پێشمەرگەدا دەهێنـا، فەرمانـدەکانی شـۆڕش بـوون، وەک پێشـمەرگە نەدەژیـان و دەوڵەمەنـدیان لەوپەڕی بەرزیـدابوو، دادپەروەری و ویـژدان پەرسـتی لەنـاو فەرماندەکانـدا هەرناو بوو"[3]، ئاوارەکـان لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان دۆخـی ژیانیـان هێنـدە سـەخت بـووە، لەبەر هەستی بەرپرسـارییەتی و زیـانی گەورەی شـۆڕش نەبـوایە زۆر زوو دەگەڕانەوە، چـونکە وەک ئیفلیجکـردن و شکستێکی گەورە بووە بۆ شۆڕش، لەگەڵ ئەم نەهامەتیـانەی خەڵکدا، سـەرکردەکانی شۆڕش بە مەلاین پـارەی گەنجینەی شۆڕشیان بـردە دەرەوە، کە لەسـەر خـوێن و ژیـانی پێشـمەرگە پێکهـاتووە، بە هەمـوو جۆرێـک لە تاڵانکردنی گەنجینەکانی شۆڕش سڵیان نەکردووەتەوە، کە مەلا مستەفا (٢٢) ملیۆن دینـاری لە خەزێنەی شـۆڕش لەگەڵ خـۆی بـردووە، (ئیـدریس و مسـعود)ی کوڕیشـی دەسـتی خۆیـان لە گەنجینە وەشـاند و ژمـارەیەک لەسـەرکردەکانی تر بە مەلاین پـارەی شۆڕشیان لەگەڵ خۆیانـدا بـردووەتە دەرەوە، کەچی لە کەمپـی ئاوارەکـان حسـاباتی وردکە نـان و گـرامە پرتەقاڵیـان لەگەڵ خەڵـک دەکـرد، داوایـان لە حکومەتی ئێران کردبوو، بەشـەخۆراکی ئاوارەکـان کەم بـکەنەوە، چـونکە لێیـان زیـادە و دەیفرۆشـنەوە، بێئاگا لەوەی لەناچاریدا ئامادەی خۆ برسیکردن بوون بۆئەوەی پێداویستی تری پێپڕبکەنەوە، پێڵاو و جل و بەرگی پێبکڕن، کە پۆشاکەکانیان بە کەڵک نەدەهات و هەموو لەشیان بەدەرەوەیە [4].

ئەو پێمـان دەڵێت کێشـەی میللەتێکی وەک کـورد بە جوڵانەوەیەکی بچووکی داخراوی وەستاوی بێ بزوتن و پێشـکەوتن چارەسـەر نابێت، کە لە بـازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێتەوە، بەڵکو دەبێت لە مەودایەکـی فراوانتـر و گەورەتـردا دا کـاری لەسـەر بکرێـت، ئەوەش ناوەنـدی گۆڕپـانی نێـودەوڵەتی و بە ئاگاهێنـانی وڵاتـانی زلهێـزی جیهـانە لە کێشـەی گەلـی کـورد، بە ناچـار کردنیـان لە ڕێـگەی ئـابووری کورسـتانەوە، دەبێـت کـورد سـەرچاوەکانی سـامانی نەتەوەیـی خـۆی خۆمـاڵی بکـات، وەک یەکەم هەنگـاوی ڕێگـای ڕزگاری گەلەکەی چاوی لێبکات، پێداگری دەکات لەوەی تـاوەکو کورد خاوەنی ئابووری خۆی نەبێت، بـوونی نەتەوەیـی لە بەردەم هەڕەشـەی گەورەدایە، مـافی خـۆیەتی وەک هەر گەلێکـی تـر خـاوەنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی خۆی بێت، چیتر ئەم گەلە ناتوانێت لەگەڵ بێگانەدا بژیت. دەڵێت:

ئەو هۆزە ئـــــــــەوندەی هەیــــــــــە خۆراکو زەخیرە
هەر خــــــــــۆی پێ بەخێو کـــــات بە کۆمەڵ چە بە تیرە
ناتــــــوانێ ئیـــــــــتر بەخـــشێ بە بێـــــــگانە کەتیرە
بێگانە کە لێـــــــــــمان گەڕێ کـــــورد ئەکێشـــەری ژیرە
ئەتوانێ دروستکـــــا لە خوری خــــــۆی جلــــــو مێزەر[5]...
مـــــادام هــــــــــــــیەتی کورد بەڕو گۆیــــژو قەزوان
عەنابــــــــــــــو گەزۆ مێـــــوژو دۆشــــاو ترێی جوان
ڕێـــــــــــــــــواس و بەلاڵـــوکو بەهـــێ قەیسی ئەلوان

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب١، ل٥٢ .
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی ...٥٨-٨٥ ، ب٢، ١٦٧ .
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل١٢١ .
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل١٦٤- ١٦٧.
[5] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٣٠٠.

حاشـــــه له هەزار حــوشترو خـــــــورمای عەرەبستان
بەم ڕزقـــــــــــه ئەژی نایـــــەوێ ڕەزاقی کەسی تر
ئەو هۆزە ئیتر نـــــاژی لەگەڵ عـــــــــــارەبو و ئێران
تأثیــــــــری بە ڕۆح داوە نـــــظامی خـــــەت و عمران
لێـــــــــک جیایە فەنو کـــــــــردەوەیان بـــاوکی بەوجدان
کورد دەرپێ لەپێیە عــــەرەبیش لینـــــگ ڕوت و پێ پان
ڕێــــــک ناکەوێ عگال لــــــەگەڵ پەستەک و خەنجەر [1]

مێژووی ئابووری ئەو پانتاییە بایەخدارەبوو، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لەناو ئەدەبیات و نووسراوی مەنگوڕیـدا ڕەنگیـداوەتەوە، ئەو بە تێڕامــان و گەڕانەوە بــۆ بــۆڕابردوویەکی دوور ئــابووری وەک گەورەترین هۆکاری بزواندنی ڕووداوە مێژووییەکان ناسیی و بەهای لەنێو کۆی کایەکانی دیکەدا بەرز نرخاند، بیری ئابووری کوردی بە لاوازو کورتبین تەماشاکرد، کە بەدرێژای مێژوو پەی بە بایەخی وەک کەرەستەیەکی گرنگ و ستراتیژ لە چارەسەر کردنی پرسەکانی تایبەت بە گەلەکەی نەبردوە، ئەو پێشنیاری ئەوەی بـۆ ئاینـدە خستەڕوو، ئـابووری تـاقە دەرچەی قۆستنەوەی رای گشتی نـاوچەیی و نێـودەوڵەتییە لە ئـاوڕدانەوە بەلای کێشـەی کـورددا، پێیوابـوو تـا کـورد خاوەنـدارییەتی و کـۆنترۆڵی سەرچاوەکانی داهاتی خۆی نەکات، ناتوانێت ڕووداوە مێژووییەکان بە قازانجی چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەییەکانی بجوڵێنێت.

**دووەم: مێژووی کۆمەڵایەتی**

بەکۆمەڵایەتیبـوون بـریتییە لەو ڕەفتـارانەی تاکەکـان لەئەنجـامی هاوکـاری لەگەڵ مرۆڤەکـانی تـردا بەدەستیان دێنن، وەک خوو و نەریت و زمـان ... هتد، کە بە قۆنـاغێکی فێرکردنی گشتی بۆ مرۆڤەکان دادەنرێـت، (ئیـبن خەلـدون) کۆمەڵایەتیبـوون بەوە پێناسـەدەکات کە: "پرۆسـەیەکە بەهـۆیەوە تاکەکـان دەتوانن مەعریفە و ئاکار و ئەو ڕێبازە ئاینییەی پەیرەوی دەکەن بەدەست بینن، جا لە ڕێگەی زانست و فێربوون و گوتنەوەبێت، یـان لەڕێـگەی لاسایی و ڕەتکردنـی راستەوخۆوەبێت"[2]، هاوکـات مرۆڤەکـان لەڕێگەی (تێبینیکردن) لەکەسانی دەوروبەرەوە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوون فێردەبن[3].

بە کۆمەڵایەتیبوون لەوکاتەوە دەستپێدەکات، کە مرۆڤ لە دۆخی سروشتییەوە کە دۆخی سەرەتاییە، چووەتە دۆخی کۆمەڵگەوە، کەگۆڕانێکی چۆنـایەتییە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر[4]، تێپەڕینە لە دۆخی سروشـتییەوە بـۆ شارسـتانیبوون، کە گۆڕانکـاریەکی بەرچـاوی لە مرۆڤـدا دروسـتکرد، بەوەی کە لەڕەفتاریـدا دادپەروەری جێگەی هەڕەمەکـی گـرتەوە[5]، (تۆمـاس هـۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩))، سـەراپای دۆخـی سروشتی بەدۆخـی بەدبەختـی و کڵۆڵی ناودەبـات، چـونکە مـرۆڤ بەیاسـای سروشت ژیـاوە، ئەم دۆخە مـافی تەواو دەدات بە مـرۆڤ بـۆ پاراسـتنی دۆخـی سروشـتی خـۆی[6]، بە پـێچەوانەوە ( ڕۆسـۆ (١٧١٢-١٧٧٨)) لەوبـاوەڕەدابوو، کەمرۆڤ لە بونیـاددا پـاکە و پێویستە بگەڕێتەوە بۆ سروشت، ئەوە ناهەمواریەکـانی سیستمە کۆمەڵایەتیەکـانە، کە مرۆڤ دەگۆڕێت بە کەسـایەتییەکی خـراپ، گواستنەوەی مرۆڤــایەتی، لەدۆخـــی سروشـــتییەوە بـــۆ نێـــو کـــۆمەڵگە، بەوەرچەرخـــانێکی نەرێنـــی و دەســـتپێکی

[1] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٣٠٠-٣٠١.
[2] فوئاد بەعلی: ئیبن خەلدون و کۆمەڵناسی نوێ، و. زیرەک ئەحمەد، سنوور عەبدوڵا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، ل٦٥-٦٧ .
[3] کامەران محەمەد: کەلتور لەنێوان وەرگرتن و ڕەتکردنەوەدا، چاپخانەی ڕۆما، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٣ .
[4] کۆمەڵێک نوسەر: کۆمەڵگەی شارستانی، و. هەڵکەوت عەبدوڵا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٦-٢٧ .
[5] جان جاك ڕۆسۆ: گرێبەستی کۆمەڵەتی، و. محەمەد صابر کەریم، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٨٠.
[6] کۆمەڵێک نووسەر: کۆمەڵگەی...، ل٢٧.

نەهامەتییەکانی مرۆڤ دانا و پێی وابوو شارستانیەتی نەفرەت و نەخۆشی ڕاستەقینەیە و بەسەرچاوەی نەهامەتی مرۆڤی دایەقەڵەم[1].

مێژوونوسی بەریتانی (تریفلیان) پێناسەی مێژووی کۆمەڵایەتی دەکات، کە: "ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی سەر زەویە، پەیوەندییە مرۆڤایەتی و ئابووریەکان دەگرێتەوە"[2]. بەلای (ئیبن خەلدون)ەوە زانستێکە ئامانجی تێگەیاندنی مرۆڤە لە شارستانیەت و دەوروبەر، دیاردەی شارستانییوون و ژیانی سەرەتایی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لێکدەداتەوە، لەو ڕێگەیەوە گرنگی بە بونیادی خێزان و پێکهێنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەدات[3].

لەم سەربەنەوە مێژووی کۆمەڵایەتی گرنگی بە دید و بۆچوونی کەلتوری ئاسایی هاوڵاتیانی ناو کۆمەڵگە بەهەموو جۆرەکانیەوە دەدات، لەڕابردودا زیاتر لە دەوری نەریت و کەلتوری گەلان خولاوەتەوە، بەڵام ئێستا زیاتر کار لەسەر مێژووی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بوارێکی نەرم و فراوانە و بەردەوام لە گەشەدایە، مێژووی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی سیستەمی بەرەو پێشچونی هەر کۆمەڵگەیەک کار لەسەر پیوەندیە کۆمەڵایەتیە گۆڕاوەکان دەکات[4].

کۆمەڵگە پیکهاتەیەکی گەورەی سەرەتایی پێکەوەگرێدراوی سەرلەبەری کایەوپێکهاتەکانی دیکەی نێوبونیادێکی گەورەیە، ناوەندێکی ڕێخراوی مرۆڤایەتییە، پێکهاتەیەکی مەزنی تۆڕی پەیوەندییەکی ناوەندی هەمەلایەنە، لەپانتاییەکی ژیاریدا، ئەم پانتاییە فراوانە سەرلەبەری خێزان و دام و دەزگاو تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئاینی و کەلتوری و ئابووریەکانی تێداکۆدەبێتەوە[5]، لێرەدا دەردەکەوێت مێژوو و کۆمەڵایەتی تەواوکەری یەکترن، مێژوو مێژووی کۆمەڵگا و خەڵکە و سیما کۆمەڵایەتیەکانیش ئاکار و بەرهەمی مێژوون[6].

کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی داگیرکراوی خاوەن سیستەمێکی خێڵەکییە[7]، توانای هەڵگرتنی گۆڕانکاری سەردەمیانەی لاوازە[8]، کۆمەڵگەیەکە لەڕوی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە، نەهاوشێوەی کۆمەڵگە گەشە ئاساییەکانە لە نمونەی کۆمەڵگەکانی خۆرئاوا، نەهاوشێوەی کۆمەڵگە خۆرهەڵاتیەکانە، لەڕوی بونیاد و پەرەسەندنەوە، بەپێوەری هیچکامیان ناپێورێت، دەبێت بە میتۆد و ڕێبازی تایبەتی قسەی لەسەر بکرێت[9]، بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی بونیادێکی خێڵەکییە، سیستەمی خێڵایەتی لە مێژوویەکی دێرینەوە بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا زاڵە[10]، خێڵیش یەکەیەکی سیاسییە، بەگشتی بە مەڵبەندێکەوە بەستراونەتەوە، یەکەیەکی ئابووریش پێکدەهێنن[11].

**ا) مێژووی کۆمەڵایەتی لای مەنگوڕی**

---

[1] جان جاک ڕۆسۆ: گرێبەستی...، ل٢.

[2] محمود محمد الحويري: منهج البحث...، ل١٧٧.

[3] http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/Mnfsia١٥/SocHistory/sec٠١.doc_cvt.htm التأريخ الإجتماعي:٢٠/٢١/ ٢٠٢٠، بەرواری سەردانی کردن ٢٠٢٢/٢/٢.

[4] http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/Mnfsia١٥/SocHistory/sec٠١.doc_cvt.htm التأريخ الإجتماعي:٢٠/٢١/ ٢٠٢٠، بەرواری سەردانی کردن ٢٠٢٢/٢/٢

[5] ئاسۆ جبار: کۆمەڵگای داخراو، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٨١ .

[6] رەشاد میران: چەند بەبەتێکی ئێتنۆ-کۆمەڵایەتی، ب١، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٠، ل٨٧ .

٧ عەتا قەرەداغی: چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لەکۆمەڵی کوردیدا، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٠١.

[8] بەختیار شاوەیس: گەنج و سیاسەت ومەعریفە، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی، ن، ک)، سلیمانی، ٢٠٠٦، ل٣٥-٣٦.

[9] عەتا قەرەداغی: کۆمەڵگەی کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی، چ١، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٥.

[10] کامەران محەمەد: کوردناسی و...، ل١٢٤.

[11] مارتن ڤان برۆنسن: ئاغاو شێخ و دەوڵەت، و. کوردۆ علی، ب١، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٠، ل٩١.

مەنگوڕی بەشێوەیەکی گشتی پێیوایە مرۆڤ لەکۆمەڵگەی کوردی ئەوسادا، لە پلەیەکی هوشیاری نزمدایە و هێشتا ئەو ئاگاییەی بۆ دروست نەبووە، کە مرۆڤ هەر ڕەگەز و تەمەنێک بێت، بەهایەکی جێگیر و بەرزی هەبێت، بۆیە باسی شوێن و پێگەی بەرزی مرۆڤ دەکات لە خۆرئاوا[1]، بە مرۆڤی کوردی بەراورد دەکاتەوە، لە ڕوی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە چەندە جیاوازیان هەیە وەک دەڵێت: ''نادانییەکانی گەلی بێ مەدەنیەت بایەخی ئەو هەموو حیکمەتە نازانن''[2].

ئەو لە ڕێگەی نووسین و هۆنراوەوە ڕەخنە لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی دەگرێت، بە ئامانجی بەخشینەوەی خودئاگایی و ڕابوون لەو چەق بەستنەی، کە لەو ڕۆژگارەدا تێیداژیاوە، ئەو پێش ئەوەی ڕەخنە لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگە بگرێت، باس لەسروشتی مرۆڤ دەکات، کە لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکیان لەدەرەوەی توانا و ویستی خۆیەتی و دەستکاری کردنی ئەستەمە، ئەویتریان ئەوانەن، کە مایەی گۆڕانن و مرۆڤ دەتوانێت بەرەو باشتر ئاراستەیان بکات، بەمە دەیەوێت وزەی گۆڕان لەناو کۆمەڵگادا بڵاوبکاتەوە، چونکە کۆمەڵگە خۆی بەدەست ئەو بارودۆخەوە دابوو کەتێدابووە. پێمان دەڵێت، کە شارێی کۆمەڵگەیەکی سەردەمیانە پەروەردەیەکی ژیرانە و زانستییە، ئەمەش ڕوونادات تادەستکاری کۆی تێڕوانینی کۆمەڵگە نەکرێت[3]، دواتر ڕەخنە لە بونیاد و پێکهاتەی کەسایەتی تاکی کورد دەگرێت، کە لە بنەڕەتەوە بوونێکی نارێک و شێواوە و پێویستی بە بونیادنانەوەیەکی تەواو هەیە، کە کۆی ئەو هەڵانە ڕیشەکێش بکات کە لە کەسایەتییەکی خاوەن پێگە دایدەماڵێت، ئەو لە هۆنراوەیەکدا ئەو بونیادە نەخەملێوەمان بۆ پێناسەدەکات و دەڵێت:

لەم خاکە کەلاشەی گەلی کورد لێ بوە پەروەر

تێکـــــــەڵ بو لەگەڵیا بەدی کردارو جەفاو شەڕ[4]

پێیوایە خاڵی وەرچەرخان لە هەناوی مرۆڤ خۆیدایە و گەر بیەوێت هەموو یاسا جیهانی و ئاینییەکان ڕێگا لەبەردەم هەنگاوەکانی مرۆڤدا واڵادەکەن، مرۆڤ پێویستە بۆ ڕەوشت بەرزی لەتێکۆشاندا بێت، هەر خۆی خاڵی جیاکەرەوەی مرۆڤ و ئاژەڵیش هەر ئەوەیە[5].

**ب) سیستمی چینایەتی**

چینایەتی ئەو سیستمەیە لەسەر بنەمای جیاکاری تاکەکانی کۆمەڵگە بەپێوەرێکی نادادپەروەرانە لە ڕووی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە دروست بووە[6]، چینی کۆمەڵایەتیش لە کۆمەڵێک تاک پێکهاتووە، لەڕووی گوزەرانەوە شێوازی ژیانی تایبەتیان هەیە[7]، لەو سەردەمەدا سیستمی چینایەتی سەرلەبەری کۆمەڵگەی کوردی پەرێشان کردووە، مەنگوڕی ئەو سیستمەی وەک چەواشەکار و بەلاڕێدابەری کۆمەڵگە ناودەبات، پاوان کردنی تەواوی کایەکانی کۆمەڵگەی لە مێژوویەکی دوورەوە بەدەست ئاغا و شێخ و دەرەبەگەکانەوە، بە هۆکاری گەمژەکردنی کۆمەڵگا دادەنێت، پەرێشانی دۆخی ئەو قۆناغە مێژوویەی خستە ئەستۆی ئەوان، کۆی سیستمی دەسەڵاتی لەو سەردەمەدا لێی بەرپرسیارکرد، لەبارەی کۆمەڵگەی کوردی ئەو کاتەوە دەڵێت:

گیانی ئەقطاعی نیـــظامی خان و بەگ کوشتویەتی

خود پەسەندی شێخ و ئاغا وەک (تەڵە) گرتویەتی[8]

---

[1] م.م.پژدەری ( میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٢٤.
[2] م.م.پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٦٣.
[3] م.م.پژدەری (میرزامەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٢٢.
[4] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل١٦١.
[5] م.م. پژدەری (میرزامەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٣٨.
[6] یانیل لمیل: الطبقات الاجتماعیە، ت. جۆرجیت الحداد، ط١، الدارالکتاب الجدید، لبنان، ٢٠٠٨، ل٢٨.
[7] محەمەد شوانی: سۆسیۆلۆژیای چینە کۆمەڵایەتییەکان، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل٣٥.
[8] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٢٦٦.

ئەو کاریگەرییە قوڵەکانی ئەو سیستمەی نیشاندەدا و ئاسەوارە خراپەکانی لەسەر کۆی کایەکانی ژیان دەردەخست، پەروەردە و فێرکردن لەو بوارانەبووە کاریگەری بەرچاوی ئەم سیستمەی بەسەرەوە دیاربووە، باس لەوە دەکات ئاغاکانی پژدەر حەزیان بە خوێندەواری نەدەکرد، نەیان دەویست قوتابخانە بکرێتەوە و کوڕی کرمانج و جوتیار فێری خوێندن ببن، نەوەک لە ئاغا ڕاست ببنەوە و بەربەرەکانێی دەسەڵاتی بکەن[1]، زوڵم و چەوسانەوەی چینی دەرەبەگ و ئاغا لەسەر خەڵکی هەژاری ئەو قۆناغە زۆر قورس بووە و هانی خۆرزگارکردنی دەدان، لە هۆنراوەی (ئاغا و ڕەنجبەر)دا دەڵێت:

ئاغـــا گوێت لێبێ با تێت گەینم   زوخـــــــاوی دڵمت بۆ هەڵڕژێنم

چیتـــــــــر بە هیوا نەبێ بـــت ژێنم   ئەو ڕۆژە ڕۆیی سوجدەت بۆ بێنم[2]

هەر لەو چوارچێوەیەدا باس لە ململانێی توندی چینی ئاغاو ڕەنجبەر دەکات لە ساڵانی شەستەکان بەتایبەتی دوای دەرچونی یاسای (چاکسازی زەوی)، کەوتوونەتە سوکایەتی کردن بەیەک و چەند کێشەی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە، دەڵێت: ''دەوڵەمەند و خاوەن موڵکەکان لەبەر ئیهانەی کاکی ڕەنجبەر نەیان دەوێرا بێنەدەر، بەچاوی خۆم دیم (حەمەقیر) ناوێک لە پشتی سەگەکەی بەبۆیەی سور ناوی سەرۆکی عەشیرەتی مەنگوڕی نووسیبوو، سەگەکە بەناو بازاڕی ڕانیەدا دەسوڕایەوە''[3].

ئەو لەسەر هەڵماڵینی ڕووی دزێوی ئاغاو شێخ و دەرەبەگەکان لەلایەن (شێخ مەحمود[4])ەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، بەڵام دڵی دەداتەوە و ئەوە لە شێخ تێدەگەیەنێت، کە ''من تۆ بەشێخ نازانم و بەچاوی زەعیمی کورد تەماشات ئەکەم، بەداخیشی ئەزانم خۆت بە تەرازووی ئەو شێخە بزن دز و کەر دزانە ئەکێشی، باسی ئەو شێخانەم کردووە، کە سیحربازی و نوشتە و زەرگ وەشێنی ئەکەن''[5]، لە چوارەم خاڵی تۆمەت بار کردنی دادگای کردنەکەیدا، لەسەر کتێبی (هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن)، بەوە تۆمەت بار کراوە سوکایەتی بە شێخ و پیاوانی ئایینی کردووە.

**ج) پەروەردە**

پەروەردە ڕەهەندێکی کەلتوری و کۆمەڵایەتی قوڵی هەیە، بەرهەم و میراتی کۆی مێژووی مرۆڤایەتیە[6]، پرۆسەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە، بەپێی جیاوازیی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، (کانت(١٧٧٦ــ١٧٨٩)) لەبارەی دژواری ئەم پرۆسەیەوە دەڵێت: ''دوو داهێنان هەیە، دەکرێت بە سەختترین و پڕکێشەترین پرسی مرۆڤ لە قەڵەم بدرێت، ئەویش هونەری حکومڕانیکردن و هونەری پەروەردە و فێرکردنە''[7]، مەنگوڕی بەشێکی گرفتەکانی تاکی کوردی بەستەوە بەوشێوازە پەروەردە نادروستەی لە ڕابردوودا هەبووە، لەسەرەتاکانی خەملێنیدا بەلەرزۆکی بونیاد نراوە، ئەو ڕەگ و ڕیشەی زۆرێک لە کێشەکانی کۆمەڵگەی بۆ سیستی و شێواوی سیستمی پەروەردە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا گێڕایەوە، پێیوابوو بونیادی پەروەردەی تاک لە بنەڕەتەوە هەڵەی تێدا هەیە، وەک دەڵێت: ''عەملاندنی منداڵمان زۆر ناشرینە، ئەوەندە بە هەڕەشەی دێو جنۆکە سەریان لێ ئەشێوێنین، ئەگەر غەدرێکی زۆر گەورەیان لێبکرێت، ناتوانن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، ئەی هاوار

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٣٣.

[2] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٧٧.

[3] میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨ـ١٩٨٥، ب١، ل١٤ـ١٦.

[4] لەو ماوە مێژووییەدا شێخ مەحمود دورخرابوەوە بۆ بۆ باشوری عێراق، لە شاری بەغداد بووە، بەڵام لە جوڵانەوەی ڕەشید عالی گەیلانیدا هەلی لەو دەرفەتە مێژووییە وەرگرتووە و گەراوەتەوە سلێمانی و لە گوندی سیتەک نیشتەجێبووە. بڕوانە: ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب١ـ٤، چ٣، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٤٨٧.

[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...، ل٨١ .

[6] ڕێبوار سیوەیلی: فەلسەفە، ڕەگەز پەرستی، پەروەردە، چ١، ڕێخراوەی زەریاب بۆ خزمەتگوزاری کولتوری و ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٦، ل١٣٤.

[7] چنار سەعد عەبدوڵا: پەروەردە و نەتەوایاتی، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠ ، ل٥.

منداڵێک لە پێشەوای گەنجی و شۆخیدا، مێشکی ناکامڵی بە هەڕەشە و سەربڕین پەروەردە بکرێت، ئەبێ لەتەمەنی حەفتا ساڵی دا چ سەربەستی و ئازادیەکی لێ هیوابکرێت"[1]، ئەو پەروەردەکاری خستۆتە بەردەم بەر پرسیاریەتییەکی گەورەوە، ئیفلیجی ئەو پرۆسەیەی لەڕابردوودا و ئێستا و داهاتوی کۆمەڵگەیەکی هوشیاری خستە ئەستۆیان، سەرەتای منداڵی بەپایە و بناغەی کۆمەڵگا زانیوە، هانیان دەدات بۆ بەرزی ڕەوشت و ئەنجامدانی کاری باش[2]، وەک دەڵێت:

مـــناڵی ئەمـــڕۆ باوکی دوا ڕۆژە
ئەبێ لەم ڕووە بەو هەســـت و سۆزە
خوی بەرزی بگرێ بۆ بەرزی نیشتیمان
لەنـــاوی بەرێ هـــەرشـــتێ ئاڵۆزە[3]

**د) هەژاری**

هەژاری و خراپی باری گوزەرانی خەڵک لەو بابەتانەیە مەنگوڕی ئاوڕی لێداوەتەوە، گوزارشتی لە دۆخی سەخت و دژواری خەڵکی ئاسایی کردووە، هۆکاری بەدبەختیەکانی کۆمەڵگای دوبارە بردەوە بۆ ئەو سیستمە چینایەتیەی کە لەو سەردەمەدا باو بووە، هاوکات لەگەڵ داگیرکردنی کوردستان و بوونی دەسەڵاتی چەوسێنەری بێگانەی بە هۆکاری ئەو دۆخە ئابوورییە ئاڵۆزەی خەڵکی سەردەمەکە دایە قەڵەم، وەک لەم نمونەیەدا دەڵێت: "ساڵی ١٩٤١ز مەجید تەنگی سەری ناوێک ئامر مەغفەری چەمپاراوی ئێران ئەبێ، لە مەنطقەی بانە شەوێک میوانی کابرایەکی خەڵکی کەندسورەی بانە ئەبێ، بەکابرای خانەخوێ ئەڵێ ئەسپەکەی هەموو شەوێک هێلکەیەکی مرواری ئەکات، ئەبێ نۆبەت لەو ئەسپە بگری نەوەک هێلکەکەی بخواتەوە، کابرای سادەی هەژار تابەیانی ژنەکەی لای مجید تەنگی سەری بەجێ ئەهێڵێ، بەدیار پیرە ئەسپەوە تابەیانی لەناو گەوەزا هەڵئەتروشکێ، بەیانی مەجیدناو داوای هێلکە لە کابرا ئەکات، ئەویش سوێند ئەخوات کە هیچی نەبینیوە، بەهەزار کێشە کێش ئەمجا بە ٥٠ تومان جەزای خیانەت و ئەمانەت وازی لێدێنێ"[4]، بە دەیان هۆنراوە نمایشی ئەو دۆخەمان بۆ دەکات، وەک دەڵێت:

ئەمڕۆ لە جهانا نیە مەغدووری وەکو ئێمە
کامەی کە شـــەریفمانە ژیانی غەمو کێمە
شوێنێ کە حەقی جەنەتە ئەمڕۆ وەکو دێمە
خۆی کردووە دوژمن بە خوداو ڕازقی ئێمە
نانمان ئەدەنێ نەمرونەژی هەر وەکو نۆکەر[5]

دەسەڵاتی میری ئەوکاتی کوردستان، ژیانی خەڵکیان خستۆتە ناهەمواریەوە، ئەو لە پێداویستیەکانی ڕۆژانەی خەڵکەوە دەستپێدەکات، کاتێک باسی هەندێک لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی لەسەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو دەکات، کە لەم سەردەمی پێشکەوتنەدا کە هیچ وڵاتێک لەسەر دەستوری ڕابردوو نەماوەتەوە، لە بەشێکی زۆری گوندەکانی کوردستاندا چرا نیە و نەوت دەست ناکەوێت، خەڵک پەنا بۆ پاشماوە ئاژەڵییەکان دەبات بۆ ڕوناکردنەوە، فانۆس لە هەندێک لە ماڵە ئاغاکاندا بە دەگمەن هەیە، لە بەشێکی زۆری قەزا و ناحیەکانیش کارەبا نیە، کۆیە کە دانیشتوانەکەی

[1] م.م. پژدەری (میرزامەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٦٦-٦٧.
[2] صافیە محەمەد ئەحمەد، ئەڤین ئاسۆس حەمە: ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی پەروەردەیی و هوشیاری لە شیعرکانی (میرزا مەنگوی) دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە(١٣)، ٢٠١٧، ل٥٣٢.
[3] صافیە محەمەد ئەحمەد، ئەڤین ئاسۆس حەمە: ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی...، ل٥٢٢.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەررهاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ب٢، ل١٦٢.
[5] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٨٥.

نزیک دەبێتەوە لە بیست هەزارکەس تا ئێستاکارەبای نییە، لە لیوا گەرەکانیش ئەومالەی کارەبای بدرێتێ دەبێ بڕی ٤٠ تا ٥٠ دینار بەرتیل بدات[1].

گرانی بەڕێوە چوونی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان لەو سەردەمەدا، سەرنجی مەنگوڕی ڕاکێشاوە، هەژاری و لاوازی باری دارای خەڵک وای کردبوو ئەو دابانە وەک پێویست بەڕێوەنەچێت، تا ئەندازەیەکی سەخت و دژوارتربێت، وەک پرۆسەی هاوسەرگیری و پێکەوەنانی خێزان، دەڵێت: "لەو چەرخەدا ژنهێنان زۆر گرنگ بوو، هەر کوڕی دەوڵەمەند دەیتوانی ژن بێنێت، لەبەر شیربای و کچ فرۆشتن کوڕی هەژار ژنی بۆنەدەهات و کچی پیاوی هەژار هەرزوو دەوڵەمەندەکان دەیانکڕی، لە لادێکانیش ژن بەژنە نەبوایە ژن نەئەخوازرا، کوڕوکچی بێپشکە گورگ هەر ئەبوا بمێنێتەوە یان ڕەدوان بکەوێ"[2]، ئەو لە هۆنراوەیەکدا بەناوی دەردی هەژاری دەڵێت:

عللەتی دەردی هەژاری کـــار لە ئینســـان تێک ئەدا
هێزی پێویســـتی بەبێ شک مەردو نامـــەرد لێک ئەدا
دەردی برسی شەقە لە سەد تەکبـــیرو ڕێگای ڕێک ئەدا
دڵ بەکاری بێ شـــەرافەت مەی کدەی بێ پێـــک ئەدا[3]

ئەو لە چەندین شوێنی تردا بەرگری لە هەژاران دەکات، بە هاوبەشی ژیانی ئاغا و شێخ دەرەبەگەکانی دەزانێت، باس لەوە دەکات (پۆلیسی و سەربازی) دوو پیشەی سوک و کەم بێبایەخ بوون لە عێراقدا، بەڵام ئەو خەڵکە ناچاربوون بە هەزار شێوە پارانەوە و ڕەشوە ئینجا ئەو پیشەیەیان دەستدەکەوت[4]، بەرگری لە چینێکی تری کۆمەڵگە دەکات، کە هەتیو و بێ سەرپەرشتەکانن، لەلایەن کۆمەڵگەوە پەراوێزخراون، کۆمەڵگە بێباکانە لە بەرانبەریاندا هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکات، دەڵێت:

منالی حەوت ساڵ بۆچی پێ خواسی بۆچی بێ کەوا دەرپێ و کراسی
لەم شـــارە گوایا کوردێ نـــاناسی کەوا پێ بـــــڵێ دەردی هەراسی[5]

**ز) نەخوێندەواریی**

بڵاوبونەوەی نەخوێندەواری دەردێکی کوشندەی ئەو ڕۆژگارەبووە، مەنگوڕی بە چەندین شێوە گوزارشتی لێکردووە، بەگرفتێکی گەورە و سەرچاوەی بێئاگایی و نامۆ بە پێشکەوتن و کرانەوە بە رووی دەرەوەدا ناوی دەبرد، ڕێژەی خوێندەواری لەو سەردەمەدا لە ئاستێکی مەترسیداردابووە، کاریگەرییەکی بەرچاوی لە پاشخستنی کۆمەڵکادا هەبووە، دەڵێت: "ئەگەر موازەنەی خوێندەواریمان بکەن، ئەبینین (.٩./.)مان لە خانەی نەبونیدا ماوینەتەوە، ئەوەی کە هەشبێت لەبەرسەرگەشتەی نادانی ئەوانیتر وەک ئەستێرەیەکی سەر هەوری ڕەش، یا گوڵێکی ژێر سێبەری دارێکی ژەهراوی، بە چرچ و سیسی ماوەتەوە"[6]، بۆ ئەوەی منالەکانی کورد پێش نەکەون، بەزمانی تورکی و عەرەبی و فارسی پێیان ئەخوێنن، چونکە زمانەکەیان زمانی دایک نیە، هەتا چەند ساڵ فێری ئەو زمانە نابن، زۆر لە منالە عەرەب و تورک و فارسەکان بەجێ ئەمێنن (١٠./.)منالی کورد ناتوانیت خوێندەواریەکەی بگەیەنێتە ئاکام[7].

کاتێک باس لە ڕێژەی خوێندن و زانست لەسەردەمی کۆماری کوردستان دەکات، باس لەوە دەکات لەبەرئەوەی ئێرانییەکان لە کاتی خۆیدا بایەخیان بە خوێندنی ناوچە کوردییەکان نەداوە، هەربۆیە ڕێژەی

[1] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٩١.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل٢١١.
[3] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٣٦٤.
[4] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٨٤.
[5] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٢٤٥.
[6] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٦٤.
[7] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٨٥.

خوێندکاری خاوەن بڕوانامەی باڵا زۆر کەم بووە لە سابڵاغدا و زۆربەی خوێندکارەکان پۆلی سێی ناوەندیان تێنەپەڕاندبوو[1]، خوێندنی بەو ڕووناکییە دەبینی کە سەرجەم دەروازەکان بەڕووی شارستانێتی دەکاتەوە، دەبێتەهۆی ئەوەی گەلان هاوشانی ڕەوتی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هەنگاو هەڵبێنن، گەشەنەسەندنی ڕەوتی خوێندنی بە هۆکاری پاشخستنی گەلی کورد لە ژیانی سەردەمیانە دادەنا، دەڵێت: ''میللەتی نادان لەڕوناکی ژیانی خۆی تام ناکات''[2]، هانی لاوانی کوردی دەدا بۆ فێربوون و دەڵێت:

کاکی کورد بخوێنە خوێندن دەردی تۆ دەرمان ئەکا
خوێندنە چارەی نیازی بەرزی کوردستان ئەکا[3]

**ر) زمان**

زمان یەکێکە لە کۆڵەکەکانی سەربەستی هەر گەلێک، ئەوەی بەزمانی خۆی بخوێنێت و بنووسێت هەست بە سەربەستی دەکات، مرۆڤ تێدەگەیەنێت خاوەن فەرهەنگ وداب و نەریت وپێشینەیە، مۆرکی نەتەوایەتیی و بەرهەمی هۆش و ئامرازی ناسینەوەی گەلانە[4]، ئەو بەبایەخەوە باسی گرنگی زمانی بۆ هەر نەتەوەیەک کردووە، مانەوەی هەر گەلێکی بە پارێزگاری لە زمانەکەیانەوە بەستووەتەوە، دەڵێت: ''هەر میللەتێ کە زمانی نەما دەمرێت و ناوی لەسەر زەمینا ئەشۆرێتەوە''[5]، ئەو بەرگری لە زمانی کوردی دەکرد، بە زمانێکی ڕەسەن و تەڕوپاراو ناوی دەبات، باس لە پرۆسەی پاکتاوکردنی زمانی کوردی دەکات لەلایەن بێگانەوە، کە بە هەمووشێوەیەک هەوڵی لەناوبردن و قەدەغەکردنی زمانی کوردیان داوە، چەندین کۆت و بەندیان بۆ پاشەکشەکردنی داناوە، سەربەستی نووسین و خوێندنیان لە منداڵی کورد وەرگرتووەتەوە، دەڵێت: ''لە هەمووولایەکەوە جهد کراوە بۆ نەهێشتنی سەربەستی ئەو زمانە، مەئمورەکانی کورد لە ترسی ئەوەی وەزیفەیان بدرێتێ، یان لە وەظیفەکانیان دەرنەکرێن، ئەکثەریان نووسینی کوردیان لە بیرخۆ بردۆتەوە''[6]، مێژووی دەکرد بە گەواهیدەر، کە ئەو گەلانەی توشی داگیرکاریی هاتن لە مێژوودا، لە ڕێگای پارێزگاریکردن لە فەرهەنگ و کەلەپور و زمانەوە توانیان شکۆی ڕابردوویان بگێڕنەوە، ئەو زمانانەش بەتێپەڕبوونی سەردەمە مێژووییەکان شوێنەوارێکیان نەمایەوە لەگەڵ خۆیاندا گەلەکانیشیان لە گۆڕەپانی مێژووی مرۆڤایەتیدا ونبوون، وەک لەژێرناوی (بڕێک لە دەستوری کوردی نووسین)، لەڕۆژنامەی کوردستانی کۆماری کوردستاندا بڵاوی کردووەتەوە، گرنگی و ڕەسەنایەتی زمانی کوردی دەردەخات، بەراوردێک دەکات لەنێوان هەندێک وشەی کوردی لەگەڵ عەرەبی و فارسیدا، لەو ڕووەوە دەڵێت: ''هۆزێک زمانی نەما ڕۆحیەتی قەومی نامێنێت، وەک هۆزی قبطی لە مصردا، چونکە نەیانتوانی زمانەکەی خۆیان لە وشەی بێگانە بپارێزن، بوون بە خزمەتکاری عەرەب و ناوی قبطیەتی لەسەر زەمینا شۆرایەوە''[7].

**س) خۆشەویستیی**

خۆشەویستی ئەو چەمکەیە هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئاشنایەتیان لەگەڵدا هەیە، سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی خۆشەویستی بۆ سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو کاتەی مرۆڤ دەوروبەری خۆی ناسیوە و چێژ لەلای ئەو هەستی پێکراوە و پێویستی بەبەتاڵکردنەوە

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤ـ١٩٥٨، ب١، ل١٤١.
[2] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٦٥.
[3] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٧٩١.
[4] حسێن خەلیقی: کۆمەڵناسی کوردەواری، ب٢، چاپخانەی الحوادث، بغداد، ١٩٩٢، ل٤ـ٦.
[5] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٧٨.
[6] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٩٦.
[7] م.م پژدەری (میرزا مەنگوڕی): بڕێک لە دەستوری کوردی نووسین، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە(٤٢)، ساڵی یەکەم، ١/ مە/ ١٩٤٦، ل٢.

هەبووە[1]، خۆشەویستی وەک پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی ئازادانەی نێوان دوکەسی نێرومێ، بریتییە لە یەکبونێکی سۆزگەرایانەی بەهێز لەگەڵ کەسێکی تردا، کە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی پەسەند کراوە، تێیدا کەسی یەکەم هەموو وزەکانی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ بەختەوەرکردنی کەسی دووەم و بەپێچەوانەوە[2]، خۆشەویستی و مێژووی خۆشەویستی لەناو بەرهەمەکانی مەنگوڕیدا جێگایەکی بەرزی هەیە، ئەو لە (بەهەشتی دڵداری)یەکەیدا، بۆ قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەگەڕایەوە، لەنێو داستانە دیارەکانی خۆشەویستیدا نمونە باڵاکانی زەقدەکردەوە، وەک دەڵێت: " (دانتی) کە گەورەترین زانا بووە لە تاو بیاتریسی خۆشەویستی شێت بووە، (کومت) کە گەورەترین فەیلەسوف بوو، لە داخی (مادام دیفۆ) کوێربووە، وەلیعەهدی ئەڵمانیا لە پێش هەرای جیهانیدا دەستی لە جێنشینی ئەڵمانی هەڵگرت لەسەر دەسگیرانەکەی کە لە چینی شازادەکان نەبوو، لە وەڵامی دایکیا ئەی ووت ماچێکی دەزگیرانەکەم بە پاشایەتی کۆشکی (بوتسدام) نادەم"[3]، واتە مێژووی خۆشەویستی مێژوویەکی خاکییە، سامان و پێگە و پلەی کۆمەڵایەتی ناناسێت، لە هەر جێگایەکدا بیەوێ گەرا دادەنێت، مێژوویەکی دادپەروەر و یەکسانیخوازە و خۆنەویستە، ئەو کاریگەرییەکانی لەسەر دەسەڵات و سیاسەت و کۆمەڵگە و کۆی کایەکانی ژیان دەردەخست، لە کاتە گرنگ و جیاوازەکاندا شوێنەوارەکانی نیشاندەدا، ئەوەی ئاشکرا دەکرد، گەرچی ئەم مێژووە ڕەوتێکی خەفەکراوە، بەڵام کاریگەری لەسەر ئاراستەی ڕووداوە مێژووییەکان هەبووە، ئەو ناوی چەندین لە دڵداران جوتەکانی خۆشەویستی لە مێژوودا دەهێنایە ناو باسەوە، وەک دەڵێت:

دانتی و بیاریس کیلۆپاطرە و قەیصەر
ایدوارد مسزسمبسن وەک تولی صنوبەر
پطرو و ئەنیس، عەبلە و ئەلین و عەنتەر
مەنگوڕ بەدڵی زەخمەوە لای خونچەی پژدەر
وەستابوو لەگەڵ زینو مەمو لاسی قەلەندەر[4]

ئەو تەنانەت پەیامبەرانیشی لە باسەکانی نەدەبوارد، بەرگێکی پیرۆزتری بەبەر ئەو مێژووەدا دەکرد، خۆشەویستی لەسەر زەویدا نەدەهێشتەوە، وەک مێژوویەکی ویستراو و پەیامێکی دوولایەنەی هاوبەش لەنێوان زەوی و ئاسمان دەناسی، دەڵێت: "هەروەکو ڕەنگ لە بۆیە جیاناکرێتەوە، دڵداریش لە گیانی ئادەمیزاد دوورناخرێتەوە، پێغەمبەرانیش دڵداریان کردووە، بە هێزی ئیجباری دوچاری دڵداری بوون، (یەعقوب) لەگەڵ (ڕاحیلا) و (یوسف) لەگەڵ (زولەیخا) و (سلێمان) لەگەڵ (بەڵقیسا)بەوپەڕی دڵداری ڕایانبواردووە"[5].

لەناوەڕۆکی هەمان بەرهەمدا ئاشقانە باسی لە ئەوین و هۆگرییەکانی ئەو سونبولانە بۆ یەکتر دەکرد، ئەو پەسنی خۆشەویستی بەو هێزە دەکرد، کە باڵای بەسەر تەواوی هێزەکانی تردا هەیە، تەنانەت جەنگ و ئەتۆم و هێزە شەڕانییە سەرکێشەکانیش لە بەرانبەریدا دەستەوەستانن.

بەهەشتی دڵداری لەسەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا نووسراوە، لە ڕێی هەواڵەکانەوە هەڵوێستەیەک لەنێوانی جەنگ و خۆشەویستیدا دەکات، گەشتێک بەنێو بەرەکانی جەنگدا ئەنجام دەدات، ناوی شوێنەکان و هێرشەکان و چەم و ڕووبار و سەرکردەکان دەبنە کەرەستەی هەڵبەستەکانی، ئەندامانی جەستەی دڵداری بەو چەکە کوشندانە دەچوێنێت، کە دوژمنان یەکتری پێ لەناودەبەن، دوو

---

[1] سەروەر کەریم: عیشق و خۆشەویستی لەنێوان وەهم و واقعدا، چ٢، چاپخانەی ئاکام، ب، ش، چ، ٢٠٠٦، ل١١.
[2] ڕێبوار سیوەیلی: لە پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٢٣.
[3] میرزا مەنگوڕی: بەهەشتی...، ل٣٦.
[4] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٧٩.
[5] میرزا مەنگوڕی: بەهەشتی...، ل٣٦.

مێژووی دژیەکی ئاوێزانی یەکتری کرد و لەگەڵ گێرانەوەی مێژووی خۆشەویستیدا ڕووناکی خستەسەر مێژووی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەوکاتی جیهان، دەڵێت: " جا هاتمەسەر ئەو باوەڕە کە بەناوی دڵداریەوە ئەو جەنگانە بکەم بەنمونەی تصویرانی دڵداری، هەم هونەری شعری دڵداری پێبەرزبکەمەوە، وەهەم نەخشێکی بەسەرهاتی جیهانیش بەڕووداوی جەنگەوە بۆ قۆناغێکی مێژووی دوور بۆ هاوخوێنان بنووسمەوە"[1]، مێژووی خۆشەویستی بۆ پێش مێژووی کایەکانی تری ژیان گێرایەوە، کە خۆشەویستی لەگەڵ خوێندا چۆتە ناو جەستەی مرۆڤەوە، هەر لەگەڵ خوێندا لەلاشە دەچێتەدەر، هەموو توانا و هێزێک بەرانبەر خۆشەویستی ڕادەوەستێ[2]، ئەو بەردەوام لەگەڵ جەنگ و سیاسەتدا ناوی خۆشەویستی دەبرد، وەک هێزێکی باڵا بەسەر سیاسەت و دەسەڵاتدا بەرزی دەکردەوە، دەڵێت:"هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە دڵدار و خۆشەویستی بۆ مرۆڤ ئەوەڵ دوژمنێکە کە خوا هێناویەتە سەر ڕوی زەوی"[3].

بەگێرانەوەی چەند چیرۆکێک سەختی دۆخی خۆشەویستیمان لەکۆمەڵگەی کوردیدا بۆ گوزارشت دەکات، دیارترینیان چیرۆکی( حەمەدەمین و بەسکێ)[4]یە، کەپەیوەندی بەچەندین لایەنی وەک سیستمی چینایەتی و بارودۆخی ئابووری و ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگەوە هەیە، دۆخی ژیان و نەبوونی پانتاییەکی ئازادی لە هەڵبژاردنی ژیانی هاوبەش و قۆرخ کردن تەماشاکردنی وەک پەیوەنییەکی گشتی، کە کۆی پێکهاتەی خێزان تەنانەت گەورەی خێڵ بریاری لەسەر دەدەن، هەریەکە هەوڵدەدات لەبەرژەوەندی خۆی یەکلای بکاتەوە، (حەدەمین وبەسکێ) خۆشەویستی یەکبوون، ناچار دەبن پێکەوە هەڵبێن. بەهەڵهاتنی ژنێکیش لەگەڵ کەسی دڵخوازیدا، لە کوردەواریدا پێی دەوترێت (ڕەدوکەوتن)[5]، لەهەندێ شوێن زۆربەی ئەوانەی ئەمکارەدەکەن دەکوژرێن[6]، حەمەدەمین و بەسکێش لەو ڕووداوەدا کوژراون، ڕەدوکەوتن زۆرجار کێشەی کۆمەڵایەتی گەورەی بەدوادادێت.

ئەم چیرۆکە سەرباری ئەوەی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمی کۆمەڵگەی کوردیمان بۆ دەگێڕێتەوە، هاوکات باسکردنە لە مێژوویەکی فەرامۆشکراو ئەویش (مێژووی خۆشەویستی)یە، چەند ڕووداوێکی تری (خۆشەویستی) کردووەتە کەرەستەی نووسینە مێژوویەکانی، وەک (فەیرۆزخانی پشتکۆ، ئەستراخانی سەمەرقەندی) کە بەرگێکی مێژووی بەرگریکاری قارەمانانەی نەتەوەیی بەبەردا کردوون، خۆشەویستی (هۆشەنگ و پرشنگ) چیرۆکێکە لە هەناویدا هەڵگری پەیامی یەکسانی خوازییە بۆ مرۆڤایەتی، لە چوارچێوەی هۆنراوە جوانییەکی تری بە چیرۆکەکە بەخشیوە.

مەنگوڕی پێیوابوو گەر بۆ ڕیشەی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردی بگەڕێینەوە، بابەتە سۆزدارییەکان پانتاییەکی فراوانی ئازادیان هەبووە، زاڵبونی کەلتووری بێگانە و ئایین کاریگەری خراپی لەسەر کەمکردنەوەی سنووری ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە، دەڵێت: "لە وەختی خۆیا کوردەکان زۆر خاوەن زەوق بوون بە هەموو مانایەکەوە، سەربەستی و دڵداری ئەوروپای ئێستا نەی گەیاندۆتە سەربەستی ئەو حەلەی کورد"، لەم دێرە هۆنراوەیەدا دەڵێت:

تەقریبی هەزار ســـــــــاڵە لەناو ئێمە نەماوە
پاشای ژنو (میرمیرێنی[7]) کچی مەنگوڕو پژدەر[1]

---

[1] میرزا مەنگوڕی: بەهەشتی...، ل٣٨.
[2] میرزا مەنگوڕی: بەهەشتی...، ل٣٥.
[3] میرزا مەنگوڕی: بەهەشتی...، ل٣٧.
[4] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢١٤.
[5] هەژاری موکریانی: هەمبانە بۆرینە، ب١، چ١، چاپخانەی پویا، تاران، ١٣٦٩، ل ٣٥٨.
[6] بوارنورەدین: ڕەدوکەوتن...، ل١٠٣.
[7] میرمیرێن، کۆبونەوەی کچان و ژنانی گوندێک بووە لە بەهاراندا لەسەر چوارڕیانێک، پیاوانیان بەزۆر گرتووە لە بەرانبەر یەکێک لە ژن و کچەکان بەڕوتی ڕایانگرتووە، ئەگەر پیاوەکە ئاروزووی بجوڵایە ئەوا سزادەدرا، بە

لە چەند شوێنێکی تردا باسی مێژووی دابی ڕەدوکەوتنی کردووە، کاتێک چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دێی (سوێناس)ی زێدی خۆی سەردانی ماڵی یەکێک لە خزمەکانی دەکات، بەناوی (کوێخا حەسەن) ئەو کچێکی هەبووە بەناوی (ئایشێ) کە دووگیان بووە، کاتێک مەنگوڕی لە بارەیەوە پرسیار دەکات مام کوێخا پێی گران دەبێت، دەگێڕێتەوە کچەکەی ڕەدوی پێشمەرگەیەکی سابڵاغی کەوتووە، پێشتر سێجاری تر ڕەدووکەوتووە، هەموو جارەکان دەستیان ماچ کردوم و ئاشتیان لەگەڵمدا هێناوەتە پێشەوە بە خوێن و شیربابییەکی باش، دایکیشی بەرەحمەت بێ لە مێردیم هەڵگرتووە، بەڵام ڕەدوکەوتنی ئەم جارەی ئایشێم لا گرانە، چونکە ئەو پێشمەرگەیە ئاشتی لەگەڵ نەکردووم، منیش لەترسی قازی محەمەد نەموێرا هیچ بڵێم[2]. وادیارە مێژووەکەی بۆ سەردەمانێکی دوورتر دەگەڕێتەوە، تەنها دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سۆزدارانە نەبووە، بەڵکو مەبەستێکی ئابووریشی لەپشتەوە بووە کەوەک دەسکەوت بۆ ماڵی باوکی کچەکە هەژمار کراوە، کاتێک باس لە ئەزمونی زیندانی خۆی دەکات لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا، دەگێڕێتەوە، کە (٥٠) بەندی لە زیندانەکەدا بوون لە تاوانی هەریەکەیانم پرسی، (٣٨) کەسیان وەڵامیان دایەوە کە لەسەر ژن هەڵگرتن دەسگیرکراون[3].

ڕەنگ دانەوەی مێژووی خۆشەویستی لە بەرهەمەکانی مەنگوڕیدا پەیوەندیەکی گەورەی بە مێژووی ژیانی خۆیەوە هەیە، ئەو لە ژیانیدا چەند جارێک خۆشەویستی ئەزمون کردووە، کاریگەری بەرچاوی لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەو بۆ ژیان هەبووە، سەرباری ئەوەی پەیوەندییەکی ڕێگە پێنەدراوە لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەو بەبێ سڵکردنەوە و بەتاسەوە لێیان دەدوێت، شوێنەوارەکانی لە ژیانی خۆیدا باس دەکات، بەتایبەتی (خونچە)، کە مەنگوڕی بۆ جیهانی ئەدەب ونووسین ئاراستەکردووە. دەڵێت: ''بۆ ئەو خوای جوانییە کەناوی خونچە بوو، هەموو وێنە سەوزای و دار و بەردی کوردستان و ئەو ناوچەی هەردووکمانی تیا ژیاوین، بەناوی جوانی ئەو کچە کوردە بکەم بە هەڵبەست و بە پەنجەی فەن دەری ببڕم''[4]

باسی لە مێژووی چەندین دیاردەی تری خراپی کۆمەڵایەتی کردووە، کە ڕیشەیان بۆ سەردەمێکی دێرین دەگەڕێتەوە، لەنێو ئاکاری ڕۆژانەی تاکی کورددا ڕەنگدانەوەی خراپی هەیە، وەک تەڵاق و سوێند خواردن و دیاردەی هەتیوبازی (نێربازی)[5]، کە لەو سەردەمەدا بوونی هەبووە، پەیرەوکارانی خستە بەر نەفرەت و هەڕەشەی کۆمەڵگا، بەکەسانی بێ بەها ناوی دەبردن و بانگەشەی بۆ دەرکردنیان لەنێو کۆمەڵگا دەکرد، دەڵێت:

چە قــــــەوماوە چە قەوماوە چە قەومـــاوە
هەتیــــــــوبازی چە علمێـــکە وا لەم ڕۆژە ڕوویداوە...
ئەوانەی دۆستی ئەم ئیشەن هەمویان مجرمن یەک سەر
لە پیــــــــــاوی دەوڵـــــەتی تاکو ئەگاتە کاسـب و ڕەنج بەر[6]

ئەمانەو سەرلەبەری هەڵس و کەوتی تاک و کۆمەڵی ئەو ڕۆژگارەی خستە ژێر پرسیارەوە، لە نــاکۆکی و پەرتەوازەیــی و خۆخـۆری و نەبـوونی یەکێتــی و یەکگــرتن و ڕیـایی و پارەپەرســت و خزمەتکاری بێگانە...هتد . دەڵێت:

---

(کەرتەشی) لێی دەدرا، ئەم یارییە پێیوتراوە (میرمیرێنی کچان) لەناوچەی مەنگوڕومامەش و پژدەر تا کۆتای بەهار کراوە. بڕوانە: میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٨٧.

[1] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٨١.

[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤- ١٩٥٨، ب١، ل١٣٩.

[3] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٤٦٠.

[4] میرزا مەنگوڕی: بەهەشتی...، ل٣٧.

[5] هەژاری موکریانی: هەمبانە...، ل٨٩١.

[6] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٤٦٠.

جیاوازە پـــڕۆگرامی بـــگ و شـــێخ و مەلاتان
ئاغاو ســـەیدو خانو مـــنوەر صـــفی لاوتان
مەشغوڵە بـــە خۆخۆری و خۆخـــۆریە ڕاوتان
هەر تاقمە لەبـــەر خۆیـــەوە ئەڕوا بێ سەروبەر
غەیـــراز ئەوە موجـــودە لەناو ئێوە خەتای تر
وەک بوغض و حەسادەت و قسەی پس پسو بڕبڕ
بێ عەزمو ثەبات پارە پەرست جاســـوسی یەکتر
دەم دان لە سیـــاسەت بەوەتـــەی غەیرە کتوپڕ
ئاشنا بە غەیر ناحەزی یەک خـــوشکو برادەر[1]

مێژووی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو بەرهەمەکانی مەنگوڕیدا بایەخێکی گرنگی پێدراوە، بەلایەوە ئەو گۆڕەپانەیە مرۆڤ تێیدا باڵا دەکات و بونیادەکانی کەسایەتی تێدادەخەملێت، ئەو ژینگەیەیە دەیکات بە مرۆڤێکی خاوەن ویست و ئامانج یان بە پێچەوانەوە، ئەو کۆمەڵگەی خستیە بەردەم تێڕوانینێکی نەرێنی قوڵەوە، هێرشی توندی کردە سەر ئەو دۆخە بەستووەی تێیدا ژیاوە، پێوابوو مرۆڤ لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتیەوە زیاتر باڵابکات، سەرچڵی لادانە ڕەوشتییەکانی زیاتر دەبێت، لەو ڕووەوە هەنگاوی یەکەمی ڕەخنەکانی لە هەرەمی دەسەڵاتەوە دەستپێکرد، ئاغا و شێخ و دەرەبەگ و پیاوانی ئایینی بەر ئاراستەی گەورەی ڕەخنەکانی کەوتن، ئەوانی بە هۆکاری بڵاوکردنەوەی دواکەوتوی و نەزانـین و دەیـان گرفـت و نەخۆشـی دایەقەڵەم، بەشـێکی گەورەی نەهامەتیەکـانی مرۆڤـی کـوردی هاویشتە ئەستۆی ئەوان و ئەو سیستمە داگیرکاریەی، کە لەلایەن وڵاتانی داگیرکـارەوە پەیڕەو دەکرا. دەڵێت:

بەدو بـەدخووە حەسودی و شەڕ لە عەسری ئێمەدا باوە
چە خـــۆشبو من کە زانییام لە عصری ئێوە چی باوە
ئەوەی لـەم چوارشتانە ئیمڕۆ بێ بەش بێ ئەبێ بمرێ
ژیـــــــان و ئیشی پێ نـــادرێ لەئەم ڕۆژە هەتا ماوە
لە نەخشەی باوەڕا دوورە ئەوەی ڕاســـت و ڕەوان بدوێ
فەساد و خائن و دوڕو ئەوە زۆر مـــــەردو بەرچاوە
ئەوەی دز بـــێ لەئەم ڕۆژە بە ئەم ئەســـپێررێ بەرزی
ئەوەی ڕاســـــت و ڕەوان بـــدوێ پڕو پاعندەچی ناوە[2].

[1] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٣١٣.
[2] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل١٥٨.

## باسی سێیەم: مێژووی هزریی و ئاینیی:

### یەکەم ـ مێژووی هزریی:

مێژووی هزریی بریتییە لەسەرمایە و مێژوویەکی دوورودرێژ لە ئەزموون و گۆڕانکاری بیری مرۆڤ، کە کۆی بەرهەمی دەرونی و مەعریفی لەخۆدەگرێت. هەندێک لە زانایان پێیانوایە بیری مرۆڤ بەدرێژای مێژوو بوونی هەبووە بەدەر لە میتۆد و شێوازی زانستی لەلایەن بیرمەند و فەیلەسوفانەوە گرنگی پێدراوە[1]، واتە مێژووی بیری مرۆڤ بەرهەمی خواستگەلێکە لەلایەنی دەروونی و کەسی و حەزوئارەزووەکانی بەدرێژای ڕۆژگار بەرهەمهاتووە و هەر ئەم پاڵنەرانەش بوونەتە هۆکاری ئەوەی مرۆڤ بیرلەدەوروبەرەکەی بکاتەوە و بەدوای بنەڕەت و ڕاستی شتەکاندا بگەڕێت، بەمەش بەشێک لە خو و بیر و ئەندێشەکانی لە گۆڕانکاری بەردەوامدابوون[2]، هەرچەندە سەرەتاکانی خەملینی مێژووی بیری مرۆڤ بۆ لە ئەوروپاوە سەری هەڵداوە، بەڵام مێژوونووسی ئەمریکی (لافجوی) بە داهێنەی چەمکی مێژووی فکر دادەنرێت، لەسەرەتاکانی سەدەمی ڕابردوو بەشێوەیەکی میتۆدی لەسەر ئاستێکی فراوان گرنگی پێدرا[3].

بیر یاخود بیرکردنەوە بەواتا گشتییەکەی واتە پرۆسەی ئەقڵکاری و تێرامانی ئەقڵانی بۆ دەوروبەر[4]، بەڵام لە دیدگای فەلسەفیەوە بیر وەک چەمکێکی زانینیی وێناکراوە، پەیوەندی بە تێگەیشتنی مرۆڤەوە بە ژینگە و دەوروبەرەکەیەوە هەیە[5]، مرۆڤ پێش ئەنجامدانی هەرکارێک بە پێشەکیەکی بیرکردنەوەدا تێدەپەڕێت و لەڕێگەی مەعریفە و بەبەکارهێنانی هەستەوەرەکانی دەگاتە ئەنجام و تێگەیشتنی ورد و ژیرانە بۆ بۆ بابەتەکان[6]، بیرکردنەوە تایبەتمەنییەکی جیاکەرەوەی مرۆڤ و بەرهەمی هۆشە، پێداویستییەکی ژیان و ژیارییە، توخمێکی پەیوەستە بەهەست و زانست و زیرەکییەوە گرێدراوە[7]، لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت گفتوگۆی تەواوی جیاوازییەکانی خۆی بکات، سەکۆیەکی تەرپاراوە بۆ ڕاگۆڕینەوە و وەرگرتنی دەرەوەی خۆی و تاکە ڕێگەی چارەسەر کردنی گرفت و کێشەکانی مرۆڤایەتییە[8]، (میلز) توێژەری کۆمەڵناسی ئەمریکی دەڵێت: "بیرکردنەوە هیچ نییە بێجگە لەو گفتوگۆ بێدەنگەی نێوان مرۆڤ و ئەو کەسەی لەبەردەمی خۆیدا دایدەنێت، ئەو کەسەش بریتییە لە کۆمەڵگاکەی کە خۆشی سەر بەوانە"[9]، بیرکردنەوە پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ، مرۆڤایەتی دەخاتە سەر ڕێچکەی پێشکەوتن، هۆشی مرۆڤ دەجوڵێنێت، لە چەقبەستن و متبوون ڕزگاری دەکات، بەرەوبنیادنانی زاتی کۆمەڵاتی ئاراستەی دەکات، توانایەکە ئاگایی لێوە بەدەست دێت، لەڕێیەوە مرۆڤ ئاشنا بە خود و دەوروبەری دەبێت[10].

### مەنگوڕی و بیرکردنەوە

بیرکردنەوە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی مەنگوڕی بووە، ئەو خاوەنی بیرێکی ئاڵۆز و تێڕوانینێکی جیاواز لە دەوروبەرەکەی بووە، بێپەردە گوزارشتی لە جیاوازیەکانی خۆی کرد، خۆی لەو پرسانە دەئاڵاند، کە پرسی ئاڵۆزی هەموو سەردەمە مێژووییەکان بوون و تێگەیشتنیان ئاسان نەبووە،

---

[1] عمر عثمان: التاريخ الفكرى، مجلة أسطور، عدد(١٢)، تموز ٢٠٢٠، ص١٢.

[2] سامى عبدالرزاق: فكر الآنسان عبر التاريخ الطويل، ط١، دار الفكر العربى، بيروت، ١٩٨٦، ص٣٢.

[3] عمر عثمان: التاريخ الفكرى،...، ص١٢.

[4] محمد الجزار: الفكر الآنسانى، ط١، القاهرة، مصر، ٢٠٠٦، ص٣٥.

[5] محمد داود محمد: جدلية اللغة و الفكر، ط١، دارغريب، القاهرة، ٢٠٠٩، ص٢٣.

[6] نبيل عبدالهادى: مهارات فى اللغة و التفكير، دارالمسيرة، عمان، ٢٠٠٣، ص٥١.

[7] ڕەحیم سابیر: فەلسەفەی مێژوو، چ١، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٣٥.

[8] محمدعلى التهانوى: كشاف اصطلاحات الفنون، ط١، مكتبه لوبنان، بيروت، ١٩٩٦، ج٢، ل١٤٨٤.

[9] علی وەردی: کەسایەتبی تاکی عێراقی، و. مەودوود جەبار، چ١، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی، ٢٠٢٠ ، ل٦٠ـ٦١.

[10] کامیل مەحمود: بیرکردنەوەی زانستی، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژ(٢٦)ساڵی (٧)، شوباتی ٢٠٠٦ ، ل١٤٧ـ١٤٨ .

دادگەری و پرسی یەکسانی و جیاوازیی ژیان لەنێو نێوکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بووەتە جێگای پرسیار، ئەو وەک هەرکەسێکی ئاسایی مرۆڤ و ژیانی نەبینیووە و لە تێڕامان و بیرکردنەوەیەکی قوڵدا بووە، بەسەرنجدان لەبەر هەمە جۆربەجۆرەکانی بەئاشکرا تێبینی نائاسایی بوونی دید و هۆشی ئەو بۆ مرۆڤ و بوون و جیهان دەکرێت، وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات "بیروباوەڕی فەلسەفی وازیلێنەئەهێنام، ڕۆژ بە ڕۆژ تەتەوری بە دەماغ و باوەڕ و تەجرەبە و لێکۆڵینەوەی ئەدام"[1]، ئەو گەرچی لەڕواڵەتدا کەسێکی ئاسایی بووە، بەڵام لەهەناویدا وەک مرۆڤێکی نامۆ و نەناسراو بەدەوروبەر و خودی خۆی ژیا، نامۆبوونیش ونکردنی ناسنامەی خودە بەرانبەر بە ژینگە و دەوروبەر، یان پێکەوەژیانی دووناسنامەی جیاوازە لە یەک ڕووبەردا، ڕووبەڕووبونەوەی مرۆڤە لەگەڵ جەوهەری مرۆڤانەی خۆی، دۆخێکی کۆمەڵایەتیی و دەرونی و ڕۆحییە، مرۆڤ توشی ترازان دەکات لە ژینگە و واقعە کۆمەڵایەتییەکەی[2]، زانایانی کۆمەڵایەتی نامۆبوون پابەند دەکەن بەباروودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، (سیمان) پێیوابوو نامۆبوون ئەوەیە "تاک بە هیچ شێوەیەک هەست بە تام وچێژی ژیان ناکات، لە جیاتی ئەوە هەست بە بۆشاییەکی دەرونی و کۆمەڵایەتی بەرفراوان دەکات"[3]، ئەمەش بەئاشکرا لای مەنگوڕی هەستی پێدەکرێت، وەک لە وتەیەکیدا ئاماژە دەکات "لە جیهاندا هەر بە تاکی ژیاوم"[4]، ئەمەش گیانی یاخیبوونی لە هەناوی ئەودا پەرەپێدا. یاخی بوونیش بەواتای سەرکەشی و دەرچونی گیاندارە لە ئەندازەی خۆی[5]، ڕازی نەبوونە بە باروودۆخێکی داسەپاو، دەرچونە لە داب و نەریت و داننەنانە بەهەموو جۆرە دەسەڵاتێکدا، واتە ڕەتکردنەوەی گوێڕایەڵییە، بارێکی دەرونییە وا دەکات مرۆڤ لە دۆخی باو دەربچێت، بەرە و جیهانێکی تایبەتی هەنگاو بنێت و هەوڵی دروستکردنی بدات[6].

ئەو بەردەوام لەدۆخی تێڕاماندا ژیاوە، دەرئەنجامی ئەوەش بووەتە خاوەنی کۆمەڵێک پرسی نادیار، کە پەیوەستە بە بوونی تەواوی هێزە باڵا و نادیارەکانی وەک خواد و ئایین و دروشمە نادیارەکانی ژیان و بوون و کەون و مردن و دوارۆژ و سەرجەم فکر و بیروباوەڕەکانی، کە جیهانیان بەخۆیانەوە سەرقاڵکردووە، لەو جیهانبینییە تایبەتییەی خۆیەوە بەردەوام لە ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگە و بیروباوەڕەکانی پرسیاری دەکرد، پرسیارکردن بووە ئەو کەرەستەیەی تا لەڕێگەیەوە لەماهیەتی هەڵس و کەوتی تاکەکانی کۆمەڵگە بگات.

**دووەم ـ مێژووی ئایینی**

مێژووی ئایین بەشێک لە مێژووی بیر پێک دەهێنێت، لەگەڵ دەست پێکردنی مێژووی مرۆڤایەتیدا دەستپێدەکات، هەوڵ و کۆششی هەموو مرۆڤایەتییە لە ڕووبەرێکی گەشاوەی مانادارادا، کە ئاماژە و نیشانە و کردارەکانی ئاشکرا دەکات، لە کۆنەوە لەگەڵ مێژوودا هاوڕێ بووە، مێژووی ئایین بە ئەندازەی کۆنی مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵایەتی دێرینە، بەیەکێک لە پێکهێنەرە بنەڕەتییەکانی ژیان و شارستانییەت دادەنرێت[7]، ئاماژەیە بۆ تۆمارێک لە بیرۆکە و ئەزمونی بیروباوەڕی مرۆڤەکان بە درێژایی مێژوو[8]، باسکردنە لە هەست و سۆزی دەروونی هەموو گەل و نەتەوەکانی جیهان لە تەواوی

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل٥ .

[2] شیرین سەعید محەمەد سەعید: نامۆی لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی،٢٠٠١ ، ل٨ـ٩ .

[3] مەریوان عەلی خواڕەحم: نامۆبوونی کەسێتی لاوی کورد، گۆڤاری ڕوون، ژمارە (٧)ی ساڵی شەشەم، ٢٠١٦، ل٧٢ـ٧٣.

[4] بڕوانە پاشکۆی (٣).

[5] شێخ محەمەدی خاڵ: فەرهەنگی خاڵ، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٢٩ .

[6] ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە: دیاردەی یاخی بوون لای شێرکۆ بێکەس و محمد ماغوط، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، سلێمانی، ٢٠١٩ ، ل٥ـ٨.

[7] سەباح علی جاف: چاکسازی ئایینی، گۆڤاری ئایدیا واڵا، ژمارە(٣١)، شوباتی ٢٠١٢، ل٨٨ـ٨٩ .

[8] تاريخ الدين - المعرفة (marefa.org). بەرواری سەردانیکردن / ٢٠٢٢/١٢/٨

سەردەمەکان و قۆناغەکانی شارستانیەت و کەلتوری مرۆڤایەتی[١]، لێکۆڵینەوەی ئەو قۆناغ و پێشهاتانەیە کە پەیڕەوانی هەر ئایینێک پێیدا تێپەڕیون لەدوای ئاشکرابوونیەوە[٢]، واتە ئایین لە مێژووی بیرکردنەوەی ئەم جیهانەدا ڕەوتێکی گرنگی هەیە، هەر ئەم گرنگیەش لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی لەسەر ئایین پێویس دەکات[٣].

بیری ئایینی هەوڵە بۆ تێگەیشتن لە بونیادە ناوەکیەکانی ئایین و ڕیشەیەکی دێرینی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوە فەلسەفیەکان و بۆ هەوڵە سەرەتاییەکانی (ئەفلاتون، هیراکلیس، شیشرۆن)[٤].

ئایین بریتییە لە سیستمێکی وەبەرگر لە بیروڕای جۆراوجۆر سەبارەت بە جیهان و سەرهەڵدانی مرۆڤ و ئەرکەکانی، خاوەن تایبەتمەندییەکی جیهانییە، نیازی مرۆڤ سەبارەت بەبوونی ئەندێشەیەک لە جیهاندا لە چوارچێوەیەکی خەیاڵاوی دیاری دەکات[٥]، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ڕەمزییە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە شوناس و شوێنی مرۆڤەوە هەیە[٦]، بەتەنها بونیادێکی گشتگیری جیهانی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو دەورێکی کاریگەر لە پێکهێنانی ئەو بونیادەدا دەبینێت، وادەکات کۆمەڵگە ئەو واقعەی هەیەتی بیپارێزێت[٧]، ئایین کارەکتەری گشتییە لەناو کۆمەڵگادا، لە هەر شوێنێک کۆمەڵگایەک هەبێت ئایین بوونی هەیە، پەیوەندی بە هەوڵەکانی مرۆڤەوە هەیە سەبارەت بە لێکدانەوەی مانا شاراوەکانی خود و جیهانەکەی، ڕێگە نوێیەکانی مرۆڤ بۆ چونە ناو نەزانراوەکان وائاڵادەکات[٨]، وەک ڕێخەرێکی ئاگای مرۆڤایەتییە بۆتێگەیشتن لە دەرەوەی پانتای خود و جەستە، ئەم پێکهاتەیە لە فەرهەنگ و کەلتوور و بیرکردنەوە و شارستانیەت و دەردەکۆمەڵایەتییەکان و خەیاڵ و سەرجەم ئاگایی و نا ئاگاییەکانی مرۆڤایەتی پێکدێت، لە جوگرافیایەکی دیاری کراودا[٩]، (سەید حسن نسر) ئایینی بە دڵی شارستانیەت ناوبردووە، (ماکس ڤیبەر) بڕوای وابوو ئایین بریتییە لەبەدەست هێنانی بەختەوەری بۆ مرۆڤ[١٠]، مرۆڤایەتی ناتوانێت لەکاریگەریەکانی بەدەربێت، تەنانەت بیرمەندانیش ناتوانن لەدەربڕینی بۆچونەکانیان لە کاریگەریەکانی ئایین ڕزگاریان ببێت[١١]، (ڤیکۆ) پێیوابوو ئەگەر ئاین نەمێنێت هیچ شتێک بۆ مانەوە و بەردەوامی نامێنێت، بە پێچەوانەی ئیبن خەلدون پێی وابوو مرۆڤ دەتوانێت بەبێ ئایین بژی[١٢].

**مێژووی ئایینی لای مەنگوڕی**

ئایین زۆرترین سەرقاڵی لای مەنگوڕی دروست کردووە، ئەو لە دۆخێکی ئاڵۆزی ئایینی لە کوردستاندا ژیاوە و تێبینی هەڵسوکەوتی ئایینی ئەوکاتی کۆمەڵگەی کوردی کردووە، کەسانی سادە و نەخوێندەواری کۆمەڵگا کراونەتە ئامانجی چینی دەسەڵاتداری ئایینی، هەر لەسەرەتای پێگەیشتنیدا

---

[١] علی ئەسغەر حیکمەت: مێژووی ئایینەکان، و. هاشم علی وەیسی، ب١، تاران، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢١.

[٢] غادة الحلایقة: تاریخ الآدیان، ٢٢/أبریل/٢٠٢٢، بەرواری (mawdoo٣.com) تاریخ الأدیان - موضوع سەردانیکردن ٢٠٢٢/١٢/٨.

[٣] گوڵاڵە عەلی مەولود: ئاینی معلل یان مدلل، گۆڤاری هەژان، ژ (٢٤)، ٢٠١١، ل٣٠٣.

[٤] ئومێد قەرەداغی: کێشەکانی هزری ئایینی، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی،٢٠١٢، ل ١٤.

[٥] ئیحسان تەبەری: فێرکردنی...، ل٢٢٣.

[٦] مەریوان وریا قانع: دیین و دونیا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.، ل٧.

[٧] دانیال هوفیو لیچی: ئاین نوێگەری و دنیاگەری، و. ئاوات محەمەد، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٣، ل٣٠.

[٨] مەسعود جەلال موقەدەم: کاریگەری ئایین لە کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکاندا، و. سەعید بەشیر خەرپانەی، چ١، چاپخانەی سایە، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٧.

[٩] ئاسۆ جەبار: کۆمەڵگەی...، ل٨٣ .

[١٠] سباح علی جاف: چاکسازی...، ل٨٩.

[١١] ئازاد قەزاز: سەرەتایەک بۆ فەلسەفەی ئایین، چ١، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٠، ل٧٧.

[١٢] فواد بەعلی: ئیبن خەلدون و...، ل٨٢ .

بیرکـردنەوە لە ئـایین و کەون و بـوون و خـوداو تەواوی هێزەبـاڵا و نادیارەکـان تـا دوارادە بیریـان سەرقاڵکردووە، وەک خۆی دەڵێت: "چۆنیەتی خودا و سروشت و پاشەڕۆژ و بوونی پێغەمبەران و مەلا و بیروبـاوەڕی هەڵە و ڕاستیم لە مێشـکا ئەجـولایەوە، ئەمەویسـت پـوختەی ئەو خەیـاڵات و فەلسـەفەی کائیناتە بنوسمەوە"[1]، ئەو تەنها لەسەر بیروباوەڕێکی دیاری کراو قسـەی نەکردووە، بەڵکو تێڕوانینێکی گشتی بۆ دیین هەبووە، بەهەردو (ئاسمانی و زەمینی)ییەوە.

پرسـیارەکانی بـۆ بـابەتە فەلسـەفیەکان سەریدەکێشـا. فەلسـەفەش وەک چـالاکییەکی بیرکردنەوەیـی واتادار لەگەڵ پرسیارکردندا تەبایە[2]، پرسیاری بنچینەی دەخاتە ڕوو، بیری مرۆڤ دەبزوێنێت و لەگەڵ ئایین دا لە ناکۆکیدان، هەموو شتێک دەخاتە ژێر تیشکی پرسیار و گومانەوە لەکاتێکدا ئایین هەر پرسیار و گومانێک ڕەت دەکاتەوە[3].

پرسیار کردن و گفتوگۆ دەربارەی ئایین، دەچێتە چوارچێوەی فەلسـەفەی ئـایینەوە، گرنـگی دەدات بە پەیوەندی نێوان عەقڵ و ئایین و بنەڕەتی دیـاردەی ئـایین و ئەزمـون و مەعریفە و گرفتـی خێر و شەڕ و پەیوەنـدی نێـوان ئـایین و زانست، پرسیار دەربـارەی بونـی خـودا و کـاریگەرییە مێژووییەکـانی و ئەرکـی لەناو کۆمەڵگادا، فەیلەسوفی ئەمریکی (ولیام جێمس) بـاس لەوە دەکـات "فەلسـەفە هەوڵ دەدات بنـاغەی ڕەخنە گرتن لە ئایین دا داچەقێنێت، لەو درک و داڵەی تێی ئالاوە و لەو تەپوتۆزەی لێی نیشتووە خـاوێنی بکـاتەوە"[4]، شۆڕشـی فەرەنسـی، بـوارێکی فراوانـی لە بەردەم ڕۆشـنبیران و فەیلەسـوفاندا واڵاکـرد، لە مەیدانی ئـازادی ڕادەربڕیندا[5]، لەو کـاتەدا ئەروپـا لەژێر کۆت و بەنـدی کڵێسـادا بـووە، (ئیـدوارد گیبـۆن) گونـاهی پیـاوانی ئـاینی لە گونـاهی کۆمەڵگـا دڕنـدەکان بە کەمتـر نەدەزانـی، لە ڕاکێشـانی کۆمەڵگـای ئەوروپـی بـۆ هەزار سـاڵ لە تـاریکی و نەزانـین[6]. (ڤۆڵتێر) کە بە بـاوکی شۆڕشـی فەرەنسـی ناسـراوە، جەنگێکی گەورەی دژ بە پیـاوانی ئـایینی بەرپـاکرد، یەکەم کـاهینی بەیەکەم فێڵبـاز و سـاختەچی نـاوبرد و ئاماژەی بەوەدا "مێژووی مەسیحیەت بریتییە لە شازدە سەدە بەربەریەت"[7].

لەو قۆنـاغەی مەنگـوڕی تێدا ژیـاوە، ئـایین لە ڕووی سیاسـی و کـۆمەڵایەتییەوە ڕۆڵـی کـاریگەری بینیوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست دا، چینێکی نوێ لە کوردستاندا جڵەوی سەرکردایەتیان وەرگرت، بریتیبوون لە کەسایەتییە ئایینیەکان، کە خۆیان لە شێخ و مەلاکاندا دەبینییەوە، ڕابەرایەتـی دیینـی و سیاسیان گرتەدەست[8]، لەنـاو خەڵکـی ئاسـاییدا کـاریگەری گەورەیـان هەبـووە[9]، ئەم چینە سەربـاری ئەرکـی ئـایینی وەک پزیشـک و یاسـاناس و مەلا و دەروونـنـاس ڕۆڵیـان دەگێـڕا، جـگە لەو سـامانەی لە ڕێگـای جۆراو جۆرەوە دەسـتیان دەکەوت، سەرپەرشتی شـوێنە ئاینییەکانیـان دەکـرد و وەک مـوڵکی خۆیـان بەڕێوەیـان دەبـرد[10]، بەڵام سـەرباری ژیـنگەی ئـاڵۆزی ئـایینی، قسـەکردن لە ئـایین و پیرۆزیەکـانی لەو سـەردەمەدا کـارێکی ئاسـان نەبـووە، وەک خـۆی دەڵێـت: "لەوکـاتەدا دەسـەڵاتی شـێخ و

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل٣.
[2] ئازاد حەمە: فەلسەفاندنی پرسیار، گۆڤاری ئایدیا، ژ(٦٦ـ٦٧) ساڵی پانزەیەم، ٢٠١٨، ل٨ .
[3] مامۆستا جەعفەر: مێژووی بیری کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری ی، ن، ك، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٧.
[4] ئازاد قەزاز: سەرەتایەک...، ل٢٣ـ٢٤.
[5] سەلام عەبدولکەریم: ئازادی ڕادەربڕین لەنێوان ئایین و ئازادیدا، چ١، چاپخانەی سایە، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٤١.
[6] روی پۆرتەر: چاکسازی دین بەهۆی ئەقڵەوە، و. ڕێبین هەردی، گۆڤاری سەردەم ژ(٦٤) ساڵی دوانزەیەم، پایزی ٢٠١٠، ل٣٤.
[7] کۆمەڵێک نووسەر: ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ل٥٨.
[8] هیوا عەزیز سەعید: ناسیۆنالیزمی کوردی...، ل٣٤ .
[9] مارتن ڤان برۆنسن: ئاغا و...، ل١٣٤.
[10] ڕۆبەرت ئوڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و. ئەبەبکر خۆشناو، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٩.

مەلا و ئاغا و خان و بەگ و سۆفی دەروێش و حاجی و سەید زۆر بەهێزبوون"[1]، "شێخ و سەید کە خۆیان بە ئەولادی پێغەمبەر ئەزانی بە ئەندازەیەک شوڵیان لە ناپیاوی و چەپەڵی هەڵکێشابوو ڕێزی محمدیان شکاندبوو"[2]، لەگەڵ مەترسییەکانی ئەم دۆخە سڵی لەدەربڕینی هەستەکانی نەکردووەتەوە، لەو ڕووەوە توشی ڕووبەڕووبونەوەی ناوەندی دەسەڵات و ناڕزای خەڵک بۆتەوە، وەک خۆی دەگێڕێتەوە کەس نەیدەوێرا لەسەر ئەو ڕێبازە ڕاوەستێ و فەلسەفەی دیانەت دەربڕێت، بەڵام من خۆم بەخشی بەو قۆناغە چەوتە[3].

هاوکات لەگەڵ خراپی ڕەوشی ئایینی ئەو خۆی خاوەنی تێڕوانینێکی تایبەتی بووە بۆ ئایین و هەموو نیشانە و ئاماژەیەکی لەبارەی ئایینەوە ڕەتدەکردەوە، ڕۆچوونی ئایینی بە قوڵاییەکانی ڕیشەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەدا بە مەترسییەکی گەورە ناوبردوە، داوای دەرکردنی ئاماژەکانی لە ژیانی تاک و کۆدا دەکرد، پێیوابوو هەتا ئایین ئەو ڕۆڵەی هەبێت و کارەکتەری سەرەکی ناو کۆمەڵگەبێت دۆخی کورد لەو چەقبەستن و ناهەمواریە ڕزگاری نابێت کە بەدرێژایی چەندین سەدە تێیکەوتووە. دەڵێت:

هەتا محمد هەبێ لە جیهان   کورد نابێ بە هیچ بە درێژی زەمان

چونکە قورئان و نوێژ و دیانەت   دژن بەبەرزی کورد و کوردزبان[4]

ئەو ئایینی بە هۆکاری پاشخستنی گەلان زانیوە، دەستگرتنی بەبنەماکانی ئایینەوە بەغافڵگیری و کۆت و بەندی هۆشی مرۆڤ زانی، بەپێچەوانەشەوە خۆ بێبەریکردنی لەهەر پابەندییەکی ئایینی بەسەرچاوەی ئازادی و خۆشبەختی و پێشکەوتنی مرۆڤ دانا، باس لەوە دەکات هەتا یۆنانییەکان ئایینیان وەلانەنا لە ژیانی سەرگەشتەیدا هەراسان بووبوون و هندییەکان لەبەرئەوەی تا ئێستاش ئیمانیان بە هەیکەلی بوزا هەیە دواکەوتوترینی گەلانی سەر زەوین[5]، ئایینی وەک سەرچاوەی دروست کردنی ئاژاوە و لەبەر یەکترازانی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان دادەنا، وەک دەڵێت: "دین یەک چڵە گرتویەتی هەزار لقی شەڕ"[6]. نامۆبوونی ئایینی زەقترین تایبەتمەندی کەسایەتی مەنگوڕی بووە، ئەو بیرکردنەوەکانی نزیکبوو لە بیرکردنەوەی هەندێک لە فەیلەسوفانی وەک (فیورباخ). کە ئاماژەی بەوەدەکرد ئایین مرۆڤ توشی نامۆبوون دەکات و نامۆبوونی مرۆڤیش هۆیەکە بۆ ونکردنی حەقیقەتی خۆی لە دیندا[7]، مرۆڤ چەندە بەباوەڕ و ئایینێکەوە پەیوەستبێت، کەمتر هەست بە فێربوون و زانست دەکات، ئایینەکان لەهەناوی خۆیاندا هەڵگری هیچ بنەمایەک نین بۆ کەلتوروزانست[8].

قۆرخکاری بەناوی ئایینەوە بەدرێژای مێژوو لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا بەڕێژەی جیاواز هەستی پێکراوە، (شێخ سەعید) خۆی ڕەخنەی لە شێخەکانی تەریقەتەکەی دەگرت و ئاماژەی بەوەدەکرد "شاهی نەقشبەند شیرکەتی جەردەی و دەستبڕانی لە کوردستاندا دامەزراند"[9]، (مەحوی)، کە شاعیرێکی باوەڕمەندبووە، بەباشی درکی بە زێدەڕەوییەکانی ئەم چینەکردووە، لەدێڕشعرێکدا دەڵێت:

لەوانەو هەم لە ئەمسالی ئەوانە یارەبی هەر ئان

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل٥.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل٢٠٨.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل٥.
[4] میرزا محەمەد ئەمین محەمەد ئەمین مەنگوڕی: دەستوری...، ل٢٩٥.
[5] م.م پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٦٩ .
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل٦٣.
[7] هەڵگورد بەرزنجی: نامۆبوونی نەتەوەیی، لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ب، ش، چ، ١٩٩٨، ل٢٩.
[8] شەهاب شەباهەنگ: ڕەخنەی لودویگ فیورباخ لە ئایین، و. مانی، گۆڤاری ئایدیا ژ(٥٠ـ٥١)، ساڵی یازدەیەم ٢٠١٥، ل١٥٢.
[9] مارتن ڤان برۆنسن: ڕاپەڕینی...، ل١١١.

جەهەنم پڕبکەن، جەننەت تەهی بێت بۆ موسەڵمانان[١]

ئەو هۆکاری شکستی شۆڕشە کوردییەکانی بەستەوە بەسادەیی و نەزانینی سەرکردەکانییەوە، پێنەگەیشتنی کەسایەتی سەرکردەکانیشی گرێدایەوە بە وابەستەیی ئایینی ئەو کەسایەتییانەوە، دەڵێت: "مەلا مستەفا هەر مەلایە و قازی محمدیش هەر ملابوو، بۆیە وا بەهیچوپوچی ئەو شۆڕشە جوانانەیان لەناودا، کوردەکان بۆیە لە شۆڕشەکانیان سەرکەوتونەبوون، زەعیمی شۆڕشەکانیان هەرشێخ و مەلابوون، ڕۆحی ئینسانیەت و پێشکەوتن لە شێخ و مەلا و ئاغادا نییە"[٢]، شێخ مەحمودی بەوە تاوانبارەدکرد لەبەر بیروباوەڕی ئایینی و پاشخانێکی پاشکەوتووانە بەینی لەگەڵ ئینگلیزەکان تێکدا و ئەو دەمارگیرییە ئایینیەی بووبەهۆی بێبەشبوونی (٣)ملیۆن کوردی عێراق لە مافە ڕەواکانی[٣].

ئەو سەرنجی دیاری خستەتەسەر زانایانی ئایینی ناو بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد و هەڵوێستیان لەناو پرسەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشە نەتەوایەتییەکان و ڕەخنە لەئاستی لاوازی هەستی نەتەوەییان دەگرێت، لەنمونەیەکدا باس لەیەکێک لە زانایانی ئاینی سەردەمی کۆماری کوردستان دەکات، چۆن لەکاتی دادگای کردنی سەرانی کۆماردا گەواهیان بەدژی قازی محەمەد و هاوەڵانی داوە، بەناوی (مەلا خەلیلی گورەمەر[٤]) دەڵێت: "قاپی محکەمە کرایەوە....مەلایەکی ڕیش سپی پشت کۆماو هاتە ژورەوە، لەبەردەم هەیئەتی محکەمەدا ڕاوەستا، "اشهدبالله ئەمن بۆخۆم لەو شوێنە حاضربووم، کە ئاغای صدری قازی خوطبەیدا گوتی سەربازی ایران هەر ئەو عددەیەن کە لەشارەکانا محاصرە کراون، تازە لە تارانەوە هاتومەتەوە، دەوڵەتی ئیران مردوە جارێکی تر زیندو نابێتەوە"[٥]، هاوکات ڕەخنەی لە ئاڵای کوردستان گرتووە، کە لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا هاوشێوەی ئاڵای وڵاتانی ئیسلامی بووە، لە بۆنە ئاینییەکانی وەک جەژن و هەینیدا بەرزکراوەتەوە، کە دروشمەکانی خولەفای ڕاشیدین و بەنی ئومەیە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئازادی گەڵی کوردەوە نیە و پێویستی بەوە نەدەکرد تێکەڵ بەبابەتە نەتەوەییەکان بکرێت[٦].

ئەو زانایانی ئایینی ناو شۆڕشی ئەیلول بە کەسانی دوڕوو و بەرژەندیخواز ناو دەبات، کە بڕیاری نارەوایان لە دژی خەڵکداوە، لەسەرحسابی شۆڕش و خەڵکی ئاسایی خەریکی حازرخۆری و ئیسراحەتبوون، بە هەموو بارێکدا دەستیان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان درێژ کردووە، تا لەناو شۆڕشدابوون بێ ئەرک و ماندوبوون بەناز و لە خۆبایبوونەوە نمایشیان دەکرد، لەدوای هەرەسی شۆڕشدا هەڵگەڕانەوە و بوونەوە بەدۆستی حکومەتی بەعس، کاتێک دەڵێت: "ئەو مەلایانەی مەلا مستەفا کردنی بە پێشەنگی قەتارەکەی، بە چەک و مەعاشی باش مری کردبوون، فتوای کافربوونی بەعسیان لێدەدا، ژنی شوعیان بە حەڵاڵ ئەزانی، بەکەش و فشێکەوە هاتنەوەناو حکومەت و پێش قەتارەکەی کەوتن، هوتافیان بۆ بەردەوامی حکومەت دەکێشا"[٧].

ئەی شێخ و مولای کورد و دەڵاڵی دە مەزەب
تا ئەمڕۆ نەتانخواردووە نانێکی عەرەب

---

[١] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس: دیوانی مەحوی،، چ٥، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە، ١٣٨٧، ل١٩.
[٢] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ل١٨٢.
[٣] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل٢١٣.
[٤] مەلا خەلیل: کەسایەتییەکی ئایینی ناسراوی ناوچەی موکریانە، ناوی خەلیل کوڕی مەلا عەبدوڵای کوڕی مەلا ڕەسەڵی چەکۆییە، لەسەر دەستی شێخی بورهان ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، یەکێک بووە لە چوار شەرع زانە گەورەکانی سەردەمی خۆی، ساڵی (١٩٢٨) ڕاپەڕینێکی ئایینی دژی دەوڵەتی رەزاشا بەرپا کردووە، دژی پۆشینی پۆشاک و کلتوری ڕۆژئاوابووە. بڕوانە: سەید مستەفا محمودیان، فەقێ و فەقێیەتی، بەپێی زانیارییەکانی مەنگوڕی یەکێک بووە لە گەواهیدەرەکانی دادگای کردنی (صدری قازی).
[٥] میرزا مە محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی... ١٩١٤-١٩٥٨، ب٢، ل١٠٩.
[٦] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی... ١٩١٤-١٩٥٨، ب١، ل١١٦.
[٧] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩٥٨-١٩٨٥، ب٢، ل١٦٨.

بۆچ نانی گـەلی کورد ئەخـۆن و بۆ خەڵک
تەپڵی مەزهەب و دین لێ ئەدەن ئەی بێ ئەدەب[1]

ئەو شـێخ و زانایـانی ئـایینی وەک چینێکـی لادەر و بەدخـو لە کۆمەڵگـادا نیشـاندا، لەقسـە و بەرهەمەکانیدا هێرشی توندی کردووەتەسەریان، بەکەسانی فریودەر و فێڵباز و بۆهتانکار بەناوی خودا و بازرگان بەناوی دینەوە و بە (چەتەی خودا) ناوی بردن، وەک دەڵێت: "زۆربەی شێخەکان تەڵەیان بۆ ژنان دەنایەوە و بەناوی تۆبەوە سواریان دەبوون، هەتا سەرخۆشیان دەکردن و لەگەڵیان ڕادەبواردن"[2]. وەک ڕۆشنبیرانی شۆڕشـی فەرەنسی پێیوابوو یەکەم هەنگاو لە پێناو ئـازادی مرۆڤدا بە دەرچوون لە کۆت و بەندی دیکتـاتۆرانەی دامەزراوەکانی ئـایین دەستپێدەکات، کەدەسەڵاتی ترسناکی لە ڕاکێشانی خەڵکی بۆ پیادەکردنی باوەڕێکی کوێرانە هەبووە، کەسێک کە دیلی مەزهەبێکی درۆزنانەبێت، ناتوانێت ببێتە سەروەر و پێشەنگی کەسایەتی خۆی[3].

ئەو داوای جیاکردنەوەی ئایینی لە دەسەڵاتی سیاسی دەکرد، کە دەبێت دەستی ئـایین لەنـاو سـەرجەم پایەکـانی دەوڵەت و فەرمانڕوایـدا ڕۆڵـی نەمێنێت و سیاسـەت ڕزگـار بکرێت لەو پاشـاگەردانییەی کە بەهۆی ئایینەوە توشی بووە، وەک دەڵێت: "دینو سیاسەت پێکەوە ناژین"[4].

مەنگـوڕی چـواربەرهەمی تـایبەتی لەسـەر ئـایین نووسـیوە، (فەلسـەفەی ئـاراتپور) گەشـتێکی پرسیارئامێزە بەناو بیروباوەڕەکانی سەرزەویدا، لەم قۆناغەدا پرسیار مۆرکی تایبەتی بیری مەنگوڕییە. لە بەرهەمی (خودا و خەلیقەت)دا کە لە بارەی سێ بیروباوەڕی ئاسمانی (جولەکە، مەسیحی، ئیسلام)ە، لێرەدا لە بـازنەی پرسـیارکردن دێـتەدەرەوە زیـاتر جۆرێـک لە دڵنیـای لە بیروباوەڕەکـانی دا هەیە. لە هەردوو بەرهەمـی (جیهـانێکی بەپێکەنـین) و (خەونـی چـونە بەهەشـتی مەنگـوڕی)دا بـاس لە پـێگەی زانایـانی ئـایینی دەکـات بەجۆرێـک ئەرکـی ڕسـواکردن و هەڵمـاڵینی پەردەی دووڕوویـی و سـاختەکاریی لەسەرهەڵداونەوە و پێیوابوو، تا دوا ڕادە زیادەڕەوییان کردووەتەسەر ژیان و ئازادییەکانی مرۆڤ، ئەمە جگە لە بەرهەمەکانی تر، کە خاڵی نین لە پرسـەکانی ئـایین، لە (هەنگاوێـک بۆ سـەرکەوتن) و بەتـایبەتی (گەشتی ئەستێرەی مەریخ)دا پرسی ئایینی ورژاندووە، ئەو لە یۆتۆپیاکەیدا بانگەشـەی بۆ جۆرێـک ئـایین کردووە، کە بێ پەیامبەر و پیاوانی ئایینییە و تەنها دان بەبوونی خودادا دەنێت.

**خودا**

مەنگـوڕی قسـەی لەبـاڵاترین پیـرۆزی کـردووە، کە بـوونی (خـودا)یە. لە ئـایینی ئیسـلامدا شـتێکە لە دەرەوەی شوێن و کات[5]، ئەو بەردەوام چەندین پرسیاری لەبـارەی دروستکاری کەون و نادیارەکـانییەوە دەوروژانـد و لە بـوون و شـوێن و پـێگەی خـودا پرسـیاری دەکـرد، بەشـێوەیەکی ڕاشـکاو لە گەشـتی ئەستێرەی مەریخەوە دەڵێت:

خودا پێش ئەوەی چەرخی زەمین بەسـتی لەیەک
لەکوێ بووی هەوارگات چۆن ئەژیت کێت بۆ لەتەک
بۆچی بوو لەسـەرچی بوو دواتخستووە فـەلەک
سەرگەرمی چ بووی چی بوو لە جێ چەرخ و زەمان[6]

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل٢٦.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل٢٠٩.
[3] روی پۆرتەر: چاکسازی دین بەهۆی ئەقڵەوە، و. ڕێبین هەردی، گۆڤاری سـەردەم ژ(٦٤)، ساڵی دوازەیەم ٢٠١٠، ل٣٣.
[4] م.م. پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک...، ل٩٣.
[5] ئومێد قەرەداغی: کێشەکانی...، ل١٢٩.
[6] میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، ل٨٣ .

پرسیار کردن لەبارەی بوون و پەیدابوونی گەردوون، هاوشێوەی هەر پرسیارێکی تر پرسێکی زانستییە، بەردەوام بەدوای وەڵامدا دەگەڕێت[1]، ئەو بەشێک لە پرسە سەرەکییەکانی لەدەوری دروستکاری کەون و مرۆڤ و بوونەوەر دەخولایەوە، لەو باوەڕدابوو هەرشتێک نەتوانرێت بسەلمێنرێت و بەنادیاری بمێنێتەوە بوونی نییە، ئەقڵی مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت بوونی خودا و ئەو پەرجوانەی ئایین بانگەشەیان بۆ دەکات بسەلمێنێت، چونکە ئەوانە ئەفسانە و ترس دروستیان دەکات و ناکرێت دڵنیایی و باوەڕیان لەسەر بینابکرێت. وەک (دیڤد هیوم) ئاماژەی بەوەدەدا ئەو ڕێگایانەی دەیەوێت بیسەلمێنێت ئەم کەونە دروستکارێکی هەیە، بەرەو پرسیاری بێمانا سەردەکێشێت، لەبەرانبەردا (کانت) کە ڕێبەری فەلسەفەی عەقڵگەرایە، پێی وابوو نابێت ئەقڵ لە ئەزموندا کورتبکرێتەوە، بۆ هەر گوتارێک دەربارەی بوونی خودا دەبێ بچینە دەرەوەی زانست و هەنگاو بەرەو ئەخلاق هەڵبگرین[2]، چونکە ڕەوینەوەی گومان لەسەر بوونی خودا ئیرادە بە مرۆڤ دەبەخشێت[3].

ئەو ئەقڵی دەکردە پێوەر بۆ پێوانەکردنی هەمووشتێک، باوەڕی بەنەزانراو و نهێنی و پەرجوەکانی ئایین نەدەکرد و لە ئالۆزییەکانی ڕادەما و بەدوای دڵنیای و ئاشکراکردنی هێزەباڵاکانەوە بوو، نادیارەکانی بەخورافە و ترس و ناراست پەسن دەکرد، بە ئاشکرا باس لەوە دەکات هەر شتێک (ئەقڵ، زانست، فەلسەفە) نەیسەلمێنێت ناکرێت بڕوای پێبکرێت، دەڵێت: ''هەرشتێک بە چاو دەست و گوێچکە و تام هەست نەکرێ وجودی نییە''[4]، ئەو بە قوڵی کەوتبووە ژێر کاریگەری پێشکەوتنەکانی سەردەم و سەرکێشانە باوەڕی بەدەرئەنجامەکانی زانست دەکرد. زانستش لە کردەوەدا نیشانی دا، مرۆڤ بەترس و ئەفسانەوە سەرقاڵ ناکات، بەڵکو ڕاستییەکان دەسەلمێنێت، لەمەیدانی کێبڕکێدا نەیارەکانی دەکاتە دەرەوە[5].

**ا) گەڕان بەدوای ڕاستیدا**

ئەو لێرەدا لەشێوەی گەڕیدەیەکدا خۆی نمایش دەکات، بەناوی (ئارات پور) کە گەنجێکە لەگوندەکەی خۆی لە دەست زاڵبونی کەشی ئایینی و ئامۆژگارییە بەردەوامەکانی زانای ئایینی گوندەکەیانەوە هەڵدێت، بەدوای ئەو پرسە نەزانراوانەدا دەڕوات کە پێوەی سەرقاڵ بووە، لەبارەی بنەڕتی ئایینەکان و تێڕوانینی هەریەکەیان بۆ کەون و بوون و ژیان و ئامانجیان و هەموو ئەو پرسانەی لەبارەی ڕاستییەوەیە گفتوگۆ دەکات، بەدوای جیهانێکدا دەگەڕێت، تێیدا مرۆڤەکان ڕاستەقینە بێنەبەرچاو، ژیان لەدەستی نادیار و خورافە و ترس بێتەدەرەوە، وەک دەڵێت: ''گێتی بگەڕێم تا ئەگەمە وڵاتێک وشەی ڕاست و کردەوەی پاکی لێ باوبێ''[6]، ئەم گەشتە زیاتر گفتوگۆیەکە لەنێوان گەشتیارێک و ڕابەری هەریەک لەناوەندی دەسەڵاتی ئایینی لە جیهاندا (مەلا، قەشە، مالم، کەشیش، کاهینی بتپەرست، گا پەرست...هتد)، ئەو لێرەدا جیاوازیی لەنێوان بیروباوەڕی ئاسمانی و زەمینیدا ناکات، هەریەکەیان پێداگری لەڕاستی و پەسەندکردنی ئایینەکەیان لەلایەن خودا دەکردەوە، خۆیان بەهاودەم و پەیوەندیداری ڕاستەقینە و هەڵبژێردراو لەلایەن خوداوە نیشانداوە، ڕەتکردنەوەی هەموو ئەوانیتر کەلتووری ڕاسەقینەی هەموو ئایینەکان بووە، ئەم خود پەسەندییەی ئایینەکانی بەهۆکاری دروست کردنی ئاژاوەی

[1] بەسام ئەلبەغدادی: کێ گەردوونی دروستکرد؟، و. ڕۆزا سەعید، گۆڤاری فاکت، ژمارە (٣ـ٤) ساڵی دووەم ٢٠٢٠، ل٧٨.

[2] ئازاد قەزاز: سەرەتایەک...، ل٥٢ـ ٢٤.

[3] عماد عبدالسلام رووف: نمونەیەک لە ژیان و کارە فکریەکانی، و. سامان مستەفا، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٢.

[4] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٠٧.

[5] عبدالکریم سروش: زانست و ئایین، و. ئاگری ئەفشین، ب، ش، چ، ٢٠١٩، ل١٠.

[6] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل١٧٢.

مرۆڤایەتی لەسەر زەوی دانا، ئایینەکانی بە چەواشەکار و کۆتکردنی هۆشی مرۆڤ لە پێناو پێگە و دەسەڵاتی خۆیاندا ناوبرد.

تەواوی نووسراوە ئایینییەکان بەدەستکردی مرۆڤ دەزانێت و بەتاڵی کردنەوە لە هەموو پیرۆزییەک، کە بەناوی خوداوە وەریانگرتبێت، پێیوابوو چۆندەبێت خودا بەرنامە و قسەی بۆ مرۆڤ ناردبێت، لە کاتێکدا دەڵێت: "هەرچی فەلسەفە و زانیاری هەیە لە ساغکردنەوەی بوونی خودا دەستەوەستانن"[1]، خودا گەر خودای ئەو کەونەبێت چ پێویستی بە ستایشی ئادەمیزاد و دروستکراوەکانێتی، پێیوابوو کۆمەڵگەیەکی بێ ئایین باشتر دەتوانێت وێنایەکی باشی ژیانی ئادەمیزاد بکات.

لەکۆتای گەشتەکەیدا کە سێ ساڵی خایاندووە، ئەو لە دوڕیانێکدا دەمێنێتەوە، کە مرۆڤ هەرگیز ناگات بە ڕاستی لە ئاشکرا کردنی خودا، بۆیە دەڵێت: "کوێرانە ئیمانم هێنا بەوهێزەی کەونی لێ پێکهاتووە، بە وەستا و ڕێخەری جیهانی ئەزانم، بەبێ لێپرسینەوە و مەسئولیەت بە هیچ بارێکا"[2]، گەشتەکەی ئەو ئەزمونەی پێدەبەخشێت، کە گوندەکەی خۆی باشترین و پاکترین شوێنی سەر زەوییە.

**ب) خودا و بوون**

لەم بەرهەمەدا مەنگوڕی بێزاریەکی زیاتری پێوە دیارە، لەبارەی بیر و باوەڕی ئاینییەوە، هەمان ئەو پرسیارانەی پێشتر ئەوروژێنێتەوە، بێمتمانەی خۆی زیاتر لە بارەی ئایین و دەقە ئایینییەکانەوە دەخاتەڕوو، بەرهەمەکەی زیاتر وەک پێڕە و ئامۆژگارییەک بۆ مرۆڤ پەسن دەکات، لە پێناو وازهێنان لە پابەندی کوێرانەی ئایین و لێرەدا زیاتر لە قۆناغی دڵنیای و بڕیاردان دایە، دەڵێت: "بەپوختەیەکی فەلسەفە و حیکمەت و مەنتق ئەو کتێبی خوداو خەلیقەتەم پێشکەش کردن، بۆئەوەی دەستخەڕۆی تەلیسمی ڕەهبەرانی دیینی نەبن"[3]، لێرەدا لە کەسایەتی هەریەک لە پەیامبەران (موسا، عیسا، محەمەد (د.خ)) دەدوێت.

**پەیامبەران**

مەنگوڕی پەیامبەرانی بە ناڕاست و بوهتانکار بۆ خودا ناو بردووە، لەپێناو پیرۆزکردن و بەرزکردنەوەی پێگەی خۆیان و گەلەکانیان (تەورات، ئینجیل، قورئان)یان هەڵبەستووە، دواڕۆژێکی خەیاڵیان دروست کردووە، گوایا ئەوانە قسەی خودان، دەڵێت: "فەلسەفە دەریدەخات خودا شتێک نییە مجسم بێ و قسە بکات"[4]، ئەوانە بەپێی ساویلکەی گەلەکانیان دەقە ئایینییەکان و شتی پڕوپوچ و سوکەڵەیان هەڵبەستووە[5]، ئەو زانینە ئایینییەکانی لەبارەی ئەو پەیامبەرانەوە بەدرۆدەخستەوە کە خودا خۆی نیشانی کەس نەداوە، قسەکردنی (موسا) لەکێوی توردا لەگەڵ خودا بە پڕوپاگەندە و هەڵبەستراوە دەزانی و لەبارەی (عیسا) دەڵێت: "خودا کەسی لەگیانی خۆی دروست نەکردووە، مەریەمی بە عەزرا ناو نەهێناوە، بەبێ نێر مناڵی بەکەس نەداوە، دروست کردنی عیسا وەک باقی گیاندارانی ترە، خاوەنی هیچ نهێنیەک نیە و پەرجوی پەیامبەرایەتی هەمووی درۆ و هەڵبەستراوە[6].

کاتێک باس لەکەسایەتی پەپامبەر (محەمەد (د.خ)) دەکات، بەکەسێکی لێزان و شارەزا ناوی بردووە، لەخۆ گەورەکردن و فریودانی خەڵکدا ژیرانە بۆ سەرخستنی بەرنامەکەی کاری کردووە، چونکە ئەو شکۆ و گەورەییەی ئەو ئەیەویست پێویستی بە ئایینێک هەبوو پشتیوانی لێبکات، یاسا و ئامۆژگاری بەناوی خوداوە داناوە، بەرگی کتێبێکی ئاسمانی بەبەردا کردووە، چەند هاوڕێیەکی برسی و

---

[1] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل١٩٧.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: دەستوری...، ل٢٠١٠.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: خوداو خەلیقەت، دەسنووس، ١٩٧٢، پارێزراو لای بنەماڵەی مەنگوڕی، ل١.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: خوداو...، ل٩.
[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: خودا و...، ل٥.
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: خودا و...، ل٢٠-٢١.

ئازا و خاوەن پێگەی لەخۆی کۆکردووەتەوە، بانگەشەکەی زۆر ژیرانە و سیاسیانە بووە[1]، ئەو پێیوابوو داگیرکاری و تاڵانییەکانی موسوڵمانان بۆ وڵاتانی جیهان و شەڕ و کوشتار و ناکۆکییەکانی ناو موسوڵمانان بۆخۆی بەڵگەی ئەوەن کە قورئان قسەی (خودا) نییە، (محەمەد)یش نێردراوی خودا نییە، ئەو ڕەخنەی دەگرت لەوەی بێسەروبەری لە نووسینەوەی قورئاندا هەیە، لەبەر ئەوەی (محەمەد (د.خ)) لەماوەیەکی دووردا قورئانەکەی ڕێکخستووە، ئاگای لەپاش و پێشی قسەی خۆی نییە، قسە هەیە لە (٥٠) شوێن دووبارەی کردووەتەوە، شارەزای مێژوو جوگرافیا نەبووە، نەیتوانیوە لە قورئاندا باسی ڕووداوە مێژووییەکان بکات[2]، ئەو بە پلان و ستراتیژ کاری کردووە و ئامانجی ئابووری لە پشت هەنگاوەکانیەوە بووە، کە ناوچەی حیجاز بکات بە خاوەنی ئابووریەکی درێژخایەنی نەبڕاوە[3]. هەموو ئەو بانگەشانەی نێردراوانی ئایینی بۆ ژیانی دوای زیندوبونەوە و ڕۆژی پاداشت و سزا دەیکەن بەساختە ناوبرد و پێیوابوو شتێک نییە بەناوی زیندوبوونەوە، ژیان هەر ئەو چەند ڕۆژەیە مرۆڤ لەسەر زەوی دەژی[4]، ئەو پێیوابوو مرۆڤ تەنها سێ دەور دەگێرێت، ئەوانیش (بوون، ژیان، مردن)ە[5].

**ج) خەون و میتافیزیک**

مروڤ لە خەوندا قەبارەی زێدەڕەوییە سروشتییەکان و خواستە شاراوەکانی خۆی بەرجەستە دەکات، دەتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ هەر بوون و کەسێکدا بکات کە مەبەستی بێت، ئەو هاتنەگۆیەش ئارەزوە کپکراوەکانی نیشاندەدات، ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی خەونیش بریتین لە (فەنتازیا، واقع، گرفتاری، ئارەزوو، ئیرادە و ترس و کامەرانی)، هێزێکی لەبن نەهاتوی دروستکردنی بوونە لای مرۆڤ کە لە ژیانی ئاساییدا نائاساییین[6]، (میتافیزيك) زاراوەیەکی یۆنانی فەلسەفییە[7]، پەیوەندی بەو بابەتانەوە هەیە کە لە دەرەوەی سروشت، واتە(نا- سروشت)ین، لەودیو دیاردەکانەوە خۆیان نمایش دەکەن[8]. ئەم بەرهەمەی مەنگوڕی لە چوارچێوەی خەون و میتافیزیکدا خۆی دەبینێتەوە، قسەکردنە لە ژیانی دوای مردن، مەنگوڕی بە گەشتێک لە بەهەشتدایە و گەرچی قسە لە کۆی ڕەوشی ئایینی ناوچەکە دەکات، یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوە ئایینییەکانی ئەو سەردەمەی (قەڵادزێ) بەناوی (مەلا محەمەدی دەڵگەی[9]) دەکاتە جێگای سەرنجەکانی کە لەبەهەشتدا بووە، بە بۆچوونی مەنگوڕی زاناترین کەسایەتییە ئایینیەکانی ناوچەکە بووە، لەگەڵیدا دەکەوێتە گفتوگۆ، لەبارەی بەرپرسیارێتی و ئەرک و ئامانجی زانایانی ئایینی و پاداشتی لە ڕۆژی دوایدا، ئەو لەسەرەتادا پەسنێکی نەرێنی بەهەشت دەکات، تا ئەو ئەندازەیەی وەک سزا بۆ (مەلا محەمەدی دەڵگەی) دایدەنێت، دەڵێت: ”لە خەوما چومە باغی بەهەشت، باغێکی زۆر کۆن و دارودرەخت تێکچڕژاو بێڕاڕەوو خیابان، تەسک و تروسک و چۆڵ و هۆڵم دی، چەند کەندڕێکی

[1] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک ...، ل٧.
[2] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: خودا و...، ل٢٢.
[3] میرزا محەمەد ئەمین، مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، ل٢١٣.
[4] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل١١.
[5] میرزا محەحەد ئەمین مەنگوڕی: چیرۆک...، ل١١.
[6] نەجات حەمید ئەحمەد: خەون و بەرجەستەبوونی...، ل٥٢-٥٤.
[7] ئەرستۆ: میتافیزیک، و: محەمەد کەمال، ب، ن، چ، ب، س، چ، ل١٢.
[8] إمام عبدالفتاح إمام: مدخل إلى الميتافيزيقا، ط١، نهضة للطباعة و النشر، قاهرة، مصر، ٢٠٠٥، ص١٨.
[9] مەلا دەڵگەی ناوی (محەمەد محەمەد ساڵح)ە، لە ساڵی ١٩٣٥ لە قەڵادزێ لە خێزانێکی ناسراوی ئایینی ناوچەی پژدەر لەدایک بووە، لەسەر دەستی مەلا محەمەدی باڵەکی و مەلا محەمەدی خاڵ ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و ئیجازەی زانستی هەرسێ تەریقەتی قادری و نەقشبەندی و شازلی لەلایەن مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسەوە پێبەخشراوە، لەساڵی ١٩٦٤ لەسەرداوای عەبدسلام عارف سەرۆک کۆماری عێراق دەبێتە پێش نوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی قەڵادزێ، یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستا لە ساڵی ١٩٧٠، لەیەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢وەک جێگری وەزیری ئەوقاف و دەست بەکابووە، ڕۆڵێکی گرنگی لە بواری ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوچەکە و کوردستان گێراوە، ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی زانایانی کوردستانە. وەرگیراوە لە (مەسعود مەلا دەڵگەی).

ئـاودارم بەرچـاو كەوت، كە ئـاوێكی شینی لێڵاوی ناشیرینی چارە قورسـی پیا ئەڕۆی، بەڵام هەر تۆزە بایەكی هەڵبكردایە چڕوچاوی پیاوی پڕئەكرد لە تۆز و خۆڵ و لم و خۆڵەمێشـی سوتەمەرۆی دۆزەخ، هەنـدێک قەلەبـاچكە و كـۆترەزڕ و بـایەقوش و لەقلەقیشـم دی بەسـەر دارانەوە، هێلانەیـان لێكردبـوو، ئەوناوەیـان پڕكردبـوو لە (ڕیقـنە و سـەلكەمار و بـۆقی وشـک هەڵاتـو) چەنـد خـانویەكی بچكۆلانەشـم چاوپێكەوت لەشێوەی كوختەی ماسی گرتن و تۆڕەوان و ڕاوچی"[1]، لە خۆی دەپرسێت چۆن دەبێت ئێرە بەهەشت بێت؟!!! ئەو بەهەشتەی كە خودا لە سورەتی (ڕەحمـان) باسـی كـردووە، دەبێ پڕبێت لە پەری و حۆری و هەتیـوی لـوس و خەپـانی جـوان، كۆشـک و تەلاری كەشـخە، چ جـای بە كـارتۆن (ڕەقـابە و ویسـكی و شـەمپانی و جـن بیرە و...هتـد)، جـگە لەو حۆریـانەی كە مەلاكـان باسـی دەكەن، (سـەری لە مەشریقە و قونی لە مەغریب)، ئەو دەست بە گفتوگۆ دەكات لەگەڵ (مەلا محەمەدی دەڵگەی) چەندین پرسیاری لەبـارەی بەهەشـت و پاداشـتی كاروكردەوەكـانی خـۆی و زانایـانی ئـایینیەوە لێدەپرسێت، وەک هەمیشە بەراوردەكانی دەكاتەوە بەكەرەستەی هەڵسەنگاندنی دۆخەكە و بەراوردێكی ژیانی مەلا محەمەد لە جیهـان و بەهەشـتدا دەكـات و دەڵێت: "جـاران ئەتـوت كەوی (كـوڕادە خـواردوە) بە فیـز و لەخۆبـاهی بونێكەوە بەناو بازاڕی قەڵادزێدا پیاسـەی ئەكـرد، وەک بەرانەكەی سوڵتان مەحمـود كەس نەبوو لەلوتی بـداتەوە، سـەرنجی لەگەورە و بچـوكی شـار ئەگـرت، بـۆ هەزاران فەرمـان خەڵـک ئەهـاتنەلای، خەڵكی سـاویلكە و نەزانـیش بە فەرمـودەی ئەو ئەجـوڵانەوە، زۆر كـاری گەورەش بە فەرمـانی ئەم كۆتـایی ئەهـات"[2]، بەڵام ئەم پەسـنە لە ژیـانی دوای زینـدوبوونەوە پـێچەوانە دەبێـتەوە، جـگە لەوەی پیـرۆزی لێـوەردەگیرێتەوە وەک مرۆڤێكـی تاوانبـار و سـزادراو كە تـازە لە جەهەنـم هـاتۆتەدەرەوە و توشـی سـەرئەنجامی كردەوەكـانی دەبێـت، كاتێـک دەڵێت: "توشـی دارێكـی نەختـێ چەمـاوەی كۆنەسـاڵی سێبەر خورتهـاتم، كتـوپڕ چـاوم بە (مەلا مـحەمەدی قـڵادزێ ) كەوت، ئەنـدامی هەمـوو پڕوزابـوو، سـەرو پۆتەڵاكێكی كڕوزا و لەشێكی دامـاڵاوی پێست ڕەش هەڵاتـووم بینـی، هەرچاوی بە مـن كەوت نەختـێ بۆی جوڵا و لەسـەر چیچكـان بـۆی هەڵتروشـكا"[3]، تـا ئەو ئەندازەیە سـكاڵا لەژیـانی بەهەشـتی دەكـات، خـۆزگە لە ژیـانی دۆزەخـی دەخوازێـت، ئەو لەوەڵامـی پرسـیارەكانی مەنگوڕیـدا هۆكـاری سـزاكەی شیدەكاتەوە، كە خودا مرۆڤـی بۆ ڕابواردن و كەیف و دڵداری و خۆشویستن و ئـازادی دروستكردووە، نەک بـۆ بەنـدەی ڕابەرە ئایینییەكـان كاتێـک هەواڵ لە بـارەی سـەماكار و گـۆرانیبێژ و لەشفرۆشـەكان دەدات، ئاماژە بەوە دەكـات ئەوانە خۆشەویستی خـودان، چـونكە لە جیهانـدا چێـژ و خۆشیان بە مـرۆڤ بەخشیوە، جگە لە پیاوانی ئایینی هیچ كەسێكی تر لە دۆزەخدا نییە[4].

ئەو بەدوای ئازادیدا گەڕاوە، ئازادییەک ڕۆح و جەستە ببەخشێت لەهەركارێـک كە ئەنجامی بدەن، خـۆی بە بەرگریكـارێكی گەورەی ویسـتە ژیـری و جەسـتەییەكانی مـرۆڤ زانیـوە، خـۆی دەكـات بە هاوشانی پەیامبەران و نوێنەری ئازادی و بانگەشە بۆ ئەو ئـازادییە تـایبەتییە دەكات كە خـۆی باسـی لێوە دەكات[5].

ئەو ویژدان دەكات بە پێوەر و سەرچاوە بۆ ئەنجامدانی هەمووكارێك، گەر ویژدانـی مرۆڤ ڕێـگەی بەئەنجامدانی كارێـک دا، نابێت هیچ شتێک ببێتە ڕێگر لەئەنجامدانی، بەمەرجێـک ئەو كـردارە لەگەڵ كەلتووری گشتیدا دژنەبێت، دەڵێت: "ویـژدان یاسـایەكی هەرە بەرز و بەنرخە، هەرشتێک ویـژدان بە پـاكی زانـی و قـانونی گشـتی پەسـەنكی كـرد، ئەوشـتە ئەبـێ بەبـاو دابنرێـت، هەمـوو یاسـایەک بەرانـبەر

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: خەونی...، ل٢.
[2] محەمەد ئەمین میرزا مەنگوڕی: خەونی...، ل٤.
[3] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: خەونی...، ل٣.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: خەونی...، ل٩.
[5] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: دەستوری...، ل٦٨٦.

ویـژدان ئەبـێ ڕاوەسـتێت، ڕای گشـتی ئەبـێ هەمووکـات لەگەڵ داخـوازی و نەفسـانیەت و ئـارەزودا بڕوات"[1]. ئەو بەرگریەکـی تەواوی لە ئـازادییە جەستەییەکانی مرۆڤ دەکـرد، پێیوابـوو مرۆڤ دەبێت هەنگـاو بـۆ ئـازادی بەجێهێنـانی ویست و حەزە دەرونیەکـانی بنێت، هێندەی گرنگیدان بە هۆش و توانا ژیرییەکـانی مـرۆڤ گرنگـی بە جەسـتە دەدا و بە سـەرچاوەی خۆشـییەکانی ژیـانی دادەنێـت، دەڵێـت: "ئادەمیزاد ئەبێ بڕوات بۆ سەربەستی و ئازادی و خۆشەویستی جنسی و تێکەڵاوی ئـازادانە، هەوڵبدات بۆ لەناودانی تـانە و لۆمە و شـەرم و خۆداپۆشین و خۆشـاردنەوە"[2]، لەو بـارەیەوە ئـایینی بە گەورەترین بەربەسـت دەزانــی و داوای دوورخسـتنەوەی هەرپابەنـدییەکی ئـایینی دەکـرد. هەرچەنـدە بەتەواوەتــی هۆکـاری ئەو پێـداگرییە هەوەسـبازییەی دیـار نیـیە، کە بەمەبەسـت بـووە[3]، یـان بـاری سـایکۆلۆژی مەنگوڕی ئەوەی ویستووە. وەک زانای دەرون شیکاری (سیگۆند فرۆید ١٨٦٥ـ١٩٣٩) وای دەبینێت، کاری ئەدەبی بریتییە لە چەند چینێک لە مانا و ئاماژەی کەڵەکەبوو، دەبێت بنکۆڵبکرێت تا نهێنییەکانی ئاشکرابکرێن، کە ئەو بە (نائاگای) نـاوی بردووە، بریتییە لەوەی مرۆڤ دەیەوێت واقعی خۆی بە پێی ئـارەزووە متبـووە چەپێنراوەکـانی بینابکـات، کە گوزارشـتەکانی کۆمەڵێـک هێمـای ئـاڵۆزن، هەوڵـدەدات خواسـتەکانی بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەخۆ ئاشـکرا بکـات، بەڵام نەریـتە کـۆمەڵایەتی و ڕەوشـتی و حەرامکراوەکان ڕێگرن لەبەردەمیاندا[4].

تەنانەت مەنگوڕی لەو شعرەی بۆ مەردۆخی دەنوسێت لەسەرمەریخ و بڵاودەکرێتەوە، داوا دەکـات، بـێ پۆشـاکی لەسـەر مەریـخ باوبێت، دڵخـوازانی یەکتـر بە ڕوتـی بگەڕێـن، ئەم شعرەی لەنـاو مەریخدا دەنگ دانەوەی هەبووە، خەڵکی مەریخ داوایان لە پەرلەمان کردووە، ڕووتی گەڕان لە مەریخدا ببێت بە دەستور.

بـەڕووتی تێفکریتن جوانە    بـۆ چاو ئـەندازەی فـەنانە
حەیـفە بێڵی جـل لەبەرکا    لەژێر کراس مەمـکان خڕکات
باهەر ڕووت بێ لـەنجەی ڕووتی    ئـاگر بەر ئـەدا بـە دڵی جوتی
پـەرلـەمانیان تەنگاو کردبوو    بـۆ تێکدانی شـەرمێ کەبوو
ئـەیانویست کە بـەم دەستورە    گەنـجان بـژین لەم سنوورە
مـەریخ هـەموی ئـاوای لێ بێ    گـەڕان بـە ڕووتی دەستور بێ[5]

ئەو پێیوابـوو دەبێت مرۆڤ بیرکـردنەوەی ئازادبێت، تـا لەڕێـگەی هۆشـەوە بەدوای ئاشـکراکردنی نهێنییەکـانی کەونـدا بگەڕێـت، بچێـتە نـاو ئەسـتێرە و مـانگەوە لەشـتە مادییەکـان بکـۆڵێتەوە و هەنگـاو هەڵبگرێـت بـۆ پێشـکەوتن و پیشەسـازی و هـونەر و لە هەمـوو شـتێکی کـۆن و بـاوەڕپێنەکراو پاشەکشەبکات[6].

گەرچـی ئەو تێڕوانینێکـی باشـی بەرانـبەر ئـایین نەبـووە، بەڵام ئەو باسـی لە چەنـد ئـایینێکی وەک زەردەشتی و ئێزدی کـردووە، وەک ئـاینی ڕاستەقینە و ڕەسـەنی کوردان نـاوی هێنـاون، کاتێـک دەڵێت: "یەزیـدییەکان لایـانوایە کە بـاقی هـۆزی کـورد بە تأسـیری شمشـێری ئیسـلامەکان مەبـدەئی ئێزدیـان

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: دەستوری...، ل١٠.
[2] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل١١.
[3] سەربەست کەرکوکی: میرزا مەنگوڕی و یۆتۆپیا خەیاڵیەکەی گەشتی ئەستێرەی مەریخ، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٧٦ـ٧٧ .
[4] ئیبراهیم محمود خەلیل: زانستە مرۆڤیەتییەکان و ڕەخنەی ئەدەبی، و. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، گۆڤاری سەردەم ژ(٥٦) ساڵی دەیەم، پایزی ٢٠٠٨ ، ل١٣٠.
[5] میرزا مەنگوڕی: گەشتی....، ل٤٧ .
[6] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: خودا و...، ل١١.

وازلێهێناوە، لەحەقیقەتیشا ئیدیعایەکەیان ڕاستە"[1]، لەچەندین شوێن بەگیانێکی بەرگریکارانەوە لە ئایینی زەردەشتی دواوە، پێیوابوو ئەگەر زوڵمی نەتەوەیی بەهۆی ئایینی عەرەبەوە بەردەوام بێت، گەلی کورد ناچارە بگەڕێتەوە سەر بیروباوەڕی کۆنی باپیرانی خۆی کە لەسەر بیروباوەڕی ئایینی زەردەشتی بوون[2].

سەرباری ئەمە ئەو شعری بۆ هەندێک لە بۆنە ئاینییەکان نووسیوە، وەک جەژنەکان، مەولودنامەی پێغەمبەر (محەمەد (د.خ))، شەهید کردنی (حەسەن و حسەین)[3].

ئەو باسی چەندین بیروباوەڕی تری جیهانی کردووە، وەک سەرمایەداری و سۆسیالستی و بەکەم و کورت و کۆت و بەندی بەشێک لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناوی هێناوە، ڕەخنەی لەناوەڕوک و بەرنامە و ئامانجیان گرتووە، بەبیروباوەڕێکی چەوت و خودگەرا و بەکۆیلەکردنی مرۆڤی لەقەڵەمیدان، دەڵێت: "مبادی ئینسانی ئەوەنیە کە بەمەلاین خوێنی ئادەمیزاد لەجیهانا بڕێژی، بەملیۆنەها لاو بکوژی خەڵک بسوتێنی شار و دێهات وێرانبکەی بۆچی بۆ بڵاوکردنەوەی تۆوی شیوعی و چونیەکی ژیانی دەوڵەمەند و هەژار و لەناوبردنی یاسای ئقطاعی و دەرەبەگی بۆ ژیانێکی دیلی کرێکاری، ئەو ژیانەش ئەمریکا و ئینگلیزیش ئەیانەوێ ژیانێکی زۆر بێ عەدالەتانەیە، هیچ مەعقول نیە کەسێکی بریطانی وەکو چەرچڵ لە کارخانەیەکا بەژیانێکی کرێکاری ژیانبەرێتەسەر، لەهەمانکاتدا چەرچڵ لە ٤٠ شەریکەدا خاوەن بەش بێ، حامد بگ و داود بگ لە هەڵەبجە هەریەکەیان خاوەنی ٤٠ پارچە مڵک بن، کابرایەکی هەڵەبجەیش لە هەمان ڕەگەز و ئاوای بێ کرێکاریشی چنگ نەکەوێت"[4].

ئەو لەگەڵ ڕەوشی کۆمەڵایەتی خۆیدا نەدەگونجا و دیاردەی یاخیبونێکی گەورەی لە دژی ئایین پێوە دیارە، ئەمەش بیروباوەڕێکی نامۆ نیە و لە مێژووی کۆن و نوێدا چەندین نووسەر خاوەنی ئەم تێڕوانینەبوون. وەک (سپینۆزا) گومانی لە پەرجوی پەیامبەرایەتی و کارە سروشت بەزێنەکان هەبووە و ئارەزووەکانی خەڵکی ئاسای لەبارەی دەقە پیرۆزەکانەوە ڕەتدەکردەوە[5]. بەهەمان شێوە (سەلمان ڕوژدی) لەبەرهەمی ڕۆمانی (ئایەتە شەیتانییەکانی ١٩٨٨) ئەرکی ڕسواکردنی ئایین و توندئاژۆکانی ئەو قۆناغەی گرتە ئەستۆ، کە دەسەڵاتی خۆیان لەڕێگەی کەرەستەی نادیارەوە بەکاردەهێنن، وەک پێغەمبەرایەتی و پەرجو قەدەر و چەندین جۆری تری بەڵگە کە هەندێکیان واقع بەزێن و خورافین[6].

بەرهەمە ئەدەبییەکان زۆرجار مشتومڕی کاریگەر دەوروژێنن، دەروازە بۆ گفتوگۆی دروست دەخەنەوە، بەڵام بەڕای هەندێک لە بیرمەندانی وەک (ماشیری) نابێ ڕەخنەی ئەدەبی لە تاوتێکردندا خۆی لە بەها پیرۆزەکان بئاڵێنێت و دەبێت کارە خەیاڵییەکان لە کاری واقعی مێژوونوس جیابکرێنەوە، چونکە مرۆڤ مافی بیرکردنەوە و گوزارشتی تایبەتی هەیە، هونەر خاوەنی سەربەخۆییەکی ڕێژەییە، بەو پێیەی کەرەستەیەکە بۆ گوزارشتکردن و بەئەندازەیەکی زۆر ملکەچی ئەو مەرجانە نییە کە یاسا فەرمانیان بەسەردا دەدات[7].

لەکۆی ئەو بەرهەمانەی مەنگوڕی کە لەسەر بابەتی ئایینی نووسراون بە گشتی خاوەنی کۆمەڵێک کەم و کورتین، چەندین وشە و ڕستە و مەبەستی چەند بارەی تێدایە، کە لەهەموو ئەو بەرهەمانەدا ئاماژەیان پێدراوە و تەنانەت لەیەک بەرهەمیشدا چەندبارە کراونەتەوە، لەڕووی زانستیەوە بەڵگەی بۆ

---

[1] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٨٩.
[2] میرزا مەنگوڕی: چیرۆک...، ل٢٨٩.
[3] میرزا مەنگوڕی: بەهەشتی...، ل٨١٨.
[4] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی...١٩١٤-١٩٥٨، ب١، ل٣٠.
[5] کریستۆڤەر نۆرس: حەقیقەت و ڕەخنە، و. شاهۆ سەعید، گۆڤاری سەردەم ژ(٥٠) ساڵی نۆیەم، نیسانی ٢٠١٧، ل٦.
[6] کریستۆڤەر نۆرس: گوتاری حیکایەتخوانی و گوتاری ئایینی، و. شاهۆ سەعید، گۆڤاری سەردەم ژ(٥٢) ساڵی نۆیەم، ئەیلولی٢٠٠٧، ل٧٩.
[7] کریستۆڤر نۆرس: گوتاری...، ل٧٤-٧٥ .

بیروڕاکـانی لەبـارەی ناڕاسـتی (دەقە ئاسـمانییەکان) و بەتـاڵکرنەوەی پەرجـوی پەیـامبەرایەتی تەواوی نهێنیـیە ئایینییەکـان نەهێنـاوەتەوە، لەهەنـدێک شـوێندا کەوتـۆتە هەڵەوە و هەڵەکـانی لە چەنـد شـوێندا دوبـارەکردووەتەوە، وەک ئەوەی لەچەند شوێن باس لەوە دەکات قورئـان بە ٣٠ سـاڵ تەواوکراوە، یـان هـاتۆتە خـوارەوە، ئەمەش ئامـاژەیە بۆئەوەی شـارەزای و زانیـاری باشـی دەربـارەی زانستە ئایینییەکـان نەبـووە، لەڕووی تەکنیـک و داڕشـتن و قسـەکردنەوە لەئاسـتێکی ئەدەبـی نزمـدایە، لەهەنـدک شـوێندا بە گاڵتەجاڕی و زمانێکی بازاڕییەوە دواوە، وەک خۆی لە دێرە هۆنراوەیەککدا دەڵێت:

هەرچەندە لە ئەدەب دەرچووە پرسیاری (ئەمین)

ئەمما ئەبێ بپرسـم بۆ شک وڕاسـتی ویەقین[1]

ئەو تێڕوانینە تـایبەتییەی مەنگوڕی بۆ ئـایین هەیبـووە، لەنـاو بەرهەمەکـانی تری بەڕوونـی ڕەنگـی داوەتەوە، ئەو زیـاتر ئـایینی لە تێڕوانینـی خەڵکـی ئاسـایی وەرگرتـووە، نەک لەڕێـگەی لێکـۆڵینەوە و لێکـدانەوە تێگەیشـتنێکی زانسـتی لەسـەر خـودی دەقە ئایینییەکـان، ئەو بـاوەڕی بە نادیـاری (غەیـب) لەسەرچاوەکانی ئاییندا نەبووە، بەڵکو کەسێک بووە بیروباوەڕکانی خۆی لەسەر بینرا و بیسترا و هەست پێکراو بونیادنـاوە، زیـاتر بـاوەڕی بە زانست و ئاشـکراکراو هەبـووە، زانستی سـەردەمیش باوەڕەکـانی خۆی لەسەر بینراو و هەست پێکراو دادەڕێژێت.

---

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بەپێکەنین، ل١١٠.

## دەرئەنجام

١. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە لە سەدەی ڕابردوو ژیاوە، بەڵام جیاواز لە هاوسەردەمییەکانی خاوەنی دید و تێڕوانینێکی تایبەت بووە بۆ ژیان و مرۆڤ و دەوروبەر، بیروهۆشی ئەو سنووری تەسکی کۆمەڵگاکەی تێپەڕاندووە و زیاد لە ژینگەکەی خۆی لە خەمی نەهامەتییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدابووە، لەسەرئاستێکی فراوان بانگەشەی بەکارهێنانی ژیری و زانستی کردووە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کۆی مرۆڤیان گیرۆدەکردووە.

٢. ئەو ڕۆڵێکی گرنگی لە نووسینەوەی مێژووی چەند قۆناغێکی گرنگی مێژوویی گەلی کورددا بینیوە، بەتایبەتی ئەو کایە مێژووییانەی گەرچی مێژووەکەیان نوێیە بەڵام بەکەمی نەبێت، مێژوونووسانی هاوسەردەمی هەستیان بە گرنگیی نووسینەوەی مێژووی قۆناغەکە نەکردووە، بەڵام ئەو سەرباری ئەوەی لە پلەیەکی خوێندەواری بەرزدا نەبووە، وەک کەسێکی بەئاگا و هوشیار و وردبین و دووربین پەی بەگرنگی نووسینەوەی مێژوو بردووە و پێیوابووە مێژوو هوشیاری هەمیشەیی لێوەبەرهەمدێت و گەلێک ئاشنای ڕابردووی خۆی نەبێ و مێژوو دەیخاتە پەراوێزەوە و لەنێو گۆڕەپانی مێژوویی ئەوانیتردا ون دەبێت.

٣. بیری مێژوویی وەک تایبەتمەندییەکی کەسایەتی و ئاماژەیەک بۆ ڕۆچوونی ئاگایی ئەو بەقوڵایی گرفتەکانی سەردەمەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو لەناو بەرهەمەکانیدا لەبەرانبەر بەرتەسکی و کورتبینی ژینگە و کۆمەڵگە و دەوروبەرەکەی ڕۆڵی بەرچاوی بینی و بەشێوەیەکی فراوان و لێزانانە خستییە خزمەت دەرخستنی قەبارەی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و بیرییەکانی نەتەوەکەی و کۆی مرۆڤایەتی و لەوێوە دەروازەکانی چارەسەرکردنی گرفتەکانی واڵاکرد، مێژووی بەو گوزەرە چواند کە مرۆڤایەتی دەبێت بەئاگاییەوە پێیدا تێپەڕێت و بیکات بەسەرمەشق و ڕێبەری بۆ دەرچوون لە ئاڵۆزییەکانی سەردەم و تەنانەت وەک مەشخەڵێک ئایندەی پێ ڕوناک بکاتەوە.

٤. ئەو لە بارەی ئایینەوە خاوەنی بیروباوەڕێکی تایبەتی بووە، نیگەرانبووە لەڕۆچوونی ئایین بە ڕیشەی مێژوویی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردی و هەموو نیشانە و ئاماژەیەکی لەبارەی ئایین و بیروباوەڕەکانەوە ڕەتدەکردەوە، بەشێک لەو بارە ئاڵۆزە مێژووییەی گەلی کوردی بۆ ئەو دۆخە ئایینییە گێڕایەوە، کە باڵی بەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەلی کورددا کێشاوە و بەهۆکاری چەقبەستنی کۆمەڵایەتی و سەرچاوەی ستەم و نەهامەتیەکانی گەلی کوردی لەقەڵەمدا و سەرکێشانە بەدوای دەرکردنی ئایینەوە بوو لە ژیانی تاک و کۆدا و داوای چەسپاندنی بیری زانستی و بەکارهێنانی ژیری دەکرد بۆ گەیشتن بە کاروانی پێشکەوتنەکانی سەردەم.

٥. ڕەهەندەکانی بیری ڕەخنەی وەک بوونێکی زگماک ڕیشەی لە سروشتی کەسایەتی مەنگوڕیدا داکوتیبوو، خاوەنی گیانێکی ڕەخنەئامێزی سەراپاگیری فرە ڕەهەندی مێژوویی سەردەمەکەی بووە، وەک مۆرکی تایبەتی سەرجەم بەرهەمە مێژوویی و ئەدەبییەکانی باڵای کردووە، وەک کەرەستەیەکی دەستی ئەو ڕۆڵی گرنگی بینی، لەڕێیەوە بەدوای کەم و کورتییەکانی قۆناغە مێژووییەکان کەوت و لەوێوە دەستی لەسەر برینەکانی کۆمەڵگە دادەنا، ئەو ڕەخنەکانی لەسەردەمێک و کەسایەتییەکی تایبەت نەدەگرت، بەڵکو بۆ سەردەمانێکی پێشوتر دەگەڕایەوە و گەورە و بچوکی لە ڕەخنەکانی نەدەبوارد، ئاراستەی ڕەخنەکانی بەئامانجی بونیادنان و ڕاستکردنەوەی هەڵە مێژووییەکان سەرچاوەی دەگرت.

٦. تەکنیک و کەرەستەی هونەری لەگێڕانەوەی مێژوووییدا بەڕێژەیەکی بەرچاو کاری پێکراوە، بۆ ئاسانکاری گەیاندنی گێڕانەوە مێژووییەکان و پڕکردنەوەی کەلێنە مێژوویەکانی مێژوونووسی کوردی یان هەستیاری دۆخەکان، بەبابەت و تایبەتمەندییەکانی مەنگوڕی پەنای بۆ چەندین ڕێگای جیاواز بردووە، وەک گێڕانەوی چیرۆکە مێژووییەکان و گێڕانەوەی مێژوو لەڕێگەی هۆنراوە و زاری ئاژەڵان

و ئەندێشەوە، کە جیاوازیی و تایبەتمەندییان بە بەرهەمەکانی بەخشی و لە ڕەوتی نووسینی ئاسایی لایدا و لە گێڕانەوەکانیدا هونەری ئاوێزانی مێژوو کرد.

٧. ئەندێشە و خەیاڵی مێژوویی لە ئاستێکی بەرزدا بۆ پڕکردنەوەی کەم و کورتی و کەلێنە مێژووییەکان پەنای بۆ براوە، وەک یەکێک لە تایبەتمەندی و جیاکەرەوە بنەڕتییەکانی نووسینی مێژوویی لای مەنگوڕی تەماشادەکرێت، کە لەرێیەوە هەوڵی تەواوکاری باروودۆخ و دەرخستنی گرفتە قوڵەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی لەسەر ئاستێکی فراواندا.

٨. مەنگوڕی یەک کایەی دیاریکراوی نەکردە بواری کارە مێژووییەکانی، مێژووی لەیەک بواری تایبەتدا قەتیس نەکرد، پێیوابوو مێژوو مێژووی مرۆڤە و دەبێت گوزارشت لەکۆی کایەکانی ژیان بکات و بە نووسینەوەی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی... تاد، خۆی لەبەرتەسکی نووسینەوەی مێژوویی ڕزگارکرد و بەوەش سنوورەکانی نووسینەوەی مێژووی نەریتی تێپەڕاند.

٩. هەندێک لە بەرهەمە (مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، یۆتۆپی، ئایینی)ەکانی هەرای مێژوویی و کۆمەڵی بەدوای خۆیدا هێناوە و جێگای مشتومڕ و گفتوگۆی مێژوونووسان و دەسەڵاتداران و تەنانەت خەڵکی ئاسایی بوون، کە هەندێک لە زانیارییەکانی بە گومانن و جێگای باوەڕی مێژوونووسان نین و بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە فکرییەی کە لە کەسایەتی ئەودا هەبووە، لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە بەرهەمەکانی وەک هەر بەرهەمێکی ئاسایی تر مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، بەڵکو ڕووبەڕووی گوزارشتی جیاواز و توند بووەتەوە کە کاریگەری نەرێنی بەرچاوی لەسەر بەرهەمەکانی لە قۆناغێکی مێژووییدا هەبووە.

## لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم _ دەسنووسەکان:**

١. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩٥٨هەتاوەکو١٩٨٥،ب٢، دەسنووس، پارێزراو لای بنەماڵەی مەنگوڕی.

٢. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: پەندی پێشینان، نوکتەی بەپێکەنین، قسەی نەستەق، دەسنووس، پارێزراو لای بنەماڵەی مەنگوڕی.

٣. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: خودا و خەلیقەت، ١٩٧٢، دەسنووس، پارێزراو لای بنەماڵەی مەنگوڕی.

٤. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: خەونی چوونەبەهەشتی مەنگوڕی، ١٩٧٩، دەسنووس، پارێزراو لای بنەماڵەی مەنگوڕی.

**دووەم _ نامە زانکۆییەکان**

**بەزمانی کوردی:**

٥. شیرین سەعید محمد سعید: نامۆی لە شیعرەکانی شێرکۆبێکەسدا، نامەی ماجستێر، (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی،٢٠٠١.

٦. مەریوان مەحمود محەمەد: خوێندنی کوردی لە ململانێی سیاسی نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق (١٩٢١ـ١٩٥٨)، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو ٢٠٢١.

٧. ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە: دیاردەی یاخی بوون لای شێرکۆ بێکەس و محمد ماغوط، نامەی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، سلێمانی، ٢٠١٩.

**بەزمانی عەرەبی:**

٨. عتيقه دومه، زرقاوى حليمه: عصبة الامم والأستعمار، ريساله ماجستير (غيره منشوره)، جامعة الجيلالى بونعامةـ خميس مليانة، كلية العلوم الاجتماعية، قسم التاريخ، الجزائر، ٢٠١٧.

**سێیەم _ پەرتوکە کوردییەکان:**

٩. بریتا بچورنلۆند: جەنگی سارد، و. هەژاری ڕەحیمی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ب، س، چ.

١٠. بوار نورەین: ڕەدووکەوتن لە کلتوری کوردیدا، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

١١. بورهان حاتەم گۆمەتەڵی: پەختەی فەلسەفەی مێژوو، چ١، چابخانەی نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٢٠.

١٢. بەختیار شاوەیس: گەنج و سیاسەت و مەعریفە، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی،ن،ک)، سلیمانی، ٢٠٠٦.

١٣. بەیدەبا: کلیلەو دیمنە، و. محەمەد صاڵح گەلاڵی، چ٥، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٦.

١٤. تیرینس بایریس: ئادەم سمیس و ماڵتۆس و مارکس، و. ئاگری ئەفشین، چاپی ئەلیکترۆنی، ٢٠٠٨.

١٥. تەلال مەجزوب: ڕێبازی لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی، و. مەریوان عەبدول، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٦. جان جاك ڕۆسۆ: گرێبەستی کۆمەڵایەتی، و. محەمەد صابر کەریم، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥.

١٧. جۆرج ئۆیڵ: مەزرای ئاژەڵان، و. ئەدیب نادر، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
١٨. جەعفر علی: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.
١٩. جەلیل عەباسی: کاروانی ئەندێشە، چ١، چاپخانەی خانی(دهۆک)، هەولێر، ٢٠١٠.
٢٠. جەمال بابان: شارە گەشاوەکەم، ب١-٢، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.
٢١. جەمال نەبەز: کوردستان وشۆڕشەکەی، و. کوردۆ،چ١، ب، ن، چ، بەرلین، ١٩٧٢.
٢٢. چنار سەعد عەبدوڵا: پەروەردەونەتەوایاتی، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.
٢٣. حامید گەوهەری: قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان، چاپخانەی زانکۆی صلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٧.
٢٤. حامید گەوهەری: کۆماری کوردستان، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١.
٢٥. حسێن محەمەد عزیز: ڕۆڵی سیستمی بنەماڵە لە بزافی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستاندا، چ٢، چاپخانەی ئەزمەر، سلێمانی، ٢٠٠١.
٢٦. حسێنی خەلیقی: کۆمەڵناسی کوردەواری، ب٢، چاپخانەی الحوادث، بغداد، ١٩٩٢.
٢٧. حوسێن مەدەنی: کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.
٢٨. حوسێن مەدەنی: کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.
٢٩. حەمید عەزیز: بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، چابخانەی ڕۆژهەڵات، هەلێر، ٢٠١٤.
٣٠. حەمەڕەشید هەرەس: شانۆ باوەڕ و ڕەسەنایەتی، لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری خوێندکارانی کورد، ب، ش، چ، ٢٠٠٢.
٣١. د.بۆتۆڵ: دامەزرێنەران و سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی، و. فەرشید شەریفی، چ١، چابخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٣٢. داریوش ڕەحمانیان: فەلسەفەی مێژوو، و. جەلیلی مورادی، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦.
٣٣. دانیال هوفیو لیچی: ئاین نوێگەری و دنیاگەری، و. ئاوات محەمەد، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٣.
٣٤. ڕاز ئەسعەد: میرزا مەنگوڕی و مێژووی ژن، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١.
٣٥. ڕۆژبەیانی: وڵاتگیری ڕەشەخاکی عێراق، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.
٣٦. ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و. ئەبەبکر خۆشناو، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
٣٧. ڕێبوار سیوەیلی: فەلسەفە، ڕەگەزپەرستی، پەروەردە، چ١، ڕێخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاری کولتوری و ڕۆشنبیری، هەولێر،٢٠١٦.
٣٨. ڕێبوار سیوەیلی: لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
٣٩. ڕێبوار سیوەیلی: مێژووی هزری کۆمەڵایەتی، ب١، چ١، چابخانەی سەردەم سلێمانی، ٢٠٠٨.
٤٠. ڕێبوار محەمەد مەلازادە: تیۆری ئەدەبی و دەقی شعری کوردی لە تیۆری ئەدەبیدا، چ١، ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٢٠.
٤١. ڕەحیم سابیر: فەلسەفەی مێژوو، چ١، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١.

٤٢. ڕەشاد میران: چەند بەبەتێکی ئێتنۆ- کۆمەڵایەتی، ب١، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٠.
٤٣. ڕەفعەت موورادی: فەرهەنگی لهۆن، لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٩.
٤٤. ڕەمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد لە کۆتای چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧١.
٤٥. سابیر بۆکانی: میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٦.
٤٦. سامان حسین ئەحمەد: زلهێزەکان لەجەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆتاییەکانی جەنگی سارد(١٩١٤-١٩٩١)، چ١، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٢.
٤٧. سامان حسین ئەحمەد: میتۆد و لێکۆڵینەوە، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠.
٤٨. سدیق ساڵح و ئەوانیتر: شەفەق یەکەمین گۆڤاری کوردی کەرکوک، ب١، چاپخانەی شڤان، سسلێمانی، ٢٠١١.
٤٩. سدیق ساڵح و ئەوانیتر: گۆڤاری گەلاوێژ، ب١١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦.
٥٠. سمکۆ محەمەد: دەولەت، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٦.
٥١. سەربەست کەرکوکی: میرزا مەنگوڕی و یۆتۆپیا خەیاڵیەکەی گەشتی ئەستێرەی مەریخ، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٠.
٥٢. سەردار عوسمان باداوەی: مێژووی بیری ئابووری، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.
٥٣. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩.
٥٤. سەروەر کەریم :عیشق و خۆشەویستی لەنێوان وەهم و واقعدا، چ٢، چاپخانەی ئاکام، ب، ش،چ، ٢٠٠٦.
٥٥. سەعدون عوسمان: بزافی ڕزگاری خوازی کورد، چ١ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦.
٥٦. سەلام عەبدولکەریم: دەربارەی فەلسەفەی مێژوو ... زانستی مێژوو، چ١، چاپخانەی گەنج، ٢٠٠٩.
٥٧. سەلام عەبدولکەریم: ئازادی ڕادەربڕین لەنێوان ئایین و ئازادیدا، چ١، چاپخانەی سایە، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٥٨. سەید مستەفا مەحموودیان (زمزیرانی): فەقێ وفەقێیەتی لە کوردستان، چ١، چاپخانەی مەهارەت، تاران، ١٣٨٢.
٥٩. شاخەوان فایەق ئەلیاس: مەعریفەی مێژوو، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٦٠. شاکر نابلسی: سامان و سەرهەڵدان، و. ئیبراهیم فتاح، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٦١. شاهۆ عوسمان سەید قادر: سلێمانی لە کۆتای بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین، چ٢، چابخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢٠.
٦٢. شێبلی ئێلێری: سەد ژنی کاریگەر لە مێژوودا، و. یوسف فقیهی، چ١، ب، ش، چ، ٢٠٠٧.
٦٣. شێخ مجەمەدی خاڵ: پەندی پێشینان، چاپخانەی مەعاریف، بغداد، ١٩٥٧.

٦٤. شێخ محەمەدی خاڵ: فەرهەنگی خاڵ، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.
٦٥. شێخ موسڵیحەدین سەعدی شیرازی: گوڵستان، و. زەکی ئەحمەد هەناوی، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.
٦٦. شێرزاد عەبدولڕەحمان: حەسەن زیرەک، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٩.
٦٧. شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و. هەژار، چ٦، پەخشگای پانیز، سنە، ٢٠١٠.
٦٨. صدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح: ڕۆژنامەی کوردستان (مهاباد ١٣٢٤ـ١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦))، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
٦٩. عبدالرحمن بن خلدون: موقەدیمەی ئیبن خەلدون، و. سعید بەشیر، ب٢، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٦.
٧٠. عبدالعزیز سلیمان نوار، عبدالمجید نەعنەعی: مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا، و. خالید هەرکی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.
٧١. عبدالکریم سروش: زانست و ئایین، و. ئاگری ئەفشین، ب، ش، چ، ٢٠١٩.
٧٢. عبدالرحمن ئیبن خەلدون: موقەدیمەی ئیبن خەلدون، و. سەعید بەشیر، ب١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ١٠١٦.
٧٣. عبدالله احمد رسوڵ پژدەری: یاداشتەکانم لە کۆماری کوردستان، چ١، چاپخانەی دار الحریە، بغداد، ١٩٩٢.
٧٤. عزیزی شەمزینی: جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان، و. فەرید ئەسەسەرد چ٤، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٧٥. علائەدین سەجادی: شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق، چ١، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە، ٢٠١٧.
٧٦. علی ئەسغەر حیکمەت: مێژووی ئایینەکان، و. هاشم علی وەیسی، ب١، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٧٧. عماد عبداسلام رووف: نمونەیەک لە ژیان و کارە فکریەکانی، و. سامان مستەفا، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٧٨. عەبدوڵا ئیبراهیمی: فەرهەنگی کاوە، ب٢، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.
٧٩. عەبدولحسەین زەرینکوب: مێژوو لە تەرازوودا، و. قادر محەمەد حەسەن، سۆران بهاء ئەحمەد، چ١، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١١.
٨٠. عەبدولڕەحمان قاسملو: کوردستان و کورد، و. عەبدوڵا حەسەن زادە، چ٦، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.
٨١. عەتا قەرەداغی: چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لەکۆمەڵگەی کوردیدا، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
٨٢. عەتا قەرەداغی: کۆمەڵگەی کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی، چ١،چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١.
٨٣. عەقید بەکر عەبدولکەریم حەوێزی: گەشتێک بەکۆمای مهاباد دا، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
٨٤. عەلی شەریعەتی: قسەیەک دەربارەی کتێب، و. دانا عەبدوڵا، چ١، چاپخانەی سایە، سلێمانی، ٢٠١٠.
٨٥. عەلی وەردی: کەسایەتیی تاکی عێراقی، و. مەودوود جەبار، چ١، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٨٦. فازیل شەوڕۆ: ڕەهەندەکانی خەون لە شعری کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.
٨٧. فواد تاهیر صدیق: کۆمەڵزانی و کورد، چ١، چاپخانەی ژیار، سلێمانی، ١٩٩٩.
٨٨. فوئاد بەعلی: یبن خەلدون و کۆمەڵناسی هاوچەرخ، و. زیرەک ئەحمەد، سنوور عبدالله، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
٨٩. فوئاد عەبدول موعتی ئەلسەیاد: مەغۆل لە مێژوودا، و. نهاد جەلال، چ١، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٨.
٩٠. فەرهاد پیربال: کورد لە دیدی ڕۆژهەلاتناسانەوە، چ٣، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٩١. کامل بەصیر: گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ب١٢، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٥، ل٢٨.
٩٢. کامەران بابانزادە: دامەزراندنی چەند میرنشینێکی کوردی لەهەردوو سەدەی (٨و٩ک-١٤و١٥ز)، چاپخانەی هاشم، هولێر، ٢٠١٢.
٩٣. کامەران محەمەد: فێرنان بڕۆدێل و گوتاری مێژووی، چاپخانەی بینای، سلێمانی، ٢٠١٢.
٩٤. کامەران محەمەد: ڤیکۆ و فەلسەفەی مێژوو، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٩٥. کامەران محەمەد: کورد بونیادێکی نەخەملیوو، چ١، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠٢٠.
٩٦. کامەران محەمەد: کوردناسی و مێژووی ژیانی ڕۆژانە، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١.
٩٧. کامەران محەمەد: لەنێوان مرۆڤ و شوێن و کاتدا، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٩٨. کامەران ئەحمەد حمە: مێژووی بیری ئابووری، ب، ن، چ، سلێمانی، ٢٠١٤.
٩٩. کمال مەزهەرئەحمەد: کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، چابخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغدا، ١٩٧٥.
١٠٠. کەمال بورکای: کورد و کوردستان، و: عەلی فەتحی، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨.
١٠١. کۆمەڵۆمەڵک نووسەر: کۆمەڵگەی شارستانی، و. هەڵکەوت عەبدوڵا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٠٢. کۆمەڵێک نووسەر: ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، چ١، چاپخانەی دلێر، دەزگای ئایدیا بۆ فکرولێکۆڵینەوە، سلێمانی، ٢٠١٥.
١٠٣. کۆمەڵێک نووسەر: ئاشنابوون بە سارتەر، چ١، دەزگای ئایدیا، سلێمانی، ٢٠١٥.
١٠٤. کۆمەڵێک نووسەر: چەند وێستگەیەکی فکری و ئەدەبی، و. ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٠.
١٠٥. کۆمەڵێک نووسەر: ڕۆشنبیر لەنێوان واقیع و چاوەڕوانیدا، و. چەند وەرگێڕێک، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٨.
١٠٦. کۆمەڵێک نووسەر: شانۆ لە چەند وتارێکدا، و. م. پەروەر، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣.
١٠٧. کۆمەڵێک نووسەر: مێژووناسی و فەلسەفەی مێژوو، و. بێستون عبدولکەریم، چ١، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠١٢.
١٠٨. کۆمەڵێک نووسەر: ئاشنابوون بە ئەرستۆ، چ١، دەزگای ئایدیا، سلێمانی، ٢٠١٥.

١٠٩. کەمال بورکای: کورد و کوردستان، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨.
١١٠. کەمال مەزهەر: مێژوو، چ٢، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٨.
١١١. کەمال مەمەند میراودەلی: فەلسەفەی جوانی و هونەر،چ١، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٧٩.
١١٢. گیتا گرکانی: مێژووی سینەما، و. ستار کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١١٣. گیو موکریانی: فەرهەنگی مهاباد، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.
١١٤. گێورگی پلیخانۆف: ڕۆڵی کەسایەتی لە مێژوودا، و. سەلام مارف، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی، ن، ک)، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١١٥. م.س. لازاریف: کێشەی کورد، و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.
١١٦. م.م.پژدەری (میرزا مەنگوڕی): هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن، چ٢، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی، ٢٠١٦.
١١٧. مارتن ڤان برونسن: ئاغاو شێخ و دەوڵەت، و. کوردۆ علی، ب١، چاپخانەی حمدی، ٢٠١٠.
١١٨. مامۆستا جەعفر: مێژووی بیری کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری ی، ن، ك، سلێمانی، ٢٠٠٩.
١١٩. مامەند ڕۆژە: ئەرمەنۆساید، چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨.
١٢٠. محمود مەلا عززەت: بازنەکانی ململانێی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی کورد، چ٢، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٢١. مستەفا ساڵح مستەفا: هونەرەکانی پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا(١٩٢٦-١٩٣٢)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، کرمانجیدا(١٩٢٦-١٩٣٢)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١.
١٢٢. محەمەد حەمە باقی: ڕاپەڕینی هەمزەئاغای مەنگوڕ لە بەڵگەنامەکانی قاجاردا (١٨٥٤-١٨٨١)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٢.
١٢٣. محەمەد شوانی: سۆسیۆلۆژیای چینە کۆمەڵایەتییەکان، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.
١٢٤. محمد عباس جلال: مێژووی خەباتی گەلی ڤێتنام، و. فەرهاد همزە محەمەد، چاپخانەی اسعەد، بغداد، ١٩٨٣.
١٢٥. محەمەد علی قەرەداغی: بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، ب١، چ١، چاپخانەی وەمیض، بغداد، ١٩٨٨.
١٢٦. محەمەد کمال: فەلسەفەی هونەر، چ١، چاپخەنەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧.
١٢٧. مسعود جەلال مقەدم: کاریگەری ئایین لە کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکاندا، و. سعید بەشیر خەرپانەی، چ١، چاپخانەی سایە، سلێمانی،٢٠١٠.
١٢٨. موحسین محەمەد حسێن: سروشتی مەعریفە و فەلسەفەی مێژوو، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.
١٢٩. موحسین ئەحمەد عومەر: فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، ب١، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٣٠. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤ هەتاوەکو ١٩٥٨، ب١، چ٢، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٠.

١٣١. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤وە هەتاکو ١٩٥٨، ب٢، چ١، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٣٢. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد، ١٩٥٨ هەتاوەکو ١٩٨٥، ب١، چ٢، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٣٣. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی مەنگوڕی، چ١، چاپخانەی یاد، ب، ش، چ، ٢٠٠٩.
١٣٤. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: جیهانێکی بە پێکەنین، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٨.
١٣٥. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائیقی بەسەرهاتی شێخ محمود لەپەنا ئیستقلالی کوردا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣.
١٣٦. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: دەستوری ژیان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠.
١٣٧. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: زێرینای ئامێدی، چاپخانەی غەری حەدیثە، نەجەف، ١٩٧١.
١٣٨. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: فەیرۆزخانی پشت کۆ، چاپخانەی قضاء، نەجەف، ١٩٧١.
١٣٩. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: کورد و کوردستان لە ئیسلامەوە هەتا ١٩٧١، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠٠٨.
١٤٠. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: کۆنگرێسی دڕندەومەل لە کێوەڕشی ڕانیە ١٩٦٩، ب، ش، چ، ب،س،چ.
١٤١. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: ماهراکۆ، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧١.
١٤٢. میرزا مەنگوڕی: بەهەشتی دڵداری، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠.
١٤٣. میرزا مەنگوڕی: جیهانێکی ئازاد، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلیمانی، ٢٠٢٠.
١٤٤. میرزا مەنگوڕی: چیرۆک، بەسەرهات، گێڕانەوە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،٢٠٢٠.
١٤٥. میرزا مەنگوڕی: شەش کتێبی مێژووی، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٢.
١٤٦. میرزا مەنگوڕی: گەشتی ئەستێرەی مەریخ، چ٤، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١.
١٤٧. مەحمود مەلا عززەت: دەوڵەتی جمهوری کوردستان، چ٣، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١.
١٤٨. مەحمود مەلا عززەت: دەوڵەتی جمهوری کوردستان، ب٣، چاپخانەی گەلی کوردستان، ستۆکهۆڵم، سوید، ١٩٩٧.
١٤٩. مەریوان وریا قانع: دین و دونیا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
١٥٠. مەسعود محەمەد: حاجی قادری کۆی، ب١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٧٣.
١٥١. مەلا عبدولکەریمی مودەڕیس: دیوانی مەحوی، چ٥، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە، ١٣٨٧.
١٥٢. مەلا محەمەد عەلیاوەی: ژیانی فەقێیەتی لە کوردستان، چ١، ب،ن،چ، سلێمانی، ٢٠٠٣.
١٥٣. نەسروڵا ئیمامی: بنەما و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، و. سەنگەر نازم و هیمداد حسین، چ١، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاودێر، هەولێر، ٢٠١٨.
١٥٤. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەی و ئەدەبی، چاپخانەی بینای، سلێمانی، ٢٠١١.
١٥٥. نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق(١٩٧٩-١٩٨٣)، ب،ن،چ، بەرلین، ئەڵمانیا، ١٩٩٧.

١٥٦. نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان، چ٣، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٥٧. نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردوعەجەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٥٨. نەوشیروان مسەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە بۆ خری ناوزەنگ (دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥ـ١٩٧٨)، ب، ن، چ، بەرلین، ئەڵمانیا.
١٥٩. هـ. سوارە: سیاسەت، ب١، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٦٠. هۆراس: هونەری شعر، و. حەمید عزیز، مطبعە الزمان، بغداد، ١٩٧٩.
١٦١. هیوا عەزیز سەعید: ڕۆشنبیر و گوتاری فیکری، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢.
١٦٢. هیوا عەزیز سەعید: ناسیۆنالیزمی کوردی (١٨٨٠ـ١٩٣٩)، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری، سلێمانی، ٢٠٠٣.
١٦٣. هەڵگورد بەرزنجی: نامۆبوونی نەتەوەیی، لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ب، ش، چ، ١٩٩٨.
١٦٤. هەژاری موکریانی: هەمبانە بۆرینە، ب١، چ١، چاپخانەی پویا، تاران، ١٣٦٩.
١٦٥. ئازاد عەبدولواحید: کلتور و ناسنامە، چ٢، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
١٦٦. ئازاد قەزاز: سەرەتایەک بۆ فەلسەفەی ئایین، چ١، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٠.
١٦٧. ئاسۆ جبار: کۆمەڵگای داخراو، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٦٨. یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، چ٢، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١١.
١٦٩. ئاکۆ عبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی (١٩١٨ـ١٩٣٢)، چ١، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٧٠. ئاوات سەید ئەحمەد: هۆزی مەنگوڕ، چ١، چاپخانەی سەبا، مهاباد، ٢٠١٨.
١٧١. ئایزانا بێرلین: ئازادی و خیانەت لە ئازادی، و. ئەرسەلان حەسەن، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٦.
١٧٢. ئۆرخانی غالب: شۆڕشی ئەیلول و ڕۆژگاری دوای هەرەس، چ٢، چاپخانەی چیا، لەندەن، ٢٠٠٣.
١٧٣. ئورهان پامۆک: ڕۆمانوسی سادە و ڕۆمانوسی بیرکەرەوە، و. بکر شوانی، چ١، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی،٢٠١٦.
١٧٤. ئومێد قەرەداغی: کێشەکانی هزری ئایینی، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی،٢٠١٢.
١٧٥. ئومێد ئاشنا: دیوانی بێکەس، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٧٦. ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول ـ بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١ـ١٩٧٥، چ٢، چاپخانەی هێرمان، سوید، ١٩٩٩.
١٧٧. ئیحسان تەبەری: فێرکردنی فەلسەفەی زانستی، و. حسین خەلیقی، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٩٤.
١٧٨. ئیحسان نووری پاشا: مێژووی ڕیشەی نەژادی کورد، و. وریا قانع، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٢.
١٧٩. ئیسماعیل بێشکچی: کوردستان کۆڵۆنیایەکی نێو دەوڵەتی، و. حەمەڕەشید، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٨٠. ئەحمەد حەمەد ئەمین: چەندلاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.
١٨١. ئەحمەد باوەڕ: چەند لاپەڕیەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
١٨٢. ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب١-٤، چ٣، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٦.
١٨٣. ئەحمەد حسین ئەحمەد: شەڕی بەردەکی سەرای سلێمانی ٦ ئەیلولی ١٩٣٠، چاپخانەی ژیر، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٨٤. ئەرستۆ: میتافیزیک، و: محەمەد کەمال، ب، ن، چ، ب، س، چ.
١٨٥. ئەکرەمی محمودی ساڵحی ڕەشە: شاری سلێمانی، ب١، چ٢، ب، ن، چ، بغداد، ١٩٨٧.
١٨٦. ئەلیکساندەر گەربۆڤسکی: نهێنی کونترین مێژوو، و. جەلال تەقێ، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠١٧.
١٨٧. وەدیع جوەیدە: جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بنەما و پەرەسەندنی، و: یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨.
١٨٨. برایم فەرشی: سەدەی کارەسات، چ١، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨.

**چوارەم_ پەرتوکە عەرەبیەکان:**

١٨٩. ابراهم كبه: دراسات فى تاريخ الاقتصاد، ط١، مطبعة إلارشاد، بغداد، ١٩٧٠.
١٩٠. احمد زكريا الشلق: ما التاريخ .. وكيف نفسره؟، المجلس الأعلى الثقافة، القاهرة، ٢٠١٥.
١٩١. إلياس أبو شبكة: تاريخ نابوليون بونابرت، مؤسسة هنداوى، قاهيرة، ٢٠١٧.
١٩٢. احمد شلبى: موسوعة التاريخ الاسلامى والحضارة الاسلامية، ط٢، مكتية نهضة المصرية، القاهرة، ١٩٧٨.
١٩٣. إمام عبدالفتاح إمام: مدخل إلى الميتافيزيقا، ط١، نهضة للطباعة و النشر، قاهرة، مصر، ٢٠٠٥.
١٩٤. ادوار الخراط: فجر المسرح، دار نوبار للطباعة، القاهرة، ٢٠٠٣.
١٩٥. جنات بلخن: السرد التاريخي عند بول ريكور، ط١، دار الأمان، رباط، ٢٠١٤.
١٩٦. جورج لوكاش: الروايه التاريخية، ت. صالح جواد، ط٢، دارالشؤن الثقافية، العراق، ١٩٨٦.
١٩٧. حسان حلاق: مناهج الفكر و البحث العلمى، دار نهضة العربية، بيروت، ٢٠١٠.
١٩٨. حسن عثمان: منهج البحث التاريخي، ط٢، دارالمعاريف، القاهرة، ٢٠١٥.
١٩٩. راشد البراوي: تطور الفكر الإقتصادي، ط٢، مطبعة شام، سوريا، ١٩٨٢.
٢٠٠. ربحى مصطفى عليان: مناهج وأساليب البحث العلمي، ط١، دار صفاء، عمان، ٢٠٠٠.
٢٠١. سامى عبدالرزاق: فكر الآنسان عبر التاريخ الطويل، ط١، دار الفكر العربي، بيروت، ١٩٨٦.
٢٠٢. سروه اسعد صابر: كوردستان الجنوبية (١٩٢٦-١٩٣٩) ط١، چاپخانەى حەمدى، سليمانية، ٢٠٠٦.
٢٠٣. عبدالرحيم كردى: البنية السردية، ط١، الدار الثقافة، القاهرة، ٢٠١٠.
٢٠٤. عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات و المنظمات و الأحزاب الكوردية فى نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، دار سردم للطباعة و النشر، سليمانية، ٢٠٠٨.
٢٠٥. عبدالوهاب حميد رشيد: حضارة وادي الرافدين ميزوبوتاميا، ط١، دار الثقافة والنشر المدى، بيروت،٢٠٠٤.

٢٠٦. بروانه:تاريخ أوروبا الحديث و العاصر، عبدالفتاح حسن أبو علية، اسماعيل احمد ياغى، ط٢، دار المريخ للنشر، سعودية، ١٩٩٣.
٢٠٧. عبدالله العروي: مفهوم التاريخ، ط٤، المركز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠٠٥.
٢٠٨. على بن حسن الهنائي: المنجد فى اللغة، ط٢، عالم الكتب، بيروت، ١٩٨٨.
٢٠٩. مجموعة المؤلفين: منهجية البحث العلمي وتقنياتة فى العلوم الاجتماعية، المركز الدمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والسياسية والاقصادية، برلين، ٢٠١٩.
٢١٠. محمد الجزار: الفكر إلانساني، ط١، مطبع أمون مركز كتاب للنشر،القاهرة، مصر، ٢٠٠٦.
٢١١. محمد محمد داود: جدلية اللغة و الفكر، ط١، دارغريب، القاهرة، ٢٠٠٩.
٢١٢. محمدعلى التهانوي: كشاف اصطلاحات الفنون، ج٢، ط١، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٩٦.
٢١٣. محمود محمد الحويرى: منهج البحث فى التأريخ، المكتب المصرى لتوزيع المطبوعات، القاهرة، ٢٠٠١.
٢١٤. نبيل عبدالهادى: مهارات في اللغة و التفكير، دارالمسيرة، عمان، ٢٠٠٣.
٢١٥. هاشم يحى الملاح: المفصل في فلسفة التاريخ، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ٢٠٠٧.
٢١٦. هرن شو: علم التاريخ، ت. عبدالحميد العبادي، ط١، مطبعه لجنه التأليف، القاهره، ١٩٣٧.
٢١٧. يان مانفرد: علم سرد، مدخل الى نظرية السرد، ت. أمانى أبو رحمة، دار نينوي، سوريا، ٢٠١١ .
٢١٨. يانيل لميل: الطبقات الاجتماعية، ت: جورجيت الحداد، ط١، الداراالكتاب الجديد، لبنان، ٢٠٠٨.

**پێنجەم_ سەرچاوە ئەلكترۆنیەكان:**

**بە زمانی عەرەبی:**

٢١٩. **https://sotor.com/**تعريف-المنهج-الوصفي أزهار عبد الغنى: تعريف المنهج الوصفى، ٢٠٢١/١/١٣، بەرواری سەردانیكردن ٢٠٢٢/٤/٨.
٢٢٠. http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/Mnfsia١٥/SocHistory/sec٠١.doc_cvt.htm التأريخ الإجتماعي:٢١/٢٠/ ٢٠٢٠، بەرواری سەردانی كردن ٢٠٢٢/٢/٢.
٢٢١. تاريخ الأديان - موضوع (mawdoo٣.com) غادة الحلايقة: تاريخ الآديان، ٢٢/أبريل/٢٠٢٢، بەرواری سەردانیكردن ٢٠٢٢/١٢/٨.
٢٢٢. https://e٣arabi.com/sociology/ماهو-التاريخ-السياسي/ نانسي عتوم، ٢٥/فبراير/ ٢٠٢٠، بەرواری سەردانیكردن ٢٠٢٢/٢/٨.
٢٢٣. http://cfijdida.over-blog.com/استعمال-الوثيقة-في-درس-التاريخ-بين-الهاجس-البيداغوجي-والهاجس-الابستمولوجي خاليد فؤاد طحطح: استعمال الوثيقة بين الهاجس البيداغوجي والهاجس الابستمولوجى، ٢٠١٣/٥/٧ ، بەرواری سەردانیكردن ٢٠٢٢/٨/١٣.
٢٢٤. https://platform.almanhal.com/Reader/Article/١٢٦٩٧٠ عبدالرحيم الحسناوى: الوثيقة التاريخية اضاءة إبستمولوجية،بەرواری سەردانیكردن ٢٠٢٢/٥/٢٤.

٢٢٥. https://egyresmag.com/علاقة-علم-الاقتصاد-بمختلف-العلوم-الأخ/ أمل حسين: علاقة علم الاقتصاد بمختلف العلوم الأخرى، ١/ مارس / ٢٠١٦، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٣/٨.
٢٢٦. https://mawdoo٣.com/ما_هو_السرد ألاء الفارس: ماهو السرد، ١٤/ سبتمبر/ ٢٠١٢، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٧/٥
٢٢٧. https://int-historians.com/article/١٠٨٤ عماد عبدالسلام رؤوف: من هو المؤريخ، ٢٤ / ٦ / ٢٠١٥، بەرواری سەردانیکردن ٢٠/٥/ ٢٠٢٢.
٢٢٨. https://al-fanarmedia.org/ar/٢٠١٩/٠٩/التاريخ-الشفوي-في-العالم-العربي-نافذة/ دانا عابد: التأريخ الشفوى فى العالم العربى، نافذ المهمشين، ٢٠١٩/٩/١١، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٤/١٧.
٢٢٩. **https://www.merefa٢٠٠٠.com/٢٠٢١/٠٩/blog-post_٧٩.html** المنهج الوصفي_ بحث الكامل، ٥/سبتمبر٢٠٠٥، بەرواری سەردانی کردن ٢٠٢٢/١٠/٤
٢٣٠. تاريخ الدين - المعرفة(marefa.org) بەرواری سەردانیکردن / ٢٠٢٢/١٢/٨.

**بە زمانی ئینگلیزی:**

٢٣١. Historical Empathy and Historical Imagination - Beyond Novelty: The Impact of Simulation and Role-Play Activities on Historical Empathy and Imagination (weebly.com)، Graefe Stefanie.Beyond Novelty: The Impact of Simulation and Role-Play Activities on Historical Emplathy and Imagination.Evolving Definition of Historical Imagination. Inationiquiry . ٢٤/ April / ٢٠١٣. بەرواری سەردانی کردن ٢٠٢٢/٦/٢٠.

**شەشەم_ گۆڤارەکان:**

**بەزمانی کوردی:**


٢٣٢. بەسام ئەلبەغدادی: کێ گەردوونی دروستکرد؟، و. ڕۆزا سەعید، گۆڤاری فاکت، ژمارە (٣-٤) ساڵی دووەم ٢٠٢٠.
٢٣٣. حەکیم ئەحمەد: مێژوونووس یان مێژووناس، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (٣)، ٢٠٠٧.
٢٣٤. ڕزگار حەسەن غفور: سەرهەڵدانی نووسین و چاپ و کتێبخانە، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژ(١٠)، ٢٠٠١.
٢٣٥. ڕوی پۆرتەر: چاکسازی دین بەهۆی ئەقڵەوە، و. ڕێبین هەردی، گۆڤاری سەردەم ژ(٦٤) ساڵی دوانزەیەم، پایزی ٢٠١٠.
٢٣٦. سەباح علی جاف: چاکسازی ئایینی، گۆڤاری ئایدیا واڵا، ژمارە(٣١)، شوباتی ٢٠١٢.
٢٣٧. سەید حوسین ئیمامی: واتای ئازادی لای هانا ئارنێت، و. شەریف فەلاح، گۆڤاری ئایدیا واڵا، ژ(٤٠) ساڵی نۆیەم، ئابی ٢٠١٣.
٢٣٨. شاخەوان عەبدوڵا صابر: ڕەفیق حلمی و ڕێبازی لە توێژینەوەی مێژوودا، گۆڤاری توێژەر، ب٢، ژ(٣)، ٢٠١٩.
٢٣٩. شەهاب شەباهەنگ: ڕەخنەی لودویگ فیورباخ لە ئایین، و. مانی، گۆڤاری ئایدیا ژ(٥٠-٥١)، ساڵی یازدەیەم ٢٠١٥.
٢٤٠. صافیە محەمەد ئەحمەد، ئەڤین ئاسۆس حەمە: ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی پەروەردەیی و هوشیاری لە شیعرکانی (میرزا مەنگوی) دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە(١٣)، ٢٠١٧.

٢٤١. عەتا محەمەد: دەسنووسی یەکەم کتێبی نووسەرە ئەندێشەییەکان، گۆڤاری ئاینده، ژمارە (٢٣)، تەموزی ٢٠٠١.
٢٤٢. ف. بێکەس: سەرنجدانێ لە ئەدەبیاتی مەنگوڕی، گۆڤاری ڕۆڤار، ژ(٣٥)، ٢٠٠٥.
٢٤٣. فایەق بێکەس: سەرنجدانێ لە ئەدەبیاتی مەنگوڕی: گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٧) ساڵی (٥)، تموز ١٩٤٤.
٢٤٤. فەرەیدون حەکیمزادە: میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، گۆڤاری مهاباد، ژ(١٤٩)، ساڵی سێزدە، ١٣٩٢.
٢٤٥. کامیل محمود: بیرکردنەوەی زانستی، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژ(٢٦) ساڵی (٧)، شوباتی ٢٠٠٦.
٢٤٦. کامەران محەمەد قادر: مێژووی زارەکی، یادەوەری کۆمەڵی و مێژووی پەراوێزخراوەکان، المجلة العلمية لجامعة جيهان - السليمانية، المجلد (٦)- العدد(٣)، حوزیران ٢٠٢٢.
٢٤٧. کریستۆڤر نۆرس: گوتاری حیکایەتخوانی و گوتاری ئایینی، و. شاهۆ سەعید، گۆڤاری سەردەم ژ(٥٢) ساڵی نۆیەم، ئەیلولی٢٠٠٧.
٢٤٨. کریستۆڤەر نۆرس: حەقیقەت و ڕەخنە، و. شاهۆ سەعید، گۆڤاری سەردەم ژ(٥٠) ساڵی نۆیەم، نیسانی ٢٠١٧.
٢٤٩. گوڵاڵە علی مەولود: ئاینی معلل یان مدلل، گۆڤاری هەژان، ژ (٢٤)، ٢٠١١.
٢٥٠. محەمەد محمدی: بەراوردی چۆنییەتی خەیاڵکردن لە ڕازە کۆن و نوێیەکاندا، و. فاتیمە حسین، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٦٠)، ساڵی پێنجەم، حوزەیرانی ٢٠٠١.
٢٥١. میران عەلی: ڕادیۆی دیجیتاڵی، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژ(٣٢)، ساڵی هەشتەم ٢٠٠٧.
٢٥٢. میرزا مەنگوڕی، قەڵەمێکی ئازاد، گۆڤاری ڕۆڤار، ژ(٤١)، ٢٠٠٦.
٢٥٣. میرزا مەنگوڕی: وەڵامی ڕفیق حلمی لە بەرانبەر ئینقلابی شعری کوردی، گۆڤاری شەفەق، ژ (٤)، نیسانی ١٩٥٨.
٢٥٤. میرزا مەنگوڕی: ئەدەبیاتی مەنگوڕی، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ(٥) ساڵی (٥) مایسی ١٩٤٤.
٢٥٥.
٢٥٦. مەحمود عومەر باوزی: میرزا مەنگوڕی و چیرۆکی شاربەدەرکردنی لە ڕانیە، گۆڤاری مهاباد، ژ(١٤٩) ساڵی سێزدە، ٢٠١٣.
٢٥٧. مەریوان عەلی خواڕەحم: نامۆبوونی کەسێتی لاوی کورد، گۆڤاری ڕوون، ژمارە (٧)ی ساڵی شەشەم، ٢٠١٦.
٢٥٨. مەنگوڕی: وەرامی ڕەخنەگر، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ(٩) ساڵی (٥) ئەیلولی ١٩٤٤.
٢٥٩. نیازی حەمە عزیز: لە نامەیەکدا مەنگوڕی وەسێتەکەی بۆمن نووسی، گۆڤاری ڕانیە، ژ(١٤)، ٢٠٠٥.
٢٦٠. نەجات حەمید ئەحمەد: خەون و بەرجەستەبوونی نازەمەنی، گۆڤاری کاروان، ژمارە(٢٠٢)، کانونی دووەم، ٢٠٠٦.
٢٦١. هۆگر گۆران: وەڵام بۆ مامۆستا ڕەفیق حیلمی، گۆڤاری شەفەق، ژ(٥، ٦)، مایس و حوزەیرانی ١٩٥٨.
٢٦٢. ئازاد حەمە: فەلسەفاندنی پرسیار، گۆڤاری ئایدیا، ژ(٦٦-٦٧) ساڵی پانزەیەم، ٢٠١٨.
٢٦٣. ئیبراهیم مەحمود خەلیل: زانستە مرۆڤیەتییەکان و ڕەخنەی ئەدەبی، و. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، گۆڤاری سەردەم ژ(٥٦) ساڵی دەیەم، پایزی ٢٠٠٨.

**بەزمانی عەرەبی**
٢٦٤. عمر عثمان: التاريخ الفكری، مجلة أسطور، عدد(١٢)، تموز ٢٠٢٠.
٢٦٥. محمد أبيهی: مدرسة الحوليات الفرنسية، ظروف النشأة وأهم الأفكار، مجلة ليكسوس، عدد(١١)، ٢٠١٧.
**حەوتەم – ڕۆژنامەکان:**
**بە زمانی کوردی:**
٢٦٦. بەسەرهاتی مەنگوڕی: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٠٨٢) ی ساڵی چوارەم، ١٩٩٥/٩/٨.
٢٦٧. ڕێبوار سیوەیلی: شار لە گێڕانەوەی مەنگوڕیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٥٩١٩)، ٢٠١٢/ ١١/١٥.
٢٦٨. ڕەسوڵ بۆسکێنی: مەنگوڕی یەکەم نووسەری کوردە لەسەر بیروڕا زیندانی کرابێت، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٨٢٧٣)، ٢٠٢١/١/٢١.
٢٦٩. عەبدولڕەقیب یوسف: شاعیر و مێژوونووسی کورد میرزا مەنگوڕی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٩٩٥)، ١٩٨٨/٤/٨.
٢٧٠. م.م مەنگوڕی: بڕێک لە دەستوری کوردی نووسین، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە(٤٢)، ساڵی یەکەم، ١/ مە/١٩٤٦.
٢٧١. محمد مەنگوڕی: چاورونی و پیرۆزبای بۆ هەیئەتی جەوانان، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ(٧٠)، ساڵی یەکەم، سێ شەمە، ١/گەلاوێژ ١٩٤١.
٢٧٢. میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی مەنگوڕی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٠٩٤)، ساڵی چوارەم، ١٩٩٥/٩/٢٢.
٢٧٣. میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی مەنگوڕی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١١٠٦)، ساڵی چوارەم، ١٩٩٥/١٠/٦.
٢٧٤. میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی مەنگوڕی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١١٢٠) ساڵی چوارەم، ٢م١١/١٩٩٥.
٢٧٥. میرزا مەنگوڕی: بەسەرهاتی مەنگوڕی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١١٢٦)، ساڵی چوارەم ١٩٩٤/١١/١٠.
٢٧٦.
**هەشتەم_ چاوپێکەوتنەکان:**
٢٧٧. چاوپێکەتن لەگەڵ (شێرکۆ مەنگوڕی)، سلێمانی، ٢٦/ ٢٠٢١/١٠ .
٢٧٨. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (برایم جلال)، ٢٠٢٢/٧/٢، سلێمانی.
٢٧٩. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عبدولڕەقیب یوسف) لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ١٢/١١، ٢٠٢١.
٢٨٠. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نیازی حەمە عەزیز) لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ٢٠٢١/١٢/٢٣.
٢٨١. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ عەباس ئاغا) لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ٢٠٢٢/٢/٨.
٢٨٢. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەیوب کوێخا ڕۆستەم)، سلێمانی، ٢٠٢١/١١/٢.
٢٨٣. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عبدالڕەقیب یوسف، ٢٠٢٢/٧/٢٦، سلێمانی.

دەسنووسی تۆماری دەنگی پارێزراو لای (عبدلڕەقیب یوسف)

## پاشکۆی ژمارە ١-١


لە کۆماری مەهاباد
لە ساڵی ١٩٤٤ ... حوکمم درام و کەس بووم لە سلێمانی ... حکومەتی عیراق
حەمە رەشید خان هێنا بوە بو سلێمانی بوئەوە بنێرێتە بو لیدانی کۆماری مەهاباد
و لە کەرکوکەوە هێناویان چونکە لەوێ مەنفی بو بەلام حەمە رەشید خان کە هاتە سلێمانی
بە حکومەتی ووت من ناتوانم ئەو ئیشە بکەم و لە کوردەکان بدەم حکومەتیش پێی ووت
کە ناتوانی ئەو کارە بکە بڕۆ جێگەی خۆت بڕۆ کەرکوک وناردیانەوە بو کەرکوک بەلام لەوێ
فراری کرد وچو بو کۆماری مەهاباد و چونکە ناسیاری مەلا مستەفا بو ... هەروەها
ئەوە کردیان جەنەراڵ و ... کردە موعاونی ئەو
کە حەمە رەشید خان چو بو کۆماری مەهاباد دەوری (٢٠٠) چەکداری خۆی هەبو یانی لەگەڵ
چوبون
حەمە رەشید خان دوو حەرەکاتی هەیە یەکەم هەر لە کاتی حەربی عالەمی ...
حەمە رەشید خان چو سەر (بانە) و بانەی گرت و (٧٠٠) تفەنگی ... لە بانە
گرت و ... حکومەتی ئیران بو ... روی و هەمووی گرت و دوازدە هەزار کەسی
هەبو (...) ... و ئینگلیزەکان ...
... بانە و کرماشان ... چونکە ... ئەگەر دەتوانی بانە و
ئەزربیجان بڕۆ کە عەلاقەی بە روسی هەبو . حەمە رەشید خان عەلاقەی ... روسی و
... ئینگلیز ... و ... سیاسی ... و ... موئەقەت کرد لەگەڵ ...
دانی بە حەمە رەشید خان و ... (بانە) داشت ... (١٩٤١)
حەمە رەشید خان مرۆڤێکی زور زیرەک و زانا و بە پیلان بو ... خوێندەواری ...
بەلام خوێندەواری هەر بو بەلام ... ئیتیفاق بون ... و خۆی
باش بو (یانی زورتر ... نەبو)
٤٠ر: لە شەخسیەتی چون بو؟
میرزا: خوی (یانی حەمە رەشید خان) مروڤێکی زور ... زور بەشوشی بو زور
قسەی خوش بو و ... پیاوی زور خوش ... 

وەرگیراوە لە (عەبدولڕەقیب یوسف)

٢

ئەو موودەی لە مەهاباد بووم (یانی لە کۆماری مەهاباد بووم) مەعاشی لە کۆماری مەهاباد
وەرنەگرت تەنیا چل شەو وەری گرت
حەمە ڕەشید خان ~~بۆچی لە [illegible] بۆ کرا لە کوێ~~
ووت محمود خانی مەریوان (محمود خانی کانی سانان) زوڵمی لە ئێمە ئەکە
وە موڵکی ئێمە زەبت کردووە پێشتر شەڕی عەجەمەکانی کرد و عەجەمەکان یارمەتی محمود
خانیاندا و ئەوسا فەرە حەمە ڕەشید خان شکا و بانەی سووتاند و لای حەمە
ڕەشید خان وابوو (بانە) بسووتێنی عەجەمەکانە تا چەند بانە (١) و هاتە بۆ عیراق
دوای حکومەت نەفی کرد بۆ ڕەمادی (و بۆ کەرکوک) و حەمەرەکەی مەهاباد
گەورە بوو حکومەت ویستی بیگرێ بۆ لیژنەی مەهاباد و ئەویش ئەچوو
و دوای ڕاکرد چوو پشتگیری حەمەرەکە کرد و ئەوەڵ کە چوو ڕووی بوو دێ
(تورکان کەندی) لە لای (بوکان) کە دێ ئەحمەد خانی خەلیل خانە یانی
(ئەحمەد خانی سالار) (٢).
حەمە ڕەشید خان کە فراری کرد وەمە بیستم و نوێ لە سەقزی بەربووم منیش ڕاکرد و چووم و ژن و ماڵم
(یانی لە سلیمانی)
نەبرد و خۆم زۆرم ناوی محیی الدین بوو و بەڕێ نا چوو : (٣)
ویستم بچم بۆ مەهاباد ~~و لە تورکان کەندی~~ لە بەر حەمە ڕەشید خانم ووت کانێ من بۆ نیوو
ووت من ڕۆ و بەیانی بچم ئەگەر هاتی ئەمنت نەدیت بۆ کوێ چووم هەرە بۆ
ئەوێ کە بیستم چووە ئەمنیش چووم بۆ مەهاباد لەوێم پێ ووت (یانی لە ئێران) بۆچی
بەمنت نەووت دەچم ووتی ئەووتم ئەوێ ئەڕۆ دوایکی بڕاتەوە و بگرێ و مەمە لە ئەشکرە
بێ
ئەوەڵ جاسوسی محمد اعتمادی لەسەر حەمە ڕەشید خان نە دەکرد ووتیان ئەوک
جاسوسی ئینگلیزە و ئینگلیز ناردی دوای کە تەحقیقیان کرد درو دەرچوو

(٢) ئەحمەد خان لە سەقز لەگەڵ هەردوو برای خۆی لە سێدارە دران پاشی ڕوخانی کۆماری
مەهاباد و نامەی ئەوەم بۆ حەمە ڕەشید خان بڵاوکردوە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری ژمارە ١١٢ (١
ساڵی ١٩٧٦ براکانی (محمد دانشوەر) و (عبدالله مەتین) بوون.
(٣) یانی لە سلیمانی پێشی ووتوە

٤

واعتمادیان هەستەسەری و تەعیینکردن بە جەنەڕال قائدی لەشکر و چوار
جەنەڕال تەعیین کردن : ١- محەمەد ڕەشید خان خۆی کە قائد ئەو جێگەیە بو
جەنەڕال محەمەد حسێن خانی خزمی قازی و مەلا و عومەر خانی شکاک و

محەمەد ڕشید خان لە هەموان گەورەتر بو و هێزی زۆرتر بو مەنتەقەی بانە تا بۆکان
لە ژێر دەستی ئەودا بو بەلام سەقز خۆی ئەگرا عەجەمەکان لەوێ داوا موقاوەزەیان دەکرد
اغفالیان کرد ووەقتمان بە خۆڕایی چو و محەمەد ڕەشید خان لە سەرئەوە توڕە بو و پەیوەقازی
ووت عەجەمەکان اغفالی ئێمەیان کرد لە سەقز ووەقتمان بێ سود چو و ووتی دەڕوم
چەند قازی هەولدا لەگەلی کە نەگەرێتەوە ووتی هەر دەگەرێم (١)

عبدالرقیب : لەبەرچی گەرایەوە بو کوردستانی عێراق بو ؟
میرزا محەمەد نگوری : مەسەلەیەکی سیاسی هەبو ناتوانم بلێم

[illegible]

هەر بۆ
من کاتبی محەمەد ڕەشید خان بوم و نامەکانی هەموی دەم نوسی و بەشداریم کردوە لە ڕۆژنامەی
گۆڤاری مەهاباد دیشم شتم بۆیان دەنوسی .

عبدالرقیب : محەمەد ڕشید خان پەیوەندیی لەگەل ئێران نەبو ؟

میرزا : لەم دوایەدا کە بەینی تێک چو (یانی دلگیر بو لە گۆماری مەهاباد )
سەرلەشکری ئێران (ڕوزمارا ) پەیوەندی بە محەمەد ڕەشید خانی کرد ووتیان هەرلەگەل
گوماری مەهاباد مەبە و دانشە هەرچی دە تەوێ دە دەینە پێت بەلام محەمەد ڕشید
خان باوەری پێیان نەدەکرد و دەیوت عەجەمەکان درو دەکەن

~~احمد خانی مەنیجەلان فارسزان~~
عبدالرقیب : نامە نوسین لە بەینی ئێوە و عەجەمەکاندا هەبو ؟ بەلێ
میرزا : بەلێ هەبو نامە هاتو نوسیە ... کورەکە ... احمد خانی مەنیجەلان
کە فارسی زان بو (٢) کتابی فارسی بو محەمەد ڕەشید خان نوسی بو (ڕوزمارا)

١) گوشتە (٥٠) لە ڕووی ئەگەرچی گرتیتمە
(٢) هوی گەرانەوەی نامە نەبو

٤

٥

داوا پارە لێیانی کردوو داوا دەکرد عەجەم لەو ناوەدا نەمێنێ وئەویش دەیگوت باشە

عبدالرقیب : دەیگوت بانە بدەنە پەمن ، میرزا : نە

عبدالرقیب : ئەی بەعەجەمەکان نە دەگوت مەلا لەگەڵ ئێوە لە قازی دەدەم

میرزا مەنگوڕی : نە ئەوەی نەگوت ئەوانیش (یانی عەجەمەکان بە حەمەرەشیدخانیان) دەگوت تەنیا دانشە وعەلاقەت لەگەڵ ~~قازی~~ قازی محەمەد بادەنەبێ و داوایان لێ نەدەکردن شەڕی قازی بکە ،

میرزا : حەمەرەشیدخان جەنابە بەرەلاکرد وهاتە بانە وبانەلەم جارەدا سوتاند وتالانی نەکرد وەدەیگوت ئەگەر بوێیشم عەجەم نایە بو بانە

حەمەرەشیدخان ~~...~~ موعتابەرە لەگەڵ (سەید علی حیجازی) هەبوو کە مودیری شورتەی عام بوو وئامری فەوجی سەیار بوو . سەید علی حیجازی هاتە دێی (سەیران بەن)

لەگەڵ حەمەرەشیدخان یەکتریان دیت وئەویش پێی ووت دەبێ بچی بغداد وەمەبینی وچی پێیەوی وەحی بەرەوبینی (وسەید علی حیجازی گەڕایەوە) کە کە حەمەرەشیدخان گەڕا بو عێراق (سەید علی حیجازی خۆی (ئەمجارە) نەهات بەڵکو وەکیلی خۆی نارد ولەگەڵی چوو بو بغداد) ووەزیری داخلی دیبوو کە (حازم یا چەلەبی) بوو وئەویش لێی پرسی بوو وەزعی ئێران چونە و ئێ روسەکان چون بوو ؟ ئەویش دەڵێ وەزعی میللەت زۆر باش بوو وروسەکان لەگەڵیان باش وەمەدحی روسەکانی کردبوو ئیتر وەزیری داخلی پێم عەجانە ووتە بوو دەڵێ هەر ئەو فکرە لە کەللەت دایە وئیتر نایەڵێ لای وەحی (عبدالاله) بەڵکو یەکسەر نەفی دکەبوو (رمادی) ~~ووتبوون هاتوە وەزعی عێراق تێک بدە~~


تەحاریریش بە نەزدی لەلای خەلکوە هاتبوو کە حەمەرەشیدخان هاتوە وەزعی عێراق تێک بدە ئیتر لە رمادی مایەوە تا ~~١٩٥٨~~ حەرەکەی تەمووز ئەوجا نەفی بەرەلابوو (یانی تا شۆڕشی ~~...~~ تەمووز)

رقیب : هاتنەوەی حەمەرەشیدخان یانی گەڕانەوەی لە کۆماری مەهاباد بە قسەی ئینگلیز بەبوو وپەیوەندی بە ئینگلیزانەوە نەبوو ؟

: هەستی ئەوەم نەکردوە وخەڵکیش قسەی وادەکرد بەلام حکومەتی عێراق شێخ قادری چویسە دەینارده لای کە بگەڕێ بو عێراق وکە دەهات قادرم لە (سەرا) (یانی لە بارەگای حەمەرەشیدخان) دەدیت بەلام حەمەرەشیدخان شێخ قادر ووتی : ~~...~~ ئەم ئەحمەدە یە (چونکە ئەحمەد لە سەرشانی

٥

پاشکۆی ژماره ١-٥


ئەم ئەمجەیە ناظم زۆر قوتندرەی پۆلیسەوە ویی ووت جارێکیکە نەفی و خوشکی
شێخ قادر ژنی حەمە رەشید خان بوو ،
عبدالرقیب : ئەی بۆ گەڕاپووەوە
میرزا مەنگوڕی : ئەوە بوو بەینی لەگەڵ مەلا تێکچوبو و قازیش مەلای خوش دەویست و هێزی هەبوو
شەڕکەری باشی هەبوو
ع.ر : بەینی لەگەڵ قازی تێک نەچوبو
میرزا : نە قازی خوش دەویست
میرزا : حەمە رەشید خان عەریزەی استقالە نوسی بو قازی محمد و تیدا ووتی بێ تاقەتم و نەخۆشم و ناتوانم ئیش بکەم و داوە تکەم .
نامەی قازی محمد
قازیش نامەی بو نوسی و تیدا نوسیبو استقالەم کرد و نوسیبو « عزیزا مەڕو تا عزیزت کەم »
و ئەم کاغەزەی قازی ماوە یەکی لەلای من مابووەوە و دوای مجید بەگی کوری حەمە رەشید خان بردی
هەروەها قازی مستەفا خوشناو و عزت عبدالعزیز ناردە لای کە نەڕو بو عێراق بەلام گوێ نەدایە پێیان
گەڕانەوەی لە سەردەمی سەقز نەبوو ، سەقز نەگرا قازی فیشەکی بۆ یان نەنارد
و حەمە رەشید خان توڕە بوو ووتی مانای نیە جەمهوریەکی وەها زل و زەبەلاح فیشەکی نەبێ
شەڕی بکرێ ، بەلکو دانشتوو گەڕانەوەی لە سەردەمی ئەو مەلا بوو و مەسلەحەتیان
پێکەوە نەدەگونجا و ئەگەر حەمە رەشید خان مابایە نیگا مەسئولیەتی بەدەست دەهێنان
لە دوای گەڕانەوەی جەمهوریەکە شاکر نەما مستەفا خوشناو و عزت عزیزیان ناردە جێگای حەمە رەشید خان
سەرا دەوری ٢٠٠ - ٣٠٠ کەس لە گەڵی گەڕانەوە
لە جەمهوری سەقز و بوکان هێزی حەمە رەشید خان و مەلا و عومەر خانی شکاک و محەمەد حسەین خانی
سەیفی قازی هەبوو چونکە ئەو جەمهوریە خەتەر بوو و دەوری ٢٠٠٠ کەسێکی لێ هەبوو
دلیسان میرزا مەنگوڕی تەئکید دەکا کە گەڕانەوەی حەمە رەشید لە پشتگیری کردنی کوماری
مهاباد عێراقی بە شێکاری ئەوە نە بوو و هەر لە بەر ئەو خلافی بەینی ئەو مەلا بوو و حەمەی
سوحی مەلاشی بوو چونکە ئەفسەر لەگەڵی بوون و غوروری بوو و ئەفسەر بەکر عبدالکریم
خرابەی لێ کرد بۆ خۆی تەعینیان کردبو بۆ ئەو (سەرو چاوە)
کاغەزێکم بو نوسی حەمە رەشید خان لە سەقز بوو
بەکر شەڕێکیان کرد و چەند عەجەمێکیان کەسیر کرد و ناردیان
ئەمەش سەرچاوەکەیەتی

# پاشکۆی ژمارە ١-٦

بۆ ساباڵاغ نامەم بۆ نووسی ووتم مەرکەزت لە (سەرا) بە نەدەبایە
ئەسیرەکان یەکسەر ناردبایە ساباڵاغ بەڵکو دەبا ناردبایە بۆ سەرا ئیتر بەکری
لە منە تووڕە بوو کە حەمە رەشید خان هات ووتی بۆچی تووڕە بووە ووتم مەسەلە ئەمە بوو
ووتی هەرگیز بە سەرەوە نەبێ بەکر چی دەکە بابکە، بەکر خزایە ئەکرد. حەزیان دەکرد
نفووزی حەمە رەشید خان کەم بکەن ونفووزی زیاتریشی بوو چونکە ئەسڵی برانی بە (یانی خەڵکی
بانەیە : عبدالرقیب) مەلا چەند ئاغایێکی بردە ساباڵاغ بەڵکوو شکایەتیان
لە حەمە رەشید خان کرد کە حەمە رەشید خان زانی بەرهەڵستیی دەکەن ~~[illegible]~~
ووتی: ئیجا نایکەم ئیتر بوو ناکێ یانی بۆ (کوێی مەهاباد) بۆ چیدا گوزی بکەمە جابر چەند [illegible]
وکاغەزێکی بۆ قازی نووسی بۆ استقالە وخۆم کاغەزەکەم نووسی یانی عەریزەی استقالەکەی
ئەو تێدا ووتی من نەخۆشم و ناتوانم ناتوانم ئیتر بۆ چەند [illegible] وهیچ [illegible] و قورێکی زۆری
دەیخوێ و استعدادم نیە رجا دەکەم عەفووم بکەن داوێنشم لە حاڵەوە
قازیش کاغەزی بۆ نووسی : حەیفە استقالە مەکە هیچ شتێک نیە دڵی تۆ
عاجز بکە بەلام دڵی ئەوها تە جێگەی خۆی جوابی استقالەکەی کاکیان
یانی نامەی قازی ساڵێک دوو ساڵ لە لای من ما ئەوجا مجید خانی کوڕی حەمە رەشید خان
بردی .

## بەڵگەنامەکان

میرزا مەنگوری دەڵێ : زۆر کاغەز لە لای حەمە رەشید خان هەبوو هەمووی لە صاروخان
بوون زۆر بوون مەحزەنێکی حوکومەتی بوو (یانی هێندە زۆر بوون : عبدالرقیب)
ئەوراقەکان هەمووی لەگەڵ خۆی هێنا دووەردە بوون هەرنامەیێ ووت بۆ دەبێ جیان ناهێڵی و
لەگەڵ خۆی دەبێ ووتی ئەوە هەموویان دەبەم و بەجێ ناهێڵم چونکە لە پاشی من
ئەمانە کەشف دەکرێن زۆر لە عەلیە ئاغاکان نووسیوە پاشی من دەبینێ و دەڵێن
ئەوەچی نووسیوە شتیانی پێ وەرئەگرن و ئاغاکان دەبنە زدی کە سەریان
نووسیوە بۆ قازی محمد کاغەزێکی حسنە خۆشناوشی لە لای بوو مجید خان دایە
کێ : کاغەزەکانمان بە دوو نوسخە لەسەر کاربوون دەنووسی و نوسخەکانیان
لە لامان دەما و اضبارەمان کردبوو بۆ نوسخەکانیان و بۆ ئەوراقی دیکەشی

٧

پاشکۆی ژمارە ١-٧

٨

حەمە ڕەشید خان هیچی بەرزی کۆماری مەهاباد نەکرد
بانەی سوتاند و تالانی نەکرد چونکە لە تیزدەستی بو وەک ئەگەر بسوتێنم عەجەمەکان
نایێنە بانە
دەوری ٨-٩ مانگی حەمە ڕەشید خان لە (١٩٤٥) لە کۆماری مەهاباد مایەوە
لە کانونی یەکەم تا هاوینە
پارەی زۆر بو وە مەعاشی لە کۆمار وەرنەگرت تەنیا ٤٦ ڕۆژ نەبێ وە میلیشیەکەی خۆ
نەبو وە ڕانەدەگرت ٤٦ ڕۆژ زەخیرەی وەرگرت

ئەرزاق

ئەحمەد خانی سالار

دەم ناسی وێنکەوە هەموو... تا چارێک محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی هات بۆ
دێ (سەرا) وقووچەچوم بۆ (تەورێز) تەنها و دە ڕۆژ لەوێ بوم تەنیا
هەفتا هەزار (٧٠،٠٠٠) تومەن بەدەستم گرت و ئاگاتان لە زەخیرەی
ئەرزاق و پارە لە تەورێز لە هەوێ تورکمانەکانەوە وەریان دەکرد (یان
لە ڕوس وەریان دەگرت) لە ڕێگای تەورێزەوە دەهات . تەقەمەنی
ڕوس دەدا بەوان و لەوانەش بۆ ئێمە ئیتفاقێک هەبو کە برای
تورکمانەکان و ئێوانیش برای بە ئێمە .

جل و بەرگ

کۆماری مەهاباد جل و بەرگی هەبو؟ مەلاکانیش جل و بەرگی خۆیان هەبو
یارمەتی بەرێی کورد و ئەزربێجانییەکان
لە سەقز شەڕێکی گەورە بو ئەزربێجانیەکان هێزێکی زۆریان نارد
لەگەڵ توپ بو یارمەتی ئێمە و ئێمە تۆپمان نەبو وە زەعیوان زۆر
لە ڕێمە باشتر بو وە دوای شکاوی تۆپەکانی ئەزربێجانییەکان گیران

سەبەبی ڕوخانی کۆماری مەهاباد

بەرزامەنگوری : ئیتفاقیەی سێ قولی هەبو ڕوس و ئینگلیز و ئەمریکا
بەشەڕ شەش مانگ پاش شکانی ئەڵمانیا دەبێ ڕوس بکشێتەوە لە ئێران .

٨

عبدالرقیب: خا روس دەیتوانی یارمەتی کۆماری مهاباد بدە، پاش کشانەوەیان؟

چەتەرالێکیان لەگەڵ

میرزا مەنگوری: روس ~~ئیفە~~ ناردە بو (سەرا) و (سەوچاوە)
لەگەل دووسی زابتی روس. وبە حەمەرەشیدخان ووتیان ئێمە (لە ئێران دەکشێینەوە
حەمەرەشیدخان ووتی غەڵەتتان ئەکرد ئێمە وعەجەم دوژمن بوینە یەکترمان
دەکوشت بەلام ماوەیێک بوتە فاهیمان کردبوە بەیێمان ولەیەکترمان نەدەکوشت
بەلام ئێوە هاتن عەرە زەکرتان تازەکردەوە دوژمنایەتیمان
تازەکردەوە ئێوە دەڕۆن ئێمە بەچی دفاع بکەین، ووتیان ئێمە
ئێوە بەجێ ناهێلین دەبابەی دوومەرتەبەیمان و لەسەر جەرەکی
زۆر لە ترورزرمان بەجێ هێشتوە دەتانەوێ وبو یارمەتی ئێوەیە
ئەگەر بەشیتتان نەکرد بوتمان دەنێرین
میرزا [illegible] بەلام قسەکانیان درو بو هەمو درو بو

عبدالرقیب: قازی بوتەسلیم بو؟ موعاهەدەی نەوت

میرزا: لەشکری ئێران هات ئێران ئینزاری کرد و ووتی روس روی
ئیتفاق هەبو موعاهەدەی سارچیکوف سەفیری روس هەبو لەنێوتی
دامیفان و سافناغ بدەن بە روسیا بەشەراکەت دەری بینن ٤٩٪ بو
ئێران و (٥١) بو روس بەمودەی (٥٠) سال ئیتفاقیان لەگەڵیان کردو
چون بەشەرتێک شەش مانگ لە پاش ئاوەدان کردنەوەی ئێران ئینتیخابات
لە ئێران بکرێ و ئەو موعاهەدە تەنفیذ بکرێ، شەش مانگی چو ~~ئینتیخابات~~
و لە ٢٪ لە ناحیەکانی ئێران رەئیان دا [illegible] نەوت بدەنە ~~ئێران~~ روس
روس ئینزاری کرد و (قوام السلطنة) ووتی ئەگەر مەجلیسی نواب تەئییدی
شا و رەئیسی وزرای نەکە بەگوێرەی قانونی ئێران شا و رەئیسی وزرا ناتوانن
تنها تەنفیذی موعاهەدە بکەن ~~(١)~~ ومنیش ئەوا ئیستقالە
دەکەم و دەچمە خوراسان (١)

---

(١) شتێکی بەکەمی لێرەدا تەواو بو

٩

پاشکۆی ژمارە ١-٩

١١

~~ئەزربیجان~~

ئەزربیجانیەکان

ئێران کە هاتە ئەزربیجان آشەریان لەگەڵی نەکردن و استقبالیان کرد ئەوجا کە هاتن
بۆ کۆماری مەهاباد یش ئەوانیش استقبالیان کرد ئەفسەرەکانی ئێران هاتن بو (بوکان)
استقبالیان کرد قازی چاوی پێیان کەوت لەوێ وگەڕایەوە وخەڵکەکە بلاوی
لێیان کرد وشەڕ نەکرا ویمدادیشی لە روسەوە نەهات ورێگەیدا کە لەشکری
ئێران بێ بۆ ناو شارەکان وئیستیقباڵیان بکرێ
روس بە قازیشی ووتبو شەڕ اغفال کردبە
نەکە : قازی جنێوی بە روسەکان دەدا دەگوت هەڵیخەڵەتاندینەوە یانی پاشی
کە ئەزربیجانیەکان تەسلیم بون وروس ئیتر یارمەتیمان نەدا
سەرەبی شکانەکە روس بو کە قراردا ئەوەکە ئێران بداتە روس (ووڕی ووتمان)
روس گەڕایەوە
عبدالرقیب : بۆچی ئێستا ئەم حەقیقەتە نازانێ یانی کوردەکانمان
میرزا مەنگوری : نازانێ (سیاسەت سیاسەت) ؛
عبدالرقیب : ئێستاشی بونەتە شوعی وبە دوای روس کەوتون هەر عومریان نەمێنێ
میرزا : ئێستاشی بچنەکانیەن لە شوعی پەرست
عبدالرقیب : هەرچەندی نابەدەستەر روسی و نالێن سەرەبی روخانی کۆماری مەهاباد روسی بو
وشانیەو ئێستا بوچی ئەو حەقیقەتە میرزا بشاریتەوە وبۆمەسلەحەتی کێ
میرزا : بەڵێ بەڵێ .

یادداشتی میرزا مەنگوری .

میرزا دەڵێ : شێخ بەرگە دامەتە علی کمال لەگەڵ خوی بردوەتە لەندەن ووتی چاپی دەکەم
دەوری دوو سێ سالە ونوکتەم هەر تەعریفی مەعلوماتە بەلام عەرەبی زۆری تێدایە
وتا ئێستا لە لندن نەهاتوتەوە
عبدالرقیب : زۆر سوپاس کاک میرزا ماندو بوی
میرزا : ناقەتم نەما وحەواسم ... چاوم تارێک بوە وزەختیشم هەیە
عبدالرقیب : تو ئاگاتان لە حەرەکەی مەلا خەلیلی مەنگوری هەیە
میرزا : بەڵێ زۆر چاک ئی دەزانم (سیاسی نەبو)
عبدالرقیب : ئایا راستە مەلا خەلیل فتوای ئیعدامی قازی محمدی دا
میرزا : مستەفا خوشناو چوبون مەلا خەلیلیان گرتبون وهێنابون چونکە قسەی باشی دەکرد

11 قازی ئەگەر دەبو کە کۆماری مەهاباد شکا مەلا خلیل لەوێ بو لە مزگەوتی

سور خوطبەیاندا و مەلا خلیل لەوێ حازربو قازی دەها نجەشی دایەی (1)

عبدالرقیب : ئەوە هیچ بەڵام کە فتوای ئیعدامی قازی دا

میرزا : مەلا خلیل ووتی قازی جلی فەرەنگی لەبەری کردوە جلی روسی لەبەری کردوە و دینی نەماوە و بەڵام عەفوکردنی باشترە خۆشترە لەوەی ئیعدام بکرێ بەرگرانیەکانی ووتبو ووتی شتر کە بە ئیجباری بۆ هاتو وە بە ئیجباری هاتوە و جوە . وەمە لە کتێبەکەشم دا وەهام نوسیوە

عبدالرقیب : یانی ئەگوتوە قەتلی حەلالە

میرزا ئەمزنگوری : نەیووتوە هەقی ئیعدامە نە نە

عبدالرقیب : لەسەر ئەو فتوایە کە حوکومەتی ئێران بردبوە لای مەلاکان کە ئیمزای بکەن بە ئیعدامی قازی

میرزا : چل مەلا بون رەئیان لێ وەرگرتبون ووتبون کافرە بۆ ئیسلام و بەزۆر ئیجبار کراوە و بەعزێکیش ووتبون حرامە و مەلا خلیل ووتبو عەفوکردنی باشترە لە کوشتنی

؟ وەک شافعی لە نیوضلال

عبدالرقیب : یانی مەلا خلیل فتوای بە ئیعدامی قازی نەدا

میرزا : نە نە راست نیە هەر گوتبو عەفوکردنی چاکترە لە کوشتنی

میرزا

عبدالرقیب : لەبەر دڵی قازی چونکە هەڵیان نەگرت لەگەڵ حوکومەت


میرزا : نە نە قابلیەتی ئەوە نەبو چونکی ئەبو ئەچێ باکی ئیعدامی قازی چوم مالی مەلا خلیل هەشت نۆ دە روژێک ئەوە حیسابە ئەبو مەلا خلیل دە ووت حەزەکردنی [illegible] بو ووتی مرغابو مەلا ئەتو وەختی خۆت لەسەر رشفقە شەرم کرد لەگەڵ حەجم مەلاکان و کە چی بە تەبیعەت ئەتوانێ شفقە و قەلەمسوت بە ئیجباری داهێنا .

عبدالرقیب : دەربارەی ئیعدامی قازی قسە ئەکرد

میرزا : هیچ هیچ پێی ناخۆشبو ئیعدام کرا وەک هەستم دەکرد ئەمەچوم بۆ پێتکی باشی لەسەر ئیعدامی نێتێ دابو و شتەکە ساز دابو و مەلا خلیل باسی ئیعدام کردنی ئەکرد تا حمێک هەبو حسێن بەگی کە لەشیە؟ دەم راستی مەلایێک بو واتۆ زانم ئەتوانی خۆش ئیعدام کرا .

قازی کە ئیعدام کرا تا ساڵێکیش میرزا ئەمزنگوری هەر لە کوردستانی ئێران بو و موطفەقی بو .

## پاشکۆی ژماره ٢




بەلگەنامەی ژمارە ٢٦ە
نامەی محمدامین منگوری
جێگری فەرماندەی هێزی بۆکان و منطقەی لە سەرا •

وزارتی هیزی دیموکراتی کوردستان
هیزی بوکان

موضوع ـ حقوقی وەستا محمدی کارزانیە
اعای محمد کازانی اعتبارا لە ئەوەلی مانگی جوزەردانەوە حسب بە امری کمیتەی مرکزی حزبی دیمکرات بە ماموراناسری و اعتبا لەو روژەوە بەکمالی جدیت قیامی کردوە بە اجرای وظیفەی تفنگ سازی بو هیزی دیموکرات و حسب امری ناوبراو و حقوقی مانگانەی صد تمنە امر بفرمون لەحقوقی مانگی جوزەردان دا تسلیم بکری
لەجیاتی فرماندەی هیزی بوکان و منطقەی لسرا

• بەئیمزاکە دا دەزانرێ کە نامەکە هی ئێویراوە .
ـ بەهۆی نامەی ژمارە (١٦٠) بەرگی یەکەم ... دەتوانرێ مەزەنەی مێژوی نوسینی نامەکە بە ٢٢ـ٣ـ١٣٢٥ە بکات . دیارە لەباتی حەمەرەشیدخان نوسیویتی وەکو خۆشی دەری خستووە .
ـ بۆ زانیاری دەربارەی ناوبراو بروانە بەرگی دووەمی د . ج . ک

وەرگیراوە لە محمودی مەلا عیزەت (دەوڵەتی جمهوری کوردستان، ب٣)



٢٤/٧/١٩٨٤

برای بەرز و زانا مامۆستا كاك نیازی بەڕێز

پێشەكییە

سڵاوێكی پڕ لە تاسە و خۆشەویستی پێشكەش ئەكەم. هیوادارم لە دووری لە هەموو ئازار و ئەشكەنجەیەكی ڕۆژگار هەروەهام بیرە ڕووناكو خاوێنە لە گەشەدا بێ.
پێویست بەوە ناكا كەمێ بیرتان بخەمەوە خۆتان چاوتان لێیە كە نیشتمانەكەتان لە چ ڕۆژگارێكی پڕ مەینەت و بەدبەختی دایە. وڵاتەكەتان وا لە قۆناغی مانگ و مەرگیشی
تێپەڕیوە بەڵام هۆزە بەدبەختەكەی ئێمەش نازانن چین و بۆچی هاتوونەتە سەر زەوی
لە پاش ئەو هەموو قۆناغە پڕخوێناوییەی كە هۆزەكەمان لە مێژووی كۆن و تازەدا بڕیویەتی
كەچی سوری زانیاری و وریابوونەوەی بۆ چەند دە سەرۆكە سێنگێك پڕ لە فێڵ و درۆ قۆرخ
كردووە لە هەر شوێنێكدا ڕووناكایێك ببینن بە هەموو كۆشش و بەرنامەیەك ئەیانەوێ
كپی بكەن. بەڵام نازانن تیشكی ڕۆژ لە ناو هەوری بیابانی هەورە دەرئەكەوێ.
لەوە خێتاكەی هاتوومە ڕانیە لە پاش چەند ساڵێك لە گوندی ڕانیە تەنیا مامۆستا
صادق و كوڕەكانی مەلا پیرۆتی بوون بە مامۆستا.
بەڵام ئەمڕۆ بەسەدان مامۆستا و كارمەند و فەرمانبەر و دكتۆر و پارێزەر و ئەندازیاری
لێ پێگەیشتووە و بە سەدان ڕەوشتی پیرۆز شاگردی دانیشگای دانای لێ هەڵكەوتوە
١٤ ساڵ پێش ئەمڕۆ كە ڕانیەم بەجێ هێشت زۆر دڵتەنگ بووم
كە نەم توانی مەبەستی دڵخوازی پێویستی بۆ هۆزەكەم دیاری بكەم. بەڵام
خۆشبەختانە كە شاگردە گوێ ڕاگرەكانم بیت بیت دووشەرەوە كە مەبەستەكانی
منیان لە بەر كردووە و دەیان دووشەری ڕەسەنی و جیسن لە سەر ئەنووسن
خۆم بە بەختیار ئەزانم كە بیر و باوەڕی من لە و ناوە نەكوژاوەتەوە گیانە پاكو خاوێنە
كە ئەوناوە مەشخەڵێكی ڕووناكی هەڵكردوە كە دوور و نزیك مرۆڤی نوێمایی خۆی پێ بكا
لە ژێر كابوسی دێو و دیوەزمەی چەپەڵ هاتوونەتە دەری خۆیان حیساب بۆ خۆیان
ئەكرن. كاكە نیازی گیان كە نوسراوەكەتم خوێندەوە چاوم پڕ لە گریان بوو كە ئەزانی

وەرگیراوە لە (نیازی حەمە عەزیز)

٢

سەرچەشن بیری خەڵکی شارە جوانەکەی رانیە لە ئێستوتە ئەو ئاهەنگە کرا بۆ ئازیزی نووسراوی
وا ئێستا پێی و بەتامی تێیا بنووسرێ؟ نووسراوەکەتم دا بە بێتۆنێ بۆی خوێندمەوە..
لۆخەی ئەوە شارەکەی منە ئەوەندە بلیمەتانەی بۆ پێگەیاندوم. هەروا لە
دەستەکی جوانیش نووسراوی گێچکم بۆ هاتبوو ئەوێش بەهەمان بابەت لە ولاتیوەدا بەری
بووەوە. ئای لە ژێر لێفەی خەفەتباری چۆن رزگارم بوو کە دالێکی دکوری
رانیە هەرچی کە ماڵی بگەری بەهەمان رێگەو رێچکەدا ئەبرون کە ١٤ ساڵ پێشی
ئەمڕۆ بەجێم هێشتوون.

ئەمجا هاتمە سەر باوەڕێک ئەگەر مردم بەم بەنەوەی رانیە لە شاخەکەی
کێوە رەشی لە دەشتایەکە «[بیرەوەریکان] بەم نێژرێن بۆ ئەوەی لە لەجیهان هەر
بە تاکی ئەیادم لە گۆڕێکا گۆڕستانەکەم لەسەر تاکی بێ، هەمیشە چاوم
لە کەژو کێوو بەندەو بنارو قەڵەبەز و دۆڵ و شیوی وەڵاتەکەم بێ. لە وشوێنە
بەم نێژرێنە کە کۆنگرەیسی شارەکەی لێ گیراوە. ئەگەر بۆتان کرا ئەو شوێنەم بۆ
بکەن بە گۆڕستان هەرچەندە کە ئەرکێکی زۆر پێشی ئەبێ. با چاوم هەر لە خەڵکی رانیە بێ.
لەبارەی کۆڕگرتن دهاتنم بۆناوتان زۆرم پێ خۆشە. بەڵام کە زمانوێم نووسی و
دەستووتیم بەستراوی ئەو گۆڕەم ئەبێ چ سوودێکی هەبێ کە ئەوەچریکێنم و نەڵێم

کوردە لە کوێ نووستووی تا کەی ئەنووی وورەیابەوە
کوردە تۆ دوراوی هەستە تا زووە فریا کەوە

جامەکی خۆم ئەمێ بو هەموبارو فرمانێکتان ئامادەم چیتان پێ باشە بو منیشی لێ گرتانام
ئیتر تۆ خوا سڵاوی تایبەتی فەرمایەتی و خۆشەویستانم بە هەموو خەڵکی رانیە بگەیەنە
بەتایبەتی ئاوەڵەکانی سەرچەشن بیرتان و هەموو ماموەستایەکان و کارمەندو فەرمانبەرانە
بەتایبەتی [جامێک ئاو لە کوێرەکانی دکۆچیلەیکیشی. لە ئاوە خاوێنە کەی
کانی قولەم] بەیادی منی بخۆنەوە و نۆشی تان بێ. سڵاوی تایبەتیم لە داکو بابو عەریف
عەلی بکەن ئەگەر لە ونەوەبێ ئیتر خواتان لەگەڵ،

مەنگوریکت
[illegible]

الرقم - ٧ -

## وثيقة ~~شهادة~~ الدراسة

اننا هيئت المعلمين لمدرسة ( نموذجية السعادة ) في مركز السليمانية نشهد بان حامل هذه الشهادة الشخص المدعو ميرزا محمد امين بن احمد من اهالي بشدر كان تا[illegible] السادس لمدرسة المذكورة وكان ناجحا وبمناسبة احتلال الوقت واضمحلال القيود لقد نظمنا هذا التصديق ~~الشهادة~~ مختومةً من قبلنا لتكون بيده كمثل شهادة الدراسية وعليه وقعنا .

.١٩٤٠/٤/٢٨

| | | | |
|---|---|---|---|
| كذا المعلم | كذا المعلم السابق | كذا المعلم السابق | سابق مدير مدرسة نموذجية مركز |
| عبدالله صبري | سعيد صدقي كابان | زيور محمد | السليمانية رشيد زكي كابان |



نصادق على صحة التواقيع المذكورة اعلاه .

مدير منطقة معارف السليمانية

٢٩/٤/٩٤٠

**الملخص**

في القرن الماضي رغم التقلبات التي أتت على الساحة السياسية في كوردستان، فإن الدراسات التاريخية والإهتمام بها قد خطى خطوات إيجابية نحو الأفضل، فقد ظهرت على الساحة مؤرخون جدد وكتبت دراسات جديدة حول التاريخ الكورد، فمن بين هؤلاء ( ميرزا محمد المنكوري) فقد استطاع بدووره إلقاء الضوء على بعض المراحل الخفية من تاريخ شعبنا، كما استطاع عبر أبحاثه إبراز عدد من النقاط المهمة في مسيرة التاريخ الكورد، فرغم تقديمه للعدد من الكتب القيمة للمكتبة الكوردية حول التاريخ إلا أنه لم يكن معروفا لدى المجتمع الكوردي، بل حتى لدى النخبة الثقافية في مجتمعنا، وذالك يعود إلى أسباب يبدو شخصية، فأهمية هذه الدراسة يكمن في أنها للمرة الأولى تقلي الضوء على تراث أحد المؤرخين الغير المعروفين في تاريخينا المعاصر، فبسبب إهمال مؤلفاته من قبل المطبعة الكوردية وعدم اهتمام المؤسسات التاريخية والثقافية في مجتمعنا لم يعطى له حقه في التعرف على ثمراته التي ترك لنا كأحد المؤرخين المعاصرين في القرن الماضي، فحاولت الباحثة التعرف على ما تم تدوينه من مباحث تاريخية بين صفحات كتبه، فبصفته أول بحث أكاديمي يكتب حوله مجهودات المنكوري، حاول الباحثت تقديم أفضل دراسة، وبأقصى الموضوعية بقصد التعرف بشخصية المنكوري، وتراثه، ونظراته، والمواضع الرئيسية التي تم مناقشتها من خلال كتبه، فقد اعتمد البحث على المنهج المتعددي الأبعاد، فقد واجه الباحثة أثناء دراستها عددا من الصعوبات فمن أبرزها شحّ المصادر حول شخصية المنكوري، ومع ذلك فإن أكثرية مؤلفاته لم يطبع حتى الآن، وكذلك عدم وجود متخصصين حوله للرجوع إليهم، ومقابلتهم حول البحث، فقد قامت الباحثة إلى تصنيف المصادر المستخدمة للبحث إلى مصادر رئيسية كمؤلفات المنكوري، وإلى مصادر ثانوية أستخدمت في خدمت المواضع التي تم مناقشتها خلال الكتابة، ويتكون هيكلية البحث من مقدمة وثلاثة فصول رئيسية إلى جانب الخاتمة وقائمة المصادر، تناولت الباحثة من خلال الفصل الأول العصر الذي عاش فيه المنكوري وشخصيته ومؤلفاته، وفي الفصل الثاني تحدثت عن المنهج المتبع لدى المنكوري في رواية التاريخ وكتابته والمصادر التي اعتمد عليها، وفي الفصل الأخير تناول البحث الأبعاد المختلفة كالسياسي والإقتصادي والإجتماعي والديني التي اعتمد عليها المنكوري في كتابة التاريخ وروايته، وفي النهاية عرضت النتائج المستخلصة من الدراسة .

## Abstrac

In the last century, despite the fluctuations that occurred in the political condition in Kurdistan, historical studies have taken positive steps at the time. Besides, new historians have appeared with new works in the field, their studies focused on the history of Kurdish people, particularly historians whose works narrate us about the history of Kurdish people. Therefore, among them was (Mirza Muhammad al-Mankouri), he was able to shed light on some hidden stages in the history of our people through his writings, to highlight several important points in the history of the Kurdish people. Although he presented a number of valuable books to the history of Kurdish literature, which were not known to the Kurdish community, even among the cultural elite in our society, and this is due to some personal reasons. The importance of this study lies in the fact that for the first time it elucidates the legacy of one of the unknown historians in the Kurdish modern history. He had not been given the right to identify his works that he left us as one of the contemporary historians in the previous age, so the researcher tried to identify what was written from the historical investigations between the pages of his books, as it is the first academic research to write about the efforts of Al-Mankouri, The researcher tried to provide the best study, with the utmost objectivity, in order to demonstrate the personality of Al-Mankouri, his heritage, his looks, and the main topics that were discussed through his books, However, the majority of his writings have not been printed so far, as well as the lack of specialists around him to refer to and interview them about the research. The structure of the research consists of an introduction and three main chapters, conclusion, and images, which are related to the topic with the Arabic and English abstracts. Through the first chapter, the researcher dealt with three points, which are the era in which al-Mankouri lived in, his personality, and writings. In the second chapter also consist of three topics, which are the approach followed by al-Mankouri in writing history and narration, comparative historical methods and Imagination, archive, and art literature. In the third section, with describing the al-Mankouri’s skills and capabilities in history, she focuses on three more subjects such as, term of the word ‘history’ and political history; the economical and social history, and his conceptions toward intellectual and religious history were explained. In conclusion, the results from the study were presented.

Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher Education And Scientific Research
University of Sulaimani – Faculty of Humanities
Department of History

# Kurdish history in the view of Mirza Muhammad Amin Manguri

Thesis Submitted by:
Marzia Hussen Ahmad

To the council of colleg of Humanities - University of Sulaimani in partial fullfillment of the requirements for the Master Degree in a new and contemporary History

supervised by:

Asst. Professor. Dr. Kamaran Muhammad Qadir

٢٧٢٢ Kurdi ٢٠٢٣ A.D